# گەڕان بەناو شەپۆلەکان دا

**مێژووی پڕ سەروەریی عەدەد جیهازەکان لە شۆڕشی نوێدا**

**سەرەتایی دامەزراندنی بەشی بێتەل تاکو ساڵی ١٩٩١**

.... گەڕان بەناو شەپۆلەکان دا ....

# گەڕان بەناو شەپۆلەکان دا

مێژووی پڕ سەروەریی عەدەد جیهازەکان لە شۆڕشی نوێدا
سەرەتایی دامەزراندنی بەشی بێتەل تاکو ساڵی ١٩٩١

بیرۆکە و سەرپەرشتیار

**خەمینە سالح ئەحمەد**

ئامادەکردن

**عوسمان عومەر (عوسمانی جیهاز)**

**ناوی کتێب: گەڕان بەناو شەپۆلەکان دا**

**بیرۆکە و سەرپەرشتیار: خەمینە ساڵح ئەحمەد**

**ئامادەکردن: عوسمان عومەر (عوسمانی جیهان)**

**تایپ: ئامادەکار**

**چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم**

**ساڵی چاپ: ٢٠٢٢**

**زنجیرەی کتێب: ١٠**

**لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی ( ١٧٩٨ ) ی ساڵی ٢٠٢٢ ی پێدراوە**

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانیمان بۆ هەموو ئەوهاوڕێیانەی کە هاوکار بوون لە دابین کردنی هەندێ لەوێنەو زانیارییەکان وئەوهەڤالانەی سەردانم کردون وزانیارییەکانیان بۆ پشت راست کردومەتەوە،هەروەها سوپاس و ڕێزو پێزانیمان بۆ ئەو هاوڕێیانەی کە ئەرکیان کێشاوە چ بەپێداچونەوەو چ بە راست کردنەوەی هەڵە زمانەوانییەکان. بەتایبەت بەشێك لەو عەدەد بێتەلانە کە لەخۆبوردووانە هاوکارم بوون و کتێبەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

# پێڕست


وتەیەکی پێویست

پێشەکی

کورتەیەکی مێژوویی و قۆناغەکانی گەشەکردنی دەزگاکانی پەیوەندی.....

بەشی یەکەم: هۆیەکانی گەیاندن و بەکارهێنانی لە شۆڕشی نوێدا

بەشی دووەم: بێتەل و شۆڕشی نوێ

بەشی سێیەم: یاساو نەریت و بنەماکانی گەیاندن و چۆنیەتی پەیوەندیکردن

بەشی چوارەم: کورتەیەك لە مێژووی سەرهەڵدانی شفرەو شۆڕشی کورد و بەکارهێنانی شفرە

بەشی پێنجەم: گوێگرتن یا گوێ لێگرتن لە عێراقدا (الانصات أو التصنت) و چەند زانیاریەك دەربارەی گوێگرتن

بەشی شەشەم: بێتەل و داستانەکانی پێشمەرگە و رووداوو بەسەرهاتەکان

بەشی حەوتەم: فۆڕم و ژیاننامەی عەدەد بێتەلەکان

بەشی هەشتەم: ئەلبومی ئەو بێتەلانەی لە شۆڕشی کورد بەکارهێنراون

بەشی نۆیەم: ئەلبومی پێشمەرگە عەدەد بێتەلەکان

بەشی دەیەم: بەڵگەو دیکۆمێنتەکان

دوا وتەی کۆتایی

سەرچاوەکان

# پێشەکی

**فەرید ئەسەسەرد**

جەنگی مۆدێرن بەبێ دەزگای بێتەل نابێ. بە کردەوە، پەیدابوونی بێتەل کە زادەی پەرەسەندنی تەکنەلۆژیایە، کاریگەریی زۆر گەورەی لەسەر تەکنیك و پلانە جەنگییەکان هەبوو. هەر بە هەمان پێودانگ، ئەمە جەنگی شۆڕشگێڕانەش دەگرێتەوە. لە ئەزموونی کوردستاندا بێتەل ڕۆڵێکی گەورەی لە سەرجەم پرۆسەی شۆڕشدا هەبووە. یەکەم، بێتەل سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری بوو بۆ زانینی پلانو جموجوڵەکانی دوژمن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا، فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ خۆسازدان و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی دوژمن یان دەستپێشخەری لە پەلاماردانی. دووەم، بێتەل لەسەر ئاستی فراوان، بۆ گەیاندنی دەنگوباس بەکارهاتووە، کە ئەمەش وای کردووە یەکەکانی هێزی پێشمەرگە دابڕاو نەبن لە دەوروبەری خۆیان و ئاگاداری ڕەوتی ڕووداوەکان بن. سێیەم، بێتەل ڕایەڵەیەکی خێرا و گرنگی نێوان سەرکردایەتی و هێزی پێشمەرگە بووە. ئەم ڕایەڵەیە ڕۆڵێکی دیاری لە جێبەجێکردنی فەرمانەکان و تاوتوێکردنی بارودۆخەکان و هەماهەنگی لە کاتی پێویستدا گێڕاوە. چوارەم، بێتەل بە گەیاندنی هەواڵی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە، ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرزکردنەوەی ورەی هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەکان هەبوو. لەم ڕووەوە بێتەل ئەرکێکی میدیاییشی هەبوو، چونکە بەشێکی زۆری هەواڵەکان کە هێزی پێشمەرگە بۆ

ناوچـەی سـەرکردایەتیی دەنـارد، لـە ئێزگـە پـەخش دەکـرا و لـە گۆڤـار و ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرانەوە، جگە لەوەی کە هەندێکی بۆ ڕێکخستنەکانی ئەورووپا دەنێردرا و لەوێش بەسەر ئاژانسە جیهانییەکانی هەواڵدا پەخش دەکرا.

لە شۆڕشی کوردستاندا بێتەل ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە. کادیرەکانی بێتەلیش بەشێکی گرنگی هێزی پێشمەرگەیان پێکهێناوە، بەوەی کە ڕایەڵەیەکیان لە نێوان فەرماندە سیاسیی و عەسکەرییەکان و هێزی پێشمەرگە پێکهێناوە و دەنگوباس و فـەرمان و زانیارییـان بـە خێرایـی گەیاندووەتـە شـوێنی مەبەسـت. هـەر بۆیـە، ئـەم کتێبـەی کـە مەکتـەبی گەشـەپێدانی بـیر و هۆشـیاری/ بـۆردی ئەرشـیف و مێـژوو. دەربارەی ڕۆڵـی کـادیرانی بێتـەل لـە شۆڕشـدا دەری کـردووە گرنگییـەکی تایبـەتی هەیە، چونکە بایەخی بەم بەشە گرنگەی هێـزی پێشـمەرگە داوە و وردەکارییـەکی زۆری لــەم بارەیــەوە خســتووەتە بەرچــاو. ئــەو زانیارییانــەی لــەم کتێبــە بڵاوکراونەتەوە، ئەستەمە بە ئاسانی بەدەستبهێنرێن، بەتایبەتی کە لەمەوبەر بڵاو نەکراونەتــەوە. کۆکردنــەوەی ئــەو زانیارییانــەی لــەم کتێبــە بڵاوکراونەتــەوە، کۆششـێکی زۆری ویسـتووە و ماوەیـەکی زۆری خایانـدووە، چـونکە هـەمووی لـە سەرچاوەی زارەکییەوە کۆکراوەتەوە .

دەشـێ بـەو چەشـنە سـەیری کـادیرانی بێتـەل بکـەین، کـە بـە بـەراورد لەگـەڵ کادیرەکــانی ڕێکخســتن و ڕاگەیانــدن و پەیوەندییــەکان و خزمەتگوزارییــە تەندروستییەکان، زۆر کـەمیان لەسـەر نووسـراوە، کـە ئەمـەش بێگومـان نیگـەرانی کردوون و بەدڵنیاییەوە لەم ڕووەوە مافی خۆیانە نیگەران بن. بۆیە دەرچوونی ئەم کتێبە، دەشێ مایەی دڵدانەوە بێ و کەمێك لەو نیگەرانییە کەم بکاتـەوە. هـەروەها دەشـێ ئـەم کتێبـە ببـێ بـە هانـدەر بـۆ دەرچـوونی کتـێبی تـر دەربـارەی ئـەو بەشـە گرنگەی هێزی پێشمەرگە و ڕۆڵی گرنگی کادیرانی بێتەل لە شۆڕشدا .

## ئەم کتێبە بۆ؟

شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەری رەنجی تێکۆشانی خەباتگێڕانی گەلی کورد بووە، لە پێناو هێنانەدی خەونەکانی کورد کە پێکهاتووە لە:(ئاشتی، دیموکراسی مافی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین) بەرپابووە و بڕوای تەواوی بە مافی خۆبەڕێوەبردن هەبووە، لەو رێگەیەوە هەوڵیداوە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئازاد بکات و جڵەوی دەسەلآت بگرێتە دەست بۆ ئەوەی فەرمانڕەواییکردنی کوردستان لەلایەن خودی کوردەوە بێت، ئەم هەڤاڵانەی لەم شۆڕشەدا بەشدارییان کردووە، هەمان رۆڵەی ئەم خاك و نیشتمانەن، کە دەستبەرداریی حەزو و ئارەزوو خەونەکانیان بوون و چەکی شەڕەفیان کردە شان، هەرکەسێك بە پێی لێهاتوویی و شارەزایی و لێزانینی خۆی و بە گوێرەی پسپۆری لە بوارە جیاجیاکاندا، خزمەتیان بە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان کردووە.

ئەوانەی کە پزیشك بوون، جگە لە پێشمەرگایەتی و چەك هەڵگرتن، وەك پێشمەرگەیەکی گیان لەسەر دەست هاوکات خزمەتی تەندروستیان پێشکەش بە پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان کردووە، ئەوانەی چەکساز بوون بە چاککردنەوە و نوێکردنەوەی چەکی پێشمەرگە، ئەوانەی شارەزایی زمان و ئەدەب بوون بە نووسین و مامۆستایان بە وتنەوەی وانە و فێرکردن...هتد، هەر کەسە و لەبواری خۆیدا خەباتی خۆی کردووە، بۆیە نووسینەوەی مێژووی شۆڕشی نوێ کە مێژوویەکی پڕ لە سەروەرییە، هەموو لایەنەکانی تێکۆشانی لە خۆگرتووە و

دەکرێت بە چەندین شێواز بنووسرێتەوە و هەر نووسەرە و دەتوانێت بە شێوازی خۆی و بەپێی بوارەکەی ئەو مێژووە بگێڕێتەوە، کە بەها و ئەرزشی رووداو و بەسەرهات و شەڕ... هتد بە خوێنەر ئاشنا بکات و مێژووەکەشی بە بەرزی بهێڵێتەوە.

منیش وەك ژنێکی شاخ و کادیرێکی دانەبڕاو کە ڕۆژ بە ڕۆژ و سات بەسات لەنزیکەوە ئاگاداری دڵسۆزی و گیانفیدایی ئەو چین و توێژانە بووم، کە هەر یەکەیان بەپێی زانیاری و توانا تایبەتیەکانی خۆیان خزمەتی سەرخستنی شۆڕشی نوێیان دەکرد، بۆیە لام گرنگ بوو لە پرۆژەیەکی تایبەتدا، نووسینەوەی بەشێك لە مێژووی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە گوێرەی توێژەکانی ناو کۆمەڵگە بنووسینەوە، هەر

توێژێك لە روانگەی خۆی و لە گۆشەنیگای خۆی و لەناوجەرگەی رووداوەکان، نووسینەوە و گێڕانەوەی خۆیانی بۆ بکەن، بەو پێیەی هەر توێژە و بەگوێرەی پسپۆڕی خۆی ئەرك و فەرمانی لە ئەستۆ بووە، لە بەرامبەر ئەوەشدا رووبەڕووی هەوراز و نشێو و قۆناغی جیاجیا بۆتەوە، بۆیە ئەم رێگایەم پێ باش بوو چونکە هاوپیشەکان و توێژە جیاجیاکان، هەریەك لەوان ماندوو بوون و قوربانیان داوە ومافی خۆیانە یاد بکرێنەوە و ئەرشیفی بە بڕشتیان لە ون بوون و فەوتان بپارێزێت و خەباتی رابردوویان لە ناو شۆڕشدا بەرز بنرخێنن. بۆ ئەوەی هەموو ئەو توێژە بەڕێزانەی کە لە قۆناغەکانی شۆڕشی نوێدا بەشداریی بەرچاویان هەبووە، بزانن کە ئێمە هەمیشە ئەوانمان لە یادە و ماندوبوونیان لە بیر ناکەین، بەردەوام لە یادگەی خۆمان و لاپەڕەکانی مێژووشدا بۆ نەوەکانی دوای خۆمان دەینووسینەوە، بۆ ئەم مەبەستەش هەرجارە و توێژێکمان هەڵبژاردووە، لە دووتوێی کتێبێکدا لە زمانی خۆیانەوە مێژووی رۆژانی خەباتمان بۆ بگێڕنەوە، ئەم پەرتووکە پڕ بایەخەی لە بەر دەستماندایە، لەسەر زمانی (عەدەد جیهان)

یـاخود (بێتەلـەکان) وەرگـیراوە و دۆکۆمێنـت کـراوە، کـە گـرنگترین و نهێنـیترین زانیارییـەکان لـەلای ئـەوان پـارێزراو بـووە و هـەر لەلایـەن ئەوانیشـەوە لـە بەشـە جیاوازەکـانی شۆڕشـدا ئـاڵوگۆڕ و گواسـتنەوەی زانیـاری ئـەنجام دەدرا. هـەڤاڵانی بێتەل جارێك پێشمەرگە بوون و جارێکیش شـەهیدی زینـدوو، چونکە بـاش لایـان ڕوون بـوو، کـە ئەگـەر دەسـتگیر بکرانایـە، ئـەوا هـەرگیز بەزیندوویـەتی ڕزگاریـان نەدەبوو، خراپترین چارەنووس چاوەڕێی دەکردن. بەڵام ئەوان هەرگیز نەدەترسـان و مـردن لـەپێناوی خـاك و نیشـتیمان و نەتـەوە بەلایانـەوە گـەورەترین شـەڕەف و شانازی بووە، بۆیە بەردەوام بوون لەم ئەرکـەی پێشـمەرگایەتی و خـەبات. هـەر بـۆ ئــەوەی نووســینەوەی مێــژوو بــەم شــێوازە پــەردە لەســەر رووی راســتەقینەی ڕووداوەکـان هـەڵماڵێ و وێنایـەکی واقیعـی ئـەو زەمەنـەمان پیشـان بـدات، ئـەرکی نووسینەوەی خەباتی ئەم توێژەمان ڕاسپارد بە کەسێك کە خۆی (عـەدەد جیهـان) بووە و جێی متمانەی هەڤاڵی بەڕێز ڕەوانشاد (مام جەلال) بووە، بەتەواوی لەگـەڵ ئێش و ئازار و ژیانی ڕاستەقینە و چۆنییەتی خـەباتی ئـەم توێـژە ئـازیزەدا بـووە، ئـەویش بـرای ئـازیز و خۆشەویسـتم (مامۆسـتا عوسمـان)ە، بۆیـە زۆر سـوپاس و دەستخۆشـیم هەیـە بـۆ بـەڕێزیان کـە زەحمـەتی زۆری کێشـا بـۆ نووسـینەوەی ئـەم کتێبـە و ماوەیـەکی زۆر پێـوەی مانـدوو بـوو، بـەو ئومێـدەی جێگـای ڕەزامەنـدی هەموو ئازیزان و خوێنەرانی مێژووی گەلەکەمان بێت و هەر کەموکورتییەکیشـمان هـەبێت، داوای لێبـوردن دەکـەین، هـەر کەسـانێکیش کـە لـە بیرمـان چـووە ناویـان بهێنین، ئەوە لە بەرگەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا یاخود لە چاپەکانی تری هەمان کتێبدا ئاماژەیان پێ دەدەین.

بۆ شۆڕشێکی ئاوا مەزن، ئاساییە ئەگەر لە بیرچوونەوەیەکی بێ مەبەستیش ڕوو بدات، بەڵام گرنگە بەردەوام بین لە نووسینەوەی ئەو مێژووە پڕ شکۆیە، تاکو

جوانی مێژووەکەمان لە دەست نەچێت و لە یادیان نەکەین، تا لە لاپەڕە و تۆمارە پڕ شانازییەکان بەزیندویی بمێننەوە.

لە کۆتایدا دەمەوێت زۆر سوپاسی هەڤالانم لە بۆردی ئەرشیف و مێژوو بکەم کە هەردەم خۆنەویستانە و بیٚ پەروا ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان رادەپەڕێنن و بەشداریی کاریگەرییان هەیە لەم ئەرکە گرنگەدا. هەروەها وتەیەکی رەوانشاد مام جەلال هەیە سەبارەت بە چارەنووسە دڵتەزێنەکەی مەفرەزەکەی بادینان (مەفرەزەی شەهید برایم عەزۆ) وەکو پاڵپشتییەك بۆ گرنگی بێتەل و عەدەد بێتەلەکان، کە تیایدا فەرموویەتی: "بەداخەوە ئەوبرادەرانە چوونە ناوەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئێمە پچڕا، جێی داخ و ئەسەفە ئەو کاتە نەمان توانی (بیٚ سیم)یێکیان بدەینیٚ، بۆ ئەوەی بتوانن لەگەڵ ئێمە پەیوەندی بکەن و ئاگامان لێیان بێت، ئەگەر پەیوەندیمان لەگەڵیان هەبووایە، تووشی ئەو گیروگرفتانە نەدەهاتن".

**خەمینە سالح ئەحمەد**

ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی

لێپرسراوی بۆردی ئەرشیف و مێژوو

مەکتەبی گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری

## وتەیەك

بەشی بێتەل یەكێك بووە لەو بەشە زیندوو و كارایانەی شۆڕشی نوێی گەلەكەمان، دەیان كادیری بەئەمەك و دڵسۆز و چالاك خۆنەویستانە بە رۆژو بە شەو لە ئامادەباشیدابوون بۆ گەیاندنی پەیام و زانیاری و پەیوەندی نێوان ئۆرگانە جیاجیاكان و پەیوەندیكردن بە جیهانی دەرەوە، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی تۆڕی بێتەل تاكو گەشەسەندنی و دواتر دوای كشانەوە بۆ سەر سنورەكان و دووبارە رێكخستنەوەی خۆی و بەشداریی كارای لە راپەڕینە شكۆدارەكەی ئاداری ١٩٩١ لەلایەن رەوانشاد مام جەلال و رەوانشاد نەوشیروان مستەفا، گرنگیەكی تایبەتی هەبوو. لەهەمان كاتیش لای هەندێك فەرماندەو سەركردەوە پشتگیریی و پشتیوانی دەكرا و هەندێكیش تا كاتی پێویست ئەو گرنگییەی پێنەداوە.

لەم سالانەی دواییدا بەهۆی پەیدابوونی مۆبایلی زیرەك و هۆیەكانی تری گەیاندنەوە ئەو بەشە زیندوە، گرنگیەكەی كەم بۆوەو بەرەبەرە بەرەو پوكانەوە چوو، كە بەشایەدی دۆست و دوژمنان باشترین كادیری بێتەل و چاكترین جۆری دەزگامان هەبوو بەداخەوە عەدەد بێتەلەكانیش ئەوەی مایەوە، مایەوە ئەوی تری لە لیوا سەربازیەكان دانران و بی ئەوەی بێتەلیان هەبێت، زۆریش لە عەدەد بێتەلەكان پشتگوی وپەراوێز خراون و كەس لێی نەپرسیونەتەوە بەتایبەت لەم سالانەی دواییدا... تا خوشكی گەورەو بەڕێز خەمینە سالح ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی و بەرپرسی بۆردی ئەرشیف و مێژووی مەكتەبی گشەپیدانی بیرو

هۆشـیاری بەخـەمخۆری و بەبیرۆكـە جوانـەكانی، ئێمـەی عـەدەد بێتـەل و بەشـی بێتـەلی بیركەوتـەوە كـە چ رۆڵیكـی گرنگمـان لـە خـەباتی رۆژانـی سـەخت و دوای راپەڕینیش دیوە، دوای پرسیار كردن وماندوبون رۆژێكیـان پەیوەنـدی بەبەنـدەوە كردو بیرۆكەی نووسینی مێژووی ئەو بەشەی بۆ پێشنیاركردم و دوای یەكتر بینین لەبەشی ئەرشیف و مێژوو ئـەو ئەركـەی كـردە خـەمی خـۆی و منـیش بڕیارمـدا كـە هاوكاری بم لەتۆماركردنی مێژووی ئەو بەشە گرنگە..

بابـەتی ئـەم كتێبـە پێكهـاتووە لـە مێـژووی بەشـێكی هەسـتیارو كاریگـەر لـە شۆڕشی نوێدا بەڕابەرایـەتی یـەكێتیی نیشـتمانیی كوردسـتان و بیرەوەری عـەدەد بێتەلەكان و هەندێك بەسەرهات.

جێی وەبیرهینانەوەیە تاكە ئەندامی سەركردایەتی لەگەڵ رێزم بۆ ئەوانی دیكە كەسـیان نـەبیریان لای ئـەو بەشـە بـووە نـەبیریان لەنووسـینەوەی ئـەو مێـژووە پـر سەروەریەی ئەو بەشە كردۆتەوە كەدەبووایە هەر لەساڵی ١٩٩١ دەست بكرایە بە ئەرشیف كردن نوسینەوەی مێژووی گشت بەشەكان.

زۆر بەلامـەوە گرنگـە دواجـار مێـژووی ئـەم بەشـە رونـاكی دەبینـێ و بەچـاپ دەگەیـەنرێت بـۆ ئـەوەی نـەوەكانی داهاتومـان بزانن و كـە هـەر پێشـمەرگەو چـەك نەبووە لە شۆڕشی نوێدا بەڵكو دام و دەزگای گرنگیش هەبوون یارمەتیدەرو پشت و پەنای ئەو پێشمەرگە گیانبازانە بوون، یـەكێك لەوانـە بەشـی بێتـەل و كـادیرانی بێتەل بوون.

ئـەوەی پێمانكرابێـت، ئـەوەی لەتوانامانـدا بووبێـت، ئـەوەی عـەقڵمان بـۆی چـووبێت، یـا رێنماییـەكانی سـەركردەو فەرمانـدەكانمان، كـە پێشـنیاریان بـۆ كردووین، جێبەجێمان كردوون، لەپێناوی خزمەت گەیاندن بە هێـزی پێشـمەرگەو بەشی بێتەل و شوڕش كردومانە، هەموو مرۆڤیكیش سەرەتای دەستبەكاربوون لە هەركارێكـدا هەڵـەو كـەم كـوڕی دەبێـت، مـەرج ئەوەیـە بـە دەسـتی ئەنقەسـت و

مەبەستی خیانەتکردن نەبووبێت. بێتەلچیەکان کەسانێکی هۆشیارو بەتوانا بوون و ئاگاداری زۆر بەسەرهاتی گرنگی رووداوەکان بوون، بێتەل گوێ و چاوو هەندێك جار دکتۆرو دەرمانیش بوونە بۆ هێزی پێشمەرگە، ئومێدەوارم کە خزمەتێکی بچوکی ئەو دەزگا هەستیارەمان کردبێت، هیواداریشم نەمان هیشتبێت هیچ کەلێنێك بۆ دوژمنەکانمان رەخسابێت دزەیان لێوەکردبێت و بەڵگەش زۆرە کە هەوڵیان داوە کۆنترۆڵی هەندێك لە کارەکانمان بکەن ! بەڵام بە زیرەکی و لێهاتوویی عەدەد بێتەلەکانمان بواریان بۆ نەڕەخساوە هەر وایانزانیوە ئێمەی عەدەد بێتەلی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەموومان خولی راهێنانمان لە وڵاتە ئەوروپیەکان دیوە و زۆربەشمان کەسانی ئەکادیمی بووینە! بەڵام ئێمە بۆ خۆپاراستن

لە دوژمن هەموو رێگەیەکمان دەگرتەبەرو لەبەرچاو دەگرت وەك دەوترێت (الحاجه أم الاختراع) واتە پێویستیی دایکی داهێنانە.

ئێمەی هاوڕێیانی عەدەد بێتەل خەم و کەسەرمان ئەوەیە کە خۆمان دەزانین بەشی بێتەلی(ی.ن.ك) لە گەیاندن و پەیوەندی کردن چ لە ڕووی ئامێرەوە چ لە رووی کادیرەوە چەندە لەپێشەوەی هێزە کوردستانیەکان بووینە، بەداخەوە کە ئێستا هەم کادیرەکانی و هەم بەشەکەش پشتگوێخراوە کە دەتوانرا بەهۆی کرانەوەی رێگاکان و بوونی ئیمکانیات زیاتر پێشبکەوێت نەك بپووکێنرێتەوە، چونکە گەیاندن و پەیوەندیکردن چ لەئاشتی چ لەشەڕدا گرنگن.

لەکۆتاییدا ئەوەش دەڵێم، گەر رۆژێك یان مێژویەك، یان ناوێکم بەهەڵە هێنابێت، یان ناوم نەبردبێت، یان پاش و پێشم کردبێت، داوای لێبوردن و لێخۆشبوون لە هەموو ئازیزان و هاوڕێیانم دەکەم، هیچ شتێکیش بێ کەموکوڕی نابێت. ئەم بابەتەم لەساڵی ١٩٩٧وە ئامادەکردووەو چەند جار شتم بۆ زیاد کردووە یان لێ لابردووە تا ئەمڕۆ.

دەمەوێت ئەوەش بڵێم کە دوای وەرگرتنی فۆڕمەکان لەبەشی ئەرشیف و مێژوو لە ژووری بێتەلەکان خستمەڕوو، تاکو هەموویان ئاگادارین بۆ پڕکردنەوەی و داوام لێکردن چ تێبینیەکتان لەسەر فۆڕمەکە هەیە، سەرەنجام چەند تێبینیەك خرایەڕوو دواتر لەگەڵ بۆردی بەشی ئەرشیف و مێژوو هەروەها بەڕێز خەمینە خان جارێکی دیکە بەگۆڕانکاریەکانەوە لەژووری بێتەلەکان خستمەوە ڕوو، لەگەڵ ئەوەش زۆربەی ئەوانەی لەدەرەوەی وڵاتن چ بەماسنجەر، چ بە واتس ئاپ یەکە یەکە بەتایبەت بۆم ناردوون، چ جای ئەوەی ئەوانەی لە سلێمانیین هەندێکیان بەدەستی خۆم پێمداون... دەتوانم بڵێم زۆربەیان بەدەنگمەوە هاتن و فۆڕمەکەیان بە پڕکراوەیی بۆ ناردمەوە ئەوانەشی بەدەستی بۆیان هێنامەوە بەڕێزو سوپاسەوە، بەڵام بەداخەوە هەندێکی کەم نەبێ کە هیچ سەرەداویك و زانیاریەکم دەستنەکەوتووە، یان کەسوکاریانم بۆ نەدۆزراوەتەوە هەرچەندە لەرێگای هاوڕێیانمەوە زۆر پرسیارمان کردووە چەند هەڤاڵێکیش چەندین جار پەیوەندیم پێوەکردون یان لەرێگای هەڤاڵانم پەیوەندییان پێوەکراوە، وەلێ وەڵامیان نەبووە، هۆکار لای خۆیانە، بەڵام وەك مێژوویەك و وەك ویژدان لەکوێ پێویستی کردبێت بەڕێزەوە ناوم هێناون، بۆیە نابێ گلەیی ئەوە بکەن کە بۆچی ژیاننامەی ئەوانی تیدا نییە، بەڵام وەك خۆم ناویانم هێناوە لەو شوێنانەی کاریان تیدا کردووە، وێنەکانیشان لە ئەلبومی بێتەلەکان کە پیشتر بەندە بۆ کتێبی تۆڕی پەیوەندیەکان و سندوقە ڕەشەکە ئامادەم کردبوو هەردادەنێمەوە ئەگەریش بیرەوەری یا بەسەرهاتێکی خۆشی بۆناردبێتم بۆم تۆمار کردووە بەناوی خۆیەوە. لەکۆتاییشدا بەشی بێتەل بێبەش نەبووە لەقوربانی لەشۆڕشی نوێ چ لەکاتی ئەنفال وچ لە راپەڕین کە خاوەنی چەند ئەستێرەیەکی ئاوا بووە لەم خەباتە سەختە دا.

**عوسمان عومەر**

## کورتەیەکی مێژوویی و قۆناغەکانی
## گەشەکردنی دەزگاکانی پەیوەندی کردن و گەیاندن

زۆربەی شۆڕشە ئازادیخوازەکانی دونیا پێویستیان بەبەکارهێنانی بێتەل هەبووە، هەریەکە بەگوێرەی تواناو ئیمکانیاتی خۆیان سوودیان لێوەرگرتووە.

وەکو پرسیارێك لەبیرو هزرمدا دەخولایەوە و پرسیارەکەش ئەوە بوو: ئایا شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمر چ هۆیەکی گەیاندنی بەکارهێناوە؟ کە من پێموایە هەر نامەو قاسید (تەتەر) هۆی گەیاندنی بووە، ئایا سوپای داگیرکەری ئینگلیز کاتێك شەڕیان لەگەڵ شێخ کرد چ هۆیەکی گەیاندنیان بەکارهێناوە؟ ئایا لەو شەڕانەدا هیچ هۆیەکی گەیاندن وەك بێتەل دەستی بەسەردا نەگیراوە؟ رەنگبێ گیرابێتیش، ئایا کەسیك هەبووە بەکاریان بهێنێ؟ بێگومان سوپای ئینگلیز بێ هیچ هۆیەکی گەیاندن و پەیوەندیکردن نەبوون لەشەڕەکاندا، چونکە بێتەل لە جەنگی جیهانیی یەکەم هەبووە، من هیچ سەرچاوەیەکی وام دەستنەکەوت کە ئەم پرسیارانەم بۆ روون بکاتەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە شێخ (قاسید) یا تەتەری بەکارهێناوە وەك هۆی گەیاندن.

هەرچەندە لە سایەی ئەو رژێمە دیکتاتۆریانەی کە حوکمڕانی خۆیان بەسەر گەلانی عێراق و گەلەکەماندا سەپاندبوو، تروسکەی روناکی بەدی نەدەکرا، هەر لەو روانگەیەوە، سەیری بواری گەیاندن و پەیوەندی کردن دەکەین، کە تەنها بۆخۆیان کۆنترۆڵ و قۆرغ کرابوو، هەربۆیەش سەرچاوەی زانستی دەربارەی کەمە تاکو بتوانرێ کنەو پشکنین یا لێکۆڵینەوەیەکی تیرۆتەسەل ئەنجام بدرێ، وەك سەرچاوە بەکاریان بهێنرێ، تەنها هەندێك نامیلکەی سەربازی نەبێت، ئەوکاتیش

لەشاخ بووین زۆر دەگمەن بەدەستمان دەکەوت، ئەوەیشی پێمان دەگەیشت، تاکە سەرچاوەی زانستی پەیمانگای تەل و بێتەلی بەغدا بوو، هەندێك کتێبی زانستی یان خستبووە بەردەست خوێندکاران، نووسەرەکانیان لەترسی سزا و لێپێچینەوە هێندە نەچونەتە ناو قولایی بابەتەکانەوە، بەلام بەهۆی هەڤاڵەکانی رێکخستنەوە توانراوە هەندێك سەرچاوەی وەك کوڕاسەی سەربازی و نامیلکە دەستەبەر بکرێت کە ئێمەی پێشمەرگە سودمان لی وەرگرتووە. بەدرێژایی مێژوو شادەماری هەموو گروپە مرۆییەکان پەیوندیکردن بووە، پەیوەندی کردنیش بۆ مرۆڤەکان چ پەلاماردەر بووبن چ بەرگریکار سوودی لێوەرگیراوە، بەهۆی دەنگ بۆ دەنگ واتا چەند کەسێك لە دووریەکی گونجاو دەوەستان لەکاتی شەڕو پێکدادانەکاندا فەرمانەکانی سەروی خۆیان گەیاندۆتە ناوجەرگەی مەیدانی جەنگەکە، ئەوکارەش کاریگەریەکی ئەرێنی لەسەر باری دەرونی هەبووەو هۆکارێك بووە بۆ سەرکەوتن و لەیەك نەترازانی شیرازەی ریزی هێزەکان.1

گەیاندن و پەیوەندی کردن ئامرازێکی گرنگی سەرکەوتنە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، شۆڕشی تەکنۆلۆژیای گەیاندن و پەیوەندی کردن ئەوەندە گەشەی سەندووە، ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕیوە، دەتوانم بڵیم بە رێژەی ١٨٠ پلە لە هەمو بوارەکاندا، هەر لەلێکۆڵینەوەی زانستی بگرە تا جەنگ و بواری پەروەردەو فێکردن و بواری ئابوریشی گرتۆتەوە، نمونەشم بۆ ئەوە ئێستا لە هەندێك لە ولاتانی دەوروبەرمان دەتوانرێ نەشتەرگەری بۆ نەخۆشیك بکرێ بێ ئەوەی ببرێت بۆ دەرەوەی ولات، هەر لەوێوە دکتۆرەکان بەپەیوەندی لەگەڵ ولاتێکی وەك ئەمریکا بە سەرپەرشتی چەند پرۆفیسۆر و شارەزا،بەقسەکردن لەگەڵ یەك وکۆنفرانسی ڤیدیۆیی ئاراستەی دکتۆرەکان دەکەن و نەشتەرگەریەکە ئەنجام دەدرێت.دەتوانم بڵێم گەیاندنی پزیشکی بۆتە یەکێك لە لقە گرنگەکانی پسپۆری پزیشکی، کەواتە بەدەستهێنانی هۆیەکانی گەیاندن و پەیوەندی کردنی

سەردەمیانە، دەبێتە هۆی گەشەکردنی شۆڕش لەو بوارەدا، هەروەها دەبێتە هۆی گەشەکردن وبەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا لە بواری زانست و زانیاری و سیاسی و پیشەسازی و داهێنان و کشتوکاڵ و ئاودێری و ئابوری و کۆمەلایەتی، لە شەڕو لە ئاشتیدا فاکتەریکی پێویست و گرنگە.

ئەمڕۆ جیهان بەهۆی گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای گەیاندن و پەیوەندی کردنی خێرا بۆتە گوندێکی بچوك و مێژووی مرۆڤایەتی دروست دەکات لەم سەردەمە، بۆ ئەمەش نمونەیەکی بچوکم هەیە ئەویش هەواڵی مردنی ناپلیۆن پۆناپارت کە لە دوورگەی سانت هێلانە، ساڵی ١٨٢١ ی زانینی ماوەی یەك مانگی خایاندوە تا گەیشتۆتە شوێنی خۆی، بەلام ئێستا زانستی گەیاندن و پەیوەندی کردن ئەوەندە بە خێرایی پێشدەکەوێ و رۆژانەش بەرەو پێشتردەچێت، رەنگبێ ئێمە فریای ئەو گۆڕانکارییە خێرایانە نەکەوین و جێ بمێنین، چونکە کاری هەرە قورسی مرۆڤ کە جاران تا رادەیەك مەحاڵ بوو ئەمڕۆ لە ڕێگای تۆڕەکانی گەیاندن و کۆمپیوتەرەوە بەچرکە ئەوکارە جێبەجێ دەکرێت لەو نمونانەش تۆڕی ئینتەرنێتە و هەر بۆیەش ئەم چەرخەی ئێستامان بە چەرخی گلۆبالیزم وجیهانگیریی و زانستی پەیوەندییەکان دەناسرێت.

پێش ئەوەی بچینە ناو باسەکەوە پێویستە ئاماژە بە هەندێك زاراوەی زمانەوانی بدرێت کە بێتەل بەزمانی کوردی، بێسیم لەزمانی فارسی، لاسلکی بەزمانی عەربی و لە ئینگلیزیشدا پێیدەوترێ وایرلێس، ئەم دەزگایەش داهێنراوی شۆڕشی پیشەسازییە، لەگەڵ دروست بوون و سەرهەڵدانی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان، مرۆڤ بۆی دەرکەوت کە پێویستی بەکەسانی تر هەیە لەگەڵیان بژی و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکات، هەر بەو هۆیەشەوە بوو زمان و پیتی نوسینی داهێنا وەك هۆیەك بۆ تێگەیشتن و بیر و راگۆڕینەوە و دەربڕین و گەیاندنی بەخەڵکی تر بۆیە زمان لە ئێستا و لە رابوردووشدا دەتوانرێ بەیەکێك لە هۆیەکانی گەیاندنی زانیاری بەیەکتری بژمێردرێ و بەگەشەکردنی شارستانیەتی

مرۆڤایەتی پەیوەندی (شەڕ، دۆستایەتی، بازرگانی) لەنێوان کۆمەڵگا شارستانییە لەیەك دوورەکان دروست بوو، بێگومان پێویستی بەوەش دەکرد کەنامەو راسپاردەو هەواڵ و فەرمانەکان بگوێزرێنەوە بۆ شوێنە لەیەك دوورەکان، ئەمەش بەکەسێکدا دەنێردرا جا چ زارەکیی یان بەنووسین بوایەو تاکو ئەم سەردەمەش هەر بەردەوامە کە پێی دەوترا (تەتەر) یان نێردراو، گەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە کۆمەڵگاو مرۆڤایەتیەکانی ئەوکات ئەوەیان دۆزیوەتەوە (تەپڵ لێدان بەنەزمێکی تایبەت لەبۆنە تایبەتیەکانی وەك شەڕو خۆشی) وەك هۆیەکی گەیاندن بەکارهێناوە لەیەکێ گوندەکانی ئەفریقیا، هیندییە سورەکانی ئەمریکاش (دووکەڵکێش)یان بەکارهێناوە لە ئاگرێگ کە خۆیان دایاندەگیرساند بەکاریان دەهێنا بۆ گواستنەوەی زانیاری و ووریاکردنەوە لەمەترسی هێرش و لافاو، پاشان لەهەندێك کۆمەڵگا کۆتری نامەبەر (حمام زاجل)یان بەکارهێناوە بۆ گواستنەوەی نامە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، هەندێك کۆمەڵگاش ئاوێنەیان بەکارهێناوە کە ئەدرایە بەرتیشکی خۆر لەشوێنێکی بەرزەوە لەبەرانبەریشدا وەرگیراوەتەوە[1] وەك هۆیەکی لەیەکگەیشتن و گەیاندن بەیەکتری، ئەو ئاژەڵانەی کە بەکۆمەڵ دەژین پێکەوە، زمانێکیان هەیە بۆ گەیاندنی زانیاری بەیەکتر ئەگینا چۆن خۆیان لەمەترسی مرۆڤ و راوچی دەپارێزن؟! پێموایە هەنگ باشترین گیاندارە کە زانیاری دەگەیەنێ بەهاوچەشنی خۆی.

لەکتێبی زمانی جەستەدا مینە[2] باس لە کتێبێك کە هی ئەلێکساندەر دێنیسە (هەنگ و پەروەردەکردنی هەنگ) باس لەوە دەکات چۆن هەنگ زانیاری دەگەیەنێ بەهاوچەشنەکانی، بەڵام من ئەو زانیاریەم لە گوندنشینێکی سەرسنوریی ناوچەی قەندیل وەرگرت کە پیشەی هەنگەوانی بوو، بۆی باسکردم چۆن هەنگیان

---

[1] کۆمیونیکەیشن و نامە چکلێتیەکان وبێتەل لە شۆڕشی نوێ / بەهادین محمد عبد الرحمن، ساڵی٢٠٠٨

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو

دۆزیوەتەو بەهۆی هەنگەوە، چۆن شوێنی هەنگیان لەشاخ دۆزیوەتەوە و وتی: گەر هەنگەکە زۆر بەرز بفڕیایە ئەوا دەمزانی شوێنەکەی دوورە، بەڵام گەر نزم بفڕیایە ئەوا دەمانوت شوێنەکەی نزیکە، ئەمەش جۆرێکە لە گەیاندن و زانیاری بەڵام بەو شێوە زانستییەی مینە لە کتێبەکەیدا نەبوو[٣]، ئالاش بەکارهێنراوە لەگەڵ تاوەری سیمافۆر دەسکەکەی دەجولا (ابراج السیمافور)[٤] یان بەکارهێناوە (سیمافوریش وەك شفرەیەك ئەو جوڵە و هێمایانەیە کە بەهۆی رووناکی لەیەك گرتن یا دوو ئالا راوەشاندن لەلایەن دوو کەسەوە دەکرێ، ئەوانیش نهێنیەکییان لە نێوان دایە، هەروەها لەسەربازیشدا ئەوە بەکاردەهێنرێ) بێگومان ئەم هۆکارانە سادەو ساکاربوون، وەك کۆمەڵگاکانی ئەو سەردەمە.

گەلی کوردیش بەدەرنەبووە لەبەکارهێنانی هۆیەکانی گەیاندن و پەیوەندی کردن و رەنگبێ زۆر هۆی گەیاندنی بەکارهێنابێ یا داهێنابێ، بەڵام هیچ زانیاریەکی لەو باتەم لەبەر دەست نییە تا پشت راست بکرێتەوە بەهۆی ئەوەی گەلی کورد هەمیشە لەژێر داگیرکاری بووە ئیسلامیش کە هاتونەتە کوردستان بەهۆی بیانوی مەجوسیەت یا ئاگر پەرستیەوە زۆر سەرچاوەی زانیاری و ئەدەبی و فەلەکناسی....هتد یا سوتاندویانن یا فڕێیان داونەتە ناو رووبارەکانەوە ئەوەشی بەکەڵکی خۆیان هاتووە دواتر بەناوی خۆیانەوە کردووە. رەنگبێ گەلی کورد هاوارکردن و ئاگرکردنەوەو ئاوێنەشی بەکارهێنابێ، لەشوێنێکی بەرزەوە تیشکی لە شوێنێکی تر گرتووە لە بەرانبەریش یەکێك وەڵامی داوەتەوە بەتیشك لێدانەوە، ئاگرکردنەوەشی بەکارهێناوە لەشوێنی بەرز بۆ ئاگادارکردنەوەی دەوروبەری خۆی جا، ئەو بۆنەیە خۆش بوبێ یا ناخۆش، لەمەوە بۆمان

---

[٣] مینە کتێبی زمانی جەستە

[٤] سیمافور هۆیەکە بۆ لێك گەیشتن لەسەردەمە کۆنەکان بەکار هێنراوە بەرێگای بەکارهێنانی دوو ئاڵاوە کە وەك عەدەد بێتەل وفێرکاری (ملقن)بەپێی پیتەکان دەجولێنرێت.

دەردەکەوێ کە لە کۆنەوە گەیاندنی (سەوتی، زەوئی، مەرئی) واتە دەنگی، روناکی، بینراو بەکارهێنراوە و هەموی بناغەیەك و بنچینەیەك بوون بۆ داهێنان و دۆزینەوەی دەزگا مۆدێرن پێشکەوتووەکانی ئەم سەردەمە.

دوای دۆزینەوەی کارەبا، لەلایەن (سامۆئیل مۆرس)ساڵی ١٨٨٤ی زاینی توانی گەیاندنێکی تەلەگرافی بەهۆی (بروسکەوە) دروست بکات، پاش چەند تاقی کردنەوەیەك و هەوڵێکی زۆر گەیشتە ئەوەی، چەماوەیەکی داخراو کە لەیەك وایەر پێکاتبوو، زەویش تەواوکەری ئەو چەماوەیە بوو و بەیەك (پیل)یش کاری پێ دەکرا، دروست بکات بەم شێوەیەی لای خوارەوە:[٥]




کەسی یەکەم (A) هەڵدەستێ بەناردن بۆ کەسی دووەم (B) یەکەم پەنجە دەنێ بەکلیکەدا لای خۆیەوە بۆ بڕین و تێپەر بوونی تەزووی کارەبا، لای کەسی دووەم ئەم تەزووە بەپچرپچر دەردەچێ بەگوێرەی چەند شتێك کەلەسەری رێککەوتوون جا ناردنی پیتەکانی ئەلف وبێ بێت یا قسەیەك یا دەستە واژەیەك وەك:
زۆر سوپاس.... بەردەوام بە....بەردەوام بم...... گەیشت.......باشە

---

[٥] المنتدی العام / ئیجوکەیشن پرۆجێکت / ئەنتەرنێت.

ئەمەش گەشەو گۆڕانکاریی بەسەرداهات بەدەستی (مۆرس) کەدەزگایەکی تایبەتی داهێنا و هێمای تایبەتی بۆ دانرا.[٦]

**نمونەیەك لەشێوەی بەکارهێنانی مۆرس**



. _ _ = ١ بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: تا تا تت

.. _ _ _ = ٢ تا تا تا تت تت

... _ _ =٣ تا تا تت تت تت

ج=.._. تت تت تا تت واتە پیتی ج

تا هەموو ژمارەکان و هەموو پیتێکیش بەم شێوەیە ڕێکخراو بەسیستەمێك کاری پێدەکرێ زۆرجار سوپای عێراق ئەو کات و سەردەمەی کە موجەفیرە نەبووە یا کە هەشبووە هەر دەبوایە عەدەد بێتەل مۆرس بزانێ و گۆڕاکارییان بەسەر سیستەمەکەدا دەهێنا، واتە ئەمجارە بەشێوەی نمونەکە بووە، بەڵام جاری تر وانەبووە بۆیە لە شۆڕشی ئەیلول بەهۆی شارەزایی کاك شەوکەت مەلا سمایل و ئیسماعیل سەرهەنگ کۆدی ئەو مۆرسانەیان ئاشکرا کردووە.

---

٦

لێـرەوە ئـەتوانین بڵـێین کارەبا هۆیـەك بـوو بـۆ گەیانـدن و بەچـرکەش ئەگاتـە شوێنی خۆی. ساڵی ١٨٧٤– ١٨٧٥ئەلێکساندەر گراهام بێلی سکۆتلەندی توانی شەپۆلە دەنگیـەکان بگـۆڕێ بە تـەوژمی کارەبا و بەهـەمان شـەپۆلی(تردد) دەنگی وەردەگیرایـەوە لەشـوێنێکی تـر و لـەماوەی ئـەو سـاڵەدا تـوانی تاقیکردنـەوەو داهێنـانی یەکـەم دەزگـای تەلـەفۆنی بکـات بـۆ نمونـە کـاتێ بەتەلـەفۆن لەگـەڵ بەرانبەردا قسە دەکەین ئەوکاتەی قسەکە گەیشتۆتە گوێمان ماوەکەی زۆر کورتە و بەشێکە لەهەزاری چرکەیەك یا کەمتر کە ئێمە هەست بەو ماوەیە ناکەین، کاتێ کارەبـاش بـەکاردەهێنرێ بـۆ گواسـتنەوەی زانیـاری، یاقسـەکردن، یـا وێنـەی تەلـەفزیۆنی یـا نوسـراوێك دەبـێ بگـۆڕدرێ لـە دەنـگ و رەنـگ و ژمـارەوە بـۆ ئامارژەیـەکی کارەبـایی و (بـەخێرایی رونـاکی) دەنێـردرێ بـۆ بەرانبەرەکـەمان و وەریـدەگرێ، چـونکە نیـوەتیرەی گـۆی زەوی ٦٣٧٨ کـم لای هێلـی یەکسـانی و خێرایـی روونـاکی (٣٠٠،٠٠٠ کم/چرکە)یە، بۆیـە روونـاکی گـەرجارێك بـەدەوری گۆی زەوی بسوڕێتەوە نزیکەی (١٣،.) چرکەیە، وەك دەبینین ئەمە ماوەیەکی زۆر کورتە و هەر بەو هۆیەشەوە وادانراوە کە گەیانـدن بەچرکە بێ لەهەر شوێنێکی گۆی زەوی بۆ ئەوپەڕی دونیا، ئەم قسە تەلەفۆنیانە لـە ریگـای بگـۆڕێکی (بدالـە)ی دەستییەوە بووە،بەهۆی تـەل و مایکرۆفۆنـەوە هـەر زووش بـە وڵاتانـدا تەشـەنەی کـرد و بەشـداربووان تـا دەهـات زۆرتـر دەبـوون، تـا سـاڵی ١٨٩٠ی زاینـی ئـەوکات گـۆڕدرا بـە هێڵگۆڕکێیـەکی ئۆتۆمـاتیکی، بـۆ یەکـەمجار وشـەی ئـەلو (ALO) بەکارهێنرا ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کورتکراوەی ناوی خۆشەویستەکەی گراهام بێڵ کە (Alessandro lolito Oswalldo)بوو.

سـاڵی ١٨٣٢ مـاهلۆن لـویس تـوانی یەکـەم ئـەنتێنای بێتـەل دابهـێنێ و ئیشـارەتێکی بێتـەلی کارۆموگناتیسـی بنێـرێ بـۆ مـاوەی ١٨ میـل، هـەوڵ و کۆششـەکان هەربـەردەوام بـوون تاسـاڵی ١٨٩٧لەلایـەن مارکۆنییـەوە هەوڵـدرا

سەرەتای هەنگاوەکانی ناردن و وەرگرتن دەست پێبکات، پاشان لەساڵی ١٨٩٩ی زایـنی بیرۆکـەی بـارکردنی شـەپۆلە کـارۆ موگناتیسـییەکان (modulation) لەلایـەن هەرسـیێ زانـا هیفیسـاید و پـاپن و کامبـل داهێنـراو بـەکارهێنرا، زانـا دیفۆرست لامپای داهێناو ئەمەش بۆ گەورەکردنی شەپۆلە بێتەلییەکان (الموجات اللاسلكيه) کە بووە هۆی باشترکردنی گەیاندن بۆ مەودای دوورتر.

سـاڵی ١٩٠١ی زایـنی کـوڕی قەشـەیەك بـەناوی جـو جلیمـۆ مـارکۆنی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا ئەویش بۆ یەکەمین جار توانی بە بێتـەل و بە بـەکارهێنانی پـەخش بـە شـەپۆلی درێـژ لەمبـەری ئۆقیانوسـی ئەتڵەسـیەوە بـۆ ئەوبەری ئۆقیانوس جێبەجێ بکات، کە دواتر دەزگا بێتەلەکان لەجەنگی جیهانی یەکەمدا بەکاریان هێنا و پشتیان پێ دەبەست، لەدوای جەنگیش ئەم ئامێرە بێتەلانە زیاتر لەبواری سەربازیدا بەکارهات و گرنگی پێدرا و گەشەی بەسەردا هـات و بـووە هۆیـەکی سـەرەکی گەیانـدن لەنێوسـوپاکاندا، دواتـریش تەلـەفۆنی باتلرفێڵد واتـە تەلـەفۆنی مەیدانی جـەنگ و هۆیـەکی سـەرەکی بـوون لـە پێکـەوە گرێـدانی هێزەکـانی پیـادەو دەریـایی و ئاسمـانی بەفەرمانـدەیی گشـتی هێـزە چـەکدارەکانەوە ئەمـە جگـە لـە پۆسـتبەر (ناقـل بەریـد) کەبـەهۆی مـاتۆڕ یـا ئۆتۆموبێلـەوە نامـەو فـەرمانی فەرماندەییـەکان کـە نهـێنی بـوون دەنێـردران بـۆ فەرمانـدە مەیدانیـەکان لەترسـی گـوێگرتنی و وەرگـرتنی ئـەو پەیوەندیانـەی کـە بەبێتـەل بنێردرایـە لەلایـەن دوژمنـەوە، لێـرەدا دەگەینـە ئـەوەی پێناسـەی بێتـەل بکەین کە:

ئەو ئامێرەیە کە پەخش و وەرگرتنی لەخۆگرتووە و لەسەر شەپۆلێك و کاتی دیاری کراودا لەگەڵ ئامێرە هاوشێوەکانی خۆی پەیوەندی دەکات بەمەبەستی ناردن و وەرگرتنی زانیاری لەیەکتری، ئەوەی بێتەل لە ئێزگە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئێزگە تـەنها پـەخش دەکات بۆ راگەیاندن و ریکلام و دەنگ و باسـەکان بـەکار

دەهێنرێ و قورسە بۆ گواستنەوەی لەشوێنیکەوە بۆ شوێنێکی تر، بەڵام بێتەل وەرگرتن و ناردنیشی تیدایە بەهۆیەوە زانیاریەکان ئاڵوگۆر دەکرێت، هەروەها دەخرێتە ناوکۆڵە پشت و بۆ گواستنەوە ئاسانە، هەروەك لەپێشەوە ئاماژەم پێدا بەپەلە گەشەی دەسەند و ئێزگە رادیۆییەکان زیاتر بڵاو دەبونەوە، ئەم هۆیەش وای لە زاناکان کرد کە بیری زیاتر بکەنەوە لەداهێنانی نوێتر لەوانە ناردنی وێنەی وەستاو هەر لەسەر ئەم بنچینەیەش بوو (فاکسمیڵ) دۆزرایەوەو بەکارهێنرا لەبواری رۆژنامەنووسیدا.

زیاد بوونی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندیکردن وای لە زاناکان کرد کە بیر لەزیاد کردنی فریکوێنسەی باند یا گورزە باند (حزم الترددات) بکەنەوە واتە بەکارهێنانی شەپۆلی کورت بۆ گواستنەوەی ئاماژەکان، بەڵام لە پەیوەندی تەلدار (سلکی)دا بەپێچەوانەوەیە، گەر ناردنی شەپۆلی کارەبایی بە شەپۆلی بەرز بنێردرێت ئەوا دەبێتە هۆی لەدەستدانی تواناکەی هەربۆیەش (coaxial cable) واتە (کابڵی میحوەری) بێتە کایەوە چونکە ماددە گەینەرەکەی دەبێت بخرێتە ناو گەیەنەرێکی لولەیی بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی دەرچوونی تیشك، هەندێك جاریش کابڵی میحوەریی کاری خۆی بەباشی ئەنجام نادات. بۆیە (Wave Gide) دلیل الموجات – رێبەری شەپۆلەکان) بەکاردەهێنراوە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت شەپۆلی مایکرۆیڤ بنێردرێت، پاش ئەم داهێنانەش (Fiber optic) ئەلیاف زجاجی کەتوانای گواستنەوەی زانیارییەکی لە رادەبەدەری زیاتری هەیە لە هۆیەکانی تری گەیاندن و دەتوانرێت ئینتەرنێتی لەسەر بەکاربهێنرێت، بەڵام بەداخەوە بەهۆی بوونی رژێمە دیکتاتۆرە یەك لەدوایەکەکانی عێراق کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و عێراق لەم هۆیەی گەیاندن بێ بەشکرابوون، تا پاش راپەڕین خەڵکی ئازاد بوون لەبەکارهێنانی هەر هۆیەکی گەیاندندا کە یەکێکە لەهۆیە هەرە خێراکانی گەیاندن و پەیوەندی کردن.

لەگەڵ رۆژگاردا پێداویستییەکان زیاتر دەبن و پێویستیت زیاتر بەخێرایی گواستنەوەی زانیارییەکان دەبێت بۆیە ئۆبتیك فایبەرو ئەنتەرنێت یەکێکن لەو

هۆیانە كە نزیكەی (٣٠ ساڵ لەمەوبەرو پاش ئەوەی روسیا دەستیگرت بەسەر بۆشایی ئاسماندا و لەسەردەمی كێبركێی ئەتۆمی و جەنگی سارد، لێرەدا پرسیارێك خۆی وروژاند لە وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا، ئەویش چۆن دەتوانرێ پەیوەندی و گەیاندن بەردەوام بێت لەكاتی رووداني جەنگێكی ئەتۆمیدا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە كۆمپانیایەكی حكومی بەناوی (Rand) بۆ لێكوڵینەوەو توێژینەوەكان كەوتنە لێكۆڵینەوەی ئەم پرسیارە ستراتیژیەو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆی.دیراسەكە دەرەئەنجامی ئەوەی لێكەوتەوە كەپێویستە تۆرێكی لامەركەزی دروست بكرێت كە پشت دەبەستێ بەگۆڕینی نامەكان (حزمە-گورزە (Packet Switching) ئەمەش وادەكات نامە ئەلیكترۆنیەكە دابەش بكات بۆ چەند یەكەیەك كە پێی دەوترێ (Packet)حزم – گورزە (ئەوكەسەی دەینێرێت هەر ئەویش دەتوانێ بەشێوەی كۆمەڵێ (Nodes) (عقد) گرێ، پاشان لەوسەرەوە لەلایەن وەرگرەوە كۆدەبێتەوە و دەبێتە نامەكە. ساڵی١٩٦٩ وەزارەتی بەرگری ئەمریكا ئەم پرۆژەیەی جێبەجێكردو ناوی نا (Advanced Research Project) كورتكراوەی (ئەربانیت)ە،

ئەم تۆڕە چەند زانكۆیەكی ئەمریكی پێكەوە گرێدا بە چوار گرێ كە پێكهاتبوو لە (Super computer) واتە چەند كۆمپیوتەرێكی زەبەلاح (عملاق) بەزوویی سودی ئەم تۆرە بەدیاركەوت كە بەخێراییەكی زۆر زانیاریەكانیان دەگۆڕییەوە لەنێوان یەكتریدا بەهۆی ئەو كۆمپیوتەرانەوە لەگەڵ ئەوەی ماوەی نێوانیان دووربوو. لەسەرەتای حەفتاكانی سەدەی رابردوو یەكەمین بەكارهێنانی خزمەتگوزاری بازرگانی خۆی خستە بازارەوە بەناوی (Telnet) پاش ئەوە قۆناغی بە جیهانی بوونیەوە دەستی پێكردو هەموو سەنتەرەكانی لێكۆلینەوەی ئەورووپای گرتەوەو لەكۆتایی حەفتاكان دا و خەڵكی ئەیان توانی لەسەرتاسەری جیهاندا بەشداریی ئەم تۆڕە بكەن و بەشداری گفتوگۆی بابەتی جۆراو جۆربن كە بەناوی (Newsgroup) كۆمەڵەی دەنگوباسەكان وەك (USENET)و پاشان

ئیمێل هاتە ئاراوە کە کۆمپانیای (BBN)ی دایهێنا و پشتی بەم خزمەتگوزارییە دەبەست ئەمەش لەساڵی ١٩٧٢ بوو.[٧]

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گەیاندن و پەیوەندیکردن پەیوەستە بەژیانی رۆژانەی مرۆڤەوە بۆیەش مۆنتگمری بە شادەمارناوی دەباو رۆملیش دەڵێت "ناتوانریْ بەهیچ شێوەیەك گەیاندن واتە (اتصالات) وەلاوە بنرێت، هەر لەئاستی یەکەیەکی بچوکی سەربازیی تا ئاستی سەرکردایەتی ویەکێکە لەویەکانەی کەدەتوانێت ئەنجامی شەڕ یەکلایی بکاتەوە".ئێمەی پێشمەرگە زۆر سودمان لەدەزگاکانی گەیاندن و پەیوەندی کردن وەرگرتووە و دەتوانم بڵێم چاوو گویْ و دکتۆرو دەرمانیش بووە، لەهەمان کاتیشدا هەڵەی گەورەی پێدەکریْ، زیانگەینەریشە، گەیاندن چەکێکی دولایەنەیە هەم خزمەتی مرۆڤایەتی پیْ دەکریْ و هەمیش کوشندەیە.




کاری سیمافور



مخابر و ملقن هەواڵدەرو وەرگر

[٧] منتدى القريه الالتكترونيه / منتدى الاتصالات السلكيه و اللاسلكيه / ئەنتەرنێت

# بەشی یەکەم

## هۆیەکانی گەیاندن و بەکارهێنانی لە شۆڕشی نوێدا

وەك دەزانین زۆربەی وڵاتانی جیهان بێتەل لە بواری سەربازیی وفرۆکەوانی سەربازیی، فڕۆکەوانی مەدەنی وهێزی ناوخۆیی و بازرگانی و دەریاوانی و زۆر بواری تردا بەکاردەهێنن، وەك پێداویستیەکی گەیاندنی خێرا، بەتایبەت لە بواری سەربازیدا و زۆبەی وڵاتان هێزێکی گەورەیان هەیەو پێویستی بەڕێوەچوونی کارەکانیان و پێکەوە گرێدانی یەکەکانیان بە فەرماندەکانیان و فەرماندەکانیان و بەسەرووتری خۆیانەوە.

شۆڕشی گەلی کوردیش هەر بەو هۆیەوە بووە، بێتەلی وەك گەیاندنی خێرا بەکارهێناوە، هەر لە شۆڕشی ئەیلولەوە تا پاشتریش لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەرابەرایەتی (ی.ن.ك)، سەرەتا لەرووی گەیاندنەوە زۆر لاوازبوو لەبەر بێ دەرامەتی و نەبوونی هۆیەکانی پەیوەندیکردن، گەر هەشبوویێت یان خراپ بوون، یا لەکارکەوتون یان نەزانراوە بەکاربهێنرێت، ئەم دەزگاو ئامێرانە کە هەبوون هی شۆڕشی پێشووی پاش هەرەسی١٩٧٥ بووە و هەندێك پێشمەرگەو فەرماندە کە بڕوایان بەهەڵسانەوەی شۆڕش بووە شاردبویانەوە، لەگەڵ چەك و کەلوپەلی تردا هێنابویانە ناو شۆڕشی نوێوە، تەنانەت تا بەرێکەوتنی هێزەکان و رووداوی کارەساتی هەکاری بێتەل زۆر دەگمەن بووە یان بەکارنەهێنراوە، بەڕێز کاك نەوشیروان لەناملیکەی کارەساتی هەکاری ل٥٩ بەیەکێك لەهۆیەکانی دەژمێرێت بۆ شکست و لەناوچونی هێزەکان و توشبوونی زیانی قورس، هەروەها ل١١٤ خاڵی ٨ی نامەکەی هەڤاڵان بۆ سەرکردایەتی نوسیویانە ١١ (هۆکی تۆکی)مان بەدەست گەیشتووە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لەوکات و سەردەمەشدا هەر لە سەرەتای پەیداکردنی هۆیەکانی پەیوەندی کردن بوون بۆ کاروبارەکانی شۆڕش.

وەك عـەدەد بێتـەلێك دەتـوانم بڵـێم شۆڕشـی نـوێ دابـەش دەکـرێ بەسـەر سـێ قۆناغدا لەرووی بەکارهێنان و گرنگی بێتەلەوە:–

١- قۆناغی مەفرەزە سەرەتاییەکان:

لەم قۆناغەدا بە بۆچوونی خۆم هەم بێتەل دەگمەن بووە، هەم بەکارهێنانیشی لـە رووی ئەمنیـەوە بـاش نـەبووە، چـونکە قۆنـاغی خۆئامـادەکردن و بانگەشـەی چەکداری بـووە، پـاش ئـەو هەرەسـەی کەسـەرجەم کۆمـەڵانی خـەڵکی کورسـتانی تاساندبوو، هەم دوژمنیش سەرمەستی سەرکەوتن بون، هـەم تواناو ئیمکانیـات و دەزگاو ئامێری وای هەبووە کە بتـوانێ شـوێن حەشارگەی پێشمەرگەکان ئاشکرا بکات و هێرشیان بکاتە سەرو بەئاسانی لەناویان ببات، هەم نەبونی بنکەوبارەگای جێگیر هەم مەفرەزەکانیش لێك دوور و بەژمارە کەم وپەرش وبڵاو، بۆیە بەلایانەوە زۆرگـرنگ نـەبووە یـا نـەیان ویسـتووە بێتـەل بـەکاربهێنرێت زیـاتر لەبـەر لایـەنی ئـەمنی، چـونکە هـیچ کاریگەریـەکی نـەدەبوو لەسـەر گـۆڕانی رەوتـی شـۆڕش و دەست پێکردنی.

٢- قۆناغی ناوچە ئازادکراوەکان:

پاش ئەوەی کە شۆڕش قۆناغی یەکەمی بەسەرکەوتویی،بڕی وردە وردە و پـێ بەپێ گەشەی سەند، وایلێهات ناوچەی ئازادکراوی هەبێ، ئەو سەردەمەش زیاتر پێویسـتی بـەبوونی گەیانـدنی خێـرا هـەبووە، واتـە (بـەکارهێنانی بێتـەل) هاتـە پێشەوە، چونکە هێزەکان لەرووی ژمارەوە زیادیان کردبوو، مەترسی لەناوچونیان لەسەرنەما، هێزەکان زیاتر بەرەو قوڵایی لەناوچە سنوریەکانەوە دەهاتن و هەندێك جار نزیك شارەکان چالاکیان ئەنجام دەداو هەم دوژمنیش توشی شەڕێکی قورسی درێژخایـەن هـاتبوو لەگـەڵ ئێرانـی دراوسـێ، سـەرەتا زۆر نـە دەپەرژایـە سـەر چـاودێریی وردی (هـ.پ.ك)، بـەڵام بەشـی کـوردی هـەر زۆر بـووە بـۆ ئـەوکات و سەردەمە.

**٣- قۆناغی شەڕی بزۆز و بەرەیی:**

لەم قۆناغەدا بێتەل گرنگی زۆری هەبووە بۆ بەکارهێنان، بەڵام کەمی ئامێرو دەزگای پەیوەندی و تواناو ئیمکانیات ئەم حەتمیەتەی بەسەردا سەپاند، چونکە هێزی پێشمەرگە روو لەزیادبوون بوو،

هەندێك لە دەزگاکان دامەزرابوون، سەرکردایەتی بنکە وبارەگای جێگیری هەبوو لەسەرسنور، هێزەکانی خوارەوەش هەندێکیان بارەگای جێگیریان دانابوو لەگوندە ئازادکراوەکان چالاکی (هـ.پ.ك) زۆرتر لەجاران زیادی کردبوو، بێتەلی هەمە جۆریش لەناو دەستکەوتەکاندا دەبینرا، بۆیە پێویستی وایدەخواست تۆڕی بێتەل بەفراوانی بەکاربهێنرێت ودواتریش هەروا کرا.

## هۆیەکانی تر لە شۆڕشی نویٚ دا

پێش ئەوەی بێتەل بەفراوانی لە شۆڕشی نوێدا بەکاربهێنریٚ، چەند هۆیەکی دیکە بۆ گەیاندن هەبووە، هەروا دەستەوەستان نەبوون، لەوانەی بۆ گەیاندن بەکارهاتوە ئەمانەی خوارەوەن:

### ١-خۆشڕەو یا تەتەر

Mail carrier یا letter carrier لەزمانی ئینگلیزیدا و بەعەرەبی (حامل الرسائل) یا (ناقل الرسائل)، کۆتری زاجل یەکەم باڵندەی نامەبەر بووە. شارستانیەتە کۆنەکانی وەك گریکەکان و فیرعەونەییەکان و چینییەکان و ئاشورییەکان و فارسەکانیش سیستەمەتێکی نامەناردنی تایبەت بەخۆیان هەبووە و کەسێك دیاری کراوە بۆ ئەو کارە کە جێگەی متمانەو بڕوا بووە لەکاتی شەڕو ئاشتیدا هەروەها بۆ پەیوەندییە بازرگانیەکانیش، چەند سیفەتێکی هەبووە لەوانە خێرایی ڕۆیشتن و زیرەکی و توانای خۆ دەربازکردن کاتی تێکەوتن.

سەرەتای بەرپا بوونی شۆڕشی نویٚ پێش ئەوەی بێتەل بەفراوانی بەکاربهێنریٚ و بەردەست بیٚ، پەنا براوەتە بەر ڕێگەی تر، ئەویش خۆشڕۆ یا تەتەر دواتر ئێزگە بۆگەیاندنی پەیام و ڕاسپاردەکانی سەرکردایەتی بۆ هێزەکانی خوارەوە واتە مەفرەزەکان.

سەرکردەو فەرماندەکان و هەرێمەکان کە تازە دروستکرابوون تەتەریان بەکارهێناوە بۆ گەیاندنی نامەو ڕاسپاردەو ڕێنماییەکان و پێکەوە گرێدانی مەفرەزەکان و ڕێکخستنەکانی شار بەشاخەوە.

وەك شەهید غەریب هەڵەدنی[٨] بۆی باسکردم: کاتی دروستکردنی هەرێمەکان خۆی یەکەم تەتەری هەرێمی چوار بوەو پاش خۆی شەهید (حامید یاخسەمەری)

---

[٨] چاوپێکەوتنم لەگەل شەهید غەریب هەلەدنی

بووه به تەتەر، کاك مەلا بەختیار دەڵێت " دڵسۆزترین و چاپوکترین ئەندام و پۆستەچی شۆڕش بووه، جاری وا هەبووه هەفتەی ۳ جار چۆته سلێمانی و هاتۆتەوه و پێشمەرگەی نوێی دەبردو هەواڵی دەهێنایەوه، نامەی دەبردو دەهێنا، پاش ئەویش خالید ئیسماعیل محەمەد لەو هەرێمه تەتەر بووه.[٩]

کاك شەهید شاخەوان عەباس وەك بۆی باسکردم: (هۆشەنگ)[١٠] یەکێك بووه له تەتەره چوست چالاکەکان له رۆیشتندا، بەداخەوه ناوه راستەقینەکەی بیرنەمابوو ئەوەشی بۆ گێڕامەوه: جارێکیان کاك نەوشیروان له مەلەکان بووه نامەیەکی هەبووه کەبۆی بگەیەنێ و نامەکەی پێداوه، رۆژێکی پێچووه بینویەتی جەنابیان لێی توڕه بووه بەو دەقه "هەتیو هێشتا نەڕۆیشتوی؟!"[١١]هۆشەنگ به پێکەنینەوه قوربان فەرموو ئەوه وەڵامی نامەکەیه، بەڕیزیان زۆر بەلایانەوه سەیر بووه.

رەمەزان محەمەد سالح (خەباتە بچکۆل) وەك کاك عەلی بچکۆل[١٢]لەیادەوەرییەکی دا لەکوردستانی نوێ ژماره ٤٢٤٠ له ١٢/٤/ ٢٠٠٧دا بڵاوی کردۆتەوه وەك فەرماندەی هەرێمی ۲ ساڵی ١٩٨٠ دەڵێت: هێزەکەمان(٥٢) کەس بووین و(١٨) لەوانه بێچەك و کۆمەڵێك ئەندازیارو خوێندەواری تێدا بوو لەوانه (شەهید شوانەی تەنسیق – علی حوسێن)و کاك مەلا شاخی...هتد، هەواڵەکانی خۆمان به تەتەردا دەنارد بۆ سەرکردایەتی و لەوێشەوه بەیان و بڵاوکراوەو ئامۆژگاریی و وەڵامی نامەکانی ئێمه دەهێنرایەوه، لەهەموان ئازاتر، خەباته بچکۆل بوو ناومان نابوو تەتەره بچکۆلەکەی هەرێمی دوو، به پێنج رۆژ دەچوو دەگەڕایەوه لامان و بەچەندین شوێنی ترسناك وکەمینداردا دەپەڕیەوه".

---

[٩] یاخی بوون لەمێژو / مەلابەختیار/ ل٢٧١ و دیدارێکی تایبەت لەگەل بەرێزیان.

[١٠] دیدارێکی تایبەتیم لەگەڵ شەهید شاخەوان عەباس.

[١١] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[١٢] کوردستانی نوێ ژماره ٤٢٤٠ / عەلی بچکۆل / یادەوەری.

شـێخ جەعفـەر[13] بـۆی باسـکردم کـە ئـەویش یـەکێك بـووە لـە تەتـەرە گـورج و گۆڵـەکان لـە ڕۆیشـتن تەنانـەت پێشـمەرگەکانی هەرێمەکە بڕوایان پێنـەکردووە کە بەشەوو ڕۆژێك گەیشتبێتە سەرکردایەتی و گەڕابێتـەوە، باسـی ئەوەشـی بـۆ کـردم جارێکیـان شەفرەشـیان پێـدا نـاردبوو بۆمـان و فێـری کردنـەوەو شفرەکردنیشـی کردین، دوا پلەش بووە فەرمانـدەی کـەرت، بەداخـەوە دواتر لەداسـتانی ڕزگاریـدا ساڵی ١٩٨٧ شەهید بووە.

کاك مەحمود سەنگاوی بۆی گێرامەوە: حاجی چاوشین لەسەرەتای شۆڕشـەوە تاکو ساڵی ١٩٧٩ کاری تەتەری کردووە بۆ ناوچەکانی قەراغ و گەرمیان.

حاجی چاوشین لەبەهاری ١٩٧٩ لەگەل شـەهید سیروان تاڵـەبانی لای زرینجـۆ دەکەونـە کـەمینی جاشـەکانەوەو شـەهید دەبێـت[14]. لەسـنوری دەشـتی کۆیـەش کۆچەر (ڕەسولّ عەبدوڵا) کاری تەتەری کردوە و ماوەیـەك عـەدەد بێتـەلی ت/٩٣ی کۆیە بووەو ئێستا فەرمانـدەیە لە هێزەکانی (ی. ن. ك).[15]

حەسەنە بچکۆل (فڕۆکەکەی عەزیزی حەمەی خەنان)، یەکێك بووە لـە نامەبـەرە گورج و گۆڵەکانی گەرمیان وەك کاك عادلی کوڕی دەڵێت: متمانـە پێکراوی بابم و هـەڤاڵ مـام جـەلال بـووە، نامـەی لـە کـەلارو بـاوەنورو دەربەندیخانـەوە گەیاندۆتـە شەهید سیروان تاڵەبانی و کاك سامان گەرمیانی و کاك ڕۆستەم بازیانی و ئـەوانی تر لەقەراغ و گەرمیان... دوو جاریش سـاڵی ١٩٧٧ چۆتە خزمـەت مـام جـەلال کـە ئەوی ڕۆژێ لە قەلاتوکان بووە، کەسێکی گورج و گۆڵ لە ڕۆیشـتن و وریـا و زیـرەك بووە، بۆیە ناویان ناوە فڕۆکەکەی عەزە لە ڕۆیشتندا کەس پێینەگەیشتووە.[16]

---

[13] دیدارێکی تایبەتم لەگەڵ فەرماندە شێخ جەعفەر و چەند پرسیارێکم لەسەر تەتەرو بێتەل.

[14] دیـداری تایبـەتم لەگـەڵ فەرمانـدە مـەحمود سـەنگاوی و چـەند پرسـیارێکم سـەبارەت تەتـەری ناوچەکان.

[15] دیداری تایبەتم لەگەڵ کۆچەر (ڕەسول عەبدوڵا) عەدەد بێتەل و تەتەر.

[16] زۆر سوپاس بۆ هاوڕێ و بێتەلچی عادل عەزیز حەمەی خەنان بۆ زانیاریەکانی.

هـاوڕێی دێـرین و زینـدانی سیاسـی شـێخ جـەمال نـاوی حـاجی مـەحمودی مەزناوێی لا باسکردم کە وەك تەتەر نامەو پەیامەکانی گەیاندۆتە سەرکردایەتی لە نۆکان... وەك باسی دەکات پیاوێکی بەهیمەت و چاونەترس بووە.[17]

لەگەڵ ئەوەی بواری گەیاندن و پەیوەندیکردن زۆر باش ببوو، بەڵام زۆرکاتیش بـۆ پارێزگـاری لـە نهێنیـەکان، ئەوکاتـەش هـەر تەتـەر رۆڵـی هـەبووە. (جـوامێر- یوسـف محەمـەد بـەرزنجی) ئەنـدامی کۆمەڵـە لـە سـاڵی ١٩٨١وە تـاکو شـەڕەکانی سەرکردایەتی کاری بۆ رەوانشـاد نەوشیروان مستەفاو شـەهید ئـازاد هـەورامی و شـەهید حسـن کوێسـتانی و کـاك فەرەیـدون (خۆشـڕەویی- تەتەری)ئـەنجام داوە لـەنێوان رێکخـراوی سـلێمانی و سـەرکردایەتی و هەنـدێك جـاریش ناچـار بـووە لەناوچە ئازادکراوەکان بەهۆی شەڕو پێکدادان لە نێوان (ه.پ.ك) و سوپای عێراق لـەبارەگای کـاك نەوشیروان بمێنێتـەوە تـا گەڕانـەوەی بـۆ شـار، و لەهـەمان کاتـدا پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی نوسەران دا هەبووە زۆرجاریش نامـەو پـەیام و نوسـینی ئەوانیشی گەیاندووە لەوانە شێرکۆ بێکەس.[18]

مەرج نەبووە هەر تەتـەر نامـەو راسپاردە بهێنێ و ببات وەك رەحمـەتی دڵشـاد حەسەن ئاغا کاتێ پرسیارم لێکرد سەبارەت تەتەر لەسنوری باڵەکایەتی ئەوەی بۆ گێڕامـەوە، کـاتێ پێشـمەرگە بـووە لـە لقی ٣ی جارانی (ی.ن.ك) وتـی: جارێکیـان خوالێخۆشـبوو عومـەر دەبابـە نامەیـەکی بەپەلـەی دەبێـت بـۆ پڵنگـان بـۆ کـاك سوارئاغا، کاك د.خدر مەعسوم ئەوکات بەرپرسی لق بووە، ئەو وتی "ناردمی بۆلای و (١٠) دینـاری ئـەوکاتی دامـێ بـۆ وڵـاغ بـەکرێگرتن و گەیانـدنی نامەکـەو هێنانەوەی وەڵامەکە، کاتژمێر ٢ شەو بەڕێکەوتم و هەمان رۆژ بۆ بەیانی گەیشتم و

[17] لـەمیانی گفتوگـۆ وقسـەکردنمان دەربـارەی تەتـەر لـە بـۆردی ئەرشـیف و مێـژوو بـۆی گێڕامـەوەو تۆمارم کرد.

[18] هەمان سەرچاوەی پێشوو کاك یوسف محمد بۆی باسکردم و تۆمارم کرد

وەڵامی نامەکەم وەرگرتەوەو بە ئۆتۆمبێل تا زینوی ئەستیرۆکان گەیاندیانم، رۆژەکەی تر لای ئێوارەکەی گەیشتمەوە سەرکردایەتی (ناوزەنگ)، کاتێ رەحمەتی عومەردەبابە دەمبینێ وادەزانێ نەڕۆیشتوم تورەدەبێت و هەندێك قسەدەکات، منیش نامەکەم دایە دەستی، سەرەتا وادەزانێ هەر نامەکەی خۆیەتی بەڵام کە خوێندویەتیەوە زانیویەتی وەڵامی نامەکەی خۆی بووە، بۆیە دێتە زەلێ بۆ بارەگای لق و ئەملاو ئەولای ماچ کردوم و وتی رەخنە لەخۆم دەگرم کەهەندێك قسەم کرد ئەوکات و(١٠)ی دیناری تریشی پێدام و زۆریش سوپاسی کردم". [١٩]

دیارە ناوچەکانی خۆشناوەتی و باڵەکایەتی و هەورامان بە هەمان شێوە تەتەریان هەبووە، بەڵام هیچ زانیاریەکم نییە دەربارەیان و فرسەتی زۆریشم بۆ نەڕەخساوە تا پرسیار لە فەرماندەو پێشمەرگە دێرینە سەرەتاییەکان بکەم،تەنها جارێکیان نەبێ لە جەولەیەکمان بۆ باڵەکایەتی بەڕێگاوە لەگەڵ رەحمەتی قادرخەبات پرسیارم لێکرد، بەراستی هیچ ناوێکی پێنەوتم تەنها وتی: "خۆم زۆرجار هەر کارێکم هەبوبێت دەتوانم بڵێم نامەکە لە سنگم دابوو هەندێك جاریش پێشمەرگەیەکی متمانە پێکراوی خۆم دەنارد، نابێت ئەوەشمان بیربچێت کە خەڵکی گوندەکانی کوردستان ئەوانەی سەر بەرێکخستنەکان بوون جێگەی متمانەی فەرماندەکان بوون، ئەوانیش زۆرجار نامە یا راسپاردەیان گەیاندۆتە سەرکردایەتی یان رێکخستنەکان یان پێشمەرگە لە شوێنە جیا جیاکان.

کەواتە دەتوانم بلێم تەتەر ئەو کەسەیە کە نامەیەك یا راسپاردەیەك بەدەستی یان بە زارەکی دەگوازێتەوە بۆ شوێنێك، یان کەسانێك کە لەیەك دووربن و هیچ هۆیەکی پەیوەندی لە نێوانیاندا نەبێت، یا هەبێت بەڵام لەبەر گرنگی و نهێنی کارەکە دەکرێتە نامەیەك و بەکەسێك دا دەنێردرێت کە جێگەی باوەڕو متمانە بێ لە نێوان هەدوولا، زۆرجار جەنابی مام جەلال هەرچەندە ئەوکات و سەردەمە ئێمە وەك عەدەد بێتەل لای بەڕێزیان کارمان کردووە هەندێك راسپاردە و رێنمایی و

---

[١٩] چاوپێکەوتنم لەگەڵ کۆچکردو دلشاد حەسەن ئاغا لە بارەگای م.س لە قەڵاچوالان ساڵی ١٩٩٨.

پلانی شتێك بەنامە دەینارد، بەشانازیەوە باسی دەکەم هەموان جێگەی متمانەو باوەڕیشی بووین.

ئەو کەسەی دەبووە تەتەر دەبوایە هەندێك تایبەتمەندی تێدا هەبێت لەوانە: شارەزایی تۆپۆگرافی ناوچەکان بێت، چاونەترس بێت بۆ بیرکردنەوە، چاوتیژی، زیرەك بۆ بیرکردنەوە بۆ خۆدەربازکردن لەسەرووی هەمووشیەوە گورج گۆڵی لە ڕۆیشتندا.

وەك لەپێشەوە ئاماژەم پێدا هۆکاری دووەمیش ئێزگە بووە بۆ گەیاندنی هەندێك پەیام و بروسکەی شیفرە گەیەنراوەتە هێزی پێشمەرگە، زۆر نوکتەو قسەی خۆش لەسەر ئەو ژمارانە کەلە ئێزگەوە بڵاو دەکرایەوە هەیە نازانم تا چەند راستە یا دروست کراون.

### ٢-ئێزگە

ڕادیۆ یەکێکە لەهۆیەکانی گەیاندن، شۆڕشەکانی دونیا بەگشتی و شۆڕشی کورد بەتایبەتی سودیان لەم هۆیەی گەیاندن وەرگرتووە، دوای ئەوەی کەهێزو ئیمکانیات و ناوچەی ئازادکراویان لەبەردەستدا بووە، لە شۆڕشی ئەیلول دا لەساڵی(١٩٦٣) وە ئێزگەیەکی پەخشی هەبووەو بەرنامەکانی خۆی لەسەر پەخشکردووە.

هەروەك دەزانین رادیۆ چەند جۆرە شەپۆلێکی هەیە پەخشی لەسەر دەکرێت وەك شەپۆلی دریژی (LW)و شەپۆلی ناوەراست (AM)و شەپۆلی کورتی وەك ١و٢و٣وSW٤و شەپۆلی FM))، زۆربەی رادیۆ نێو دەوڵەتیەکانی وەك BBCو VOAو زور ڕادیۆی تر تواناکانیان زۆر بەهێزە دەنگیان دەگاتە لای ئێمە.

لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەرابەرایەتی (ی.ن.ك) لەشاخ، سوودی لە شەپۆلی ناوەنجی نە شەپۆلی (ئیف ئێم) وەرنەگرتووە، بەڵکو سودی لەشەپۆلی کورت وەرگرتووە بە تایبەت ٤١ و٤٩و ٧٥ مەتری، گەر هەڵە نەبم زۆربەی جولانەوە

رزگاریخوازەکانی دونیا ئەو شەپۆلانە بەکاردەهێنن، ئەوەش لەبەر کەمتێچوونی ولایەنی ئەمنی و ئاسان گواستنەوەیەتی، لەو دیدەوە هەرلەسەرەتای شۆڕشەوە هەوڵی پەیداکردنی ئێزگە لەلایەن سەرکردایەتیەوە مشوری خوراوە و بەتایبەت بەڕێز مام جەلال، هەروەك دکتۆر خدر مەعسوم بۆی باسکردین: "کاتی خۆی ئەو رادیۆیە لەلایەن ئەندامێکی یەکێتیەوە بەناوی (تەڵعەت گلی) لەکوێت پەیدای کردەێت، بەڵام بەردەوام بەسەرپشتی هێسترەوە بووە و چەند جارێکیش کەوتۆتە خوارەوە"[٢٠].

نەبونی بارەگای جێگیری سەرکردایەتی و کادیری لێزان و تەکنیك کار هۆکاری بەگەرخستنی و کارپێنەکردنی بووە تاکو لە ساڵی ١٩٧٩ خراوە تەگەر، بەڕێز کاك نەوشیروان دەڵێت: "دەزگایەکی رادیۆمان هەبوو لە برادۆستەوە لەگەڵ خۆمان هێنابوومان بۆ نۆکان، لەوێشەوە بۆ قەندیل و لەقەندیلەوە بۆ ناوزەنگ باری هێسترێك بوو لەگەڵ خۆمان دەمانگێڕا بێئەوەی بتوانین بەگەڕیبخەین، چونکە پێویستی بەجێگایەکی ئەمین و دەزگایەکی بەڕێوەبردن و ئەنتێنا و ماتۆڕ، ستۆدیۆی تۆمارکردنی دەنگ، تەکنیکار

هەبوو، گردی کۆپان دەستنیشان کرا بو دانانی ئەو ئێزگەیە، لەوێ چونکە شوێنێکی دارستان بوو بارەگایەکی رێکوپێکیان بۆ دامەزراو سەرەتا کاك فەریدون عەبدولقادر لێپرسراوی بووەو کاك ئەرسەلان بایز وەك جێگر، زۆر شاعیرو نوسەر و ئەندازیار و تەکنیکار لەدەوری کۆبونەوە"[٢١]. ئەندازیارەکانی ئەوکات کاك

---

[٢٠] دکتۆر خدر مەعسوم ماوەیەك لێپرسراوی لقی ٣ی یەکێتی نیشتمانی و لێپرسراوی نەخۆشخانەی شۆڕش و ئیدارە بوو پاشان بوو بە کارگێری (م.س)، لە (١٩٨٥-١٩٨٦) لێپرسراوی ناوەندی شۆڕشگێران بوو چوّتە دەرەوەی وڵات بۆ خوێندنی دکتۆرا، وەك د.خدر بۆی باسکردم وتی: "یەکەمجار کە خستمانە ئیش بۆ سوعبەت وتم ئێرە دەنگی خۆمانە! مام جەلال لەسەر ئەوە کەمێ لێم عاجز بوو".

[٢١] پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن / نەوشیروان مستەفا ئەمین چاپی ١ ل 162

ڕێبوار، کاك ڕەنج عبدالحمید و کاك پشتیوان بوون دواتریش کاك پشکۆ و چەند ئەندازیارێکی ترو تەکنیکاری تر خزمەتی ئەو ئێزگەیەیان کردووە. ئەو ئێزگەیە ماوەیەك کاری کردووە و پاشان لەکار وەستاوە تا لەساڵی ١٩٨٠ بەناوی دەنگی شۆڕشی عێراقەوە کەوتۆتەوەگەڕ.گەر هەڵە نەبم سەرەتا کاك مەلا بەختیاریش بێژەری کردووە.[٢٢]کە بووم بەپێشمەرگە کاك ئەرسەلان لێپرسراوی بوو کاك یوسف زۆزانی کە کوردێکی ڕۆژئاوای کوردستان بوو، زۆرجار وتارە عەرەبییەکانی دەنووسی و زۆرجاریش ئەبو شەهاب کە عەرەبێك بوو لەناوشۆڕشدا. مامۆستا جەعفەریش (فازل کریم) هەرچەندە بەدیداری نەگەیشتووم بەڵام بەهۆی خزمێکی خۆم ئەوکات لە ڕاگەیاندن کاری دەکرد زۆر باسی زیرەکی و تواناو لێهاتویی ئەوی بۆکردم لەکاری راگەیاندن و وتار نوسیندا کە لەوی کاری دەکرد، چونکە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو، باسی پێشمەرگەیەکی تری بەتوانا دەکرا هەر لە راگەیاندن بەناوی هوشیار عابد، هەروەها کاك فەرید ئەسەسەرد کەیەکیك بوو لەکادیرە هەرە بەتواناکانی ئێزگەو راگەیاندنی ئەوکات، ماموستا موحسین علی ئەکبەریش لەکات و سەردەمکێکدا لەبواری راگەیاندندا کاری کردووە، بەپێی زانیاریم سەرەتا پشکۆ ناکام و ئاراس ئیبراهیم وشەهاب عوسمان و صلاح جان ورەعەد فەیلی وکاك عەدنان، دواتر فەرهاد سەنگاوی و دواتر حاکم فەرهاد پاشان کاك شێخ جەمال و کاك باست حمەغەریب وەك بێژەر وکاك ئازاد چالاك بەرپرسی بەشی عەرەبی بوو، کاك شوان کابانیش[٢٣] زۆرجار وەك عەدەد بێتەلیش کاریکردوە و وتاری بەعەرەبی دەنووسی، زۆر جاریش ئەیانخوێدەوە لەئێزگەکەوە

---

[٢٢] سودم لە نامێلکەی کارەساتی هەکاری کاك نەوشیروان مستەفا وەرگرتووە، کاتی خۆی لە بیرەوەریەکانمدا هەندێك لەو تێبینیانەم تۆمارکردووە.

[٢٣] کاك شوان کابان یەکێك لە پێشمەرگە دیرین و کادیری ئیزگەو دەنگخۆش بەسوپاسەوە هەندێ لەزانیاریەکانی بۆ ڕاست کردمەوە.

واتە وەك بێـژەریش كاریـان كـردووە. لـەكادیرەكانی بەشـی كرمـانجی سـەرەتا كـاك شڤان ودواتر كاك زێرەڤان و كاك خالید دۆسكی،زۆرجار بەیان خانی هاوسـەری ئـازاد جـلال هەنـدێ وتـار و بەرنامـەی پێشـكەش دەكـرد لـەو ئێزگەیەوە.بـەهۆی كـاركردنی ماندوونەناسـانەی پێشـمەرگەو ئەنـدازیارو تـەكنیكار و هەركـەم وكوڕییەكی هەبوبێت بروسك ئاسا هەوڵی چاككردنەوەیان داوە.

ئەوكاتـەی كـەدەنگی شۆڕشـی عیراق بـوو بـەپێی قسـەكردنم لەگـەل كـاك ئـازاد چـالاك دەڵێـت[٢٤]: بەرنامـەمان هـەبوو بۆ جەیشـی تـەحریر و شـیوعیە سـەوریەكان وتوركمـان و ئاسـوری هەریەكـە چـارەكە سەعات،چـارەكە سـەعات بـوون، هەنـدێ لەبێژەرەكان ماوە ماوە كاریان كردوە وەك فریشتەخان خوشكی كاك لەتیفی شێخ عومـەر و نـەرمین خـانی خوشـكی عـەفان وشـاخەوان و دڵـدارخانی هاوسـەری كـاك سـالار عـەزیز ئێزگـە گەیەنـەری سـەرەكی تـەوجیهاتی سـەركردایەتی و رێبـازو هەڵوێست و گەیاندنی پەیام بووە بەجەماوەری گەلەكەمان و (هێزی پێشمەرگەی كوردستان)، بۆیـەش دەڵێم گەیەنـەری پـەیام و تـەوجیهات بووە، چونكە هـەر لـەو ئێزگەیـەوە بروسـكە بە عـەرەبی بۆ مەكتـەبی شـام دەكـرا (مـن صـامد الـى صـابر) بـەكوردیی (لـە ئاسـودەوە بـۆ ئـاوارە) بروسـكە ژمارەییـەكان دەنێـردران و لـەوێ وەردەگـیراو وەڵام دەدرایـەوە و لەهـەمان كـاتیش زۆرجـار بروسـكەی ژمـارەیی بـۆ فەرماندە و هێزەكانی خوارەوەش بڵاودەكردەوە، تا بێتەلەكان ژمارەیان زۆر بوو و زۆربەی هێزەكان بوونە خاوەن بێتەل.

ئێزگەكـە بەهـەردوو زمـانی كـوردی هـەردوو زاراوە سـۆرانی و بـادینی پـەخش دەكرا، ئەوانەی لەوێ چ وەك بێژەر چ وەك نووسـەر كاریـان دەكـرد كـاك زێرەڤان و چـەند هاوڕێیـەكی دیكـە بـوون، بـەزمانی عـەرەبیش بەرنامـەكانی پـەخش دەكـرد، لەراسـتیدا لـەكاتی راپەڕینـەكانی قـەڵادزێی سـاڵی (١٩٨٢)و هەنـدێك لەشـارەكان، ئێزگە رۆڵێكی گاریگـەری هـەبوو لـە جـۆش و خرۆشـدانی جـەماوەری راپـەڕیو لـەو

---

[٢٤] كاك ئازاد چالاك یەكێك لە پێشمەرگەو كادیرانی ئیزگەونوسەرو بێژەرو بەرپرسی بەشی عەرەبی.

شارو شارۆچکانە، هەروەها لەراپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) یش بەهەمان شێوە ڕۆڵی بەر چاوی هەبووە بۆ سازدانی جەماوەر، تا سەرجەم شارو شارۆچکەکانمان لە سوپاو رژێمی داگیرکاری بەعس پاککرانەوە و کەس نەبووە گوێ لەم ئێزگەیە نەگرێ چ لەسەردەمی شاخ و چ لەسەردەمی راپەڕین.

## ٣- بەداله (بگۆڕ)

یەکێکی تر لەهۆیەکانی گەیاندن و پەیوەندی کردن لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، بەدالە بوو، ئەو بەدالانە زۆربەی سەربازی بوون، لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، وەك دەستکەوت دەگیران.سەرەتای پەیدابونی بەدالە لە شۆڕشی نوێ گەرهەڵەنەبم مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨١، یەکەم بەدالەی شۆڕش لە سکرتاریەتی جەنابی مام جەلال بوو، چۆن بێتەل لە شۆڕشی نوێ بەهەوڵ و بیری کاك بەختیار هاتۆتە ئاراوە، بەوشێوەیەش بیرۆکەی بەدالە لەلایەن کاك حاکم پێشرەوەو خراوەتەڕوو لەو بارەیەوە کاك حاکم پێشرەو دەڵێت:لە "بەدالەیەك لای کاك ملازم عومەر لە مەکتەبی عەسکەری هەبووە، کاك ملازم عومەر یەکێك لە تێکۆشەرو فەرماندە قارەمان وبوێرەکانی شۆڕشی نوێ وبەشداری لە هەکاری کردووە وسەرپەرشتی دەیان نەبەردی هێزی پێشمەرگەی کردووە، تا بڵێی پیاوێکی جوامێرو خۆش مەشرەب وحەزی لە نوکتەو قسەی خۆش هەبوو. من و رەحمەتی د.شالاو چووین وەرمانگرت، بەلام نەماندەزانی چۆن کار دەکات، دواتر شوێنی پاتریەکەمان دۆزیەوە و پاترییەکی گەورەمان بۆ کڕی هەستمان بە دەنگێگ کرد و شوێن سەماعەکەمان دۆزیەوە هەندرێکمان لیدا گوێمان لە زەنگێك بوو.[٢٥] بە هێنانی دوو بەدالەی ١٢ هێڵی جۆری ئەمەریکی کە حیزبی دیموکراتی

---

[٢٥] حاکم پێشرەو سید ئیبراهیم خەڵکی کۆیە و یەکێك بوو لەئەندامانی سکرتاریەتی جەنابی مام جەلال و یەکێك لە حاکمەکانی دادگای شۆڕش لەناوزەنگ و کادیرێکی رۆشنبیرو شاعیر ئێستا لە وڵاتی ئەلمانیا دەژی.

ئێـران بـەدياری دابـووی بـە يـەكێتی نيشـتمانی كوردسـتان، يـەكيان سـەرەتا لـە بارەگای هاوينەی سەركردايەتی لەتوژەڵە دامەزرێنراوە و ئەوی تريان لـە لقـی ٣ی جارانی (ی. ن. ك) لە زەڵێ بووە، پاشان ئەوەی لق براوەتـە مەكتـەبی عەسكەری، كاتی گەڕانەوەی بۆ ناو زەنگ لە زستانان بەدالەكەی سكرتاريەت بە سەرپەرشتی ئەندامانی سكرتاريەت هێڵەكانی راكێشراوە بۆ بارەگای كاك نەوشيروان، ناوەندی كۆمەڵە، ئيدارەو ماليە و كاك فەرەيدون و بارەگای ئيعلام ميوانخانە و، بارەگاكانی ديكەی سەركردايەتی ئەوكات. ئەو هێڵ راكێشانە بەوايەر بەهەوڵ و ماندو بوون و سەرپەرشتی خارە ئازادو پێشمەرگەكانی سكرتاريەت و بارەگاكان بووە، بێگومان چۆن بێتـەل ئـەركی تەتـەری ئاسـان كردووە بـەو شێوەيەش، ئەو بەداليـە ئـەركی گەياندنی هەندێك لە راسپاردەكانی ئاسـان كـردووە، لەهـەمان كـات دوو تەلـەفۆنی تايبەت لە نێوان ماڵی مام و سكرتاريەت هـەبووە، لەهـەمان كـاتيش بێتـەلی هـۆكی تۆكی بەكارهێنراوە هاوينان كە لای فەرمانده قادری مەمەند ئاغا[٢٦] بووە لەسـەری مامەنـدە هاوينـان كـە پارێزگـاريی لـە شـاخەكەو توژەڵـەش دەكـرد و هـەواڵ و دەنگوباسەكانی لە بێتەلێكی تری هۆكی تۆكی لە سەرشاخی كۆسرەت وەرگرتوە، بەپێی وتەی مامۆستا عادل كە يـەكێك بـووە لـە ئەندامانی سكرتاريەت، "هەنـدێك جـار كارپێكـەری هێلگۆركێكـەش بـووە لەگـەڵ هـەڤاڵانی وەك نـەهرۆ بـاقی و حـاكم فـەرهاد و د.پيشـەوا تاڵـەبانی و.....هتـد، پـاش ئـەوەی د.كمـال خۆشـناو وەك بەرپرسی كۆميتەی سەركردايەتی لە وەرتێ جێگير بوو، كاك د.خدر وەك كارگێڕ، چوينە شوێنەكەی لە ناوزەنگ، ناخۆشترين ئەرك ئەوە بوو، كە هێڵەكان دەپچڕان و دەبوايە لەژێر ئەو بەفرە زۆرەوە بهێنرێتە دەرێ و جۆين بكرێتەوە.[٢٧]

هەر بارەگايەك تەلەفۆنێكی ماگنێتی لـەلا بوو، زۆربـەی تەلەفۆنـەكان سـەربازی بوون، پێيـدەوترا Battil felid واتـە تەلـەفۆنی مەيـدانی، لـەناوزەنگ بەدالـەكەی

[٢٦] قادر مەمەند ئاغا يەكێك لە فەرمانده دێرينەكانی (ی.ن. ك) لەم ساڵانە كۆچی دوايی كردوە.

[٢٧] مامۆستا عادل يەكێك لەعەدەد بێتەلە دێرينەكان و ئەندامی سكرتاريەتی جەنابی مام و ئيدارەی سكرتاريەت بوو لەناوزەك.

سکرتاریەت هێڵی بۆ زۆربەی بارەگاکان راکێشابوو، بۆ هەر کارێك بمانویستایە تەلەفون بکەین سەرەتا زەنگمان بۆ بەدالەکە لێدەدا ئەویش کاتێ هێڵەکەی بەیکتر دەبەستەوە ئەوسا قسە دەکرا.

ساڵی ١٩٨٢ کە بووم بە پێشمەرگە لە لقی(٣)ی یەکێتی نیشتمانی، لەمەکتەب عەسکەریش بەدالەیەکی لێبو، ئەو بەدالەیە بە بەدالەکەی سکرتاریەتەوە بە هێڵێکی وایەر پێکەوە بەسترابوون، ئەوەی مەکتەب عەسکەری هێڵی بۆ بارەگاکانی دەوروبەری راکێشا بوو.

لە یاخسەمەری دۆڵی جافەتیش بەدالەیەکی نزیکەی ١٥تا ٢٠ خەتی هەبوو، زۆربەی بارەگاکان هێڵیان بۆ راکێشرابوو، هەریەکە ناوو و ژمارەی لەسەربوو، واتە بەدالەکە بەشی ناردن و وەرگرتنی هەبوو.

یەکێك لە عەدەد هێلگۆڕکێیەکانی شۆڕشی نوێ کاك هاوار حەسەن لە یاخسەمەر ساڵی ١٩٨٧ دواتر لە مەکتەبی شام ساڵی ١٩٨٩-١٩٩٠ عەدەد بێتەل.

لەخراپییەکانی ئەم جۆرە گەیاندنە ئەوەیە، ئەو کەسەی لەسەر بەدالەکەیە دەتوانێت گوێ لە قسەکان بگرێ، ئەوەش بۆ ئەوەیە هێڵەکە مەشغول نەبێت، زوو دادەخرێتەوە، لەوانەی سەرەتا کاریان لەسەر بەدالەکەی یاخسەمەر دەکرد، هاوڕێ سەرگوڵ و کاك قوباد حاجی رفیق، کاك هاوار حەسەن و دواتریش کاك بەختیار ژینۆ و کاك ئالان شەوقی و هەروەها کاك پەرۆش موحەرەم کە دواتر لەلای ئێمە بووە عەدەد بێتەل، بێگومان کەسانی نهێنی پارێز و متمانەپێکراو بوون.

ئەوەی ناخۆش بوو لەسەردەمی ناوەزەنگ و زەڵێ دەبوایە خۆمان بچین بەدوای هێڵەکەدا بگەڕێین لەکاتی پچرانی لەژێر ئەو هەموو بەفرە زۆرە دەردەهێنرایەوەو جۆین دەکرا، بەڵام دواتر کە کارمەندانی بەداله کاتێك هەستیان بە وەڵام نەدانەوە کردوە لەلایەن شوێنەکەوە. بۆخۆیان کاری بەدواداچوونی هێڵەکانیان دەکرد.[٢٨]

---

[٢٨] وەك یادەوەریەك ئازاد محمد قادر ناسراو بەخارە ئازاد بەو بەفرو ساردو سەرمایە زۆرجار دیومە خەریکی چاککردنی هێڵەکانی تەلەفون بووە بەهاوکاری پێشمەرگەکانی سکرتاریەت و دواتر یەکێك لە عەدەد بێتەلەکانی جەنابی مام جەلال و ساڵانێکی زۆر پێکەوە هاوکار بووین.. (عوسمان عومەر).

# بەشی دووەم

## بێتەل و شۆڕشی نوێ

سەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەهۆی سەختی بارودۆخەکان و کەمی ئیمکانیات نەتوانراوە بێتەل دابین بکرێت و بەکاربهێنرێت و رەنگبێ نەپەرژابێتنە سەر ئەوەی بیر لە دامەزراندنی تۆڕی بێتەل بکرێتەوە، هەرچەندە قسەو باسی وا کراوە پاش دامەزراندن و بەگەڕکەوتنی هەندێك لەدەزگاکان ئەویش بکەوێتەگەڕ، لەگەڵ ئەوەش دا زۆرێك لەسەرکردەکان بە پەرۆشبوون بۆ گەشەکردن و برەوپێدانی شۆڕش لە هەموو بوارەکاندا لەڕووی کۆمەڵایەتی، بەڕێوەبردنی، سیاسی، دارایی، پێشمەرگایەتی و رێکخراوەیی، بۆیە بەڕای من وەك عەدەد بێتەلێك چەند زووتر هەنگاو بنرێ هێشتا کەمبووە، بەلام وەك لەپێشەوە ئاماژەم پێداوە ئەو هۆکارانەی سەرەوە لەگەڵ ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانەی هاتونەتە پێش سەرکردایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەروو هەمویانەوە هەردوو بەڕێزان مام جەلال و کاك نەوشیروان لەهەوڵ و کۆششی بەردەوام بوون بۆ دابین کردنی بێتەل وەك ئامرازێکی پێویست.

کاك بەختیار مستەفاش رۆڵی کارێگەری هەبووە لە قسە کردن لەگەڵ ئەو دوو بەڕێزە و فەرماندەکانیش بۆ ئەوەی ئەگەر بێتەل گیرا فریێ نەدرێ و نەفەوتێنرێ هەوڵ بدرێ بگاتە سەرکرایەتی.

ساڵی ١٩٧٨ کاك مەلا بەختیار بەسەرپەرشتی خۆی بۆ تەمێکردنی تاقمەکەی سلێمان بیرێژی لەخڕی ناوزەنگەوە بەڕێکەوتون و بێتەلیان پێبووە لەجۆری هۆکی تۆکی، چونکە باسی نهێنی بێتەل دەکات، گۆڕینی شێوەی پەیوەندی کردن باس دەکات دەڵێت " لەوکاتەی قسەی لەگەڵ شەهید دلێرجاف کردووە، گوێم لەئاخێك بووە[٢٩]"، بەگوێرەی ئەمە بێت بە بێتەل پەیوەندییان بەیەکترەوە هەبووە. ئەو

[٢٩] کاك مەلا بەختیار کتیبی یاخی بون لە میژوو.

بێتەلانەی هەبوون مەودا کورت بوون بۆ زۆر حاڵەت نەتوانراوە بەکاربهێنرێ، چونکە ئەم جۆرە بێتەلانە کە بەربەستێك یا شاخێك کەوتە نێوانەوە دەنگی بەیەکتر ناگات واتە بێتەل هەبووە، بەڵام زۆر بەکەمی.

ئەم بارودۆخە تاکو ساڵی ١٩٧٩ بەردەوام بوە، دەروازەیەکی تازەو ئاسۆیەکی نوێ هاتەپێش، ئەویش شۆڕشی گەلانی ئێران بوو کە دەرفەتێك بوو بۆ هەڤاڵانمان رەخسا بۆ چوونە شارەکانی کوردستانی ئێران و پەیداکردنی کەلوپەل و پێداویستی (ه.پ.ك) لەهەمان کاتیش چالاکی پێشمەرگەکان و فەرماندەکان، وەڵامی ئەو بێ ئیمکانیاتیەیان لەڕووی بێتەلەوە دەدایەوە.[٣٠]

لێرەدا نمونەیەك باس دەکەم فەرماندەی کەرتێك هەبووە بەناوی (حمد ئەمین ئەحمەد) ناسراو (بەمینە) لەشەڕێکی قورسدا لەگەڵ سوپای داگیرکەری بەعس لە (کۆمتان) توانیویانە چەند دەزگایەکی بێتەلی جۆری (VHF) واتە کورت مەودا بگرن و لەگەڵ خۆیان بردویانە بۆ سەرکردایەتی و لەوێش لە لایەن هەردوو بەڕێزان مام جەلال و کاك نەوشیروان پێشوازیان لێکردوون و فیشەکی شەڕەکەیان داونەتەوە و پەنچا دیناری ئەوکاتیان وەك خەڵات داونەتێ، وەك ئەو وەسفەی بۆیان کردوم ڕاکاڵی وەسەت و (BCC)بوون. هەر لەو ساڵەشدا بەهۆی هەندێ دۆست و لایەنە کوردیەکانی ئێرانەوە بەچەند دەزگایەکی هۆکی تۆکی و PRC هاوکاری کراوین و خۆشمان هەندێك لەو جۆرە بێتەلانەمان کڕیوە و دەستکەوتووە.[٣١]

ساڵی ١٩٨٠ کە شەڕی عێراق - ئێران هەڵگیرساوە، ناوچە ئازادکراوەکان بەهۆی کشانەوەی سوپای عێراق لەهەندێك شوێن و ناوچە فراوانتر بوو، هێزی پێشمەرگە چالاکییان زیادی کردبوو، لەڕووی ژمارەشەوە هەر روو لەزیاد بوون

[٣٠] دیداری تایبەتیم لەگەڵ کاك مستەفا چاورەش.

[٣١] ئەو زانیاریانەم لەکوڕی حەمەدەمین احمد ناسراو بەمینە کاك مستەفا ژمێریار بوو لە سکرتاریەت.

بـوو، لـەو چـالاکیانەی ئەوکاتـە ئـەنجام دەدران لـەناو دەسـکەوتەکاندا بێتـەلیش هەبوو.

لـە ١٩٨٠/١٢/٦ لـە شـەڕێکدا لەقەڵاسنج بێتـەلێکی ڕاکاڵجۆری( HF)[٣٢] واتـە دوور مەودا گیراوە لەسوپای عێراق، لەبەرئەوەی یەکەکانی سوپای عێراق بەزۆری بێتەلی جۆری ڕاکاڵیان بەکاردەهێنا، پێدەچێت ئەو بێتەلەش ڕاکاڵ بووبێ، هەر لەوسـاڵەش وەك لەپێشـەوە ئامـاژەم پێـداوە چـەندین کەلوپـەلی پێشـمەرگانە و پێویستی پێشمەرگایەتی لەناویاندا بێتەلی کورت مەودا پەیدا کراوە یان کڕدراوە، بەسوود وەرگرتن لەچوون بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ چاکردنەوەی ئەوانـــەی خـــراپ ببـــوون یـــا خراپکرابوون و تاقیکردنـــەوەی باشـــەکانیان. بەماندووبوونی کاك بەختیار و کاك حەمە سەعید و ئەندازیارانی ئێزگەی ئەوکات، توانرا تۆڕێکی کورتمەودا پێکبهێنرێ کە بۆ ئەوکات و سەردەمە زۆر گرنگ بووە، بەڵام بێگومان بێ کەموکوڕی نەبووە، چونکە هەر کە زستان دەهات سەرشاخەکان بەفر دەیگرتن، پێشمەرگە نەیدەتوانی سەرکەوێتە سەرشاخەکان بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی کردن، بەڵام بۆ هاوین ئاسانتر بووە.

کـاك حەمـە سـەعید دەڵێـت: "زۆرجـار لـەو بێتەلانـەوە دەنگمـان بەیـەکتری نەدەگەیشتە یەك، چونکە شاخێك دەکەوتە نێوانمانەوە بەهۆی بێ تـەلێکی ترەوە هـەواڵ و دەنـگ و باسـەکانمان وەردەگرتـەوە".[٣٣] مـن وەك عـەدەد بێتـەلێك کـە شارەزاییم لەو بوارەدا پەیدا کردووە، لەرووی زانستیەوە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئـەوەی کـە ئـەم جـۆرە بێتەلانـە کورتمـەودان (VHF) واتـە ( Very high frequency)یە شەپۆلی زۆر بەرز راستە و راست دەڕوات بۆیە دەنگیان بەیەکتر نەگەیشتووە.

---

[٣٢] بەکر مستەفا ناسراو بەمامۆستا بەکر دیداری تایبەتم لەگەڵی.

[٣٣] چاوم بە کاك حەمە سەعید کەوتەوە ئەوەی بۆ باسکردم.

کاك نەوشیروان دەڵێت " تۆڕی بێتەل زۆر دواکەوتووبوو، پەیوەندی نێوان دەزگا سەرکردایەتیەکان و هێزو ڕێکخراوەکان بەنامەو تەتەر بوو، لەهەندێك شوێن هۆکی تۆکی بەکارهێنراوە، بەڵام بەمە نەدەتوانرا هەموو ناوچەکان بەیەکەوە ببەستین، بەختیاری برام چەند جارێك پێشنیاری بۆ کردم کە هەوڵی تۆڕی پەیوەندی بدەین و ئامادەیی خۆی دەردەبڕی بۆ ئەنجامدانی ئەوکارە زۆرم پێ باش بووە بەڵام پێموانەبووە بکریٚ"[٣٤].

مامۆستا بەکر دەڵێت"هێزەکانی دەشتی هەولێر لەسەری دێدەوان، سەری ئاوەگرد، سەری هەوریٚ و سەری شاخی کۆسرەتەوە بەبێتەلێك پەیوەندیمان دەکرد کە لەسەر شاخی مامەندە بوو[٣٥] لێرەوە دەتوانم بڵێم هەموو ئەرك و ماندوو بوونی دروست کردنی ئەو تۆڕە لەسەرئەستۆی کاك بەختیار بووە بەهاوکاری ئەندازیارانی ئێزگە کە هەندێك جار ئەرکی چاککردنەوەی ئەو بێتەلە خراپانەیان ئەگرتە ئەستۆ". پاش ماندوبون و ئەرکێکی زۆر لەهاوینی ساڵی ١٩٨٠ توانراوە تۆڕێکی بێتەلی سیٚ لایەنە بە بێتەلی (PRC) لەنێوان شاخی مامەندە ـ ناوزەنگ ـ مەرگە دروست بکریٚ بەم شێوەیە:

١-بێتەلێك لەسەرشاخی مامەندە بووە و پێشمەرگەیەك کاری لەسەردەکرد بەناوی محەمەد ڕەسوڵ ناسراو بەحەمەی بێتەل کە لە سەربازیی عەدەد بێتەل بووە، لەگەڵ یەکێك بەناوی سیروان.

٢-بێتەلێك لای شەهید عەبدولڕەحیم بووە لەبەری مەرگە.

٣-بێتەلێك لای کاك بەختیار بووە لەناوزەنگ بارەگای کاك نەوشیروان.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٨١ تاکۆتایی ساڵەکە ژمارەی بێتەلەکان زیادیان کردووە.

کاك شۆڕش سەید مەجید دەڵێت: "لە ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٨٢ی قەڵادزیٚ و هەندێك شارو شارۆچکەکان بەبێتەلی (PRC) خۆم هاوارو هوتاف کێشانی خەڵکە

---

[٣٤] نەوشیروان مستەفا پەنجەکان یەکتری دەشکێنن.

[٣٥] مامۆستا بەکر مستەفا هەمان دیداری پێشووم لەگەڵ بەڕێزیان.

راپەڕیوەكەم گواستۆتەوە بۆ كاك بەختیار لەناوزەنگ، ئەویش تۆماری دەكرد و دەینارد بۆ ئێزگە بۆ بڵاو كردنەوە"[٣٦].

كاك بەختیار یەك دووجار چووە بۆ دەوروبەری بلەكێ بۆ ئەوەی بێتەلێك لەوێ دابنرێ و تاقیكردنەوەی كردووە، بەڵام سودی نەبووە، لەهەمان كاتدا تیپی(١١) ی هەورامان كەكاك شەوكەت فەرماندەی بووە پەیوەندییان بەبێتەلێكەوە هەبووە لەسەر شاخی كوڕە كاژاو ئەویش پەیوەندی هەبووە بەمەڵبەندی (١) كە لە حاجی مامەندە بووە.

ئەو بێتەلانە هەمووی لەو سەربازانە گیرابوون كە لەشەڕی عێراق ئێران هەڵدەهاتن و ناوچەی هەورامانیش دوورە دەست بووە، ئەم پەیوەندییە هەندێك لەكارەكانی بۆ ئاسان كردوون، هەر لەو ماوەیەش بێتەلێكی جۆری (PRC) دراوەتە تیپی جوتیاران، ئەوانیش پەیوەندییان كردووە بەشاخی مامەندەوە واتە ئەم تۆڕە كورت مەودایە تاكۆتایی ساڵی ١٩٨١ بەم شێوەیە بووە:-

١-بێتەلێك لەسەر شاخی مامەمەندە.

٢-بێتەلێك لای كاك بەختیار لە بارەگای كاك نەوشیروان - ناوزەنگ

٣-بێتەلێك لەوەرتێ بارەگای كۆمیتەی سەركردایەتی هەولێر.

٤-بێتەلێك لای شەهید عەبدولڕەحیم لەبەری مەرگە.

٥-بێتەلێك لای تیپی جوتیاران لە باوزێ.

پێم وایە دواتریش بێتەلێك لە قەڵاتوكان دانراوە، چونكە سەرەرێی هاتوچۆی هێزی پێشمەرگە بووەچ بۆ سەركردایەتی چ بۆ چوونە خوارەوە.

هەر لەساڵەكانی ١٩٨٠و١٩٨١ ئەم تۆڕە بێتەلە كورت مەودایە هەندێك لەكارەكانی ئاسان كردووە و جۆرەگەیاندنێك هاتۆتە ئاراوە، بەڵام ئەمە ئارەزوی تری بەدواوە بوو،لەوساڵەدا چ بەبروسكە بووبێ چ بەنامە ئاگاداری هێزەكانی

---

[٣٦] كاك شۆڕش سید مجید یەكێك لەعەدەد بیتەلە دێرینەكان و یەكێك لەكادیرە چالاكەكان

**خوارەوە کراوە کە هەرچی بێتەلی لایە بەچاك و خراپەوە بینێرن بۆ سەرکردایەتی، لەکاتی هاتنیان بۆ کۆنفراسی کۆمەڵە مام ڕۆستەم بێتەلێکی لەگەڵ خۆی هێناوە، شەهید سەید کەریم بێتەلێکی هێناوە، کاك مستەفا چاورەش وکاك سامان گەرمیانی سەرو بێتەلێکیان هێناوە.[37]**

**بەپێی قسەکانی محەمەد ڕەسوڵ ناسراو بەحەمەی بێتەل داوای لەکاك سامان گەرمیانی کردووە کە لەگەڵی بچێتە خوارەوە بێتەلێکیان وەرگرتوەو ئەو بێتەلەیان لەشاخی زەردە دامەزراندووە، دەڵێت: چونکە دەرچووی پەیمانگای تەکنۆلۆژی بووم و هەم لە سەربازیش خولی ڕاهێنانی دیوە و شارەزایی لە بێتەل هەبووەو عەریفی موخابر بووە.**

**دیسان ئەرك و ماندوبونی چاككردن و تاقی کردنەوەی ئەو بێتەلانە لەئەستۆی کاك بەختیارو کاك حەمە سەعیدو ئەندازیارانی ئێزگە بووە، ئەوەی کە خراپ بووە چاككراوەتەوە، سەرەتا توانراوە تەنها بێتەل ئامادەبکرێت و وەك تۆڕێکی دوور مەودا بخرێتە گەڕ.[38]**

**لەکۆتاییساڵی ١٩٨١ و سەرەتاکانی ١٩٨٢ بڕیار درابوو کە هەموو هێزی پێشمەرگە بکرێتە مەڵبەندو هەر مەڵبەندەش چەند تیپێکی هەبێت و سەرەتا مەڵبەندی(١) تەشکیل کرابوو، کاك مەلا بەختیار کرابوو بە لێپرسراوی و لەحاجی مامەند جێگیر کرابوو، بێتەلێکیان لەجۆری بێل هیندی لەگەڵ خۆیان بردبوو، دواتر گۆڕدراوە بە ڕاکاڵ، هەروەها مەڵبەندی (٢)ش تەشکیل کرابوو کاك عەلی بچکۆل کرابوو**

---

[37] **هەندێك پرسیارم کاتی خۆی لەکاك بەختیارم کردبوو دەربارەی تۆڕی کورت مەودا تۆمارم کردبوون.**

[38] **گفتوگۆ وپرسیارم لەکاك بەختیار مستەفا وەك لێپرسراوی بەشەکەمان کە زۆرجار دەچوومە بەرگەڵو بۆ لای بۆ کاروباری بەشەکەمان.**

بەلێپرسراوی و لە سورقاوشان جێگیر کرابوو، ئەوانیش بێتەلێکی بێل هندیان لەگەڵ خۆیان بردبوو، بڕیاریش درابوو هەولێر لەبەرئەوەی ناوچەکانیان زۆر فراوان بوو کۆمیتەیەکی سەرکردایەتی بۆ دابنرێت، کە بووم بە پێشمەرگە لەساڵی ١٩٨٢ پاشماوەیەك ئەوانیش لەمانگی ١٩٨٢/٢ بەڕێخران و لەوەرتیٚ جێگیربوون و بە بێتەل (PRC)ی کورت مەودا پەیوەندییان بەسەرکردایەتیەوە دەکرد.[٣٩]

پاش ماوەیەك تۆڕی دوورمەودا (HF) هاتە مەیدانەکەوە سەرەتا ئەم بێتەلانە بوون:

١-بێتەلێك لای کاك بەختیار بەناوی (بروسك) کاك ئاراس کاری لەسەرکردووە.

٢-بێتەلێك لای مەڵبەندی (١) بەناوی (زۆزگ) کە بەختیار عومەر و کاوەی عەبەی بلکیان لەحاجی مامەند دامەزرێنراوە، بەڵام بەداخەوە کاك کاوە لەسەردەمی ڕەحمەتی بەکری حاجی سەفەر بە هۆیەکی نادیار شەهید دەبێت و هۆشیار کار بە بێتەلەکە دەکات، دواتر کە ڕەحمەتی جەبار فەرمان کرایە بەرپرس کاك حەمە ڕەحیم لەویٚ بوو بە عەدەد بێتەل، دواتریش لەگەڵ ڕەتڵی گەرمیان مایەوە دوای ئەنفالی ناوچەکەیان، کاك خالید حسێنیش یەکێك لە بێتەلچیە بەتوانا و زیرەکەکانمان تا کشانەوەو جێگیر بونیان لەبلەکیٚ سەرسنور.

٣-بێتەلێك لای مەڵبەندی (٢) بەناوی (رزگار) کە سامان قەرە هەنجیری کە ناوە ڕاستیەکەی (یاسین) بوو کاری لەسەر دەکرد لەسەربازی فێری کاری عەدەد بێتەلی ببوو، هەروەها دەیتوانی بە مۆرس کاربکات و شارەزایی هەبوو.زۆرجار کە رێککەوتووە بەیەکەوە دانیشتوین پرسیارم لە کاك بەختیار کردووە دەربارەی سەرەتاکانی بەشی بێتەل بەسوپاسەوە وەڵامی داومەتەوە ئەوانەی بۆ باسکردوم.

هێزی پێشمەرگەی (ی.ن. ك)لەنێوان سەنگاو چەمچەماڵ لەهێزیکی (قیادة قوات الذئب) دەدەن و دوو بێتەلی ڕاکاڵ و دوو موجەفیرە دەگیرێت کە هی قائید

[٣٩] چاوپێکەوتنم لەگەڵ کاك شۆڕش سەید مەجید.

فیرقەکـە بـووە.[٤٠] وەك کـاك سـامان گـەرمیانی دەڵێـت: "دوای ماوەیـەکی زۆر چاوەڕوانی لـەمانگی٧ی ١٩٨٢ ئـەیوبی بـرای شـەهید سـیروان تاڵـەبانی لەگـەڵ مەفرەزەیـەك لەسـەرکردایەتیەوە ئـەو بێتەلـەیان هێنـاوە و لەشـاخی زەردە دامەزرێنراوە و لەلایەن کاك ئەیوب وەك کاك ئومید خالید بۆی باسکردم راهێنراوە و سـەرەتا ئـەو کـاری لەسـەر ئـەو بێتەلـە کـردوە و ماوەیـەکی زۆر بەتـەنها بـووە و رۆژانە یەك پەیوەندی کراوە ئەویش کاتژمێر ١٠،٣٠ی هەموو بەیانیەك

دەکەوێتە گەڕ بەناوی (شالاو).[٤١] دواتر کە پەیوەندییەکان زیاد دەکات، کاك بەرزان محەمەد قادر رادەهێنرێ و دەبنە دوو عەدەد بێتەل، کاتێکیش کاك ئومید و کاك بەرزان ماوەیەکی زۆر دەبێ کەس و کاریان نەدیوە مۆڵەت وەردەگرن بۆ دیتنی کەس و کاریان لەناوچەکانی خۆیان، محەمەد رەسوڵ محەمەد (حەمەی بێتەل) کە دەرچووی پەیمانگای تەکنۆلۆژی و عەریف موخابر بووە لەسوپای عێراق ماوەیەك عەدەد بێتـەل دەبێ لـەو شـوێنە، کـاك ئومیـد ئـەوەشـی بۆباسـکردم "ئەوەنـدەم ئـەو بێتەلـە خۆشدەویسـت لەگـەڵ خـۆم دەمخـەواند تەنانـەت بـۆنی کۆلەپشـت و بـۆنی کەرەستەکانی ناویم گرتبوو".

کـاك بورهـان عبـدالرحمن (بورهانـە ریشـە) [٤٢] دەڵێـت: "هـەر لەوماوەیـەدا بەسەرپەرشـتی کـاك جـەمالی حەمـەی خواکـەرەم ت/٣١ی بەرزنجـە لـەناڵپارێز لـەهێزێکی سـەربازی دەدەن و ئـەوانیش بێتـەلێکی جـۆری ڕاکـاڵ دەگـرن، بـەڵام تێکدرابوو، (کاك حمە سەعید) دەڵێت: بەرێکەوت خۆم لـەو نـاوە ئیجازە بووم بۆم چاك کردەوەو قسەم لەگەڵ کاك نەوشیروان پێ کردووەو پرسیاری لێکردم ئەوە لەکوێوە قسە دەکەی؟ منیش وەڵامم دایەوەو باسی ئەوشەڕەم بۆ کرد، جەنابی

---

[٤٠] هەمان سەرچاوەی پێشوو قسەکردنم لەگەڵ کاك بەختیار مستەفا

[٤١] کاك سامان گەرمیانی یەکێك لەفەرماندە تێکۆشەرەکانی ی ن ك و دواتر ئەندامی سەرکردایەتی.

[٤٢] بورهان عەبدوالرحمان یەکێك لەعەدەد بێتەلە دێرینەکان و لەساڵی ٢٠٢١ کۆچی دوایی کردووە.

فەرموی بابدرێتەوە بەخۆیان لەوکاتەوە (بورهان عەبدولڕەحمان ناسراو بە بورهانە ڕیشە) کاری لەسەرکردووەو بەناوی (ئالان) دەهاتە خەتەوە (پاشان ئەو تیپە دەکریێ بەدووبەشەوە ت/٣١ی سلێمانی وت/٣٧ی شارباژێر)". [٤٣]

فاروق ئیبراهیم ناسراو بەهەڵمەت بۆی باسکردم بێتەلێکی جۆری بێل هێندییان لابووە لە ت/٥٧خۆی کاری لەسەرکردووە و پاشان کاک وەفا و دواتر کاک تەهاحەمە غریب برای کاك ئازادی سەگرمە کاریان لەسەرکردوە.

لە هەڵمەتێکی ت/٥٧ی سەگرمە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ بۆ سەر گومرگی سلێمانی توانیبوویان بێتەلێکی ڕاکاڵی موحەسەن بگرن کە جۆرێکی ڕاکاڵی بچوکتر بوو، بەڵام بەهەمان مواسفاتی ڕاکاڵی ٩٣١، گەر هەڵە نەبم نێردراوە بۆ م/٤ ئەو بێتەلە بە ١٢ ڤۆڵت کاری دەکرد، بەڵام بەهۆی هەڵەی عەدەد بێتەلەکەوە بە٢٤ ڤۆڵت کاری پێکردوە بۆیە بەشی ناردنی دەسوتێ واتە تەنها دەیتوانی وەرگر بێت، واتە تائەوکاتە ئەم تۆڕە بەم شێویە بووە: [٤٤]

١-بێتەلێك لای کاك بەختیار لە سەرکردایەتی

٢-بێتەلێك لەمەڵبەندی یەك بەناوی زۆزگ

٣-بێتەلێك لە مەڵبەندی دوو بەناوی رزگار

٤-بێتەلێك لەلای ت/٥١ بەناوی شالاو

٦-بێتەلێك لای ت/٣٧ بەناوی ئالان

٧-بێتەلیك لای ت/٥٧ بەناوی هەڵمەت

بڕیار درابوو کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێریش بکرێتە دوو مەڵبەندی (٣ و٤) لەبەر فراوانی ناوچەکانیان، خاڵە سەید مەجید وەك لێپرسراوی مەڵبەندی ٣ هەر

---

[٤٣] چاوپیکەوتنم لەگەڵ کاك حەمە سەعیدشێخ کەریم یەکێك لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆرشی نوێ.

[٤٤] مزەفەر معروف قادر یەکێك لەبێتەلچیە بێتەلە دێرینەکان و ئیستا ئەفسەری ئاسایشە.

لە وەرتێ دەمێنێتەوە و ملازم فوئاد وەك لێپرسراوی عەسکەری و مامۆستا نازم عومەر وەك لێپرسراوی دارایی، بەلام مەڵبەندەکەی تر دکتۆر کەمال خۆشناو لێپرسراوی دەبێت و لەبالیسان جێگیر دەبن و سەرەتا شەهید سەید کەریم لێپرسراوی عەسکەری دەبێت و پاشان دەگۆڕدرێت بە کاك شەوکەت حاجی مشیر. لەشەڕی (ی.ن.ك) لەگەڵ هێزی (لەشکری ئیسلامی)[٤٥] ساڵی ١٩٨٢ بێتەلێك کە لای حاجی ئەحمەدی بۆڵی بوو ئەویش خەت مائیلی یەکێتی بوو لەناو هێزی (لاك) لەوەرتێ بارەگای مەڵبەند، کاك شۆڕش سید مەجید بۆی باسکردم لەزێوەی وەرتێ دەست بەسەر ئەو بێتەلەدا گیرا... رەحمەتی حاجی ئەحمەدی بۆڵی هەر دەیوت و دەیوتەوە لەبری ئەوەی بڵێ جیهاز دەیوت جائیزا![٤٦]

وەك یادەوەریەك کە (م٤)تەشکیل کرا بێتەلەکەیان ناونرا هێرش، خاڵە سەیید مەجیدیش بۆ خۆشی لەبەر ئەوەی رەحمەتی د.کەمال خۆشناو هێندە پیاوێکی لەسەرخۆ و هێمن بوو پێیوتبوو دکتۆر ناگونجێ تۆ بەو هێمنیەتەوە ناوت هێرش بێ و مام جەلال لیش بەو توڕەییەوە ناوی ئارام بێ!.[٤٧]

ت/٢١ی کەرکوك لە ساڵی ١٩٨٣ لەدوو چالاکیدا لە یەکەمیان لە مەرکەزی پۆلیسی ئەڵلایی دەدەن و بێتەلێکی بێل هیندی دەگرن و داوا دەکەن کەپەیوەندییان هەبێ بەسەرکردایەتییەوە، ئەوانیش رازی دەبن، بەلام بێلە هیندیەکە زۆر قورس بووە و ئەوانیش بەردەوام لەجەولە بون بۆیە کاك بەختیار

[٤٥] حاجی ئەحمەدی بۆڵی ئەندام وپێشمەگەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەلام بە خەت مائیلی لەناو لەشکری ئیسلامی بوو.

[٤٦] چاوپێکەوتنم لەگەل شۆرش سەیید مەجید.

[٤٧] رەحمەتی د.کەمال خۆشناو ئەندامی (م.س) و سەرکردایەتی ماوەیەك لێپرسراوی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر لەوەرتی و دواتر لیپرسراوی م٤ سەرەتای دامەزراندنی مەڵبەندەکە.خاڵە سەیید یەکێك لەلەسەرکردەو تێکۆشەرانی شۆرشی نوێی گەلەکەمان.

رازی دەبێت لەگەڵ ئەوەی مەڵبەندی دوو بگۆڕدرێتەوە بەناوی (هەردی) دێتە خەت عەدەد بێتەلەکەی بەناوی (پیران– رحمان شوکر حەمە سالح)[48] بووە لەگەڵ شەهید شەوکەت عەبدولا لە رەزگە و مارەدوو پارچە هاوەنێك دەدات لە بێتەلەکەو لەکاری دەخات دەڵێت "خۆشم بریندار‌بووم پاش گەڕانەوەمان بۆ سنورەکانی خۆمان، لەچالاکیەکیشدا لە مانگی ١٠/ی ١٩٨٣ت/٢١ ی کەرکوك لە ناوچەی شیوەسوور لەقافلەیەکی سەربازیمان دا بێتەلێکی جۆری ڕاکاڵمان گرت و رەوانەی سەرکردایەتیمان کرد، چونکە بێتەلێکی کینۆدی تازەمان وەرگرتبوو. هەرلەو ساڵەدا بەهۆی دۆستایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان هەوڵ درابوو لە ئەوروپا چەند بێتەلێك بکڕدرێت، چونکە ئەوان لە ڕێگەی عێراقەوە دەیانتوانی سەفەری دەرەوەی وڵات بکەن، کە گەڕاونەتەوە ئاگاداری مام جەلال کراوە کە هێناویانە، بەوەش توانراوە ٦ دەزگا بێتەلی جۆری کینۆد( Kenwood)[49] دەستەبەر بکرێ کە دروستکراوی ژاپۆن بوو، بەڵام بازرگانی بوو فول باند نەبوون، واتە شەپۆلەکانی نێوانیان هەبوو وا دروستکراوە لەکۆمپانیاکەوە بۆ نمونە لە فریکوەنسی ٣٥٠٠ تاکو ٤٠١٠ بواری کارکردن هەبوو، بەڵام شەپۆلەکانی تر لە ٤٠٢٠ تاکو ٧٠٠٠ی تێدا نەبوو تاکو ٧٥٠٠ لەوێوە دەتوانرا کاری لەسەربکرێ تاکو شەپۆلی ١٠٠٠٠، لەوێش دەکوژایەوە.

---

[48] رەحمان شوکری ناسراو بەپیران یەکێك لەعەدەد بێتەلە دێرینەکانی ت/٢١.

[49] بێتەلی کینود Kenwood کینۆد جۆرە بێتەلێکی ژاپۆنییە بازرگانیانە دروست کراوە شەپۆلەکانی پچڕپچڕە هەمووی بەسەریەکەوە نییە بۆنمونە لە ٣٥٠٠ مێگاهێرتزەوە دەست پێدەکات تاکو ٤٠١٠ مێگاهێرتز دواتر لە(٧٠٠٠) مێگاهیرتزەوە تاکو(٧٥٠٠) مێگاهیرتز هتد.... واتە فول باند نەبوو، هەرچی ڕاکاڵە هەموو جۆرە شەپۆلێکی تیدایە، بۆیە زیاتر بۆ لایەنی سەربازیی بەکاردەهێنرا، هەرچی کینۆدە بۆ پەیوەندی ئارەزوومەندەکان بەکاردەهێنرێت و هەروەها زۆر کۆمپانیاکان بەکاریاندەهێنا، هەروەها پۆلیسی هاتووچۆ، بۆ زۆر مەبەستی تریش، بەڵام ئێمە ناچاربوین بەکاریبهێنین زۆریش دڵمان پێی خۆش بوو.

یەکێ لەو دەزگایانە دەدرێتە بەڕێز مام جەلال و بەناوی (ئارام) دەکەوێتەگەڕ، سەرەتا مامۆستا عادل کاری لەسەر دەکرد، پاشان (ئازاد محەمەد قادر)ناسراو بە(خارە)و دواتر مەحمود خۆشناو.

بێتەلێك لای کاك بەختیار و بێتەلە ڕاکاڵەکەی لای خۆیان دەنێردرێ بۆ مەڵبەندی(١)و ئەوەی مەڵبەندی یەك دەدرێ بە ت/ ١١ سورێن، عەدەد بێتەلەکەی بەناوی (سەلام فەتاح) و بێتەلێکی ڕاکاڵ دەدرێت بە ت/٥٧ ی سەگرمە و لەجیاتی ڕاکاڵە موحەسەنەکە ئەویش بەناوی (هەڵمەت) دەکەوێتەگەڕ، عەدەد بێتەلەکەشی ناوی (هەڵمەت) بوو، پاش ئەویش تەهای برای کاك ئازاد حمە غریب و کاك وەفا وەك عەدەد بێتەل کاریان لەسەردەکرد.

واتە تاکۆتایی ساڵی ١٩٨٣ ئەم بێتەلانە لەتۆڕی بێتەلی (ی.ن.ك) کاریان کردووە:

١-ئارام - بێتەلی(کینۆد) هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتی.

٢-نەبەز - بێتەلی (کینۆد) هەڤاڵ کاك نەوشیروان مستەفا.

٣-شوان - بێتەلی (کینۆد) کانی توو کاك ملازم عومەر، سەرەتا سەید نوری بوو و دواتر وەستا برایم.

٤-شەپۆل - بێتەلی (کینۆد) کاك ئەرسەلان بایز ئێزگە، سەرەتا کاك ڕێبواری ئەندازیار و قوباد مەلا ڕەسولْ کاریان لەسەردەکرد.

٥ -زۆزگ - مەڵبەندی(١) حاجی مامەند، بەختیار عومەر و کاوە کاریان لەسەر کردووە، گەر بەهەڵەدا نەچووبم ماوەیەکیش کاك ئاراسی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان لەوێ کاری بێتەلی کردووە، ماوەیەکیش شەهید هۆشیار و دواتر کاك حەمە ڕەحیم و کاك خالید حوسێن کاریان لەسەرکردوە و تا ئەنفال و کشانەوە و پاشان کاك حەمە ڕەحیم وەك پارتیزان و عەدەد بێتەل لەگەڵ ڕەتڵی گەرمیان ماوەتەوە و وەکو باسی دەکات چەندین بێتەلی تەلەفۆن کن و پی ئارسی حەشارداوە لەکاتی کشانەوە و دواتر دراوە بە ڕەتڵەکان بۆ پەیوەندی لەگەڵ یەکتر.

٦-رزگـار- مەڵبەنـدی(٢) سورقاوشـان سـامان کـاری لەسـەر کـردووە پاشـان عەبـدولڕەحمان ناوێـك، پاشـان کـاك بـەرزان محەمـەد سـەعید ماوەیـەك کـاری لەسەرکردووە، پاشان کاروان تۆفیق و بورهـان عەبدولڕەحمان و شێخ جەمالیش ماوەیەك تابونی بەبێژەر لە دەنگی گەلی کوردستان کاری لەسەر کردووە.

٧-هەورامان - مەڵبەندی(٣) وەرتێ، سەرەتا کاك شۆڕش سـەید مەجید کاری لەسـەرکردووە، پاشـان هاشـم عومـەر (هاشـم جیهـان)، مزەفـەر مـەعروف کـە م٤ تەشکیل کراوە ئەوان چوونەتە م٤، پاشان کاك کەمال مەمی خەلی کاری لەسەر کردووە.

لەسـەردەمی لێپرسـراوییەتی کاکـە حەمـەی فـەرەج، سـالار رەشـید و عوسمـان حەسـەن برای مامۆستا عـەزیز کاریـان لەسـەرکردووە و لەسـەردەمی حاکم عومـەر عەزیز تەنها عوسمان حەسەن بووە کە لەدوای تێکچوونی دانوستان لەگەڵ رژێم و هەندێك شەڕ و شۆڕ لەناوچەکە بێتـەلی ت/١٤ دەگەڕێننـەوە بۆ مەڵبەنـد و خۆیـان دەچـنەوە لای رژێـم و دوای تەشـکیلاتی (م٣)ی نـوێ ئـەنجام دەدرێـت، شـەهید حەسەن کوێستانی دەکرێتـە بەرپرسـی (م٣)، سـەرەتا نـەهرۆ جەلال شێرە و علی مام قادر کار لەسەر ئەو بێتەلە

دەکەن تا گواستنەوەی عەلی مام قادر بۆ رێکخراوی ٢، دواتر ئیسماعیلی برای شەهید حەسەن کوێستانی تا سەردەمی ئەنفالـەکان و کشانەوەیان، جار جاریش سەید خدر کاری لەسەر دەکرد.

٨-هێرش - مەڵبەندی ٤ دۆلی بالیسان بـەپێی وتـەکانی کاك مزفـەر مـەعروف سـەرەتا کــە گوازراوەتــەوە بــۆ بالیســان تــەنها (PRC77)یــان بــەکارهێناوە لەسەرشاخەوە لەگەڵ م[٣] ئەوانیش (PRC77)یان لەسـەر شاخ هەبووەو لەهـەمان کاتیش م[٣] بێتەلی دوورمەودای ڕاکاڵی هەبووە، هـەر بە پێی وتـەکانی کاك مزفـەر لەئـەنجامی چالاکیەك لەسـنوری تیپـەکانی ناوچـەی سلێمانی بێتـەلێکی ڕاکـاڵی موحەسـەن دەگیرێـت لەڕێگـەی رێکخسـتنەوە دەگاتـە دەسـتیان، بـەڵام بـەهۆی

هەڵەیەكی هونەرییەوە ئەو بێتەلە بەشی ناردنی دەسوتێ تەنها بەشی وەرگرتن كاردەكات.

كاك شۆڕش سید مەجید وەك بۆی گێرامەوە: (جارێكیان كاك نەوشیروان قسەی لەگەڵ سەیید كەریم كردووە من قسەكانم بۆ تەحویل كردون)[50] ، هەر بەپێی وتەكانی كاك مزفەر مەعروف" "هاشم عومەر دەگوازرێتەوە بۆ ت/٨٧ و رزگار وازدەهێنێ، بێتەلێكی ڕاكاڵی تر وەردەگرنەوە سەرەتا خۆی و نەهرۆ و جەلال شێرە كاری لەسەر دەكەن. دوای ئەوەی ت٩١ی سەفین بێتەل وەردەگرن، سەرەتا نەهرۆ جەلال شێرە دەگوازرێتەوە ئەوێ، دوای تەشكیلاتی نوێ و كۆنفرانسی كۆمەڵە ساڵی(١٩٨٤) كاك كۆسرەت دەكرێتە لێپرسراوی مەڵبەند (خەبات- سەلاح شەریف و شەهید عەبدوڵا عەبدلواحید) پێشنیار دەكرێن بۆ عەدەد بێتەلی منیش گوازرامەوە بۆ ت/٨٧ دواتر گوازرامەوە بۆ م٣ لەسەردەمی لێپرسراوەتی شەهید حەسەن كوێستانی لەگەڵ نەهرۆ جەلال شێرە وەك عەدەد بێتەل كارم كردووە تا گواستنەوەم بۆ دەزگای رۆشنبیری كۆمەڵە".

٩-ت/ ٥١ی گەرمیان شالاو

١٠- ت/٣٧ی شابازێر ئالان

١١- ت/ ٢١ی كەركوك هەردی

١٢- ت/٥٧ی سەگرمە، هەڵمەت سەرەتا عەدەد بێتەلەكەشیان ناوی (هەڵمەت- فاروق ئیبراهیم) بوو پاشان كاك وەفا و كاك تەها لەوێ عەدەد بێتەل بوون.

١٣- ت/١١ی هەورامان، سورێن عەدەد بێتەلەكەی ناوی سەلام فەتاح بوو.

* لە٢٥ /٣ی١٩٨٣خولێكی فێربوونی مۆرس لەلایەن سامان قەرەهەنجیری بەسەرپەرشتی كاك بەختیار دەكرێتەوە و ئەم عەدەد بێتەلانە بەشداریان كردووە: (ئاراس ئیبراهیم - سەید نوری -هەڵمەت (فاروق ئیبراهیم، كۆچەر (رسول

---

[50] چاوپێكەوتنم لەگەڵ شۆرش سەیید مەجید.

عەبـدولا، پـیران (رحمـان شـوكری)، مـەردان) سـەید نـوری رەحمـەتی وەك بـۆی باسـكردم: "پلەیـەكی باشـم بەدەسـتهێنا بۆیـە پێشـنیاركرام بـۆ عـەدەد بێتـەلی مەكتەبی عەسكەری، بەڵام لەبەر ئاڵۆزی و شـەڕ لەناوچەكە نەگەیشتمەوە ت/٩٣ ناچار لە م/٢ بووم بەعەدەد بێتەل تاكو ت/٩٣ كۆیە بێتەلی وەرگرت".

كـاك ئاراس ئیبراهیم كـە یـەكێك بـوو لـە ژەنیارەكـانی تیپـی شـەهید كـارزان و یەکێک بوو لە عەدەد بێتەلە شارەزاكان، دەنێردرێتـە لای مامۆستا جـەمال تـاهیر، دواتر دەچێتە لای كـاك جـەبارو دواكاتیش لـە قاسمـەڕەش لەگـەڵ كـاك سـەركەوتە ڕەش پێكەوە كاری بێتەلی دەكات و دواتر ماوەیەك لە بێتەلی شاممان لەگەڵ كـاك ئاكۆ حسن بەكر كاریان كردووە و زۆر عەدەد بێتەلی ترمان لـەوێ كاریـان كـردووە كەنیازی هەندەرانیان هەبووە. پاشان كاك ئاراس روو لە ئەورووپا دەكات.

* لـەمانگی ١٠ی ١٩٨٣ بەسەرپەرشـتی كـاك بـەختیار ئەنـدازیارێكی عـەرەب بەناوی ماجد وكاك فەلاح وسلێمان عەباس لەسەرگەڵوو خولێكی چاككردنەوەی بێتـەل دەكەنـەوە، چـەند عـەدەد بێتـەلێك بەشـداری تێـدا دەكـەن لەوانـە بـەختیار عومـەرو ئـازاد محەمـەد قادر كە پاشان دەبێتـە عـەدەد بێتـەلی هـەڤاڵ مـام جـەلال، دەتوانم بڵێم تا كۆتایی ساڵی ١٩٨٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٤ و گفتوگۆ ئەو تۆڕی بێتەلە لەكاردا بووە.

لـەكۆتایی سـاڵی ١٩٨٣و سـەرەتای سـاڵی١٩٨٤دا پێشـنیار كـرام بـۆ عـەدەد بێتەلی لەبارەگای مەكتەبی سیاسی لەسورداش، مامۆستا عـادل تـاهیر كـە عـەدەد بێتەلی سكرتاریەت بوو لەسەر بەكارهێنانی بێتەل بۆ ماوەی (٣-٤)كاتژمێر راهێنانی پێكردم و شفرەیەكی بچوكی دەفتـەری دامـێ و نـاوی بێتەلـەكانی دامـێ كاتـەكانی پەیوەنـدی كردنـی دامـێ و ئـیتر مـن مامۆسـتا عـادلم نەدیەوە.

سـەرەتای بـوونم بەعـەدەد بێتـەل، كـاك پیرانـی ت/٢١ هـەردی پێیـوتم "(نیـو) سـەركەوە" منـیش مامۆسـتا عـادل ئـەوەی فێـر نـەكردبوم كـە چـۆنە بەڕاسـتی

نەمدەزانی یەك دوو جار هاتەوە شوێنە سەرەکیەکە بەدوامدا وتی: "کاکە بروسکەی نهێنم هەیە بۆت نیو سەرکەوە"، منیش وتم: "بڕۆ"، بیری ئەوەم دەکردەوە کە چۆن بچم بۆ لای، تا دۆزیمەوە زۆری پێچوو، بانگم کرد: "هەردی بەردەوام بە"، وتی: "(هەڵۆ) بە ڕاست ئەوە بەپشتی کیسەڵ هاتی!"، منیش وتم: "ئەرێ وەڵا کوڕە نەمدەزانی چیبکەم تا دۆزیمەوە!".

هەر تازە ببووم بەعەدەد بێتەل لەکاتی گفتوگۆدا بوو، کاك ئازادی هاوکارم لەگەڵ کاك نەوشیروان لەجەولەیەك بوون بۆ بەری قەرەداغ، بێتەلێکیان بۆ تیپی ٥٥ بردبوو، منیش نەمزانی بوو کە لایە گەرمەکەی ئەنتیناکەم پچراوە، دەنگم زۆر خراپ بوو لەلای و بروسکەی کاك نەوشیروانی هەبوو بۆ مام جەلال دەنگەکە ئەوەندە کزبووە لایان کاك نەوشیروان وتوویەتی "تو خوا ئەمە (هەڵۆیە یان مێشولە)!". زۆربەی عەدەد بێتەلەکان بەسەرهاتی لەم جۆرانەیان هەیە کە لە دوا بەشی بابەتەکە دەخرێنەڕوو.

ماوەیەك بوو عەدەد بێتەل بووم گفتۆگۆی نێوان یەکێتی و ڕژێمی بەعس دەستی پێکرد بوو ڕۆژێکیان کاك بەختیار هات و لۆرییەکی عەسکەری لای ئەو شوێنەی من کارم لێدەکرد وەستاو چەند کارتۆنیکیان داگرت منیش پرسیارم لێکرد وتم: "ئەوە چییە؟"، وتی: "ئەوە بێتەلی تازەن لە حوکمەت مان وەرگرتووە بە ئەمر و ئاگاداری و نامەی من نەبێت هیچ بێتەلێك نادرێت بەکەس، چونکە بەنیازم بێتەلی مەڵبەندەکان بگۆڕم بەم تازانە و هی ئەوان بدەم بەشوێنی تر"، ژمارەی ئەو بێتەلانە ١٥ یان ٢٠ دانە ڕاکاڵی دروستکراوی بەریتانی تایبەت بە سەربازی دروست کرابوو، فول باند بوو واتە (هەموو شەپۆلێکی تیدابوو)، بەڕەئی من ئەوکاتەی ئەو دەزگا بێتەلانەیان پێدابووین، پێیان وابوو زوو خراپیان دەکەین و هەرکاتێك لەڕێگەی تەنسیقەوە ناردمان بۆ چاککردن ئیتر ناماندەنەوە، بەڵام بەڕاستی بەلێهاتویی و کارامەیی و زیرەکی عەدەد بێتەلەکانمان، هیچ کامێکیان خراپ نەبوون، بەڵکو وەك چاوی خۆمان دەمانپاراست، دواتر کاك بەختیار بەپێی نەخشەیەك زۆربەی بێتەلەکانی گۆڕی.

تاکوتایی ساڵی١٩٨٤ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ ئەم بێتەلانە لەتۆڕی بێتەل کە بۆ گەیاندن و پەیوەندی کردن سودی لێوەرگیراوە:

١- ئارام، بێتەلی سکرتێری گشتی هەندێك جار لە کاتی دەرچوونەکانی مام جەلالدا دەبوو بە ئارام ٢- هەڵۆ، مەکتەبی سیاسی، کە بارەگامان چووە سیروان ئەو بێتەلە نەماو بەندە لەگەڵ خارە ئازاد کاری بێتەلی مام جەلالمان لە ئەستۆ بوو.

٣- نەبەز، کاك نەوشیروان - ئاوەژێ، کاك بەختیار و کاك نەورۆز و کاك خەبات کاریان لەسەر دەکرد، کە بووە (٠٣) تەنها کاك بەختیار لەوێوە سەرپەرشتی گشتی دەکرد و ماوەیەکی زۆر کەم کاك حەسەن ودواتر کاك خالید رەزا کاری بێتەلی کردووە تا کۆتایی شەڕەکانی سەرکردایەتی پاشان بێتەلەکانی مام جەلال وکاك نەوشیروان و مەکتەب عەسکەری هەموان بوینە بێتەلی ناوەندی.

٤- شوان، مەکتەب عەسکەری، کاك ملازم عومەر بەرپرسی بوو ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و دواتر یەکێتی نیشتمانی کوردستان وپاشان ئەندامی مەکتەبی سیاسی. ماوەیەك کینۆد و پاشان ڕاکاڵ بوو، سەرەتا سەید نوری و پاشان وەستا برایم و بەختیار ئەحمەد و پاشان شەهید حیکمەت و ماوەیەك کاوەی سید مەجید و دواتر وەك بێتەلی فەرماندەیی رەحمەتی دارا و بەشدار نافیز، هەرچەندە سەرەتا بڕیار بوو کاك بەشدار وەك عەدەد بێتەلی (م.س) لای د.فوئاد کار بکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی بێتەلی کاك نەوشیروان زۆر لێیان نزیك بووە و هەروەها بێتەلی ئێزگەش لەنزیك بووە و مەڵبەندی دووش هێندە لێیان دوور نەبووە، بۆیە ئەگەر بروسکەی گرنگ هەبوایە بە کاك د.فوئاد دەگەیەنرا.

٥- شەپۆل، (کینۆد) - ئێزگە. تەنها قوباد مەلا رەسول و جارجارە بەختیار ئەحمەد و کاك شوان کابان هاوکاریان کردووە کاریان تەنها وەرگرتنی چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگەو هەواڵەکان و هەندێ جاریش بروسکەی تایبەت.

٦- زۆزگ، م١ ڕاکاڵ. هەر لەسەردەمی بەرپرسیاریەتی کاك مەلا بەختیار و دواتر کۆچکردوو بەکری حاجی سەفەر و کاك جەبار فەرمان و کۆچکردوو قادری حاجی عەلی تیپەکانی ئەو سەربەو مەڵبەندە دەیان داستانی قارەمانییەتیان تۆمارکردووە، لەوانە گرتنی سەربازگەی دارە ڕەش و ناحیەی قەرەداغ.

٧- رزگار، م٢ ڕاکاڵ - سامان پاش وازهێنانی بەرزان ئینجا کاروان توفیق کاری لەسەرکردووە. هەر لەسەردەمی بەرپرسیاریەتی کاك عەلی بچکۆل و کاك شەوکەت و کۆچکردوو شێخ دارا ئەو مەڵبەندە تیپە قارەمانەکانی ٢١و٢٥ و٤٧ و٢٣و٤٧ و٥٧و٣١و٣٧ دەیان شەڕو نەبەردیان تۆمارکردووە.

٨- هەورامان، م٣ ڕاکاڵ - کاك سالار حەمە رەشید کاری لەسەرکردووە. ئەو مەڵبەندەش تیپە قارەمانەکانی١٢و ١٩و٧٤ و٧٨و ٨٣و٩٩ تیپەکانی تریش دەیان نەبەردی وشەڕی بەرەنگارییان دژی سوپای داگیرکەری بەعس ئەنجام داوە. جگە لەکارە هاوبەشەکانی هەردوو مەڵبەند پێکەوە.

٩-هێرش، م/٤ ڕاکاڵ - ژمارەیەکی زۆر لە عەدەد بێتەل لەو مەڵبەندە کاریان کردووە. لەسەردەمی بەرپرسیارییەتی کاك کۆسرەت تیپەکانی سەربە و مەڵبەندە دەیان نەبەردی قارەمانییەتییان ئەنجام داوە بەسەرپەرشتی و فەرماندەیی کاك کۆسرەت لەوانە داستانی ئازادکردنی سەری ڕەش.

١٠- شالاو، ت/٥١ی گەرمیان، ڕاکاڵ - لەمانگی ٧ی ١٩٨٢ وەرگیراوە بەپێی وتەکانی فەرماندە عەدنان حەمەی مینە، بەرزانی برای یەکەم عەدەد بێتەل بووە و دواتر ئومێد خالید و پێشمەرگەیەك بەناوی حمەی بێتەل کاریان لەسەر کردوە، کاك حمە رەحیمیش ماوەیەك لەوێ بووە تا چوونی بۆ مەڵبەند ساڵی ١٩٨٤، دوای تەشکیلی ت/٥٣ی شێروانە بەرزان محەمەد قادر و عدنان محەمەد فەرەج گوازرانەوە بۆ ت/٥٣ی شێروانە، دواتر مامۆستا پێشرەو و شەهید سەید نوری تا ئەنفال و کشانەوەیان مامۆستا پێشرەو بێتلەکەی لەگەڵ خۆی هێناوە تا سەردەمی بەتالیۆن و دواتر راپەڕین لەوێ کاری کردووە.

١١- هەڵمەت، ت/٥٧ی سەگرمە، ڕاکاڵ - سەرەتا بێتەلێکی جۆری بێل هیندی، سەرەتا هەڵمەت (فاروق ئیبراهیم) کاری لەسەرکردوە، دواتر لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ گۆڕدراوە بە بێتەلێکی ڕاکاڵ، دواتر کاك وەفا و پاشان تەها حمەغریب برای کاك ئازاد تا ئەنفال و کشانەوە کاری لەسەرکردووە. وەك کاك ئازاد حمە غەریب بۆی باسکردم لەو ساڵەدا پەلاماری مەخفەری سەنگاویان داوە و بێتەلێکی جۆری بێڵ هیندیان دەستکەوتووە.

١٢- ئالان، ت/٣٧ی شارباژێر ڕاکاڵ سەرەتا بورهانە ریشە (کاك بورهان عەبدولڕەحمان)و پاشان کاك باست حەمە غەریب و ماوەیەکیش کاك شێخ جەمال تا گواستنەوەی بۆ م٢ پاشان بوونی بە بێژەری دەنگی گەلی کوردستان کاری لەسەرکردووە.

١٣- هەردی، ت/ ٢١ ی کەرکوك بێتەلی کینوۆد سەرەتا پیران (کاك رەحمان شوکر و شەوکەت عبدولاّ) دوای ئەوانیش کاك هێمن و عومەر کاکەرەش کاریان لەسەر ئەو بێتەلە کردوە تا شەڕەکانی ئەنفال و کشانەوە.

١٤- سورێن ت/١١ی هەورامان - بەفەرماندەیی کاك شەوکەت حاجی مشیر بوو، بێتەلێکی جۆری بێل هیندی یان لابوو سەلام فەتاح عەدەد بێتەلی بوو کە کاك شەوکەت کرایە بەرپرسی سەربازی لە م١ بەهۆی زۆربوونی ژمارەی پێشمەرگەکانی تیپی ١١ی هەورامان کرا بە دوو تیپ ١١ی هەورمان بە فەرماندەیی شەهید قادر کۆکۆیی و بێتەلێکی جۆری (تەلیفۆنکن)ی دوورمەودایان پێدرا، مامۆستا مەحمود کەریم و فەتاح مەحمود نادر برای شەهید کاك قادر کۆکۆیی لەوێ کاری عەدەد بێتەلییان ئەنجام دەدا.

١٥-گۆران، ت/٥٥ی قەرەداغ، ڕاکاڵ - لەکاتی گفتوگۆ کاك نەوشیروان بەجەولەیەك دەچێتە ئەو ناوچەیە و بەهاوکاری خارە ئازاد بێتەلەکەیان بۆ دادەمەزرێنێت و بەناوی گۆران دێتەخەت، سەرەتا کاك جەبار ناوێك بوو بەلاّم بەپێی وتەکانی کاك ئاوات قارەمانی بەگومانی بابەتێك لادراوە. بەپێی

زانیارییەکانی کاك حامید حاجی غالی-یش، لەشەڕی دارە رەش شەهید بووە، دواتر هەردوو شەهیدان ئارامە بچکۆل و جەلال سەرسپی کاری لەسەر دەکەن، بەپێی وتەکانی کاك خالید حوسێن کە یەکێکە لەعەدەد بێتەلە دێرینەکانی مەڵبەندی یەك و هەروەها بەپێی وتەکانی کاك حمە رەحیم عەدەد بێتەلی دێرینی م١ و پارتیزان: ماوەیەك کاك ئەحمەد حاجی غالی عەدەد بێتەل بووە دواتر هیوای کوڕی کاك ئاوات قارەمانی لە ١٩٨٦ تا کشانەوە، ئەوانە عەدەد بێتەل بوون. کاك ئاوات ئەوەشی بۆ باسکردم ماوەی ٣بۆ٤ مانگ مەلا وریا ناوێك بۆتە عەدەد بێتەلی ت/٥٥ی قەرەداغ.

١٦- کۆسرەت، ت/٩٣ی کۆیە - ساڵی ١٩٨٤ لەکاتی دانوستان و لەسەردەمی فەرماندەیی کاك دانای ئەحمەد مەجید لە ت/٩٣ بێتەلێکی جۆری کینوودی ژاپۆنی وەردەگرن و سەرەتا بەهۆی ئەوەی کە سەیید نوری خولی راهێنانی لە بەرگەڵو بینیبوو و ماوەیەك لە مەکتەب عەسکەری بووەو دواتر گەڕاوەتەوە ت/٩٣. لە ساڵی ١٩٨٤ تاکو ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٥ هاوکاری دلێر زاهیر نادر ناسراو بە بەرزان ئاغا بووە، بەلاّم بەهۆی کێشەیەکەوە بەرزان وازیهێناوە، لەسەردەمی فەرماندەیی کاك رەهبەر سەید برایم و وشیار رەوف و ئەمجەد فەتاح کراون بەعەدەد بێتەل، لەسەردەمی فەرماندەیی مامۆستا بەکر مستەفا-یش کاك کۆچەر و ئامانج محەمەد قادر (ئێستا لەدەرەوەی وڵاتە) عەدەد بێتەل بوون، بەلاّم بەهۆی نەگونجانی لەگەڵ فەرماندەی تیپ ئامانج ماوەیەکی کەم عەدەد بێتەل بووە و دوورخراوەتەوە و لەسەر پێشنیاری کاك کۆچەر کاك مشیر زاهیر کراوەتە عەدەد بێتەل لە ت/٩٣، دوای ئازادکردنی سەری رەش-یش لەزستانی ١٩٨٧ ئامێری بێتەلەکەیان گۆڕدرا بە جۆری ڕاکاڵ، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨ لەکاتی شەڕەکانی م٣ و م٤ پێش کشانەوەیان لەرێگای شەهید حەسەن کوێستانی و رێگای شەهید عەلی نەبی و (حدکا) وە، کاك کۆچەر و کاك مشێر دەگەنە لای کاك نەوشیروان لەگوێزێ و دواتر کاك کۆچەر بۆتە رابەر سیاسی ت/٥٦ی گەلاڵە

لـەگۆڕە شـێر و کـاك مشـیر ماوەیـەك لـە م٣ و تـا کۆبوونـەوەی عـەدەد بێتەلـەکان لەمانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨ بەشدار بوون.

١٧- سۆران، ت/١٢ی سۆران - لەسەردەمی گفتوگۆ لەبەر گرنگی ناوچەکەیان بێتەلێکی جۆری ڕاکاڵیان پێدرا، سەرەتا وریا مەحمود شێخ حارس و علی بێجانی بوونە عەدەد بێتەل و ڕاهێنانیان پێکرا، دوای ماوەیەك علی بێجانی وازیهێناوە، دوای ئەوە شەهید رابەر فەتاح شێخۆ بۆتە عەدەد بێتەل، دوای وازهێنانی ئەوانە پێشمەرگەیەك بەناوی مەجیدە سور بووە بە عەدەد بێتەل. لەساڵەکانی ١٩٨٦ و ١٩٨٧حەسەن حوسێن ناسراو بە هەورۆ بۆتە عەدەد بێتەل تا ئەنفال و شەڕەکانی م٣ و کشانەوە و دواتر لەشەڕەکانی ناوخۆ شەهید بووە. علی عەبدولا محمود عەبدولا ناسراو بەعەلی بێجانی ١٩٨٣ بۆتە عەدەد بێتەل ماوەی ساڵێك دواتر کاری پێشمەرگانەی تری وەرگرتووە.

١٨- کۆڕەش، ت/٦١ی کۆڕەش - عوسمان حەمەدئەمین رەحمان فرخە ناسراو بە (فەقێ وەتمان) لەساڵی ١٩٨٣ بۆتە عەدەد بێتەل لە تیپی ٦١ کۆڕەش تاکو ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ خدر ئیبراهیم ئەبوبەکر ئەحمەد ساڵی ١٩٨٥ بۆتە عەدەد بێتەل لە هەمان تیپ. ماوەیەك ئەو بێتەلە دەنگی نەبوو دواتر کەوتۆتەوە گەڕ بەناوی تیپی ٧٩ی (سادر) بەسەرپەشتی کاك محەمەد وەتمان و چەند فەرماندەیەکی تر تا دواجار بڕیاردرا لەبەر نەگونجاوی شوێنەکەیان بێتەلەکەیان لێ بسەندرێتەوە.

١٩- پیرمام، ت/٨٥ی بەرانەتی لەسەردەمی شەهید شاخەوان عەباس-دا کە فەرماندەی تیپ بوو کوڕێك بەناوی زریان عەدەد بێتەل بووە، کە مام سەردانی بارەگای تیپی کردووە لە بەحرەکە پێیوتوە "دەنگت لە ژنان دەچێ" بۆیە یەکسەر تەسلیم بۆتەوە و دواتر چالاك- وەسفی عەزیز تا گواستنەوە بۆ ت/٩١ و پاشان مەلا برایم عەدەد بێتەلی بووە، ماوەیەکیش شەهید تەحسین کاوانی فەرماندەی تیپی بەرانەتی بووە

٢٠- سەرکەوت، ت/٨٦ی دەشتی هەولێر - ئەوانیش لەسەردەمی دانوستان بێتەلێکی جۆری کینۆدیان پێدرا سەرەتا هاشم عومەر ناسراو بەهاشم جیهاز کە لەشەڕەکانی ناوخۆ بێسەر و شوێنکراوە لەگەڵ ئایزن قادر عەدەد بێتەل بوون.

٢١- سەفین، ت/٩١ی سەفین - لەکاتی گفتوگۆ بێتەلێکی جۆری ڕاکاڵیان پێدرا، سەرەتا نەهرۆ جەلال شێرە وەك عەدەد بێتەلێکی بە ئەزمون لەوێ دانرا تا گواستنەوەی بۆ م٣ دوای ئەوە پێشمەرگەیەك بەناوی موسڵیح لەگەڵ هاوار سەعید عەلی ناسراو بەسەنگەر لەسەردەمی فەرماندەیی سەفینی مەلاقەرە بۆ ماوەیەکی زۆر کەم دانراوە، دواتر ماوەیەکی کەم شەهید فاروق جەبار و دواتر ئەندازیارێك بە ناوی وەسفی عەزیز ناسراو بەچالاك کاری لەسەر ئەو بێتەلە کردوە.

٢٢- کاروخ، ت/٧٨ی کاروخ - لەکاتی گفتوگۆ بێتەلێکی جۆری ڕاکاڵیان پێدراو عمر ئەحمەد تەها ناسراو بەعمر ئاغا و ماوەیەك کاك کەمال شێخە هاوکاری بووە تا گواستنەوەی بۆ ت/٧٤ ی باڵەك تا شەڕەکانی م٣ و م٤ و کشانەوە هەر بەتەنها بووە، کاتی دروستکردنی بەتالیۆنەکانیش ئەرکی عەدەد بێتەلی پێ سێردراوە.

٢٣- پیرەمەگرون، ت/٤٧ی پیرەمەگرون - بەپێی ئەو بەرنامەیەی کاك بەختیار مستەفا دایندبوو هەندێك تیپ ڕاکاڵیان پێدرا و ئەوانەی بێتەلەکانیان پێشتر کاری کردبوو بێتەلەکانی ئەوانیان پێدرا، بۆیە سەرەتا بێتەلێکی جۆری بێل هیندیان پێدرا و کاك سەربەست ئەحمەد فەتاح و دواتر کاك سەرکەوت محەمەد لەوێ عەدەد بوون تا گواستنەوەیان بۆ بارەگای سکرتاریەتی سکرتێری گشتی، دواتر تاریق حسێن عەلی و هەڤاڵ نوری جێگەیان گرتنەوە.

٢٤- بلفەت، ت/٦٨ی مامەندە - کاتێ بارەگاکانی سەرکردایەتی گوێزرایەوە بۆ ناوچەی سێروانی - بەری مەرگە، قادر مەمەند ئاغای ڕەحمەتی لە سندۆلان بوو لەبەر گرنگی ناوچەکەیان بێتەلێکی جۆری ڕاکاڵیان وەرگرت، سەرەتا جەنگی

کوڕی دانا، بەڵام زۆر بەدیار بێتەلەکەوە نەدەبوو، بۆیە ئەندازیار نەوزاد حوسێن دەستنیشان کرا و دواتر کاك ئامانج و تا کشانەوە لەناوچەکە هەردووکیان کەوتنە بێتەلی ناوەندی.

٢٥- ماکۆك، ت/١٤ی ئاکۆ بێتەلێکیان درایە کە کاك سوارئاغا فەرماندەی بوو، لەسەرکەپکان دانرا باقی ناوێك کاری لەسەر دەکرد لەسەردەمی دانوستانی نێوان رژێمی بەعس دوای تێکچوونی گفتوگۆکان سوارئاغا پەیوەندی بە رژێمەوە کرد، بەڵام نە شفرە نە بێتەلەکەی لەگەڵ خۆی نەبردەوە، ئەوەش پیاوەتیەکی گەورە بوو، ئەو بێتەلەش لەکار نەماو گەیشتەوە دەستی کاك بەختیار.

٢٦- باڵەك، ت/٧٤ی باڵەك لەبەر گرنگی ناوچەکەیان بێتەلێکی جۆری ڕاکاڵیان لەساڵی ١٩٨٥ درایەو خاڵە سوڵتان دێهاتی کاری لەسەردەکرد لەگەڵ چەند عەدەد بێتەلیك لەوانە: کەمال شێخە بۆ ماوەیەك دوای وازهێنانی کاك کەمال بەهۆی نەخۆشی گورچیلەیەوە، رابەر سیاسی تیپ بەناوی خەتاب هاوکاری کردووە، بەڵام بەفەرمی عەدەد بێتەل نەبوو، هەروها لوقمانی کوڕی شەهید برایمی فەرماندەی تیپ وەك رێزێك ماوەیەك هاوکاری بووە ئەویش بەفەرمی نەبوو، چونکە خاڵە سوڵتان زۆربەی کات بەتەنها بووە.

٢٧- ت/٤٣ی ئاسۆس، ناوچەکەیان کلیلی سەرکردایەتی بوو، بۆیە بێتەلێکی کینۆدیان لابوو دواتر گۆڕدرا بە تۆمسونی فەرەنسی و مامۆستا خدر و کاك سەرچل کاریان لەسەر دەکرد و کاك سەرچل بەهۆی هەندێك بارودۆخەوە وازیهێنا، مامۆستا خدر هەرخۆی تەنها مایەوەو تەنانەت شفرەی نێوان تیپەکان و شفرەی نێوان مەڵبەندو تیپەکانیشی لابوو، تا شەڕەکانی سەرکردایەتی و کشانەوە، پێش تەشکیلکردنی بەتالیۆنەکان نێردرایە لای قوەتی قەندیل بە فەرماندەیی کاك هەلۆی ئەحە سمیل کاری عەدەد بێتەلی پێ سپێردرا ولە راپەڕینیش لەگەڵ میحوەری بیتوێن بەفەرماندەیی کاك شێردڵ حەوێزی بەشداری راپەڕینی کردووە و دواتر لە ئیدارەی (م.س) کاری کردووە و پاشان لە کۆمیتەی

رانیە. پێش شەڕەکانی سەرکردایەتی رۆژێکیان کاك شێردڵ حەوێزی میوانمان بوو چاوەڕوانی چوونە لای مام جەلالی دەکرد، باسەکەمان هەڵەکردن بوو لەقسەکردن دا لەوکاتە رەحمەتی شێرزاد مەغدید بێتەلچی لای کاك فەرەیدون بوو خۆی کرد بەژوردا و گوتی (کاك دڵشێر) بەخێر بێیت ئیتر بوو بە پێکەنین.

٢٨- ئەزمر، ت/٣١ی سلێمانی، بەهۆی ئەوەی ناوچەی شارباژێر ناوچەیەکی هەستیار بوو لەسەرەتای ساڵی ١٩٨٧ بێتەلێکی ڕاکاڵ یان پێدرا و کاك عیماد عەدەد بێتەلی بوو، لەداستانی رزگاری و قەیوان -ماوەت بەشدار بوون و لە شەڕەکانی سەرکردایەتی ساڵی ١٩٨٨ کاك عیماد بێتەلەکەی لەمالومە دانا بوو هێزەکەی تیپەکەیان بەسەر سەنگەگەرەکانی ناوچەکە لەبەرگری بوون.

کاك عیماد بۆی گێڕامەوە ت/٣٧ هاتبونە ئەم بەرەوە(دۆڵی جافەتی)کاك بورهانە ریشەی رەحمەتی بێتەلەکەی کۆڵەپشت بوو منیش هەروەها، دەیویست یەکتر ببینین، من چاوم لەو بوو بەڵام پشتی لەمن بوو ماوە هەبوو لەنێوانمان هەر دەیگوت دەنگت خراپە،شوێنەکەت بگۆڕە منیش هەر بەرەو لای ئەو دەچووم تا لەپشتیەوە وەستام،هەر قسەی دەکرد کەئاوڕی دایەوە بەپێکەنینە خۆشەکەی و هەندێ قسەی پێگوتم...رەحمەتی بورهان عەبدوالرحمان یەکێك بوو لە بێتەلچیە قسە خۆش وبەردەوام دەم بەخەندەو بۆ قسەی خۆش ونوکتە پەکی نەدەکەوت.

* (ی. ن. ك) ژمارەی هێزی پێشمەگەی زۆر لەتیپەکان زیادی کردبوو ناوچەکانیان فراوان ببوو لەسەرکردایەتیەوە بڕیاردرا هەندێك لەو تیپانە بکرێنە دووتیپ وەك: ت/٨٦ی دەشتی هەولێر تیپی ٨٧ی قەرەچوخی لێ تەشکیل کراو تیپی ٢١ تیپی ٢٥ی خاڵخالانی لێ تەشکیلکرا، ت/٥١ی گەرمیان تیپی (٥٣) ی شێروانەی لێ تەشکیل کرا...

٢٩- قەرەچوخ، ت/٨٧ی قەرەچوخ - هاشم جیهاز پاشان هەینی محەمەد، عوسمان مەولود لەشەڕەکانی سەرکردایەتی ١٩٨٨ و دوای چوونەوەی فەرماندەیەکی ئەو تیپە و پەیوەندی کردنی بە رژێمەوە، لەناوچەی سێبیران،

هـەینی بێتەلچـی کـە بـەنیاز بـووە سـەردانی مـاڵی خۆیـان بکـات لـە گونـدی دووگرتکان، دەکەوێتە کەمینی هەمان ئەوفەرماندەیە و شەهید دەکرێ، دواتر کاك قاسـم سـابیر عـەزیز ئـەو ئەرکـە دەگرێتـە ئەستۆ،چـونکە وەك جۆکـەر بـووە هـەم جارجارە هاوکاری کاك ئایزنی ت/٨٦ی کردووە و هـەم هاوکاری شـەهید هـەینی کردووە.

* تیپـی ٢١ی کـەرکوك تیپـی ٢٥/ی خاڵخـاڵانی لـێ تەشـکیل کـرا بێتەلـە کینۆدەکەی یان درایە ت/٢١ ڕاکاڵیان وەرگرت.

٣٠- خاڵخـاڵان ت/٢٥ی خاڵخـاڵان، دوای گواسـتنەوەی کـاك ڕەهبـەر وەك سەرتیپی ٢٥ی خاڵخاڵان کاك کۆچەر (ڕەسول عەبدوڵا) لەگەڵ جەودەت ناوێك بونە عەدەد بێتەل، پێشتریش کاك کۆچەر وەك تەتەری دەشتی کۆیە بۆ سەرکردایەتی بووە، ئەو جەودەت ناوە بەهۆی ئەوەی کە خزمێکیان گوایە سەر بە ئیستیخبارات بووە سەردانی کردووە، بڕیاری لادانی دراوە، بەڵام دواتر لە شەڕێك دا لەگەڵ ڕژێم شەهید بووە، ماوەیەکی کـەم کـاك جـەمال بـرای شـەهید جلیل BKC کـاری لەسـەر ئـەو بێتلـە کـردووە، دواتـر مامۆسـتا موحسـین خزمـی شـەهید جمهـور و دواتـر مامۆستا هیوا ئەویش هەر ماوەیـەکی کـەم بـەهۆی ئـەوەی مامۆسـتای کیمیا بـووە بەفەرمانی تیپ نێردراوە بۆ خولێکی ڕاهێنـانی کیمیـاوی لـە ئێـران، ئەوانـەی نـاوم هێناون هێچیان بەفەرمی عەدەد بێتەل نەبوون دواجار محەمەد حمە ڕەشید ناسراو بـە حەمـە تیـژەیی دەبێتـە عـەدەد بێتـەلی فـەرمی تیـپ تـاکو ئـەنفال و کشـانەوەی هێزەکان لە سنورەکە، بەڵام سەرەتا لای فەرماندەی سەربازیی کاك عەلی بچکۆڵ بووە.

٣١- شێروانە، ت/٥٣ی شێروانە، دوای تەشکیل کردنی ئەو تیپە کاك بەرزانی حمەی مینـە و عدنان محەمـەد فـەرەج گوازرانـەوە ئـەوێ تا پێشـمەرگەیەك بەناوی محەمەدی مالیە ڕاهێنرا وەك هاوکاری کاك عەدنان.

٣٢- بیتوێن، ت/٩٩، مانگی ٢/ی ١٩٨٥ لەکاتی شەڕەکانی (دابان و هەلاج)دا لە سەر جادەی رانیە - سلێمانی ت/٩٣ی کۆیە بەسەرپەرشتی کاك رەهبەر سەید برایم و ت/٩٩ بیتوێن بەسەرپەرشتی شەهید ئازادی حەمە لەسەر جادەی خەلەکان لەئاستی باداوە لە هێزێکی سوپای عێراقیان دا کە بە نیازی بەهاناوە هاتنی هەبوو بۆ شەرگەی دابان و هەلاج و حاجی تان، لەم شەڕەدا سەبازێکی زۆر کوژرابوو، دەستکەوت دوو بێتەلی تۆمسونی فرەنسی جۆری تازە بوون، یەکیان درایە ت/٩٩ ی بیتوێن و محەمەد مەولان ناسراو بەهونەر کاری بەو بێتەلە دەکرد، دواتر پێشمەرگەیەکی تر بەناوی محەمەد سەعید ناسراو بەسەنگەر کاری لەسەرکردووە.

٣٣- لەو دوو بێتەلەی لەسەرجادەی خەلەکان و باداوە گیرابوون، یەکیان درایە ت/٢٣ی سورداش و نوری فەرەج رەحیم ناسراو بەهاوڕێ نوری وەك عەدەد بێتەل بەڕێوەیدەبرد.

٣٤- ت/٨٣ی هەوریێ، بێتەلێکی تری جۆری تۆمسون، بەلام مۆدیلەکەی جیاواز بوو لەسەری سارا گیرابوو درا بەو تیپە، عەدەد بێتەلەکان عومەر زێوەیی و مستەفا ئەحمەد بوون.

٣٥- دەزگای دارایی بێتەلێکی کینۆدیان وەرگرت کاك سەرکەوتە رەش کاری لەسەر دەکرد کە لە یەکەکانی گوێگرتنی سوپای عێراق کاری کردبوو، پێش ئەنفالەکان گواستبویانەوە بۆ قاسمەرەش لەگەڵ کاك ئاراس ئیبراهیم پێکەوە کاریان لەسەر دەکرد.

٣٦- کاك فەرەیدون عەبدولقادرئەندامی (م.س) ئەویش دەزگایەکی کینۆدی وەرگرت، عەدەد بێتەلەکانی کاروان عبدالرحمانی برای ناسراو (شێخ کەریم) و شیرزاد مەغدید بوون.

٣٧- ناوەندی کۆمەڵە و دەزگای رۆشنبیری بێتەلێکیان درایە و لەچاڵاوە دامەزرێنرا، بۆ ئاگاداربوون لە دەنگوباسەکان لەلایەن فەرهاد ئەحمەد حوسێن و

ئومێد حوسێن بەڕێوەدەبرا، بەڵام بەهۆی ئەوەی کاك فەرهاد نێردرایە بەشی چاپەمەنی دەزگای رۆشنبیری و کاك ئومێدیش ئەرکی تری پێ سپێردرا ماوەیەکی زۆر کەم لەکاردا بوو.

٣٨- گومرگی سەفرە(٠٩)، کاك یەحیا لەسەر بێتەلێکی کینۆد راهێنانی بە کاك سالار عەبدولقادر کردو دواتر کاك کاروان عبدالرحمن برای کاك فەرەیدون کاریان لەسەر دەکرد تا کاك فەرەیدون بێتەلی وەرگرت و هێنرایەوە لای ئەو، ئەویش وەك بنکەیەکی سنوریی گرنگی دارایی و رەوانە کردنی پێشمەرگەی برینــدارو نــەخۆش بــۆ دیــوی ئێــران، ســودێکی زۆری پێگەیانــدین لــەکاتی گواستنەوەی چەك و کەلوپەلەکان لە دەرەوە بۆ بارەگاکانی سەرکردایەتی، جۆری چەکەکان لەلایەن مام جەلالەوە هەریەکە ناوێکی شفرەیی بۆ دانرا بوو، سەرەڕای ئەوەش دەکرا بەشفرەی ژمارەیی، لەوانەی لەیادمە قالی کاشان دژە فرۆکە سام٧ بوو، دژە تانك مانگا بوو، کاتیوشا گوێرەکە وBKC کەلەشێرو هاوەنی جۆراو جۆرو بزن و RPG مەڕ....هتد

٣٩- ت/٥٩ی حەمرین، بەناوی حەمرینەوە تیپی حەمرین بەفەرماندەیی هێمنە رەش و شەهید دڵشاد لە ت/٥١ گوازرایەوە ئەوێ، ناوە ناوە شەهید حیکمەت هاوکاری دەکردن بەحوکمی ئەوەی ماوەیەك لە (مەکتەبی عەسکەری) عەدەد بێتەل بوو تا بوونی بەفەرماندەی کەرت و شەهید بوونی لە شەڕەکانی سەرکردایەتی ١٩٨٨ دواتر بە ئەنفالی یەك ناسرا.

٤٠- مەڵبەنــدی بادینــان، دوای ئاشــتبوونەوەی گشــتی لەگــەڵ لایەنــە کوردستانیەکان، هێزێك پێکهێنرا بەلێپرسراوەێتی شەهید ئازاد هەورامی و چەند فەرماندەیەك بەرەو بادینان بەرێکەوتن و بێتەلەکەیان دامەزراند و رەحمەتی دارا محەمەد وەك عەدەد بێتەل و هەندێك جار کاك یاسینە رەش هاوکاری دەکرد و ژمارەی پێنج سفرمان واتە (٥٠) پێ بەخشی.

٤١- ت/١٩ی کوڕەك پێش شەڕەکانی سەرکردایەتی بێتەلێکیان پێدرا کە لەناوچەکانی خۆیان بەکاری بهێنن، بەڵام بەهۆی شەڕەکانی سەرکردایەتی و کۆبوونەوەی تیپەکانی ناوچەکە بێتەلی یەك دوو تیپ بەکارهێنرا و لە شەڕەکانی م٣ و م٤ وەك لەیادم بێ یەك جار یان دوو جار بەکار هێنرا و زیاتر بەهۆی ئەزموونی خوا لێخۆشبوو مستەفا ئەحمەد و عومەر ئاغا و خاڵە سوڵتان و عەدەد بێتەلەکانی مەڵبەندی ٣و مەڵبەندی ٤بێتەلەکانی ئەوان واتە ٧٨ی کاروخ و ٧٤ی باڵەك و ٨٣ی هەورێ و٩٩ی بیتوێن و٩١ی سەفین کەمتر بەکار هێنرا، زۆر پرسیارم لە عەدەد بێتەلەکانی سنورەکە و هەندێ فەرماندەی ناوچەکە کرد، بەڵام بەحوکمی ئەوەی کەمتر لام ناسرا بوون ناوەکانم دەست نەکەوتن، بۆیە لێرەوە پێیاندەڵێم: لێم ببورن کە ناوم تۆمار نەکردوون بەگەورەیی خۆتان بمبەخشن.

٤٢- ت/٧٣ی قەندیل بەبڕیاری ڕەحمەتی کاك نەوشیروان و بە تەکلیفی کاك عەلی مام رەسول فەرماندەی تیپ کەدواتر لەراپەڕین شەهید دەبێ، بێتەلێکی کینوود یا پێ دەدرێ(محمد رەسوڵ عەلی عومەر)ی برای دەستنیشان دەکرێ وەك بێتەلچی تیپ خۆشی پێشمەرگە و کادیری هەمان تیپ بووە، لە لایەن مامۆستا خدری ت/٤٣ی ئاسۆسەوە راهێنانی پێدەکرێ بەڵام بەهۆی گرژی وئالۆزیەکانی دوای شەڕەکانی سەرکردایەتی ١٩٨٨ کاك محمد نەیتوانیوە کاری بێتەلچیەتی بکات وبەپێی زانیاریم هیچ شفرەیەکمان بۆ نەناردووە ونە پەیوەندیشی لەگەڵ بێتەلەکانی ناوچەکە وخۆشمان نەکردووە.

* بەهۆی گۆڕانگاری و وازهێنان و وەرگرتنی ئەرکی نوێ لەلایەن عەدەد بێتەلەکانەوە لەتیپەکانیان ژمارەی جێگیری تەواومان نەبووەو هەندێك لەبێتەلەکان ٥ کەس بوون، بۆ نمونە سکرتاریەتی سکرتێری گشتی و هەندێك لە بێتەلەکان لەدوای گۆڕانی فەرماندەکان عەدەد بێتەلەکان گۆڕدراون یا وازیان هێناوەو هەندێك لە بێتەلەکان بۆ نمونە ت/٢٣ یەك کەس و ت/٣١ یەك کەس وت/٧٨ و ت/٧٤ زۆر کات یەك عەدەد بێتەل بوون، بۆیە ژمارەیەکی جێگیر نەبووە.

## *بێتەلی کاك جەبار فەرمان

وەك فەرماندەیەکی سەربازی ئەرکی شەڕەکانی شاخی برزوت و بالۆسە و ئەو ناوچەیەی ساڵی ١٩٨٧ پێ سپێردرا زۆرجار جەنابی مام بە (فیلەتەن) ناوی دەبرد بەهۆی بوێری و سەرکەوتویی لەبەرەکان و هەرئەرکێکی پێی سپێردرابێ سەرکەوتوو بووە، ماوەیەك بەرپرسی مەڵبەندی یەك بوو. کاك محەمەد جیهاد و کاك ئاراس وەك عەدەد بێتەل لەگەڵی بوون، لەیادمە مفرەزەیەکی سوسەکردن و ئەفسەرێکی رەسەدیان بەخۆیان بێتەلێکی جۆری ڕاکاڵ موحەسەن کە جۆرە ڕاکالێکی بچوکتر بوو لەوانەی خۆمان، بەڵام هەمان کاری دەکرد دەستگیریان بکەن و بێتەلەکەش بگرن. لە دوای راپەڕینیش ماوەیەك وەزیری پێشمەرگە، ئەندامی سەرکردایەتی و (م.س)بوو و بێتەلێکی جۆری ڕاکاڵ و موجەفیرەی لابوو و چەند عەدەد بێتەلێك لای کاریان کردووە لەوانە علی قاسم میران و عەدنان رەمەزان شەهواز و مامۆستا عوسمان حوسێن و جەلال کەمال تا لە ژیان دەرچوونی کاك جەباری سەرکردە و فەرماندە.

* لەدوای راپەڕینەوە زۆربەی ئەندامانی (م.س) جگە لەوەی لە بارەگای (م.س) بێتەلێك و چەند عەدەد بێتەلێکمان بۆ دیاری کردبوون، لەقەلاچوالان زۆربەیان بێتەلی جۆری ڕاکاڵ و موجەفیرەیان لە ماڵ و ناو ئۆتۆمبیلەکانیان هەبوو. هەروەها زۆربەی فەرماندە و سەرکردە مەیدانیەکان بەهەمان شێوە.

جگە لەوانەی سەرەوە سەدان PRC و (تەلیفۆنکن)ی ئەلمانی و جۆری تر کە هەمویان VHF بوون لای تیپەکان و لەسەر شاخەکان جێگیر کرابوون. هەروەها لای زۆربەی فەرماندەکان و کەرت و ئەو تیپانەی بێتەلی گەورەیان نەبوو.

دەتوانم بڵێم کۆتایی ساڵی ١٩٨٥و١٩٨٦ ساڵی بەرەنگاربوونەوەی سوپای داگیرکەری بەعس بوو، لەلایەن (ه.پ.ك)ەوە زەبری کوشندەی زیاتریان لێ دەدرا،

**ساڵی پێشبرکێی مەڵبەند و تیپەکان بوو لەسەرچالاکی زیاتر و گرتنی بێتەلی زیاتر، ئەمجارەش موجەفیرەی زیاتر دەگیرا، سەرەتا وەك ئاماژەم پێدا "تەنها ٢ موجەفیرەمان هەبوو ئەویش یەکیان لەبارەگای بەڕێز مام جەلال لای خۆمان و ئەوی تر لای بەڕێز کاك نەوشیروان بوو".**

**لەبەر ئەوەی بنکەی بێتەلەکانمان زۆر زیادیان کردبوو لەگەڵ بەڕیز کاك بەختیاردا ناوەکانمان گۆڕی بەژمارە لەگەڵ هەندێك ڕێنمایی کە کاك بەختیار ئامادەی کردبوو دابەشمان کرد بەم شێوەیەی لێهات:**

**أ- لە ٠١ تاکو ٠٩ بۆ دەزگاکانی سەرکردایەتی.**

**ب- لە ١٠ تاکو ١٧ بۆ مەڵبەندی ١ و تیپەکانی.**

**ج- لە ٢٠ تاکو ٢٧ بۆمەڵبەندی ٢ و تیپەکانی.**

**د- لە ٣٠ تاکو ٣٧ بۆ مەڵبەندی ٣ و تیپەکانی.**

**ه- لە ٤٠ تاکو ٤٦ بۆ مەڵبەندی ٤ و تیپەکانی.**

**روونكردنەوەیەك:**

**٠١ تاكو سفر ٠٩ بێتەلی مام جەلال و كاك نەوشیروان و دەزگای دارایی و ئێزگەو مەكتەبی عەسكەری و گومرگی سەفرە و دەزگای رۆشنبیری كۆمەڵە و كاك فەرەیدون عەبدولقادر وەك (م،س).**

**١٠ تاكو ١٩ بریتی بوو لە بێتەلی مەڵبەندی یەك، ت/١١، ت/١٥، ت/٥٥، ت/٥٧، ت/٥١، ت/٥٣، ت/٥٩.**

**٢٠ تاكو ٢٩ بریتی بوو لە بێتەلی مەڵبەندی دوو، ت/٢١، ت/٢٥، ت٢٣،ت/٣١، ت/٣٧، ت/٤٣، ت٦٨ و ت/٢٧ی تۆكمە كە بێتەلیان وەرگرت ماوەیەكی زۆر كەم كاری پێكرا و رۆبیتان برای كاك دارای حاجی برایم كاری لەسەردەكرد بێتەلەكە لەكار كەوت.**

**٣٠تاكو ٣٩ بریتی لە بێتەلی مەڵبەندی٣ و بێتەلی ت/٧٤، ت/٧٨،ت/٩٩، ت/١٢، ت/٨٣و ت/١٩ی كۆرەك.**

**٤٠تاكو ٤٩ بریتی بوو لە بێتەلی مەڵبەندی چوار و بێتەلی ت/ ٨٦، ت/٨٧، ت/ ٩١، ت/٩٣، ت/٩٠ لەگەڵ ئەوەی بێتەلیان پێدراو عەدەد بێتەل دەستنیشان كرا، كەچی هەر نەكەوتە گەڕ بۆ نمونە نە ٤٨ و نە ٤٩، جار بەجارێك كاك كۆسرەت بەبێتەلە گەڕۆكەكەی لەكاتی هێرش بۆ بنكەو بارەگاكانی رژێم بەناوی ٤٧ دەهاتە خەت.**

**دوای شەڕەكانی سەركردایەتی و كشانەوە بۆ سەر سنورەكان و ناردنی بێتەلێك بۆ شام بۆیە ژمارەی سفر سفر مان پێ بەخشی و گومرگی سەفەرەش وەك پەیوەندییەكانی سەقز و دواتر كاری ئێزگەشی دەكرد، لەڕاستیدا ویستمان بێتەلێك لە پەیوەندیەكانی كرماشان دابنێن، چونكە دوای كۆتایی هاتنی شەڕی عێراق – ئێران قەرارگە و كاروباری یەكێتی زۆربەی لەكرماشانەوە دەكرا، بەڵام رێگەیان نەدا تا كاتی راپەڕین ئەویش بۆ ئەوەی دەنگوباسەكانی راپەڕین بزانن.**

وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا موجەفیرەکانمان زۆر زیادیان کردبوو، بۆیە بڕیار درا سەرەتا بدرێتە دەزگاو مەڵبەندەکان و مەڵبەندی ١و٢و٣و٤ وەریان گرت و کەوتینە بەکارهێنانی و سەرەتا ئەو کۆدانە

تەنها لەلایەن کاك بەختیارەوە ئامادە ئەکران و منیش دواتر ئامادەم دەکردن، ئەو تیپانەی هاوسنور بوون سەرەتا ٨٦و٨٧ و٢١و٢٥و٥١و٥٣ سەرو موجەفیرەیان وەرگرت، دواتر هەریەکەیان بوونە خاوەن موجەفیرەی تایبەتی خۆیان، بێگومان شفرەکانیشمان گۆڕانکاری زۆری بەسەرهاتبوو پێشکەوتنی پێوە دیاربوو، لەو بەشەی کە بۆ شفرە تەرخانم کردووە باسی لێوەدەکەم:

*لە بەرگەڵو وەرشەیەکی چاککردنی بێتەلمان هەبوو کاك پشکۆی ئەندازیار لێپرسراوی بوو و (کاك بەختیار عومەر) ناسراو بەبەخەی گوزید، کاك ئاکۆ حەسەن بەکر بەئیمکانیاتێکی زۆر کەمەوە کاریان تێدا دەکرد، چونکە سپێر پارتمان دەگمەن دەستدەکەوت هەرچ بێتەلێك خراپ بوایە دەنێردرایە لایان بۆ چاککردنەوەی ئەگەر چاك نەکرایەتەوە ئەوە وەك پارچەی یەدەگ بۆ ئەوانی تر بەکاردەهاتەوە هەرچەندە ئەوەندە بێتەلیشمان خراپ نەدەبوو.

ساڵی١٩٨٧ ساڵی داستانی قەیوان ماوەت و داستانی رزگاری و ساڵی ئاشت بوونەوەی گشتی بوو، تادەهات پەیوەندیەکانمان لەگەڵ ئێران دا بەرەو باشی دەچوو، هەندێك جۆری بێتەلی نوێمان وەرگرت پێی دەوترا (تەلیفۆنکن) ئەویش مەودا کورت بوو واتە (VHF) بوو، هەندێکی گەورەبوو، هەندێکی دەستیی بوو کە دروستکراوی ئەڵمانیا بوو نزیکەی ٢٠٠ دانەیەك دەبوون لەگەڵ ئەوانەی خۆمان کەهەمان بوو بە رێنمایی کاك بەختیار توانیمان تۆڕێکی لێ دروست بکەین، زۆربەی فەرماندەکان سەرو دانەیەکیان درابوویە، بنکە سەرەکیەکەی شاخی ئاسنگەران و بنکەیەکی ترمان لەسەر دابان بوو، زۆربەی بارەگای تیپ و ناوچە ئازادکراوەکانمان بەیەکەوە گرێ دابوون، تەنانەت هێزەکانی گەرمیان لەسەر

لوتکــەی شــاخەکانەوە (پیربــایز، کونــەکۆتر، شــاخی دوبــرا، گۆجــار) زۆرجــار پەیوەندییان بە ناوچەکانی قوڵایی گەرمیانەوە دەکرد.

* زۆر تیپی نویێ تەشکیل کرابوون وەك:

٤١- ت/١٥ی شارزوور، بەفەرماندەیی کاك جەلال کوڵکنی و عەدەد بێتەلی کاك محەمەد رۆستەم ناسراو بە حەمە سیاسی.

٤٢- ت/٢٧ی تۆکمە، دوای پەیوەندی کردنی کاك دارای حاجی برایم بەخۆیی و فەوجەکەیــەوە، ئەگــەر هەڵــە نــەبم رۆبیتــان عــەدەد بێتــەل بــوو، بــەڵام هــەر زوو بێتەلەکەیان تێکچوو دواتر دەنگی نەما.

٤٣- بێتــەلێك درا بــە تیپــی ٩٠ی بــاواجی بەفەرمانــدەیی کــاك مــلازم سمکــۆ و جێگرەکــەی کــاك جــەنگی فــەقیانی و دوو عــەدەد بێتــەلیان دیــاری کردبــوو بــەناوی سەید مەغدید و سمکۆ عەودالانی، بەڵام ئەو بێتەلە نەکەوتەگەڕ و تەنانەت یەك بروسکە و چالاکیشیان نەبوو، ئەگەر هەڵەنەبم بێتەلەکەیان خراپ کردوو کە چاك نەکرایەوە و بێتەلی تریان پێنەدرا.

٤٤- تیپی ١٩ی کۆڕەك پێش شەڕەکانی سەرکردایەتی بێتــەلێکیان وەرگــرت و عەدەد بێتەلیان بۆ دیاری کرا، زۆر پرسیارم کرد لە عــەدەد بێتــەلەکانی سنوورەکە و هەندێ لە فەرماندەکان، بەڵام ناوی عەدەد بێتەلەکانم دەستنەکەوت.

٤٥- مەکتــەبی پەیوەندیــەکانی شــام کــە ژمــارەی(سـفر سـفر)مان پــیێ بەخشــی چەند عــەدەد بێتــەلێك لەوانــەی کــە بــەنیازی هەنــدەران بــوون دەچــوونە ئــەویێ مــاوە ماوە کاریان بە بێتەلەکە دەکرد لەوانە کاك هاوار حەسەن ساڵی(١٩٨٩-١٩٩٠) کاری لەسەر ئەو بێتەلــە کــردووە، تــاکو چــوونی کــاك ئــاکۆ بەفــەرمی لەگــەڵ ئــاراس ئیــبراهیم بەتایبــەت دوای داگیرکردنــی کوێــت و کۆکردنــەوەی هێــزی هاوپــەیمانان جەنابی رەوانشاد مام جەلال کەلەویێ دەبوو زۆر بروسکە لــەنێوان بــەڕێزیان و کــاك نەوشــیروانی (م.س) دەگۆڕدرایــەوە زۆر چــالاکانەش هــەواڵ و دەنگوباســەکانی

راپەڕینییان وەردەگرت و بەهۆی بوونی مام جەلال و گردبونەوەی ئاژانسەکانی دەنگوباسی دونیا، پەیامنێرو و رۆژنامەنووسە بیانی و عەرەبیەکان هەوڵی ناردنیان دەدرا بۆ ناوخۆی کوردستان و بە کردەوە چەندین تیمی رۆژنامەنوسی و پەیامنێر هاتبوونە کوردستانەوە وەك خۆم رۆژانە (جۆناسان ڕاندڵ) دەهاتە لام بۆ وەرگرتنی دەنگوباسەکان و هەروەها (جیم میوەر)ی پەیامنێری BBC هەواڵ و دەنگوباسەکانی شەڕ و پێکادانەکانم بۆ وەردەگێڕانە سەر زمانی ئینگلیزی جگە لەوانەش زۆر رۆژنامەنوسی تر دەچوونە شار و شارۆچکەکان و هەواڵ و دەنگوباسەکانیان لەرێگای سەتەلایتەوە بۆ بنکە سەرەکیەکانیان لە وڵاتانی خۆیان دەنارد و هەندێك جار مەیدانی و لایڤ پەخشیان دەکرد.

* هەرپاش شەڕەکانی قەیوان ماوەت وەك بڕیاریك کە لەسەرکردایەتیەوە درابوو هەر مەڵبەندە دەبوایە مانگانە ۲۰۰ پێشمەرگە بنێرن بۆ سەرکردایەتی وەك یەدەك لەبەر هێرشی ناکاوی دوژمن، ئێرانیەکانیش لەسنوری سەرکردایەتی تارادەیەك نزیك ببوونەوە، ئەمەش مەترسی لای سەرکردایەتی گشتی سوپای عێراق دروست کردبوو، زۆر زانیاریمان بەدەستدەگەیشت کەبەنیازی هێرشێکی بەربلاون بۆ ناوچەکانی سنوری سەرکردایەتی (ی.ن.ك) کە بارەگای تاکە هێزی کورستانی بوو ٤٠ کیلۆمەتر لە شاری سلێمانیەوە نزیك بێت لەو هاوکاریە مەترسیان هەبوو، بەنسبەت بەنداوی دوکان و شاری سلێمانیەوە و ئەوانیش ئەو ناوچەیەیان وەك هێڵێکی بەرگری پێویست بوو، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە وێرانکردنی دێهات و ناوچە کوردنیشەکانی دەروبەری سلێمانی بوو بەیەکجاری، بۆیە سەرەتای ساڵی ۱۹۸۸ عێراق بە تۆپبارانی خەستی سەرکردایەتی دەستی پێکرد و لە ۲۲/ی مانگی شوباتی۱۹۸۸ دا کردەوە هێرشەکان دەستیان پێکردو لە۱۷ی ئادار کۆتایی بەکشانەوەی (هـ. پ. ك) لەسەرکردایەتی هات، (پاشان لەبیرەوەریەکانمدا باسی شەڕەکانی ئەنفال دەکەم). تا ئەو کاتەی کشاینەوە بۆ سەر سنورەکان بەشی بێتەلی (ی.ن.ك) خاوەنی زیاتر لە ٤٠بنکەی بێتەلی دوورمەودا بووە، بەڵام وەك ناوی عەدەد بێتەلەکان بەراورد بە ژمارەی بنکەکان

كەمترە، چونكە هەندێك لەعەدەد بێتەلەكان كەمتر لەمانگێك عەدەد بێتەل بوون يا هەندێكيان راستە بێتەليان وەرگرتوە، بەلاَم نەكەوتونەتەگەڕ چەند هەڤاڵێكيش بەفەرمی عەدەد بێتەل نەبوون.

هەروەها زياد لە (٤٠) بنكەی بێتەلی كورت مەودای هەمەچەشن هەبوون. بەلاَم رەوانشاد نەوشيروان مستەفا لە كتێبی خولانەوە لەبازنەدا لاپەڕە ١٣٥ دا دەڵێت:

"بەشی موخابەرە راستەوخۆ بەسترابوو بە (م.س) و بەختيار مستەفا بەڕێوەيدەبرد و پشكۆ عەبدولخالق بەرپرسی وەرشەی چاككردنەوەی بێتەلەكان بوو ٥٢ وێستگەی بێتەلی هەبوو كە هەموو دەزگاكان و مەڵبەندەكان و تيپەكانی لەسەرانسەری كوردستانی عێراق بەيەكەوە دەبەست، هەموو رۆژ لايەنی كەم ١٦ جارو لە كاتی پێويست ٢٤ سەعات پەيوەندييان لەگەڵ يەك دەكرد، چونكە كۆدی مەبەستی شفرە و كۆدی موجەفيرەيە لەلا بوو دەبوو كەسانی ئەمين و وريا و لەخۆبراو بن".[٥١]

### گەياندن و پەيوەنديكردن لەناو (ی.ن.ك)دا بەدوو جۆر تۆر دەكرا:

#### أ-تۆڕی كورتمەودا VHF

ئەم تۆڕە زۆربەی سنورەكان بەبێتەلی جۆر (TRC،C PR) و ڕاكاڵی مامناوەند و (تەليفۆنكن)ی گەورەو بچوك هێزی پێشمەرگەيان پێكەوە دەبەستەوەو كاريان دەكرد، هەر لەنزيك سلێمانی و كەركوك و هەولێرەوە دابەشكرابوون بەسەرتيپ و مەڵبەندەكاندا تا ناوچە سنوريەكان،ناوەندی سەرەكی ئەم تۆرە لەشاخی ئاسنگەران بوو، ناوەندێكی سەرەكييە ترمان لەشاخی دابان بوو، چەند عەدەد بێتەلێك كاريان لەسەردەكرد وەك وەستا عەبدول، ئاوات عومەر، شيخ محەمەد عەزيز، كاك نەهرۆ هەرچی هەواڵ هەبوايە بێتەل بەبێتەل دەگەيشتە شاخی دابان

---

[٥١] خولانەوە لەبازنەيەك دا/ نەوشيروان مستەفا ئەمين ل١٣٥

کە پێشمەرگەیەکی م٢ کاری لەسەردەکرد و لای کاک نەوشیروانیش عەتا بچکۆل کاری لەسەردەکرد. ئەو عەدەد بێتەلانە بەفەرمی نەبوون، لەلایەن کاک بەختیارەوە بەربژێر نەکرابوون و لەلایەن رێکخستنەوە تەزکیە نەدەکران، بەڵکو لەلایەن تیپ و کەرتەکانـەوە دادەنـران و تـەنها لـەکاتی هێـرش و پـەلامارەکان دا کـارا دەبـوون، هـەرجارەی لـە لایـەن کەسـێك یـان فەرمانـدەی کەرتەکـەوە بـەکاردەهێنرا، هەنـدێك جـاریش لەلایـەن سـەرتیپەکەوە، ئـەم بێتەلانـە شـفرەی سـادەیان هـەبوو، تەنانـەت بروسکەشیان نەبۆ (م.س) و نەبۆ مام جەلال نەبوو بەڵکو لەلایەن سەرتیپەوە دەکرا بەبروسکە و دەکرایە شفرە و دەدرایە عەدەد بێتەلی دوورمەوداوە و دەگەیـەنرا بـە م.س و مام جەلال.

**ب - تۆڕی دوور مەودا ( HF )**

ئـەم تـۆڕە زیـاتر بێتەلـەکانمان لـە جـۆری (ڕاکـاڵی ئینگلیـزی، تۆمسـونی فەرەنسـی، بێڵـی هینـدی، تەلـەفونکنی ئـەلمانی، کینـۆد و یاسـۆی ژاپـۆنی دواتـر هاریسـی ئەمـەریکی) بـوون، عـەدەد بێتەلـەکانی ئـەم تـۆڕە لەلایـەن رێکخسـتنەوە تەزکیە دەکران بەپشتگیری فەرمانـدەی تیپ و دواجار رەزامەنـدی کـاك بـەختیار مستەفا، لە شوێنی خۆشیان لەلایـەن عـەدەد بێتەلـە ئەزموندارەکانـەوە راهێنانیـان پێدەکرا، یـا لای خۆمـان لەسـەرکردایەتی ئەگـەر بێتەلەکـەی لای ئێمـە وەربگرتایـە ماوەیەك دەخرایە ژێر تاقیکردنەوە ئینجا بەفەرمی دەستبەکار دەبوو.

دوو بنکەی سەرەکیمان هەبوو، یەکێکیان لای بەڕێز مام جەلال بوو کە بەندەو کاك ئازاد و دواتر کاك یەحیا حەبیب وکاك پەرۆش موحەرەم کە دواتر گوازرایەوە بۆ لای کاك مـلازم عومـەر تـا کشـانەوە، کـاك سـەرکەوت عەینـەك و کـاك سەربەسـت کارمان لەسەر دەکردو ئەم پەیوەندیانەمان ئەنجام دەدا:

١- پەیوەنـدی دەرەکـی لەگـەڵ (حیزبـی دیمـوکرات و کۆمەڵـەی ئێـران) و لەسەردەمی گفتۆش لەگەڵ لیژنەی تەنسیقی کەرکوك.

٢- پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی کوردستانی (حسك، حشك، حشع، پارتی) دوای ئاشتبوونەوەی گشتی.

٣- پەیوەندییە ناوخۆییەکان لەگەڵ (دەزگا سەرکردایەتیەکان، مەڵبەندەکان، تیپەکان) و سەرپەرشتی کردنی هەموویان.

بنکەکەی ترمان لای کاك نەوشیروان بوو کاك بەختیار کاری سەرپەرشتی لەوێوە دەکرد خۆشمان هاوکاریمان دەکرد لەسەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی کارەکان، پێش شەڕەکانی سەرکردایەتی بۆ ماوەیەکی کورت حەسەن شێخ کەریم برای کاك حمە سەعید راهێنرا بۆ کاری عەدەد بێتەلی، ئەویش بە هۆی وەرگرتنی بروسکەیەکی ژمارە بەهەڵە لەکارەکە لادرا. هەر بەر لە شەڕەکانی سەرکردیەتی خالید رەزا راهێنرا بۆ ئەو بێتەلە لەکاتی شەڕەکانیشدا بەندە و سەرکەوت عەینەك هاوکاری بووین.

پاش کشانەوەمان بۆ سەر سنورەکان رۆژی ١٨/١٠/١٩٨٨ وەك بەشی بێتەل کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ کاك نەوشیروان و کاك ملازم عومەر لە قاسمەرەش سازکرد، زۆربەی عەدەد بێتەلەکان بەشداریان تێدا کردو بڕیار درا عەدەد بێتەلەکان بەگوێرەی بارودۆخی نوێ بەسەر بەتالیۆن و شوێنەکاندا دابەش بکرێنەوە بەلێنی ئەوەش لەلایەن زۆربەی عەدەد بێتەلەکانەوە درا کە بەهیچ شێوەیەك روو لەلای رژێم نەکەنەوە وە ك پەیمانێك بەم شێوەیە:

١-بێتەلی مام جەلال و کاك نەوشیروان و مەکتەبی عەسکەری کرایەوە بەیەك و کاك بەختیار وەك لێپرسراوی بەشەکە دەستنیشان کرا/ قاسمەرەش.

٢-بێتەلی راگەیاندن لە سەقز و هەروەها کاری پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێرانیەکان کاك سالارو کاك سەربەست بوون.

٣-بێتەلی بەتالیۆنی (١،٢،٣)، بارەگاکانیان لەسنوری دزڵی بوو، ئەوانەی کاریان لەسەر دەکرد: کاك بەرزان و سەید نوری و پێشرەو مەحمود و عەدنان

فەرەج، کاك حەمە رەحیم کە عەدەد بێتەلی م١ بوو لەگەڵ ئەو هێزانەی لەناوچەکە مانەوە هەر لەگەرمیان خۆیان حەشار دابوو، بەچەند رۆژ جارێك پەیوەندییان دەکرد بەهۆی کێوماڵی بەردەوامی هێزەکانی سوپای عێراق لەناوچەکە و گوندە سوتێنراوو روخاوەکان بە ئێمەوە لەقاسمەرەش هەر زانیاریەکیان لابووایە پێیاندەگەیاندین و هەرچیش لای ئێمە هەبووایە پێماندەگەیاندن. هەر لەشەڕەکانی ئەنفالدا یەکێك لە عەدەد بێتەلەکان لە بەلەکەجار بەهۆی چەکی کیمیاوی شەهید بوو بەناوی هۆشیار.

٤-بێتەلی بەتالیۆنی ٧، لە بلەکێ جێگیرکرا و خالید حوسێن و هاوڕێ نوری دواتر مام ئەنوەر پێشنیار کرا تا واز هێنانی.

٥-بەتالیۆنی ٤، شەهید رەحمان سەیدە، بارەگایان لە گوێزێ بوو، وەك عەدەد بێتەل عومەر ئەحمەد تەها و، یوسف حسن حوسێن ناسراو بە (هەورۆ)، وەك عومەر ئاغا بۆی باسکردم سەرەتا بەتالیۆنەکەیان (ژمارە پێنج) بووە، شەهید رەحمان سەیدە تورە دەبێ دەڵێت نەکرێ بە(٤) من نابم بەفەرماندەی!.

٦-بەتالیۆنی ٦، کاك سیروان کوێخا نەجم، بارەگایان لە چیوەرۆ بوو، عەدەد بێتەلەکەیان تاریق حوسێن عەلی و شەمال لەتیف و حەمە سەقەر بوون.

٧-بێتەلی فەرماندەی فەرماندەیی / زەڵی،کاك سەرکەوتەرەش و کاك باست و ماموستا خدر یەکتریان ئاڵوگۆڕ دەکرد،

٨-بێتەلی بەتالیۆنی (٩)دۆلە کۆگ، سەلیم ئاغا، چەند عەدەد بێتەلێك یەکتریان ئاڵوگۆر دەکرد لەوانە نەوزاد یار احمد و ماموستا خدر کەمال شێخە تا جووڵانی هێزەکان لەکاتی خۆئامادە کردن بۆ راپەڕین.

* بێتەلی م٣، بەسەرپەشتی حەسەن کوێستانی، دوای شەڕەکانی م٣ و مانەوەی زیاتر لە ٤٠ تا ٥٠ ڕۆژ بە نهێنی لە ناوچەکانی خۆیان، کە گەڕانەوە لە تەنگی توژەڵە بارەگایان دامەزراندو بێتەلەکەیان تا بوونی شەهید کوێستانی بە (م.س) لەکاردا بوو، کەهاتنە قاسمە رەش ئیتر بێتەلەکەیان نەما کە نەهرۆ جەلال

شێرە و ئسماعیل ئەحمەد برای شەهید كوێستانی و شەهید رابەر فەتاح و نەهرۆ جەلال شێرە كاریان لەسەر دەكرد كە ئەوەی دوواییان نێردرایە بەرەی كوردستانی و دوای وازهێنان و رۆیشتن بۆ هەندەران.

* رەتلی٣٧ ی بادینان بەفەرماندەیی شەهید حەسەن سەلیم لە شنۆ جێگیر كرا و كاك دارا محەمەدی رەحمەتی كە پێشتر عەدەد بێتەلی مەلبەندی بادینان بوو گەڕانەوە رەتلی ٣٧ی بادینان وەك پارتیزان بۆ ناوچەكانیان. دوای رۆیشتنیان بۆ بادینان وەك پارتیزان كاك دارا گەڕایەوە راگەیاندن و چەند عەدەد بێتەلێك لە بادینان كاریان دەكرد.

* لەدوای كۆبوونەوەكەی قاسمەرەش بڕیاردرا بێتەلێك بۆ پەیوەندیەكانی كرماشان دابین بكرێت، بەلام قەرارگای رەمەزان رێگەیان نەدا بخرێتەگەڕ، هەندێك بە دزییەوە كاریان پێدەكرد جارێك لەو جارانە ئاراس ئیبراهیم. كاتی راپەڕینی ١٩٩١ بڕیاری رێگەپێدانیان داو چەند عەدەد بێتەلێك یەكتریان دەگۆڕی.

* لەدوای كشانەوەمان بۆ سەر سنورەكان پاش شەڕەكانی سەركردایەتی و دواتر ناونانی بەئەنفال، بێتەل و عەدەد بێتەلەكانمان زۆر كەمیان كرد و هەندێك لەعەدەد بێتەلەكان روویان لەهەندەران كرد، بەلام چەند تێكۆشەرێك بڕیاری بەرەنگاری و بەرخودانیان لەناوچە سوتماك كراوو چۆلكراوەكان داو بەردەوامییان بەخەباتی سەختی پارتیزانی دا لەوانە:

* مەفرەزەی گەرمیانی پارتیزانی لەسنورەكانی خۆیان مابوونەوەو دوو بێتەلی ڕاكالیان لابوو یەكیان لای شەهید حمە رەش ئەوی تریان لای كاك حمە رەحیم.

* مەفرەزەی دەشتی هەولێری پارتیزانی بەفەرماندەیی كاك رێباز لەسنورەكانی خۆیان مابوونەوەو بێتەلیكیان لابوو وەك عەدەد بێتەل غەوسە جەلال.

* مەفرەزەكەی كەركوك وەك پارتیزان لەسنورەكانی خۆیان مابوونەوە بەفەرماندەیی سیروان كوێخا نەجم و كاك مستەفا چالاوی ومەلا فەرمان...هتد

بێتـەلێکی جـۆری راکاڵیـان لابـوو جارجـارە کـاك سـیروان خـۆی قەسـەی لەگـەڵ دەکردین تا گەرانەوەیان بۆ سەرکردایەتی.

بـۆ مێـژوو ئـەو مەفرەزانـەی کـە لەناوچـەکانی خۆیـان مابوونـەوە ٣٠ تـا ٤٠ پێشمەرگەو فەرماندەبوون دواتر زیادیان کرد.

*سـاڵی ١٩٨٩ شـەهید غـەریب هەڵـەدنی پـاش چـەند جاریـك چـوون بـۆ (ئیسـتیتلاعی) دۆڵـی جافـەتی و سـنوری پیرەمـەگرون، ئـەویش بـەخۆی و مەفرەزەیەکەوە لـەو ناوچـەیە جێگیر بـوون و بێتـەلێکی ڕاکاڵ و موجەفیرەیـەکیان بردبـوو، سـەرەتا خوالیخۆشـبوو کاك عوسمـان گێچینە کاری بەو بێتەلـە دەکرد، پاشـان مـەلا بـەهادین و دواتروەسـتا عەبـدول، تـا سـەردەمی راپـەڕین بـەهێزێکی گـەورەوە لـەوێ مانـەوە، سـەرکەوت محمـد فـەتاح ناسـراو بـە سـەرکەوت عەینـەك ماوەیەك وەك پارتیزان و عەدەد بێتەل لەوێ بوو.

* رەتڵـی گـەرمیان زۆر لەفەرمانـدەکانی وەك (مـەحمود سـەنگاوی، عوسمـان حاجی مەحمود، کوردۆ قاسم، شەهید حەمە رەش، عدنان حەمەی مینە، ئازادی سـەگرمە دوای ماوەیـەك بـەخۆیی و مەفرەزەیەکـەوە رووی لەگـەرمیان کـرد، بـەڵام بەداخەوە هەر زوو تووشی شەڕێکی سەخت بوون لەگەڵ (القوات المحمولة جوا) واتـە هێـزی سـەربازی نـاو کۆپتـەر کاك ئازاد لەگـەڵ کاك تـەهای بـرای بەسـەختی بریندار دەبێت دواتر ٣ پێشمەرگە شەهید دەبن لەوانە: شێرکۆ جدی، هەڵکـەوتی وەرشـەی مەڵبەنـد و پێشـمەرگەیەکی تـر، هـەروەك کـاك ئـازادی سـەگرمە بـۆی گێرامەوە لەگەڵ ئەوەی بریندار بووە توانیویەتی تەقە لەکۆپتـەرەکان بکات و دوو ئەفسـەر زامـدار بکـات و دواتـر بـەپێی بەڵگەنامەیـەك کـە لـەدوای روخـانی رژێمـی عێراق بەردەست کەوتوە لەکەرکوك لەنەخۆشخانە مردوون.

* کـاك ئـاکۆ سـوور پـاش گەڕانـەوەی ئـەو مەفرەزەیـەی کـەرکوك بـەخۆی و مەفرەزەیەك و بێتەلێکی ڕاکاڵ و موجەفیرەیەکەوە گەڕانەوە ناوچەکە.

* پاش گەڕانەوەی مەفرەزەکەی شەهید ڕێباز کە غەوسە جەلال عەدەد بێتەلی بوو مەفرەزەیەکی تر پێکهێنرا بەسەرپەرشتی شەهید هاشم شەمامکی بۆ چوونە شوێنەکانی ئەوان، بەڵام بەداخەوە لەرێگادا تووشی شەڕێك بوون و هاشم شەهید کراو بێتەلەکەش گیرابوو.

* رەتلێکی پارتیزانی کە ۲-۳ مەفرەزە بوون بۆ ناوچەی شارباژێر تەشکیل کراو سەیید ئەحمەد و دواتر سەرکەوتی کوببە و وەستا فاروق چەند پێشمەرگەیەکی تری لە خۆ دەگرت.

* مەفرەزەیەکی (حشع) هەبوو لەناو کوردستاندا، لایەنەکانی تر مەفرەزەیان دەنارد، بەڵام زوو دەگەڕانەوە یا سەرکەوتوو نەدەبوون لە گەیشتن.

* ساڵی ۱۹۹۰ بێتەلێکمان دابین کرد بۆ (مەکتەبی تەنفیزی بەرەی کوردستانی) کاك جەبار فەرمان لێپرسراوی بوو مەلا بەهادین و نەهرۆ جەلال شێرەو شەهید رابەر کاریان لەسەر دەکرد.

## وەرشەی چاکسازی

لەکۆتایی ئەم بابەتە پێویستە ئاماژە بە وەرشەی چاکسازی بدەم، سەرەتا هیچ شوێنیکمان نەبووە بەناوی وەرشەوە، ئەوەی دەزگا بێتەلە خراپ بووەکانی چاك دەکردەوە ئەندازیارانی ئێزگە بوون بە سەرپەرشتی کاك بەختیار، لە گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ بە فیعلی وەرشەیەکی چاکسازی بۆ بێتەلەکان لە سورداش دامەزرا بە سەرپەرشتی کاك بەختیار و ئەندامیەتی کاك فەلاح و ئەندازیارێکی عەرەب بە ناوی ماجد، کاریان دەکرد، هەر لەو ساڵە پشکۆ عبدولخالق مەعروف[٥٢] پەیوەندی کرد کە دەرچووی ئەندازیاری بەشی ئیلکترۆن بوو، ئەویش لەوێ جێگیر کرا، پاش ئاڵۆزبونی بارودۆخی نێوان (ی.ن.ك)و رژێمی عێراق، بارەگاکان گوێزرانەوە سێروانی بەری مەرگە ئەو وەرشەیەش کەلوپەلەکانی گوێزرانەوە، دوای بەهۆی تۆپباران و زیاتر گرژی و ئاڵۆزی نێوان (ی. ن.ك)و عێراق و تێکچوونی یەکجاری گفتوگۆکان، کاك فەلاح سەفەری ئەوروپای کردو هەروەها ماجدیش بەهەمان شێوە لەکۆتا رۆژەکاندا، کە وەفدی (ی. ن. ك) لە بەغدا بوو، وەفدیکی تورکیا دێتە بەغدا، دیارە هۆکارێك بووە، هۆکاری دووەمیش پەشیمانبوونەوەی بەعس لە پێنەدانی مافە رەواکانی گەلەکەمان بوو. بەهەرحاڵ بارەگاکان گوازرانەوە بۆ ناوچەی دۆڵی جافایەتی و جێگیربوونی لەگوندەکانی ئەو ناوچەیە، وەرشەکە لەگەڵ دەزگای رادیۆ شوێنیکی پێبەخشرا، کاك پشکۆ لە یەك کاتدا کاری ئێزگەو وەرشەشی دەکرد، هەر کاتێ بێتەلیك تێکدەچوو، دەنێردرایە لای ئەو، ئەگەر هەڵە نەبم کاك بەختیار عومەر٥٤ هەم وەك عەدەد بێتەلی ئێزگە و هەم وەك هاوکاری کاك پشکۆ بوو.

---

[٥٢] پشکۆ کوڕی شەهید عەبدوالخالق مەعروفە ساڵی ١٩٨٥ بەدەستی بەعس تیرۆرکرا،پشکۆ ئەندازیاری بەشی ئەلیکترۆن بوو زۆر شارەزایی لە بواری چاککردنەوەی بێتەل و ئەندازیاری ئیزگە بوو ئێستا دانیشتوی هۆڵەندایە.

دوای ئەوەی شۆڕشی نویٚ چووە قۆناغێکی تر لە مەڵبەندەکانیش بڕیار درا وەرشەی چاکسازی بۆ هەندێك کاری ئاسان بکرێتەوە بۆ نمونە عەدەد بێتەلێك کە سەماعەکەی تێکدەچوو دەبوایە ڕێگایەکی زۆر و ماندو بونێك بگاتە سەرکردایەتی بۆ چاککردنەوەی لەمەڵبەند وەرشەیەکی چاکسازی سادە دامەزرا ڕێکخرا و کاك کەمال ناسراو بەکەمال وەرشە کاری تێدا دەکرد لەمەڵبەندی یەك ئەندازیاری ئەلکترۆنیات شەهید هەڵکەوت وەرشەیەك بۆ کارئاسانی عەدەد بێتەلەکانی سنورەکە دامەزراندبوو.

ساڵی ١٩٨٦ کاك ئاکۆ حەسەن بەکرەە پەیوەندی کرد بە (ی. ن. ك)وە، لەڕاستی دا شارەزاییەکی باشی هەبوو لە چاککردنەوەی تەلەفزیون، واتە دەتوانم بڵێم شارەزایی هەبووە لەناسینی ترانزستۆر و بابەتی ئەلیکترۆنیات ئەوە یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی بەرەبەرە لە چاککردنەوەی بێتەلیش لەگەڵ ئەو هەڤاڵانە شارەزایی پەیدا بکات، دوای شەڕەکانی سەرکردایەتی و کشانەوەمان بۆ قاسمە رەش وەرشەکە کەوتە لای بێتەلی ناوەندیی، دەتوانم بڵێم لەو ماوەیە زۆربەی بێتەلی تەلەفۆنکن و تەنانەت هەندێك بێتەلی گەورە چاککردنەوەی لەسەرشانی کاك پشکۆ و کاك ئاکۆ بوو، دوای سەفەرکردنی کاك ئاکۆ بۆ سوریا وەك عەدەد بێتەل و کاك پشکۆش رووی لە ئەوروپا کرد، کاك بەختیار عومەر لە شوێنی ئەوان کاری دەکرد، تا راپەڕین، دوای گیرسانەوەمان لە قەڵاچولان جارێکی دیکە وەرشەیەکی زۆر باش پێکهێنراو کاك ئاکۆ لێپرسراوی بوو، بەختیار عومەریش وەك ئەندام، هەر لە چاککردنەوە، سپێرپارت، کۆکردنەوەی بێتەل و دابین کردنی پێداویستی وەرشەکە لەهەمان کات پێکەوە سەرپەرشتی بەشەکەمان دەکرد، تا دوای ساڵی ١٩٩٧ هەم کاك بەختیار لەویٚ نەماو رووی لە ئەوروپا کردو کاك ئاکۆش سەرقاڵی خوێندنی زانکۆو کارکردن لە پەیوەندیەکانی ئێران تا ئێستاش، بۆیە ناچار پەنامان بردە بەر شارەزایەکی دیکە لەبواری چاکسازی بێتەلەکان ئەویش کاك ئازاد ئیسماعیل عەلی بوو، لەگەڵ برادەرێکی دیکە، کە لەبەردەستی کاك ئاکۆ راهێنرا بوو.

لەگەڵ ئەوەی مام جەلال زۆری خۆشیدەویستم، بەڵام چەند جارێك لێم توڕە بووە لەسەر ئەوەی کەپێیوتووم رژێم قسەی موجەفیرەکانمان[٥٣] وەردەگریٚ منیش وام وەڵام دەدایەوە: "با نمونەی یەك لەو بروسکانەمان بۆ بهێنن کە لە ڕۆژێکدا ناردومانە، چونکە رۆژی وا هەبووە زیاد لە٤٠-٦٠ بروسکەمان دەناردو وەڵاممان وەردەگرتەوە"، بەڵام ئەو واتێدەگەیشت کەمن باوەڕم بەپێشکەوتنی زانست و تەنکولۆژیای گەیاندن نییە. سەدام و رژێمەکەی لەبەر ئیمکانیاتی زۆرو زەوەندی هەوڵی هێنانی باشترین و نوێترین تەکنولۆژیان دەدا کە بیهێننە عێراقەوە. بەڕەئی خۆم ئەو تەکنولۆژییەیان نەدەدا بە عێراق، بەڵام خۆیان بەکاریاندەهێنا قەناعەتم وابوو کە (ئەمەریکا، فەرەنسا، ئینگلیز، روسیا، ئەڵمانیا، چین....) ئەم جۆرە دەزگایەیان هەبیٚ، چونکە رژێم گۆڕانکاری لە ناو موجەفیرەکانی خۆشی دەکرد، زۆرجار خەڵکمان رادەسپارد ئەگەر عێراق ئەو دەزگایەی هێناوە لەکویٚ داینــاوە یا لەچ یەکەیەکی گوێگرتنە ئەنجامەکەی دوادەکەوتن وەڵامان نەهێنانەوە بووە، بەڵام لەهەمان کاتدا زۆر زانیاری تریان بۆ دەهێناین تا راپەڕینیش هیچ کەسێك نە وێنەی ئەو دەزگایە یا جۆرەکەی بۆ نەهێناوین. ئێمە خۆشمان گۆڕانکاریمان لەناو موجەفیرەکانی خۆماندا کردبوو هەموو شتێکی لەگەڵ موجەفیرەکانی رژێم

[٥٣] موجەفیرە خودکۆد بە ئینگلیزی (Encryption unit) و بەعەرەبی (وحدة التشفير) دەزگایەکی ئەلیکترۆنی پێشکەوتوو بوو لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دروست کراوە، سوپای عێراق لە هەشتاکان دابینی کردبوو بۆ سوپاکەی، هەبوو لەسەر تەلفۆن دەبەسترا زۆر جار لەلایەن (ه پ ك) دەگیرا، بەڵام ئێمە هێڵی تەلفۆنی مایکرۆوەیڤمان نەبوو ئەوکاتە، بەکۆد کاری دەکرد هەر کەسێك گوێی لیٚ دەبوەوە تەنانەت گەر یەك پیتت لە کۆدەکە هەڵە بکردایە گوێت لەدەنگی ساف نەدەبوو. بەدوو سیٚ رێگا دەتوانرا گویٚ لەدەنگی موجەفیرە بگیریٚ.. توانای کردنەوەی موجەفیرە (١٠ توان١٦)یە، گوایە رژێمی عێراق ئەو دەزگایەی هەبووەو توانیویەتی گویٚ لە موجەفیرەکانی ئێمە بگریٚ، هەرچەندە وەك مەسەلە کوردیەکەی خۆمان دەڵێت: (لەشێر ترسان عەیب نییە)، ئێمە هەموو شتێکمان لەپێناوی سەلامەتی گەیاندندا دەکرد، بەڵام خەڵکانێك دەهاتن یا راپۆرتیان دەنووسی بۆ سەرکردایەتی وایان پێدەوتن.

جیاوازی هەبوو، رژێم ئەو شەڕەشی لەگەڵ کردووین بۆ ئەوەی ئێمە موجەفیرە زۆر بەکارنەهێنین، چونکە دیارە بەوجۆرە سودی لێ وەرنەدەگرتین.

٥٤- ناوی تەواوی بەختیار عومەر احمدە سەرەتا عەدەد بێتەل بووە لە مەڵبەندی ١ و پاشان هاتۆتە بەرگەڵوو کورێکی تابڵیی پاك وتەمیز بوو، پاش راپەڕین لەوەرشەی مەرکەزی کاری دەکرد پاشان رووی کردە هەندەران و ئێستا لەهۆڵەندا نیشتەجێیە.

٥٥-ئاکۆ حەسەن بەکر بەرپرسی وەرشەی چاکسازی بێتەلەکان و موجەفیرەکان و شارەزایی لەبواری ئەلیکترۆنیات هەبوو، پێکەوە سەرپەرشتی بەشەکەمان دەکرد.

*-پێش راپەڕین و لەکاتی سەردانی کاك مەسعود بارزانی، کاك عەبدوڵای عەدەد بێتەلی تایبەتی لەگەڵ بوو لە قاسمە رەش دوو موجەفیرەیان هەر ئەو دوو موجەفیرەیەشیان هەبوو نەیاندەزانی بەکاریبهێنن پاش ئەوەی یەکێك لە موجەفەرەکانی ئەوان لەگەڵ یەکێکی خۆمان یەکخراو فێری بەکارهێنمانمان کردن، لە نێوان خۆمان بەکارماندەهێنا بۆ ئاڵوگۆری بروسکەو زۆر بابەتی گرنگ.

## بەشی سێیەم

## یاساو نەریت و بنەماکانی گەیاندن و چۆنیەتی پەیوەندیکردن

شۆڕشــە رزگاریخوازەکــانی دونیــا لەهــەر کوێیــەك بێــت شۆڕشــگێرەکانیش هــەڵگری هــەمان چــەك و پێداویســتی جــەنگی ئــەو وڵاتــەن کــە شۆڕشــی تێــدا بەرپادەبێت، هەندێکی نەبێت کە دەوڵەتیك لەپشتیەوەتی و یارمەتی دەدات چەکی جۆراوجۆری هەیە. شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی ئێمەش بەهەمان شێوە لەسەر ئەوبنەمایە رۆیشتووە بۆیە پێشمەرگەکانمان هەڵگری هەمان ئەو کەرەسە و چەکانە چەك و عبوون کە سوپای عێراق بەکاریدەهێنا بەبێتەلیشەوە.

داگیرکـاران کـە وڵاتـان دەخەنـە ژێـر دەسـتیانەوە هـەمان یاسـای سـەربازی وڵاتەکەی خۆیان بەسەر ئەو وڵاتە داگیرکراوە دەسەپێنن، ئەم یاساو سیستەمە بێتەلیشی گرتۆتەوە لەبەر ئەوەی سوپای عێراق دروستکراوی ئینگلیز بووە، بۆیە سیستمی سۆپای عێراق لەهەموو روویەکەوە هاوشێوەی ئەوان بووە لەبوارە سەربازیەکان بەهەندێك دەستکارییەوە.

ئێمەی پێشمەرگەی بێتەلی (ی.ن.ك)، بێئەوەی نامیلکەیەك یا پەیڕەوێکمان هەبووبێت بۆ بەشی بێتەل کاری پێبکەین و عەدەد بێتەلەکانی لەسەر رابهێنین، شارەزایمانی بریتی بووە لە تێکەڵەیەك لەیاساو نەریت و بنەماکانی موخابەرەی عێراق[٥٤] و زۆرترینی یاسای پێشمەرگانە بووە کە زادەی بیربۆچوونی خۆمان بووە، بەپێی ئەوەی چەندین ساڵ لەو بوارەدا کارم کردووە ئەم جیاوازیانەم هەست پێکردووە کە لێرەدا دەیخەمە روو:

---

[٥٤] کراسه المخابره للجیش العراقی رقم ٨٠

١- موخابـەرەی سـەربازیی تـەنها دوو شـەپۆل (تـردد) دادەنـیٚ یـەکێکیان بـۆ بەیانیان ویەکێکیان بۆ ئێواران و دوو شەپۆلیش وەك یەدەگ، بەڵام هی پێشمەرگە هەندێك جار، هەر سەرە سەعاتەو شەپۆلێکمان بەکارهێناوە لەبەر لایەنی ئەمنی.

٢-لـە موخابـەرەی سـەربازییدا عـەدەد بێتـەل بـۆی نـەبووە لـەو شـەپۆلانە یـەك (کیلـۆهیرتز) دابـەزێت یـا سـەرکەوێت تەنانـەت گـەر (پاڕازێـت) واتـە تەشویشـی دروستکراو یا هی ئاسمانی بێت ئەویش بەفەرمان دەبوایە شەپۆلەکە بگۆردرێت یا شەپۆلە یەدەگەکان بەکاربهێنێت، بەڵام لای پێشمەرگە بـۆ خۆدزینـەوە لـەدوژمن ئـازادکراوبوون لـەوەی سـەردەکەوێت یادابـەزێت یـا زۆرجـار پیانڕاگەیـەنراوە کەشوێنەکە خراپ بووە دیسان گۆڕیویانە.

٣- لەموخابەرەی سوپادا عـەدەد بێتـەل بـۆی نـەبوو بەهیچ شێوەیەك شـەپۆلی تایبەت یا کلیلی تایبەت یا شفرەی تایبەت لەنێوان خۆیاندا بەکاربهێنن، بەڵام زۆر حاڵـەت بێتـەلی ناوەنـدی رێگـەی بەعـەدەد بێتەلـەکان دەدا، ئەوشـتانە بـەکاربهێنن دیسان لەبەرسەلامەتی.

٤- لەموخابـەرەی سوپادا کـاتی بروسـکە نـاردن و وەرگـرتن کـە تـەواو دەبـوون ناوی خۆیان و یەکەکەیان بەیەکتری دەوت، بەڵام هـی پێشـمەرگە بـەهیچ شـێوەیەك هیچ شتێك باس نەدەکرا تـەنها وشـەی تـەواو، زۆرجـار بێتـەلی ناوەنـدی ئاگـاداری عەدەد بێتەلەکانی کردووە کە بەئاشکرا ناوی یەکتری نەهێنن.

٥- لەموخابـــەرەی ســـوپادا شـــفرەکان، کلیلـــی موجـــەفیرە لای ئەفســـەری لیپرسراوی موخابەرە دەبوو، واتـە عـەدەد بێتـەل ناوەڕۆکـی هـیچ بروسـکەیەك یـا دەقێکـی شـفرەکراوی نـەزانیوە بەپێچـەوانەوە لای (هـ.پ.ك) کەسـانی بـاوەڕپێکراو جێی متمانە و دڵسۆز بوون زۆربەی کات کە شفرەش دەدرا بە فەرماندەکان هـەر لای عـــەدەد بێتەلـــەکان دەبـــوو، زۆرجـــاریش شـــفرەی تایبـــەتی فەرماندەکـــە یـــا سەرکردەکە خۆی هەر دەدرا بەعەدەد بێتەلەکە.

٦- لەموخابەرەی سوپادا بۆ ناسینەوەی بێتەلەکانیان (لوحة محادثات العامل) واتە خشتەی بەکارهێنانی عەدەد بێتەلەکان)و (لوحه تحقیق الهویة) واتە خشتەی خۆناساندنیان بەکارهێناوە لەبەر ژمارە زۆری و نەوەك خەڵکانیکی بیانی چووبێتنە سەر شەپۆلەکانیان، لای (ه.پ.ك) لەجیاتی

ئەوە ناوی نهێنی و ژمارەی نهێنی بەلیست بەکارهێناوە نەك وەك خشتە. گەورەترین سەروەریش بۆ عەدەد بێتەلەکانی ی.ن.ك ئەوە بووە کە هەرگیز بیریان لەخیانەت کردن نەکردۆتەوە.

**هەندێك خاڵی هاوبەش لە نێوان موخابەرەی سوپاو پێشمەرگەدا هەبووە کەوەك رێنمایی بەعەدەد بێتەلەکان راگەیەنراوە لەوانە:**

**١-خێرایی ناردن**

مەبەست ئەوەیە کە بەکورتترین ماوە هەوڵبدەی بروسکەکە بنێری و بروسکە وەربگرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە دوژمن و گوێگران کەمترین سوود لەو گەیاندنە وەربگرن.

**٢- وردبینی و زیرەکی (الدقه والذکاء)**

مەبەست لەم خاڵە ئەوەیە کە عەدەد بێتەل ئەو کارەی ئەنجامی دەدات وردبینی و زیرەکی خۆی تێدا بەکاربهێنێ بۆ تێگەیاندنی بەرانبەرەکەی، نمونەشم بۆ ئەمە یەکێك لەعەدەد بێتەلەکانمان (مەلا بەهادین) لەکاتی دابەزینی هێزەکان لە راپەڕین پرسیارم لێکرد وتم: "گەیشتونەتە کوێ؟" ئەویش لەوەڵامدا وتی::دوو فیشەك بنێ بەئاسمانەوە!" واتە تەق تەق، زۆر عەدەد بێتەلی تریشمان ئەم جۆرە وریایی و زیرەکیەیان بەکارهێناوە.

٣- کورتی (الایجاز) واتە چەند دەتوانی بروسکە کورت و پر واتا بێت چاکترە و پەیوەندی و گەیاندنەکەت کۆتایی پێ بهێنی و لەهەمان کاتیش نابێ بروسکە وا کورت بکرێتەوە کە واتای سەرەکی تێکبچێت و بەرانبەر لێی تێنەگات.

٤- نهێنی پارێزی و گەیاندنی بروسکە بەسەلامەتی (الامن والحفاظ علي سلامة البرقيات) ئەم خاڵە یەکێك بووە لە کۆڵەکە و بنەماکانی بێتەلی یەکیتیی نیشتیمانی، عەدەد بێتەلەکان زۆر نهێنی و زۆر بروسکەی سەرکردەو فەرماندەکانیان دەزانی، بەڵام درکاندنی نەبوو لای نزیکترین و خۆشەویستترین کەس تەنها ئەو کەسەی بروسکەکەی بۆ دەکرا ناوەڕۆکی دەزانی لەگەڵ عەدەد بێتەلەکە.

٥-گرنگیدان بە کات رۆژو شوێن و ژمارە، ئەم خاڵە بەنمونەیەك ڕووندەکەمەوە کە یەکێ لەعەدەد بێتەلەکانی سنوری مەڵبەندی ٤ی جاران رووی دا بەناوی ......کاك کۆسرەت بروسکەیەك دەکات بۆ تیپەکانی ٨٦و٨٧ کە هێزێك ئامادە بکەن کە ژمارەی لە(١٥٠) پێشمەرگە کەمتر نەبێ بۆ کارێکی تایبەت بەهەموو چەکە قورسەکانیانەوە و بەخۆیان فەرماندەکانیانەوە بپەڕنەوە بۆ سنوری مەڵبەند، بەڵام عەدەد بێتەلەکە لەبەر پەلەپەلی و زوو جێبەجێکردنی بروسکەکە، سفری سەدو پەنجاکەی پەراندبوو لەکاتی کردنە شفرە دا کرابوو بە (١٥) پێشمەرگە لەگەڵ فەرماندەکانیان، بەڵام لەراستیدا ئەوە هەڵەیەکی کوشندە بوو، چونکە ئەو هەموو فەرماندەیە بەناو سەدان رەبیەو مۆڵگەو سەربازگەی دوژمندا تێدەپەڕن و لەچەندین جادەی سەرەکی دەپەڕنەوە، کاتێ دەگەنە مەڵبەندو دەچنە لای بەڕێز کاك کۆسرەت ئەڵێن ئەوە ئێمە (١٥) کەس هاتووین، بەڕێزی پێی سەیر دەبێت، بانگی عەدەد بێتەلەکە دەکات و بۆ دڵنیابوون لەوەی کە خۆی نووسیویەتی، بەڵام عەدەد بێتەلەکە هەڵەی کرد بوو دانی بەهەڵەکەی دانا، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەر لەسەرکاری بێتەلی لابراو لەگەڵ ئەوەشدا دواتر بوو بەیەکێك لە عەدەد بێتەلە پارتیزانە خۆراگرەکانی دەشتی هەولێر.

٦-بەکارهێنانی کورتە وەڵام، مەبەست لەم خاڵەش ئەوەیە کە بروسکەیەکی درێژت بەنهێنی و شفرە نارد واچاکترە وەڵامی ئەو بروسکەیە کورت و بەکراوەیی بدرێتەوە وەك: (بروسکەتان ژمارە ٨٩١ باشە بەسەرچاو) ئەمەش وا لە دوژمن دەکات کە نەزانێ وەڵامی کام لەو بروسکانەیە کە نێردراوە.

٧-دوژمنت بکوژە بەوەڵامنەدانەوەی، مەبەست لەمەش ئەوەیە هەرکاتێك عەدەد بێتەل سەرقاڵی بروسکە ناردن و وەرگرتن خەڵکێکی نەناسراو دێتە سەر ئەو شەپۆلەی کاری لەسەردەکەیت یا قسەت لەگەڵ دەکات یا جنێو ئەدات، یا تەشویشت دەخاتە سەر، لەو حاڵەتاندا پێویستە عەدەد بێتەل یەکسەر بێدەنگ بێت و قسە نەکات، بۆ نمونە بڵێت (١٠) خولەك وەستان، ئەم حاڵەتە لە پەیوەندی سەربازیدا زۆرجار بەکاردەهێنرێ، بەڵام لای ئێمە پێشمەرگە زۆرجار گوێمان نەداوەتێ و شەڕە قسە رووی داوەو کاتی لێگرتوین، زۆرجاریش ئەوەی هاتۆتە سەرخەتەکەمان بەقسەی خۆش وامان لێکردووە بروات.

٨- ئاگادار بە دوژمن گوێت لێدەگرێ (إحذرالعدو يتصنت)، پێویستە عەدەد بێتەل بەردەوام ئەوەی لەبیربێت کە کەسان و دوژمنێکی هەیە گوێی لیدەگرن، لێرەدا نمونە دەهێنمەوە چۆن توانراوە وا لەدوژمن بکرێت کەوازت لێ بهێنی، لەشەڕەکانی بیتواتەی ساڵی ١٩٨٣ کاتێ هەڤاڵ مام جەلال بەکراوەیی

قسە لەگەڵ کاك شەوکەتی حاجی موشیردا دەکات و تەوجیهاتی دەداتێ و پێیدەلێ "هەوڵبدەن مەخزەنی عتادەکەیان بگوێزنەوە" بێگومان دوژمن گوێی لەقسەکانیان گرتووە بۆیە کەوتۆتە بۆردومان کردنی پێشمەرگەکان بە فرۆکەی پیلاتۆس [٥٥] و پێشمەرگەکانی زۆر سەخڵەت کردووە، کاك شەکەوت کە وەڵامی جەنابی مام جەلال دەداتەوە و دەڵێت هەموو رێنماییەکانت جێبەجێ دەکەین بەسەرچاو بەڵام بەداخەوە مەخزەنی عتادەکە بە بۆردومانی فرۆکەکان تەقیوەتەوە، لێرەدا جەنابی مام جەلال لەکاك شەوکەت تووڕە دەبێت، کاك

---

[٥٥] پیلاتۆس جۆرە فرۆکەیەکەیەك بوو لە ناو هێزی پێشمەرگە بە هەنتەر ناسرابوو بەپێی هەندێ زانیاری دروستکراوی سویسرایە و بۆ کاروباری ڕشاندنی کشتوکاڵی بەکاردەهێنرا بەلام ڕژێمی عیراق گۆڕانکاری بەسەردا هێنا بوو لە ژێربالەکانیدا ڕۆکێتی مینی کاتیوشای لێبەستبوو لە دژی هێزی پێمەرگە بەکاری دەهێنا.

شەوکەتیش هیچ قسە ناکات دواتر بەنامەیەك ئاگاداری بەڕێزی دەکاتەوە کە ئەو قسەیەی کردوومە وانەبووە مەخزەنی عتادەکەمان رزگار کردووە، ئەوکاتە بۆردومانێکی زۆری پیلاتۆسەکانمان لەسەربووە بۆیە وام ووتوە.

ئەم نمونەیەی تریش سەرەتای دروست بوونی تۆری بێتەلی کورت مەودا رووی داوە:-

* ساڵی ١٩٧٨چۆن دوژمن توانیویەتی فێڵ بکات بۆ ئەوەی شپرزەت بکات؟

بەهۆی قسەکردنی کراوە بەبێتەل لەگەڵ یەکتردا بەفێل، بە ڕێکەوت دوو عەدەد بێتەلی دوژمن بەیەکەوە قسە دەکەن دەڵێن: ئەوە ئێمە سەردەکەوین بۆ شاخی مامەندەو ئەمشەو هێرشی بۆ دەکەین فەرماندەکەمان وتویەتی بەهەر نرخێك بێت دەبێت لە (مخەڕبین) پاکی بکەینەوە، لەوکاتە تەنها PRC))یەك لەسەر شاخ دەبێت، عەدەد بێتەلەکە کەگوێی لەم قسانە دەبێت و بەپەلە ئاگاداری PRCیەکەی بارەگای کاك نەوشیروان دەکاتەوە و ئەوانیش ١٥-٢٠ پێشمەرگە خۆیان ئامادە دەکەن و بەپەلە سەردەکەون بۆ سەر شاخ پێیاندەوترێ ئێوە بەرەنگاریی دوژمن بکەن تا هێز بەفریاتانەوە دێت، بەڵام تا بەیانی لەسەر شاخ دەبن و کەمین دەردەکەن و ئیجرائاتی پێویست دەکەن تا رۆژی دواتر هیچ روونادات! بۆیە دەگەڕێنەوە خوارەوە. ئەمە دوو نمونەی جیاواز بوو هەم گوێگرتنی دوژمن لەبێتەلەکانمان هەم گوێگرتنی خۆمان و گەڕان بەناو شەپۆلەکاندا کە دوژمن مەبەستی بووە فێلت لیبکات بۆیە دەتوانرێ بەبێتەل فێڵ لەدوژمن بکرێت، لەبەشێکی تری ئەم کتێبەدا بەدرێژی باسی گرنگی گوێگرتن دەکرێت.[٥٦]

---

[٥٦] دیداری تایبەتی لەگەڵ کاك حەمە سەعید ئەمەی بۆباس کردم

## چەمکی پەیوەندی کردن و گەیاندن

* گەیاندن چالاکیەکی سروشتی یە زنجیرەکەی لەسەرەتای هاتنە دنیای مرۆڤەوە دەست پێدەکات، لەو کاتەوەی منداڵ لەدایك دەبێت دەست دەکات بەگریان و هاوارکردن. گەیاندن وەك لایەنی زمانەوانی بریتییە لە یاسا – شێواز (اسلوب) –فەرمان – رۆشنبیری، وەك هۆیەکیش بریتییە لە ناردنی زانیاری – ئاگادارکردنەوە – پڕکردنەوەی زانیاری (إملاء المعلومات)، هەروەها گەیاندن زۆر گرنگە بۆ بەردەوام بوونی ژیان.

* گەیاندن ئەو کردارەیە کە تایبەتە بەناردنی زانیاری بۆ بەرامبەرو تێگەیاندنی بەهۆی بەکارهێنانی هێمای بینراو نەبینراو لەنێوان دوو لایەندا، گەیاندن بۆهەرلایەن و رێکخراوێك وەك ئەو خوێنە وایە کە لەلەشی مرۆڤدا دێت و دەچێت.هەردوو وشەی گەیاندن و پەیوەندیکردن پێکەوە بەستراون، بەلآم پەیوەندی کردن بەمانای پەیوەندی لەگەڵ یەکیکی تردا دێت، ژن و مێردایەتی جۆرێکە لەپەیوەندی توندوتۆل لەنێوان دوو کەسدا کە ژن و پیاوەکەیە، پەیوەندی نێوان دەزگایەك و دەزگایەکی تردا، دەوڵەت لەگەڵ دەوڵەتێکی تردا بۆ نمونە: پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەت چەند بابەتێك لەخۆدەگرێت وەك پەیوەندی بازرگانی، پەیوەندی رامیاریی، پەیوەندی سەربازیی، بەلآم کە ئامێرێك لەو پەیوەندی کردنە بەکارهات پێیدەوترێت گەیاندن.

فەرمانگەیەك یا بەڕێوەبەرایەتییەك بەڕێوەبەری هەیە، فەرمانبەرەکان چۆن و بەچ شێوەیەك پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەرەکە دەکەن ئەو پەیوەندیانە بەهۆی نووسراو یا راستەوخۆ چاویان بەیەکتری دەکەوێ یا بەهۆیەکی گەیاندن ئەم کارە ئەنجام ئەدەن، بێگومان چ بەنووسراو بێت یا بەهۆی ئامێرێکەوە بێت، پێیدەوترێ گەیاندن، چاوپێکەوتنیش پەیوەندیکردنە.

لەسوپایەکی گەورەی ژمارە زۆرو بێ شوماری وەکو سوپای عێراق هەر بەتەنها نەدەتوانرا پەیوەندی کردنی نووسراو و نامەو چاوپێکەوتن کارەکان بەڕێوەببرێت،

بۆیە چەند هۆیەکی گەیاندنی جۆراوجۆریان بەکارهێناوە لەوانە بێتەلی VHF و HF و تەلەفۆن و تەلەفۆنی باتل فیلد و رادیۆ ریلی ئامێری چاپکردنی کاغەزیی و فاکسمیل و دواتر تلیکس، بۆ کۆنترۆل کردنی ئەو سوپایە هەریەك لەم هۆیانەی گەیاندن نهینی تایبەتی خۆی هەبووە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر کە پلەو پایەی بەرزتر بووبێت، بەکورتی زۆر جار فەرماندەو سەرکردەکانمان ئاگاداریان کردووین پەیوەندی بکەن بە کاك فلان، ئێمە گەیاندومانە. چەمکی پەیوەندی کردن و گەیاندن زۆر لەمە فراوانترە کە ئێمە لێرەدا باسمان کردووە ئەمەی لێرەدا باسمان کردووە بابەتێکی زۆر کەمە دەربارەی چەمکی گەیاندن و پەیوەندیکردن.

گەیاندن و پەیوەندیکردن لەراستیدا دوو چەمکن یەکەمیان چەمکی ئیداری و بەڕێوەبردن کە بریتییە لە هەڵبژاردن و دۆزینەوەی کەسانی دڵسۆزو خوێندەوار و وریا کە توانای هەبێت بۆ مانەوەو پارێزگاری لەنهێنیەکان و کەلوپەلی بەردەستیان و گەڕان و بەدوای سیستەمی نوێی مۆدێرنی گەیاندن و پەیوەندی کردن، کە لەگەڵ رەوتی سەردەم بڕوات و دوا نەکەوێت لەخێرایی گەشەکردنی گەیاندن و پەیوەندیکردن، جگە لەوەش پێویستی بەسیستمێکی جیاوازی دارایی هەیە وەك(هاندان و پاڵپشتی دارایی کەسەکان)تا بتوانرێت ژیانی کەسەکان دابینبکرێت و نەبنە هۆی خەڵەتاندن لەلایەن دەزگا هەواڵگریەکانەوە، ئەوەی سەردەمی شاخ تەنها بەڕێوەبردن و(ضوابط) بوون لەگەڵ دڵسۆزی و گیانفیدایی، ئامێرەکانیش ئەوانەبوون کەلەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دەگیران و بەکاردەهێنرانەوە لەگەڵ ئیمکانیەتێکی چاکسازی بۆ ئەو بێتەلانەی خراپ دەبوون.

چەمکی دووەمیش بواری سەربازییە کە چۆن بتوانیت ئەو ئامێرانە لەمەیدانە سەربازیەکان بەکاربهێنی و دابەشیان بکەیت بەگوێرەی گرنگی ناوچەکان و شوێنە هەستیارەکان، ئەویش پێویستی بەسیستمێکی توندی چاودێری و سەرپەرشتی کردن هەبوو، چونکە لەهەموو دۆخەکان دا پێویست بوو ئاگاداری

ئەوەبیت کە خەڵکانێك و دەزگایەکی بەهێز و ئەزموندار، بەشداری خولی راهێنان بوون، لەولآتانی ئەوروپا کاریان ئەوەبوو گوێبگرن و چ زانیاریەکیان دەستدەکەوێت سودی لێوەرگرن و دژی خۆمان بەکاریبهێننەوە لەو چەمکەیاندا دەتوانم بڵێم بەشانازیەوە باسی بکەم کە توانیمان بەهیمەت و دڵسوزی کاك بەختیار و بەندە و هیمەت و دڵسۆزی ئەندازیارو کادیرانی بێتەل و لێبڕاوییان توانیمان بەرەنگاریان ببینەوە و نەهێڵێن بەهیچ شێوەیەك سوودمان لێوەربگرن و ناڵێم بە شێوەیەکی رەها سوودیان وەرنەگرتووە، بەلکو تەنها قسە کراوەکان و هەندێك جار هەڵەی هەڤاڵانمان و سەرپێچیکردنیان لە رێنماییەکانمان ئەوەش لەهەموو دەزگایەك بەرچاو دەکەوێت.

هەرلەو چەمکەش دیسان دەڵێم بەهیمەتی کاك بەختیار مستەفا و دواتر بەندە توانیمان بەشفرە ئەگەرەییەکانمان سەر لەدوژمن تێکبدەین و دەستەوەستانیان بکەین، ئەویش دیسانەوە بەهاوکاری و هیمەت و زیرەکی و لێهاتویی و دڵسۆزی و نیشتیمانپەروەری عەدەد بێتەلەکانمانەوە بووە.

دوای راپەڕین لەلایەن چەند هەڤاڵ و دۆستێکەوە کە کاتی خۆی لەیەکەکانی (گوێگرتن- إنصات) بوون لای رژێمی بەعس زانیاریان پێدان کە زۆرجار فەرماندەی ئەو یەکە گوێگرتنانە جەختیان کردۆتەوە کە ئەوانەی سەرپەرشتی تۆڕی پەیوەندی بێتەلی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەکەن کەسانێکی پسپۆرو شارەزان لەبواری گەیاندن و پەیوەندی کردن و خولی راهێنانیان لەولآتە ئەوروپییەکان دیوە، بەلأم بۆ مێژوو کاك بەختیار مستەفا دەرچووی ڤێرتەرنەری و بەندەش دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان، ئەوانەی کاری بێتەلیان پێ دەسپێردرا نە لەسەربازی خولی گەیاندن و پەیوەندی کردنمان دیبوو نە پسپۆڕ بووین بەڵکو پڕەنسیبی (الحاجه أم الاختراع) پێویستی دایکی داهێنانە واتە خۆمان داهێنەر بووین لەو بوارەدا.

## جۆرەکانی پەیوەندی کردن

چەند جۆرێکی گەیاندن لە دەوڵەتی عێراقی دروستکراو پەیڕەوکراوە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاکو هاتنی ڕژێمی بەعس کە هەموو ئەم گەیاندنانەی کۆنترۆڵ کردبوو تەنها کەسانی سەربەخۆیان لەسەرپەرشتی کردن و بەشداری کردن لەخولەکانی گەیاندن لەوڵاتانی پێشکەوتووی وەك فەرەنساو ئینگلترا و تەنانەت ئەمریکاش بەشداری پێدەکرد، بەمەش ئەزمونێکی زۆر باشیان لەو بوارەدا وەرگرتووە و تەنانەت نەیانهێشتوە هەندێك کتێب لەسەر گەیاندن بکەوێتە بازارەوە ئەگەر هەشبوبێت ئەوەندە زانیاری بەسودی تیدا نەنوسراوە کە خوێنەر سودی لێ وەربگرێت، کە بۆ لیکۆلینەوە بەسوودبێت و تەنها بەشێوەیەکی سنووردار لەناو دەزگاکانی خۆیان ماوەتەوە، بەڵام ئەوەی ئێمەی پێشمەرگە سودمان لێ بینیوە تەنها نامێلکە سەربازیەکان بوو کە بەهۆی ڕێکخستنەکانەوە یا لە کاتی گیرانی بارەگای لیوایەك یا فەوجێك دەست پێشمەرگە دەکەوتن و بۆیان دەناردین، بەشێوەیەکی گشتی ڕژێمی عێراق سوودی لەم جۆرە گەیاندنانە وەرگرتووە.[٥٧]

١- گەیاندنی ناوخۆیی ئەویش ئەمانە دەگرێتەوە (الاتصالات الداخلية).

أ- گەیاندن لەنێوان پۆلیسی ناوخۆ.

ب- گەیاندن لەنێوان پۆلیسی هاتووچۆ

ج- گەیاندنی ئاسایش کە ٣ بەش دەگرێتەوە (ئاسایش - ئیستیخبارات - موخابەرات).

---

[٥٧] بەپێی چەند ڕاپۆرت وسەرچاوەیەك کاتی خۆی بۆ بەشەکەمان هاتوون و سودم لێوەرگرتون و تۆمارن کردبون بەلام بەهۆی خیانەتی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ وە ئەوبەلگانەم بەدەستەوە نەما تا وەك بەلگە بیخەمە ڕوو.سودیشم لە زانیاری هەندێ ئەفسەری کۆلیژی سەربازی قەڵاچوالانیش وەرگرتووە.

### أ- گەیاندنی پۆلیسی ناوخۆ

لـــە ڕووی ئیداریـــەوە ســـەر بـــە وەزارەتـــی ناخۆیـــە، لەشـــارە گەورەکانـــدا بەڕێوەبەرایـــەتی گشـــتیی پـــۆلیس هەیـــە بـــۆ بـــەڕێوەبردنی کاروبـــاری خـــەڵك، لـــە هەمانکاتدا لەرێگای بێتەلەوە پەیوەندییان بە وەزارەتەکەیان و بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی ترەوە هەبووە.

تەلـەفۆن، تەلـەفۆنی موجەفـەر کـە وەزیـر خـۆی لـە هەنـدێك بـاری نائاسـاییدا بەکاریهێناوە لەگەڵ سەرۆك کۆماردا، زۆربـەی بێتەلـەکانیان موجـەفیرەی لەگـەڵ دا بـووە، بـۆ نـاوخۆی شـارەکانیش بێتـەلی جـۆری UHF،VHFیـان بـەکارهێناوە، هەروەها شفرەشیان بەکاردەهێنا لەپەیوەندیەکانیاندا.

### ب- گەیاندن لەنێوان پۆلیسی هاتووچۆ

ئـەویش بەهـەمان شـێوە سـەر بـە وەزارەتـی نـاخۆ بـو لەشـارە گەورەکانـدا بەڕێوەبەرایەتی گشتییان هەبووە، پەیوەندیان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکانی تردا هەبوەو لەرێگای بێتەلی HF کە شەپۆلەکانیان بۆ دیاریکرابوو، لەناو شارو شارۆچکەکانیشـدا لـەنێوان خۆیانـدا بێتـەلی جۆری UHF،VHFیـان بـەکاردەهێنا هـــەروەها بـــەهۆی تەلەفۆنیشـــەوە گەیانـــدنیان ئـــەنجام داوە و زۆرجـــار وشـــەی شفرەکراو یا وشەی نهێنییان لەنێوان خۆیاندا بەکاردەهێنا.

### ج- گەیاندنی ئاسایش

*- ئاسایش (أمن)

ئەوانیش لـە رووی ئیداریـەوە سـەر بـە وەزارەتـی نـاوخۆن، بـەڵام لـە سـەردەمی بەعس جۆرە سەربەخۆیی و دەسـەڵاتێکی زیاتریـان پێـدرابوو، بەڕێوەبەرایەتیـەکی ئەمنی عامەیان هەبوو و لە زۆربـەی شـارەکانیش بەڕێوەبـەراتیان هـەبوو، هـەروەها چەندین لق یان هەبووە لەگـەڵ (مکتب تنظیمـات)مەکتـەبی رێکخسـتن کـە سـەر بـە

سەرکردایەتی ناوچەی باکور (قیادة المنطقةالشمالیة) بوون، ئەمانە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ یەکتری چەندین دەزگای پێشکەوتووی گەیاندنیان لەبەردەست بووە، لەوانە بێتەلی VHF و موجەفیرەو دەزگای بێتەلیHF،UHF هەندێك جار بێتەلە کورت مەوداکانیانشیان موجەفیرەی پێوەدەبەسترا، هەوەها ئامێری چاپی بروسکە (الطابعة البرقیة)و فاکسمێل و هێڵی کابلاتی میحوەری و هێڵی مایکرۆییڤی تایبەت، لەم ساڵانەی دواییش (تلیکیس)یشیان بەکاردەهێنا، زۆربەی کارەکانیان بەنهێنی و شفرەو هیما بووە کە لەبەڕێوەبەرایەتی ئەمنی عامەوە بۆیان دەچوو لەلایەن خەڵکی پسپۆروشارەزاوە کە خولی راهێنانیان لەدەرەوەی عێراق پێ کرابوو بەڕێوەدەبران، هەروەها لەبەرفراوانی دەزگاو پەیوەندیی و کارەکانیان (لوحة محادثاتالعامل و لوحة تحقیق الهویة)یان بەکارهێناوە، هەروەها لەشارە گەورەکانەوە بۆ شارە بچوکەکان لە رێگای کابڵی میحوەری هێڵی تەلەفۆنی مایکرۆی تایبەت و زۆر جاریش رادیۆ ریڵی و دەزگای بێتەلیHFیان بەکاردەهێنا، ئەم تۆڕە بێتەلانە هەمووی لەخزمەتی دام دەزگاکانی ئاسایشیی رژێمدا بوو، بۆ ئەوەی هیچ زانیاریەك نەمێنێ نەگاتە دەستی سەرکردایەتی گشتی باکوور کە بارەگاکەی لە کەرکوك بووە، ئەوان لای خۆیانەوە خۆیان گەیاندویانە بەسەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان و وێنەشی دەدرا بە سەرۆك کۆمار، لەگەڵ ئەم بەشە ئاسایشی ئابووریش هەبوو ئەمانیش هۆیەکانی گەیاندنیان لەنێوان خۆیاندا بەکارهێناوە چ بەتەلەفۆن بوبێ چ بەهۆی بێتەلی UHF،VHF بووە.[٥٨]

*- ئیستیخبارات – هەواڵگری

ئەمیش دوو جۆر بووە" مەدەنی و سەربازی، ئەمانە یەکێك بوون لە دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رژێمی بەعس و تاڕادەیەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆیان هەبوو،

---

[٥٨] هەمان سەرچاوەی پێشوو

چەندین ئەفسەری پایە بەرزی سوپا لەم بوارە دا کاریان پێ سپێدراوەو بەشداریی چەندین خولی راهێنانیان لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پێکراوەو شارەزاییان لەبواری ئیستیخباریدا پەیداکردووە، لەیەکە سەربازیەکانیشدا چەندین ئەفسەر بە پلەی جۆراوجۆر سەرپەرشتی یەکەکانی گەیاندنیان پێ دەسپێردرا بۆ پەیوەندی کردن، چەندین هۆی گەیاندنی پێشکەوتویان لەبەردەستدا بووە هەرلە بێتەلی جۆری HFو موجەفیرەو بێتەلی جۆری VHF،UHFو چاپکەری بروسکەو فاکس تا تلیکس و (تلفون مشفر) تەلەفۆنی کۆدکراو لەنێوان سەرکردەکانیان و سەرۆکایەتی ئەرکان و سەرۆکایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان، چەندین مەفرەزەی (إستطلاع) گەڕان و چاودێری بۆ ناو ئێران بەکاردەهێنراو تەنانەت جارێکیان کاك جەبار فەرمان مفرەزەیەکی لێگرتن کە بێتەلیکی ڕاکاڵی موحسەنیان پێ بوو، زۆربەی یەکەکانی گوێگرتن ئەفسەری ئیستیخبارات سەرپەرشتیان دەکردو زۆربەی شیفرەو کۆدی موجەفیرە لەلایەن ئەو دەزگایەوە دادەنرا بۆ یەکە سەربازیەکان، چەند جۆرێکی تری ئیستخبارات هەیە وەك ئیستخباراتی جوگرافی، ئیستخباراتی تەکنۆلۆژی ئیستیخباراتی تەکتیکی کە ئێرە شوێنی باس کردنیان نییە.[٥٩]

### * موخابەرات

یەکێکی تر لەدەزگا بەدناوەکانی رژێمی بەعس کە تایبەت بووە بە ئاسایشی نەتەوەیی و زۆر لە دەوڵەتە عەرەبیەکان و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا ئەم جۆرە دەزگایانەیان دروست کردووە بۆ خزمەتی ئاسایشی نەتەوەییان بەناوبانگترینیان (سی ئای ئەی ئەمریکی، کەی جی بی سۆڤێتی، مۆسادی ئیسرائیلی موخابەراتی فەرەنسی و ئیتالی و ئیم ١٥ی بریتانی و ساواکی ئێرانی سەردەمی شا، میتی

[٥٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو

تـورکی و گسـتابۆی ئـەڵمانی سـەردەمی هیتلـەر.....هتـد)، هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و سوپاکەی لەسەردەستی ئینگلیزەکان ئەم دەزگایە دامەزراوە، بەڵام لەسەردەمی بەعسیەکان ئەم دەزگایە زۆر گرنگی پێدراوە و پارەو بودجەی زۆری بۆ تەرخان دەکرا، چەندین ئەفسەری پایەبەرزی عێراق دەنێردران بۆ ولاتانی ئەوروپا وەك ئینگلترا، فەرەنسا ئیتاڵیاو تەنانەت ئەمریکاش بۆ بینینی خـولی راهێنـان و شـارەزابوون، لـە زۆربـەی سـەفارەتەکانی عێـراق لـە دەرەوە ئەفسەریان هەبوو بۆ چاوەدێری کردنی پەنابەرە عێراقیەکان و بەرهەڵستکارانی کـوردو شـیعەو هـەر کەسـێك دژی رژێـم بوایـە، گـەر بەهەڵـە نەچـووبم زۆربـەی ئەفسـەرەکانی گـاردی کۆمـاری سـەربەم دەزگایـە بـوون، دەزگـاو ئامێرەکـانی موخابـەرات زۆر پێشـکەوتووتر بـوون لـە هـی ئـەمن و ئیسـتخبارات، تەنانـەت لـە جەنگی کەنداوی یەکـەم توانیویانـە گـوێبگرن لـە گفتوگـۆی تەلـەفۆنی سـەتەلایتی نێوان میری بەحرێن و کویت.[٦٠]

## ٢- گەیاندنی سوپا - الاتصالات العسكرية

ئـەم جـۆرە گەیاندنـە لەلایـەن رژێمـی عێراقـەوە زۆر گرنگـی پێـدراوە هـەر لەسەرەتای دامەزراندنی سوپای عێراق لەساڵی ١٩٢١، یەکەم کەتیبەی موخابەرە دمەزراوە، سەرەتا زۆربەی دەزگا بێتەلەکانیان دروستکراوی ئینگلیزی و ئەمریکی بوون. رژێمە یەك لەدوا یەکانی عێراق بەتایبەت رژێمی بەعس گرنگی زۆری بە گەیاندن و پەیوەندی کردن داوە، هەر بۆیەش کەوتە گۆڕانکاری لەو دەزگا کۆنانە و هـاوردەکرنی دەزگـای بێتـەلی مـۆدێرنی تـر وەك ڕاکـاڵی ئینگلیـزی و تومسـۆنی فەرەنسـی و بێلـی هینـدی، ئـەو گۆرانکاریـە دەزگـای پۆلیسـی عێراقیشـی گرتـەوە لەشەسـتەکانی سـەدەی رابـووردو، هـەروەها لـە باڵیۆزخانەکانـدا دەزگـای بێتـەلی

[٦٠] هەمان سەرچاوەی پێشوو

کینـۆد بـەکارهێنراوە، هـەروەها پۆلیسـی هاتووچـوو، بەڕێوەبەرایەتیـەکانی وەك کشتوکاڵ و بەنداوەکان و زۆر دەزگای تر، لە هەشتاکانی سەدەی رابودوو رژێمی بـەعس پەیوەنـدی بازرگـانی لەگـەڵ وڵاتـانی وەك یوگسـلافیای جـاران و ئیتاڵیـاو سویدو چین باشتر کردبوو کە چەندین جۆری بێتـەلی کورتمـەودای VHF،UHFی لـێ دەکڕین بـۆ نـاو تانك و زرێپـۆش و رەبیـەکانی، زۆرجـار لـەو دەزگایانـە دەست هێزی پێشمەرگە کەوتوون، لەگەڵ دەستپێکی شەڕی عێراق –ئێران رژێمی بـەعس چەندین جۆر دەزگای مـۆدێرنی هێنایـە عێراقـەوە و خسـتیە خزمـەت سـوپاکەیەوە لەوانە: موجەفیرەو تەلەفۆنی موشەفەر و رادیۆریلەی.... هتد.

### ٣- گەیاندنی دەریایی – الاتصالات البحریە

ئەم جۆرە گەیاندنە لەلایـەن هێـزی دەریـایی عێراقـەوە بەکارهێنراوە و بێتـەلی جۆری HF، VHF، UHF یـان بـەکارهێناوە، لـەنێوان یەکـە دەرياییـەکانی سـوپای عێـراق هێمـاو شـفرەی تایبـەت بـەخۆیان هـەبووە و سـەر بـە سـەرکردایەتی هێـزە دەرياییـەکان و بـەرگری کـەنارەکان (قیـادە القـوات البحریـة والـدفاع السـاحل)ی سەرۆکایەتی ئەرکانی وەزارەتی بەرگری بوون.

### ٤- گەیاندنی ئاسمانی - الاتصالات الجویە

ئـەم جـۆرە گەیانـدن و پەیوەندیکردنـە لەلایـەن هێـزە ئاسمانیـەکانی عێراقـەوە گرنگی پێدراوە، هەر فرۆکەیەك جۆرە سیستەمێکی گەیاندنی تایبەت بەخۆی تیدا بـووە لـە VHF، UHF، ئەمـەش لەبـەر لایـەنی ئـەمنی، فرۆکـە جەنگیـە پێشـکەوتووەکانی عێـراق کـە سیسـتەمێکی مـۆدیرنی تیـدا بـووە، هێمـاو کـۆدی تایبـەت بـەخۆیان هـەبووە، لەسـەر زەویـش چـەندین جـۆری بێتـەلی وەك شـینوا بـەکاردەهێنرا بـۆ رێنمـایی کـردن و ئاگادارکرنـەوەیان لـەبوونی فرۆکـەی بیـانی لەئاسمانی وڵاتدا، کە هەموویان سەر بەوەزارەتی بـەرگری و سـەرکردایەتی هێـزی

**ئاسمانی(قیادة القوات الجویة)بوون و راستەوخۆ سەر بەفەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان بووە، هەروەها چەندین جۆر پەیوەندی فرۆکەوانی هەیە:[٦١]**

**أ- لەزەوی بۆ زەوی ئەو پەیوەندییانەی ئێمە جێبەجێمان دەکرد لەوجۆرە بوو.**

**ب - زەوی بۆ ئاسمان**

**ج - ئاسمان بۆ زەوی**

**د- ئاسمان بۆ ئاسمان یا هەوا بۆ هەوا**

**بۆ نمونە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەساڵی ١٩٨٧دا توانییان بێتەلێکی جۆری تۆمسونی فەرەنسی وبێتەلێکی جۆری شینوای ژاپۆنی و(مجس جوی ٥٨)یەك لەیەکێك لە رەبایەکانی سەری سارا بگرن بە هەموشتێکەوە کە رێنمایی فڕۆکە عێراقیەکانی دەکرد.[٦٢]**

---

[٦١] بۆ ئەم بەشە سەرچاوەی وام دەست نەکەوت بۆیە پەنام بردە بەرچەند ئەفسەرێکی عەرەب و کورد لە کۆلیژی سەربازی قەڵاچوالان لەوانە رائیدی ئەندازیار تەحسین کاکەیی و چەند موقدەم و عەقیدێك کە نەیانویست ناوەکانیان بنووسم لەبەر لایەنی ئەمنی خۆیان.

[٦٢] مەجەس جەوی دەزگایەکی بێتەلی VHF، شەپۆلەکانی لە نێوان و١٤٥٠٠٠و١٤٦٠٠٠و ١٤٧٠٠٠دا بوو لەسەر شەپۆلێکیان دەنارد و لەسەر شەپۆلێکیان وەریان دەگرتەوە بەتایبەت بۆ فرۆکە هەلیکۆپتەرە جەنگیەکان و پیلاتۆسەکانی رژێم کە بۆ بۆردومان کردن و هێرش کردنە سەر پێشمەرگە لەکاتی شەڕەکانیان لەگەڵ سوپادا.

٦٥-ئەو بێتەلانەی کە ئارەزوومەندانە بەکاریان دەهێنا دەزگای بێتەلی جۆري HF بۆ وڵاتە دوورەکان و VHFیش بۆ ناوخۆ بەکاردەهێنرا زۆرجار بەفریای خەڵك دەکەوتن لەکاتی روودانی کارەسات دا. بێتەلەکانیان جۆری کینۆد، یاسۆ، ئایکۆم، درێك و چەندین جۆری تربوون، کە تواناکانیان یەك تا دوو کیلۆ وات تێپەری نەدەکرد ئەنتێنای (هەوائی) تایبەت بەخۆیان هەبوو، ئەو شەپۆلانەی کاریان لەسەردەکرد دیاری کراو بوو وەك شەپۆلەکانی٧٠٠٠تاکو٧٥٠٠ ١٤٠٠٠تاکو ١٤٥٠٠ و ٢١٠٠٠تاکو ٢١٥٠٠ و ٢٨٠٠٠تاکو ٢٨٥٠٠. لە هەندێ وڵاتی عەرەبی وەك میسر، جزائر، کوێت، بەحرێن، ئیمارات، ئوردن هەبوون گوایە لەبەغداش ئەو یانەیە هەبووە، بەڵام بە بڕوای من خەڵکانێك بوون سەر بە ئەمن و موخابەرات. لەسەردەمی شاخ پەیوەندی زۆرم بەو ئارەزوومەندانەوە دەکرد و وەك ئەوەی رێبازی شۆڕش ودڕندایەتی رژێمی بەعس دەرهەق بەگەلی کوردستان هی وایان هەبوو گوێیان لێ دەگرتم هی واشیان هەبوو گوێی نەدەگرت، چەند

**٥- گەیاندنە گەردونیەکان – الاتصالات الفضائیة**

ئەم جۆرە گەیاندن و پەیوەندیکردنە لە بۆشایی ئاسماندا جێبەجێ دەکرێت لەنێوان ئەو کەشتیە ئاسمانیانەی کە دەچنە دەرەوەی بۆشایی ئاسمان لەگەڵ بنکەکانیان لەسەر زەوی، دەزگای زۆر هەستیارن و هەر بەو رێگایەشەوە هەرچی کەموکوڕیەك لەکەشتیەکانیاندا هەبێت چارەسەر دەکرێت، دەزگا بێتەلەکانیان زۆر هەستیارن کەهیچ زانیاریەکی ئەوتۆم نییە دەربارەیان و جۆری بێتەلەکانیان و ئەو شەپۆلانەی کەکاری لەسەردەکرێت و زۆربەیان کۆمپیوتەرین ئەوانەی دەزگای ناسای بۆشایی ئاسمانی ئەمەریکی و نۆڤۆستی روسی و دەزگای فەرەنسی و چینی و هیندی. ئەو کەناڵە ئاسمانیانەی کە لە پاش راپەڕینەوە لە تەلەفزێونەکانەوە سەیری دەکەین بەشێکن لەم گەیاندنە کە بەهۆی مانگی دەستکرد پەخش دەکرێتەوە بۆ گۆی زەوی.

**٦- گەیاندنی ئارەزوومەندانە (اتصالات الهواە)**

ئەم جۆرە گەیاندنە دوای ئەوەی زانای ئیتاڵی مارکۆنی یەکەم گەیاندن و پەیوەندیکردنی ئەنجامدا بۆ ماوەی (٢٢٠٠) میل لەمبەری دەریای ئەتڵەسی بۆ ئەوبەری، ئەمەش وای لە زاناکانی ئەمریکاو ئوستراليا کرد بەهۆی فراوانی رووبەری خاکەکەیان بیر لەو جۆرە یانەیە بکەنەوەو دواتریش لەسەرتاسەری ئەورووپا لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەکارهێنراوە، یانەی تایبەتی خۆی هەبووە کە ئارەزوومەند قسەیان لەگەڵ وڵاتانی دونیادا دەکرد ئەوەش بەپێی ئەو یاسایەی کە بۆیان دانرابوو، نەدەبووایە باسی سیاسەت

---

هەڤاڵێکی تریشم فێری ئەو پەیوەندی کردنە کردبوو ئەم باسەم وەك بیرەوەریەکانی خۆم بەدرێژی نوسیوە.لەکاتی راپەڕین و دوای راپەڕینیش سەردانی ئەوهێڵانەم دەکرد جاربەجار، بەڵام وا پێدەچێ، بەهۆی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و بابەتی تری نوێ کەم بوبێتەوە.

بکرێت تەنها بۆ یەکتر ناسین و ئاڵوگۆری باری کەشوهەواو کارو پیشەو تەمەن و شوێنە گەشتیارییەکانی وڵاتەکانیان و رووداوی گرنگ زۆرجار بانگهێشتی یەکتریان کردووە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، زۆر جاریش ئەو ئارەزوومەندانە بەکۆمەڵ پێکەوە هەوڵی دروستکردنی بێتەلیان داوە، زۆرجار کە قسەم لەگەڵ کردوون وتویانە (Home made)، واتە خۆمان دروستمان کردوە، قسە کردنیش هەر بەئینگلیزی بوو. دوو بێتەلی پێشکەوتووی جۆری ئایکۆمی ٧٤٣ کە لە ئەوروپا کڕدرا بوو یەکیان لای د.کەمال فوئاد بوو ئەوی تر لە کاتی دانوستان لەرێگای د.فواد هێنراوەتەوە، بەڵام ئەوکات و سەردەمە ماوەیەك لای موخابەرات دەستی بەسەردا گیرا بوو، بەڵام بەهۆی دپلۆماسیەتی مام جەلال توانرا لەبن دەستیان بهێنرێتە دەرەو و لای کاك بەختیار هەڵگیرا. لەبیرەوەریەکانم دا خستومەتە ڕوو.

# بەشی چوارەم
# کورتەی مێژووی سەرهەلدانی شفرەو
# شۆڕشی کورد و بەکارهێنانی شفرە

**شفرە چییەو چۆن سەریهەڵداوە؟**

گـەلێك لـە ژیارییـە کۆنـەکان شـفرەیان بـەکارهێناوە بـۆ شـاردنەوەی زانیـاری و ناردنی" لەوانە فیرعەونیەکان، دەوڵەتی رۆمانەکان، بەڵام وەك زانستێکی داهێنـراو دەگەڕێتـەوە بـۆ زاناکـانی بیرکـاری و زمانەوانـە عەرەبـەکان لەسـەردەمی زێـڕینی شارستانیەتی عەرەبەکان، بەناوبانگترینیان فەراهیدی، کیندی، ئەم زانایانە چەند چەمکێکی بیرکاریان داهێناوە وەکو (توافق – تبـادل) و کینـدی چـەند چـەمکێکی تری داهێنا وەك (الاحصـاء والاحتمـالات) ئامارو‌ئەگـەرەکان لـە کردنـەوەی شـفرەدا نوسـینەکانی ئـەم زانایانـە هەشـت سـەدە پـێش نوسـینەکانی باسـکالٚ و فێرمـا کەوتووە.

لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا وشەی (Cryptography) واتە شاردنەوەی زانیاری، بەڵام وشەی تەشفیر لە زمانە ئەوروپیەکانەوە بۆمان هـاتووە لـە وشـەی (Cipher) وەك عەرەبەکان دەڵـێن لـە بنچینەدا لـە وشـەی (صـفر)ی عـەرەبی وەرگـیراوە کـە بـۆ ژمارە بەکاریان هێناوە.[٦٣]

زمـانی مـرۆڤیش خـۆی لەخۆیـدا جۆرێکـە لـە شـفرە، بـۆ نمونـە یـەکێك زمـانی ئینگلیـزی بـاش دەزانـێ و پیتـەکانی دەناسـێ و لێـی تێـدەگات بـەڵام بـۆ ئـەوەی نایزانێ وەك شفرەیەکەو لێی تێناگات.

---

[٦٣] سەرچاوە ئەنتەر نێت.

ئاژەڵ زمانێکی تایبەتی یا جوڵەیەکی تایبەتی هەیە بۆ ئاگادارکردنی یەکتری لەکاتی مەترسیدا، بۆ ئێمەی مرۆڤ شفرەیەکە ئەگەر شارەزاییمان نەبێت دەربارەی ئاژەڵ پەی پێ نابەین.

سیستەمی هێماکانی شفرە نوسین و نوسین بەشفرە کۆنە وەك کۆنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، بەڵام بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا کە لەلایەن گریکەکان و رۆمانەکان و سکرتاریەتی تایبەتی بلۆکراتیاو پۆرجیا بەکارهێنراوە، هەروەها سەد ساڵی رابوردوو لە دەزگا ئاسایشە نهێنییەکانی بەریتانیا بەکارهێنراوە.[٦٤]

شفرە یا بە کوردیەکەی خۆمان (جفرە) زۆر کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕینی ڕێڕەوی جەنگ، بۆ نمونە ئەگەر ئیستخباراتی هاوپەیمانان بەهێزتر نەبونایە ئەوا هیتلەر بەسەریاندا زاڵ دەبوو و لەدووەم جەنگی جیهاندا سەردەکەوت، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە کردنەوەی بروسکەیەکی شفرەکراو یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی زانیاری نهێنی لەجیهاندا، لەم ڕێگایەشەوە بەهۆی سیخورەکانەوە زانیاری باوەڕپێکراو بەدەستدەهێنرێت، ئەم نهێنیەش زۆر گرنگن بۆ حکومەت و حیزب و هەر هێزێکی چەکدار.

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم کارە مێژوونووسێکی ناسراوی نییە، تەنها یەك کتێب نەبێت کە لەلایەن (فلنشەر براتەوە) دانراوە بەناوی (سری وعاجل) نهێنی و خێرا کە دواتر زۆر رەخنەی لێگیراوە، زانستی نوسینی نهێنی یاشفرە یەکێکە لەو بوارانەی کە لە دووەم جەنگی جیهاندا بەکارهێنراوە، بوارە فراوانەکانی و ئەو هەڵانەی کەسانی ناودار کردویانە و ئەو پەندو عیبرەتانە چین لێ ی هەڵێنجراوە؟ هیچ شتێکی لەسەر نەنوسراوەتەوە، بەڵام ئەم ٣ خاڵەی خوارەوەی زۆر بەگرنگ داناوە بۆ هەر کەسێك لەو بوارەدا کاربکات، دەبێت رەچاوبکرێت:

---

[٦٤] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

١- ناردنی بروسکەیەکی کراوە زیانی کەمترە لەوەی بکرێتە شفرەو ناشیانە بنێردرێت، چونکە بروسکە کراوەکە هەرچی زانیاری تێدابێت دوژمن وەریدەگرێ، بەڵام کە کرا بەشفرە ڕێگە بۆ دوژمن خۆش دەکات کە هەر زانیاریەکمان نارد بتوانێت بیانکاتەوەو بیانشکێنێت.

٢- زۆر پێویستە خەڵکی شارەزاو پسپۆڕ لە کردنەوەی شفرەدا لەگەڵ فەرماندەکان، بەتالیۆنەکان، یەکە سەربازیەکان دابنرێ بۆ چاودێری و چۆنیەتی بەکارهێنانی شفرەو ئاگادار بوون لە هەڵەی کوشندە کە بە نەشارەزایی تێیدەکەون و ژیانی هەزارەها کەس دەخەنە مەترسیەوە.

٣- کردنەوەی شفرە یاشکاندنی شفرە یا شیکردنەوەی شفرە پێویستی بەزانیاری پەیداکردنە لەسەر هۆیەکانی گەیاندنی دوژمن (مواصلات العدو اللاسلكيه)و گرێدانی بە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە، ئەمەش ئەنجامی شەڕەکان و جموجۆڵەکان بە دیار دەخەن.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هەر بروسکەیەك بکرێتە شفرە دوژمن کات و شوێنی ڕووداوەکان و گۆڕانکاریەکان بەیەکەوە گرێدەدات و دەبەستێنەوە، هەر ئەمەشە زۆرجار پێیوتراوە شفرە ئاشکرا کردن. بەهێزی شفرەکەش دەکەوێتە سەر ژمارەی ئەو خانانەی بەکاردەهێنرێت بۆ نمونە هەر شفرەیەك لە ٤٠ خانە دروست کرابێت ئەوا هێزی ئەوشفرەیە (bit/٤٠)ە و ئەگەر لە ٥٦ خانە دروست کرابێ ئەوا هێزی شفرەکە (bit/ ٥٦)ە، بەڵام تەکنۆلۆژیای ئێستا لەم بوارەدا گەیشتۆتە (bit/٣٠٠٠) بەڵام حکومەتی ئەمەریکا تەنها ڕێگەی داوە کە شفرەکان لە (bit/١٢٨) زیاتر نەبێت، نمونە بۆ ئەوانەی ئاماژەم پێداوە ئەگەر شفرەیەك ٥٦ خانە بێ ئەوا ٢٢ کاتژمێرو ١٥ خولەکی پێویستە بۆ کردنەوەی واتە ژمارەیەك و ١٥ سفر لە پێشیەوە دادەنرێت، خۆ ئەگەر ١٢٨ خانە بەکاربهێنی ئەوا ئەگەرەکانی کردنەوەی ئەو شفرەیە پێویست بە ژمارەیەك و ٣٦ سفرە.[٦٥]

---

[٦٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لە دەرەئەنجامی لیکۆڵینەوە لەو باسە دەگەینە ئەوەی کە زانستی نوسینی نهێنی (کریپتۆکرافی) یا نووسین بە شفرە وشەیەکی یۆنانیەو پێکهاتووە لە(کریپتۆس) واتە نهێنی و (گراتۆس) واتە نوسین لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێ کەداهێنانێکی یۆنانیەو بەم جۆرە پێناسە دەکرێت: (هونەری ناردنی نامەیە بەشاردنەوەی ناوەڕۆکەکەی و تەنها ئەو کەسەی دەینێرێ و ئەو کەسەی وەریدەگرێ واتا راستەقینەکەی دەزانن و بۆ کردنەوەشی پێویستی بەکلیل هەیە لای هەردوولا ئەگەرنا بێ سوود دەبێت. سەرچاوە ئەنتەر نێت.

## شفرە لە شۆڕشی ئەیلوولدا

ساڵی ١٩٦١ کە شۆڕشی رزگاریخوازی گەلی کورد هەڵگیرسا هەر لە سەرەتاوە توانرا چەندین دەزگای بێتەلی C12،C9 و پای ئینگلیزی،V کەنەدی دابمەزرێت ئەوەی کۆتاییش بۆیە پێی وتراوە ڤی چونکە ئەنتینانەکەی (هەوائی) بەشێوەی ڤی ئینگلیزی هەڵدەدرا، ئەم جۆرە بێتەلانە هەموی بەمۆرس( CW)[٦٦] کاری لەسەردەکرا و زۆربەیان لەو مەخفەرانەی پۆلیس دەگیران یا عەدەد بێتەلەکە بەخۆی و بێتەلەکەیەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکرد، وەك عەریف سلێمان و لیوا کەمال موفتی دەڵێت "ساڵی ١٩٦٢ بەدواوە کە شۆڕش گەشەی کرد بیر لەوەکرایەوە شفرە بەکاربهێنرێ، ساڵی ١٩٦٣-١٩٦٤ شەهید جەعفەر عەبدولواحید لێپرسراوی شفرەی بنکەی شیوەشانی دەشتی کۆیە بووە"[٦٧]

---

CW [٦٦]بە زمانی ئینگلیزی واتە کلیلی مۆرس هەر پیتێك هێمای تایبەت بەخۆی هەیە بونمونە أ =...واتە تتت تا پیتەکانی تریش بەهەمان شێوە بەڵام جیاواز بۆ لەبەرکردن و کارپێکردن ولەسوپای عیراق مەرج بوو هەموو عەدەد بێتەلێك فێری ببێت و لەلای پ.د.ك یش بەهەمان شێوە تا پێش راپەڕین بەکاریان دەهێنا چونکە بێتەلەکانیان سیستەمە کۆنەکان بوو.

[٦٧]چاوپێکەوتنم لەگەڵ لیوا کەمال موفتی.

شەوکەتی مەلا سمایل و ئیسماعیل سەرهەنگ یەکێك بوون لەو کەسانەی کە تاکو ساڵی١٩٧٥ خەریکی شفرە دروست کردن بوون زۆر جار بەڕێز مام جەلال ناوی ئیسماعیل سەرهەنگی بۆ باس کردووم، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە شفرەکانمان دەگۆڕی، دەیوت "زۆر زیرەك بووە لە کردنەوەی شفرەی حکومەت، هەوڵبدە چاوت پێی بکەوێت تاکو فێرت بکات چۆن ئەو شفرانەی دەکردەوە خۆشم قسەی لەگەڵ دەکەم"، بەڕێکەوت جارێك لەو جارانە کە بارەگامان لە هەولێر بوو ساڵی ١٩٩٤هاتە سەردانی بەڕێز مام جەلال و دوای دیدارەکەی ناردی بەشوێنمدا بەیەکتری ناساندین و ئاگاداری کاك ئیسماعیل سەرهەنگی کرد کە دەربارەی کردنەوەی شفرەکانی حکومەت فێرم کات، جارێك چووم بۆ سەردانی پرسیارم لێکرد چۆن شفرەکانی حکومەتتان دەکردەوە؟ بەچ شێوەیەك شفرەکانتان بۆ دەهات یاخۆتان دەتانکردەوە؟ هەرچەندە تەندروستیی باش نەبوو وتی: "زۆرجار خەڵکمان هەبوو بۆی دەناردین بەمۆرس، زۆرجار هەولمّان دەدا ودەماندۆزیەوە، چونکە خۆمان پیشتر لەسوپای عێراق کارمان کردبوو شارەزای شێوازەکەیان بووین دەمانزانی چۆن دەیگۆڕن، زۆر ئاسان مۆرسەکەیانمان ئاشکرا دەکردوئەوەی بن بەڕێمان دەهینایە سەربەڕیّ"، هەر ئەوەندەی بۆ باسکردم چونکە نەخۆش بوو تەمەنی هەبوو، پاشماوەیەك وتیان کۆچی دوایی کردووە.

ساڵی ١٩٦٤ وەك لیوا کەمال موفتی بۆی باسکردم مامۆستا برایم ئەحمەد شفرەی نێوان م.س و کۆمیتەی ناوەندی دروست دەکرد. ئەو کاتە شفرەکان زۆر سادەو ساکار بوون، هەروەها شفرەکانی حکومەتی عێراقیش سادە بوون هەر زوو زوو لەلایەن پێشمەرگەوە ئاشکرا دەکرا ئەوانیش ناچاردەبوون زوو بیگۆڕن.[٦٨]

[٦٨] هەمان سەرچاوەی پێشو.

## شۆڕشی نوێ و شفرە

بەشی بێتەلی (ی.ن. ك) بەهەوڵ و كۆششێكی ماندونەناسانەی كاك بەختیار كەوتە سەرپێی خۆی بەو ئیمكانیاتە كەمەی ئەوكات و بەسترابۆوە بە م.س تا كاتی ئەنفالەكان نزیكەی پەنجا بنكەی بێتەلمان لە سەرتاسەری ناوچە رزگاركراوەكان هەبوو، رۆژانە زیاتر لە (٢٠) پەیوەندیمان بەبنكەكانمانەوە دەكرد لەمەڵبەندو تیپ و شوێنەكانی تر، لەكاتی هێرش پەلامارەكانیشدا شەومان دەخستە سەر رۆژ بێ هەست كردن بەماندووبوون، بەڵام لەبارودۆخی ئاساییدا كارەكە خاوتر بوو، زۆرجار رێنمایی دەكراین و ئاگادار دەكراینەوە كە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بێتەلەكاندا بكەین، چونكە رژێمی عێراق دەزگای ئیستیمكانی بەتوانای وای هەیە، رەنگبێ، شوێنی بێتەلەكان بدۆزێتەوەو بە بۆمب و رۆكێت بۆردومانی بكات، من لەمیانەی ١٩ ساڵ كردنم لەسەر بێتەل شتێكی لەو بابەتە رووی نەدا، بەڵام زۆرجار لەكاتی پەیوەندیكردنمان فرۆكە بۆمباران یان تۆپباران دەستی پێدەكرد و ئێمەش لەبەر سەلامەتی خۆمان و بارەگاو ئامێرەكان، بێتەلەكانمان دەكوژاندەوە، زۆرجاریش گوێمان نەداوەتێ، زۆربەی عەدەد بێتەلەكانمان لەناو شۆڕش و پێشمەرگایەتی فێری بەكارهێنانی بێتەل بووین كەم كەس هەبوو لە رێگای خولی سەربازیەوە یا لەسەربازیی فێری بەكارهێنانی بێتەل بوبێت.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی بەشی بێتەلەوە بیر لەوە كرابۆوە كە شفرە بەكاربهێنرێت لەنێوان بێتەلەكاندا ئەوەش بۆ پاراستنی نهێنیەكانی سەركردایەتی ژیانی فەرماندەو سەركردەكانمان و بەجێ نەهێشتنی هیچ كەلێنێك كە دوژمن و هێزە نەیارەكان لێوەی دزە بكەن، بەتایبەت سوپای عێراق چونكە توانایەكی زۆر و دەزگای مۆدێرنی گوێگرتنی بۆ یەكە سەربازیەكان دابین كردبوو بۆ گوێگرتن لە بێتەلەكانمان و ئێزگەكە، پێش ئەوەی بێتەلیش بەفراوانی بەكاربهێنرێت هەموو هەرێمەكان و هێزەكان و رێكخراوەكان شفرەی تایبەتیان هەبووە، جا یان ژمارە

یـان نـاو بـووە و بـە تەتەرەکانـدا بۆیـان نێـردراوە، وەك شـێخ کـاك جەعفـەر بـۆی باسکردم "ساڵی ١٩٨٠ خەباتە بچکۆل (رەمەزان محەمەد ساڵح) کۆمـەڵێك شـفرەی لەسەرکردایەتیەوە هێنابوو لەگوندی (جێشانە) تەسلیم بەفەرماندەکانی کـردووەو فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی کـردون، ئەوشفرانە لەئێزگـەوە دەخوێندرایـەوە"، بـۆ نمونە لە ٢٦ بۆ ٥٨ لە هێمن بۆ سورێن، بۆیە بەردەوام فەرماندەکان، کەگوێیان لەو ژمارانە بووە، کەچەند جارێك دوبارە دەکرایەوە دەیانووسـی و شـیيان دەکـردەوەو ناوەڕۆکەکـەیان جێبـەجێ دەکـرد، هـەڤاڵانی دەرەوەی وڵاتـیش (شـام) ئـەوانیش. شـفرەیەکی تایبـەت بـەخۆیان هـەبوو بـەم نـاوە: (لەئاسـودە بـۆ ئـاوارە) ئاسـودە کوردستان بوو زۆرجار لەنێوان خۆمان دەمانوت ئای کە ئاسودە نییـە! (شـام)یش ئاوارە بوو، سەرەتا ئەم شفرەیە لای بەڕێز هیرۆ خان بووە ئەو بروسکەکانی دەکرد بەشفرەو ناردویەتی و کردویەتەوە، بەڵام تاقەتی لێی چووەو ناردویەتـەوە بـۆ لای کاك بەختیار.

لە سەرەتای بەکارهێنانی شفرە، شفرەکان سادەو ئاسان بوون بۆ بەکارهێنان ولەلایەن بەختیار مستەفاوە ئامادە دەکراو دابەش دەکرا، دواتـر بەرەبـەرە لەگـەڵ گەشەسـەندن و هـەنگاونانی شـۆڕش بەرەوپێشتردەچـوو، ئـەویش گـۆڕانی بەسەرداهات، بەتایبەت لە ناوەراستی هەشتاکاندا کە ئەوکاتە خۆشم عەدەد بێتەل بووم و لە کاك بەختیارەوە فێـری دروسـتکردنی شـفرە بـووم و زۆرجاریش عـەدەد بێتەلەکان کە بیرۆکەیەکی شفرەیان دەبوو یا بۆ کاك بەختیاریان دەنارد یا بـۆ لای مـن، منـیش لای خۆمـەوە بـەهۆی نزیکیمـەوە لەگـەڵ کـاك بـەختیار تـاوتوێی بیرۆکەکەمان دەکرد ئەگەر پەسند بوایە ئەوا یا دەیوت: خـۆم دروسـتی دەکـەم یا دەیوت دروستی بکە و پێش راکێشانی پێشانم بدەو لەلای خۆی بەحکومی ئەوەی ئەو لێپرسراوی بەشەکە بوو ئـەو شـفرانە لەسـەر پـەڕەی A4 یـان تـرێس دروسـت دەکـرا و بـە قەڵـەمی رۆتـرینگ خانـەکان پـر دەکرانـەوە، بـە ڕاسـتی ئـەرك وماندوبوونێکی زۆری دەویست نەدەبوایە کەموکوری هیچ پیتێکی تێدا بێت، ئەو کاتە هیچ دەزگایەکی پێشکەوتوو یان کۆمپیوتـەرێکمان بـۆ دروسـتکردنی نـەبوو،

ئەم شفرانەش بەکەسانی ئەمین و باوەرپێکراودا دەنێردران بۆ شوێنەکان و کلیلی حەلکردنەکەشی لەگەڵ دەنیردراو بەو کەسە دەوترا: ئەگەر زانرا تووشی شتێك دەبێت بیسوتینە نابێ بەهیچ شێوەیەك دەست دوژمن بکەوێ.

زۆر نوکتەو قسەی خۆش لەسەر ئەو ژمارانەی کە لەئێزگەوە دەخوێندرانەوە هەبوو لەوانە (عوسمانی قالە منەوەر) هەرکە گوێی لەو ژمارانە بووە وتویەتی: "کوڕینە خۆتان کۆکەنەوە با خۆمان حەشاردەین"!

بەتایبەت کە جۆرە ژمارەیەکی تێدا بوایە دەیوت: "ئەوە دەڵێن لەچوار قوڵەوە هێرشیان بۆ بکەن و دوو دوو بیانگرن و قۆڵبەستیانکەن و چەکیان بکەن"!... هتد

هەر بەخوێندنەوەی ئەو ژمارانە لە ئێزگەکەوە ئەو هێزەی ئاراستەی دەکرا خۆیان سازو ئامادە دەکرد زۆرجار ئەو بروسکە ژمارانە وریاکردنەوەی فەرماندەکان بو لە خیانەت کردن، یان هێرش و پەلاماری دوژمن یان جێبەجێ کردنی فەرمانێك.

چەندین جۆر شفرە لەناو (ی. ن. ك) دا بەکارهێنراوە، شفرە لەنێوان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی خۆیان، لەنێوان مەکتەبی سیاسی و مەڵبەندەکان، مەڵبەندەکان لەنێوان خۆیان، مەڵبەندو تیپەکان، تیپەکان لەنێوان خۆیان، لە نێوان مەکتەبی عەسکەری و هەموو شوێنەکان، نێوان مەکتەبی عەسکەری و فەرماندەی تیپەکان، تەنانەت لەنێوان کاك نەوشیروان و مام جەلالیش شفرە هەبوو، بەگشتی شفرەکانمان بەتێروتەسەلی ئامادە دەکرا بەبەراورد لەگەڵ شفرەی لایەنەکانی دیکە کە هەندێك جار لێیان دەگیرا.

یەکێك لەو شانازیانەی بەشی بێتەلی (ی.ن. ك) ئەوەیە" تا ئەم رۆژگارەش کەس نەبوو شفرە بەدوژمن بفرۆشێت یان بۆی ئاشکرا کردبێتن ئەوەش مایەی شانازییە بۆ هەموو عەدەد بێتەلەکانمان، تەنانەت جارێکیان هەندێك زانیاری هاتبوو بەم شێوەیە) کە بە عەرەبی (جلفەیی) نوسرابوو باسی شفرەکانیان کردبوین: (هذولة.....جنێوە- گامو یحچون بالانگلیزی) ئەوەش لەبەر ئەوە بوو شفرەیەکمان هەبوو پیتی ئینگلیزیمان تێدا بەکارهێنا بوو.

نەکردنـەوەو سـەرکەوتن و باشـی شـفرەکانی ی ن ك لـەوەدا بـوو هـەرجارەی شیوازو جۆریکی هەبووە و عەشوائیەتی تێدا بەکار دەهات.
بەگشتی شفرە بەڕێگا زانستیەکەی پشت دەبەستێت بەم دوو ڕێگایە:[٦٩]

**١- ڕێگای تەحویر ( Transposition )**

لـەم جـۆرە شـفرەیەدا جێگـۆرکێ لەشـوێنی پیتەکانـدا کـاری سـەرەکیە لـە نووسینە ئاشکراکە، نمونەی ئەمەش وشـەی کوردی (شاخ) ئەگـەر بکرێ بەشـفرە دەبێتە (خاش)، چۆن وشەی ئینگلیزی (Secret) دەبێتە (Etrces).... هتد.

**٢- ڕێگای لەجێدانان**

لەم جۆرە شفرەیەدا ناوەرۆکی نووسینە ئاشکراکە یان بەژمارە یان بە گۆڕینی پیتەکان یان بە دانانی هیمایەك بۆ ئەو وشەیە یادەستەواژەیە دەبێت، نمونە شاخ ٢٣ یان پیتی (ی) و دەگۆڕین س و خ ئەگۆرین بە ف واتە شاخ دەبێتە (یسخ) یان هێمایەکی دەدەینێ دەڵێن شاخ = کورسـی یـان ناوێکی دەدەینێ و دەڵێن شـاخی ئـەزمر= مـەحمود لەهـەموو حالەتەکانـدا ئـەو کەسـانەی شـفرە بـەکاردەهێنن هەردوولایان کلیلیان لایە خۆ ئەگەر کەسێکی تر ئەم شتانە وەرگرێ لێی تێناگات، ئەمیش دوو جۆری هەیە:

**أ-هێما شفرەییەکان**

ئـەو هێمایانـەن کـە بـۆ ناوێـك یـان شـتێك یـان شـوێنێك یـان دەسـتەواژەیەك دادەنرێـت کـە لـە واتـا راسـتەقینەکەیەوە دووربێـت، بـۆ ئـەوەی گـوێگر سـودی لـێ وەرنەگرێ (شەهید = ئەستێرە، دەکات = سەربەست، بێتەل = مەحمود، بێ زیـانێن = عەزیز، فیشەك = گەنم، تۆپباران = گەلاوێژ، دوژمـن هێرشـی کـردوە = عـەباس، دوژمن بەنیازی هێرشە = هەرمێ، ئاگاداربن = زۆزگ)

---

[٦٩] خبراو تحلیل الشفرە دافیدکوهین / ٣بەرگە سودم لەبەرگی یەکەم وەرگرتوە.

ئەم رستەیە بکرێتە شفرە (ئاگاداربن دوژمن بەنیازی هێرشە، تۆپباران دەکات، بێ زیانین)، وای لیدێت (زۆزگ هەرمێ گەلاوێژ، سەربەست)، بۆ زیاتر سەر لێشێواندنی دوژمن و گوێگر هەندێك جار ژمارەشی تێکەڵاوکراوە، (زۆزگ ٣٤ هەرمێ٢٧ گەلاوێژ ٦١ سەربەست ٥٧ عەزیز ٤٦) ئەو ژمارانە لەناو شفرەکەدا نییە، بەڵام دوژمن دەخاتە گێژاوەوەو حسابی بۆ دەکات.

**ب- ڕێگای لەجێدانان**

ئەو ژمارانەن کە لەجیاتی ناوی کەسێك یان شوێنێك یان شتێك یان پیتێك دادەنرێت و دەتوانرێت لەگەڵ بەشی (أ)دا بە تێکەڵی بەکاربهێنرێن و بێ دووبارەبونەوەی ژمارەکان:

پێشمەرگە =٢٣ هێز = ٤٥

أ = ٦٢ خواردن = ٥٦

ب = ٥٦ ن =٩٤

ج = ٧٨ ی = ٧٨

د = ٨٩ ە(بزوێن)= ٩٣

ر = ٣٤ دەنگوباس = ٧٦

چییە = ٩٧............ هتد

بێگومان نابێ هیچ ژمارەیەك دوبارە ببێتەوە، لەگەڵ بەشی (أ) بەتێکەڵی ئامادەی بکەی، بۆ نمونە ئەگەر دەستەواژەی (دەنگوباسی رانیە چییە) بکەیتە شفرە بەم شێوەیە دەبێت (٦٢،٣٤، ٧٨،٩٤، ٩٣، ٩٧) بۆ ئەوەی دوژمن نەزانێت کە شفرەکەت دوو ژمارەییە و بۆ سەرلێشێواندنی دەتوانرێ بەشێوەی کۆمەڵەی ٤ ژمارەیی وەك ٦٢٣٤ یان کۆمەڵەی ٣ ژمارەیی وەك ٢٣٤ واتە ٢ی ٦٢م وەرگرتووە ٦ کەم هێشتەوە بۆ ژمارەکەی پاش خۆی ٢٣٤، ٩٤٦ ئەو کەسەی ئەم شفرەیە وەردەگرێ بێگومان کلیلی پێیە، ئەگەرنا بۆی ناکرێتەوە لەگەڵ ئاسانیەکەی.

ئـەم جـۆرە شـفرەیەی سـەرەوە باسـم کـرد (لیسـاندەر) سـاڵی ٤٠٥ (پ.ن)[٧٠] کـە یەکێك بووە لە فەرماندەکانی ئیسپارتە بەکاریهێناوە، بەڵام بەو شێوەیەی کە باسم کردووە نا بەڵکو بەشێوە سادەکەی.

جـۆرێکی تـر لەشـفرە هەیـە کـە بـەرێگای گواسـتنەوەی پیتـەکان دەکـرێ، بـەڵام ئێمە وەك عەدەد بێتەلی یەکیتی بەکارماننەهێناوە، بەم شێوەیە دەبێت:

(ا ب پ ت خ ج ح چ د ر ز ژ س ش ێ ع غ ف ق ڤ ك گ ل م ن ه و ی) دەتوانرێت بەگوێرەی ویستی خۆت پیتەکان ٢ جار پێشخەیت یان ٣ جار لێرەدا (شاخ) ئەکـەم بەشـفرە بـەم ریگایـە بەپێشخسـتنی پیتـەکان ٢ جار (ش) دوو پیـت پێشخراوە بۆتە (غ) و(أ) دووجار پێشخراوە بۆتە (ت)و (خ) دوو پیت پێشخراوە

بۆتە چ واتە (غتچ)، رەنگبێت هەندێك وشەی کوردی کە بەو جۆرە شفرە بکرێ وشەی سـەیر دەربچێت! کاتیشـی زۆر دەوێـت، یەکـەم کـەس ئـەم جـۆرە شـفرەیەی بەکارهێنابێ (یولیۆس قەیسەر) کە تایبـەت بەخۆی بووە، ئـەوان بـە پیـتی خۆیـان بەکاریانهیناوە من بۆ خوێنەر پیتە کوردیەکانم خستەڕوو.

یۆنانیــەکان شــفرەیەکی تایبــەت و گــرانتر بــەخۆیان هێنایــە ئــاراوە کــە ٢٨ چوارگۆشە بوو ئەمە بەگوێرەی پیتەکانی خۆیـان و لـە ٠ تـا ٩ی لەگـەڵ دەدرێـت و دەکاتـە ٣٨، بـەڵام ئەگـەر بـە پـیتی کـوردی و عـەرەبی بکرێـت دەتوانرێـت لـە ١٠٠ چوارگۆشــەدا دابەشــبکرێت بــە دوبــارە بوونــەوەی یــەك دوو جــاری پیتــەکان و ژمارەکان.

---

[٧٠] الحرب السريه (معركه الشفره والرموز) بروس نۆرمان.

| ٥ | ٩ | ١ | ٣ | ٨ | ٦ | ٠ | ٢ | ٧ | ٤ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| أ | ب | ج | د | ذ | ح | و | ض | ص | خ | ٦ |
| ه | ى | ث | ل | ت | م | ك | ز | ظ | ذ | ١ |
| ر | ط | ع | لا | غ | ف | ت | ق | س | ش | ٤ |
| ة | ١ | ٣ | ٤ | ٧ | ٥ | ٠ | ٩ | ٨ | ن | ٢ |
| ٦ | ف | د | ذ | و | ش | ك | ن | أ | ص | ٧ |
| غ | ط | ظ | ت | ح | ل | ث | ع | ة | ى | ٩ |
| ك | و | ز | ق | ذ | ض | س | ى | خ | ر | ٥ |
| لا | ب | د | ج | ه | ر | ز | ذ | ف | ق | ٠ |
| ى | ك | ط | ظ | ك | و | ض | | | | ٨ |
| ٤ | ٩ | ٣ | ٢ | ١ | ٠ | ٧ | ٦ | ٥ | ٨ | ٣ |

(ە) بزۆین هێڵی بەژێردا هاتووە، چونکە زۆر دووبارە دەبێتەوە بۆ نمونە ئەگەر بتەوێت (لە م س بۆ گشت هێزەکان) بکەیتە شفرە بەم جۆرە دەبێت:[٧١]

ل ە م س ب و گ ش ت ھ ی ز ە ك ا ن

١٣، ٢٥، ١٦، ٤٧، ٦٩، ٥٩،... بەم شێوەیە تا نوسینەکەت تەواو دەکەیت، کلیل دانـراوە سـتونی بـۆ ئاسـۆیی و دەتوانرێـت بـە کۆمەڵـەی ٤ ژمـارەیی لـە ڕێگـەی بێتەلەوە بخوێندرێتەوە وەك (دوو هەزارو پێنج سەدو سیانزە ٢٥١٣) ئەمەش بۆ ئەوەیـە کەسـەر لـە دوژمـن بشـێوێنرێت و بەشـێوەیەکی تـریش دەتـوانی سـەر لـە دوژمـن بشـێوێنی (١٣) کـە ژمارەیـەکی وەهمـی لەخۆتـەوە دابنێـت لـە پێشـی یـان لەدوای یان لە ناوەراستی ١٣ئەوکات دەبێتە ١٣٩ یا٩١٣ جارێك بە جارێك بە ١٩٣ ئـەو کەسـەی دەیکاتـەوە ئـەو ژمارەیـە لادەبـات پیتەکـە دەردەکـەوێ، ماوەیـەك لەماوەکان بێتەلەکانی یەکێتی ئەو جۆرە شفرەیەمان بەکاردەهێنا، لـەم شـفرەیەدا وەك خۆمـان چـەندین جـۆر ئاڵوگۆرمـان تیـدا کـردووەو هـەرجارەی شـێوازیکمان بەکارهێناوە.

چالز هویشتۆن ساڵی ١٨٧٦ شفرەی بازنـەیی داهێنا وەك شێوەی کاتـژمێر: شـێوەی بەکارهێنەکـەی میلـە درێژەکـە ئاراسـتەی پیتـەکان دەکرێـت کـە دەرەکـین (دەقەکەیە یان نوسینەکە) شوێنێکی بەتاڵی تێدایە میلە کورتەکە ئاراستەی بازنـە ناوەکیەکـە (دەقـە شـفرەکراوەکەیە)و پێویسـتە میلـە درێژەکـە کـە لەگـەڵ شـوێنە بەتاڵەکە جووت بێت لەگەڵ بازنە دەرەکیەکە میلە کورتەکەش لەگەڵی جووت بێت تاکو دەقەکە شفرە بکەیت.[٧٢]

بەشـی بێتـەلی (ی.ن.ك) وەك لەپێشـەوە ئامـاژەم پێـدا چـەندین شـفرەی جۆراوجـۆری بـەکاردەهێنا کـە لەلایـەن کـاك بـەختیار مسـتەفاوە ئامـادە دەکـرا

---

[٧١] هەمان سەرچاوە / الحرب السریە (معرکە الشفرە والرموز) بروس نۆرمان.

[٧٢] هەمان سەرچاوە/ الحرب السریە (معرکە الشفرە والرموز) بروس نورمان.

دواتریش خۆم هاوکاریم کردووە. بۆ مێژوو دەینوسم و دەتوانم بڵێم بەشانازیەوە باسی بکەم: لەوسەردەمانەدا بە دەگمەن ڕوویداوە شفرەمان بدزرێت یان لەلایەن دوژمنەوە ئاشکرا کرابێت، هەرچەندە زۆربەی سەرکردەکانمان باوەڕیان وابوو کە هەندێك جار شفرەکەکانمان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ئاشکرا کراوە، بەڵام من وەك خۆم هیچ بەڵگەیەکیان پێشان نەداوم کە قەناعەتی پێبکەم، بەڵام بە بۆچونی من زیاتر بۆ هاندانمان بوو بۆ تۆکمەتر کردن و زیاتر پارێزگاری لە نهێنی و گرنگیدانی زیاتر بەشفرەکانمان بووە، زۆر جار لە شەڕو پێکادانەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای ڕژێمی عێراق شفرەی تایبەت فەیلەقەکان لیواکانی کەوتۆتە بەردەستمان لەوانە شفرەیەکیان بەکاردەهێنا ناوی (منزلقە) یان شفرەی (سۆمەر) کە لە لایەن ئیستیخباراتی فیلەقەوە بەکاردەهێنرا شفرەکانیان شێوەیەکی نیزامی پێوە دیار بوو، زۆرجاریش بەهۆی ڕێکخستنەکانمانەوە شفرەی فەیلەقێك یان فرقەیەك یان لیوایەك یان فەوجیکمان دەستکەوتووە، بەڵام سوپا لەگەڵ ئەوەش خشتەی قسەکردنی عەدەد بێتەلی هەبوو (لوحة محادثات العامل)و(لوحة تحقيق الهوية) بەکاردەهێنا لەبەر ئەوەی عەدەد بێتەلیان زۆر زۆر بوو جاری وا هەبووە ٨ کەس لەسەر بێتەلێك کاریان کردووە هیچیان یەکتریان نەناسیوەو (کاتب شفرە)یان هەبووە نەیزانیوە ناوەڕۆکی بروسکەکە چییە تەنها ژمارەی وەرگرتووە، بەڵام پێشمەرگە ٢ عەدەد بێتەل و لەسەر بنەمای ڕێکخستن و دڵسۆزیی و جێی متمانەو باوەری فەرماندەو سەرکردەکان بوون تەنانەت شفرە تایبەتیەکانی خۆشیان لادانا‌ون.

جۆری شفرەی کتێبی ئەو جۆرە شفرەیە بوو لەناو ئاخنی فەرهەنگێك یا کتێبێك کە لای هەردوو لا هەبوو دێری یەکەم یان دووەم یان سیەم.....هتد، سێیەم پیت یان پێنجەم بۆ نمونە لاپەرە ٢٣٤ ئەم ژمارانە لەگەڵ ژمارەی لاپەرەکە تێکهەڵدەکێشرێت تا وشەیەك پێکدەهێنرێت تا ئەو دەقەی مەبەستە دەکرێتە شفرە.[٧٣]

[٧٣] هەمان سەرچاوە/ الحرب السريه (معركه الشفره والرموز) بروس نورمان

سەرەئەنجام دەگەینە ئەو راستیەی، کە شفرەکانی بەشەکەمان زۆر بەهێز بوون شتی زۆرتری تێدا بووە لەچاو شفرەی لایەنەکانی تر زۆر جار هی ئەوانیشمان دەست کەوتووە لەگەڵ قەبارە گەورەکەی سادەبووەو ئاڵۆزیم تێدا نەدیووە، بێگومان ئەمە یەکێکە لەو سەروەریانەی بەشی بێتەل وەك عەدەد بێتەلەکان شانازی پێوە بکەین و لەهەمان کاتیش شانازیە بۆ لێپرسراوەکانی بەشی بێتەل، سەرکردەو فەرماندەکانمان کە بە دڵسۆزی و جدی کارمان تیدا کردووە.

لەکۆتاییدا ماوەتەوە ئەوە بڵێم هەندێك جار شفرە زیانبەخشە بە سەرکردەو فەرماندەکان، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەوەی من بیزانم هیچ فەرماندەو سەرکردەیەکی ئێمە بەهۆی هەڵەی شفرەوە هیچی لێ نەهاتووە لە هەمان کاتیش سوودبەخش و پارێزگاری نهێنیەکانی کردووە، بەڵام لەمێژوودا زۆر کەس بەهۆی شفرە ناردنەوە زیانیان پێ کەوتووە( لەوانە ماری شاژنی ئیسکۆتلندا ساڵی ١٥٧٨ لەسێدارەدراوە، ئەسکەندەری دووەمی ئیمپراتۆری روسیا ساڵی ١٨٧٩ تیرۆر کراوە و ئەدمیرالی ژاپۆنی یاماماتۆ لە دووەم جەنگی جیهان بەدەستی ئەمریکیەکان ساڵی ١٩٤٣ کوژراوە، بێگومان ئەمانە بەهۆی ناردنی شفرە و کردنەوەی بووە هەر بۆیەش تاکو ئێستا شتێکی ئەوتۆ لەسەر شفرە نەنوسراوە چونکە (ئاسایشی نەتەوەیی) هەموو وڵاتێك وا دەخوازێت، بۆیە شفرە بۆتە نهێنیەکی داخراو. [٧٤]

[٧٤] هەمان سەرچاوە/ الحرب السريه (معركه الشفره والرموز) بروس نورمان

## نمونەیەك لە شفرە بەکارهێنراوەکانی (ی.ن. ك) [75]



[75] تۆڕی پەیوەندییەکانی پێشمەرگە لەشاخ (سندوقە رەشەکە)/ ئامادەکردنی بەختیار مستەفا و خالید حوسێن/ چاپی یەکەم ٢٠١٩.

## بەشی پێنجەم

## گوێگرتن یا گویٚ لێگرتن لە عێراقدا (الانصات أو التصنت) و

## چەند زانیارییەك دەربارەی گوێگرتن.......وریابە دوژمن گویٚ دەگرێت

زۆر جار کە بەڵگە نامەو شفرە سەبازیەکانمان دەکەوتە بەردەست لەسەر لاپەرەی یەکەم نوسرابوو (إحذر العدو يتصنت) واتە وریابە دوژمن گویٚ دەگرێت، هەرلەم روانگەیەوە بەشی بێتەل رێنمایی عەدەد بێتەلەکانمان دەکرد کە بەکراوەیی زۆر قسە نەکەن باسی شتی نهێنی نەکەن بەکراوەیی، بەڵام زۆرجار گوێمان نەداوەتیٚ و رێنماییمان شکاندووە.پاش کۆتایی هاتنی دووەم جەنگی جیهانی لە ئابی (١٩٤٥) جەنگێکی تر لەنێوان دوو زلهێزەکەی جاران ولاٌتەیەکگرتوەکان –یەکێتی سۆڤیەتی جاران ئەویش سیخوڕێتی و سیخوڕێتی دژ (الجاسوسية والجاسوسية المضادة)[٧٦] هەرچەندە باسەکەم ئەوە نیە بەلاٌم پەیوەندیان بەیەکترەوە هەیە (س ئای ئەی) لەئاکامی ئەو شەڕە لە سەردەمی سەرۆك رۆزفلت لە لایەن کەسێکی دەوڵەمەند خاوەنی مەدالیای یەکەم جەنگی جیهان بوو بەناوی (ولیەم ج دۆنفان) کە بەوایل دبێل ناسرابوو دروست بوو. هەر لەنێوان ئەم دوو دەزگا موخابەراتیە شەڕێکی تر هاتەئاراوە ئەویش شەڕی گوێگرتن بوو لەدەزگا تەلەفۆنیی و بێتەلەکان و دانانی دەزگای گوێگرتن بۆ یەکتری. لەگەڵ ئەوەی KGB، CIA بەتەواوی کۆنترۆڵی جاسوسیەت و جاسوسیەتی دژیان کردبوو دەزگا موخابەراتیەکانی ئەورووپاش رۆڵی هاوپەیمانیان لەم بوارەدا دیووە، بۆ نمونە ئینگلیزەکان یەکێك بوون

---

[٧٦] سودم کتێبی سیخوری وسیخوریەتی دژی / بروس نورمان

لەهاوپەیمانەكانی ئەمریكاو لەساڵی(١٩٤٧)پەیماننامەیەكی نهێنیان بەیەكەوە مۆركردووە، لەو بارەیەوە (هەرچی بروسكەیەكی شفرەكراو

لەبێتەلەوە لەنێوان یەكتردا ئاڵوگۆربكەن و هاوكاریی یەكتر بكەن، لەبواری كردنەوەی ناوەرۆكی ئەو بروسكانە)و هەردولا لەسەر ئەوە رێككەوتون كە (وكالة الامن الوطنیة الامریكیة) لە واشنتۆن و(مركز الاتصال الحكومي) لە شلتنهام بەبێتەل بەیەكەو ببەستنەوەو بەردەوام بن لە گۆڕینەوەی زانیارییە شفرەكراوەكان لەنێوان یەكتردا. ئەمریكیەكان دەورێكی باڵایان هەبوو لەوەرگرتنی (بروسكەی زانیاری) بێتەلەكانی سیستەمی سۆڤێەتی جاران و ئاڵوگۆڕكردنیان لەنێوان یەكتریدا بەهۆی مانگی دەستكردەوە، ئەو مانگە دەستكردانە ئەوەندە پێشكەوتوبوون دەیانتوانی تەنانەت ئاخاوتنە تەلەفۆنیەكانی نێوان سەركردە روسەكان كە لەناو ئۆتۆمۆبیلەكانیانەوە دەكرا كە تەلەفۆنی وایرلێسی تێدابوو وەرگرن، بێگومان روسەكانیش دەستەوەستان نەبوون[٧٧]

ئینگلیزەكان پێش ئەمریكیەكان پێشكەوتنی بەرچاویان لەو بوارەدا هەبوو، لە(هۆنگ كۆنگ) بنكەی گەیاندنی حكومییان دامەزراندبوو،كە تایبەت بوو بەناردنی زانیاری لەسەر ڤێتنام بۆ ئەمریكیەكان، لەهەمان كاتدا لە لەندەنی پایتەخت بنكەیەك هەبوو بەناوی (مین ووپ) لەهەرێمی یۆركشایەر لەسەر گردێگ بوو كارئاسانی بۆ ئەمریكیەكان دەكرد، هەندێك پسپۆر وامەزەندەیان دەكرد گەورەترین بنكەی گوێگرتن بێ لە جیهاندا كە بەراورد ناكرێ لەگەڵ هیچ بنكەیەكی گوێگرتنی یەكێتی سۆڤێەتی جاران، ئەوەی شایەنی وتنە بنكەی (مین ووپ)هێڵە تەلەفۆنیەكانی ناو بەریتانیا بەسترابوو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بۆ وەرگرتنی زیاترین زانیاریی و نامەی ئەلیكترۆنی و بێتەل بووبێت لەئەوروپا. یەكێك لە لێكۆڵەرەكانی سی ئای ئەی دەڵێت لەكۆتایی حەفتاكاندا ئەو بنكەیە

---

[٧٧] هەمان سەرچاوەی پێشوو

بنکەیـەکی زۆر گـرنگ بـووە کـەتوانای گـوێگرتنی هـەموو هێڵـی تەلەفۆنـەکانی سەرتاسـەری ئـەوروپای هـەبوو.کاری گـوێگرتن لەبـەریتانیا زۆرترینیـان لەبنکـەی گەیاندنە حکومیەکانی نـاو بـەریتانیا دەکرا، کەدەستەیەك لەپسپۆڕان و زانایانی ئینگلیز سـەر بەبنکـەی زمانـەوانی تەکنـەلۆژی هاوبـەش پـێش هـەموو زانایـانی تـر کۆمپیوتەریان داهێنا بوو بۆ گـوێگرتن و وەرگـرتنی وشـەی دیـاریکراو – (محـدد) لـــەکاتی پەیوەندییـــە تەلەفۆنیـــەکان فـــەرمانپێکردن بـــەدەزگاکانی گـــوێگرتن بـەتۆمارکردنی و زانـینی سەرچـاوەکانی.ئەم بنکەیـە لە(شـانتری هـاوس) لـە ڤکتۆریـای بـەریتانی بـوو، بـەڵام بنکـەی گـوێگرتنی جیهـانی لەنـدەن شـوێنی چالاکیەکانی بوو. موخابەراتی ئینگلیـزی هەندێك کات تووشـی نوشوسـتی بـوون لەبواری سیخوریدا بەتایبەت لەو کاتەی بەکرێگیراوێکی رووسـی بـەناوی (جێفری برایم) ساڵی ١٩٨٢ دەستگیرکرا، کە لەبنکـەی گەیانـدنی بـەریتانی کـاری دەکردو لەساڵی ١٩٦٨وە زانیاری دەنارد بۆ(KGB) تـا سـاڵی ١٩٧٧،بەپێی پسـپۆڕەکانی ئـەو بـوارە زانیـاری دەربـارەی پـڕۆژەی جاسوسـی (بایمـان) رۆژئاواییـەکان دەیـانتوانی بـەهۆی مـانگی دەسـتکردەوە وێنـەو تۆمـاری هـەموو جموجـوڵێکی سۆڤیەتی بکەن کە (CIA) خوازیـاری بـوو، هـەروەها پێدەچێت زانیـاری دەربـارەی مانگی دەستکردی (ئارگۆس)ی دابێ بە رووسەکان کە ساڵی ١٩٧٥ هەڵدرابوو بۆ ئاسمـان بـۆ دۆزینـەوەو وەرگـرتنی لـەرە دەنگییـەکان (الموجـات الصـوتیة)، کـە ئـارگۆس بـەووردی و بـەروونی توانـای وەرگـرتنی گفتوگـۆ بێتەلیـەکانی نێـوان فەرماندەی تانکەکانی پەیمانی وارشۆی هەبوو لە هەرشـوێنێك بیت لـەو وڵاتانـەی کە سەر بەبەرەی سۆڤیەتی بوون،جێفری برایم توانی بووی زانیاری ورد دەربارەی (CIA) و بنکـەی گەیانـدنی حکومی بـەریتانی بداتـە رووسـەکان کە بـەهۆی مانگـە دەسـتکردو کۆمپیوتـەرەوە دەیـانکرد، هـەر ئـەوەش بـووە هـۆی تێکچـونی نێـوانی ئینگلیزەکـان و ئەمریکیـەکان و یـەکێك لەلێپرسـراوانی سـی ئـای ئـەی وتویـەتی

"ئۆتۆمبێـل کـە ڕۆن سـەرفدەکات چـۆن دوکـەڵی زۆرە ئـاواش زانیـاری لەبنکـەی گەیاندنەحکومیە بەریتانیەکە دەرچووە!".

بـەکرێگیراوە ئەوروپیــەکانی (ســی ئــای ئــەی و کــەی جــی بــی) فــەرمانیان لەســەرووی خۆیانــەوە بــەژمارەی شــفرەکراو لەڕێگــەی شــەپۆلەکانی ئێزگــەی ئـەڵمانیای خۆرهـەڵاتی و ئاگـاداری نـاو ڕۆژنامـەکانی وەك دیلـی تـەلگراف بۆیـان بڵاودەکرایەوە ئەوانیش هەڵدەستان بەگوێگرتن لەئێزگەو خوێندنەوەی ئاگاداری ناو ڕۆژنامەکان و بەهۆی دەفتەرێکی بچوکەوە پێی دەوترا دەفتەری هەمیشەیی (الـدفتر الـدائم) ئـەویش بـریتی بـوو لـە کۆمـەڵێك لاپـەڕەی بچـوك، دەتـوانرا لـەناو پاکەتی جگەرە یان شقارتەیەك بشادرێتەوە و لەکاتی تەنگانە یا تێکەوتن فرێ بدرێ بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست دوژمن.[78]

ئیڤان کە ناوی ڕاستەقینەی (بۆریس ئینمیسۆڤیچ سکۆردیڤ) بوو لەساڵی ١٩٥٩وە یەکێك بووە لە کرێ گرتەکانی (کەی جی بی) کە دەفتەری هەمیشەیی بەکارهێناوە و هەروەها مەرەکەبی نهێنی و مایکرۆفیلم بەشیوەی کەوانەو دووخاڵ لەسەریەك (:) بەکارهێناوە، بەڵام لەکۆتایی بەهۆی ژنێکی

ئوسترالی کە دۆستی بووە ئاشکرا کراوە. کرێگرتەکانی (سی ئای ئەی) لەسەر ئەوە ڕادەهێنران کەچۆن دەزگاکانی گوێگرتن بەکاربهێنن، بەڵام تەکنۆلۆژیای تازە داهێنراوە کە ئەم ڕێگەیەی گۆڕیوە کەجاران بەکاردەهات، ئەو دەزگا داهێنراوانە بەقـەدەر دەنکـە زەیتونێـك (نـاردن و وەرگـرتن) بـوون، لـەو ژوورانـە دادەنـران کـە مەبەستیانە گوێی لێبگرن لەبنکەیەکەوە، ساڵی ١٩٦٠ باڵوێزی ئەمەریکا لەنەتەوە یــەکگرتوەکان (هینــری کــاپوت) لــەکاتی کۆبوونــەوەی ئەنجومــەنی ئاسایشــی نێودەوڵەتیدا پارچە تەختەیەکی زۆر نایابی، بەسەفارەتی ئەمەریکی لەمۆسکۆ پێشـکەش کردبـوو کـە مـۆری ئـەمریکای مـەزنی لەسـەر هەڵکەنـدرابوو، KGB

---

[78] هەمان سەرچاوەی پێشوو

دەزگایـەکی گـوێگرتنی تێـدا دانـابوو بـۆ گـوێگرتن لـە ئاخاوتنـە نهێنیـەکانی نـاو سەفارەتی ئەمەریکا، ئەوەش یەکێك بوو لەو داهێنانانە.

ئـەمرۆ لەبـەریتانیا و ئـەمریکاو زۆربـەی وڵاتـە پێشـکەوتووەکان کۆمپیوتـەر بەکاردەهێنرێت بۆ گۆرینی نامەی شفرەکراو بەنامەی ئاسایی و خوێندنەوەی، ئەم تەکنۆلۆژیایـە وایکـردوە کـە موخابـەراتی دەوڵەتـە دۆسـتەکانیش گـویٚ لەیـەکتری بگـرن CIA بـۆ نمونـە ماوەیـەکی زۆر چـاودێری گەیانـدنی تەلـدار و بێتـەلی موخابـەراتی دەوڵەتـە رۆژئاواییـەکانی کـردووە. هـەر لـەو بوارەشـدا تاوەرەکـان (الابـراج) رۆڵـی خۆیـان دیـوە لـەگوێگرتن و سـخوڕیکردن، ئـەو تاوەرانـە شـەپۆلی کارۆموگناتیسیان دەخرایەسەر وەك تاوەری پۆستەی لەندەن و تاوەری (مایڤێری) بـەناوبانگ هـەر لەلەنـدەن، کـە چـواردەورەی سـەفارەت و کۆنسـوڵخانە بـوو، کونسـولخانەی سـۆڤێەتی لەسـان فرانسیسـکۆ زۆر گرنگـی دابـوو بـەوەرگرتنی شـەپۆلەکان و شـیکردنەوەی بروسـکەی تەلـدارو بێتەلـەکانی بنکـەی ژێردەریـایی ئـەتۆمی (الغواصـات النوویـة)، دۆڵـی سـیلیکیۆن و دورگـەی مـیری کارمەنـدو دیپلۆماتـە سـۆڤیەتیەکان چـەندین جـۆر هـەوائی و ئاریـەلیان بـەکارهێناوە بۆیـە لەدواجار ئەمریکیەکان ناچاربوون خانوی ئەو دیپلۆماتانە لەسەرگردەکان بهێننە خوارەوە. [٧٩]

---

[٧٩] هەمان سەرچاوەی پێشوو

## چەند زانيارييەك دەربارەی يەكەی كەرەستە تەكنيكييەكان

## (وحده المعدات الفنيه)

رژێمی عێراق بەگرتنە دەسەڵات وحوكمرانيەكەی هەوڵی ئەوەی ئەدا كە بەتوندترين شێوە دەنگی ناڕەزايی لەناو سوپادا كپ كاتەوەو سوپايەكی بەهێزی پرچەك لەهەموو بوارەكاندا لەسەر بنەماكانی بەعس پەروەردە بكات بەتايبەت لەبواری بەكارهێنانی بێتەل و هێنانی تازەترين و پێشكەوتووترين دەزگاكانی گوێگرتن و گرێدانی ئەو يەكانە پێكەوەو ناردنی ئەفسەرانی سەر بەخۆيان بۆ خولی راهێنان لەدەرەوەی وڵات. رژێمی عێراق چەند يەكەيەكی دروست كردبوو بەناوی (□حدة المعدات الفنية) لە زۆر فيلەق و يەكە تايبەتييەكاندا لەوانەی زياتر پەيوەندييان بە (ی. ن. ك)وە هەبوو (□حدة المعدات الفنية فل١) و شوێنەكەی لەناو فەيلەقی يەك بوو لە كەركوك تا دوای راپەڕين و ليوا روكن (حوسێن سالم حوسێن) فەرماندەی بووەو عەميد (عبدالعزيز الجبوری) ياريدەدەری بوو. بەهۆی ئەوەی لەبێتەلی ناوەندييەوە دەمێك بوو كارمان لەسەر ئەوە دەكرد رۆژانە ناوی بێتەلەكانمان دەگۆڕا بۆ نمونە:(٢٠)ی مانگ بێتەلی ناوەندی ژمارە (٣٧) بوو لە(٢١) ی مانگ دەبوو نا□ێك يا ژمارەيەك، هەروەها رۆژانەش كۆدی موجەفيرەكانمان دەگۆڕێت و چەندين كليلی تايبەتمان بەكاردەهێنا بۆ نمونە جاری وا هەبووە لە كاتژمێريكدا ٢٠ تا ٣٠ كليل و شەپۆلەكانمان دەگۆڕ□ ئەمە وای لێكردبوون سەريان لێ بشێوێت و نەتوانن بەتەواوی كۆنترۆلی بێتەلەكانمان بكەن، ئەم كارەيان زۆر بەلاوە زەحمەت و گرنگ بووە، بۆيە ئەم نوسراو و بروسكەيەيان ئاراستەی يەكەكانی١١٧ و ٦٢٥ كردووە لە ٢٠/٩/ ١٩٩٩ كەئەمە دەقەكەيەتی بەعەرەبی:-[٨٠]

[٨٠] سودم لە دوو راپۆرت وەرگرتووە كە بۆ بەشەكەمان نێردرابوو ئەم زانيارينەم لێانهەڵێنجا

من استخبارات المعدات الفنية رقم المنشأ ٨١١
الي الوحدة ١١٧ و ٦٢٥
لاطلاع أمرية المعدات الفنية في فل١ وفل٥

**لوحظ فى الاونة الاخيرة قيام شبكة دليلي الخيانة[٨١] بتغيير علامات ندائها يوميا ((علما ان هذه المسألة ليست بالسهلة)) نرجو تشديد المراقبة علي كافة الترددات التي تعمل عليها واعلامنا اولا باول. انتهي**

لەناوەرۆکی ئەم بروسکە دا نوسراوە وادەردەکەوێت کە هەریەکە لە فەیلەقی١ لەکەرکوك و فیلەقی ٥ لەموسڵ یەکەی تایبەتیان دانابوو بۆ گوێگرتن لە بێتەلەکانمان و کردنەوەی شفرەو موجەفیرەکانمان، بەڵام ئەم جۆرە کارکردنەی ئێمە وای لێکردون کە نەتوانن بەتەواوی کۆنترۆلی بکەن، ئەمە یەکێکە لە شانازییەکان بۆ بەشی بێتەل کە سەر لەدوژمن بشێوێنێ، بۆیە لەراپۆرتێکی تردا فەیلەقی١ چەند مەفرەزەیەکی داناوە بۆ ئەم کارە، ئەرك و فەرمانەکانی ئەم فەرماندەییەی دیاری کردووە (مهام الامرية) کە ئەمانەی خوارەوەن:

١-سەرپەرشتی کردنی هەردوو یەکەی ١١٧ و ١٧١ ی(معدات فنية)

٢-هەماهەنگی نێوان ئەم فەرماندەییانەو ئیستخباراتی فل١ دەبارەی ناردنی ئەو بروسکانەی وەریدەگرن یا دەستیان دەکەوێ لەکەرتی باکور (القاطع الشمالي).

٣-هەماهەنگی راستەوخۆ لە نێوان ئەم فەرماندەیە و بارەگای گشتی بەغدا.

٤-دیاریکردن و دەست نیشانکردنی شوێنی بێتەلەکان لەسەر نەخشە.

٥-سەردانی کردنی ئەم دوو مەفرەزەیە لەلایەن فەیلەقەوە بۆ زانینی ئەنجامی کارەکانیان.

---

[٨١] دلیلی الخیانە مەبەستیان (ی ن ك) بوو.

## یەکەکانی موعدات فەنی

**یەکەی ١١٧**

شوێنەکەی کەرکوک –باجوان عەقید روکن (نازم حمید عیسی) فەرماندەی بوو، دواتر گواسترایەوە و لە کانونی دووەمی ١٩٩٨ (فائز عبدالفتاح) هاتۆتە جێگەی ئەو یەکەیە(٥) سریەی هەبوو، هەر مەفرەزەیەك کوردێکی لەگەڵ بووە بۆ کاری وەرگێڕان.

**یەکەی ١٧١**

شوێنەکەی ناو بارەگای فەیلەقی یەك بوو بەرانبەر نەخۆشخانەی سەربازی کەرکوك، ئەرك و فەرمانەکانی ئەم یەکەیە پاراستنی گەیاندن و پەیوەندیکردنی دۆستەکان (خۆیان) واتە چاودێری هێڵی تەلەفۆنی ناوخۆو تەلەفۆنی فەرماندەکان و بێتەلی فیرقەو لیواو کەتیبەکانی سەر بەفەیلەقی یەك، هەر سریەیەك چەند مەفرەزەیەکی هەبوو فەرماندەی ئەم یەکەیە عەقید (نعمت فارس) بووە مەفرەزەکانی ئەم یەکەیە ئەمانەبوو:

١- مەفرەزەی دارەمان.
٢- مەفرەزەی زەردە –لەیلان – قادرکرم.
٣- مەفرەزەی رەبیع.

مەفرەزەکانی ئەم دوو یەکەیە واتە ١١٧و١٧١ بەم جۆرە دابەش کراون، مەفرەزەی زەردە لەلیوای پیادەی ١٣٠ فیرقەی ٣٨ی پیادە، مەفرەزەی رەبیع لیوای ٣٦ فیرقەی ٢ی پیادە مەفرەزەی دارەمان کەتیبەی ئەندازیاریی مەیدان فیرقەی (٨)ی پیادە.

**یەکەی ١٢١ و ١٢٨**

**ئەم دوو یەکەیە تایبەت بوون بە بەرگری ئاسمانی (الدفاع الجوی) یەکێکیان لەناو سەربازگەی (تاجی) زۆربەی بێتەلەکانیان جۆری P834 وP824ی روسی زۆرپیشکەوتوو بوو لەگەڵ یەکەیەکی دۆزینەوەی ئاراستە** (وحدة ایجاد الاتجاة) **بێتەلەکان جۆری ڕاکاڵ و بناڤاکس و وێستگەیەکی PO- 3Mی رووسی.**

**یەکەی ١٢٧**

**فەرماندەکەی عەقیدی فرۆکەوان (مەحمود شاکر الداینی) لەناو سەربازگەی رەشید بووە، ئەم دوو یەکەیە راستەخۆ پەیوەندییان بەوەزارەتی بەرگری و ئاسایشی سەربازیی سەرکردایەتی هێزی ئاسمانیەوە و سەرکردایەتی بەرگری بوو چەند (رەعیل)ێکیان هەبوو کە بێتەلی روسی زۆر پێشکەوتوویان بەکاردەهێنا کە بەئاسانی نەدەتوانرا شتیان لێوەربگیرێت و بدزرێت زۆرجار هەوڵمان بۆ داوەو خەڵکمان راسپاردووە.**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیستیخباراتی سەربازی چەند یەکەیەکی تایبەتی** (معدات فنیة) **یان هەبوو کە بەتازەترین جۆری دەزگای گوێگرتن کاریانکردووە بەمەبەستی گوێ گرتن لەهەرچی بێتەل هەیە لەکوردستان و دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق یەکەکانی ئەمانەن:**

**یەکەی ١١٤ ی (معدات فنیة) لە بەغداد راشدیە بوو.**

**یەکەی ١١٥، لە بەغداد شەقامی رەشید.**

**یەکەی ١١٦، بەغداد راشدیە نزیك نەخۆشخانەی حەماد شهاب.**

**ئەرکی ئەم یەکەیە گوێگرتن بوو لەگفتوگۆی دەزگا تەلدار و بێتەلی لێپرسراوان و تەنانەت وەزیرەکانیش.**

**یەکەی٦٢٥**

شوێنەکەی موسڵ بووەو ٣ مەفرەزەی هەبوو مەفرەزەی کەڵەك، مەفرەزەی رەبیعە، مەفرەزەی شەنگال، لەهەر ناوچەیەك (ئەسبەقیە) هەبوو بۆ نمونە ٦٢٥ دانرا بوو بۆ گوێگرتن لە (پارتی – تورکیا – سوریا) یەکەی ١١٧ لەکەرکوك دانرابوو بۆ گوێگرتن لە (یەکیتی، بزوتنەوە، لایەنەکانی تر)، یەکەکانی سنوری پارێزگای دیالی دانراوە بۆ ئێران و یەکەکانی سنووری عەمارەو بەسرە دانرابوون بۆ (کوێت سعودیە)

**موخابەرات**

بەڕێوەبەرایەتی (١٢)ی گوێگرتن، شوێنەکەی لەبەغدا بوو، یەکێك لەوبەرێوەبەرایەتیانەی کە زۆر پشتی پێدەبەسترا لەلایەن موخابەراتەوە بۆ چاندنی دەزگای بیستن و بینین (سمعی – بصری) هەروەها وەرگرتنی لەرە دەنگیەکان و دیاری کردنی شوێنەکەی و هەرشتێك بەهێما یا شفرە بێت شیبکرێتەوە.

پرۆژەیەك هەبوو بەناوی (خاد)[٨٢] بێگومان کورتکراوەی ناوێکە لەراشدیە کەتایبەت بوو بە وەرگرتنی گفتوگۆ تەلەفۆنیەکان، بەگوێرەی ئەوزانیارییەی کە لەو دوو راپۆرتەدا هاتووە، دوو جۆری هەبوو لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست یەکێکیان لە ئیسرائیل و ئەمەشیان لەعێراق بوو، بە گوێرەی زانیارییەکانی ناو ئەم راپۆرتە توانیویانە گفتوگۆی تەلەفۆنی نێوان شا فەهد و میری بەحرێن وەربگرن و گوێی

[٨٢](خاد) پرۆژەیەکی نهینی موخابەرات بوو بۆ گوێگرتن بەکارهێنراوە لەراستیدا نازانم ئایا ئەم پرۆژەیە وەهمی بوو یا بۆ ترساندنی ئێمە بەکاردەهێنرا، پرسیاری زۆرم ئاراستەی ئەو کەسانە دەکرد کە راپۆرتیان دەهێنا یا چاوم پێیانکەوتووە، هیچ شتیکیان دەربارە نەزانیوە تەنانەت ئەو ئەفسەرە عەرەبانەی کۆلیژی سەربازی قەڵاچوالانیش و تەنانەت رائیدێکی ئەندازیار بەناوی (تەحسین کاکەیی)پرسیاری زۆریشم لەو کرد زانیاریی نەبوو بێگومان رەنگبێت نەیانویستبێت پێمانبلێن یا زانیاریان نەبووە دەربارەی.

لێبگرن، ئەم دەزگایە (موخابەرات) زۆربەی بێتەلەکانیان ژاپۆنی و کۆمپیوتەری بوو، یەکێکیان لەناو فەیلەق بوو ئەوی تریان لەبەنداوی سەدام بوو لە موسڵ بۆ وەرگرتن و گوێگرتن لەهەرچی بێتەلی هەرێمی کوردستان هەیە. ئەم بەڕێوەبەرایەتیە چەند وێستگەیەکی هەبوو لە راشدیە وئەبوغرێب و لە بەسرە.

پاش ئەم کورتە مێژوییەی خستمە روو لەسەرگوێگرتن لەعێراق دەگەینە ئەوئەنجامەی کە

* رژێمی عێراق لەچەند لایەکەوە بەتایبەت هەوڵی گوێگرتنی بێتەلەکانی (ی.ن.ك) ی داوە هەروەها هێزو لایەن کوردستانیەکانی تریش

* گرنگی تایبەتی داوە بەگوێگرتن و یەکەکانی (**معدات فنية**)

* گەیشتتینە ئەوەی هەر فەیلەقێك بەرێوەبەرایەتیەکی (**معدات فنية**) سەربەخۆی هەبوو لەگەڵ چەند یەکەیەکی تر بەناوی (**امرية المعدات الفنية**) بەگشتی دابەش کراوە بەسەر دوو رشتەدا:

١- (الاستطلاع اللاسلكي) کە تایبەت بوو بەگوێگرتن لەهەموو بێتەلێك.

٢-رشتەی (الحماية اللاسلكية)، کە تایبەت بوو بە بەچاودێری کردنی هەرچی بێتەل و تەلداری سەر بەخۆیان بوو هەر فەیلەقەش رشتەی پارێزگاری تایبەتی خۆی هەبووە.

لەکۆتایی ئەم بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە کورتە، ماوەتەوە بڵێم کە پێویستە لەسەر بێتەلچیەکان و هەم سەرکردەو فەرماندەکانمان بۆیەش ناوی سەرکردەو فەرماندەکان دەبەم، چونکە زۆر جار ناچارکراوین کە بروسکە بە تەلەفۆن وەربگرین وبینێرین یا زۆر جار سەرکردەو فەرماندەکانمان بەکراوەیی قسەیان لەگەڵ یەکتردا کردووە (هەر مەبەستێکی لەپشتەوە بووبێت) زیان گەینەرە هەم بۆ خۆیان هەم هێزەکانیان. زۆرجاریش سەرکردەو فەرماندەکانمان پێیان راگەیاندوین کە شتەکانتان وەردەگیرێت، بەلام لەڕاستیدا چ لەسەردەمی لێپرسراویەتی کاك بەختیار دواتریش وخۆمان هیچ نمونەیەکی بەڵگەدارمان

دەستنەکەوتووە کە ئەمە بسەلمێنێت، رەنگە ئەمەش هاندانێك بوو بێت بۆ ئەوەی زیاتر گرنگی بەشفرەو شتەکانی بەردەستمان بدەین، بەردەوامیش چ لەسەردەمی شاخ و چ پاش راپەڕینیش بەردەوام رێنمایی پێویستی عەدەد بێتەلەکان کراوە کە پەیڕەوی دوو پڕەنسیپ بکەن:

(**الحذر يقيك من الضرر إحذرالعدو يتصنت**) واتا بەئاگابوون لەزیان دەتپارێزێت، ئاگادار بە دوژمن گوێدەگرێت.

لەهەمو کاتێکدا و ئاگادار کراون کە هەمیشە ئەوەیان لەیاد بێت کە لەسەر بێتەل یا تەلەفۆن قسەت کرد بزانە یەکێك هەیە بەدواتەوەیە و گوێت لێ دەگرێت.

رژێمی عێراق هەوڵی دەدا سود لەو کوردە خوێندەوارانە وەربگرێت کە دەچوون بۆ سەربازیی بۆ دانانیان لەسەر دەزگا بێتەلەکانی گوێگرتن یەکێك لەوانە (کاك سەرکەوتە رەش – نصرالله عمر هیدایەت) یەکێك بوو لە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران ماوەیەك لە وەحدەی(١١٤)[٨٣] کاری گوێگرتنی پێ سپێردراوە بەسەر بێتەلەکانی (ی.ن.ك) تا پەیوەندی کردنی بە هێزی پێشمەرگەوە و دواتر بوونی بەعەدەد بێتەل ئەوەی دووپات کردەوە بۆمان کە بەهیچ شێوەیەك شفرەکانتان ناکرێتەوە.

دوای راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) یەکێك لەوانەی لەو دەزگایانە کاری کردووە کاك(عبید رەشید)خەڵکی شاری کەرکوکە ئەمەی بۆ باسکردم:

"ساڵی ١٩٨٦ بوو کاتێ بەرپرسێکی سەربازی سەردانی پرۆژەی (٨٥٨)ی کرد لە موسڵ دامەزراوەیەکی گوێگرتنی گەورە بوو بۆ گوێگرتن لە وڵاتانی ئێران و تورکیا و وڵاتانی کەنداو تەنانەت ئیسرائیلیش وەك بە ئێمەی راگەیاند: ئێمە شفرەکانی ئەو وڵاتانە دەشکێنین واتە دەیکەینەوە کەچی ناتوانین شفرەکانی (ی.ن.ك) بشکێنین و خۆشتان دەزانن ئەو دەزگایانە ئەوەندە هەستیاران هەر

---

[٨٣] یەکێك لەرێکخستنەکانی کۆمەڵە بەناوی کاك سەرکەوت سەربازبووە لەو یەکەیە تاهاتنە دەرەوەی لە ساڵی ١٩٨٦.

دەنگێك بێت بەدوای دەکەویٚ کەچی ئێوە بۆمان دەنووسن باش گوێمان لێیان نابیٚ مانای چییە تائێستا نەتانتوانیوە

شفرەیەکیان بکەنەوە؟ دیارە ئێوە پەیوەندیتان بەوانەوە هەیە؟ گەر بزانم وایە بەدەستی خۆم گوللە بارانت دەکەم؟ ئەوەی لادرکاندم گوایە بێتەلەکان(ی.ن.ك)هەموویان خولی زۆرباشیان لە ئیسرائیل دیوە، لەوەڵامدا وتم من سەربازێکم ئەوە نازانم و ئاگاداری کردمەوە بەهەر شێوەیەك بیت ناوی تەواو و ناونیشانی بەختیار مستەفا و ئەو عوسمان ناوە کەلای مام جەلال کاردەکات بزانن و ئەوەش بزانن ئایا پەیوەندی تریان بە بێتەلی ترەوە هەیە لێتان قبول ناکەم بڵێن ناتوانین بەچاکی گوێیان لێبگرین، زۆرجار بروسکە ژمارەکانمان وەردەگرت بە دەستی ئەنقەست ژمارەیەکمان بەهەڵە دەنوسی تا ئەوان سودی لێوەرنەگرن هەندێکجار بروسکەکەیان دەهێنایەوە سەرمان دەیانگوت ژمارەیەکتان بەهەڵە وەرگرتووە ئەوەش لە دڵسۆزی خۆشەویستیمان بوو بۆ (ی.ن.ك) و پێشمەرگەکان زۆر دڵخۆش دەبووم کە دەیانوت هیچ سودێکمان لەو شفرانەی وەرنەگرتوە کە بۆتان ناردوین". [٨٤]

یەکێکی تر لەوانە کەسێکی کوردی خەڵکی شاری کەرکوك بوو بەناوی سەعدان کە ئێستا مقدەمە لە هێزەکانی (ی.ن. ك) لەو دەزگایانە کاری کردووە". [٨٥]

---

[٨٤] عوبێد ڕەشید ماوەیەك لە دەزگای راگەیاندنی ئەلعێراقیەو تیڤی کەرکوکی جاران کاریکردوە، لە سەربازیش لە دەزگای گوێگرتنی سوپای عێراق کاری کردووە.

[٨٥] ئیستا پلەی مقدەمە لە ئاسایش.

## بێتەلە ئارەزوو مەندەکان – Amateur Radio -

### رونكردنەوەی رێبازی شۆڕش

مێــژووی بێتەلــە ئارەزوومەنــدەکان دەگەڕێتــەوە بــۆ پــێش پێشــكەوتنی تەكنۆلۆژیای گەیاندن و پەیوەندی كردن. سـەرەتا لـە وڵاتـی ئـەمریكاو كێشـوەری ئوسـتراليا و كەنـەدا سـەری هەڵـداوە ئـەوەش بـەهۆی بـەرفراوانی رووبـەری ئـەو وڵاتانەوە بوو بۆ ئەوەی حكومەت ئاگاداری هەر رووداوێكی سروشتی یا رووداوی نەخوازارو ببنەوە ئاگادار بن و بەفریایانەوە بچن، بۆیـە هـانی هاوڵاتیـانی دەدا كـە بێتـەل لەماڵـەكانیان یـا نـاو ئۆتۆمبیلـەكان بـەكاربهێنن لـەو بێتـەلـە سـاكارانەی ئـەو سەردەمە. بەڵام دواتر تەشەنەی كرد بـۆ كێشـوەری ئـەوروپا و تەنانـەت كێشـوەری ئاسیا. لەئەمریكا و كەنەدا بیر لـەوە كرایـەوە كـە سـەنتەرێك دامـەزرێ بـۆ كـۆنترۆڵ كردنـی ئـەو بێتەلـە ئارەزوومەندانـە و چـەند رێكـارو یاسـایەكی بـۆ دانـرا. لـە وڵاتـە عەرەبیـەكانی وەك میسـر، سـعودیە، جـەزائر، ئـوردن و پاشـان دەوڵـەتانی كەنـداو تەنانەت لەعێراقیش ئەو یانەیە هەبوو.

لەبابـەتی جـۆری پەیوەندیـەكان ئامـاژەم بەپەیوەنـدی (هـوات) ئارەزوومەنـدان كـرد، سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٢ بـووم بـە پێشـمەرگە و لـە كۆتـایی سـاڵی ١٩٨٣و سەرەتای ساڵی ١٩٨٤ لەكاتی گفتوگۆكانی(ی.ن.ك) و رژێمـی بەعسـی لەناوچوو، پێشنیاركرام بۆ عەدەد بێتەلی (م. س) لە سورداش هاوڕێی دێرین مامۆستا عادل كە پێش بەندە عەدەد بێتەلی مام جەلال بوو خولێكی خێرای یـەك دوو كاتـژمێری پێكردم لەسـەر بەكارهێنانی بێتـەل، چـۆن شـەپۆلەكان هەڵدەبژێرێت و دەگـۆڕیت، چـۆنیەتی دابـەزین و سـەركەوتن بـە شـەپۆلەكان دەكـەیت، چـۆنیەتی بـانگكردنی وێسـتگەكان، چـونكە وێسـتگەی سـەرەكیی بـووین، چـۆنیەتی شـفرە كردنـەوەو كردنــی بروسـكە بـە شـیفرەو چـۆنیەتی خوێندنـەوەی ژمارەكـان بـۆ بەرانبـەرو

جێیهێشــتم و دواتــر بــەختیار مســتەفا کــە لێپرســراوی بەشــەکەمان بــوو موجەفیرەیـەکی بۆ هێنـام و فێری بەکارهێنانی کردم ئەوکات تـەنها لـەنێوان مام جەلال و کاك نەوشیروان هەبوو، چونکە دوو دانەمان هەبوو دواتر زیادیان کرد.... لە دەفتەری بیرەوەریەکانم چەند رێنماییـەك و هەندێك شتم تۆمارکرد کە کەوتمە کارکردن چەند تێبینیەکم لا دروست بوو دەبوایەپرسیاربکەم تا تووشی هەڵە نەبم، یەکێ لەسیفەتەکانی عەدەد بێتەل دەبوایە بە وریاییەوە مامەڵە بکات.

جێی خۆیەتی بەسەرهاتێکی خۆم باس بکەم لەگەڵ عەدەد بێتەلی ت/٢١ ی کەرکوك (پیران –رەحمان شوکر) لەگەڵ رێزو خۆشەویستیم، زۆر پـێش من عـەدەد بێتەل بوو ئەزمونی زیاتر بوو بێتەلەکەی ئێمە (م. س نـاوی هـەڵۆ بوو، ئـەوانیش هـەردی) بـانگی کـردم هـەڵۆ بروسـکەیەکی شـفرەم بـۆت هەیـە یـەك سـەرکەوە نیـو دابەزە لەراستیدا یەکەکە سەرکەوتم،بەڵام نیو دابەزینەکە بوو بە کێشە بۆم، چونکە لە ڕاهێنان دا فێری نەکردم بەبیرکردنەوە دۆزیمەوە تا چومە ئەو شەپۆلە زۆرم پـێ چـوو وتـی: "هـەڵۆ ماڵـت بـەقور نـەگیرێ ئـەڵێی بەپشـتی کیسـەل هـاتی!) منـیش پێکەنیم و بێ ناوهێنان چونکە ناوهێنان قەدەغە بوو وتم بڕوات هـەبێت (هـەردی) نـاوی بێتــەلی ت/٢١بــوو فێــری نــەکردووم بــەڵام خــۆم بەعەمەلیــەکی حســابی دۆزیمەوە..

دوای ماوەیـەك کـارکردن و یـەکتر ناسـین لەگـەڵ عـەدەد بێتەلـەکانی تیـپ و مەڵبەنـدەکان کـە دەهـاتن بـۆ سـورداش بـۆ وەرگـرتنی بێتـەلی نـوێ، یـەکێ لەوانـە بـەرزانی حەمـەی مینـە عـەدەد بێتـەلی شـاڵاو ت/٥١ ی گـەرمیان بـوو، لەئـەنجامی گفتوگۆ و قسەکردن ئەوەی بۆ باسکردم "لەئەنجامی گەڕان بـەناو شـەپۆلەکان دا تووشی هەندێك وێستگەی بیانی بوم و بەئینگلیزیـەکی شـەق و شڕ قسـەم لەگـەڵ کردوون ئەو کەلکەلەیە کەوتە مێشکمەوە لە کاتی دەستبەتاڵیدا دەکەوتمە گەڕان و دۆزینـەوە و هـەوڵم دەدا قسـەیان لەگـەڵ بکـەم زۆرجـار پێیانـدەوتم دەنگـت کـزە و ئەمپلی فایەریکی ١٠٠ واتیم لابوو کە بەکارم دەهێنا باشتر دەبوو".

لەکاتی گفتوگۆ رێگە درا هەندێك لەهەڤالانمان سەفەری دەرەوەی وڵات بکەن و هەنـدێکی تـریش بگەڕێنــەوە، لەوانــەی گەڕابونــەوە د.فوئـاد مەعسـوم بـوو کـە دەزگایـەکی بێتـەلی جۆری (Icom)ی پێشـکەوتووی دروسـتکراوی ژاپـۆنی ٥٠٠ واتی (ئەوانەی خۆمان ١٥ – ٢٠ وات بوو) لەگەڵ خۆی هێنابۆوە، لەبنچینەدا دوو بێتەل بوو لەلایەن د.کەمال و برادەرانی دەرەوە بوو بەمەبەستی ئەوەی یەکێکیان لە ئەوروپا بێت و ئەوی تریان لە کوردستان بۆ پەیوەنـدی لەسـەر راسپاردەی مام جـەلال کرِدرابـوون، بـەڵام لـە فرۆکەخانـەی بەغـدا لەلایـەن موخابەراتـەوە دەسـتی بەسەردا گیرا ئەوکات (فازل بەراك) سـەرۆکی دەزگاکە بـوو کە مام جەلال قسـەی لەگەڵ کردبوون بۆ

وەرگرتنـەوەی پێیوتبـوو (**اتريـدون تحضـون بي ويـة الطمـر**) واتـە دەتانـەویٚ لەگەڵ مـانگ و مانگـە دەسـتکردەکان قسـەی پـیٚ بکـەن و چـەند بروبيانوييـەکی تـر بەمەبەستی نەدانەوەی و دەستبەسەرداگرتنی و حەپـەلوش کردنـی، وەك جەنابی مام بۆی باسکردووم لەپـەراوێزی هەنـدێك لەکۆبونـەوەکان باسيان لەوەشکردبوو جەنابی لێیان تورە بووبوو پێیوتبوون ئێمە لەگفتوگۆداين و ئەمانە شتی لاوەکی و بچوکن ئێوە داگیری دەکەن ئەی ئەگەر داوای شتی گەورەتان لێبکەين چۆن مامەڵە دەکـەن؟! پـێش دوا سـەفەری مـام جـەلال بـۆ بەغـدا توانيبـووی لـەبن چـنگيان دەريبهێنێتـەوەو لای کـاك بـەختيار هـەڵگيرا، لەگـەڵ ئـەوەش وەفـدی دانوسـتانکار بەسەرپەرشـتی مـام جـەلال لـەخولی يەکـەمی گفتوگـۆ توانيـان قەناعـەت بـەرژێمی بەعس بهێـنن کە بۆ باش بەڕێوەچوونی گفتوگۆ و ئاگاداربوون لەجموجوڵـەکانی هێزی پێشمەرگەو بەريەکنەکەوتن لەگەڵ سوپا و چەکدارەکانی تر ٢٠ دانە ڕاکاڵی دروستکراوی ئينگليـزی نوێيـان لـیٚ وەربگـرن، رژێمـی بـەعس پێيوابـوو ئێمـە لێـی نـازانين و هـەر زوو خراپيـان دەکـەين و يـەك يـەك و دوو دەيبەينـەوە بـۆ لايـان بـۆ چـاککردنەوە ئـەوانيش بـەفرِوفێڵ و دەسـتی دەسـتی نامانـدەنـەوە! بيريـان لـەوە نەکردبۆوە کە ئێمە بەباشترين شێوە پارێزگاريـان لـیٚ دەکـەين و بەباشـترين شـێوە

بەکاریاندەهێنین و چاکترین سودیشی لێ دەبینین.یەکیتی نیشتیمانی کوردستان و سەرکردایەتیەکەی دوای دوو سێ خولی گفتوگۆ دەرکیان بەوە کرد کە بەعس مەرامی دەستی پێ کردن و خلافاندنیەتی، بۆیە پێشتر پلانی ئەوەیان دارشتبوو کە لەجیاتی سورداش شوێنێکی ئەمینتر داببن بکەن بۆ سەرکردایەتی و لەوێوە جموجوڵی گفتوگۆ ئیدارە بدەن، ئەوەبوو مانگی ٤/ی ١٩٨٥ بنکەو بارەگاکان لە سورداشەوە گواسترایەوە بۆ سێروانی بەری مەرگە، چونکە پێشبینی ئەوە کرابو کە بەهۆی کاریگەری لایەنی سیاسی دەرەکی و کاریگەری سیاسی هەندێك لایەنی ناوخۆیی کە دژ بەگفتوگۆبوون، هەوڵی تێکدانی بدەن و سەرکردایەتی (ی. ن. ك)لەو حەقیقەتە گەیشتبوو کە رژێمی بەعس بەهۆی شکستەکانی ناچاری گفتوگۆ بوو، (ی. ن.ك)یش پێویستی بەپشوویەك و نزیك بوونەوە لەجەماوەرەکەی خۆی هەبوو، خۆی خستە ژێر باری گفتوگۆ، گفتوگۆش بەبارێکی خراپدا گوزەری دەکرد. جەنابی مام ئاگاداری بەندەو پشکۆ عەبدولخالق مەعروف کرد کە بچین لەئاوەژێ لای بەختیار مستەفا بێتەلە ئایکۆمەکە

بهێنینەوە و خۆمان ئامادەبکەین بۆ پەیوەندی کردن بە د.کەمال فوئاد و دیاربوو لە ڕێگەی نامەوە ئەوەی ریکخستبوو، لەگەڵ خارە ئازادو کاك پشکۆ کەوتینە ئەنتینا دامەزراندن بۆ فریکوەنسیە بەرزەکانی وەك ١٤٠٠٠ و ٢١٠٠٠میگاهێرتز، دەبوایە لەگەڵ ئەنتیناکانی ترمان جیاواز بێت، ئێمە لەسەر فریکوەنسیەکانی ٣٥٠٠ و ٤٠٠٠ و هەندێك جار ٥٠٠٠ میگاهێرتز کارمان دەکرد بەحکومی ئەوەی کاك پشکۆ لەکۆلیژ بەشی ئەلیکترۆنی خوێندبوو لە ئێمە ئەکادیمیانەتر رێپشاندەر بوو بۆ دروستکردنی ئەنتیناکان، کات و رۆژی پەیوەندی کردن هات و بێتەلەکەمان بەگەڕخست و بە (شەڕبەتی کۆڵنگ ئەسڵەعی – شەڕبەتی مام جەلال و ئەسلەعی د.کەمال فوئاد) دەستمان پێکرد زۆر بانگ و چاوەڕێمان کرد هەر دەنگ نەبوو، بۆیە ئاگاداری جەنابی مامکان کرد و رۆژی دواتریش بەهەمان شێوە لەکات و فریکوەنسی دیاری کراو چووینەوە بەهەمان شێوە هەر دەنگ نەبوو، بۆیە مام جەلال فەرمووی "چەند ڕۆژێکی تر سەبرم لێ

بکەن بزانم خەتای ئێوەیە یان ئەوان، پێتاندەڵێمەوە"، دوای چەند رۆژێ جەنابی مام فەرمووی "بچنەوە سەر هێلەکە دیارە ئەوان ئامادەنەبوون"، بەهەمان شێوەی جاری پێشوو چووینەوە سەر شەپۆلەکە و بانگ کردنیان، بەلاّم هەر دەنگ نەبوو کە کاتەکە بەسەرچوو کاك پشکۆ لەئەنجامی گەڕان بەناو شەپۆلەکاندا لەگەڵ وێستگەیەکی ئینگلیزی قسەی کرد بەبانگ کردنی بە کۆدێك و ئەویش وەلاّمی دایەوە و وتی "ئاستی دەنگتان ٩/٥یە"، واتە زۆر بەهێزە ئێمە پێشتر گومانمان هەبوو کە ئەنتیناکەمان هەم ئاراستەکردنەکەی هەم شێوەکەی باش نییە، دەرکەوت کەباشە و دوای ئەو بەندەش قسەم لەگەڵ وێستگەیەکی تر کرد ئەویش وتی "دەنگتان زۆر بەهێزە لە چ شاریکی عێراقەوە قسە دەکەن؟ ئەنتیانەکەت چ جۆرێکە؟ تەمەنت چەندە؟ پلەکانی گەرما لای ئێوە چەندە؟" هەندێك قسەو بابەتی تر کە ئەوانە سەرەتای پەیوەندی بێتەلە ئارەزوو مەندەکان بوو، لەوەوە کاك پشکۆ وتی "ئەمانە بێتەلی ئارەزوومەندن لە ئەوروپا یانەیان هەیە بۆ قسەکردن لەگەڵ ولاّتان"، ئەو رۆژە گوێمان لەدەنگی زۆر ولاّتی ئەوروپی بوو بە ئەڵمانیای رۆژئاواشەوە کە دکتۆر کەمال فوئاد لێی دەژیا و ئاگاداری جەنابی ماممان کرد کە شتێکی وامان کردووە زۆری پێ خۆش بوو فەرموی "کوڕم ئەوە بۆ منی لێگەڕێن" بەلاّم بەهۆی تیکچونی بارودۆخی گفتوگۆ هەر لە شەهید کردنی ملازم سەید کەریم و گرتنی پێشمەرگە لەبازگەکان و چەند پێك هەڵپرانێکی لابەلا لەگەڵ چەکدارانی رژێم دۆخی گفتوگۆ نێوان (ی.ن.ك)و حکومەت تا دەهات خراپتر دەبوو، بەلاّم سەرەتا زۆر جدی بوون تا کار گەیشتە ئەو رادەیەی بەفرۆکەی جەنگی بۆردومان و تۆپبارانی ناوچەکانی سەرکردایەتی لەبەری مەرگە بکەن (شارستێن و چنارنە و سێروان و ئاوەژێ و کانی توو) ودواتر شەڕی (دابان –هەلاج) سەرکردایەتی ناچارکرد کە بارەگاکانمان بگوازینەوە بەرەو دۆلی جافایەتی (سەرگەڵو – بەرگەڵو) کەپێشتر ئێزگە و نەخۆشخانەی شۆڕشی لێ جێگیرکرابوو، بارەگاکان دابەش بوون بەسەر هەڵەدن– یاخسەمەر– کانی موراد – چالاّوا – گویزیلە – گاپیلۆن و چۆخماخ و مالومە و چەند گوندێکی تر)، بۆ مێژوو و بۆ زانیاری،

سەرکردایەتی (ی.ن.ك) تاکە سەرکردایەتی هێزی کوردستانی بوو کە ٣٠ تا ٣٥ کم لەشاری سلێمانیەوە دوور بێت و بەڕای بەندە ئەوە گەورەترین ئاڵەنگاری سەربازیی بوو کە مام جەلال و سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لەو ناوچانەوە رابەرایەتی شۆڕش و سەرپەرشتی و چالاکی و جموجوڵی هێزی پێشمەرگەیان لێوە دەکردبۆ رژێمێکی پڕ چەکی درندەی خاوەن توانایەکی سەربازی بەهێز لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست، لەبەرانبەردا بنکەو بارەگای لایەنەکانی تر لە کەرەج و راژان و ناوچە سنوریەکانی ناو خاکی ئێران و تورکیا بوون.

بەهۆی ئەو بارودۆخەی هاتبووە پێشەوەو کۆتاییهێنان بەگفتوگۆ لەلایەن (ی.ن.ك)و گواستنەوەی سەرکردایەتی جارێکی دی ئەو بێتەلەمان پێچایەوەو بردمانەوە لای کاك بەختیار.

پاش جێگیربونی بنکەو بارەگاکانمان لە یاخسەمەر – کانی موراد رۆژێکیان مام جەلال ئاگاداری کردمەوە کە بچم ئەو بێتەلە لای کاك بەختیار بهێنمەوە و کاك پشکۆ وەك ئەندازیاری ئێزگە کاری دەکرد، لەوێ لەگەڵ خۆم بیهێنمەوە و بێتەلەکە دامەزرێنینەوە و فەرموی ئەمجارەش(سەری هەڵداوەتەوە)و پێویستە جدی ترهەوڵەکانی خۆتان بخەنە گەڕ بۆ ئەو پەیوەندییە چونکە زۆر گرنگە بۆ ئێمە هەواڵ و دەنگ و باسەکانمان بنێرین بۆ ئەوروپا لەو رێگەیەوە خۆتان دەزان هیچ رێگاو هۆیەکی تر شك نابەین"، دیسان کەوتینە ئەنتینا دروستکردن بەشێوەی دایپول واتە تەناف بەشێوە پیتی T ئینگلیزی یا V سەربەرەوخوارو ئاراستە کردنی رووەو ئەوروپا جگە لە ئەنتینای شەپۆلەکانی ترمان، بێگومان ئەوکات و سەردەمە بەهۆی بوونی رۆکێتی بالیستی ئاراستەکراو بەهۆی دەنگەوە گەورەترین مەترسی بوو لەسەر ژیانی خۆمان و دەوروبەرمان، بەڵام ئێمەی پێشمەرگەو عەدەد بێتەل تەحەدای هەموو قەدەرێکمان دەکرد و گوێمان لەهیچ شتێ نەبوو! راستیەکیش لای جەنابی مام روون بوو وایدەزانی جارەکەی تر ئێمە کەمتەرخەمیمان کردووە، بەڵام نەیدەویست پێمانبڵێت ئەوان نایانەوێ ئەو

پەیوەندییە سەربگرێت لەبەر لایەنی ئەمنی خۆیان ! دیسان بە شەڕبەتی کۆڵنگ ئەسلەعی دەستمان پیکردەوە و چەند رۆژێك لەکاتەکان و شەپۆلەکانی کە لە جەنابی مامەان وەرگرتبوو دەچوینە سەرخەت کەچی هەر دەنگیان نەبوو، ناوچەکەش لەرووی دەنگ گەیاندنەوە زۆر باش بوو، ئەو پەیوەندییە هەر ئەنجام نەدرا.

لەگەڵ کاك پشکۆ کەوتینە گەڕان و قسەکردن لەگەڵ وێستە ئەوروپی و عەرەبیەکان، سەرەتا گوێمان لە وێستگەیەکی کوێتی بوو بە کۆدی (k2S) کە پیتی یەکەم رەمزی وڵات بوو، منیش و کاك پشکۆش بەعەرەبی و بە ئینگلیزی قسەمان لەگەڵ کردو نەریتەکە وابوو خۆمان پێ ناساند. دواتر کاك پشکۆ کتێبێکی لابوو سەبارەت بە بێتەل بە ئینگلیزی سەیرمان کرد کە کۆدی عێراق لە هەیئەی گەیاندنی نیودەوڵەتی (yi)یەو بیرمان لەوە کردەوە ئێمەش با کۆدێك بۆ خۆمان دروست بکەین بڕیارمان دا دوو کۆد دروست بکەین یەکێکیان بەناوی (YI2- ARB) بۆ کاك پشکۆ بە حساب لە هەولێرەوە قسە دەکات و کۆدێکیش بۆ بەندە بەناوی (YI4KRD) بەحساب لە سنوری سلێمانیەوە قسەم دەکەم هەردووکمان یەك بێتەل و لای یەکەوە بووین، دوای یەك دوو رۆژ مانەوە لامان کاك پشکۆ گەڕایەوە ئێزگە و هەر فرسەتی هەبوایە بەو کۆدە قسەی دەکردو بەندەش بەردەوام بووم لەگەڕان بەناو شەپۆلەکاندا و وەك ئەوان کۆدەکەی خۆمم ئەوت وبە CQ ... CQ سەرنجی زۆر وێستگەی ئەوروپیم راکێشا بوو بۆ لای خۆم، جاری وا هەبوو فریا نەدەکەوتم وەڵامی هەندێکیان بدەمەوە و چەند هاوڕێیەکم دروستکردبوو بانگی وێستگەیان بۆ دەکردم، چونکە ئەنتیانەکەی ئەوان خولاوە بوو بۆ هەر چوار ئاراستە ئەوەی ئێمە فەقیرانە و وایەرێکی ئاسایی بوو.

ئاگاداری جەنابی مامم کرد کە شتێکی وامان دۆزیوەتەوە و دەنگمان لەگەڵ ئەوروپا زۆر باشە، زۆری پێخۆش بوو، ئەدرێسی دکتۆر کەمال و شازاد سائب و

سەلاح رەشیدی دامێ و رێنمایی كردم كە هەوڵبدەم لە ڕێگەی ئەوانەوە بیانهێنە خەت و بزانین كێشەیان چییە لەنەهاتنە سەرخەت و هەوڵبدەم هەواڵ و دەنگ و باسەكانی خۆمانیان پێ بگەیەنین، فەرموی چونكە ئەوانە مەرج نییە هەمووی هەر (ئارەزوومەندبن رەنگبێت هەندێكیان جۆڕنالیست یا سەر بەدەزگا

موخابەراتییەكان بن)و دەستخۆشی لێكردم وتی بەپێی توانا هەوڵبدە رۆژانە سەرەڕای ئەو كارە زۆرەی لەگەڵ بێتەلی تیپ و مەڵەبەندەكانی خۆمان هەمانبوو پەیوەندییان لەگەڵ بكەو زانیارییان بدەرێ سەبارەت بە دڕندەیی سوپای عێراق و بەعس و چالاكییەكانی هێزی پێشمەرگە و فەرمووی "بۆ دەمە زەرد كردنەوەی ئینگلیزیەكەت چیت پێویست بوو پێمبڵێ"، هەروەها قاموسێك و چەند گۆڤارێك و رۆژنامەی ئینگلیزی دامێ كە بیخوێنمەوە، لەیادمە جارێك لەو جارانە بەرێكەوت قسەم لەگەڵ وێستگەیەكی ئەڵمانیای رۆژئاوا كرد كۆدەكەی (DF یان DL)بوو، وەك پێشتر ئاماژەم پێدا قسەكردن لەسەر ئەو بێتەلانە بە زمانی ئینگلیزی بوو كە پۆست كۆدی دكتۆر كەمالم پێدا وتی "ئەوە زۆر نزیكی خۆمە"، لێرەدا وتم زۆر زەرورین كە قسەی لەگەڵ بكەین دەتوانی یارمەتیمان بدەی قسەی لەگەڵ بكەین؟ وتی ژمارەكەتان لایە؟ منیش وتم بەڵێ لامانە و ئاگاداری جەنابی مامما‌ن كرد بێتە خوارەوە بۆ ژوورەكەمان خۆی قسە لەگەڵ كابرا بكات كابرا زەنگی بۆ ماڵەكەی دكتۆر كرد جەنابی مام لامەوە دانیشتبوو وتم دەنگمان چۆنە؟ وتی زۆر باشە، منیش مەبەستم بوو مام ئەوە بزانێ، وتی "دكتور لەسەفەرە بەلام كەهاتەوە چیتان دەوێت پێی دەڵێم"، جەنابی مام بە ئینگلیزی قسەی لەگەڵ كردو چەند وشەیەكی كە دیاربوو نهێنی نێوانیان بوو بە كابرای وت، وتیشی دوای من ئەو كوڕەمان شتێكت پێ دەڵێت بزانە دەتوانی هاوكاری بكەی پێم وت بەڵكو هاوكاری ئەو برادەرەمان بكەی بۆ دامەرزاندنی بێتەلەكەی دیارە زۆر شارەزانییە؟ لەوەلامدا بەڵێنیدا كە هاوكاری بكات، بۆ جەنابی مام جەلالیش دەركەوت كە ئێمە خەتابار

نەبووین لەهەردوو جاردا. دوای یەك دوو رۆژ کابرای ئەڵمانی وتی "راسپاردەکانی برادەرکەتم بەو کابرایە گەیاند (مەبەست د.کەمال بوو) بەڵام کێشەیان هەیە لە دانانی بێتەلەکە چونکە دەبێت مۆڵەتیان هەبێت".

دوای ئەو گفتوگۆیە کەوتە بانگ کردنی وێستگەی زیاتر بۆ قسە لەگەڵ کردنم ئەمەش وێستگە عەرەبیەکانی لیٚ وروژاندین بە کابرای ئەلمانی و دەوت ئەمانە نا یاسایین و pirate) قرصانن- واتە چەتەن (شکاتت لیٚ دەکەین لە لای (International telecommunication union)و تەنها یەك وێستگە لەعێراق هەیە (Yi 1 BGD)و لەبەغدایە داوام لەکابرای ئەلمانی کرد ڕێگەم بدات منیش وەلامیان بدەمەوە، وتم ئەوەی ئێوە قسەی لەگەڵ دەکەن لەدەزگای موخابەراتی عێراقەو و پیاوی موخابەراتە، لەعێراق کەس ناتوانیٚ لە ماڵی خوی بێتەلی هەبێت و بەو ئازادیە قسە بکات، کەی ئەوجۆرە ئازادییە لەعێراق دا هەیە؟ ئێوە نایانناسن ئێمە دەیانناسین، باوەڕ بەو کەسە مەکەن کەوا دەڵێت ئەگەر لەماڵەوە ئەو جۆرە بێتەلەی هەبیٚ (they will hang him واتە ئیعدام دەکریٚ، بۆیە راست ناکات و بێتەل تەنها لەناو سوپای عێراق بەکاردەهێنرێت، ئیوە رژێمی عێراق ناناسن وەك ئێمە کە چۆن دژی گەلەکەی خۆیەتی و بۆ زانیاریتان زیاتر لە هەزاران گوند و شارۆچکەو مزگەوت و کلیسەو قوتابخانەی لە کوردستان لەگەڵ خاك یەکسان کردووە و تەنانەت کانیاوەکانی بە چیمەنتۆ پڕکردووەتەوەو خەڵکە سیڤیلەکەی راگواستووە بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان، بۆیە گەلەکەمان ناچار بووە بەچەك هەڵگرتن و شۆڕش و بەرپاکردنی شەڕی پارتیزانی، چونکە رژێمی عێراق باوەڕی بە دیموکراتیەت و پێکەوە ژیان و ماف نەتەوە جیاوازەکانی عێراق نییە، ئەم شۆڕشکردنە بۆ پارێزگاریە لە جینۆساید و لەناوچوونی گەلی کورد، ئەو بزوتنەوەیە بە رابەرایەتی (ی. ن. ك)، ناوچەیەکی فراوانی ئازادکراومان هەیە، دەتوانن لە رێگەی نوێنەرەکانمان لە ئەڵمانیا و هوڵەندا و بەریتانیا و سوید و هەندێك وڵاتی تر بێنە کوردستان و ئەوانەی کە من وتومە بەچاوی خۆتان بیبینن بزانن راستە یان نا؟ بەکوردیەکەی خۆمان روونکردنەوەی رێبازی شۆڕش بوو.

دوای ئـەو قسـانەم زۆر وێسـتگەی ئـەورووپی قسـەیان لەگـەڵ کـردم لەوانـە وێستگەیەکی نەرویجی و ئیتاڵی و ئەڵمانی و وتیان بۆ سبەینێ دەتوانی بێتەوە خەت و قسەت لەگەڵ بکەین؟ بەندەش زۆرم پێخۆش بوو، بە بەڵێ وەڵامم دانەوە.

زۆر جار وێستگە ئەورووپییەکان ئـەو پرسـیارەیان لـێ دەکـردم: بۆچـی ئـەو عەرەبانە دژی ئێوە قسە دەکەن؟ لەوەڵامدا دەموت هەموویان لە سەدام حوسێن دەترسن و پیاوی سەدامن، بەڵام رۆژێک دێ پەشیمان ببنەوە لە هاوکاری و پشتیوانی سەدام، زۆرێک لە روونکردنەوەکان بە رێنمایی مام جەلال بوو کە پێیدەوتم ئەوەیان بۆ باس بکەو ئەوەیان پێ بڵێ، هەندێک وێستگە هەبوو کە گوێیان لەم قسانە دەبوو دەرۆیشتن و هەندێکیان پێیانخۆش بوو قسەم لەگەڵ بکەن. جێی خۆیەتی باسی ئەو وێستگە نەرویجیە(کۆدەکەیم ئێستاش لەیاد ماوە (NL) بوو)کەم کە هەفتانە دوو جار یا سێ جار پەیوەندی پێوەدەکردم و زۆر پرسیاری دەکرد دەربارەی کورد لەوەڵامدا دەموت کورد: گەلێکی ٣٠ تا ٤٠ ملیۆنە و دابەشکراوە بەسەر چوار وڵاتدا و خاوەن دابونەریت و مێژوو و کەلتورو زمان

و جلوبەرگی تایبەت بەخۆیەتی.. بەگویرەی پرسیارەکانی وا پێدەچوو رۆژنامەنوس بێت، چونکە جارێک لەجارەکان وتی دەتوانی جموجولی پارتیزانەکانتانم بدەیتێ دوای پرسیار کردن و رەزامەندی مام جەلال زۆر لەچالاکی و هەندێک شتی هێزی پێشمەرگەم بۆ وەردەگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی و بۆم دەخوێندەوە ئاگاداری کردمەوە کە راپۆرتێکی لە رۆژنامەیەکی لۆکالی شارەکەی لەسەرمان بڵاو کردۆتەوە.

لەگەشتی دووەمی مام جەلال بۆ دەرەوەی وڵات بەهاوکاری هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کاسێتێکی ڤیدیۆیی لەسەر کیمیابارانی ناوچەکانمان لە ساڵی ١٩٨٧ دا و بۆمبابارانی فرۆکە جەنگیەکانی عێراق بۆ یاخسەمەرو و تۆپبارانکردن و وینەی

بریندارە بەرکەوتوەکانی کیمیاوی و زۆرشتی تر بەکامێرای ڤیدیۆیی دادە هێرۆ گیرابوو منیش بەئینگلیزی باسی رووداوەکانم دەکرد، هەروەها کاك حەمە تۆفیق و دکتۆر شوان و دکتۆر هەڵۆ لەهەمان کاسێت قسەیان لەسەر بابەتەکان کردبوو، لەسەر ئەو ناونیشانەی کابرای نەرویجی پێیدابوم دادە هێرۆ بۆی ناردبوو پاش گەیشتنە دەستی زۆر کاریگەر بووبوو بە دیمەنەکان، لەیەکێ لە رۆژنامەکانی نەرویج بلاوی کردبۆوەو وێنەیەکیشی بۆ کاك هەڵۆی برای هێرۆخان کە ئەوکات لەسوید نیشتەجێ بوو ناردبوو، چونکە لەرێگای ئەوەوە بۆی نێردرابوو، لەپەیوەندیەکی تردا پێموت: باوەرت بەو قسانە کرد کە پێشتر باسمان کردبوو؟ لەوەلامدا وتی بەڵێ قەناعەتم هەیە و وەك پارێزەرێکی لێهاتبوو بۆ من کە هەندێك وێستگە قسەیان دەکرد دەیوت: لێیان گەرێ من وەلامیان دەدەمەوە و پەیمانی پێدام سەردانی کوردستان بکات بەلام بەداخەوە ئەنفالی بەسەردا هات.

لە یەکەم پۆست کە لەریگای ئێرانەوە بۆ مام جەلال هاتبوو دکتۆر کەمال زیاتر لە ١٥٠ کارتی QS kard واتە پەیوەندی کردنی بۆ ناردبوومەوە هەر جارەی پۆست دەهات کۆمەڵێکی بۆ دەناردمەوە و پاش گەرانەوەی بۆ کوردستان و یەکتر بینین کۆمەڵێکی تری بۆ هێنابومەوە، لەهەندێك نامەکاندا خاوەنەکەی(١)دۆلاری تێدا دادەنا بۆ ئەوەی ئەرك نەکەوێتە سەر من و وەلامی بدەمەوە، زۆرجار جەنابی مام دەیفەرموو: رەنگبێ هەندێك لەو بێتەلانە سەر بەدەزگای بلاوکرنەوەی زۆر گەورە یان موخابەراتی بن، بۆیە پێویستە بە وریاییەوە قسەیان لەگەڵ بکەی و مەزلومیەتی گەلەکەمانیان بۆ دەرخەی لەچوارچیوەی ئەوانەی پێموتوویت.

نابێ ئەوەشم لەیاد بچێ بەهۆی (کاك عباس عبدالرزاق – عەباسی ڤیدیۆ) بە وێنەی جوان و سەرنجڕاکێش و تایبەتییەکانی ناو شۆڕش کەوتمە وەلامدانەوەی ئەوانەی پەیوەندیم پێوە کردبوون و کارت و نامەیان بۆ ناردبووم و نامەکانم لە رێگای سندوق پۆستی مەکتەبی پەیوەندیەکانمان لە سەقزەوە بۆیان رەوانە دەکرا کە دەگەیشتە دەست بێتەلە ئەوروپیەکان ئاگاداریان دەکردمەوە. پەیوەندی

هەفتانەم لەگەڵ ئیتاڵیا هەبوو، دوای گیرانی چەند پسپۆڕێکی رووسی لەدەشتی هەولێر بەهۆی ئەو پەیوەندیەوە توانیم وابکەم کە بەو بێتەلە قسە لەگەڵ کەس و کاریان بکەن هەر لە رێگای ئەو پەیوەندیەوە ئازاد بکرێن و دکتۆر کەمال بانگهێشتی مۆسکۆ بکرێت بۆ گفتوگۆ لەگەڵی و کردنەوەی مەکتەبێك لەمۆسکۆ.

ساڵی ١٩٨٧ لە رێگای کاك خالید حوسێن ئاگاداریان کردین کە دوو پسپۆری ئیتاڵی لەلایەن پێشمەرگەوە گیران،سەرەتا بە پێشمەگەکانیان دەوت (علی بابا) چونکە لەلایەن بەعسەوە وا تێگەیەنرابون کە ئەوانە دزو جەردەن و راوەڕووت دەکەن، بەپیشمەگەکانیان وتبوو: ئەگەر پارەتان دەوێت ئازادمان بکەن، بەڵام کە هەڵسوکەوتی مرۆڤدۆستانەی پێشمەرگەیان بینی بوو هەروەها خەڵکی ئینگلزیزانیان تێیاندا بینی بوو و زانیبوویان مەسەلە پارە نییە، دوای پەیوەندی کردن بەکەس و کاریانەوە ئازاد کران، وتووبوویان جارێکی تر ناگەڕێینەوە عێراق، لەچاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی تەلەفزیۆنی زۆر بەباشی باسی گەلی کورد و پێشمەرگەیان کردبوو. هەروەها لەسنوری مەڵبەندی ٣ بەهەمان شێوە دوو پسپۆری ئیتاڵی گیرابوون بەتایبەت ئەوانەی دەگیران کە لەبواری سەربازی و بواری کیمیاوی کاریان دەکرد پاش هێنانیان بۆ سەرکردایەتی و قسەکردن بەبێتەل لەگەڵ کەس و کاریان ئازادکران و بوون بەمایەی خێر بۆ ی ن ك و کردنەوەی مەکتەبێك لەوێ.

بەهۆی ئەو بێتەلەوە پەیوەندیم دەکرد بە زۆربەی شارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی ئەوکات بەتایبەت مۆسکۆی پایتەخت و وڵاتەکانی وەك یوگسلافیای جاران yu و پۆڵنداSN،بولگاریا LZ، رۆمانیا YO و هەنگاریا HG، ئۆکرانیا UR،UZ و هەروەك پێشتر ئاماژەم پێداوە ئەڵمانیا DHN،DL،DF بە بەرلینی پایتەختیشەوە ئەڵمانیای رۆژهەلات Y33و زۆربەی شارەکانی سوید SM،SL،SO بە ستۆکهۆلمەوە هەروەها هەندێك لەشارەکانی نەرویج LK،Li،LY،LA بە ئۆسلۆشەوە، دانیمارك XP،XZ و ئیتاڵیا IZ،IA هۆڵەندا PA و چیکۆسلۆفاکیای

جاران OM،OK فەرەنسا FA کە ئەحمەد بامەڕنی لەویٚ نویٚنەری ی ن ك بوو، ئینگلتەرا GD،GA و هەندیٚك ولاٚتی تر کە کۆدەکانیانم بیر نەماوە وەك ژاپۆن وئەمریکا، کەندا، هیندستان، بەرازیل، هەروەها پەیوەندیم لەگەلٚ هەندیٚك لە ولاٚتە عەرەبیەکانی وەك سوریا و لوبنان OD و ئوردن هەندیٚك جار سعودیەکان و ولاٚتانی کەنداو وەك کویٚتK2، ئیمارات A٦ و بەحرەین.....هتد

جیٚی وەبیر هیٚنانەوەیە پاش داگیرکردنی کویٚت لەلایەن عیٚراقەوە کابرا کویٚتیەکە قسەی پیٚدەوتین زۆریك لە ویٚستگە ئەوروپیەکانی راسپاردبوو کە لەخەت بووم ئاگاداری بکەنەوە چونکە کاریٚکی گرنگم لەگەلٚ هەیە کە قسەم لەگەلٚ کرد بە عەرەبی پیٚموت (ما گلتلکم یلدغکم) واتە پیٚتانەوە ئەدات و داوای زانیاری سەربازی دەکرد لەوەلاٚمدا دەموت پیٚویستە فەرمان لەسەروی خۆم وەرگرم ئینجا دەتوانم.

دواتر هەندیٚك لە برادەرانی عەدەد بیٚتەل بە ڕاکالٚەکانیان فیٚرمانکردبون چۆن ئەو پەیوەندیە ئەنجام بدەن وەك کاك سالاری پەیوەندیەکانی سەقز بەناوی (YI3PUK)و کاك سەربەست بەهەمان بیٚتەلی پەیوەندیەکان بەناوی (YI6SUL)و کاك باست حەمە غەریب بەناوی (YI7KRN) و کاك ریٚدار کە کۆدەکەیم بیرنەماوە زۆر چالاکانە ئەوانیش پەیوەندیان دەکرد و ئەو نامە و کارتانەشیان بۆ دەچوو، زۆرجار ئەو ویٚستگانەی پەیوەندیان بەمنەوە هەبوو کە پرسیاریان لیٚدەکردم لە وەلاٚمدا دەوت من سەرەکیم و ئەوان هەریەکە لەناوچەیەکی ئازادکراوەوە قسەتان لەگەلٚ دەکەن و لەگەلٚ ئەوەش پەیوەندی ترمان پیٚکەوە هەیە لەسەر شەپۆلەکانی تر.

وەك زانیاریەك یەکەم پەیوەندی بیٚتەل لەم بەری زەریای ئەتلەس بۆ ئەوبەری سالٚی ١٩٠١ ئەنجام درا لەسەر رۆشنایی ئەوە ریٚکخراویٚکی جیهانی بەناوی(Inter national elecommunication union) یەکیٚتی ئارەزوومەندانی بیٚتەل دامەزرا، زۆرجار لە ڕیٚگەی بیٚتەلیٚکی ئارەزوومەندەوە لە

کارەساتە سروشتیەکانی وەك لافاو یا روودانی بومەلەرزە یا بورکان یا لافاو یا کارەساتی فرۆکەوانی و کارەساتی هاتووچۆ، لایەنە بەرپرسەکانیان ئاگادارکردۆتەوەو بێتەلە ئارەزوومەندەکان دەبوایە زمانی ئینگلیزی و بەکارهێنانی مۆرس و ناردنی ڤیدیۆیی بزانن و بەکاریبهێنن و چەند کورتکراوەیەك هەیە دەبوایە شارەزاییان لێی هەبێ، لە بیرەوەریەکانم دا باسم لێوەکردون. ئەم پەیوەندییە تا دوای داگیرکردنی کوێت لە٢ی ئابی ساڵی ١٩٩٠ بەردەوام بووم لەگەڵی بەڵام دوای راپەڕین و پەیدا بوونی فاکس و تیلیکس و تەلەفۆنی ستەلایت و هاتوچوی ئاسانی هەڤالان بۆ دەرەوەی وڵات کارمان بەو پەیوەندیە نەما.

*چەند کورتکراوەیەك هەبوو کە دەبوایە بێتەلی ئارەزوومەند پەیڕەوی بکردایەو بیزانێت لەوانە:

CQ واتە ئەمەویٚ قسە لەگەڵ هەرکەسێ یا هەر وڵاتێ بکەم.

QRO واتە ئایا پێویست دەکات هێزی ناردن کەم بکەمەوە؟ چونکە زۆرجار کە پاوەری بێتەلەکەت زۆر بەهێزبێ کاریگەری بەسەر بێتەلە نزیکەکانەوە دەبێ یا ئەوانەی یەك هێرتز خوار تۆوە کاردەکەن، بۆیە هەموو بێتەلە ئارەزوو مەندەکان بە وردی پەیرەوی ئەم خاڵانەیان دەکرد بۆ ئەوەی مۆڵەتی بێتەلەکە یا ئەو یانەیەی ئەو ئارەزوەکەی تیدا جێبەجێ دەکات لێنەسەندرێتەوە و توشی سزا نەبن.

QRS واتە لەسەرەخۆ تر قسە بکەم یا بنێرم؟

QRX واتە کەی جاریکی تر دێیتەوە خەت؟

QRZ واتە کێ بانگم دەکات؟

QSL واتە زانیاریەکانت وەرگرت؟

QRQ واتە ئایا خێراتر قسە بکەم؟

ئەم کورتکراوانە بە زمانی ئینگلیزی بوون، بەندە کردوومە بەکوردی و لەڕێگەی ئەو برادەرە ئەلمانییەی نزیك ماڵەکەی د.کەمال بۆم نێردرابوو.

ئەم پەیوەندیە تا داگیرکردنی کویّت لە ئابی ساڵی ١٩٩٠ هەندێك جار بەردەوام بــووم لەســەری تــا راپــەڕین هاتنــە خوارەوەمــان ســاڵی ١٩٩١ و جێگیربــونی بارودۆخــەکان و هێنــانی تەلــەفۆنی ســەتەلایت و فــاکس و تیلــیکس ئــەم جــۆرە پەیوەندییــە کاریگــەری نــەما و پاشــان پەیــدا بــوونی مۆبایــل و ئینتــەرنیت و تــۆڕە کۆمەڵایەتیــەکانی وەك فەیســبوك و تویتــەرو...هتــد وای کــردووە کــە بێتــەل ئــەو گرنگی و بایەخەی جارانی نەمێنێ لای سەرکردەو فەرماندەکان کە پێویست بوو لــەم ســەردەمی پێشــکەوتنی تــەکنۆلۆژیای پەیوەندیــەکان زیــاتر گرنگــی بــە بەشــی بێتەل بدرایە و ئەو دەزگا کۆنانە نویّ بکرایەتەوە، چونکە هــەم ئیمکانیــات باشــترە هەم بوونی فرۆکەخانەو هێنانی ئاسانترە لەچاو جاران کە چواردەوریشمان دوژمن بوون.

وتەی دوو ســەرکردەو فەرمانــدەی ســەربازی ئینگلیــزی و ئەڵــەمانی ئەهێنمــەوە یــاد کــە مــۆنتگمری ئیگلیــزی دەڵێــت" المخــابره عصــب الجــیش فی وقــت الســلم والحــرب" ئــەوی تریشــیان رۆملــی ئەلمّانییــە کــە دەڵێــت" لایمکــن الاســتغناء عــن المخابرة من مستوي الحضيرة الي مستوي القيادة"

کــاك محەمــەد جیهــاد باســی ئــەو بێتەلــە ئارەزوومەندانــەی کردبــوو کــە لــە شــەڕەکانی یوگسلافیای جاران (سربیا، کرواتیا، بۆسنەو هرسك، جبل الاسود) رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەگەیاندنی هەواڵەکان و تەنانەت تاوانەکانی سلۆبودان میلوسۆڤیچ و درانی بەدادگا. لە ئێستادا بەتوانای مۆبایلە زیرەکەکان دەتوانرێت هــەر خیانــەتێك یــا کوشــتارێکی بەکۆمــەڵ یــا جینۆســاید وێنــەبگیریّ و بــبیّ بەدیکۆمێنت و بدرێت بە دادگا نێودەوڵەتیەکان..

* کاك پشکۆ ئەندازیاری ئێزگە بوو کوڕی شەهید عەبدولخالق مەعروفە کە لە ســاڵی ١٩٨٥ دوای گفتوگــۆ رژێــم تێــرۆری کــرد، کــاك پشــکۆ شــارەزایی زۆری دەبارەی ئێزگە و دامەزراندنی ئێزگە هــەبوو، چونکە لــە شۆڕشــی ئــەیلول کــادیری ئێزگەی شۆڕش بووە، زۆرجاریش هاوکاری برادەرانی ئێزگەکەی خۆمانی کردووە شتی پێویستی دەنارد، ئێستا نیشتەجێی هۆڵندا.

# بەشی شەشەم

## بێتەل و داستانەکانی پێشمەرگە و چیرۆکی بەسەرهاتەکان

### سەرۆکی (مخربین)

ساڵی (١٩٨٢) بەیانیەك لە خڕی نێوزەنگ لە بارەگای (م.س)، بەیانی بوو کاتێ زانیمان کابرایەکی عەرەبی بەتەمەن بەعگال و دشداشەو چاکەت و جوتێ نەعل و عەبایەکەوە بەسواری هێسترێك لەبەردەم بارەگا دابەزێنرا و دوای سڵاوکردن بەزمانی عەرەبی وتی" "أريد اشوف رئيس المخربين!".. دونیا سەرما، کەمێ بەفر باری بوو دوای بەخێرهێنانی بردمانە هۆڵی پێشمەرگەکان و دامانیشاند، ترمۆزە دو لاییەکەشمان بەردەوام ئاوی گەرم و چاشمان هەبوو چایەکمان بۆ تێکرد و بەعەرەبی پێموت، نانی بەیانیت خواردوەو کەوتینە پرسیار کردن لێی چۆن هاتووی بۆ ئێرەو باشە نەتدەزانی ئێرە ساردەوبەفر دەبارێ... وتی من کوڕەکەم عەسکەر بووە لەشەڕێکدا گیراوە لەسلیمانی پێیانوتووم: "عند المخربين وانا جاي اريد اشوف رِئيس المخربين"...کاك د.خدرمان ئاگادارکرد کە کەسێکی واهاتوە و دەڵێ دەمەوێ رئيس المخربين ببینم...وتمان" (عمی)ئەوانەی لێرە بینیوتن زۆربەیان دەرچووی کۆلێژ و پەیمانگان من بۆ خۆم دەرچوی پەیمانگای مامۆستایانم وا بەعەرەبیش قسەت لەگەڵ دەکەم ئێرە (مقراتي اتحاد وطني کردستانە)...وتی لە قەڵادزێ و دایرەی ئەمن پێیانوتووم "ورا هذي الجبال أكو مخربين وانا جاي اشوف رئيس عشيرتكم"... وتمان: ئێمە حیزبین عەشیرەت نین... بەهەرحال د.خدر بەپێکەنینە خۆشەکەی تەلەفونی بۆ سکرتاریەت کردو وتی بەمام بڵێن کابرایەکی عەرەب هاتوە دەڵێ: دەمەوێ "رەئیس مخربین ببینم" دوای وەڵامدانەوە مام فەرموبووی بەڕێزەوە بینێرن بۆ لام... پێشمەرگەیەکمان

لەگەڵی چوو بۆ بارەگای مام لەو بەرمانەوە بوو.... بەپێی قسەی برادەرانی سکرتاریەتی ئەوکات کابرا بەمام جەلالی وتبوو: بەچی مەسڵەحەت دەکەن بەپارە.. بەچی رازی دەبن تەنها کوڕەکەم بۆ بەربدەن... مام بەپێکەنینەوە پێی دەڵێت ئێمە رئیس عەشرەتمان نییە من بەرپرسیاری اتحاد وطنیم و ناوم جەلال تاڵەبانییە... ئەویش دەڵێت: من لەعەشرەتی دووریم... مام دەڵێت تۆ میوانی منی فەرمان دەدات جاری بیبەن با کوڕەکەی ببینێ و بەکابرا دەڵێت: خۆت و کوڕەکەت بەیانی وەرنەوە بۆ لام... بەیانی رۆژی دواتر هەردووکیان دینەوە لای جەنابی و دیسان باسی مەسڵەحەت و پارە دەکاتەوە، مام بۆی روندەکاتەوە کەئێمە عەشیرەت و خێڵ نین ئێمە شۆڕشمان هەیە و باسی خراپەکاریەکانی سەدام بەرانبەر کورد و خەڵکی عێراق دەکات دوای میوانداریيەکی باش مام پێشمەرگەکان رادەسپێرێ بچن وڵاغیان بۆ بگرن و بەڕێیانکەنەوە...بە کابراش دەڵێ کوڕەکەشت لەگەڵ خۆت ببەوە... کەدەگاتەوە شوێنی خۆی هەرایەکی نابۆوە وتبوی: نامەوێ لەمەودوا لەم عەشرەتەی ئێمە کەس ناوی مخرب بهێنێت ئەوانە خەڵکی تێکۆشەرن خەڵکی رۆشنبیرن ئەوانە هەر داوای مافی خۆیان ناکەن، بەڵکو داوای مافی هەموو عێراقیەك دەکەن ئەوەش کێشەی بۆ عیزەت دووری دروستکردبوو لەکۆشکی کۆمارییەوە پێیانڕاگەیاندبوو بزانێ ئەو هەڵلایە چیە؟ کەدەچێت کابرا دەڵێ عیزەت جارێکی تر لای من باسی (مخربين) مەکە من سەرۆکەکەیانم دیوە و پێیدەڵێ (رجل وطني وشجاع ومثقف) لەکاتی گفتوگۆی(١٩٨٤).عیزەت دووری بۆ رەوانشاد مامی گێرابۆوە.

## شەهید بوونی مامە ڕیشە و داستانی دابان هەلاج و بێتەل

زۆر هەیە لەبیرو هزری مرۆڤدا بەردەوام دەخولێتەوە و بیرناچێتەوە، بەتایبەت ئەو ڕۆژانە هەندێکی بۆ ئێمەی عەدەد بێتەل و پێشمەرگە وەك ڕۆژی جەژن وابوو، ئەم داستانە نمونەیەکە لەوانە و چەندانی تریش لەو بابەتە. زۆرێك لەفەرماندەکانمان پاش ڕاپەڕین و پەیدابوونی ڕۆژنامەکان و کەناڵە لۆکاڵی و دواتر ئاسمانییەکان زۆرێك لەو یادەورییانەی خۆیان گێڕاوەتەوە، بەڵام ئەوەی من لێرەدا دەینووسم وەك یادەوەریی عەدەد بێتەلێك ئەو ڕووداوە چۆن بەبێتەل وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٨٥ هێشتا گفتوگۆکانمان لەگەڵ ڕژێمی بەعس تەواو کۆتایی نەهاتبوو، ڕۆژی ٢٤/ ١/١٩٨٥ بێتەلەکەمان لەبارەگای(م.س) لە سێڕوانی بەری مەرگەبوو، لەگەڵ کاك ئازادی هاوکارم سەرە سەعات نزیك ببۆوە چاوەڕوانی وێستگەکانمان دەکرد کە هەمویان بێن، بەڵام هەندێکیان زووتر هاتبوون وەك نەریتێك سەرژمێرمان دەکردن، یەکە یەکە پرسیاری ناوچەکانمان لێدەکردن و کێ بروسکەی بۆ بەڕێز مام جەلال یان (م.س)یان مەڵبەندەکان هەبێت شوێنمان بۆ دیاری دەکردن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بروسکەکانیان، لەو کاتەدا بێتەلەکەی ت/٥٧ی سەگرمە بەمشەوەشی و شڵەژاوی هاتەسەرخەت بەپەلە بانگی کاك ئازادی هاوکارمی کرد بچۆ بۆ شوێنەکەی خۆمان، لەراستیدا بیرم نەماوە کام عەدەد بێتەلیان بوو، کاك تەهای برای کاك ئازادی سەگرمە یا کاك وەفا بوو، چەند ژمارەیەکی شفرەیی دایە بێتەلەکەی ئێمە منیش لەهاوکارەکەم وەرمگرت و کەوتمە حەلکردنی، بۆم دەرکەوت کە تێیدا هاتبوو (بەداخەوە مامە ڕیشە لەگەڵ موحسینی عەدەد بی کەی سی شەهید کراون) هەواڵەکەم زۆر بەلاوە ناخۆش بوو یەکسەر چەند ژمارەیەکم ئامادەکردو پرسیارم لێکرد لەکوێ شەهید بووە؟ چۆن شەهید بووە؟ بەچی؟ هیچ شەڕیك بووە؟ ئەی بۆچی کە شەڕ هەبووە پێتنەوتوین؟

بە مام جەلال بڵێین؟ ئەوکات وا عادەت بوو فەرماندەکان لەنزیك بێتەلەکانەوە دەبوون، یەکسەر بەهاوکارەکەمی وت: "یەك سەرکەوە بڕۆ ئەولا" واتە بەموجەفیرە ئیش بکە، کاك ئازادی سەرگرمە لەگەڵمان قسەی کردو وتی "هەواڵەکە راستە، بە مام جەلال بڵێن، تەحسین شاوەیس بەپیلانی ئیستخبارات لای مەملەحە شەهیدی کردون منیش وا بەسۆراغی ئەوەوە ئەڕۆم یەك دوو سەعاتی تر دەگەڕێمەوە". مشتومڕێك لەنێوان من و ئازادی هاوکارمدا روویدا تۆ بیبە، من نایبەم، من ئێستا چووم دواتر ناچار خۆم بروسکەکەم برد وتم کە مام جەلال تووڕە بوو با لەم من تووڕە بێت، دوایی بەخارەم وت: ئەوە شەڕەو پێشمەرگایەتی، شەهید بوون و بریندار بوونیشی تێدایە، مام لەسەر شتی ناحەق و درۆ تووڕە دەبێ، ناکرێ دوایخەین و پێی نەڵێین.

ماڵەکەی مام جەلال لەوبەرمانەوە بوو کەچوومە ژوورەوە سڵاوم کردو فەرمووی: وەرە بزانم بۆوا دەموچاوت تێکچووە؟ بۆوا عاجزی؟ هیچ قسەم بۆ نەکرا و یەکسەر دەفتەری بروسکەم دایە دەستی و خوێندیەوە و کێشای بەئەژنۆی خۆیدا بانگی دادە هێرۆی کردو بروسکەکەی بۆ خوێندەوە ئەویش بەلەسەرەخۆیی ئەك کوێرب؟ بۆ؟ چۆن؟ لەکوێ؟ تاوەلامی بروسکەکەو تاهاتمە دەرەوە هەر پەکو پەکویان بوو، داخ خەفتیان زۆر بۆخوارد کە ئەو قارەمانە ئاوا شەهید ببێ مام جەلال دەیوت بەقسەی منی نەکرد تا ئاوای لێهات بڕۆ کاك ئازادم بۆ حازر بکە لەسەرخەت قسەی لەگەڵ دەکەم منیش وەلامم دایەوە کاك ئازاد رۆیشتوە و بۆ سۆراغی رووداوەکە وتویەتی کەگەرامەوە زیاتر بۆتان روون دەکەمەوە، ئەوەندەی پێ نەچوو، مام جەلال خۆی نەگرتبوو هات بۆ ژوورەکەمان هیچی تازەتان وەرگرت؟ کاك ئازاد نەگەراوەتەوە؟ بروسکەیەکی نووسی ئێمەش دامان بەعەدەد بێتەلەکەیان، بەڕێزی هەر هاتوچۆی دەکرد پرسیاری لەئێمە دەکرد، لەو کاتەدا عەدەد بێتەلەکەی(٥٧) وتی برۆ ئەولا ئێمەش چوین، کاك ئازاد گەڕایەوە لێرەیە منیش بانگی(مام جەلال)م کردو قسەی لەگەڵ کردو هەندێك رێنمایی دایەو کە

چی بکەن؟ چی نەکەن؟ پاشان تیپەکانی (هـ. پ.ك) لە تۆڵەی مامە ریشە کەوتنە چالاکی نواندن، لەو ماوەیە زۆر چالاکی و نەبەردی ئەنجام درا، بەڵام هێشتا تۆڵەی ئەوقارەمانە چاونەترس و جەربەزەو پارتیزانە بەتەواوی نەکرابۆوە، بۆیە هێزی پێشمەرگە چەند رۆژێك وەك ئاگاداربووم چ بەنامە چ بەبروسکە خەریکی خۆسازدان و خۆکۆکردنەوە بوون، پێشتریش چەند نامیلکەیەك لەناو هـ. پ. ك لەوانە شەڕی شارەکان، شەڕی رزگارکردن و مانەوە لەشوێنەکان بڵاوکرابووە، واتە سەرکردایەتی یەکێتی بیری لەبەرەنگاربوونەوە و تاکتیکی نوێ دەکردەوە تاکو دژی رژێمی بەعس بەکاریبهێنێ، بڕیاری گواستنەوەی سەرکردایەتی درابوو بۆ دۆڵی جافەتی، بەڵام رێگر هەبوو لەوانە بوونی رەبیە و سەربازگەی سوپاو جەیش ناشەعبی لەناوچەکە، بۆیە بڕیاردرا بوو تا ناوچەکەو زنجیرە شاخەکانی دابان و هەلاج و ورچەچ و دۆڵی شەدەڵە پاك نەکرێتەوە سەرکردایەتی نەچێتەئەوێ، سەرەتا بڕیاربوو رۆژی ٢/١٤ /١٩٨٥ بێت بەڵام بەهۆی بەفرو باران و نەگەیشتنی هەندێك لەهێزە کاریگەرەکان دواخرابوو بۆ ١٩٨٥/٢/١٥ شەوەکەی تادرەنگ بەدیار بێتەلەکەوە بووین هەر بروسکەمان وەردەگرت و بروسکەمان دەگواستەوە بۆ ئەو بێتەلانەی بە کۆڵەپشت کاریان دەکرد، چونکە دەنگی ئەوان کزبوو، بەڵام لای ئێمە باش بوو، زۆربەی کارەکانیش بەشفرە دەکران، جارناجاریش مام جەلال خۆی دەکرد بەژووردا و پرسیاری دەنگوباسی لێدەکردین، قسەی خۆش و بەسەرهاتی بۆدەگێڕاینەوە، جارجارەش لەبەر خۆیەوە بەدەم پیاسەکردنەوە لە مەمەڕەکەی خۆمان هەر دەیوت: "تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە"، کە دواتر بووە دروشمێکی باو، کاتژمێر ٢ی شەو دەستکرا بەکارەکەو تەقە لەهەمولایەك بەرزبۆوە و بەماوەیەکی کورت زۆربەی ئەو شوێنانە ئازادکران، دوژمن کوژراو و برینداری زۆر زۆر بوو، دەسکەوتی باش هەبوو لەهەندێك شوێن بەرگرییەکی کەم مابوو دواتر ئەویش گیرا، بەرکولێکی هەواڵەکانمان بۆ وەرگرت دوای سەعاتیك لەشەڕ هەردەیوت (ڕیشە تۆڵەت یەك بە هەزار) رۆیشت و وتی" بەیانی سەعات ٦ دەبێت هەموو هەواڵەکانم بەتەواوی بۆ وەرگرن، بەیانی ٢/١٦ سەرجەم هەواڵەکانمان

وەرگرت کە بریتی بوو لەگرتنی ١٧ رەبیەو ٢ بارەگای سریەو بارەگای فەوجێك و قاتعێکی جەیش شەعبی، ئەو بەیانیە هەر عەدەد بێتەلێك دەهاتە سەرخەت دەیوت ١٧ رەبیەتان باش ئەوی تر دەهاتە سەرخەت دەیوت ٢ مقەر سریەتان باش ئەوی تر دەیوت مقەر فەوجتان باش یەکێکیتر دەیوت قاتعی جەیش شەعبی تان باش.. لەوەوە کرا بەعادەت هەر تیپێك کارێکی بکردایە بەیانیان لەجیاتی بەیانی باش دەیوت فلانە شتتان باش ئەوەی کردبوویان.ئەو رۆژە دوژمن تاسابوو تا درەنگ بەفریای هێزە بەزیوەکانییەوە نەهات، دواتر لەفرقەی چوارقورنە و هێزۆپەوە هێزێکی سەربازی و قوات خاسە بەرەو رێگای دوکان - سلێمانی هاتبون، بەلام لەئاستی باداوان پێشمەرگەکانی ت/٩٣ ی کۆیە، بەسەرپەرشتی رەهبەر سید برایم و فەرماندەکانی و ت/٩٩ی بیتوێن بەسەرپەرشتی شەهید ئازادی حەمەگەمحان و فەرماندەکانی زۆر بەتوندی بەرەنگاریان ببوونەوەو شکاندبوونیان.

دوو بێتەلی تۆمسونی فەرەنسی تازەیان گرتبوو، دواتر یەکیان درایەوە بەخۆیان ئەوی تریان بۆلای خۆمان. جگە لە چەك و جبەخانەو شتی تر، لەهەمان رۆژدا تیپەکانی ٢١ و٢٥ لەسەرجادەی دوکان سلێمانی لەئاستی پردی تابین و تەنگەی حاجیتان بەرەنگاری هێزێکی تری سەربازی و قوات خاسە ببونەوە کە لەسلێمانیەوە بە تانك و زرێ پۆشەوە بەرەو پیری شەڕگەکە دەچوون کاك پیران و شەهید شەوکەتی عەدەد بێتەل پەنجەیان بە سەماعەکەدا دەنا بۆ ئەوەی گوێمان لەزرمەی RPG یەکە بێت کە بە دەبابەکانیانەوە دەنا، ئەوەی جێگەی داخ بوو ئەو شەڕە پڕ سەروەریە بەخوێنی فەرماندەی کەرتی ٣ی هەمەوەندی ت/٢١ سەید برایم و چەند پێشمەرگەیەك کۆتایی هات.

*شوێنی خۆمان مەبەست شەپۆلێکی نهینی نێوان خۆمان بوو کەسی تر نەیدەزانی.

* (ه پ ك) واتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

## بێتەل و شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەت

رەنگبێ زۆر لەفەرماندە و سەركردەكان یاداشتەكانی خۆیان نووسیبێتەوە و باسیان لەو داستانانە كردووە كە بەشدارییان تێدا كردووە، باسی وردەكاریی و چۆنیەتی بەشداربوون و ژمارەی هێزەكانیان و رۆڵی هەر كەرتێك یا مەفرەزەیەكیان باس كردبێت هەریەكە بەشێوەی خۆی نووسیبێتیەوە، بەڵام هەمووی مێژوی خەباتی (ی.ن.ك) و بۆتە بەشێك لەمێژوی گەلەكەمان دژی دیكتاتۆریەت، هەمووان شانازی پێوەدەكەین و وەك ئەركێكی نیشتیمانی بەشداریمان لەو شۆڕشە رزگاریخوازەدا كردووە.

ئەوەی لێرەدا تومارم كردووە بیرەوەریی عەدەد بێتەلێكە لەو داستانەدا لەگەڵ هاوڕێكانم و گشت ئەو بێتەلانەی بەشدار بوون چ لەسەرشاخەكان چ لەبارەگاكانی بەرەكانی شەڕ:

بیرەوەریی شەڕو داستانەكانی هێزی پێشمەرگەی (ی. ن.ك) زۆرن، هەریەكەیان وانەیەكی خۆڕاگریی و بە گڕا چونەوەی سوپایەكی پڕچەكی مۆدێرنی راهێنراو بە زانستی سەربازیی و پیلانە گلاوەكانی بەعس و رژێمە تۆتالیتارییەكەی پاش رێككەوتنامە شومەكەی جەزائیرو ئاش بەتاڵی ١٩٧٥ و هەڵسانەوەی شۆڕش بۆ بەرەنگاربوونەوەی چۆڵكردن و سوتماك كردن و تەعریب و تەبعیس كردن.زۆر لەنەیاران و ناحەزانی (ی.ن. ك) پێیانوابوو هەندێك لەو داستان و نەبەردیانە دروستكراون و هەڵبەستراون، زۆرجار ئەو داستان و نەبەردیانە بەبەرچاوی جەماوەرو خەڵكی ناوچەكان بووەو بەچاوی خۆیان قارەمانیەتی و لەخۆبوردوویی كوڕە پێشمەرگەكانیان دیوە.

پاش كۆتاییهێنان بەگفتوگۆكانی ساڵی(١٩٨٤) لەگەڵ رژێمی بەعس زۆرێك لە پێشمەرگەو كادیرانی (ی. ن. ك) پێمانوابوو ئەمجارە رژێمی بەعس بێ بەزییانەترو دڕندانەتر ڕووبەرووی خەڵكی سیڤیلی ناوچە ئازادكراوەكان دەبێتەوە

هەر لەئابلۆقەی ئابوری و بەکارهێنانی زیاتری فرۆکە مەرگچێنە پێشکەوتوەکانی و چەکی تری قەدەغەکراو، ئەمانە لەلایەك لەلایەکی ترەوە هەر

نەیارەکانمان پێیان وابوو بەهۆی گفتوگۆکانەوە هێزی پێشمەرگە پشتیان لە خەبات و چالاکی سارد بۆتەوە و بەماوەیەکی کەم هەموو ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتیان لەدەست دەردەچێت و وەك ئەوانی تر بنکەو بارەگاکان دەبەنە خاکی ئێرانەوەو شۆڕشەکە دەپووکێتەوە، بەڵام پێچەوانەکەی راست دەرچوو گیانی بەرەنگاریی و بەگژاچونەوە زیاتر بوو هەندێك ناوچەی گرنگ ئازادکران و بەرەنگاریی تێداکرا تا ئەنفالەکان.

هەر لەکاتی کفتۆگۆکان مەرامی بەعس زیاتر روون بووەوە بۆ سەرکردایەتی سیاسی، پێشوەخت بیر لەناوچەیەکی گرنگ کرابۆوە بۆ شوێنی سەرکردایەتی ئەویش دۆڵی جافایەتی بوو کە پیشتر لە سیروان و ئاوەژێ بوو، تازە بەتازە بنکەو بارەگاکان گواستربوونەوە دۆلی جافایەتی، ستراتیژیەتێکی تایبەتی بۆ (ی. ن. ك) هەبوو، لەچەند شوێنێك بنکەو بارەگاکان دادەمەزران لە بەرگەڵو، سەرگەلو، هەڵەدن، گوێزیلە، چاڵاوە، چۆخماخ و مالومەو جگە لەوەی بارەگای تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە گاپیلۆن بوو،یەکێك لەو بارەگایانە لەگوندی یاخسەمەر - کانی موراد بوو کە کانی و ئاوێکی خۆش و سازگاری بوو، لە هەمووی گرنگتر بارەگای تاکە لایەنی کوردستانی بوو کە لەبنەو پاڵی شاری سلێمانیەوە بە ٣٠ تا ٤٠ کم دووربێ، گەورەترین تەحەدای رژێمی بەعس وسەرکردایەتی گشتی سوپای عیراق بوو

هێشتا بنکەو بارەگاکان بەتەواوی جێگیر نەبووبوون رژێمی بەعس کەوتە تۆپباران کردن و بەفرۆکە جەنگیەکانی هێرشکردنە سەری ناوچەکە، ئێمەش وەك بەشی بێتەل بەردەوام بووین لەکارەکانمان و سڵمان لە فرۆکە وتۆپباران نەدەکردەوە، پەیتا پەیتا زانیاریمان بۆ دەهات چ لەرێکخستنەکانەوە، چ لە تیپەکانی هێزی پێشمەرگەوە جەختیان لەوە دەکرد کە رژێمی بەعس بەنیازی

هێرشێکی بەرفراوانە بۆ سەر ناوچەکەو سەرکردایەتی(ی ن ك) پێشوەخت وەك مەسەلە کوردییەکە دەڵێت (پێش تا بەڕەکەی بەخۆی دادا) بروسکە نێردرا بۆ هەر چوار مەڵبەندەکە هەریەکەیان ٢٠٠ پێشمەرگە بنێرن بۆ سەرکردایەتی بۆ پارێزگاری لەهێرشی لەناکاوی دوژمن، ئەو رۆژانە شەومان دەخستە سەر رۆژ بەکردنەوەو ناردنی بروسکە زانیارییە شیفرەکراوەکانی دەهاتن لە مەڵبەند و سەرچاوە تایبەتی و رێکخستنە نهێنیەکانی ناو سوپاو فەوجە چەکدارەکان و ئەو سەرچاوانەی پەیوەندی تایبەتیان بە سەرکردەو فەرماندەکانەوە هەبوو، هەروەها پێداویستی و داواکاری هێزەکانی دەگەیشتن و شوێنی جێگیر کردنیان و رێنماییەکانی جەنابی مام وەك فەرماندەی گشتی هێزەکانی (ی ن ك) بۆ فەرماندەکان سەبارەت بەدابەشی هێزەکان لە سەرشاخەکان و سەنگەر لێدان، چونکە یەکەم شەڕی بەرەیی بوو کە تووشی هێزی پێشمەرگە بووبێت و یەکەم ئەزمونی راهێنانی خۆڕاگری بەرەیی بوو..

شەڕەکان لە ١٩٨٦/٩/١ دەستی پێکرد و نزیکەی ١٠٢ تا ١٠٣ رۆژی خایاند و شەوانە و رۆژانە مام جەلال بەردەوام موتابەعەی بەرەکانی دەکرد لەرێی بێتەلەکەی ئێمە و بێتەلە prc بێتەلە بچوکە (تەلەفۆکنەکان کە دروستکراوی ئەڵمانیا بوو)، زۆرباش لەیادمە قسەی لەگەڵ فەرماندەیەك کرد گەر هەڵە نەبم کاك عەبدوڵا بۆر بوو پرسی وەزعتان چۆنە؟ چیتان پێویستە؟ لەوەڵامدا وتی: زۆر باشین و هەرچی هێرشێکیان هێناوەتە سەرمان تێکمان شکاندوون و وەڵامێکی زۆر گرنگی دایەوە "ئەبێ شاخەکان بڕۆن ئێمە چۆڵی ناکەین"، لەو کاتەدا جەنابی مام دەیان جار خۆی قوربان دەکردن و لەولاشەوە تۆپباران و کاتیوشاباران و هێرشی فرۆکە پیلاتۆس و کۆپتەرەکان لەبەر چەکە دژە ئاسمانیەکان بەقەدەر کۆترێکی بچوك لەئاسمان دیار بوون و کوێرانە بۆردومانی ناوچەی بەرەکەیان دەکرد و بەتۆپی قورس و دوورهاوێژ و فرۆکەی جەنگی بۆردومانی ناوچەکانی سەرکردایەتی و هێڵی دواوەی بەرەکەی دەکرد، کەمەبەستی پچرانی پەیوەندی سەرکردایەتی و سەرکردایەتی بەرەکانی شەڕەکە بوو، کاری بەندەو هاوڕێکانم لای

خۆمان و مەڵبەند و تیپەکان ٢٤ کاتژمێر بەردەوام بوو لەگەڵ بەرەکانی شەڕدا و هەر هەواڵێك و تێکشانێکی دوژمن دەنوسرایەوە دەگەیەنرایە جەنابی مام و مەکتەبی سیاسی و ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بۆ بڵاوکردنەوەی. لەیادمە جاریٚ لەو جارانە بروسکەکانم دەگەیاندە جەنابی مام کە لەبەردەمماڵەکەیدا پیاسەی دەکرد فڕۆکە جەنگییەکان دەستیان کرد بە بۆردومان، لەولاشەوە تۆپباران، کەچی خۆی لیٚ تورەکردم فەرمووی (ترسنۆکی نییە خۆتان لە فڕۆکەو تۆپ نەپارێزن؟!) لەگەڵ ئەوەی لەبەردەم پەناگەکەی خۆی بوو نەدەچوە ژووریٚ باکی نەبوو کە گەیشتمە نزیکی پێموت دەفەرموو جەنابیشت بچۆ پەناگەکەوە کەچی فەرمووی تۆ بچۆ ژووریٚ وا منیش هاتم، دوای وەڵامدانەوەی بروسکەکان، دڵخۆشی سەرکەوتنەکان (لێرە ناڕۆین لێرە ناڕۆین)ی دەوتەوە کەچووینە پەناگەکەوە، ئەنجامی شەڕەکانیش شەهید بوونی چەندین پێشمەرگەو کادیرو فەرماندەی کەرت و مەفرەزە بوون، ئەگەربەهەڵەدا نەچووبم مەلا هاوڕێی پاسۆك لەو شەڕانەدا شەهید بوو، سەرشۆریش بۆ جەنەراڵەکانی بەعس و چلکاوخۆرو نۆکەرانیان مایەوە سەربەرزی بۆ هێزی پێشمەرگە.

زۆرجار ئێزگە بە سرودی (کەڵکی قەیوان)ی هونەرمەندی دەنگ خۆش ئازاد خانەقینی دەکرایەوە، دواتر ئابڵۆقەی سەر ناوچەکە بەرە بەرە توندترکران و تا شەڕەکانی ئەنفالی یەك ئینجا ئەو ناوچەیە چۆڵکرا، دوای ئەنفالیش هەر لەپێشمەرگە چۆڵ نەکرا بەڵکو شەهید غەریب هەڵەدنی و رەتڵی پارتیزانەکان هەر لەناوچەکە بوون تا راپەڕین.

## یاخسەمەر - کانی مراد سالی ١٩٨٦

یەکێ لەسروشتەکانی مام جەلال خەو سوکی و بەیانیان زوو لەخەو هەستان بوو.. یەکێکی تر لەسروشتەکانی جەنابیان هەستکردنی پێشوەختە بوو بۆ ڕووداوەکان.. یەکێکی تر لە سیفاتەکانی ئەوە بوو کە ئەرکێکی پێ دەسپاردی چەندجار جەختی دەکردەوە چیتان کرد؟، جێبەجێ تان کرد؟.. بەتایبەت بروسکە وەڵامەکەتان وەرنەگرتەوە؟ تا وەڵام وەردەگیرایەوە چەند جارێک پرسیاری دەکرد... یەکێکیتر لە سروشتەکانی ئەوە بوو، کە زۆر ئارەزوی لەخوێندنەوەی کتێب وگۆڤار و ڕۆژنامەکان هەبوو، زۆربەی کات لەڕێگەی هەڤاڵانی دیموکراتەوە گۆڤارەکانی(الوطن العربي والفباو عراق تایمیسي ئینطلیزي والشرق الاوسط) و هەندێجار ڕۆژنامەی لوبنانی و کوێتیەکان و جارجارە کە کۆن دەبوون بەر ئێمەش دەکەوتن.. سروشتێکی تری بەڕێزیان بەردەوام ئارەزووی ئەوەی دەکرد پێشمەرگە تاقمەکەی توندو گورجوگۆڵ و پۆشتەو پەرداخ بێ و جامانە لەسەربکات.

سروشتێکی تری ئەوەبوو وەك فەرماندەیەکی باڵای سەربازی چۆن سەنگەرەکانی خۆی بەسەردەکردەوە ئاواش جەنابیان ناوە ناوە سەردانی بارەگاکانی خومانی دەکرد و هەر سەرپێچیەك یبدیبایە سزای بەدواوە بوو..

## کارەساتی دەرمان و سودی بێتەل

لە سەدەی بیستەم دا، لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەنکۆلۆژیا بەتایبەت هەندێك زانستی وەك گەیاندن، پزیشکی، فیزیك، کیمیا پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، زۆر لەدەزگا هەواڵگرییەکانی وەك (KGB) و (مۆسادی ئیسرائیلی) هەندێ لەدەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست ئەو پێشکەوتنەیان بۆ بەرژەوەندی دەزگاکانیان بەکارهێناوە ئەویش دروستکردن و ئامادەکردنی ژەهری کوشندە بووە دژی ئەوانەی لێیان هەڵدەگەرانەوە یان دژی ئەوکەسانەی کە دژ بە رژێمەکانیان بووە، بەپێی زانیاریم ئەم جۆرە ژەهرانە کاریگەری بەسەر لاشەی مرۆڤدا لەماوەی (٢تا ٨) کاتژمێر بەسەر جگەر، گەدە، گورچیلە، میشك دەردەکەوێت و یەکە یەکە دەیان وەستێنێت بەم هۆکارەش کەسی تاوانبار توانای دەربازبوون و سڕینەوەی ئاسەواری تاوانەکەی دەبوو.

بێگومان رژێمی دکتاتۆری بەعس یەکێکە بووە، لەرژێمە تۆتالیتارانەی پەنای بۆ ئەم جۆرە چەکە بردووە بەژەهراوی کردنی نەیارەکان و دژەکانی لەزیندانەکاندا، یەکێك لەوانە ئەحمەد حەسەن بکەری سەرۆك کۆماربووە کەدواتر پڕۆپاگەندەی ئەوەیان بۆ دەکرد کە بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردووە، هەروەها سەدام حوسێنی دکتاتۆر بەگویرەی زانیاریم کەسێك یان ئاژەلێکی بەکارهێناوە بۆ تاقیکردنەوەی ئەو خۆراکەی لەکۆشکدا بۆی ئامادەدەکرا، ئەم چەکەشی دژ بەتیکۆشەران و شۆڕشگێرانی گەلەکەمان بەکارهێناوە هەر بۆ نمونە وەك زانیومە (کاك سامان گەرمیانی) لەساڵەکانی ١٩٧٨ دا دەرمان خوارد کرابوو، هەروەها رووداوێکی تریش لەساڵی ١٩٨٧ لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (ئەحمەد سورداشی) کە چێشت لێنەری کاك نەوشیروان بووە ئەو هەوڵەی داوە دواتر پێی زانراو بەسزا گەیەندراوە،وەك باس دەکرا هەوڵێکیش بۆ سەر گیانی بەڕێز مام جەلال هەبووە لەو جۆرە لەلایەن کەسێکی نزیکیەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، دوا هەوڵیش بۆ ژەهراوی کردن باراندنی گازەکانی (سیانیدو، خەردەل، تابۆن) بوو بەسەر خەڵکی

بێدیفاعی شاری هەڵەبجە، رەنگبێ زۆر روداوی تر لەناوخۆی رژێمی بەعس دا هەبوبێت.لێرەدا دەمەوێ باسی گرنگی و رۆڵی بێتەل بکەم، هەر لەزانیاری وەرگرتن دەربارەی دوژمن و رێنمایی پێشمەرگەو فەرماندەکان وئاڕاستەکردنیان بەبێتەل، چونکە هاتوچۆ ئەوەندە ئاسان نەبوو، تەنانەت دەتوانم بڵێم لەرووی دارایی و ئیداریشەوە سودمان لێ دیوە، چونکە هیچ هۆیەکی ترمان نەبوو جگە لەو بێتەلانە، بەڵام زۆرجار هەندێك لەفەرماندەکانمان یا هەندێك پێشمەرگە بەجۆرێکی تر سەیری عەدەد بێتەلیان کردووە، چونکە ئێشکگریی و پاسەوانی نەگرتووە، خەفەریاتی نەبووە، بۆیە کێشە دروست دەبوو، بەڵام زوو بەزوو چارەسەردەکران، ئێمەش وەك عەدەد بێتەلی بەڕێز مام جەلال زۆرجار شکاتمان لێکراوە کە حەرەسیات وخەفەریات (خەفەرئەو کەسە بوو کە کاروباری ناو بارەگا و ئامادەکردنی خواردن وهێنانی ئاوو پێداویستیەکانی تری لە ئەستۆ بوو) ناگرین، بەڵام بەڕێز مام جەلال بەردەوام پشتگیری کردوین و وتویەتی "من عەدەد بێتەل وەك پێشمەرگەیەکی سەنگەر لەقەڵەم دەدەم"، هەندێکی تریش لەسەرکردەکانمان هەمان بیروبۆچونی ئەویان هەبوو.

چۆن رژێمی بەعس بەئاگرو بەئاسن هەوڵی توانەوەو لەناوبردنی گەلەکەمان و شۆڕشی نوێی دەدا، ئاواش بەهۆی توانای دارایی زۆرو زەوەند و تۆڕە سیخوریەکانی هەوڵی دەدا کەسانێکی خۆفرۆش بەکرێبگرێت و بەکاریانبهێنێت، لەساڵی ١٩٨٧ یش دوو فەرماندەی ت/٢١ بەهۆی جۆرە ژەهرێکەوە بەناوی (سالیوم)[٨٦] دەرمان خوارد کرابوون و گیانیان لەدەست دا، لەهەمان ساڵیشدا بەهۆی کەسێکی خۆفرۆش ئەو دەرمانە بەکارهێنرا لەبەری مەرگە کە ماڵ و بارەگای مستەفا چاورەش و ملازم عومەری لێبوو کە میوانداریی د.مەحمود

---

[٨٦]ثالیۆم -دەرمانێکە بۆ کوشتن و لەناوبردنی مشك بەکاردێت لەکوردەواری خۆمان پێی دەووترێت مەرگەموش، رژێمی بەعس دژی نەیاران دوژمنانی خۆی بەکاریهێناوە ئەگەر هەڵە نەبم ساڵی ١٩٨٠ کاتێ مامۆستا بووم لای ئاکرێ یەکێك لەسەرۆك عەشرەتە زێبارییەکانی بەوە دەرمان خوارد کردبوو، چونکە لە موسڵەوە بۆ ئاکرێ نزیکە سەعات و چارەکێك دەبوو وەك بۆیان گێڕامەوە موو بە لەشییەوە نەما بوو کەواتە هەر ئەودەرمانە بووە.

عوسمان، كاك عدنان موفتی وكاك موحسن بایز گەر هەڵە نەبم دوای ئاشتبونەوەی گشتی چوبوون بۆ بارەگا دانان وەك سوشیالیست لەناوچەكە و سامی شۆڕش و د.شڤان و چەند كەسێكی بنەماڵەكەی كە لە سلێمانیەوە هاتبوون بۆلای.ئەو ژەهرەیان دژ بەكارهێنان و بووە هۆی گیان لەدەستدانی پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نویّ كاك بیستونی مەلا عومەر، دایكی كاك مستەفاو كچی مەلا موحەرەم كە بۆ بەردەستی خۆیان هێنابوویان ئەوانی تریش تووشی بارێكی دەرونی خراپ بوون هەرچی موی گیانیان هەیە هەڵوەری و بیّ هێزو بیّ تاقەت بوون و زۆربەیان رەوانەی ئێران كران و لەوێشەوە بۆ ئەوروپا بۆ چارەسەر، تەنها د.مەحمود عوسمان سەرەتا رازی نەدبوو بڕوات و هەر لەبارەگاكەی كاك نەوشیروان مابۆوە و لەوێوە بەبێتەل داوای دەرمان و دەرزی چارەسەریان بۆ دەكردو بۆیان بەكاردەهێنا تا كەمیّ تەندروستی باش بوو ئینجا رەوانە كرایەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم بێتەل چاوو گویّ و ئەمجارەیان دكتۆرو دەرمانیش بووە.

## شەوی داستانی رزگاری و بێتەل

زۆر لەو فەرماندەو سەرکردەو پێشمەرگانەی بەشداریی ئەو داستانەیان کرد بێت لە ئێزگەو رۆژنامەکان لەسەریان نووسیوەو بلاویان کردۆتەوە، بەلام ئەوەی دەیگێڕمەوە وەك عەدەد بێتەلیکە بۆ ئەم داستانە، چونکە عەدەد بێتەلەکان لەگەڵ فەرماندەو سەرکردەکان بوون، ئەوان هەواڵ و دەنگو باسەکانیان گواستۆتەوە بۆ ئێمە وەك بێتەلی ناوەندی رۆلی ئەوانیش دیار بووە لەو داستانەدا، رەنگبێ زۆر کەس بلێت عەدەد بێتەل رۆلی چی بووە؟! بەلام من دەلێم رۆلی عەدەد بێتەل زۆر گرنگ بوو لەو داستانەو لە هەموو شەڕو داستانەکانی تریشدا، چونکە هێزیکی فریاگوزاری بووە لەهەموو حالەتەکان.

هێزی داگیرکەری سوپای عێراق بەچەکی مۆدێرن و ژمارەی زۆرەوە بەهەر وەسیلەیەك بێت هەولی گرتنەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەلاتی (ی. ن. ك)یان دەدا، (ه.پ.ك) ناچارکرابوو شەڕی پارتیزانی بگۆڕێ بەشەڕی بەرەیی، لەشەڕەکانی قەیوان ماوەت هەندێك شوێنی گرنگ هەبوو سوپای عێراق داگیری کردبوو، کە بۆ سەرکردایەتی ستراتیژی بوون، بۆیە چەند رۆژێك بوو بروسکەمان دەنارد بۆ مەلبەندو تیپەکان بێگومان بەشفرە کە هەریەکەیان ٢٠٠ پێشمەرگە بنێرن بۆ سەرکردایەتی و لەولاشەوە ئێران هێرشێکی بەربلاویان کردبوو بۆ ناوچەکە بەناوی (فەجری١٠)، بەلام شکابوون، هێزەکانی عێراق هێشتا لەناوچەکە مۆڵ درابوون ئەمەش مەترسی بۆ سەر سەرکردایەتی ی ن ك دروست کردبوو.

ئەم داستانە شەوی ١٣وبەرەبەیانی ١٤ی نیسانی ساڵی ١٩٨٧ بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال و سەرپەرشتی مەیدانی مولازم عومەر ئەندامی م. س و لێپرسراوی م.ع دەستی پێکرا، هێزەکانمان سازو ئامادەبوون هەرچی پێداویستیان هەیە دابین کرابوو لەچەك و تەقەمەنی و بێتەلەوە و لەو ماوەیەشدا

٢٠٠ بێتەلی تەلیفۆنکی کورت مەودای VHFمان لە ئێرانیەکانەوە بۆ هاتبوو دابەشکرا بەسەرهێزەکاندا کەجۆریك ئاسان بوو بۆ بەکارهێنان، هەروەها هەرچی عەدەد بێتەل بوو پێش رۆیشتنی سەردانی ئێمەیان کردبوو بۆ وەرگرتنی شفرەی تازەو کلیلی موجەفیرەو شتی تایبەت چەندین دکتۆرو کادیری

پزیشکی لەگەڵ هێزەکان هاتبوون لەوانە یاریدەری پزیشکی د.عەلی ت/٤٧و یاریدەدەری پزیشکی هادی ت/ ٢١و یاریدەری پزیشکی فەریدون و د ئازادو چەندین دکتۆری تر بەداخەوە د.عەلی لەکۆڕەوەکە شەهید بوو، د.هادی لە شاناخسێ بەکیمیاوی د فەرەیدون و د ئازاد بەکارەساتی ئوتۆمبێل لەسەر رێگای داوداوێ و مەمکاوێ شەهید بوون.

بۆ چەواشە کردنی سوپای داگیرکەری عێراق هێرش کرایە سەر رەبیەکانی قولە سەوزو قولە پوشینە، سپیلکی کلکەی پیرەمەگرون چەند رەبیەو بارەگای سریەیەکی لێبوو هەمووی گیران ئەوهێرشە لەلایەن پێشمەرگەکانی مەڵبەندی دووەوە ئەنجام درا، کاتی دەستپێکردنی داستانەکەمان دەزانی کە سەعات یەکی شەو بوو، خۆم و کاك ئازاد و پەرۆش محەڕەم، کاك سەربەست حوسێنیش وەك پەیامنێری ئێزگە لامان بوو، چونکە هەموو هەواڵەکان دەبوایە سەرەتا بدرێتە ئێمە ئینجا بۆ شوێنەکانی تر، رژێمی عێراق پاش ئەو پەلامارەی کلکەی پیرەمەگرون لە سەعات ١٢ی شەو کەوتە تۆپبارانی کوێرانەی سەرتاسەری ناوچەکە، بەڵام ئێمە دەمانوت ئەوەندەتان نەماوە تۆڵەتان لێبکرێتەوە، چونکە کاتی دەستپێکردنی هێرشەکەمان دەزانی، هێرشەکان دەبوایە بکرێتە سەر شاخی کۆڕەنگ، دوتوێ، خەجە لەرزۆك، کەڵکی قەیوان، شاخی دووبرا، شاخە سوور دۆلی بێشکەکان، شاخی گوڵێ، ئاوکورتێ، ماوەت، کارێزەی کۆن، ولاغلو، پیرئەلیاس، باڵخ و بورجی ئەزمر بەبەشداری ئەم تیپانەی ه.پ.ك، تیپەکانی:- ٣١و٣٧ و٤٧ و٥٧و٥٥ و٥١و٥٣ و٨٦ و ٨٧و ٩١و٩٣و٩٩و٧٨ و١٢و١٩و٢١و ٢٥و٦٣، ئەنجامی

ئەم داستانە پڕ قارەمانەتیەی (ه پ ك) گیرانی ١١٢ رەبیە، ٦ بارەگای سریە، ٢ بارەگای فەوج و چەندین مۆلگەو پێگەی چاودێری و گیرانی زیاتر لە ١٣٠٠ پارچە چەکی جۆراوجۆر، هەروەها بەگوێرەی زانیارییەکان کوژرانی ١٥٠٠تا ١٦٠٠ سەربازو ئەفسەرو هێزی تایبەت و گیرانی زیاتر لە ٢٠٠تا ٢٥٠ ئەفسەرو سەرباز و چەکداری رژێم، زیانی هێزی پێشمەرگەش لەو داستانە پڕ سەروەرییە ٤٠تا٤٥ شەهیدو بریندار بوو کە زۆربەیان بەهۆی مینەوە بوو، لەناویاندا شەهیدبوونی فەرماندە عەلی مەسیفی. هەر ئەو شەوە بەڕێز مام جەلال بەو بێتەلە تازانە یەکەیەکە قسەی لەگەڵ فەرماندەکان دەکردو پیرۆزبایی لێدەکردن و پێیرادەگەیاندن ئەوەی بەعس بە٩٠ رۆژ گرتیان ئێوە بە ٢ سەعات گرتتانەوە، قوربانتانبم ئەوەی ئازایە، ئەوەی ترسنۆکیشە بەقوربانم بێ (بەپیکەنین خۆشیەوە وایدەوت)، ئەو شەوە تا بەیانی بەدیار بێتەلەکانمانەوە بوین، بەیانیەکەی شێردڵ حەوێزی هاتە لامان باسی ئەوەی کرد کە رژێم بۆمبای فۆسفۆری دژ بەکارهێناوین، قسەیەکی عەبدوڵا بۆری فەرماندەم کەوتەوە یاد کەپێیان وتبوو، لێرە وەزعمان باش نییە بابچینە سەنگەرێکی دواتر ئەویش وتبووی (لێرە ناڕۆم ئەبێ شاخەکە بڕوات!)، چەندە ورەی بەرز چەند گیانێکی فیداکاریانە پێشمەرگە شەڕیان دەکرد.. هەر پاش ئەو داستانە سوپای داگیرکەری بەعس بۆمبای کیمیاوی دژی گوندەکانی (خوڕخوڕ، یاخیان، شارستێن، لۆتەر) بەکارهێناو قسەی کابرایەکی گوندیم هاتەوە یاد کە وتبووی: "بەخودای ئەو دەرمانە کێچان باش دەکوژێت !" جا نازانم ئەمە کە بە ئێمەیان وت راست یان نوکتە و دروستکراوی پێشمەرگەبوو !؟

## شەڕی شێخ جیری سەروو و شەڕی هۆمەل مل

لەو بروسکە هەواڵانەی کە لەبەشی بێتەل بەندەو هاوڕێکانم وەرمانگرتووە بروسکەیەك بوو لە ١٩٨٧/٥/١٦. زۆرجار ئەو بروسکانەی وەرماندەگرتن هەواڵی دڵتەزین و هەندێك جاریش هەواڵی چالاکیەکی گەورەو سەرکەوتن و سەروەریەکانی ھ پ ك بوو. یەکێ لەو سەروەریانە سەروەری شێخ جیری سەرووە.

گوندی شێخ جیری دەکەوێتە ناوچەی قەرەهەنجیری دەوروبەری کەرکوکی قودسی کوردستان، کەرتی ٤ی جەباری لەسنوری چالاکیەکانی ت/٥٧ی سەگرمەی قارەمان بە فەرماندەیی کاك ئازاد حەمەغەریب(ئازادی سەرگرمە)، پێشتر چەند فەرماندەیەکی هەبووە، هەر تیپێك سنوری چالاکی خۆی هەبوو، بەڵام ئەگەر هەر هێرش و پەلامارو مەترسیەك هەبوایە پێشمەرگەی تیپ و کەرتەکان ئەو سنورەیان دەبەزاند بۆ بەهاناوەچوونی یەکتریەوە، شێخ جیری سەروو هەر زوو چۆڵکرابوو بەهۆی ئەوەی سەرانی بەعس بە یەکێك لە گوندەکانی پشتێنەی ئەمنی کەرکوکیان دیاری کردبوو، کەلاوەکانی مابوون،زۆرجار پێشمەرگەکانی ت/٥٧و ت/ ٢١ بۆ خۆحەشاردان و خۆمەڵاسدان لە هێزەکانی دوژمن سوودیان لێوەدەگرت، سوپای داگیرکەرو سەرانی بەعسی لەناوچوو هەمو رێگەیەکیان لە (ھ.پ.ك) دەبڕی تا سود لەهیچ گوندێ یا هەر هۆیەك وەرنەگرێ بۆ ئەنجامدانی چالاکی، بۆیە بەنیازی تەخت کردن و وێران کردنی یەکجارەکی ئەو گوندە هێزێك بەسەرکردایەتی و سەرپەرشتی (بارق عەبدوڵا حاجی حنتە، یەکێك بوو لە ئەفسەرە پایەبەرزو شارەزاکانی سوپای عێراق) هێزەکەش بریتی بوو لە چەندین سریەی مغاویرو هێزی قوات خاسە و سەربازی پیادە و ئالیاتی وەك شۆفل زرێپۆش و دەبابەی تی ٥٥، بەپشتیوانی کۆپتەری جەنگی هێرشیان کرد بۆ تەخت کردنی ئەو گوندە، لەو لاشەوە هێزیکی ٢٠ پێشمەرگەیی کەرتی ٤ ی جەباری بە فەرماندەیی کاك سەمەد گلی خۆیان مەڵاس دابو تا وانەیەکی تری

خـۆڕاگری و بـەرەنگاری بـە سـوپای داگیرکـەری بـەعس و سـەرانیان بـدەن، لـە سـەرەتای دامەزرانـدنی شـەڕەکە شـۆفلەکانیان پێشخسـت،بەلام لەگـەڵ یەکـەم بەرەنگاربونـەوە رایـانکرد و لەئەنجامـدا دەسـت گـیرا بەسـەر ئـەو بێتەلـە (هـۆکی تۆکیەی)

کەراسـتەوخۆ پەیوەنـدی بـە (بـارق)ەوە هـەبوو، پێشـمەرگەکان سـودیان لـە زانیاریەکانی ئەو بێتەلە وەرگرت کە نیازی تۆپبارانکردنی ناو گوندەکەی هەبوو، بۆیە پێشمەرگەکان سەرەتا لە خانوەکانی گوندەکە چوونە دەرەوە بۆ خۆپاراستن لـە تۆپبارانەکـە، پـاش تـەواو بـوونی تۆپبـاران، پێشـمەرگەکان دەگەڕانـەوە نـاو کـەلاوەو خانوەکـانی گوندەکـە و دادەمەزرانـەوە، ئـەمجارە شـەڕی دەسـتەویەخە لەگەڵ هێزەکانی دوژمندا دەستی پیکردوو بە قارەمانەتیەکی بێوێنەوە بەرەنگاری شـالاوە یـەك لـەدوا یەکـەکانی هێزەکـانی دوژمـن دەبوونـەوە و تێکیاندەشـکاندن سەرەڕای بۆردومانی کۆپتەرە جەنگیەکانی دوژمن، ناچاریان کردن بە پاشەکشـێ و هـەلاتن و لـوت شـکاندنی بـارق و لاشـەی چـەندین کـوژراو برینـداریان بـەدوای خۆیانـدا راکیشـا و دەسـتکەوتی پێشـمەرگەکانیش چـەندین کلاشـینکوف و ٥ قەناس و چەند RPG بوو، ئەم سەروەریە بە خـوێنی ٢ شـەهیدی قارەمان تۆمار کـرا. لـە ئێزگەشـەوە هەلایـەکی گـەورەی بـۆ کـرا و بروسـکەی دەستخۆشـی بـۆ یەکەیەکەی پێشمەرگەکان و فەرماندەکانی ئەو تیپە قارەمانە ئاراستە کرا.

داسـتانی هۆمـەر مـل لـە ١٩٨٧/٥/١٨ لـە نێـوان (هـ.پ.ك) و هێـزی پشـتگیری لەلایـەك و سـوپای داگیرکـەری بـەعس لەلایـەك بـوو. هۆمـەرمل یـەکێك بـوو لەگوندەکانی ناوچەی گەرمیان، کاتی خۆی رەحمەتی (بەرزانی حەمەی مینە) ئەو چالاکیەی بۆ خۆێندینەوە، وەك عەدەد بێتـەل کردبوومان بەعادەت کە هێرش و پـەرلامارێك یـا چـالاکیەکی پێشـمەرگانە دەبـوو داوای بـەرکوڵمان (بـەرکول خـۆی لەبنچینەدا بۆ خـواردن بـەکاردەهێنرێ) لـە عـەدەد بێتەلـەکان دەکـرد، لەشـوێنی تایبەت بریتی بوو لە زانیاری سەرەتایی لەسـەر هێرشـەکە یا چالاکیەکە ئێمـەش

بەدەوری خۆمان دەمانگەیاندە جەنابی مام، زۆرجاریش دەمانوت جاریکی تر شتی سەرەتایی پیێ نالێین تا بەتەواوی نەبێ، چونکە ئەوەندە بە (سایکرۆفۆنەکە- ئامیرێکی وەك تەلەفۆن وابوو لەگەڵ بێتەلە ڕاکاڵە پێکەوە دەبەسترا بۆ قسە کردن بێ بەداله تەنها فەرماندە بالاکانی سوپا بەکاریان دەهێنا کەس نەیدەتوانی گوێی لێبگرێ بە وایەر پێکەوە دەبەسترا)و جارێ بەتەلەفونی مەیدانی لەڕێگەی بەدالەوە کە زۆربەی ئەو تەلەفۆن و بەدالانە لەسوپای عێراق گیرابوون...

ئەوەی لەیادم مابێ سەرەتا شەڕەکە لەنێوان هێزی پشتگیری گوندەکەو دوژمن دەستی پێکرد و دواتر (هـ پ ك)لە تیپەکانی ٥١ ی گەرمیان و٥٣ ی شێروانە بەهانای شەڕەکەوە چون، هێزەکەی دوژمن بەنیازی تەختکردن و سوتاندنی گوندەکانی ئەو سنورە بوو وەك هۆمەر مل و کۆبان عەرەب....هتد هێزەکانی دوژمن لە سەرقەڵاوە بە دوو قۆڵ هێرشیان دەست پێکردبوو بە پشتیوانی تانکی تی٥٥ و زرێپۆشی بەرازیلی و سەربازو قوات خاصە، بەڵام هێزی پشتگیری شەڕێکی قارەمانانەیان لەگەڵ کردبوون تا گەیشتنی پێشمەرگەی کەرتەکانی ٤ و٥ و٦ ی تیپەکانی ٥١ و٥٣ بەهاوبەشی و بەشداریی فەرماندەکانی ناوچەکە و لەماوەی سەعاتێك تا سەعات و نیوێك هەموو هێرشەکانی دوژمنیان تیکشکاندو و سەرەنجام زیاتر لە ٧٠ تا ٨٠ سەربازو (قوە خاصە) کوژران و بریندار بوون و لاشەی ٣٠ تا ٤٠ کوژراویان کەوتە بەردەستی پێشمەرگە و تێکشکاندنی(٣) دەبابە و(١٠) تا(١٢) شۆفڵ و گرتنی زرێپۆشێکی بەرازیلی بە گوللەی زۆرەوە پاشان ناردنی بۆ مەڵبەند لەبەری قەراخ و گیرانی ٥ شۆفلی دیکە کە یەکێکیان هێنرا بۆ سەرکردایەتی و گیرانی زیاتر لە ٣٠ کلاشینکۆف و ٣ دۆشیکا و چەند RPG و بێتەلیکی ڕاکاڵ ئەویش ئەگەر هەڵە نەبم درایە ت/٥٩ی حەمرین و چەندین کەلوپەلی سەربازی و لای خۆشمانەوە ئەو سەروەریە بەخوێنی ٤ شەهیدی قارەمان تۆمارکرا و بەتەواوی بۆ جەنابی مام جەلامان نووسیەوە و جەنابیش هەندێ شتی لەسەر نووسی و درا بە ئێزگەو هەڵایەکی گەورەی بۆ کراو دەستخۆشی لە گشت پێشمەرگەو هێزی پشتگیری فەرماندەکان و مەڵبەندیش کرا.

## شەڕەکانی شوباتی ١٩٨٨ ی دۆلی جافەتی و کشانەوەو دواتر ناونانی بە ئەنفالی یەك

ئەنفال وشەیەکی عەرەبیە لەسورەتی هەشتەمی قورئانەوە وەرگیراوە و بەمانای تالانی جەنگ دێت و سورەتەکە لە کاتی شەڕی بەدردا هاتۆتە خوارەوە و دوای ١٤٠٨ ساڵ بەسەر هاتنەخوارەوەی جارێکی دیکە جەلادەکانی بەعس بۆ کوردییان زیندوو کردەوە.

راستییەك هەیە پێویستە بگوترێت، لەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان رژێمی بەعس هەوڵیدا پشتێنەیەکی ئەمنی لە سنورەکانەوە دەست پێبکات بۆ ئەوەی شۆڕش گەشە نەکات و نەتوانێت پێداویستییەکانی شۆڕش دابین بکات و دواتر لەساڵی ١٩٧٧وە دەستی کرد بە راگواستن و وێران کردن و چۆڵکردنی دێهاتەکانی کوردستان، ئەوەی دەستی پێ راگەیشت و توانی جێبەجێی کرد، چونکە گوندەکان لەهەموو شۆڕشەکانی کورد پێگەو پاڵپشت و پەنای پێشمەرگە بوون و کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی شۆڕش هەبووە. لە پرۆسەی ئەنفالدا چۆڵ کردن و سوتماك کردنی گوندەکان و بنەبڕکردنی ژیان و ئاوەدانی وای کرد پێشمەرگەو شۆڕش تووشی قۆناغێکی سەخت و دژوار بێت بەلاسایی کردنەوەی فاشیزمی ئیتاڵی سەردەمی بزوتنەوەکەی عومەر موختار لە لیبیا بەلام مانەوەو دروست بوونی رەتلە پارتیزانەکانی ناوچە جیاجیاکان لەکوردستان وەلامی ئەو سیاسەتە نەگریسەی بەعسی پووچەڵکردەوە پاش سەر نەگرتنی گفتوگۆی نیوان لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ورژێم، چەند جارێك سەرکردایەتی گوازرایەوە دواجار وەك ئامارەم پێدا لە دۆڵی جافەتی بوون بەلام هەموو بارەگاکان لەیەك شوێن کۆنەبوونەوە بەڵکو لەچەند گوندێك جێگیر کرا لەبەر لایەنی ئەمنی، پێشتر بارەگای ئێزگە کە ئەرسەلان بایز لێپرسراوی بوو لەبەرگەڵو جێگیر کرابوو، بارەگای راگەیاندن کە سەعدون فەیلی سەرپەرشتی

دەکـــرد هـــەر لەبەرگـــەڵو، نەخۆشـــخانەی شـــۆڕش کەچـــەند دکتۆریـــك و چـــەند یاریدەدەرێکی پزیشکی کە د.شڤان لیپرسراوی بوو هەرلەوێ و دواتر بارەگای کاك نەوشیروان لەئاوەژێی بەری مەرگەو بارەگای د.فوئاد و ناوەندی شۆڕشگێران هەر لەبەرگەڵوو بوو.سەرگەڵوو گوندێکی گەورە بوو پێشتر نزیکەی سێسەد بۆ چوارسەد ماڵێك دەبوو، بارەگای مەڵبەندی دوو لەگەڵ چەندین ماڵە پێشمەرگەو لێپرسراوی نیشتەجێ بوون. بارەگای دەزگای رۆشنبیری کۆمەڵە لە چالاوا جێگیر کرابـوو کەشـەهید ئـازاد هـەورامی و د.خەسـرەو خـاڵ سەرپەرشـتیان دەکـرد، یاخسمەریش گوندێکی گەورە بوو نزیکەی شەست تا حەفتا ماڵ دەبوو لەناو دۆڵەیدا بوو، شاخی ئاسنگەران، شاخەڕەش شاخی ژیلوان و شاخی کەڵەشێرە دەوریـان دابـوو بارەگـای مەکتـەبی عەسـکەری مـلازم عومـەر و پەیوەندیـەکان و دەزگای دارایی لەبناری شاخی ئاسنگەران بوون، لەناو گوندی یاخسەمەر ماڵ و بارەگای کاك فەرەیدون عەبدولقادر کە پاشان گوازرایەوە چوخماخ، چوخماخیش گوندێکی بچوك بوو، هەڵەدن گوندێکی قەرەبالغ بوو نزیکەی سێسەد تا چواسەد ماڵێك دەبوو، ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ نزیکەی سەدوهەشتاو سێ خویندکاری هەبووە بەپێی ووتەی مامۆستایەکی* ئەو سەردەمە کەمامۆستای شۆڕش بوو لەوێ.

بارەگـای تۆپخانـەو هەنـدێك بارەگـای بچـوکی لـێ بـوو، مالومـەش گونـدیکی گـەورەبوو ئـەویش نزیکـەی سـەد مالێـك دەبـوو پـێش ئـەوەی سـەرکردایەتی بارەگاکـانی بهێنێتـە دۆڵـی جافایـەتی، بـەڵام زۆربـەی ئـەو گوندانـە ئاوەدانی کـەم لێمابوو دوای تۆپباران و هێرشی فڕۆکەکانی رژێمی داگیرکەری بەعس.

کانی مراد تەنها کانیەك بوو لەسەروی یاخسەمەر بارەگای بەڕێز مام جەلال و سـکرتاریەتەکەی لێبـوو ئێمـەش وەك بەشـی بێتـەل لـەوێ بارەگایـەکی بچـوکمان هـەبوو، لەناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٨٥ خـۆم بێتەلەکـەم لەگـەڵ فەریـدون عەبـدولقادر کەسەرپەرشـتی دروسـت کردنـی زۆربـەی بارەگاکـانی دەکـرد دامەزرانـدو جێگیر بووم، تـا نزیکـی مـانگی ٩ و سـەرەتای مـانگی ١٠ زۆربـەی بارەگاکـان، بـەبارەگای

بەمام جەلالیشەوە لەناو خێمەدا بووین تا تەواوکردنی خانووەکانمان، ماوەی ئەو دوو ساڵەی کە لەوێ بووین واتە ساڵی(١٩٨٦)تا(١٩٨٨) زیاتر لە پەنجا تا شەست جار هێرشی ئاسمانی بەتازەترین فڕۆکەی جەنگی پێشکەوتوو کراوەتە سەر ئەو شوێنانەی کە بارەگاکانمانی لێبوون، تەنانەت دەتوانم بڵێم هەر کاتێك فڕۆکەکان دەهاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە بۆ هێرشی ئاسمانی کە بە بێتەلەکانی خۆیان قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکردو ئێمەش بەرادیۆو لەسەر شەپۆلی FM گوێمان لە قسەکانیان دەگرت، ئەوەندە شارەزای شفرەکانیان بووبووین دەمانزانی کە کوێ بوردومان دەکرێت، دواجار هێرشەکانیان چڕتر دەکرا و بووە هۆی روخانی خانووی گوندەکان و سوتاندنی، لەهێرشەکانیدا بۆمبای هێشوویی (عنقودی) و بۆمبی گەورەی بەکاردەهێنا، بەڵام زیانی گیانی کەمی بەدواوە بوو، چونکە لەسەر زۆربەی شاخەکان دۆشکای ١٢،٥ملم و ١٤،٥ملم دانرابوو بەرەنگاری دەبوونەوە و نەیاندەهێشت شوێنی مەبەست بپێکن، بەڵام ئەوان هەر کاری خۆیان دەکرد.هەر پاش جێگیربوونمان لەدۆڵی جافەتی تۆپبارانی رژێم بۆ ناوچەکە دەستی پێکرد، زیاتر بێزارکەر بوو، لەزۆر لاوە تۆپباران دەکراین وەك سورە قەڵات، ماوەت کارێزەو، سوسێ و دوکان و سەربازگەی سارداوە، هەرلەسەرەتاشەوە وەك ناوچەیەکی قەدەغە کراو لەقەڵەم درابوو، بازگەکان و خاڵەکانی پشکنینی رژێم زۆر توندبوون بەتایبەت لەگەڵ خێزان و کەسوکاری پێشمەرگە و خەڵکی ئەو گوندانەی هاتوچۆی شاریان دەکرد نەیاندەهێشت بەهیچ جۆرێك خواردەمەنی و ئازوقە و کەلوپەل بگاتە ئەو ناوچانە، لەگەڵ ئەوەش شت هەردەهات، بەڵام لەچاو سەرەتا کەچووینە ئەوێ ژیانی خەڵکی ئەولادێیانە گرانتر دەبوو، بۆیە زۆربەیان بەرەو شارەکان دەچوون.

سەرەتای ساڵی نوێی ١٩٨٨ کەخەڵکی پیرۆزبایی ساڵی نوێیان لە یەکتر دەکرد، ئێمە بە تۆپباران دەستی پێکرد ئەو خەڵکە مەدەنییەی لەوێ مابوون، ناو گوندەکانیان چۆڵ کردبوو لەقەد پاڵەکان شوێنی حەوانەوەی خۆیان وەك پەناگایەك لێدروست کردبوو لەترسی فڕۆکەو تۆپباران. هەر لەو مانگەدا

پەیتاپەیتا زانیاریمان لە ڕێکخستنەکانەوە بۆ دەهات کە دەیاننارد بۆ بێتەلەکان ئەوانیش بەدەوری خۆیان دەیانگەیاند بە سەرکردایەتی و هەندێك جاریش ئەو زانیاریانە بەدەستی دەنێردرا بۆ فەرماندەکان، یان ناوەندی کۆمەڵە ئەوەیان رادەگەیاند کە سوپای داگیرکەری بەعس بەنیازی هێرشێکی بەربڵاوە بۆ سەر سنوری سەرکردایەتی و لەویٚ دەرمانپەڕێنێت، چونکە ناوچەکە ببووە بەرەی جەنگی عێراق – ئێران، ئێرانیش لەسنوری سەرکردایەتی نزیك ببووە وە و رژێم لەکاری هاوبەشی نێوان یەکیتی و ئێران و لەدەست چونی ناوچەکە دەترسا، بۆیە عێراق بیری لە هێلێکی بەرگری دەکردەوە لەبەربەنداوی دوکان، هەرزوو سەرکردایەتی ئەمەی خۆیندبۆوەو لەنیازیان گەیشتبوو، بۆیە سەرەتا هەندێك لەبارەگاکانی ناردەوە سەر سنور، ئێزگەیەکی یەدەگی نارده دۆڵە کۆگە.

مام جەلال لەگەشتێکی دابوو بۆ دەرەوەی وڵات و کاك نەوشیروان وەك جێگری فەرماندەی گشتی و ئەندامانی م.س سەرپەرشتی ئەوبەرە فراوانەیان دەکرد کە نزیکەی ٤٠ کلیلۆمەتر دەبوو، مانگی شوبات هات و دیسان زانیاریەکان بە چڕی دەستیان بەهاتن کردو جەختی ئەوەیان دەکردەوە کە هێرشەکە دەکریٚ و نزیکە، دیاربوو کاك نەوشیروان هەندێك سەرچاوەی تایبەتی خۆی هەبوو لەوە

دڵنیابوو، وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا هەرمەڵبەندە دووسەد پێشمەرگەیان دەنارد وەك یەدەگ لەبەرهێرشی لە ناکاوی دوژمن، بۆ هێرشەکە هێزەکانی فەیلەقی یەك و پێنج و لیواکانی ٦٥ و٦٦ قوات خاسەو مغاویر و بەشێك لەگاردی کۆماری، چەندین فیرقەو لیوای پیادە و چەندین کەتیبەی تۆپخانەو هاوەن و زرێپۆش و تانك چەندین کەتیبەی کاتیوشای (٤٠) لولەیی و چەندین فەوجی سووك وهێزی یەدەگ کوکرابوونەوە، لەبەرامبەردا یەکێتیی نیشتمانیی زۆربەی هێزە چالاك و شەڕکەرەکانی وەك (١٢ی سۆران و ١٧ی زمناکۆ، ١٩ی کوڕەك، ٣١ی سلێمانی ٤٣ی ئاسۆس، ٤٧ی پیرەمەگرون،٣٧ی شاربازێر،٥١ی گەرمیان،٥٣ی شێروانە،٥٩ی حەمرین،٧٤ی باڵەك و٧٨ی کارۆخ،٨٦ی هەولێر، ٨٧ی

قەرەچوغ،۹۳ی کۆیە،۹۹ی بیتوێن،۲۱ی کەرکوك و ۲۵ی خاڵخالآن، ۲۳ی سورداش دەستەو مەفرەزەکانی فەرماندەکان و تیپی پارێزگاری بەفەرماندەیی کاك رەحمان سیتەکی، تیپی تۆپخانە وهەندێك لە هێزی لایەنە کوردستانییەکان خرابوونە ئامادەباشییەوە بۆ هەر هێرشێك کە پڵنگ ئاسا بەرەنگاریان ببنەوە، زانیارییەکان زیاتر و ورد دەبوونەوەو دەریان دەخست کە رۆژی هێرش نزیك بۆتەوە ئەمەش جەنگێکی دەروونی بوو لەگەڵمان دەکرا، ناوبەناو هێرشێکی بچوك دەکراو لەلایەن پێشمەرگەکانەوە بەرپەچ دەدرایەوەو دەشکێنرا، تۆپبارانیش بەردەوام بوو، کە ناومان نابوو حەبی گولاج چونکە سێژەمە بوو، بیزارکەربوو.

لەکەمینێکدا لەسەرجادەی دوکان/سلێمانی دەستەیەك لەپێشمەرگەکان، بۆسەیەکیان دانابۆوە بۆ هێزیکی قوات خاسە، کە قائد فرقەکەیان بەڕێکەوت بەرنەکەوت و دەرچوو، بەلآم هەموو نەخشەی شەڕەکان کەوتە بەردەست هێزی پێشمەرگە و هێنایان بۆلای کاك نەوشیروان، زیاتر مەبەستی هێرشەکە روونبۆوە لای سەرکردە و فەرماندەکان، نەقیبێك و چەند کەسێکی تر گیران، بەداخەوە بەهۆی خائینیکەوە بوو کە ئەو بۆسەیە ئاشکراکرابوو، ئەگەرنا فەرماندەی فەیلەقی یەکی ئەوکات (سوڵتان هاشم و نزارخزرەجی)ش بەردەکەوتن وهەموویان دەگیران، لەگەڵ روونبوونەوەی ئامانجی هێرشەکانی دوژمن بانگی خەڵکی ناوچەکە کرا بەهاوکاری پێشمەرگە و پەیوەندییەکان رێگایەك لە شاخی کەرکەرەوە بەرەو گەلآڵە بەناو بەفرێکی زۆردا بە دۆڵی شێخ محەمەد دا بۆ کاتی پێویست دروست بکەن، چونکە ئێرانیەکان گەلآڵەو سفرەو زەروونیان لەهێرشەکانی پێشویاندا گرتبوو، لە گەلآڵە خێمەیەکی پەیوەندیەکان دامەزرا بوو کاك شێخ محەمەد سەرگەڵویی سەرپەرشتی دەکرد بۆ کاروباری پەیوەندی ئێمەو ئێرانیەکان و بێتەلێکمان لەوێ بوو کە کاك باست حمە غەریب کاری لەسەردەکرد.

ئەو زانیارییانەی بۆمان دەهاتن و وەرماندەگرتن ئەوەیان نیشان دەدا کە هێزەکانی دوژمن زۆر زیادیان کردوەو گەیشتۆتە زیاتر لە ۱۵۰ هەزار سەربازی

پیـادەو قـوات خاسـەو فیرقـەی ٣٨ی پیـادەو ٣٦ی پیـادەو چـەندین هێـزی تـر لەفەوجە سوکەکان، بەمەزەندەی ئێمەش هەموو هێزە شەڕکەرەکەی (ی.ن.ك) خۆی لە ٢٥٠٠ تا ٣٠٠٠ پێشمەرگە تێپەڕی نەدەکرد جگە لەو هێزانەی کە وەك یەدەگ و پێشمەرگەی بارەگاکان بوون.

ڕۆژی ٢١ی شـوبات بروسـکەیەکی زانیـاریم وەرگـرت بـەهۆی هێڵـی تایبـەتی خۆمـان زانیارییەکـە (ئـەمرۆ رژێـم ١٠کاتیوشـا(راجیمە)ی چـل لولـەیی هێناوەتـە کـارێزە کـە پێنجیـان بـەکیمیاوی ئـاخنراون، و پێنجیـان بەگوللـەی ئاسـایی واتـە پارچەیی)، هەر بەپەلە ئەو بروسکەیەم گواستەوە بۆ بارەگاکـەی کـاك نەوشیروان، کە کاك بەختیارو سەرکەوتی هاوکارم چەند رۆژێك بوو چووبونە ئەوێ بۆ کارکردن لەسـەر بێتەلەکـەی ئـەوان، کـاك خالید رەزا ماوەیـەکی کـەم بـوو راهێنرابـوو لەسـەر بەکارهێنانی بێتـەل کاك بەختیار ئاگـاداری کـردم کـە مـادام مـام جەلال لـەوێ نییـە تـۆش وەرە بـۆ لامـان و کـاری بێتـەل بکـە، منـیش چـوومە نـاو گونـدی یاخسـەمەر ئاگاداری سەربەستی هاوکارم کرد کە هاوسەر و منداڵەکەی بەناوی (زریان) بینێتـە سەرەوە بۆلای بێتەلەکە من دەچم بۆ بەرگەڵو، لەسەرەوەش پەناگەیەکی کۆنکریتی چـاکمان دروسـت کردبـوو هـەم خـۆراکی وەك بـرنج و رۆن نیسـك نـۆك و نـەوت و زۆپای چاکی لێیە، بچۆ سەرەوەو دنیاش هەموی بەفرە، هەواڵەکەشم پـێ راگەیاند، کـە رەنگـە ئەمشـەو ناوچـەکە بـەر کیمیـاوی بـدرێ و جـەختم لێکـردەوە کـە بچـێتە سەرەوە، چونکە من ئەوێ جێدەهێلم و بێتەلە تەلەفۆنکنەکەی لام بوو دامێ، پێش دەرچوونم لەیاخسەمەر جارێکی تریش هـەر ئاگـادارم کـردەوە، پـاش گەیشـتنم بـۆ بەرگەڵو چەند جارێك لەبێتەلەکەوە بانگم کرد، دیار بوو هێشتا نەچوو بوو، شەوی ٢٢/٢٣ی شـــوباتی ١٩٨٨ نزیکـــە کاتـــژمێر ١،٣٠ یـــا ٢،٠٠ی شـــەو بـــوو لەهەموولایەکەوە بوو بەگرمە گرم و راجیمە بارانی (یاخسـەمەر، هەڵـەدن، چالاوە، گوێزیلـە، شـاخی کەرکـەر)و هەرچـی بزنـە رێیـەك کـە دەیزانـی پێشـمەرگە سـودی لێوەردەگرێ بەر کیمیاوی درابوو،

لە یاخسمەر خێزانێکی شەش کەس تیاچوون و سەربەستی هاوکارم خۆی و خیزانەکەی و چەندین پێشمەرگە بەر کیمیاوی کەوتبوون و هێنران بۆ نەخۆشخانەی بەرگەڵو بۆ چارەسەری سەرەتایی، دواتر بە هێلیکۆپتەری ئێرانییەکان بران بۆ نەخۆشخانەکانی ئەسفەهان و تەورێزو تاران دواتر، بۆمان دەرکەوت ئەوگازەی بەکاری هێنا بوو گازی (دەمار – اعصاب) بوو، تاکۆتایی مانگی شوبات شەڕەکان هەر سەخت و قورستر دەبوون.

لەسەرەتای ئادار تا دەهات هێرشەکانی دوژمن توندتر و چڕتر دەبوون و پێشمەرگەش بەوپەڕی قارەمانیەتی و لەخۆ بوردوییەوە بەرگریی و بەرەنگارییان دەکرد، بەراستی هیچ پێنووسیك نییە بتوانی ئەو شەڕانە وەسف بکات، نەك لەبەر ئەوەی خۆم پێشمەرگە بووم، لەناو واقیعەکەدا بووم هیچ موبالەغە نییە بە داستان (ملحمە) هاوشێوەی داستانی گلگامش ناوی ببەم، لێرەدا نمونەیەك لە فیداکاری یەکێك لەبەرەکاندا دەخەمەڕوو، ئەم زانیارییە لە رێکخستنەکانمان لەناو سوپا پێمانگەیشتبوو کە دەڵێت:"یەکێك لەقائد فرقەکانی سوپای عیراق و بەئامادەبونی قائد فەیلەق و عبدالجبارشنشل تۆپبارانی شاخێکیان کردبوو وتبویان: ئەگەر عورق عەسکەری هەبێت نابێ ئەو شاخە کەسی پێوەمابێت، چونکە هەر لەبن شاخەکەوە بەرد بەبەرد ئەمدیو ئەودیومان تۆپباران کردووە دەبێت هەموویان یان کوژرابن یان بریندار یان چۆلیان کردبێت، بەڵام فەرموون هێرش بکەن بزانن چی ڕوودەدات؟!"، لەو هێرشەی کردیان ئەنجامی شکستهێنان بوو کە زیاتر لە ١٥٠ سەربازو قوات خاسەو مغاویر کە ئەفسەریان تێدا بوو کوژران و لاشەی چەندین رائد، نەقیب و ملازم یەك وملازم دوو لەبەردەست کەوتبوون، دیل و دەسکەوتیش هەبوو، لاشەی کوژراوەکانیان ئەوەندە زۆر بوو چەند جارێك لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە، بانگەوازی بۆ کەس و کاری سەربازو چەکدارە کوژراوەکان دەکرا دەتوانن لاشەی کوژراوەکانیان ببەنەوە.

بڕیارێك لەسەرکردایەتیەوە دەرچوو بۆ خەڵکی ناوچەکە و ئەو پێشمەرگانەی کە ماڵ و منداڵیان لەگەڵە هەوڵبدەن کە رزگاریان بکەن و خۆیان بگەڕێنەوە، لەهەمان کاتدا مقۆمقۆی ئەوە هەبوو کە شەڕێکی ئینتیحاری بکەین تا هەموومان تیادەچین و دوژمن با بەسەر لاشەکانمان دا بروات چۆڵی ناکەین.. دواتر ئەم بیرۆکەیە وازی لێهێنرا و نەخشەی ئەوە دانرا شەڕی بست بەبستی لەگەڵ بکرێت و نابێت هیچ شوێنێك بێ خوێنی دوژمن چۆڵ بکریت و پلانی ئەوەش داڕێژرا کە پەلاماری چەند شوێنێکی ستراتیژی وەك دوکان، قەلادزێ، یان هەڵەبجە بدرێت و بگیرێ و تیای بمێننەوە.

رۆژی ٩ی ئاداری ١٩٨٨ بوو کەزانیمان بڕیاری کشانەوە دراوە بەڵام بڕیارەکە نهێنی بوو لەگەڵ سەرکەوتی هاوکارم چووینە لای کاك نەوشیروان و ئاگادارمان کردەوە کە ئێمەش کۆمەڵێ بەڵگەنامەو دەفتەری بروسکەی چەند ساڵەمان هەیە پێویست دەکات بچینەوە یاخسەمەر بۆ پاکتاوکردنی، بەریزی وتی: باشە بچن ئەوەی گرنگە لەگەڵ خۆتانی بهێنن و ئەوی تری کە ئەزانن بێ کەڵکە بیسوتێنن، چەند کاتژمێرێك مۆڵەتی داین بۆ ئەو کارە ئێمە لەبەرگەڵوو دەرچوین بەرەو یاخسەمەر لەوێ دەستمان بە تەسفیەکردنی ئەو شتانە کرد، هەرچی زانیمان بەڵگەی گرنگە لەگەڵ هەندێك پارچە بێتەلی باش لەگەڵ خۆمان هێنامەوە بۆ بەرگەڵوو، بەڵام لەراستیدا ئەوەندەمان پێ ناخۆش بوو چۆن یەکێك کۆرپەکەی دەمرێت و بەدەستی خۆی دەینێتە چاڵ، ئێمەش وامان لێهاتبوو گریانمان بۆ ئەو رابوردووە دەهات کە چەندین ساڵ بوو لەگەڵی ژیابووین و بەدەستی خۆمان نووسیبومانەوە ئاوا بسوتێنرێ، چونکە ئەو کاتە هیچ ئامێرێك یا کۆمپیوتەرێك نەبوو ئەو شتانەی تێدا بپارێزین یان بیری ئەوەمان نەکردبووە کە پیشتر دەربازیان بکەین، بارەگاکان هەریەکە خەریکی کەلوپەلی خۆیان بوون و ئێمەش سەرقاڵی کاری بێتەلی بووین و کەسمان لەوێ نەبووین تا مشوری ئێستر و بارکردن پێچانەوەی بین وبڕۆین، بروسکەکانیش هێندە زۆربوون بە ٣ کەس دەرەقەت نەدەهاتین، ٢٤ کاتژمێر بێ هەستکردن بەماندوبوون، بارەگاکەی ئێمە

بەهۆی نەبوونی مام جەلال لەویٚ زۆر گرنگی پێنەدرا هەر کەسە خەریکی بارەگاو مستەمسەکاتی خۆیان بوون، بەڵام چاریشمان ناچار بوو، چونکە نەماندەتوانی بێتەلەکەی کاك نەوشیروان جیٚ بهێڵین، لەبەرئەوەی ٢٤ سەعات کارمان دەکرد، خۆ ئەگەر بڕۆشتینایەوە شتەکانمان دەرباز بکردایە ئەوا دەوترا ترسنوکن و رایانکرد عوزر لەقەباعەت گرانتر! لەبەر ئەو بارودۆخە سەختەو ئەو شەڕە سەختانەی(هـ.پ.ك) رووبەڕووی ببونەوە ئێوارەکەی گەڕاینەوە بارەگای بەرگەڵوو، ئەمە دواجارم بوو یاخسمەر ببینمەوەو ئاگاداری ئەوانەمان کرد کە دانرا بون بۆ تەقاندنەوەی بارەگاکان کە گرنگی بدەن بە شوێنەکەی ئێمە ئەوەی جێگەی داخ بوو بەڕێز مام جەلال مەکتەبەیەکی زۆر نایابی هەبوو کە چەندین کتیبی ناوازەی تیدا بوو، هەندێکی دەرکرا و ئەوی تری وەکو بارەگاکانی تر سوتێنراو تەقیندرایەوە.

رۆژی ٩ی ئادار کاك نەوشیروان ئاگاداری کردم کە لەجیاتی بەختیاری برای سەرپەرشتی بێتەلەکان بکەم، پێشتر لەگەڵ کاك بەختیار کۆمەڵێك شفرەو شتی تایبەتمان ئامادەکردبوو بۆ حاڵەتێك بیری ئەوەمان کردبۆوە کە نەوەکو عەدەد بێتەلێك شەهید بێت و شفرەکان بگیرێن یان عەدەد بێتەلێك لەبەر مشەوەشی شفرەیەك ئاشکرا بکات یابگیرێت، ئەو حسابەمان کردبوو، بۆیە جانتایەکی دیپلۆماسی داپێم و هەموشتەکانم تێدا دانابوو، دواتر کاك بەختیار خۆی و هاوسەر و منداڵەکانی رۆیشتن و خواحافیزبوونمان لەیەکترکرد ئەو جانتایە تا راپەڕین دوای راپەڕینیش هەر لەلام مابوو تاکو وازهینانم لەکاری بێتەلی.

رۆژی(١٠)یا(١١)ی ئاداری ١٩٨٨ بوو کاك نەوشیروان ئاگاداری کردم کە خۆم و بێتەلێك، ئەو شتانەی هێناومانە ئامادەبکەم لەگەڵ کەلوپەلی خۆی و دەستەیەك لەپێشمەرگەکانی، بارەکەمان هەر باری دوو هێستر بوو، بەڕێکەوتین بەرەو شاخی کەرکەر و لەوێشەوە بەرەو گۆمەزەل ماوەی سەعاتیك دەبوو بەپێ،شەو تا درەنگ بەدیار بێتەلەکەوە بووم و هەر بروسکەو هەواڵ و دەنگوباسێك هەبوو بۆ بەڕێزیم دەنووسیەوە، ئەویش وەڵامی هەندێکیانی دەدایەوە، بەڵام هەواڵەکان باش نەبوون

هەرچەندە بڕیاری شەڕی مان و نەمان و شەڕی بست بەست لەگەڵ دوژمن درابوو، بەڵام کەوتبووینە دۆخێکی ناهەمواردابووین کەکەس ئیرەیی پێ نەدەبردین عەرەب وتەنی (هبت الرياح بما لاتشتهي السفن)، بەهۆی خیانەتی فەرماندەیەکەوە سوپای داگیرکەری بەعس توانی بووی ناوچەی مەرگە ودەوروبەری وشارستێن تا نزیك کانی توو داگیر بکات.

کشانەوەی ھ.پ.ك لەو ناوچەیە بووە هۆی گرتنی قوتەی داری زەکەریا بەرامبەر بەرگەڵوو، هەروەها گرتنی شاخی هەوارە بەرزە، هەرچەندە چەندین هێرشی بۆ کرا لەلایەن پێشمەرگەوە و ئازاد دەکرا، بەڵام دواتر دوژمن هێرشی توندتری بۆ دەکردەوەو دەگیرایەوە، چەند رۆژێك پێش بەجێهیشتنی بەرگەڵوو ئاگاداری بارەگاکان کرابووەوەوە کە دەستیان سووك بکەن بەناردنی کەلوپەلی زیادە، لەو بارەگایانەش کە ئێزگە بوو کە نێردرابووە (دۆلە کۆگە). بەرەبەرە خەڵك و پێشمەرگەش دەرۆیشتن دوژمن بەرەبەرە بازنەی ئابلۆقەکەی تەسکتر دەکردەوە، خەڵکی ناوچەی مەرگەو کانی توو بەشاخی کوڕکوڕ و کوریسدا هاتنە ئەمدیوی گۆمەزەل و لەسەرشاخ چەندین کەس رەق ببوونەوە، لەوانە عەلی لەفتە کە قاچاغچی چەك بوو، کە مامۆستا ئەمینی کادیر گەیشتە لامان لەگۆمەزەل کاك نەوشیروان بە سوعبەت پێیوت: عەلی لەفتە رەق بۆتەوە تۆ دەرچووی،چونکە مامۆستا ئەمین زۆر زەعیف بێداروبار بوو، یەك شتیك کە سەرنجی راکێشام" کچێکی منالی پێشمەرگەیەك بوو دایك و باوکی وایان مەزەندەکردبوو کە رەق بۆتەوە، بۆیە جێیانهێشتبوو، بەڵام کە پێشمەرگەیەك بەلایدا دەڕوات دەبینێ دەجووڵێتەوە دەیگرێتە باوەش وگەرمی دەکاتەوە و لەگەڵ خۆی هێنای بۆ لای بارەگاکەی ئێمە، بەڵام دایك و باوکی رۆیشتبوون بەپەلە ئێمە بەبێتەل خەبەری بنکەکانی سەر رێگامان دا کە دایك و باوکی نەڕۆن چونکە کچەکەیان ماوە، ئەی رۆژی حەشر دەبێ چون بێ؟ ئەگەر وانەبێت کە دایك و باوك بەتەنگ جگەرگۆشەکەیانەوە نەیەن و ئاوا جێیبهێڵن و وابزانن مردووە، رووح لەشوێنێکی سەختەو بەئاسانی نایەتەدەرێ.

ڕۆژی ١٣ی ئادار١٩٨٨ پاش ئەوەی کە زانرا بەتەواوی شاخی هەوارەبەرزە گیراوە لەگەڵ کاك نەوشیروان بەدۆڵی شێخ محەمەددا بەڕێکەوتین بەرەو ئاوەسپی، بارەگایەکی دواوەی تیپی پارێزگاری لێ بوو کە کاك رەحمان سیتەکی سەرتیپی بوو، پاش گەیشتنمان و پشوویەکی کەم نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد پاشان بەڕێکەوتین بەرەو گەلاڵە کە بارەگای پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێرانی لێبوو، لە ڕێگامان بەرەو گەلاڵە، خەڵکی دۆڵی جافایەتی دۆل بەدۆل و لوتکە بە لوتکە هەڵدەگەڕێن و دادەگەڕێن دونیا هەمووی سپی دەچووەوە لەبەفر، سەرماکە دەست و قاچ دەتەزێنێ، هەرچەند بەرەو بەهاربوو، کاراوانێکی پڕ لەبێ هیوایی و شکست لەهەولی دەرباز بوون لەگەرووی ژەهراوی وئالودە بەچەکی ژەهراوی بەدۆڵی بەستەڵەکی شێخ محەمەددا بەرەو گەلاڵەو سەفرەو زەرون ئەملاو ئەولای ڕێگەکە لە نێو دڵی شاخدا سەدان لێفەو بەتانی و راخەر لەسەر ڕێگاکە داخرابوو پێشمەرگەو خەڵك بەسەریدا دەڕۆیشتن بەپێ و بەولاغەکانیان تا لەناو بەفردا رۆنەچن، لەملاشەوە دەیان سەر مەڕو بزن و ولاغی بەرزە، هێستر یاخی ببوون لەخاوەنەکانیان و دەیانویست خاکەکەیان جێنەهێڵن با بەفر رەقمان کاتەوە! هەندێکیان لەسەر چوار لاق لەناو بەفر رەق ببوونەوە، هەندێکیان لەلایەکەوە بە پارچەی تۆپ ورگیان هەڵدڕاو.چەندین دیمەنی تراژیدی تریش بەرچاو دەکەوت. لەم لاشەوە لاشەی چەندین سەربازو ئەفسەرو پلەداری سوپای عێراق لەناو ئەو بەفرەو لەبن بەردو ژێر داروقەدپاڵەکان رەق ببونەوە لەبەر نەشارەزایی و هێرشەکانی پێشووی ئێران و لەولاشەوە هێشتا دوژمن وازی نەدەهێنا جارجارە رەتلێك راجیمە یا تۆپی بەدۆلی شێخ محەمەدەوە دەنا،کە تەنها ڕێگەی کشانەوەی خەڵك وپێشمەرگە بوو، جلوبەرگی ژن و منالْ لەسەر ئەو ڕێگایە هەڵڕژابوو، برنج و ساوەرو نیسك و نۆك و رۆن تێکەڵ بەبەفر بووبوو، ئەمەش بۆ دەست سووك کردن و دەرچوون لەورێگا بەفراوییە سەختەبوو، هەرچەندە چەند رۆژێك پێش سەفەرکردنی دادە هێرۆ فێری وێنەگرتنی کردبووم، بەکامێرای ڤیدیۆیی، بەلام داخەکەم ئەوکاتە دەستم نەکەوت تاکو ببێتە ئەرشیفێکی زێڕین بۆ مێژووی

گەلەكەمان و نەوەكانی داهاتوو، هەر بە گەیشتنمان بۆ گەلاڵە لەرێگای بێتەلی پەیوەندییەكان كە كاك باست كاری لەسەردەكرد هەوڵم دا قسە لەگەڵ برادەران بكەم، هەواڵ و دەنگوباسەكانییان لێوەرگرم لەوەش كاك باست هاوكاری كردم، هەواڵەكانم نووسیەوە كە چەندین شوێنی گرنگ گیرابوو، پێشانی كاك نەوشیروانم دا زۆر لەدڵی گران بوو،بەرەی شاخی دابان وبەرەی لای كارێزەو قەیوان و كۆرزەنگ شاخەكانی دەوروبەر هێشتا بەرگری تێدا مابوو نەكشا بوونەوە تا كاتی دیاریكراو، بەرەبەرەش ئەڵقەی گەمارۆ تەسكتر دەبوو لەهەمان كات بەرەنگاری و فیداكاری پێشمەرگە هیچ وشەیەك نەبوو وەسفی بكات. لە ١٩٨٨/٣/١٤ لەگەڵ كاك نەوشیروان و هێزێكی بچوك بەرەو سنور كشاینەوە و پاشان بەڕێكەوتین بەرەو بانە لەرێگاش ئاپورەی خەڵكی رزگار بوو بەسواری لۆری وگەلابە بەڕێدەخران بۆ ئۆردوگا و نیشتەجێكردنیان لەلایەن ئێرانییەكانەوە بەتەنسیق و هاوكاری هەڤاڵانی پەیوەندییەكان كە د.كەمال خۆشناو و كاك عەلی كەمال وهەڤالانی تر ئەو كارەیان كردبوو و بەڕاستی جێگەی دەستخۆشی بوو. لەبانەشەوە بەرەو سەقز رێگەكە هەموی بەفر بوو، ئۆتومبێلەكەمان زنجیری بەتایەكانەوە بەستبوو لەبەرخزین، لەرێگا كاك نەوشیروان بەفارسی بەسایەقەكەی وت ناوت چییە؟ وەلامی دایەوە (ماجەراجو) بەڕێزی فەرمووی بەعەرەبی ماناكەی (مغامر)كەچی زۆر ترسنۆك وفشەكەربوو! لەرێگا یەكێ لەزنجیرەكانی كرابوویەوە نەی وێرابوو دەنگ بكات تاگەیشتینە سەقز ئینجا باسی كرد كە لەترسی پێشمەرگەكانی حدكاو كۆمەڵە ترساوم نەوەك بێنە سەر رێگامان بۆیە خۆم دوانەخستووە هەم لەبەرجەنابتان كە ئەمانەتن لەئەستۆی من، شەو نزیكەی سەعات ١١:٣٠ بوو بردیانین بۆ بارەگایەكی تایبەت بەمیوانداری ئەوشەوە یەكەم شەو بوو بێ گرمەی راجیمەو تۆپ و هاوەن بخەوین، شوێنیان بۆدیاری كردین هەركەسەو شوێنی خۆی تابەیانی.

رۆژی ١٥ی ئادار بەیانییەكەی پاش سوپاسكردنی ئێرانیەكان لەوێوە بەپێ بەرەو ماڵی كاك سالار كە بێتەلی پەیوەندیەكانی لێدامەزراندبوو، كاك فەرەیدون

عەبدولقادر هات بۆ لای کاك نەوشیروان و پێکەوە لەگەڵیان چووین بۆ بارەگایەکی کاتی کە کاك بەختیار بێتەلێکی لێ دامەزراندبوو بۆ زانینی دەنگوباسەکان و لەگەڵ کاك ئازادی هاوکارم یەکمان گرتەوەو من روخسەتم وەرگرت کەپێویستم بەچوونە بازاڕ هەیە بۆ کڕینی جلوبەرگی نوێ، چونکە ئەوانەی کەلەبەرم دابوو هەم درا بوو هەم چلکن بوو، بڕێ پارەتیان دام، خۆشم پارەی عێراقیم پێ بوو گۆڕیمەوە بەتمەنی ئێرانی، دواتر گەڕامەوە بارەگاکەی خۆمان١٥ی ئاداری ١٩٨٨ بەیانیەکەی هەواڵی رزگارکردنی شاری هەڵەبجەمان وەرگرت لەلایەن هێزەکانی یەکێتی و بەرەی کوردستانی کە پێشتر نەخشەی بۆ داڕێژرابوو،رەحمەتی نەوشیروان مستەفا بروسکەیەکی بۆ کاك شەوکەت وفەرماندەکانی بەشدار لەو کردە سەربازیە سەرکەوتوە کرد وسەرەتاکەی پیرۆز بایی ودەستخۆشی وچەند خاڵێکی لەخۆ گرتبوو هەرچەندە دەقی بروسکەکەم لانەماوە بەلام ئەوەی لەیادم بێت لەخاڵەکانی بروسکەکە خۆتان بۆ هەموو ئەگەرێك ئامادەبکەن،بانگەواز بۆخەلك بکەن بچنە دەرەوەی شار وریگرییان لێ نەکرێ، پارێزگاری لەکتێبخانەی شارەکە بکەن،هەولێ دەست بەسەرداگرتنی بەڵگەو دیکۆمێنتی موخابەرات وئیستخبارات بدرێ....یەك دوو خاڵی تریش گەر هەڵەنەبم دەربارەی بانکی شارەکەو دانەوەی پارەی خەڵك بەپسولەو بەڵگەوە ئەوی تریش مولکی شۆڕشە.
ڕۆژی ١٦ی ئادار واتە یەك رۆژ دوای ئازاد کردنی هەڵەبجە خەبەرە ناخۆشەکە وەرگیرا ئەویش بۆردومانکردنی شارەکە بوو بە تێکەڵەیەك لەچەندین جۆر گازی کوشندە، سەرەتا هەواڵەکان وایان دەگەیاند کەنزیکەی ١٠هەزار کەس لەکوژراو بریندار هەیە، بەڵام ئێمە جەختمان لێدەکردنەوە کە ژمارەیەکی وردو تەواومان دەوێت لەبەر کاری رۆژنامەوانی، دوا ئامار ٥ هەزار کەس لەمنداڵ و ژن، پیرو گەنجی ئەوشارە کوژران وبریندار بوون، ئەم کارەساتە بووە هۆی لێك دابرانی خێزان ودایك ومناڵ وباوك لەیەکتری بەهۆی ئەوەی ئێرانییەکان لەسەر سنوور نزیك بوون، دەستەی رۆژنامەوانیان نارد بۆ وێنە گرتنی ئەم کارەساتە دواتر رێگەیان بە رۆژنامەنوسی بێگانەدا بچنە هەڵەبجەوە، وێنەی چەندین تابلۆی

کارەساتەکەیان گرتبوو، رادیۆو تەلەفزیۆنە ئەوروپیەکان وێنەکانی بڵاوکردبوەوە تەنها کەناڵیك کەدەنگی لێوە نەهات نەتەوە یەکگرتوەکان و هەندێك وڵاتانی بلۆکی رۆژهەڵاتی بوون، دواتر هەڵەبجە بووە ناسنامەیەکی نیشتیمانی بۆ کورد لە ئەوروپا، لەوکاتەدا بیرم لەوەئەکردەوە تۆبلێی رۆژیك بێتە پێشەوە تاوانباران دادگایی بکرێن؟ وەك نازیەکانی ئەڵمانیاکە تاوانی دژی مرۆڤایەتیان دەرحەق جولەکە ئەنجام دابوو؟ ئێستا جولەکە کەتووانی (عقدة الذنب) لای ئەلمانەکان درووست بکات و سوودی بۆ گەلەکەیان هەبێ تۆ بلێی سەرکردایەتی کوردیش بەوجۆرە بیرنەکاتەوە؟!

رۆژی ١٧/ی ئاداری ١٩٨٨ بەکردەیی کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لەناوچەکانی سنووری سەرکردایەتی لەدۆڵی جافەتی دەستی پێکرد بەرەو سنوورەکان، رۆژی ١٨ی ئادار رژێمی بەعس پاش تۆپ باران وکاتیوشا باران و بۆردومانی فرۆکە لەهەموقۆلەکان هێرشیان کردبوو بەڵام کەس وەڵامی یەك فیشەکی نەدابوونەوە سەرەتا ئەمەیان بە تەڵەو داویان دانابوو، چونکە لەچەند شوێنێك بەم رێگەیە داخ کرابوون، ئەنجام هەرکە ئەزانن وایە ئێوارەکەی لەتەلەفزیۆن و رادیۆکانیانەوە بەلاغی ژماری ٣٠٨٧ یان دەرکرد و کردیان بەهەڵڵا کە سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانیان گرتووەو فەرماندەی هێزەکانی جەلال تاڵەبانی گیراوە ئەمەش بۆ روخاندنی ورەی کەسوکاری پێشمەرگە و لایەنگرانی یەکێتی بوو، ئەوەی گیرا بوو کابرایەکی بیر کۆنی خەڵکی سەرگەڵوو بوو. لەگەڵ کشانەوەی سەرجەم هێزەکان کاك سەرکەوت و کاك خالید گەیشتنە سەقز. لەبەرامبەردا رۆژی ١٩٨٨/٣/١٩ مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە بەڕەسمی ئیعلانی کشانەوەی رێکوپێکی هێزەکانمانی کردبوو بۆ سەر سنوورو دیارکردنی زیانەکانی دووژمن کوژرانی زیاتر لە ١١ هەزار سەرباز و ئەفسەر و پلەداری سوپای عێراق و چەکداری رژێم و هێزەکانی گاردی کۆماری و قوات خاسەو مغاویر بوو کە لاشەکانیان هەمووی لەمەیدانی شەڕەکان

جێمابوو، هەروەها تێکشکاندنی چەند تانك و زرێپۆش و ئۆتۆمبێل و چەندین تۆپ و هاوەن، لەبەلاغەکەی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق ئەم هێرش و پەلامارە دواتر ناونرا بەئەنفالی١. زیانی (هـ.پ.ك) لەو هێرش و پەلامارانەدا بەشەهیدو بریندارەوە لە پێنج سەد پێشمەرگە تێپەڕی نەدەکرد. لە٢٩ی ئاداری ١٩٨٨ بەمەرسومێکی کۆماری عەلی حەسەن مەجیدی ئامۆزای سەدام هەموو دەسەڵاتێکی پێ بەخشرا بۆ قڕکردنی کورد لەسەر زێدی باوباپیرانی و بەردەوام بوو لەسەرکردەوە سەربازییەکانی لە ٢ی نیسانی ١٩٨٨ بەلاغی ژمارە ٣١٠٩ی بلاوکردەوە، کەناوچەکانی قەراغ و سەنگاوی گرتووەو ناوی لێنرا ئەنفالی ٢ پاش کشانەوەی هێزەکانمان بۆ ناوچەی شاناخسێ رۆژی ٢٢یا ٢٣ی ئادار دیسان دووژمن بە هۆی فرۆکە جەنگیە پێشکەوتوەکانی پەلامارێکی کیمیاوی تری هێزی پێشمەرگەی دا لەو ناوچەیە بوو بە هۆی شەهید بوون و بریندار بوونی دەیان پێشمەرگە و هاوڵاتی، بریندارەکان بەهۆی ئێرانییەکانەوە نێردران بۆ نەخۆشخانەکانی تاران و ئەسفهان و تەورێز و شوێنەکانی تر. پاش پشوودانێکی کورتی، هێزەکانمان لەسەر سنوور رێکخرانەوەو کەوتنە ناردنەوەی هەندێك لەو هێزانە بەرەو مەڵبەندی ٣و٤ بۆ بەرەنگاربونەوەیەکی تر لەگەڵ رژێم لەسەر سنوورەکان بارەگامان دانا بۆ نموونە ئێمە کەوتینە قاسمەڕەش.لەو کاتەدا ئەنفالی سنوورەکانی مەڵبەندی ٢ لەگوپتەپەو عەسکەرو ناوچەکانی دەشتی کۆیەو قەڵاسێوکە شێخ بزێنی دەستی پێکرد بەهۆی سەرمەستیان لەسەرکەوتنەکانی پێشویان. شەڕەکانی سنووری مەڵبەندی ٣و٤ هێشتا دەستی پێنەکردبوو کاك ملازم عومەر وەك ئەندامی (م.س) و لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری بەرەومەڵبەندی ٣ بەرێکەوتن و وەك عەدەد بێتەل پەرۆش موحەرەم و نوزادی موهوندیس و ئامانج و چەند ئەندامیکی سەرکردایەتی و (م س)لەوێ بوون بۆ سەرپەرشتی شەڕەکانی ئەو قۆلە بەڕاستی شەڕی بێ وێنەو قارەمانییەتی

بێ هاوتا لەو سنووره تۆمار کرا لەبزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلەکەمان سەرەڕای بێ ئیمکانییەتی و بەهێزی سوپای عێراق بەچەکی مۆدێرنی جۆراجۆر پەلاماری هێزی پێشمەرگەی ئەدا، دواتر ئەمەش ناونرا بەئەنفالێك، لەئەنجامی شالآوەکانی ئەنفال زیاتر لە١٨٢ هەزار گەنج وپیرو ژن ومناڵ تیاچوون و بێ سەروشوێن کران تائێستاش هیچ ئاسەوارێکییان نییە، زۆرێك لە دۆست و پێشمەرگە وخزم و کەسوکاری پێشمەرگە تیاچوون لەوانە هاوسەر و دوو منالّی کاك یەحیای عەدەد بێتەلی لای خۆمان لەگەڵ کەسوکاری هاوسەرەکەی، عەدەد بێتەل عەبدولآ عەبدلواحید عەدەد بێتەلی کاك کۆسرەت لەشەدەڵە بەهەلە کەوتە ناو هێزەکانی دوژمن و بێسەرو شوێن کراو خالّی خێزانەکەم بەناوی بایز حمد امین کەکادیری مەڵبەندی دوو بوو لەگەڵ ٥٥٠ کەس لەسنووری شێخ بزێنی هەر وەك مهابادی خێزانی بۆی باسکردم تیاچوون، پاش راپەڕین.لەبارەگای سکرتاریەت کوڕێکی هەرزەکارم دی بەناوی تەیمور عەبدولآ باسی ئەوەی بۆکردم چۆن لەمردن رزگاری بووە، چەندین سەرگوشتەی ناو سجنەکانی نوگرەسەلمان باس دەکرا، ئایا رۆژێك لە رۆژان ئەوانەی لە وتاوانە بەشداربوون ئەبێ دادگایی بکرێن چی بەمرۆڤایەتی و گەلەکەمان و دونیا ئەلێن؟!....

**ڕۆژژمێری ئەنفالەکان:**

* ئەنفالی ١ لە ٢٢/٢٣ی شووبات تاکو ١٩/ی ئادار ناوچەکانی دۆڵی جافەتی و سەرکردایەتی.

* ئەنفالی ٢ لە ٢٢/ی ئادار تاکو ١/ی نیسان ناوچەکانی قەراخ و بازیان و دەربەندی خان و گرتەوە.

* ئەنفالی ٣ لە ١/ی نیسان تاکو ٢٠/ی نیسان ناوچەکانی گەرمیان (کفری،کەلار، خورماتو چەمچەمال، قادر کرەم)ی گرتەوە

* ئەنفالی ٤ لە ٣/ی ئایار تاکو ٨/ی ئایار ناوچەکانی شوان، شیخ بزێنی، دەشتی کۆیە، قەڵاسیوکە تەق تەق گۆپتەپەو عەسکەرو چەمی رەزانی گرتەوە.

* ئەنفالی ٥ و٦ و٧ لە ١٥ی ئایار تاکو ٢٦/ی ئاب سماقولیەکان، بالیسان، شەقڵاوە خەلیفان

* ئەنفالی ٨ کە بۆ ناوچەکانی بادینانی وەك دهۆك، زاخۆ، ئامیدی تاکو سنووری تورکیا بوو.

هەر لە شاناخسیٚ نزیکترین هاوڕێم کاروان تۆفیق عەدەد بێتەلی م٢ هەموو لەشی بە چەکی کیمیاوی سوتابوو- زۆرجار پێماندەوت (شەهیدی زیندوو) کەدواتر بووە یەکێك لەشایەتحاڵەکان لەکاتی دادگاییکردنی عەلی حەسەن مەجید و تاوانبارکردنی بازرگانێکی هۆڵەندی بەناوی فرانس ڤان ئانرات، بەداخەوە یەك دوو سالٚ بەرلەئێستا بەهۆی کاریگەری کیمیاییەکە جەڵتەی مێشك لێیداو گیانی سپارد.

* بیرەوەریەکانی خۆم کەلە نووسیی بومەوە لە رۆژ ژمێرەکانی کاتی پیشمەرگایەتیم.

* سودم لەکتێبی خولانەوە لەبازنەیەکدا کاك نەوشیروان مستەفا بۆ ژمارەی بەلاغەکان وەرگرتووە

* گازی ئەعساب ئەو گازەیە کە مرۆڤ تووشی (هلوسە – وڕێنە) و کوێری کاتی دەکات وەك پێشمەرگە زۆربەمان ماسك و جلی دژی کیمیاویمان پێ بوو کە لە دەرەوەوە بۆمان هاتبوو، ئەمپولی دژی گازی ئەعسابی تێدابوو لەگەڵ دەرزی ئەترۆپین و بۆدرەیەك دژی گازی خەردەل.

* م.ع واتە مەکتەبی عەسکەری، م س واتە مەکتەبی سیاسی

* عەلی لەفتە قاچاخچی چەکی دەکرد لەسنوورەکانی یەکێتی کابرایەکی زۆر کەتەو زل بوو لەناو بەفردا لە کورکور رەق بۆوە.

* بۆڕاستکردنەوەی ژمارەی مالەکانی گوندی هەڵەدن سودم لەزانیارییەکانی مامۆستا عوسمان حسێن وەرگرت چونکە سالانێك لە گوندەکانی دۆڵی جافەتی مامۆستای شۆڕش بووە.

## دەستگیرکردنی چەند پسپۆڕێکی سۆڤیەتی و ڕۆلی بێتەل

سالْی ١٩٨٦ بوو تیپەکانی ٨٦ و٨٧ توانیبوویان چوار ئەندازیاری پسپۆر لەکاروباری سەربازی کە بۆ عێراق کاریان دەکرد دەستگیر بکەن و بەسەلامەتی بیانگەیەننە سەرکردایەتی، بەمەش گێژاوەیەکی ئیعلامی دروست ببیْ بۆ باسکردنی شۆڕشی کوردستان لە دەنگوباسی رادیۆ جیهانیەکانەوە.وەکو پێشتر باسم لە پەیوەندی ئارەزوومەندەکان کردو ئامازەم بەوەدا، کە پەیوەندیم کردووە بە وێستگە روسیەکان کە یەکجار زۆر بوون لەسەر ئەوهێلانە، بەڕێز (مام جەلال) ئاگاداری کردم هەولْبدەم وێستگەیەکی رووسی بدۆزمەوەو پەیوەندی لەگەلْ بکەم بەتایبەت لە مۆسکۆی پایتەخت، چونکە پسپۆرەکان بۆ سبەینیْ لای بەرێزیان داوەت بوون، ئەو رۆژە زۆر گەڕام بەناو شەپۆلەکاندا مۆسکوم دەستنەکەوت، بەلاْم وێستگەیەکی ئۆکرانیم دۆزیەوەو ئاگادارم کرد کە چەند پسپۆرو ئەندازیاری رووسی کە بۆ عێراق کاری سەربازیان ئەنجام داوە لامانن و میوانی ئێمەن (یەکیتی نیشتمانی کوردستان) لەسالْی١٩٧٦وە دژی رژێمی عێراق شەڕی پارتیزانانەمان هەیەو ناوچەیەکی فراوانی ئازادکراومان هەیە، ئەوانە هاتونەتە سنورەکانی کاری پێشمەرگە بۆیە گرتوومانن، سەرەتا هەر دەیوت خەلْکی وامان نییە کاری سەربازی بۆ عێراق بکات، منیش هەردەموت: نا گیراون و لای ئێمەن، دواتر وتم: گوێبگرە با ناوو ناونشانەکانیان و ژمارەی تەلەفونی مۆسکویانت بەدەمیْ تا دلْنیا دەبێت کەوایە، لێی وەرگرتم لەهەمان کاتدا دەشمزانی کە رەنگبیْ سەر بە (K.G.B) بن لەژێر پەردەی ئارەزوومەند کاربکەن، ئاگادارم کرد، بەلْکو وابکەی. وێستگەیەکی مۆسکۆییم بۆ بدۆزیتەوەو بهێنێتە سەر خەت بۆ ئەوەی هەمان زانیاری پیْ بگەیەنم گەرنا خۆت ئەو کارەم بۆ بکە، شەپۆلێکمان دەستنیشان کرد، کاتیشمان دیاریکرد کە بۆ رۆژی دواتر بێتەوە پەیوەندیم پێوەبکاتەوە /رەزامەندبوو. منیش ئاگاداری بەڕێز مام جەلالم کردەوە جەنابیشی بروسکەیەکی کرد بۆ کاك حەمەتۆفیق و کاك یوسف زۆزانی کە یوگسلاڤی دەزانی

و دەیتوانی لێیان تێبگات، رۆژی دواتر هەمان وێستگەی ئۆکرانی لەسەر شەپۆلەکەو لەکاتە دیاری کراوەکە بانگی دەکردم بەو کۆدەی هەمبوو yi4krd منیش وەڵامم دایەوە، وتی ئێستا وێستگەیەکی رووسی قسەت لەگەڵ دەکات هەواڵەکە بدە بەویش، منیش ئەندازیارەکان و کاکە حەمەو کاك یوسفم لای خۆم دانابوو کە دەستم بەقسەکرد لەگەڵی وتم ئێستا لێپرسراوێکی خۆمان خەبەرەکەت پێ دەڵێت و ئەندازیارەکانیش لێرەن دەتوانی خۆت قسەیان لەگەڵ بکەیت، کاکە حەمە قسەی لەگەڵ کردو هەواڵەکەی دایەو دواتر ئەندازیارەکان قسەیان لەگەڵ کرد بەزمانی رووسی ساغ، سەلامەتی خۆیان بۆ خیزانەکانیان نارد، دواتر ئاگادارم کردەوە کە بۆ سبەینێ لێپرسراوێکی حکومی خۆتان بهێنە سەرهێڵ تاکو ئەو لێپرسراوەی ئێمە قسەی لەگەڵ بکات لەڕێگەی ئەم بێتەلەوە، لەبەرئەوەی نە تەلەفونمان هەیە و نەتلیکس، چونکە ئەو داوای کرد بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ کاکە حەمە بکات، رۆژی دواتر لەهەمان کات و شوێن چاوەڕوانم بوو، کاکە حەمە قسەی لەگەڵ کرد کابرا وتی: چیتان دەوێ.. چیتان بۆبکەین.. پارەتان دەوێ.. چۆن ئەوانە وەربگرینەوە.. چ کارێکتان لەدەرەوە بۆ بکەین؟، کاکە حەمە وەڵامی هەموو ئەمانەی دایەوەو تێیگەیاندن کە ئێمە شۆڕشیکمان هەیە لە کوردستان وابکەن دەست لەیارمەتی رژێمی سەدام هەڵبگرن وچیتر پسپۆرەکانتان با نەیەنە عێراقەوەو لەمەودوا هەرکەسێکتان هەست پێ بکەین کاری سەربازیی بۆ عێراق ئەنجام دەدات ئاوا دەیانگرین، بەڵام ئەمجارە ئەوانەشتان بۆ بەرئەدەین، زۆر سۆپاسی یەکیتی و کاکە حەمەی کرد، دواتر لەڕێگای کارێزەوەو، بەهۆی حیزبی دیموکراتی کورستانی ئێرانەوە رەوانە کرانەوە، پێموابوو کونسوڵی رووسی لەبەغدا هاتبوو بۆ سلێمانی بۆ وەرگرتنەوەیان کاکە حەمە ئاگاداری کردن نەوەك بەعس پیلانێك دانێ و بیانکوژێت و ئێمە تاوانبار بکرێین، هەر دوای ئەوەش وەك جەنابی مام ئاگاداری کردمەوە بەهۆی ئەو بێتەلەی منەوە د. کەمال فۆئادیان بەفەرمی بانگهیشتی مۆسکۆ کردووە، بۆیە وتی: بەردەوام بە لەسەری و هانی زیاتری دام.

## خۆ ئامادەکردنی بێتەلەکان بۆ راپەڕین

هەموو خەڵکی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و تەنانەت سەرتاسەری جیهان چاوەروانی رۆژێکی وەك ٢ی ئابی ١٩٩٠یان نەدەکرد، دوای ساڵانێکی دوورو درێژی جەنگ لەگەڵ ئێران بەسیناریۆیەکی بەعسیانە بە فەرمانی سەدام کوێت داگیربکرێ و سەرجەم هاوکێشە سیاسی و سەربازیەکانی ناوچەکە بگۆڕێ و پێشێلی یاسا نێودەوڵەتیەکان بکرێت، لەو رۆژەدا ئاسۆیەکی نوێ بەڕووی بزاڤی رزگاری خوازی کورد و سەرجەم هێزە بەرهەڵستکارەکانی عێراق کرایەوە وەکو سەرکردایەتی سیاسی)ی.ن.ك(ئاسۆیەك هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە جارێکی تر بگەڕێنەوە سەرخاکی نیشتیمان بۆیە سەرکردایەتی ی ن ك چەند ئەگەرێکی خستە پێش چاوی خۆی و چەندین خولی راهینان بۆ هێزی پێشمەرگە سازدرا و هەوڵدرا هێزە پارتیزانەکانی ناوەوە زیاتر بکرێت و چەند مەفرەیەك پێکهێنران بۆ شوێنی نوێ و گۆڕینی مفرەزە ماندوەکانی تر.

لە راپەڕین دا ئاسۆیەکی نوێ بەرووی کوردا زیندوو بوویەوە پاش هەشتا ساڵ داگیرکاری خاکی کوردستان و نەهامەتی و کاولکاریی وکوشت و بڕو دەربەدەری، هەموو شارو شارۆچکە و لادێکانی کوردستان دەستەملانێی ئازادی بنەوەو بەکورە پێشمەرگەو گیانی شەهیدەکانیان شادبنەوە، دایکی شەهید سەرپۆشی رەشی فرێ داو بەهەڵهەڵە چەکی کوڕەکەی کردە شان بۆ تۆڵە سەندنەوە لە بەعسیە داگیرکارەکانی خاك و وڵات.

پێش ئەوەی بچمە ناو باسەکەمەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم: ئێمە چەند هەڤاڵێك لە بەشی بێتەل لای جەنابی مام جەلال و ماوەیەك خۆم لای کاك نەوشیروان کاری بێتەلیم کردووە بەتایبەت کاتی ئەنفالەکان و دەرچونمان لە بەرگەڵو بەرەو گۆمەزەل و دواتر بەرەو سەقز بەحوکمی ئەوەی مام بۆ گەشتێکی دبلۆماسی

لەدەرەوەی وڵات بوو، کارە سەربازی و سیاسیەکان زیاتر رووبەڕووی جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەو جێگری سکرتێری گشتی (ی. ن. ك) ببۆوە، ئەوەش بەهاوکاری ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و عەسکەری و فەرماندە سەربازیەکان کە فەرماندەی بەرەکانی شەڕەکەبوون، هەروەها فەرماندەی تیپ و کەرتەکانی هێزی پێشمەرگەش.

پرۆسەی ئەنفال سەرەتا ناوی نەبوو، دواتر ناونرا ئەنفال، دوای لێدانی قافلەیەکی سەربازی سوپای داگیرکەر لەسەرجادەی سلێمانی –دوکان و کوژرانی چەند سەربازێك و دەستگیرکردنی ئەفسەریك و دەرباز بوونی هەردوو فەرماندەی فەیلەقی یەك و پێنج و گیرانی نەخشەو پلانی شەڕەکەو قۆڵەکانی هێرش و پەلامارەکانیان و هێنانی ئەو بەڵگە سەربازیانە بۆ لای کاك نەوشیروان، زانرا کە بەرنامەی لێدانەکەو بۆسەی پێشمەرگەکان بەهۆی خۆفرۆشێکەوە ئاشکرا کرابووو. پرۆسەی شەڕی ئەنفال لەشەوی ٢٢/٢١ ی ١٩٨٨ بە بۆمبابارانی کیمیاوی هەندێك ناوچەکانی دۆڵی جافەتی و بۆمبارانی توندی سەرجەم ناوچەکەو دەستپێکردنی هێرش و پەلامارەکان لەسەرجەم بەرەکاندا، بەرەنگاری و قارەمانیەتیەکی بیٚ وێنە و پەرپەچ دانەوەی هێرشە سەرەتاییەکانیان درایەوەو تەرازووی هێزیش بەجۆرێك بوو کە نزیکەی ٢٥٠٠ پێشمەرگە بەرانبەر سەدان هەزار سەربازو جاش و هێزی تایبەت و کۆماندۆ لەباشترین هێزەکانی سوپای عێراق، سەرەرای دەیان تانگ وزریٚ پۆش و سەدان کەتیبەی تۆپی ١٥٥ملم ١٣٠ملم ١٧٥ ملم و ١٢٠ ملم دەیان کەتیبەی هاوەناتی٨٢ملم و٨١ ملم و٦٠ملم بەبەرۆکی سەربازو ئەفسەرەکانەوە بووە بۆ هێرش کردن بەپشتیوانی هێزی ئاسمانی.

(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دەستپێشخەری پێکهێنانی بەرەی کوردستانی بووچونکە تاکە هێزی سیاسی چەکدار بوو بارەگای سەرکردایەتی و مەکتەبی

سیاسیەکەی تەنها ٣٠ تا ٣٥ کم لە سلێمانیەوە دووربێ، دەتوانم بڵێم گەورەترین تەحەدای سەربازیی بوو بۆ فەرماندەیی گشتی هێزەکانی سوپای عێراق، لایەنەکانیتر بارەگاکانیان لەسەر سنورەکان بوو، بۆ مێژوو تۆماری دەکەم لەگەرمەی ئەو شەڕانە رژێمی عێراق نامەی ئاراستەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی کردبوو بۆ گفتوگۆ مەرجیش بەشداری (ی.ن.ك) بوو، چونکە گەورەترین هێزی سەربازی بوو لەگۆرەپانەکە، بەڵام ئەو نامەیە لەسەرکردایەتی (ی.ن.ك) شاردرابۆوە پێینەگەیشتبوو، دواتر دەرکەوت بەفەرمانی کێ ئەونامەیە نەگەیشتۆتە سەرکردایەتی (ی.ن.ك)، ناڵێم پرۆسەی ئەنفال رووی نەدەدا بەڵکو دوا دەخرا، چونکە سەرکردایەتی سوپای عێراق رووبەڕوی شکستێکی گەورە ببۆوە دەیویست سود لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن. ك) وەرگرێ وەك هێڵێکی بەرگری بۆ پاراستنی سلێمانی و بەنداوی دوکان. بەشانازیەوە باسی دەکەم عەدەد بێتەلەکانمان دەتوانم بڵێم سەردەمانێك سندوقی رەشی شۆڕش بوون، کەمترین کەسی تەسلیم بوونەوەو هیچ خیانەتێکیشیان لێ نەبینرا.

دوای نزیکەی مانگێك لەشەڕو پێکادان لەشەوی ١٨/١٧ بڕیاری کشانەوە درا کە پێشتر بەرنامەی بۆ دانرابوو جێبەجێ کراو زۆربەی هێزەکان بەبەرنامەیەکی رێکوپێك گەیشتنە سەر سنورەکان، بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی ئاماری شەهید و بریندارەکانی تیدا ئاشکرا کراو و لەگەڵ ئەوەش رژێمی رەفتار فاشی بەعس لە شاناخسێ بۆردومانی هێزە کشاوەکانی کرد و دەیان تێکۆشەر بەر چەکی کیمیاوی کەوتن و هەندێکیان شەهید بوو.

بێگومان دوای کشانەوە و جێگیربون لەسەرسنورەکان هێزی پێشمەرگە پێویستی بەوەبوو رێکبخرێتەوە بڕیاردرا لە تیپەوە ببێ بەتالیۆن و چەند بەتالیۆنێك پێکهێنران، دەتوانم بڵێم بێ ئومێدیەك لەناو هێزی پێشمەرگە بڵاو بووبووەوە، ئەوانەی خێزانیان لەگەڵ بوو لە ئۆردوگاکان و شارەکانی سەردەشت و سەقزو بانەو نەغەدە و سنە و کانی دینار، جێگیربوون و هەندێکیش بێهیوایی

زیاتر بوو روویان لەهەندەران کرد، ئێمەش وەك بەشی بێتەل لە قاسمەڕەش کۆبونەوەیەکمان بەسەرپەرشتی کاك نەوشیروان و بەڕیز ملازم عومەر سازدا دووبارە عەدەد بێتەلەکانمان بەسەر بەتالیۆنەکان دا دابەش کرانەوە و هەندێك لەو بێتەلە راکالانەی کە زیادەبوون لەڕێگەی کاك بەختیارەوە درابوون بە قادر خەبات بۆ کاتی پێویست هەڵگیرێن.

یەکەم کاری سەرکردایەتی (ی. ن. ك) پاش کشانەوە ئەوەبوو هێزی پارتیزانی دروست بکات و بیانێرێتەوە ناو خاکی کوردستان لەگەرمیان چەند تێکۆشەرێکی وەك عوسمانی حاجی مەحمود و شەهید حەمە رەش و عدنانی حەمەی میناو مەحمود سەنگاوی و کۆردو قاسم و کاك سوهاد و چەندین تیکۆشەرو فەرماندەی تر لەگەڵیان بەبێتەلێکی ڕاکاڵەوە کە کاك حەمە رەحیم بەڕێوەی دەبرد مابوونەوە بەڵام ناچاری وای کرد زۆربەیان فێری بەکارهێنان و بەگەرخستنی بێتەلەکە بن، هەوڵدرا لەگەڵ رێکخستنەکانی شار هەماهەنگیان بۆ بکرێ. سەرەتا مەفرەزەی پارتیزانی رەتڵی سورداش بە سەرپەرشتی شەهیدی فەرماندە غەریب هەڵەدنی و بێتەلێکی ڕاکاڵ و فەرماندەی نەمر عوسمان گێچەنەیی راهێنراو لەوێوە پەیوەندییان پێوە دەکردین و لە دەشتی هەولێریش مەفرەزەیەکی پارتیزانی مابوونەوە بەسەرپەرشتی شەهیدی فەرماندە رێباز و عەدەد بێتەلی غەوسە جەلال، هەروەها مفرەزەیەکی پارتیزانی لە دەڤەری کەرکوك مابونەوە بە سەرپەرشتی سیروانی کوێخا نەجم و مستەفا چالاوی ومەلافەرمان و چەند پێشمەرگەیەك بەبێتەلێکەوە، ئەوانیش لەبەرباری ناهەمواری ناوچەکە دوای ماوەیەك گەیشتنەوە سەرکردایەتی، دواتر لەلایەن سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی بەرنامە دانرا بۆ گۆڕینی مەفرەزەکان سەرەتا لە رەتڵی سورداشەوە دەست پێکراو ئەمجارەیان مەلا بەهادین وەك بێتەل لەگەڵیان چووە خوارەوە، هەوڵدرا مەفرەزەیەك بنێردرێتەوە گەرمیان، بەڵام کە گەیشتن تووشی کارەساتێك بوون و ئازادی سەرگرمە فەرماندەی ت/٥٧ چەند پارتیزانێکی تریش بە سەختی بریندار بوون، بەداخەوە شێرکۆ جددی تیکۆشەر و هەڵکەوتی ئەندازیار شەهید بوون.

لایەنـە سیاسـیەکانی سـەر گۆڕەپـانی خـەبات دوای پرۆسـەی ئـەنفال زیـاتر هــەوڵیان دا بــەرەی کوردســتانی بخەنــە بــواری جێبــەجێ کردنــەوەو چــەند کۆبونەوەیەك لە نێوان لایەنە سیاسیەکان ئەنجامدرا، بەرەبەرە بەرنامـەو پـەیڕەوی نـاخۆی بـەرەی کوردسـتانی بـەرەو پـێش دەچـوو، تـا ڕۆژی ئاشـکرا کردنـی ڕێکەوتنەکە و دامودەزگاکان خرانە بواری جێبـەجێ کردنـەوە، مەکتـەبی تـەنفیزی بـەرەی کوردسـتانی بـە کـاك جـەبار فـەرمان سـپێردراو چـەند عـەدەد بێتـەلێکمان یەکتریان دەگۆڕی لەوانە نەهرۆ جەلال شێرە شەهید رابـەر فەتاح و مـەلا بـەهادین، دەزگـای راگەیانـدنی بـەرە چـەند تێکۆشـەرێکی سـەرجەم لایەنـەکان کاریـان تێـدا دەکرد.

ئەوکات و سەردەمە جەنابی مام جەلال لەدەرەوەی وڵات لە گەشتێکی سیاسـی دبلۆماسی بوو، دوای بەرزبونەوەی دەنگی نارەزایـەتی نێودەوڵـەتی دژ بەسـەدام و کارە سەربازیەکەی کوێت،

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵـەتی یەکـەم بڕیاری دەرکرد ئـەویش کشانەوەی بێ مەرجی سوپای عێراق بوو لە کوێت، بەڵام سـەدام ملی نـەدا و کەلـەرەقی نواند بەرانبەر ئەو بڕیارەو چەند مەرجێکی خستەڕوو. دەوڵەتانی زلهێز بەسەرکردایەتی ئـەمریکا بـەنیازی پێکهێنـانی هێزێکی نیودەوڵـەتی بوون بۆ دەرپەڕاندنی سـەدام لـەکوێت بـە زەبـری هێـز، وردە وردە دەوڵـەتان دڕدۆنـگ بـوون لەسـەدام و دژی دەوەسـتانەوە، وا پـێ دەچـوو خـۆری سـەدام و دەسـەڵاتەکەی بـەرەو ئـاوا بـوون بچێت، بۆیـە سـەرەتا مـام جـەلال لـە ڕێگـەی بێتـەلی (شـام)مانەوە بروسـکەیەکی ئاراستەی م. س و کاك نەوشیروان کرد کە ئێمە وەك هێزێکی سیاسی و سـەربازی پێویستە خۆمان ئامادەبکەین بۆ هەموو ئەگەرەکان و جەنابی رەوانشاد نەوشیروان مسـتەفای راسـپارد بـۆ ڕێکخسـتنەوەی هێـزی پێشـمەرگە بـۆ ئـەو بارودۆخـەی دێتـەپێش، بۆ مێـژووش دەڵـێم هەرچـەندە بروسکەکەو ژمارەکـەیم لانـەماوە بـەڵام چاك لەیادمـە زۆرجـار وەڵامـی بروسـکەکانی کـاك نەوشیروان کـورت پوخـت بـوون

لەبروسکەیەکدا وا وەڵامی جەنابی مامی دایەوە: "ئەوەی بەمن بکرێ و لەتوانادا هەبێ دڵنیاتان دەکەم کە وەکو ئەرکێکی سەرشانم جێبەجێ دەکەم "،دواتر چەند پێشهاتێك هاتنەپێش کە لێرەدا ناچمە ناوقوڵایی ئەو بابەتەوە چونکە لەبیرەوەریەکی ترمدا تۆمارم کردوون.

ئەوەی بەلامەوە گرنگە لێرەدا بێخەمەڕوو" راپەڕین کارێکی سەرپێیی نەبوو، لەلایەن سەرکردایەتی (ی.ن.ك)و کاك نەوشیروانەوە بەرنامەیەکی تۆکمەی بۆ دارێژرا، لە بروسکەیەکی تردا کە دەقەکەیم لانەماوە نەرۆژو ژمارەکەی، بەڵام لەیادمە کاتێك هەندێك پێشکەوتن لە مەسەلەی لێدانی عێراق بەرەو پێشچوو بوو، جارێکی تر مام بروسکەیەکی شفرەکراوی تایبەت لەنێوان خۆی و کاك نەوشیروان ئەنجامدا شفرەکەی مام لای من بوو، جەخت لە کارەکانی خۆ ئامادەکردنی وڵاتان دەکاتەوە کە بەنیازن هێز کۆبکەنەوە، جەختی لەوە کردبووەوە کە بەدڵنیایی لە عێراق دەدرێ، کاك نەوشیروانیش دڵنیای دەکاتەوە لە جێبەجێ کردنی ئامادەکاریەکان، لەکۆتاییدا دەڵێت "ئەگەر پێویست بکات خۆشم دەچمە خوارەوە "، مامیش وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت "نامەوێ ژیانی خۆت بخەیتە مەترسیەوە"، بۆیە کاك نەوشیروان کاك خالید رەزا بەنهێنی دەنێرێتەوە شاری سلێمانی و سەرپەرشتی کارەکانی پێ راسپاردبوون، یەکێ لەوانە دروستکردنی شانە چەکدارەکانی (سرك)واتە سوپای رزگاری کورستان)، لەو پێشمەرگەو فەرماندانەی کە چوبونەوە ناو رژێم.

پێشهاتەکان زیاتر دەچوونە پیش، بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان زیاتر توند دەبوون لەسەر عێراق دوابڕیاریان کشانەوەی بێ مەرجی سوپای عێراق بوو لەکوێت.جەنابی مامیش زیاتر جەختی لەلێدانی عێراق دەکردەوە، لەوکاتە جەنابیان بروسکەیەکی کرد بۆ بەڕێز کاك نەوشیروان کە کاك پشکۆی ئەندازیاری ئێزگەی بۆ بنێرن بۆ شام و دواتر داوای منیشی کرد کە بچم بۆ شام وەك عەدەد بێتەل، بەڵام ئەو کاتە من پاسپۆرتم ئامادەنەبوو، بۆیە کاك ئاکۆی وەرشە

پاسپۆرتی ئامادەبوو بەبڕیاری کاك نەوشیروان ڕەوانەی شام کرا، پێشهاتەکان زیاتر بەرەو پێش چوون، بەندە بەبڕیاری هەردوو بەڕێز پەیوەندیەکی نهێنیم ئەنجام دەدا (لە بیرەوەریەکمدا بەدرێژی باسم کردووە) تا ڕاپەڕین بەردەوام بووین و چەند جارێك کاك بەختیار بەهۆی ئەو پەیوەندیەوە قسەی لەگەڵدا دەکردم، هەر بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە کاتی لێدانی گورزی ئاسمانی دەوڵەتانی هاوپەیمانم لە عێراق زانی و بە بەڕێز کاك نەوشیروانم ڕاگەیاند، پێشهاتەکان زیاتر دەچوونە پێش و هێرشی زەمینی نزیك بوو بکرێ و لە کۆتاییدا ئەنجامدرا هێزی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکانی بەرەی کوردستانی سازو ئامادە کرابوون گفتوگۆکان چڕبوونەوە لەنێوان لایەنەکانی بەرەی کوردستانی، بۆ بەرنامە ڕێژی بۆ ڕاپەڕین، چەند بەرنامەیەك دانرا ئەوەی پەیوەست بوو بە (ی. ن. ك) هەموی جێبەجی کرا، بەڵام برادەرانی پارتی هەرجارەی بەبیانوویەك خۆیان لەبەرنامەیە دزیەوە، مام جەلالیش لەدەرەوە پەیتا پەیتا جەختی لەوەدەکردەوە هەماهەنگی لەگەڵ کاك مەسعود و هەڤاڵانی پارتی بکەین، بەرنامە دابنرێ بۆ کاتی لێدانی عێراق و هەوڵی ئازادکردنی هەندێك شارو شارۆچکەدا بدرێت و ڕاپەڕینێکی جەماوەری سەرتاسەری بکرێ، سەرەتا کاك نەوشیروان بارەگای خۆی گواستەوە بۆ زەڵێ و بێتەلێکمان لەوێ دامەزراند و ئێزگە ٤١ مەتریەکەو چەند کادیرێکی تەکنیکی و وەك بیژەریش کاك باست حمەغەریب ئامادەکرا بوو، هێزەکانی (ی. ن. ك) هەموی لەحاڵەتی ئامادەباشی دابوو، وگەر هەڵنەبم پێش ئەو کارانە کاك نەوشیروان بە بەرنامەی(ی.ن.ك)ەوە سەردانی کاك مەسعودی کرد و ئەویش بە بیانوی خۆکۆکردنەوە و ئامادەکردن ماوەیەك ئەمڕۆ نا سبەی پێکردین، بەکورتیەکەی دەتوانم بڵێم سەرەتا زۆر لەگەڵ ڕاپەڕین نەبوون، بەڵام ئێمە بەفەرمانی کاك نەوشیروان و کاك بەختیار چەند ماوەیەك بەر لەراپەڕین کاك عەزیز بەگ ڕاسپێردرا و کاك کوردەی کوڕی هاتە لامان و ڕاهێنانی پێکرا لەسەر بەکارهێنانی بێتەلی ڕاکاڵ و بەندەش فێری شفرە بەکارهێنانم کرد و (کاك بەختیار ئەحمەد بەخەی گوزید) ڕاهێنانی پێکرد لەسەر چەند خەلەلێکی ئاسان

کە بتوانیٚ چاکی بکاتەوە، دواتر بەرێکەوتن بەرەو شاخی کێوە رەش و لە ئەشکەوتی کونەسە جێگیر بوون و هەر لەو ماوەیەدا نامە بۆ زۆربەی سەرۆك جاشەکان و مەفرەزە تایبەتەکان نێردرا، کە لەکاتی راپەڕین دژی جەماوەر نەوەستنەوەو بچنە پالٚ جەماوەر ئەگەرنا شۆڕش و گەل لێیان خۆش نابێت، بەپێی زانیاریەکانم زۆربەی فەرماندەی فەوجە سوکەکان و سەرۆك جاش و مفرەزە تایبەتیەکان وەلاٚمی ئەرێنییان هەبوو تا رۆژی ٥ی ئاداری ١٩٩١ کلٚپەو بلٚێسەی راپەڕین لەڕانیەوە سەری هەلٚداو و هێزی پێشمەرگە لەزۆربەی قۆلٚەکان بەڕیٚ کەوتبون بەرەو شوێنە دیاریکراوەکان بەفەرماندەیی هاوبەشی (ی ن ك و پ د ك) بەتایبەت بەرەو دەڤەری رانیەو بیتوین لەماوەیەکی کورت دا توانرا ناو شاری رانیە ئازاد بکریٚ و گەورەترین سەربازگە فیرقەی ٢٤ بوو، پاش بەرەنگاریەکی کەم خۆیان دا بدەن بەدەستەوەو سەدان ئەفسەرو سەرباز وەك دیلی جەنگ لای جەماوەرو هێزی پێشمەرگە بوو، و هەلٚمەت برا بەرەو شاخی هەیبەت سولٚتان و لەویٚ هەندێك لە مەفرەزە تایبەتەکانی رژێم بەرەنگاری هێزی پێشمەرگەو جەماوەری راپەریو بوونەوە و لەناو کۆیەش کلٚپەی راپەڕین جۆشی سەندبوو و پێشتر هێزی پێشمەرگە و فەرماندەکانی ناوچەکە گەیشتبوونە شوێنی دیاری خۆیان بۆ

بەهاناوەچوونی جەماوەری راپەریو و توانرا لە ٩ی ئادار شاری کۆیەش ئازاد بکریٚ و هەموو هێزەکان یەکیانگرتەوە و بەرەو هەولێری قەلاٚو منارە کەوتنەڕیٚ کە پێشتر بەسەرکردایەتی کاك کۆسرەت هێزو فەرماندەکانی بۆ دیاری کرابوو و فەرماندەیی چەندین تێکۆشەری وەك شەهید رێباز، شەهید فاقە مەحموری، سەفین مەلاقەرەو دەیان پێشمەرگەی قارەمان توانرا لە ١١ی ئادار هەولێری قەلاو منارە ئازاد بکریٚ، قۆلی مەسیف شەقلاوەش کە بە شەهید تەحسێن کاوانی سپێردرابوو توانرا ئازاد بکریٚ و لەولاشەوە بەسەرکردایەتی شەهید حەسەن کوێستانی توانرا بوو دەڤەری رەواندز و بالٚەکایەتی بەفەرماندەیی دەیان تێکۆشەری شەهید وەك ڕەحمان سەیدەو تێکۆشەرانی تریش ئازاد بکریٚ.

تا رزگارکردنی رانیە هێشتا کاك مەسعود لە ڕاژان بوو بەپێی ئەو بروسکانەی وەرماندەگرت هەر خەریکی خۆکۆکردنەوەو تەسفیەی حسابات بوو، چاوەڕوانی هاتنی بووین بۆ قاسمەرەش دوای رزگارکردنی رانیە، رۆژی ٦ی ئادار بۆ مێژوو دەڵێم بە پاترۆلێکی ئێرانی و چەند جێب وەسەتێك و هێزیك کاك مەسعود گەیشتە قاسمەرەش و بەسەر بارەگاکاندا دابەش کران و خزمەت دەکران لەلایەن ئیدارەی (م.س)وە.

سیستەمی پەیوەندیەکانی بێتەلی (ی. ن. ك) زۆر پێشکەوتو تربوو لەوەی پ د ك و لەشەڕەکانی کونەماسی بادینان بەهاوبەشی هێزەکانی (ی. ن. ك) لەبادینان دوو بێتەلی ڕاکاڵ و دوو موجەفیرەیان گرتبوو، بەڵام نەیاندەزانی بەکاریبهێنن تا بەندە بەفەرمانی کاك بەختیار بەکارهێنانی موجەفیرەکەو چۆنیەتی ڕێکخستنی وایەرەکانی ناوی و کۆد دانانم فێرکردن، یەکی لای ئەوان یەکێك لەوانەی خۆشمانم لەگەڵ ئەوەی ئەوان یەکخست، چونکە ئەگەر وایەرو کۆدەکان یەك نەبووایە نەماندەتوانی پێکەوە قسە بکەین.

هێزەکانی سنوری سەرکردایەتی کرا بەدوو رەتڵەوە: رەتڵی یەکەم: بەسەرکردایەتی کاك نەوشیروان وسەدان پێشمەرگەو فەرمانداەو کادیر و بێتەلێك کە کاك بەختیار مستەفاو کاك سەرکەوت محمد فەتاح ناسراو بەسەرکەوتە عەینەك لەگەڵ هێزەکان بوون. رەتڵی دووەمیش: دوای دوو سەعات من و خارە ئازاد بەبێتەلێکەوە بەڕیکەوتین بەرەو رانیەی دەروازەی ڕاپەڕین بەچەند کاتژمێرێك گەیشتینە رانیە، کاك نەوشیروان بارەگایەکی کاتی

لەماڵی سوارئاغا دانابوو کاك مەسعودیش ماڵی همزە ئاغا، دواتر ئێمە بارەگایەکی کاتیمان لەسەرووی رانیە دانا و پاشان بەفەرمانی کاك نەوشیروان گواستمانەوە مەسیف سەڵاحەدین تا هێرش و پەلامارەکانی بەعس دەستی پێکردەوە، ئەوەشم لەیاد نەچێ(١٤) ی ئادار دهۆك و سەرجەم دەڤەری بادینان بەسەرکردایەتی مامۆستا نازم و فەرماندەیی رەحمەتی لیوا خلیل دۆسکی دەیان تێکۆشەڕو فەرماندەی بادینان رزگار کران.

چەند کاتژمێرێك پێش داگیرکردنەوەی هەولێرو دەرباز بوونی خەڵکەکە بەرەو مەسیف و کۆڕێ جەنابی مام گەیشتە شەقلاوەو منیش بەفەرمانی کاك نەوشیروان لەگەڵ خارە ئازاد بەئۆتۆمبێلێکی لاندکروز وچەند بێتەلێکەوە پەیوەندیمان بە مام جەلالەوە کردەوە، ئەوەی جێی باسە کۆبونەوەیەکی فراوان لە شەقلاوە سازدرا بۆ دانانی بەرنامەیەکی بەرەنگاریی لەدەربەندی کۆڕێ بۆ رێگرتن لە گەیشتنی سوپای عێراق بۆ سەرو ناوچەکانی تر و بەرەنگارییەکی بێ وێنەکرا، ئەویش دەتوانم بڵێم هێزی بەرەنگاربوونەوە زۆربەی هێزەکانی ی ن ك و بەشێکی کەمی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بوو تا دەستپێکردنی گفتوگۆکانی ساڵی ١٩٩١ لە گەل رژێمی عێراق. ئێرانیەکانیش کەوتبوونە خۆیان و دەیانویست تۆڵە لە رژێمی عێراق بسێننەوە بەپێی زانیاریەکانم هاتن بۆ قاسمەرەش بۆ زانینی رای رەوانشاد نەوشیروان مستەفاو (ك. ك س – کۆمیتەی کاتی سەرکردایەتی) ئەوەش بابەتێکی ترە لە شوێنی خوی دا باسم کردووە، وەڵامی هەڤاڵانمان ئەوە بوو: ئێمە هیچ قسەیەك ناکەین تەنها خۆمان ئامادەدەکەین بۆ هەموو ئەگەرێك هێزی پێشمەرگە ئامادەدەکەین چەند داواکاریەکیان پێشکەش کردبون بۆ هەماهەنگی و هاوکاری وەڵامێکی ئەرێنییان هەبووە.

ویستم بەچەند سەرەقەڵەمێك باسی راپەڕین و پیشهاتەکانی راپەڕین بکەم بەڵام ناکرێ خۆت لەهەندێك راستی لابدەیت، راپەڕین تەنافێك نییە هەرچی بێت و بیەوێ جلە پیسەکانی خۆی پێوە هەڵواسێ و کارێکی سەرپێیی نەبوو ئامادەکاری باشی بۆ کرابوو.

– یەکەم هەواڵی سەرکەوتنی راپەڕینی رانیە لە ٣/٥/ ١٩٩١ لە ڕێگەی ئەو بێتەلەی ئامازەم پێداوە بە ئێمە گەیشت و لە ئێزگە ٤١ مەترییەکە و بەدەنگی زوڵاڵی هاوڕێی ئەزیزم باست حمە غەریب بەگوێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی پەخش کرد بە هاوبەشی لەگەڵ ئێزگە ٧٥ مەترییەکەی (ی. ن. ك). ئەوەی بەلامەوە گرنگە شانبەشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان عەدەد بێتەلەکانمان پێشوەختە بەسەر میحوەرەکان دا دابەشکرابوون:

بێتـەلی(م.س) کـاك بـەختیارو کـاك سـەرکەوت وخـارە ئـازاد وبەنـدە بـوین و لەقاسمـە رەش بێتـەلێکمان بـەجێ هێشـتبوو بـۆ کـاری پەیوەندییـەکان وبۆکـاری پێویست و جوانەمەرگ نوزاد حسیا ئەحمەد ناسراو بە نەوزادی مهندس بەڕێوەی دەبـرد وجوانەمـەرگ شـێرزاد مەغدیـد لەگـەڵ شـەهید خـەبات وچـەند بێتلەچیەك لەگەڵ کاك کۆسرەت ورەتڵی هەولێر دانرابوون.

**میحوەری رانیە پشدەر بیتوێن:**

بەسـەر پەرشـتی فەرمانـدەی سـەربازیی کـاك شـێردڵ حـەوێزی و فەرمانـدەیی کەمالی حاجی ئاغاو شەهید علی وەیس و محەمـەدی حاجی قادرو کاك محەمـەد وەتمان چەندین فەرماندەی تیپ و کەرت و لـەناو رانیـەش رێکخستنەکان و شـانە چەکدارەکان بەتایبـەت شـەهید علـی نـەبی و محەمـەدی کـاك هـەمزەو کـاك ئـاکۆی عـەباس ئاغـاو چـەندین فـەوجی چەکدار هاتبوونـە پـاڵ جـەماوەری راپـەڕیو، وەك بێتـەلیش مامۆسـتا خـدرو کـاك مسـتەفاو چـەندین عـەدەد بێتـەلی تـر وەك هونـەر مەولان و بەکر جەلال و عومەر زێوەیی کاری بێتەلیان دەکرد.

**- میحوەری هەولێر:**

بەسەرپەرشتی بەڕێز کاك کۆسرەت و شەهید عبدالرزاق و چەندین فەرماندەی عەسکەری وەك شەهید رێباز و شەهید فاقە مەخموری و شـەهید تەحسـین کـاوانی و سـەفین مەلاقـەرە و.....هتـد هـەموو ناوەکانیـانم بیر نایەتـەوە و چـەندین کـادیری سیاسی و فەرماندەی کەرت و مەفرەزەو پێشمەرگە وەك

عـەدەد بێتـەلیش شـەهید خـەبات (سـەلاح شـەریف) و جوانەمـەرگ شـێرزاد مەغدید یان لەگەڵ بوو. ئەوە بوو ١٩٩١/٣/١١ هەولێرو شەقلاوەو مەسیف و سەری رەش ئازادکرا، ئێمـە سـەرەتا لەرانیـە پاشـان بارەگامـان بـردە مەسـیف لەگـەڵ کـاك نەوشیروان.بەئاسـانی دەسـتمان بەهـەموو شـتێ دەگەیشـت لەسـەرو هەموویانـەوە

کەسوکارمان، هەروەها بارەگای کاك مەسعود ومەکتەبی سیاسی پارتی لەمەسیف دامەزرا، کۆشکەکەی سەدامیش لەسەری رەش بۆ جەنابی مام جەلال دانرابوو بۆ کاتی گەرانەوەی لەشامەوە.دەستەیەك پێشمەرگەی (ی.ن. ك) دەیانپاراست، لەوکاتەدا کێشەیەکی بچوك لەسەر کۆشکەکەی سەری رەش لەنێوان پێشمەرگەکانی ئێمەو پارتی روویدا،.بەڵام بەبروسکەیەکی کورتی کاك نەوشیروان حەکیمانە چارەسەر کرا، چونکە ئەو سەرپەرشتی رزگارکردنی کەرکوکی دەکرد لەگەڵ فەرماندەو سەرکردەکانی خۆمان " بۆ کاك مەسعود هەموو کوردستان موڵکی تۆیە" بۆیە دەڵێم حەکیمانە چونکە هیچ رووی نەدا، مام جەلالیش فەرموبوی من ناچمە شوێنی دکتاتۆرەکان و موراعاتی بارودۆخەکە کرا. لەکەرکوك چەندین تەن دیکۆمێنت و کەلوپەلی سەربازی و بێتەلی جۆراو رەوانەی لای ئێمە کرا لەمەسیف و شەوی رزگارکردنی کەرکوك زۆر بەداخەوە هەواڵی شەهید بوونی کادیری سەرکردایەتی و تێکۆشەر عبدالرزاق مان پێگەیشت.

**- میحوەری کۆیە تەق تەق:**

بەسەرپەرشتی مامۆستا چەتۆ حەوێزی و کاك رابەر سید برایم و فەرماندەیی جەلال ئیلنجاغی و ئاشتی سابیرو چەندین فەرماندەی تیپ و کەرت و چەندین کادیری سیاسی و ئیداری سەرەڕای مفرەزەیەکی پارتیزانی دوای رزگار کردنی شاری کۆیە، وەك عەدەد بێتەلیش کاك مەلا بەهادینیان لەگەڵ بوو، بەشانازیەوە دەتوانم بڵێم عەدەد بێتەلەکانی (ی.ن.ك) دڵسۆز و بوێرو زیرەك بەتوانا بوون لەکارەکانیان. بەنمونە ئەم بەسەرهاتە دەخەمە روو: وەك کاری خۆمان دەبوایە پرسیار بکەین هێزەکان گەیشتونەتە کوێ بەندە پرسیارم لە مەلا بەهادین کرد گەیشتنە کوێ و لەکوێن بێ سێ و دوو وەڵامی دامەوە وتی: "دوو فیشەك بنێ بە ئاسمانەوە" تیگەیشتم کە لە)تەق تەق(ن بێئەوەی ناوی شوێن بهێنێ.

**- میحوەری سلێمانی:**

میحوەرەکە لە بنچینەدا سێ رەتڵ بوو (سلێمانی، شارەزور، گەرمیان)، بەڵام هەموو هێزەکان پێکەوە لەگەڵ لایەنەکانی تری (ب. ك) بەسەرپەرشتی کاك حەمەی حاجی مەحمود و رەحمەتی فەرەیدون جوانرۆیی بوو، میحوەری سلێمانی کاك فەرەیدون عەبدولقادرو کاك علی حمە سالح و کاك قادری حاجی علی و ملازم عومەرو چەندین فەرماندەی وەك مام رۆستەم و مامۆستا جەمال و چەندین فەرماندەی تیپ و کەرت و مفرەزەیەکی پارتیزانی شارباژێر وەك رەحمەتی کاك عەبە رەق و ئازادی عەبەی کەوەرو کامیل نوری و سەرکەوتی کوبەو جەمال حاجی مامەندی وەستا فاروق و مفرەزەیەکی پارتیزانی شارەزور لەوانە کاکە حەمە سیاسی، بارەگای بەتالیۆنی(٧) لە بلەکێ بوو بێتەلەکەیان ناوی (ئالان) بوو کاك خالید حوسێن و کاك تاریق و کاك شەماڵ و پاشان مام ئەنوەر تا دوای راپەڕین هەر لەبلەکێ مایەوە. بەتالیۆنی ٦ بەسەرپەرشتی کاك سێروانی کوێخا نەجم.

هەواڵی ئازاد کردنی سلێمانیمان لە بێتەلەکەی لای کاك خالیدەوە وەرگرت، دوای ئەوەی بروسکەی "لە زمناکۆوە بۆ ئازاد برادەران ئاگادار بکەنەوە(٧)ی مانگ زەماوەند سازبکەن"، دیسان دەڵێم ئەگەر هەڵەنەبم پاش بەرنامەڕێژی بۆ رزگارکردنی کەرکوك کاك ملازم عومەرو کاك قادری حاجی علی و مام رۆستەم و شیخ جەعفەرو کاك سیروانی کوێخا نەجم بەبێتەلێکەوە کە کاك پەرۆش محەرەم و کاك شەماڵ لەگەڵیان بوو. بەرنامە وا داڕێژرا بوو کە لەیەك کاتدا هێزەکانی ی ن ك بەهاوبەشی لەگەڵ لایەنەکانی (بەرەی کوردستانی) هێرش بکەنە سەر شاری کەرکوك و برادەرانی پارتیش لەولاوە هێرش بکەنە سەرموسڵ ئەوەی لای پارتی جێبەجێ نەکرا، بەڵام ئەوەی کەرکوك بەسەرپەرشتی رەوانشاد نەوشیروان مستەفا لەچەند قۆلێکەوە هێرش کرایە سەر کەرکوك و توانرا لە رۆژی ٢٠ی ئادار کرکوك دەستەملانێی شارەکانی تری کوردستان بێتەوە پاش ٨٠ ساڵ داگیرکاری بەشی

هەرەزۆری کرکوك ئازاد کرا و تەنها سەربازگەی خالید نەبێ بەشێکی مابۆوە بەرەنگارییان دەکرد، دەیان تەن بەڵگە نامەو نەخشە و موستەمسەکات چەندین بێتەل و لەوانە تابعە بەرقیەکەی فەیلەقی یەك و پینج گیرا (دەزگایەکی بێتەلی گرنگ بوو تەها لەنێوان فەیلەقەکان دا بەکار دەهێنرا) لە ناوجانتایەکی سامسۆنەیت بوو زۆر هەوڵم لەگەڵ دا تا بیکەمەوەو بزانم بروسکەکانی ناوی چییە، بەڵام کۆدی لەسەر بوو هەر پێم نەشکا دواترەوانەی بەریتانیا کرا، چەندین ئامێری سەربازی و جۆراوجۆر گیرابوو هەموی هێنرایە بارەگاکەمان لەمەسیف سەلاحەدین. بەداخەوە لەو رزگارکردنەی کەرکوك سەرکردە عەبدورەزاق و چەندین پێشمەرگە گیان و خوێنی خۆیان بەخشی.

لەلایەکی ترەوە چەندین عەدەد بێتەل پەیوەنییان پێوە کردبووین و چونکە ئەوەندە بێتەل گیرابوو ناوو ژمارە تێکەڵاو بوو، بەڵام پاشان توانیمان کۆنترۆڵی بکەین و رێکی بخەینەوە.

رەتڵی شارەزور بەسەرپەرشتی شەهید شەوکەت و کاك حامیدی حاجی خالید کاك حەمەی حەمە سەعید و کاك جمیل هەورامی و چەندین فەرماندەو فەرماندەی تیپ و کەرت کادیری سیاسی ئیداری وەك بێتەل کاك یەحیا و مامۆستا پێشرەو لەگەڵیان بوون.

رەتڵی گەرمیانیش زۆربەی فەرماندەکانی وەك کاك مەحمود سەنگاوی و کاك عوسمانی حاجی مەحمود و فەرماندەی وەك مەحمودی مامە عەزەو کاك عادل شوکر و نازم کەرکوکی و عەدنانی حەمەی میناو سەلاحی کوێخا و مەلا ئەحمەدی دسکەرەو چەندین فەرماندەی تیپ و کەرت و کادیری سیاسی و ئیداری وەکو عەدەد بێتەلیش سەرەتا خوالێخۆشبوو بەرزانی حەمەی مینەو کاك حەمە رەحیم و کاك عەدنان و شەهید سەیید نوری و کاك پێشرەو و کاك یەحیا و چەندین عەدەد بێتەل بەشدار بوون لەگەڵ هێزەکان. هێزەکانی گەرمیان لەگەڵ موجاهیدینی خەڵقی ئێران رووبەرووی شەڕێکی سەخت ببوونەوەو لە رزگارکردنی دوزخورماتو

خانەقین و لەو شەڕانەدا چەندین پێشمەرگە شەهید بوون لەناویاندا فەرمانده حمه ڕەش و عەدەد بێتەل سەید نوری.دواتر بارەگای بەره لە سلێمانی دامەزرا نوێنەری بەره کاك عومەرفەتاح و کاك نێچیرڤان ئەویش دوای چەند ڕۆژێك گەیشت بوو کەزۆربەی شارەکان رزگار کرابوون بۆ مێژوو.

**-میحوەری ڕەواندز باڵەکایەتی:**

بەسەرپەرشتی شەهید حەسەن کوێستانی و شەهید ڕەحمان سەیدەو فەرماندەی وەك سەلاّح دیلمانی و عەبدولاّ بۆرو و فەرمانده قادر خەبات و چەندین کادیری سیاسی وەك کاك ئاریز عەبدوڵڵا ڕێبین سوفی وچەندین فەرماندەی تێکۆشەر و قارەمانی ئەو دەڤەره سەدان پێشمەرگە پارتیزانەکانی ئەو دەڤەره وەك شەهید یوسف و شەهید خولەی برای شەهید حەسەن کوێستانی، وەك عەدەد بێتەلیش

ئیسماعیل برای شەهید حسن کوێستانی و عومەر ئاغاو کەمال شێخەو خاڵە دێهاتی و رابەر فەتاح کە دواتر لە کەرکوك شەهید کرا، پاشان چەندین عەدەد بێتەل پەیوەندییان پێوه کردین لەو دەڤەره.

**- میحوەری بادینان:**

بەسەرپەرشتی مامۆستا نازم عومەرو لیوا خلیل دۆسکی و چەندین کادیری سەربازی وەك حەسەن سەلیم و چەندین کادیری سیاسی وەك خەیری شەنگالی و سەدان پێشمەرگە و شانه چەکدارەکان و ڕێکخستنەکانی (ی. ن.ك) لەبادینان و(پ.د.ك) توانیان دهۆك و زاخۆو ئامێدی و ئاکرێ تا سەربازگەی فایده بچنەوەو پێشڕەوی بکەن، وەك عەدەد بێتەلیش (سەرکەوت – نصرالله عمر هیدایەت) لەگەڵیان بوو لەو دەڤەرەش چەندین بێتەلی نوێمان دامەزراند توانیمان چەندین عەدەد بێتەلی وەك محەمەد سەلیم و ئیسماعیل و نزار ئامێدی دروست بکەین.

نابێت ئەوەشم لەیاد بچێت کە بێتەلی سوریامان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لەگەیاندنی دەنگوباسەکانی ڕاپەڕین بەمیدیاکانی جیهانی وەك BBCو ئەشیوسیەتد پریس و CNN و زۆردەزگای میدیایی بەناوبانگ و هەوڵی ناردنی پەیامنێرو ژۆرنالیستی بۆ کوردستان دەدا و چەند ژۆرنالیستێکی وەك جۆناسان راندڵ و چاڕلی و جیم میوەری بی بی سی بەبێتەلە ڕاڵەکاڵەکەی ئێمە لە مەسیف سەلاحەدینەوە کەبارەگاکانی (ی.ن.ك) لەوێبوون، پەیام و دەنگوباسەکانیان دەنارد، زۆرجار بەندە جموجوڵ وشەڕو هەواڵی شارەکانم بۆ وەردەگێڕانە سەر زمانی ئینگلیزی.جەنابی مام جەلالیش پێش گەڕانەوەی بۆکوردستان هانی ئەو ژۆرنالیستانەی دەدا کە بچنە کوردستان وبێتەلی سوریامان وەك بنکەیەکی راگەیاندنی لێهاتبوو،کاك ئاراس ئیبراهیم پەیوەندییەکی بۆ ڕێکخستم و توانیم قسە لەگەل بەرپرسی(بی بی سی)بکەم و وەڵامی چەند پرسیارێکیم دایەوە زۆری پێخۆش بوو. ئاکو حەسەن وەك بێتەلچی بارەگای پەیوەندییەکانی شام کاریدەکرد لەگەل چەند بێتەلچییەکی دیکە تا دەرچونیان لەسوریا.

-هەروەها بێتەلی پەیوەندییەکانی سەقزمان ئەوانیش ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لەگەیاندنی دەنگوباسەکان بە ئێرانییەکان و ڕۆژنامەو ئاژانسەکانی دەنگوباس. سالار عەبدوالقادر و سەربەسەت ئەحمەد لەوێ ئەو کارەیان بەجێدەهێنا.

هەردوو رادیۆکانی ٧٥ مەتری و٤١ مەتری و کادیرەکانی راگەیاندنیش رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە پەخشکردن وبلاوکردنەوەی هەواڵی شاروشارۆچکەکان و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بە وتارە بەپێزو جوانەکانیان و ئاگاداری نامەکان بۆ شانە چەکدارە نهێنیەکانی ناو شارەکان، بەتایبەت ئەوەی سلێمانی برادەران ئاگاداربکەنەوە ٧ی مانگ زەماوەند سازبکەن.

## کلیل و کۆدی موجەفیرە یا خود کۆد Incription unit

لەشـەڕێکدا سـاڵی ١٩٨١ لـە نێـوان (ه.پ. ك) و سـوپای داگیرکـەری بـەعس لەسنوری گەرمیان توانراوە دوو بێتەلی ڕاکاڵ و دوو موجەفیرەی قائید فیرقەکە بگیرێ، یەکی لەموجەفیرەکان لای جەنابی مام جەلال و ئەوی دیکە لای کاك نەوشیروان و چەند جارێ بۆ کاری تایبەت پێکەوە قسەیان پێ دەکرد. موجەفیرە هەروەك ڕاکاڵە دروستکراوی ئینگلیز بوو، سوپای عێراق لەناوەراستی هەشتاکان بەدەستیهێنا بوو، سەرەتا تەنها لە نێوان فەیلەقەکان فەرماندەیی گشتی بەکاردەهێنرا دواتر لە نێوان فەیلەقەکان و فیرقەکان و دواتریش لەنێوان فیرقەکان و لیواکان ئینجا لیواکان و فەوجەکان جگە لەیەکە هەواڵگری و ئیستخبارییەکان هەم کۆدیان جیا بوو هەم وایەری ناو موجەفیرەکان لە ڕەبت کردندا و ئەوان سەرەتا(٧) ژمارەو پیتیان داخل دەکرد ئینجا(٣) ژمارەو پیت، بەڵام لای خۆمان بەپێچەوانەوە(٣) ژمارەو پیت ئینجا(٧) ژمارەو پیتەکەی تر و دەکەوتینە قسەکردن لەبەرانبەردا دەنگ بەساڧی وەردەگیرایەوە، بەڵام ئەوەی گوێی لێدەگرتین تەنها غەڵبەغەڵب و دەنگ تێکەڵاو کردنی گوێ لێ دەبوو واتە گەر کلیلیشی لابوایە ئەگەر ڕەبتی وایەرەکانی لانەبوایە سودی وەرنەدەگرت.

کلیلی ئەو موجەفیرانە سەرەتا کە کەممان هەبوو بەختیار مستەفا دایدەنان و هەندێکجار بەندەی رادەسپارد ئامادەی بکەم. موجەفیرەکان لەگەڵ فراوان بوونی پەلامارەکانی (ه. پ. ك) بۆ بنکەو بارەگا سەربازی و حکومیەکان زۆر زیادیان کرد لەدوای ساڵی ١٩٨٥و لە زۆر شوێن موجەفیرەو بێتەلی ڕاکاڵ دەگیرا بەوەش ژمارەی موجەفیرەکانمان زیادی کرد و بەپێی بەرنامەیەك سەرەتا (م.س)و هەر چوار مەڵبەندەکە پێیاندرا و کلیلێکی گشتی کە بێتەلی مام جەلال و کاك نەوشیروان و م.س/ی پێکەوە دەبەست، کلیلی تایبەت لەنێوان بێتەلی مام جەلال و هەموو مەڵبەندەکان و مام جەلال و کاك نەوشیروان بەجیا و هەردوکیان لەگەڵ

(م.س)....کە ژمارەی موجەفیرەکان زۆر زیادیان کرد، ئەو تیپانەی کە بێتەلی ڕاکاڵیان هەبوو وەك(٥١) و(٥٧) و(١٢)ی سۆران و(٧٤) ی باڵەك و (٨٧)ی قەرەچوغ و (٨٦) ی دەشتی هەولێر کە هاوسنوور بوون، (٢١)ی کەرکوك و (٢٥)ی خاڵخاڵان کە هاوسنور بوون موجەفیرەیان پێدرا دواتر هەریەکەیان بوونە خاوەنی موجەفیرەی تایبەت بەخۆیان و دواجار تیپەکان هەیانبوو.

سەرەتا کلیلەکان بۆ(٣٠)ڕۆژ دادەنرا کەتەواو دەبوو دەچوینەوە سەر ١ی مانگ تا ماوەیەك کاری پێدەکرا دواتر دەمانگۆڕی. هەندێك کلیلی تایبەتیشمان لەنێوان مام جەلال و کاك نەوشیروان و هەر مەڵبەندە بەجیا لەگەڵ مام جەلال بۆ نمونە بۆ ئەوەی مەڵبەندەکانی دیکە نەزانن چی دراوە بە مەڵبەندی چوار یا مەڵبەندی دوو بەڵام ئێمە وەك بێتەلی ناوەندی دەمانتوانی گوێ لەهەموو موجەفیرەکان بگرین، چونکە کلیلی هەموان لای ئێمە یا لای کاك بەختیارەوە بۆیان دەچوو.دواتر لەبەر لایەنی ئەمنی بڕیارمان دا هەر سەعاتەی بە کلیلێك و هەر سەعاتەی لەسەر شەپۆلێك کار بکەین ئەوەش بۆ خۆ دزینەوە بوو لە هەوڵەکانی ڕژێمی بەعس بۆ گوێگرتن لە بێتەلەکانمان.

## وشەی ئارامەو بێتەل

وشـــەی ئارامـــە رۆژانـــە لەلایـــەن عـــەدەد بێتەلەکانـــەوە بـــەکار دەهێنـــرا، گـــەر لەناخۆشترین بارودۆخیش بوایە یا گەر چالاکیەك ئەنجام بدرایە تاکو زانیاری تەواو بەدەست نەکەوتایە عەدەد بێتەلەکان بەکراوەیی دەوترا (ئارامە) بەڵام گەر تۆپباران یا بۆمباران یا هەر حاڵەتێکی دیکە هەبوایە بەچەند ژمارەیەکی شفرە ئاگادار دەکراینەوە، کاك کۆچەر– رسول عەبدوڵڵا ئەم بابەتەی بۆ گێرامەوە: "بارەگامان لە دەشتی کۆیە بوو لە گوندی کانی بی و هێزێکی زۆر هاتبوون بچن بەرەو سەرکردایەتی کە دوژمن ئەو هێزەی هەست پێکرد تۆپبارانێکی چڕی ناوچەکەی کرد و یەك دوو گولە تۆپێش لە نزیك ژووری بێتەلەکەمان کەوت و کاتی پەیوەندی سەرە سەعات بوو کە پرسیارتان لێکردم دەنگوباستان منیش لەوەڵام دا وتم (ئارامە) هەر هێندەم خۆش بوو وام گوت پێشمەرگەیەك خۆی کرد بە ژووردا خەریك بوو بەر قۆناغە تفەنگم بدات چونکە وتومە ئارامە خۆی تورە کرد تۆچۆن وا دەڵێی تۆپەکان خەریکن ماڵمان وێران دەکەن؟!، لەوەڵامدا بەهێمنی پێموت کاکە خۆ نابێ ئێمە بڵێین تۆپباران دەکرێین، چونکە گوێیان لە قسەکانی ئێمە دەبێت و دەبینە رەسەدو زیاتر تۆپبارانمان دەکەن و شوێنی بارەگاکەمان زیاتر ئاشکرا دەبێ، بەڵام شتێکی ترمان هەیە ئێستا پێیان دەڵێم تۆپباران کراوین ئەو هێور بۆوە ".

بۆ خۆشم لەکاتی داستانی دابان هەلاجدا ئەم وشەیەم بەکارهێنا کاتێ د.فوئاد ئەندامی م.س پێشمەرگەیەکی ناردبوو تا بزانێ دەنگوباسەکان گەیشتوونەتە کوێ چونکە ئاگاداری بارودۆخەکە بوو بە پێشمەرگەکەم وت جارێ ئارامە، د.فوئاد تەلەفونی کرد و بەپێکەنینەوە وتی مام جەلال هەموو شتێکی پێ وتوم ماڵت بەقوڕنەگیرێ ئارامی چیە؟! منیش لەوەڵام دا وتم راستە بەڵام جارێ هەر خەریکی وەرگرتنی هەواڵین لەهەموو قوڵەکان بزانین چی گیراوە، دوژمن کوژراوی چەندە،

دەستکەوتەکان چین، چەند شەهیدمان هەیە ئایا شەڕ لەکویٚ ماوە؟ بەپێکەنینەوە فەرموی مانای وایە تا هەموو شتێك روون نەبێتەوە هەر ئارامە!.

## پلی تۆپ و بێتەل و دارمانی مەلجەئەکەمان

ساڵی ١٩٨٦مانگی شوبات، شوێن یاخسمەر – کانی موراد، یەکێکە لەو بیرەوەریانەی رەنگبێت زۆریك لە پێشمەرگەو کادیرەکانی ئەوکات و سەردەمە لەیادیان مابێت و لەسەریان نووسیبێت هەریەکە بە پێنووس و بیرو هزری خۆی، بەندەش لە بیرەوەریەکانمدا تۆمارم کردووە، بۆیە بە بیرەوەرییە گرنگەکان ناوی دەبەم چونکە روداوو و پێشهاتەکانی دوای ئەوە گرنگتربوون.

زۆر لەو بیرەوەریی و بەسەرهاتانەی سەردەمی سەختی خەبات ئەگەر هەمووی نەبێت، ئەوا بێشك زۆریان دەبنە بەشێك لە مێژووی پڕ سەروەریی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.

کوردستانی بوون و عێراقی بوون دوو ئاراستە بوو لەناو هاوڕێیانی کۆمەڵە لەسەرەتاکانەوە بەدی دەکران، بەڵام بەوشیوەیە نا، تا کار گەیشتە ئەوەی خەریك بوو لەنێوان هاوڕێیان و پێشمەرگەو کادیراندا لێکترازان و بەرەنگاربونەوەو چەك بەرانبەر یەکتر بەکارهێنان رووبدات، (ی.ن.ك) لەو کات و ساتە ئاڵۆزەی هێرشە بەربڵاوەکانی سوپای بەعسی پاش تێکچونی گفتوگۆکان بۆ ئەوەی دۆخەکە ئاڵوزتر نەکات تا رادەی دووکەرت بوون بەهۆی ئەو بیروبۆچونەی هەندێك لە هەڤاڵان و کادیران، بێگومان بیروبۆچوونیش ئازاد بوو، بەڵام لە چوارچێوەیەکدا کە نەبێتە هۆی دووکەرت بوون و دڵخۆش کردنی ناحەزان و دوژمن.

بۆیە سەرکردایەتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان بۆ ئیحتیواکردنی ئەو گرژی و ئاڵۆزییە بڕیاری کۆبوونەوەیەکی فراوان(پلینۆم) بۆ بڕیارێکی چارەنوس ساز لە بەرگەڵوو دا بوو بۆ تاوتویٚ کردنی بارودۆخی ناوخۆی کۆمەڵەو پیداچونەوە بە هەندێك لە کارو ئەرك و چالاکیەکان و تاوتویٚ کردنی ئەو بابەتە.

پاش بروسکە کردن بەشێك لە ڕێکخستنەکان و سەرکردەو کادیرەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە هەموو ناوچەکانی کوردسانەوە روویان لە سەرکردایەتی دەکرد لە دۆڵی جافایەتی بۆ بەشداریی کردن لەو پلینۆمە، بەعسیش ترسی زۆری لەو جۆرە کۆبونەوانە لێ نیشتبوو نەوەك کارێکی گرنگی سەربازی بەدواوە بێ هەر بۆیە بەچڕی لە هەموو لایەکەوە کەوتبووە تۆپبارانی ناوچەکەو سەرتاسەر، ئاسمانیش هەدادانی نەبوو لەبەر بارانی بەخوڕو لێزمە جەوری خۆی بەسەرماندا دەباراند.

تۆپباران کردنی ناوچەکانی سەرکردایەتی بەردەوام بوو ببوە نوکتە ئەمان وت: وەك(حەبی گولاج سێ ژەمە بوو) هەندێکی بیزارکەری شەوانە (ازعاج لیلی) جگە لە بۆردومانی فرۆکە جەنگیەکان کات و ساتیان بۆ نەبوو سەرەڕای ئەو ئابلۆقە ئابورییەی هەبوو وای لە خەڵکی لادێکان کردبوو تا رادەیەك ناوچەکە چۆڵ بکەن و هەندێکیشیان خۆڕاگرانە لەقەد پاڵ و شوێنە نادیارەکان شوێنی حەوانەوەیان بۆ خۆیان و ماڵ و مناڵیان دروستکردبوو.

ئێمەش وەك بێتەل لەگەڵ هاوڕێیانم هەندێك لەو بروسکانەی لەبێتەلەکەی کاك نەوشیروانەوە دەردەچوو کە بەهۆی خراپی دەنگ پێك نەگەیشتن و تەشویش و هەورە بروسکە لە بێتەلەکانی تر وەرمان دەگرت و دەمانگەیاندە ئەو شوێن و کەسانەی کە دەبوو بەشدار بن لە پلینۆم.

پەناگەیەکی ئاساییمان هەبوو بەڵام زۆر باش نەبوو لەگەڵ ئەوەش ئاو چووبووە ناویەوە، بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانمان هەر لە ژوورەکەی خۆمان بەردەوام بووین بێ گوێدانە تۆپبارانی بەردەوام تا ئەوکاتەی جەنابی مام جەلال پرسیاری کرد: لەکوێ کارەکانتان دەکەن؟ بەندەش وتم هەر لە ژوورەکەی خۆمان فەرمووی ئەی پەناگاکەی خۆتان وتم ئاوی تێچوەو بەکەڵك نایەت و تۆپبارانەکە تا ئێستا دوورە و نزیك ئێمە نییە فەرمووی ئەی ئەگەر رەسەدەکەیان دۆزییەوە؟ زیاتر نزیك بۆوە لێمان؟ لەراستیدا کەمێ توورە بوو فەرمووی ئەوە ئازایەتی نییە؟ ئەوە

ئیهمـالی کردنـە، ئـەوە سەرپێچـیە لەیاسـاکانی خۆپاراسـتن بۆیـە فـەرمانی کـرد هەرئێستا خۆتان و بێتەل و پێداویستیەکانتان بگوازنەوە ئەو پەناگەیەی من، بۆیە بەندەو خارە ئازاد هەرچۆنێك بوو کەوتینە ئەنتینا هەڵدان و گواستنەوەی بێتەل و پێداویستیەکانی بۆ پەناگاکـە لـەژێر رەحمـەتی تۆپبـاران و بـارانی بـەخوڕ و لێزمـە کەوتینە کارکردن لـەناو پەناگەکـە هێشـتا یـەك دوو پەیوەنـدیمان ئـەنجام نـەدابوو، جـەوری ئاسمـان بـەبارانی بـەخوڕ و لێزمـە لەلایـەك و جـەوری دەسـتی زاڵـم و زۆردارانـی سـوپای بـەعس بەجبەخانـە بەهێزەکـەیان بـەتۆپبارانی چـڕ بۆسـەرجەم ناوچــەکانی دۆڵــی جافــەتی بەتایبــەت یاخســـەرو بەرگــەڵوو و ســـەرگەڵوو و گوندەکانی دەوروبەر چۆخماخ و مالومەو گوێزیلەو چالاواو هەڵەدن.

هاوینەکەی پەناگایەك بۆ مام دروستکرا بـوو بەفـەرمانی مـام بۆئـەوەی لـەکاتی هێرشـی فڕۆکـە جەنگیـەکان و تۆپبـارانی چـڕدا بـەکاریبهێنێ هەرچـەندە زۆرجـار گوێی نەدەدایە...

لە کاتی پلینۆمەکە تۆپباران زۆر چڕبوو، بۆیە بەخۆمان و بێتەلەکە چووینە ناو ئـەو پەناگەیـە تـاکو بـەردەوام بین لەپەیوەنـدی کـردن چونکە ئەگـەر پەیوەندییـەك نەچوینایەتە خەت دەبووە جێی پرسیار، باران بەلێزمە بەردەوام بوو، پەناگەش سەری دارو بەخۆڵ داپۆشرا بوو، هەستمان کرد شوێنێکی پەناگەکە بەرە بەرە تەڕ دەبێ و ئاو دێتە خوارێ و زیاد دەکات لەڕاستی سەرەتا زۆر گوێمان نەدایە، بـەلام تـا دەهـات ئاوهاتنـە خـوارەوە زیـادی دەکـرد لەناکاوێکـدا یـەکێك لەڕایەڵـەکانی سـەرپەناگاکە تـرازاو کەوتـەخوارێ، بـەخوڕ ئاوهاتـە نـاو پەناگەکـە، ئێمـە بەپەلـە پڕوزی جارێ خەمی بێتەلەکە و پارچەکانی و دەفتەری بروسکەکان بووین هەر ئێمـە شـتەکانمان هێنایـەدەر دەتـوانم بڵـێم لەبـەردەم دەرگـای پەناگەکـە بـووین و زرمەیـەکی بـەهێز هـات و پەناگـە رمـا ئـەو رۆژە مـن وخـارە ئـازاد سـەلامەت دەرچووین..

# بێتەلی ئایکۆم و کلآو

ئەو بێتەلە ئایکۆمەی کە پەیوەندی (هواتەکانم) پێ ئەنجام ئەدا لای هەندێك برادەر دیعایە وا بلآوببۆوە کە شاشەیەکی هەیە توانای هەیە کەسەکان ببینێ کە چی ئەکەن و بۆ هەر شوێنێك بڕۆن دەدۆزرێنەوە، ئەمەشمان بۆ ئەوە بوو کە لەشوێنە تایبەتیەکانی خۆیان بەکراوەیی و قسەی زۆر نەکەن، نهێنی نەدرکێنن لەبەر لایەنی ئەمنی خۆیان و شوێنەکانیان و فەرماندەو لێپرسراوەکان.

ساڵی(١٩٨٦) بوو کاك ئازادی هاوکارم لەگەڵ کاك شێرزادی رەحمەتی بۆ پشودان و بینینی کەسوکاریان چووبوونە دۆڵی سماقولی و لەوێشەوە سەردانی نازەنینییان کردبوو چووبوونە لای عەدەد بێتەلەکانی ئەوێ شەوێك لایان مابوونەوە، کە گەڕایەوە بۆ لام وەسفی ژووری عەدەد بێتەلەکانی بۆ کردم کەچونەو چۆن پەیوەندی دەکەن جێگا و بەتانیەکانیان لەکوێ داناوە و دەفتەرەکانیان چۆن هەڵدەگرن و لەکوێ دایدەنێن، یەکێ لە عەدەد بێتەلەکانی ئەو سنورە پرسیاری کرد ئایا کاك ئازاد گەیشتوتەوە یان نا؟ وتم لەبەرگەڵووە بەڵام لەڕاستیدا لای خۆمەوە دانیشتبوو.ئەو وەسفەکانی بۆ کردبووم.

شەهید فاروق جەبار رۆیشت بۆ هێڵی تایبەتی خۆی بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ عەدەد بێتەلێکی تر بکات بەهۆی بێتەلە ئایکۆمەکە دۆزیمەوە، وتم دەزانم ئێستا چۆن قسە لەگەڵ ئەو برادەرەت دەکەی، بەپاڵکەوتنەوە وانیە، دەزانم دەفتەری بروسکەکانت لەفلان شوێن داناوە وانیە و پیاڵەو قۆریەکەت دەزانم لەکوێیە؟ وەڵامی دامەوە چۆن دەزانی وتم ئەوبێتەلەی هەمانە شاشەیەکی لێزەری هەیە لەگەڵ شەپۆلەکاندا تۆش دەبینم کەچی دەکەیت و چی ناکەیت؟ لەوەوە کردبووی بەدیعایە کە ئەو بێتەلەی لای بارەگاکەی مام جەلالە، دەزانێ هەموو شتەکانم لەکوێ داناوەو دەیبینێ کە چی ئەکەم هەمووی پێ وتووم و سوێندی لەسەر خواردبوو، کە لەگەڵ کاك کۆسرەت هاتن بۆ سەرکردایەتی و هاتە ژوورەکەمان

وجیهازەکـەم پێشـاندا، پێمـوت وەك ئـەوە نییـە کـە پـێم وتـی تـەنها دەتـوانین بتاندۆزینەوە خارە ئازاد ئەو شتانەی پێ وتبوم.. شەهید فاروق زۆر پێکەنی و وتـی: مامۆسـتا کـراوت لەسـەرنایین! پێمـوت: دەزانـی حکومـەتی عێـراق بـەردەوام گوێمان لێدەگرێت نابێ فرسەتی بدەینی کە سودمان لێوەرگرێ.

## سودێکی گرنگی بێتەل بۆ پێشمەرگە

مامۆسـتا بـەکر مسـتەفا یـەکێك بـوو لـەو پێشـمەرگە و کـادیرو فەرماندانـەی کەچـاوم پێـی کـەوت بەسوپاسـەوە هەنـدێك شـتی دەربـارەی بێتـەل بـۆ باسـکردم ئەمەی خوارەوەی بۆ گێڕامەوە کە بێتەل چ سودێکی بە ه.پ. ك گەیاندووە:

"ساڵی (١٩٨٨) بوو، کاتی شەڕەکانی مەڵبەندی ٣و٤ من و کاك ئەحمەد کوردە لەگەڵ هێزێك لەسەر شاخی (بەنی هەریر) ئەرکێکمان پێ سپێردرابوو، بێتـەلێکی تەلـەفۆنکردنمان پێبـوو بـۆ پەیوەنـدی کـردن بەهێزەکانمانـەوە، بەرێکـەوت کـاك ئەحمەد بەناو شەپۆلەکاندا دەگەڕا و گوێی لە هەندێك قسەی عەرەبی بوو وتـی: مامۆسـتا وەرە بزانـە ئەوانـە چ دەڵـێن؟ مـن لەعـەرەبی بـاش تێناگـەم، کاتیـك گـوێم لێگرتن بۆم دەرکـەوت هێزەکانی سوپای عێـراقن بـەنیازی هێـرش کـردنن بـۆ سـەر برادەرانمان، سەرەتا شوێنەکەم لا روون نەبوو بەڵام ئاگاداری مەوقیفەکان بووم کە برادەرانمان چەند هێرشێکی یەك لەدوا یەکی دوژمنیان تێکشکاندووە و ئێستا گەڕاونەتە دواوە بۆ پشوودان و حەسانەوە لەچەند خاڵێك پاسەوان و چاودێریان داناوە بۆ جەبهەکەیان، بەڵام دیاربووە کە پاسەوانەکان مەشغول بوونـە، ئـەوانیش ئەوەیان بەکەلێن و هەلێك داناوە ویستویانە پەلاماری لەناکاویان بدەن و گـوێم لـەوەش بـوو فەرماندەیـەکی سـەربازی ئـەمر بـە مـلازم ئەحمـەد ناویـك دەکـات و بەعەرەبی پێیدەڵێ ((ملازم احمد باي ثمن لازم تحتلون الراقم)) واتە بەهەر نرخێك بێ پێویستە ئەو شاخە بگرن ملازم ئەحمەدەکەش وەڵامی دەدایەوە پێیدەوت

((وللا سيدي القوة مالتي كلش تعبانة ونحتاج مي والمخربين مسيطرين على العين مال مي ووضعنة حرج بصراحة موزين)) جاريكى تر گوێم لەفەرماندەكە بووەوە فرمانى پىٚ دەكردەوە، ملازم ئەحمدەكەش وەلاّمى ئەداتەوە وپێى دەڵێت ((سيدي انت ماتريد نحتل الراقم احنة جدا مقتربين منهم ونحاول نلزم الحرس مالتهم بدون اطلاق نار، يلة عفية سباع اني دا شوفكم اراقبكم شلون تصعدولهم)) واتە گەورەم تۆ ناتەوىٚ ئەو شاخە بگرين؟ ئێمە زۆر لێيانەوە نزيكين،هەوڵدەدەين پاسەوانەكانيان بىٚ تەقە بگرين، ئافەريم شێرەكان چاوم لێتانەو چاودێريتان دەكەم چۆن بۆيان سەردەكەون... ئەوكاتە شوێنەكەم

بەتەواوى بۆ روون بۆوە كە شوێنەكە سەرى (جوانە گايە) و بەپەلە بانگى بێتەلەكەى كاك سەفينم كرد بەحەرەسەكەم وت كوا كاك سەفين؟ وتى وەللاّ ئيسراحەت دەكات، پێموت كاكە وەختى ئيسراحەت نيە برۆ بۆم بانگ كە.. وتى تۆ كێى منيش لێى تووڕەبووم وتم كاكە وەختى ئەوەنييە برۆ سەفينم بۆ بانگ بكە قسەى لەگەڵ دەكەم بە فعلى كاك سەفين هات و يەكسەر پێموت ژمارەى ژوورەكەى خۆمانت لەبيرە لە بەغدا لەكاتى مفاوەزات وەلاّمى دامەوە، بەلىٚ لەبيرمە و پێم وت ژمارەكە كەرەتى ٢ بكەو كۆى ٢ بكە برۆ بۆ ئەوىٚ ئەمە وەك شفرەيەك بوو لەنێوان من و سەفين دا، لەوىٚ قسەم لەگەڵ كردو ئاگادارم كردەوە كە حەرەسەكانتان خۆيان مەشغول كردووە، خەريكە بەدەست دەگيرێن بەپەلە هێز سەرخەن هێرشتان بۆدەكرى، هەر بەپەلە كاك سەفين هێزەكان سەردەخاتەوە سەرشاخ و دادەمەزرێن هێرشەكە دەستپێدەكات سەرەنجام تێكدەشكێن و تەفروتوونايان دەكەن و زياتر لە١٥٠ كوژراويان لىٚ بەجىٚ دەمێنىٚ و ملازم ئەحمەدەكەش لەناو كوژراوەكاندا بووە هەويەكەى كەوتۆبوە دەستيان.. ئەمەش مشتێكە لەخەرواريك لەسودەكانى بێتەل چ لەسەردەمى شاخ و چ لەسەردەمى شاريش.

## ئەگەر هەڵەکە بکرایە، ڕووداوێکی دڵ تەزێن دەبوو

شفرەکانی (ی. ن. ك) ئەویۆ ڕۆژێ ببوونە مۆتەکەو سەرئێشە بۆ دەزگاکانی گوێگرتنی ڕژێم و پسپۆڕو شارەزایانی سەربازی موخابەرات و ئیستخباراتی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ، هەرچی هەوڵیان بۆدەدا دەبووە بڵقی سەرئاو، زۆر ڕێگا دەگیرایە بەر بۆ وەدەستهێنانی، ئەوەشیان بەدڵسۆزی تێکۆشەران و هاوڕێیانی عەدەد بێتەل شکستی بەپلانەکانیان دەهێنا.

ئەوی ڕۆژێ بەختیار مستەفا بەرپرسمان بوو شفرەکانی ئامادە دەکرد و بەندەش لەوەوە فێری زۆر شت بووم.. ئەوەیان باسێکی دورو درێژە..

ئەوەی مەبەستمە بورهان عەبدولڕەحمان (بورهانە ریشە)، ئەوکات عەدەد بێتەلی ت/٣٧ بوو، ئەوەی بۆ گێرامەوە کە لێرە دەیخەمە ڕوو:

پێش شەڕەکانی دابان هەلاج لەگەڵ هێزێك بەسەرکردایەتی کاك فەرەیدون عەبدولقادر کە(سەد)پێشمەرگە بوون، خۆیان ئامادە دەکەن بۆ داستانی دابان، لەوکاتەدا وەك بێتەلی مام جەلال و (م.س)بروسکەیەکمان داونەتێ، بێگومان زۆرجار بەهۆی پەلەپەلی و تەشویش و خراپی ئەنتینا و شوێنی بێتەل هەندێك لەژمارە شفرەکراوەکان لەلایەن بەرامبەرەوە بەهەڵە وەردەگیرا، ئەوەش جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بروسکەکەی دوا دەخست و بێتەلچی لەخۆیەوە بۆی نەبوو بەکەیفی خۆی ناوەڕۆك داڕێژێ تا ژمارە هەڵەکانی چاك نەکردایەتەوە لەوکاتە کاك فەرەیدون تەداخول دەکات.. وشەکە شارستێن بووە، بەڵام لەشفرەکە وشەی شار دەرچوە لەگەڵ س... ل... ی کە هەڵەکە لەوێ دابووە بەعەدەد بێتەلەکەی وتووە کاکە ئێمە پێش ئەوە لەگەڵ مام و(م.س) کۆبونەوەمان کردووە وتاوتوێی زۆر بابەتمان کردوە و یەکێك لەوانە ئیحتمالی کۆدەتای سەربازییە، بۆیە فەرمان دەکات بچن تراکتۆر بەکرێ بگرن و بەخۆی و سەد پێشمەرگەوە خۆیان بکەن بەناو سلێمانیدا! بەڵام کاك بورهان قەناعەت بەبیرو ڕاکەی کاك

فەرەیدون ناکات و دەیەوێت هەڵەکانی بروسکەکە چاك بکاتەوە و ئێمەش بۆمان چاککردەوە، بەهەڵەداوان بەدوای کاك فەرەیدون دەگەڕێ و دەیدۆزێتەوە و ناوەڕۆکە راستەکەی پێشان دەدات کە بەخۆیی و(سەد) کەسەوە بچنە شارستێن نەك وەك سلێمانی تێیگەیشتبوون، بۆیە ئەگەر ئەو هەڵەیە بکرایە خۆشی و هێزەکەش تیادەچون و دەبووە روداوێکی دڵتەزین..

## فیداکاری عەدەد بێتەلەکان

رەحمەتی مستەفا ئەحمەد عەدەد بێتەلی(ت/٨٣)ی هەورێ بەنامەیەك ئەم دوو بیرەوەریەی خۆی لەگەڵ بێتەلدا بۆ ناردبووم بەسوپاسەوە منیش لێرەدا وەك خۆی ئەیخەمە روو تەنها هەندێك شێوەی داڕشتنەکەیم دەست کاری کردووە:

"١٢ی ئایاری ١٩٨٨ بوو گەرمەی شەڕەکانی سنوری مەڵبەندی(٣و٤)دەبێ بۆ ئەنفال کردنی ناوچەکە و پێشمەرگەش بەوپەڕی لەخۆبوردوویی و گیانبازییەوە بەرەنگاری هێرشە زەمینی و ئاسمانیە یەك لەدوایەکەکانی دوژمن لەدۆڵی بالیسان و سماقولیەکان ودۆڵی مەلەکان و دۆڵی ئاکۆیەتی دەبوونەوە، کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ئەو رۆژە چەند فرۆکەیەکی جەنگی هێرش دەکەنە سەر سەنگەرەکانمان، ئێمەش خۆمان و بێتەلەکەمان کەلەناو ئەشکەوتێکدا دامان مەزراندبوو بۆ راپەڕاندنی کارەکانی ئەو قۆڵە، بۆمبێك لەبۆمبەکانی فڕۆکەکە لەنزیکمان دەکەوێتەوە، ئێمە هەردووکمان خۆمان دەدەین بەسەر بێتەلەکەدا بۆ ئەوەی پارچەی بەر نەکەوێت و تێکنەچێت ونەبێتە هۆی پچڕانی ئەو قۆڵە لە قۆڵەکانی تر، بەفیعلی پارچەی بۆمبەکە لێیان نزیك بووە، بەڵام خۆشبەختانە نە بێتەلەکە نە ئێمە پارچەمان بەرنەکەوت و سەلامەت بووین و هەرچەند مەترێك لەولامانەوە بوو، ملازم عومەر و کاك کۆسرەت لەشوێن بۆردومانەکە بوون و چاویان بەم دوو عەدەد بێتەلە کەوتووە کەبەم شێوەیە پارێزگاری بێتەلەکەیان

کردووە بانگیان کردوون فەرموویانە: کوڕم ئێوە بێتەلەکەتان لەخۆتان خۆشتر دەوێ؟ ئێمەش لەوەڵامدا وتمان: لەجێی ئێمە پێشمەرگە دەبێ شەڕ بکات، بەڵام لەم کاتەدا دەستمان بەهیچ شوێنێك راناگات تابێتەلێکی چاکی وامان دەسکەوێتەوەو، هەم لەسەرکردایەتی هەم لەهێزەکانی خۆمان دادەبڕێین راستە بێتەلی بچوکمان لەبەردەستە بەڵام وەك ئەوەنییە، ئەوانیش سوپاسی وەفادارییی و لەخۆبوردوویی ئەو دووعەدەد بێتەلە دەکەن".

## هەم عەدەد بێتەل و هەم پێشمەرگەی جەنگاوەر

مانگی دووی(١٩٨٧) بوو کاتێك لەگەڵ دەستەیەك لەپێشمەرگەکانی تیپەکەمان لە بۆسەیەکدا بووین لەسەرجادەی گشتی (گردجان، چوارقورنە، ڕانیە)، بەپێی ئەو زانیاریانەی بۆمان هاتبوو کاروانێکی سەربازی بەسەر ئەو جادەیەدا دەڕوات کە قائد فیرقەی لەگەڵ بووە، زۆر بەوە دڵخۆش بووم، چونکە دەمزانی کە قائد فرقە بێت بێتەلی جۆری ڕاکاڵ و موجەفیرەشی لەگەڵە، ئەگەر خۆمان بیگرین ئەوە بێتەلەکەی خۆمان جۆرێکی فەرەنسی بوو بۆمان دەگۆڕدرێت، زۆریشم حەز لەڕاکاڵ بوو، چونکە ئاسان بوو بۆ بەکارهێنان و کۆڵەپشت و گواستنەوە، لەناکاوێکدا لەناو پێشمەرگەکان بوو بەهەللا... ئەرێ وەڵا.. خۆیەتی قائد فرقەیە..، منیش لەگەڵ خەسرەوی مام قادر لەحەوشەی مزگەوتەکەوە سەرو ئارپیجیەکمان نا بە لاندکروزەکەی ئەو قائد فیرقەیەو پیکابی حمایەکانییەوە و چاوم لێبوو سەربازەکان خۆیان فڕێداو گوێم لەهات و هاواریان بوو، بەڵام نە من نە خەسرەو سەرەتا نەمان ویرا بچینە سەر سەیارەکان تاکو سەرو نارنجۆکێکی دەستی مان فڕێدا، ئینجا بەتەقەکردنەوە رۆیشتین من یەکسەر نە بیری کلاشینکۆف نە دەمانچەم هەبوو نە هیچ شتیکی تر، تەنها خۆم کوتایە ناو سەیارەکەی قائد فرقەکە کە برینداریکی سوك بوو وتی: "لاتکتلونی انی

قائدالفرقه" واتا مەمکوژن من قائیدی فیرقەم، یەکسەر پەلاماری بێتەلە ڕاکاڵەکەی و مجفرەکـەی پشـتی سـەیارەکەیم داو ئەویشـمان لەگـەڵ خۆمـان هێنـا، لەبـەر پەلەپـەلی هەنـدێك وایـەرم تێکچووبوو چۆن ئەکرێتـەوە ناچـار پچراندم، چـونکە مەترسی ئەوەمان هەبوو کە هێزی زیاتر بەهانایانەوە بێن و توشی شەڕی قورسـتر بین جیهازەکەم بۆ دەرنەچێت، هەرچەندە بە سوکیش بریندار بووبووم.

## هەر سەبارەت دلسۆزی عەدەد بێتەلەکان:

ئومێد خالید یـەکێك لەعـەدەد بێتەلـە دێرینـەکان،دەڵێت: "مـانگی (٧)ی سـاڵی ١٩٨٢ کـاك ئـەیوب بـرای شـەهید سـیروان تاڵـەبانی ڕاهێنـانی پێکـردم لەسـەر چۆنیەتی بەکارهێنانی بێتەل و پێیوتم ئەرکێکی قورسە و پاراستنی نهێنی گرنگە و جێگـەی متمانـەی فەرماندەکـەیت، زۆرم پێخـۆش بـوو کـە جێگـەی متمانـەی شۆڕشم لەهـەمانکات ئـەرکێکی قـورس بـوو سـەرەتا ڕۆژانـە یـەکجار پەیوەنـدیمان هـەبوو ئـەویش سـەعات(١٠،٣٠) بـەیانیان دواتـر زیادیـانکرد لەبـەر خۆشەویسـتی بێتەلەکە لەسەرشاخی زەردە بوین شەوانە لەباوەشی خۆم دەگـرت نـەوەك سـەرماو گـەرمای ببێـت، تەنانـەت هەنـدێك جـار پێیانـدەوتم بـۆنی لاسـتیك و پلاسـتیکت لێدێ!".

## کۆپانی ئێستر.. بێتەل.. تەڕبوونی.. تورەبوونی فەرماندە..

محەمەد مەولان ئیبراهیم ناسراو بە(هونەر) عـەدەد بێتـەلی ت/٩٩ی بیتـوێن ئـەم بەسـەرهاتەی خـۆی بـۆ نـاردووم منـیش وەك خـۆی بەهەنـدێك دەسـتکارییەوە ئەیخەمەڕوو:

ساڵی ١٩٨٨ بوو بروسکەیەکی شفرەکراوم لەمەڵبەندی(٣) وە بۆ تۆفیق کـانی وەتمـانی وەرگـرت، بروسـکەکە تیایـداهاتبوو: (دوژمـن بـەنیازی هێـرش کردنـە بـۆ دۆڵـی بالیسـان و گرتنیـەتی، بۆیـە واپێویسـت دەکـات خۆتـان و هێزێـك بچـنە

سەرشـــاخی نوســـەك[87] هێزەکـــەتان لـــەویٚ دامـــەزرێنن)، لەبەرێکەوتنمانـــەوە تاگەیشتنمان هـەر بەفرو باران بوو، کە گەیشتینە شوێنی مەبەست کاك تۆفیق خـۆی چـووە خـوارەوە بـۆ ناوگونـدی چـیوە بـۆ زانـینی دەنگوباسـەکان، مـن و پێشمەرگەکان و بێتەلەکە لەسەرشاخ ماینەوە هیچ شوێنێکم شك نەدەبرد نـەخۆم نەبێتەلەکەی لیٚ دابنیم و بێتەلەکەم زۆر خۆشدەویست، بن بـەردێکم دۆزیـەوە بۆ خـۆم و بێتەلەکـە بـۆ ئـەوەی تـەڕ نـەبێت بـارانیش هەرخۆشـی نـەدەکردەوە، ناچار هەرچـی پێمبـوو لەبـەتانی، جلوجـۆڕ، کۆپـانی ئیسترەکەشـم بەبێتەلەکـەدا دا، بـۆ بەیانی کاك تۆفیق ناردی بەشوێنم کە بچمە نـاو گونـدی چیوە، هـەر بەگەیشتنم داوای لێکـردم بێتەلەکـە دامـەزرێنم بـۆ زانـینی دەنگوباسـەکان، مـن و هاوکارەکـەم دامانمەزراند، بەڵام بێتەلەکە ئیشی نەکرد، کاك تۆفیقی فەرماندەمان لێم تورە بوو، وتـی کـەی ئێـوە عەدەدبێتـەلن بـۆ بێتەلەکـە کارناکـات؟!، منـیش وەڵامـم دایـەوە لـەدوێنێوە بـاران و بـەفر لەبێتەلەکـەو خۆمـانی داوە هەرچـی پێمبـووە لەبـەتانی و جلوجۆڕ پێمداداوە بەکۆپانەکەشەوە، رەنگبی ئاو چوبێتە ناوی بەراستیش وابوو کـاتیٚ کردمـەوە پـاش وشـككردنەوەی، بـەزۆپای دار کەوتـەوە کـار بـەڵام کـەگوێی لەوەبوو کۆپانی ئێسترەکەشم پیداداوە پێکەنینی هات دواتر ئاشتی کردینەوە".

---

[87] شـاخی نوسـەك دەکەویتـە (٢٥) کیلومـەتری شـاری رانیـە و لەلایـەك بەرانبـەر شـاخی هەورێیـە، لەلایـەکی تـریش لەگـەڵ لوتکـەی شـاخی شیشـار بەرامبـەر یـەکن و دەڕوانێتـە سـەر گونـدی وەریٚ و جادەی دۆڵی بالیسـان، دوای بۆردومـانی کردنـی گونـدی وەریٚ بـەکیمیاوی، خیزانێك چووبوونە نـاو حـەوزی کـانی ژنـان هـەموبان لەوێـدا مردبـوون کـە بـاوکی منـاڵـەکان هـاتبووەوە پرسـیاری کردبـوو، دەچێت سـەیردەکات هـەمویان مـردون شـێت دەبێـت وەك بـەرد ژن و منـاڵـەکانی لـەئاوی حەوزەکـە دەرهێناوەو فرێی داون.

## بەسەرهاتی بارانگیرو بارگیرەکان!

هاوڕێی دێرینم کاك خالید رەزا ئەوەی نوسیووە:

لەدوای پرۆسەکانی بەدناوی ئەنفال لە قاسمەرەش گیرساینەوە. بارەگای سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی لەوێ دانران. پێشتر و لەکاتی گەرم بوونی شەڕ و هێرشەکانی سوپای بەعسدا بۆ سەر ناوچەکانی دۆڵی جافەتی کە بارەگاکانی سەرکردایەتی لێبوو.

سەرکردایەتی پێشوەختە پێیباش بوو کە رادیۆیەکی ئیحتیات لە دۆڵە کۆگە[88] دابنرێت، تا لە کاتی وەستان و گواستنەوەی رادیۆکەی بەرگەڵوو ئەوەی دۆڵە کۆگە بکەوێتە کار و رژێم هەست بە وەستانی رادیۆ گەورەکە نەکات. بۆ ئەو مەبەستە پێش ئەنفال ژمارەیەك لە کادری ئیعلامی و ئەندازیار و تەکنیککار و پێشمەرگە نێردران بۆ ئەوێ. هەر واش کرا لەکاتی گوستنەوەی رادیۆکەدا ئەوەی دۆڵە کۆگە کەوتە کار و دوژمن هیچ هەستیکی پێ نەکرد. لەدوای پرۆسەکانی ئەنفال ژمارەیەك کادر و پێشمەرگەی تریش چووبوون بۆ دۆڵە کۆگە. ئازادی مەلا عەلی ناسراو بە ئازاد سەرسپی وەك کادری مالی و گومرگ لەوێ بوو. رێبەندانی سالی ١٩٨٨ لە قاسمەرەش بووین، ئەمین قادر مینە ناسراو بە مامۆستا ئەمین، بروسکەیەکی داینێ کە بیدەین بە کاك ئازاد سەرسپی.

ئەمە ناوەڕۆکی بروسکەکەی ئەمین بوو:

---

[88] دۆڵەکۆگە: دۆڵێکی درێژ و پڕ لە دارودرەختە، شوێنێکی خۆشە بۆ گەشتیاری نەك بۆ مانەوەی درێژ. چۆمێکی گەورەی پێدا تێدەپەڕێ کە لە دەراوی گوێزێوە دێتەخوارەوە و مل دەنێ بۆ دەراوی سوێسنێ و لەوێوە دەڕژێتە چۆمی ژاراوە. دۆڵە کۆگە بە شاخەکانی جاسوسان، سادر و مارە پەستە دەورە دراوە. هاوینان خۆش و زستانان تابڵێی سەخت و ناخۆشە.

لە/ ئەمین–وە

بۆ ئازاد

پاش سڵاو

ئەوا (٧) بارانگیرم بۆ ناردن.

سەرە سەعاتی داهاتوو کەبێتەلەکان کرانەوە کاک ئازاد وەڵامی کاک ئەمینی دایەوە، وەڵامەکەی وەك دەڵێن سەر بەقوڕی دەهێنایە پێکەنین:

لە/ ئازادە–وە

بۆ/ ئەمین

کاکە گیان بەم زستانە کە دۆڵەکە بەفر دایپۆشیوەو بەشی خۆمان نە خواردن و نە جێگە و ڕێگەمان هەیە، من(٧) بارگیر چی لێ بکەم، نە جێگەم هەیە و نە کا و جۆ... تکایە مەیاننێرە...

وادەردەکەوت کاك ئازاد بارانگیرەکان(دژە باران)ی بە بارگیر خوێندۆتەوە، ڕەنگبێ عەدەد بێتەلەکە بە هەڵە نەقڵی کردبێت! چونکە لەکاتی بروسکەکردن و وەرگرتندا هەڵەی وا ڕووی دابوو. نمونەمان هەیە. ئێمە یەکسەر وەڵاممان دایەوە کە ئەوە بارانگیرە (مەتەری) نەك بارگیر(وڵاخی بەرزە)!.

## هەندێك بەسەرهات و رووداوی عەدەد بێتەلەكان

زۆرجار بەسەرهات و رووداوی خۆش بەسەر عەدەد بێتەلەكانمان هاتووە هەندێكیانم بۆ هاتووە لێرەدا دەیانخەمەڕوو:

* ساڵی ۱۹۸۹ لەقاسمەرەش بووین، وەك بەشی بێتەل لەسەرو هەموو بارەگاكانەوە بووین، چونكە دەبوایە شوێنی بێتەل دووربێ لەبارەگاكانەوە و هاتوچۆی كەسی بەسەرەوە نەبێت، رۆژێكیان نۆبەتی من بوو لەسەر بێتەلەكە كاربكەم لەپەنجەرەكەوە چاوم لێبوو یەكێك هات بەرەو ژوورەكەی ئێمە بەڕێكەوت لەو كاتەی ئەو گەیشتە نزیك پەنجەرەی ژوورەكە من بەدەنگی بەرز بە یەكێك لە بێتەلەكانم وت: كاكە یەك سەركەوە، كابراش خەڵكی یەكێك لەشارەكانی ئێران بوو هاتبوو بۆ لای سەركەوت عەینەكی هاوكارم، كەگوێی لەوەبوو گەیشتەلای دەرگا سەرەكیەكە وتبووی: كاكە ئەو برادەرەتان دەڵێت یەك سەركەوە بۆ كوێ بچم؟! برادەرانیش پێدەكەنن و كاك سەركەوت فەرمووی لێدەكات بۆ دانیشتن وهاتنە ژوورەوە پێی دەڵێت ئەوە لەگەڵ تۆی نەبووە.

** سوپای بەعسی داگیركەر بەنیازی هێرش كردن بوو بەرەو دۆڵی بالیسان و گرتنی ناوچەكە هێزی پێشمەرگەی كوردستان تۆپخانەی شۆڕشی هەبوو، تۆپیكی (۱۲۰) ملم یان دامەزراند بۆ بۆردومانكردنی هێزەكانی دوژمن كە دوو قائد فرقە هاتبوون بۆ (إستطلاع) واتە چاوگێرانی ناوچەكەو بڕیاردان لەسەر هێرشەكە، یەكێك لەپێشمەرگەكان بەبێتەلێكی دەستی VHF لای تۆپەكە دەبێت یەكێكی تریش وەك (رصد) دیدەوان بەرامبەر هێزەكانی دوژمن، دیدەوانەكە دەڵێت: چەند مەترێك. كوڕە گوریسیك تۆپەكە سەری كرد عەدەد تۆپەكەش یەك مەتر تۆپەكە دەهێنێتە دواتر ئەمجارە خواو راستان گوللە تۆپەكە لەنێوان هەردوو جێب قیادەی قائد فیرقەكان دەدات بە زەویداو هەردوكیان دەكوژرێن و بەمەش هێرشەكە ماوەیەك دوادەكەوێت.

*** لەسیفەتە باشەکانی عەدەد بێتەڵەکانی (ی.ن.ك) لەخۆبوردویی، چاونەترسی وریایی و زیرەکی بوو، زۆرجاریش بەشداریی فیعلیان بووە لەشەڕەکان لەپاڵ هێزی پێشمەرگەدا، بەڵام هەندێك جاریش (شتی بەسەردا تێدەپەڕی) توشی شتی سەیر دەبوون و کلاٌویان دەچوەسەر،خۆشم یەکێك بووم لەوانە، هەڤاڵێکی عەدەد بێتەلی سنوری گەرمیان ئەمەی بۆباسکردم:

کاتی گەرمەی شەڕەکان بووە لەگەڵ سوپای داگیرکەر، دوژمن وەك عادەتێکی هەمیشەیی پاش شکستخواردنی لە هەر هێرشێکدا تۆپباران و کاتیوشابارانی کوێرانەی ناوچە ئازادکراوەکانی دەکرد، ئەو شوێنەی بێتەلەکەی لێبووە بەرامبەر هێزەکانی دوژمن بووە و بەردەوام تۆپبارانی کردون بۆ ئیزعاجکردن، فەرماندەکە هەر بۆ سوعبەت و خۆشی بەعەدەد بێتەلەکە دەڵێت: ماڵت بە قورنەگیری چاویان لەئەنتیناو عەمودەکەی تۆیە بۆیە تۆپبارانمان دەکەن، عەدەد بێتەلەکە دەڵێت دەکریٚ بێتەلەکە داخەم؟ نەوەڵڵا نابێت.. چار چییە؟ نازانم... عەدەد بێتەلەکە بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانی لەکیس نەچیٚ هەڵدەستیٚ وایرو عەمودو کۆکسیێلەکە قوڕ ئەدات و ئەچێتەوە دەڵێت: چارەسەرم کرد! فەماندەکەش دەڵێت چۆن؟.. هەمویم قوڕ داوە! لێرەدا پیکەنین دروست دەبێت...

# شەڕ بۆ کوێت و راپەڕین و رزگارکردنی کوردستان و پەیوەندیەکی نهێنی بێتەل

دوای تێپەڕ بوونی(٣١)ساڵ بەسەر ئەو کارەدا ئێستا بڵاوی دەکەمەوە، چونکە ئەوە نهینیەکی ژیانی پیشمەرگایەتی و عەدەد بێتەلیم بووەو هەر پاراستومە و تەنها جەنابی مام جەلال و کاك نەوشیروان و هاوڕێکانم لەو بەشە ئاگاداری ئەوکارە بوون.

یەکێ لەسیفەت و سەروەرییە هەرە باشەکان کە بۆ عەدەد بێتەلەکانی (ی.ن.ك) ماوەتەوە نهێنی پاریزیی و خیانەت نەکردن و جێی متمانە بوون بووە لای سەرکردەو فەرمانـدەکان، نەوەی دوای راپەڕینیش وا نەزانن پێشمەرگایەتی هەرچەك بەدەستەکان بوون، راستە ئەوان روح وگیانی خۆیان فیدا دەکرد، بەڵام کاری دەزگاکانی ناو شۆڕشیش هاوکارو یارمەتیدەری ئەوان بووە لەهەموو بوارەکاندا..

هەموو هێزو لایەنەکان ئەوەیان دەزانی زۆربەی پێشمەرگەکانی(ی. ن. ك)خوێندەوار وخاوەن بڕوانامە بوون کەمێکی نەبێ نەخوێندەوار یا ئاستی خوێندەواریان کەم بێ، بۆیە زۆر پێشمەرگە بیرەوەریەکانی رۆژانەی خۆیان لەکاتی جەولە یا هەر رووداوێك یا قسەیەکی خۆش یا بەسەرهاتێك تۆماریان کردوون، پاش راپەڕینە شکۆدارەکەی ئاداری(١٩٩١) و هاتنە ئارای رۆژنامەکان (هەرچەندە ئەوکات شرارە و رێبازی نوێ هەبوون)، دامەزراندنی کەناڵە ناوخۆییەکان و پاشان کەناڵە ئاسمانیەکان دەرفەتێك بۆ سەرکردەو فەرمانـدەکان رەخسا بیرەوەریەکانی خۆیان باس بکەن یا بنووسنەوەو بڵاوبکەنەوە یا لەیادەکاندا لەسەری بنووسن و چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکرێ و قسەی لەسەر بکەن.

بەندەش یەکێکم لەوانەی زۆر بیرەوەری و بەسەرهاتم، تۆمار کردووە لای خۆم بەڵام تا ئێستا هەندێکیم بڵاوکردۆتەوە، ئەوی تریشم کۆکردۆتەوە بەهاوکاری هاوڕێکانم لە نامێلکەیەکدا تا ئێستا بەچەند هۆکارێك نەمتوانیوە چاپی بکەم و بڵاویان بکەمەوە.ئەوەی لێرەدا دەیگێرمەوە یەکێکە لە بیرەوەریەکانم لەگەڵ ئەو بەشەدا.

هەموو خەڵکی عێراق و ناوچەکە بەگشتی و بەتایبەتی خەڵکی کوردستان جەنگی کەنداوی دووەم یان (شەڕی گەردەلولی بیابان) لای هاوپەیمانان و لای سەرانی بەعس بە (أم المعارك) و لای کوێتی و سعودیەکان جەنگی رزگاری کوێت ناونرابوو، جەنگی رژێمی بەعس لەلایەك و(٣٣) دەوڵەتی هاوپەیمان

لەلایەکی تر پشت ئەستور بە بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن سوپای عێراقەوە لە ٢/ئابی ١٩٩٠ دەستی پێکرد و لە ٢٩ شوباتی(١٩٩١)کۆتاییهات.

کوێت دەوڵەتێکی عەرەبیە و لەساڵی ١٩٦١ سەربەخۆ بووە، لە(٢١ی) حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٢ سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق نوری سەعید دانی بەسنوری نێوان هەردوو وڵاتدا ناوە، لە(٤)ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٣ بەفەرمی عێراق دانی بەسەربەخۆیی کوێت داناوە، رووبەری کوێت ٨١٨،١٧ هەزار کم٢ و ساڵی ١٩٩٠ ژمارەی دانیشتوانەکەی ٢،١٤١،٤٦٥ کە ٦٠٠،٠٠٠ هەزارکەسی بەرەچەڵەك کوەیتی و ١،٥٤١،٤٦٥ کەس بیانی نیشتەجێ بوو، ئەو پارەیەی بەکاری دەهێنن دیناری کویتیە و ٦٠ میل لەشاری بەسراوە دوورەو دەکەوێتە باشوری عێراق، دوای یەك هەفتە لە ئاشکراکردنی سەربەخۆیی کوێت سەرۆك کۆماری ئەوکاتی عێراق عەبدولکەریم قاسم لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ئاشکرای کرد کە کوێت بەشێکە لەخاکی عێراق ئەمەش یەکەم کێشەی سیاسی نێوان هەردوو وڵات بوو.

لەسـەدەی حەڤدەهەمـەوە بنەماڵـەی (ال الصـباح) حـوکمرانی کوێـت دەکـەن و لەسەرەتادا چەند تیرەو هۆزێك بوون و خەریکی بازرگانی بوون لەرێی هیندستان بەتایبەت بازرگانی مرواری، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەتایبەت ساڵی(١٨٩٩) ئینگلیزەکان گرنگیەکی تایبەتیان بەباکوری کەنداو دەدەن، هەر بۆیە لەو ساڵەدا پەیماننامەیـەکی گرنگیـان لەگـەڵ (مبـارك الصـباح) مـۆرکرد ئـەویش (پارێزگـاری کردنی ئینگلیزەکان بوو لە سەربەخۆیی کوێت)، ئینگلیزەکـان سێ جار دەستیان لەکاروباری کوێت وەرداوە بۆ پاریزگاری کردنی سەربەخۆیی ئەو دەوڵەتە، جاری یەکەم ساڵی(١٩٢٠)بوو کە هێزەکانی ئیخوان بەسەرکردایەتی (فیصـل الـدویش) کاتێ ئابڵوقەی میری کوێتی ئەوسا (شیخ سالم مبارك الصباح)یان دابوو،جاری دووەم ساڵی(١٩٦١)کاتێ هێزەکانی سوپای عێراقی سەردەمی عەبدولکەریم قاسم کە ویستیان کوێت داگیر بکەن و جاری سیهەمیش ساڵی(١٩٩١)بوو کە هێزی سەربازیان هێنایە ئەو دەوڵەتە.

مێـــژووی داواکاریـــەکانی عێـــراق بـــۆ خـــاکی کوێـــت دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ساڵی(١٩٣٥)کـاتێ (غـازی کـوری فیصـل کـوری حوسـێن)ی پاشـای عێـراق ئێزگەیەکی رادیۆیی لە (قصر الزهور) دانابوو بەرنامەی تایبەتی پەخش دەکرد بۆ گەڕانەوەی کوێت بۆ سەر خاکی عێراق، سوپای پاشایەتی لە ئامادەباشی دا بوو بۆ پەلاماردانی کوێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی غازی پاشا بە کارەساتێکی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەستدا ئەوکارە ئەنجام نەدرا دوای گۆڕینی رژێمی پاشایەتی بەکۆماری عبـدالکریم قاسـم هێزەکـانی سـوپای عێراقـی کـۆکردەوە بۆپـەلاماردانی کوێـت و بەردەوام لە ئێزگەکەیانەوە رایدەگەیاند (الکویت جزء من العراق ولا یتجزء منـه) واتە کوێت بەشێکە لەخاکی عێراق ولێی جیا ناکرێتەوە.

لەسەردەمی رۆژانی سەختی خەبات، گوێگرتن لە رادیۆکانی BBC عەرەبی و دەنگـی ئـەمریکای عـەرەبی و فارسـی و دەنگـی ئیسـرائیل عـەرەبی فارسـی و مۆنتیکـارلۆ) لەلایـەن پێشـمەرگەو سـەرکردەکان کـارێکی رۆژانـە بـوو گوێیـان لـێ

دەگیرا و زۆربەی پێشمەرگە رادیۆیان هەبوو، بۆیە هەستمان کرد لە هەواڵەکان و شیکردنەوەکان کێشەیەك لە نێوان عێراق و کوێت لەسەر مەسەلەی بەرهەمهێنانی نەوت و قەرزەکانی هەیەو چاوەروانی ئەوە نەبووین هیچ شتێ روو بدات، ئەو کات و سەردەمە عێراق(١٤)ملیار دۆلار قەرزاری شەڕەکانی لەگەڵ ئێران بوو، ئامانجی دانەوەی قەرزەکانی بە کەمکردنەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت و بەرزکردنەوەی نرخەکەی بوو، بەڵام لایەنی کوێتی هەستا بە پشکنین و گەران بۆ نەوت لەناوخاکی عێراق بەپێی ئەو دەنگوباسانەی لە رادیۆکانەوە گوێ بیستی دەبووین لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی(١٩٩٠)کوێت و ئیمارات بڕیاریان دا کەپابەند دەبن بە ئۆپێکەوە بەبەرهەمهێنانی ١،٥ ملیۆن بەرمیل نەوت ئەوە زیاتر عێراقی شێت کرد. تا رۆژی ٢/ی ئابی(١٩٩٠)کاتێ لە رادیۆ و تەلەفزیۆنی عێراقەوە کە بەهەزار فرتوفێل و چەرمەسەری وەرماندەگرت و لەرادیۆکانی دونیاوە گوێ بیستی ئەوە بووین کە بە سیناریۆیەکی بەعسیانە گوایە (عێراق هەڵساوە بەهاوکاری خەڵکی کوێت بۆ رزگار بوونیان لە بنەماڵەی بۆگەنی(ال صباح) ئێستا کوێت بۆتە پارێزگای نۆزدەهەمی عێراق، بێگومان ئەم کارەی سەرانی بەعس و سوپاکەی سەرپێچی بوو لەیاسا نێو دەوڵەتیەکان و هەموو دونیای رۆژئاوا و وڵاتە عەرەبیەکان و وڵاتانی کەنداو و ئیمارەتەکانی هەژاند بەنەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە، چونکە سعودیە و کوێت هەمووکات عێراق و سوپاکەیان بە(حارس البوابە الشرقیە – پارێزەری دەروازەی

رۆژهەڵات) ناو دەبرد، ئەو رووداوە هیواو ئومێدێکی لادروستکردین بۆ گەڕانەوە بۆ سەر زێدی خۆمان و تەمێکردنی سەدام و سزادانی سوپاکەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان و هێزە هاوپەیمانەکانەوە، یەکەم پەرچەکردار بڕیاری ژمارە (٦٦٠) کە (شجب□ إستنکا□) بوو دەرچوو، لەبەرامبەریش دا عێراق لە ٤/ی ئابی ١٩٩٠ ئەفسەرێکی بەعسی خاوەن دوو رەگەزنامەی کوێتی و عێراقی بەناوی (علاء

حسن علی) هێناو حکومەتێکی ئینتقالی ڕاگەیاند بۆ چاوبەستەکێ لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، بەڵام پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی سوور بوون لەسەر ئەوەی پێویستە عێراق بە زووترین کات و بێ مەرجی پێشەکی لە خاکی کویت بکشێتەوە ئەگەرنا ناچار دەبن بە زەبری هێز وەدەرینێن، ئەمە زیاتر بۆ ئێمە دڵخۆشکەر بوو، دواتر بڕیاری ژمارە(٦٧٨)لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ساڵی(١٩٩٠)ی نەتەوە یەکگرتوەکان دەرچوو دوا مۆڵەتیان(١٥ی)کانونی دووەمی ١٩٩١یان دەست نیشان کرد بۆ کشانەوەی هێزەکانی سوپای عێراق لە کویت لەبەرامبەردا سوپای عێراق لە (٢٩ی)کانونی دووەم پەلاماری شارۆچکەی (خەفاجی) یان داو گرتیان و پاشان ویستیان پەلاماری (حفر الباطن) بدەن عەرەب وتەنی (مما زاد الطین بلة) قوڕەکەی خەستتر کردەوە، بەڕای بەندە وەك لەو ڕاپۆرتانەی بۆمان دەهات ئەگەر هێزەکانی سوپای عێراق کەمێ خۆڕاگر بوونایە ئەوا تەرازووی هێزی سەربازی دەگۆڕی، چونکە دەگەیشتنە بیرە نەوتەکانی ڕۆژهەلاتی سعودیە، خەفاجی گرنگیەکی ستراتیژی هەبوو بەنسبەت سعودیەوە، ئەوە زیاتر وای کرد ٣٣ دەوڵەت هاوپەیمانیەکی نێو دەوڵەتی پێکبهێنن بۆ ئەوەی عێراق بە زەبری هێز دەرپەڕێنن لەخاکی کویت، عێراق تا ڕۆژی لێدانەکە هەموو کشانەوەیەکی پەیوەست دەکرد بە کشانەوەی ئیسرائیل لە بەرەی ڕۆژئاوا و کەرتی غەززە و بەرزاییەکانی جۆلان وکشانەوەی سوریا لە لوبنان.

سەرکردایەتی (ی.ن. ك) کەوتە خۆ ئامادەکردن و چەند ئەگەرێکی لەبەر چاوگرت، ئەم پەیوەندییە نهێنییە بە بێتەل لەوکاتەوە سەرچاوەی گرت.

هەڤاڵ مام جەلال ئەوکات و سەردەمە لە گەشتێکی سیاسی و دبلۆماسی دا بوو لە ئەورووپا لە زۆر شوێن باسی ڕەوشی عێراقی کردبوو لەیەکێ لەپەیمانگاکانی بەریتانیا "پێشبینی ئەوەی کردبوو کە ڕژێمی عێراق چاوی

بەدیموکراسیەت هەڵنایەو ناتوانێ بێ شەڕو ئاژاوە دانیشێ و رەنگە پەلاماری وڵاتێکی تری دراوسێ بدات بۆ نمونە وتبووی کوێت یا سعودیە کە جۆرە دیموکراتیەتیك و ئازادیەکی تیدا شك دەبات "، دواتر تەلەفزیۆنی قەتەری چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ جەنابی سازدا بوو دیسان باسی ئەوەی کردبووەوە بەکاسێتی ڤیدیۆیی لە قاسمە رەش بینیمان و گوێمان لیگرت، سەرەتا پێشبینیەکەی بەڕێزیان بە هەند وەرنەگیرا و بە موستەحیل لەقەلەم درا بوو، دوای داگیرکاریەکە رۆژنامەنوسان هەوڵی پەیوەندی پێوەکردنیان دەدا.

لێرەدا بیرەوەریەکی بچوك دەگێرمەوە چونکە بەدوورو درێژی لەبیرەوەریەکانم تۆمارم کردووە، پەیوەندیەکم هەبوو لەگەڵ بێتەلە ئارەزوو مەندەکان (اندية هوات اللاسلكي) کە لە سەرتاسەری ئەورووپا بڵاو بوو، جارێك پەیوەندییەکم لەگەڵ کابرایەکی کوێتی گرت و قسەم لەگەڵ کرد وەك ئەمانوت (روونکردنەوەی رێبازی شۆڕش چۆن پێشمەرگە لەسەر جادەکان و ناو ئۆردوگا زۆرە ملێکان کۆبونەوەیان بەخەڵك دەکرد) پاش یەکتر ناساندن و کۆد گۆڕینەوە کە یەکێ بوو لە ئەرکەکان پێموت ئێمە هێزیکی سیاسی و چەکدارین لەکوردستانی عێراقەوە و لەشاخەکان دەجەنگین دژی سەدام بۆ بەدەست هێنانی مافی چارەی خۆنوسین بۆ گەلەکەمان و ناوچەیەکی فراوانی ئازادکراومان هەیە و لەدوای کاتژمێر ٣ی ئێوارەوە زۆربەی جادە سەرەکیەکان دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانمان، ئەویش بە درەندەترین شێوە دژی گەلەکەمان دەوستێتەوە بەتۆپ و فرۆکە خەڵکی سیڤیل بۆمباباران و تۆپباران دەکات و حەز دەکەم زانیاریەکت پێبڵێم: ئەو بێتەلەی ئێوە قسەی لەگەڵ دەکەن لەبەغداوە ئەوە لە موخابەراتی عێراقەوەیە ئەگەرنا کەس ناتوانێ خاوەنی بێتەل بێ و لەماڵەکەی خۆی دای بنێ وەك ئێوە، ئێوە سەدام باش ناناسن وەك ئێمە کە بە (حارس البوابە الشرقیە - پارێزەری دەروازەی رۆژهەلاتی) ناوی دەبەن ئەگەر رۆژێك یارمەتی لێ بڕن وەك مار پێتانەوە دەدات. چەند جارێکی تر هەوڵم

دەدا قسەی لەگەڵ بکەمەوە وەڵامەکەی ئەوە بوو: ئێوە موخەریبن و ئێوە ئێران هانتان دەدات دژی سەدام و سکاڵاتان لێدەکەم لە هەیئەی دەولی بۆ گەیاندن.. ئەو جۆرە قسانە و هانی بێتەلە ئەوروپییەکانی دەدا کە قسەمان لەگەڵ نەکەن بەڵام ئەوروپییەکان بەردەوام بوون و زیاتر پەیوەندییان پێوە دەکردم، هەندێکیان رۆژنامەنووس بوون و هەندێکی تریان سەر بە چەند دەزگایەك بوون..

پاش گەرانەوەی جەنابی مام بۆ شام بەهۆی بێتەلی پەیوەندیەکانی شامەوە ئەو کات و سەردەمە د.کەمال خۆشناو لێپرسراوی بوو بروسکەیەکی چەند خاڵی بە شیفرەی تایبەتی نێوانیان لەگەڵ کاك نەوشیروان کە لای بەندە بوو ئاراستەی کاك نەوشییروان کرد هەرچەندە دەقەکەیم لەبەر دەست نییە، بەڵام ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیە بوو" بۆ کاکە نەوەی بەڕێز پێویستە هێزی پێشمەرگە رێکبخەنەوە و سازو ئامادەی بکەن بۆ کاتی لێدانی سەدام و بەپێی زانیاریەکانم لێی دەدرێت و ئەو برادەرانەی لێرە دیومن قەناعەتیان وایە ئەو شتە دەبێ و لەکوەێت دەریدەپەڕێنن و رژێمەکەی لەناو دەبەن، بۆیە وا پێویست دەکات هەماهەنگی لەگەڵ پ. د. ك بەتایبەت و لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بکەن و بۆ ئەو رووداوە گرنگەی هاتۆتە پێش "، کاك نەوشیروان وەڵامێکی کورتی دایەوە: " باشە بەسەرچاو هەرچی پێویست بکات لێرە دەیکەین و تەنانەت گەر پێویست بکات خۆشم دەچمە خوارەوە و لەوێوە سەرپەرشتی هێزەکان دەکەم " جەنابی مام جارێکی تر وەڵامی دایەوە و فەرموی " من نامەوێ ژیانی خۆت بخەیتە مەترسیەوە ئەوانەی پێشتر باسم کردووە چاکە جارێ ئەوانە بکرێت، کە زانیاریی تریشم دەستکەوت ئەوانیشت بۆ دەنێرم بەڵام دڵنیابە کە لێی دەدرێت بە نیازی روخانی رژێم، تکایە کاك پشکۆی ئەندازیارم بۆ بنێرە بۆ شام بۆ کارێکی گرنگ و پێویست "، هەر لەو ماوەیەدا داوای کرد بەندە بنێرن بۆ سوریا بۆ لای بۆ کاری بێتەلی بەڵام بەهۆی پاسپۆرتەوە ئەوە نەکرا، ئاکۆ حەسەن ئامادەکراو نێردرایە پەیوەندییەکانی شام بۆ کاری بێتەلی.. پاش گەرانەوەی کاك پشکۆ بۆ

قاسمەرەش لەگەڵ برادەران کەوتینە دامەزراندنی ئەنتینا (هوائی ئاریەل) بۆ شەپۆلەکانی ١٤٠٠٠ میگاهێرتزو ٢١٠٠٠ میگاهێرتز و بێتەلە ئایکۆمەکەمان کە توانای ٥٠٠ واتی هەبوو ئەوانی ترمان ٢٠ وات بوون، پێکەوە کەوتینە تاقی کردنەوەی شوێنی چۆڵ کە کەس قسەی لەسەر نەکات هەرچەندە ئەو شەپۆلانە بێتەلە ئارەزوومەندەکان قسەیان لەسەر دەکرد دەبوایە کاتێکی وا هەڵبژێرین کە گونجاو بێ، کاک پشکۆ سەفەرێکی چەند رۆژەی کردەوە ئەمجارەیان لەگەڵ حوسێن سنجاری بەیەکەوە گەرانەوە قاسمەرەش و شفرەیەکی ئینگلیزی و چەند شەپۆلێکیان بۆ هینا بووم کە لەگەڵ کابرایەکی ئینگلیز تاقی بکەمەوە و بزانم دەنگمان لەگەڵ یەکتردا چۆنە و کاتەکان گونجاون یا نا، کاک نەوشیروان بانگی کردم فەرموی مام ئاگاداری کردوم کە ئینگلیزیەکەت خراپ نییە، چونکە قسەت لەگەڵ وێستگە ئەوروپیەکان کردووە، بۆیە ئەوە بەتۆ دەسپێرم و نابێ کەس بزانێ جگە لەخۆت و پشکۆ و حوسێن سنجاری لەگەڵ کوێ قسەدەکەیت، هەرچەندە دەزانم نهێنی دەپارێزی و ئەو زانیاریانەی کە دەیاننێرێت ئامادەی بکەو حوسێن سنجاری پێیدا دەچێتەوە ئینجا بیکە بە شیفرەکەی خۆیان، منیش وتم شفرەکەی ئەوان زۆر کەم وکورِی تێدایە هەندێك شتی پێویستی تێدا نییە، فەرموی لەم رۆژانە حوسێن سنجاری سەفەرێکی کورت دەکات هەرچی دەتەوێت بۆی بنوسە با پێیان بڵێت یا خۆت شفرەیەك ئامادە بکە گەر بەلایانەوە پەسند بوو ئەوا کاری لەسەر بکەن دوای گەرانەوەی ئەوانەی بۆم نوسی بوون لەگەڵ شفرەکە بۆم ناردبون تیکەڵیان کردبووپێیان باش بوو ناردبویانەوە بۆم...

پەیوەندی کردنم لەگەڵ ئەو بێتەلە کە لەناوەراستی لەندەن بوو سەرەتا بۆ سەر لێ شیواندنی دەزگا سیخوڕی و هەواڵ گرییەکانی ناوچەکە کە ئێمە دوو بێتەلی ئارەزوومەندین و تەنها چاك و چۆنی و.. من ناوم.. ئەی تۆ ناوت چییە.. لەکوێوە قسە دەکەیت.. ئەنتیناکەت چ جۆرێکە.. کەش و هەواو پلەکانی گەرما چۆنەو چەندە؟...

ئەمانە ئەو یاسایە بوو کە بێتەلە ئارەزوومەندەکانی ئەوروپا پەیرەویان دەکرد سەرەتا وتی: من ناوم دیڤیدە و لەناوەراستی لەندەنەوە قسەت لەگەڵ دەکەم من Q 1 تۆ Q 2ی من ناوم ئازادە و ناتوانم شوێنەکەی خۆمت پێ بڵێم لەبەر لایەنی ئەمنی و پێیوتم دەنگت زۆر بەهێزە وەك ئەوە وایە زۆر لەمن نزیك بیت، لەوەڵامدا وتم: ئەنتیناکەم تەنها دوو وایەرە و دایپۆلێکم بۆ داناوە فەقیرانەیە، وتی برادەرێکم هاتۆتە لات دیاریەکم بۆ ناردوی گەیشتۆتە دەستت؟ منیش لەوەڵامدا وتم: بەڵێ زۆر باشە، وتی: ئەگەر دیاریەکی باشتر هەبوو ئەو بردارە دەتوانیٚ بیگەیەنێتە دەستم؟ لە وەڵامدا وتم بێگومان، دواتر وتی: دەتوانی بچیتە شوێنەکەی ترمان؟ لەوەڵامدا وتم تۆ بچۆ ئەوێ منیش لەوێ دەبم کۆتا قسەمان ئەوەبوو وتی: هەموو رۆژێ دەتوانم پەیوەندیت پیوە بکەم؟ لەوەڵامدا وتم بەڵێ زۆرباشە، بەڵام ئەگەر چەند دەقەیە دوا کەوتم ئەوا هەر چاوەرێم بکە.. ئەم گفتوگۆیە هەموی بەزمانی ئینگلیزی بوو، لێپرسراوەکەیان ئاگاداری جەنابی مام جەلالی کردبوو ترسم لە زمانەکە هەبوو، بەڵام خۆم گوێم لەقسەکان بوو کێشەی زمانمان نابێ و یەك دوو جار کاك بەختیاری برای کاك نەوشیروان لەوێوە قسەی لەگەڵ کردم..

ئەو شفرەیەی بۆیان ناردبووم ناوی نهێنی مام جەلال (مارس) کاك نەوشیروان (ئۆرانوس) کاك مەسعود (شیپەرد) حوسێن سنجاری (جوبیتەر) کاك پشکۆ (مێرکۆری) و بەندەش (ئازاد) عەدەد بێتەلەکەی ئەوان (دیڤید) ئەوانەی خۆشیان یەکیان (بێر واتە ورچ) ئەوی تر (هاینۆ) و ئەوی تر (ئەرمادیلۆ) کە لێپرسراویان بوو جگە لەناوەرۆکی شفرە..

ئەم پەیوەندییە کاتێك کارابوو کە هێزە هاوپەیمانەکان دڵنیا بوون لەوەی سەدام حوسێن لەخاکی کویت ناکشێتەوەو بڕیاری لێدانی درابوو، هەر وەك بە مام جەلالیان مامیان راگەیاندبوو کە وەك بزوتنەوەیەکی رزگاریخواز و هێزێکی سیاسی و چەکدار و خاوەن پێگەی جەماوەری پێویستە رۆڵی خۆتان هەبێ لەو

کارەدا، بەشداریی ئێوە گرنگە لەو پرۆسەیەدا بۆیە مام جەلال هەڵوێست و بۆچونەکانی ئەوانی بۆ سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی دەنارد و جەختی دەکردەوە لەسەر بەشداربوونمان و لەڕێگەی بێتەلی مەکتەبی شامەوە بەشیفرەی تایبەتی نێوان خۆی و کاك نەوشیروان، بەهۆی راوبۆچونی جیاوازەوە کەلێنێکی بچوك کەوتە نێوان ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی، بۆیە کۆمیتەیەکی کاتی سەرکردایەتی (ك. ك.س) پێکهێنرا بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان، هەندێك لە بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوە بوون کە لە سەدام حوسێن دەدرێت رژێمەکەی لەناو دەبرێت، سەرەتا بۆچوونی هێزە هاوپەیمانەکان بوو، بۆچوونێکی تر هەبوو کە لە سەدام حوسێن دەدرێت و پەروباڵی دەکەن و دەیکەن بە(تەیرێکی مەعقول)، بەڵام رژێمەکەی دەمێنێ و ناڕوخێ و بۆچوونێکی تریش هەبوو کە ئەو هەموو هێزە کۆکراوەتەوە بۆ ترساندنی سەدامە بۆ کشانەوەی بێ شەڕی لەکویت، سەدام کۆتا چرکە دەکشێتەوە، ئەگەر بەشدار بین لەو هاوپەیمانیە ئەگەر لێی نەدرا ئەوا تۆڵە لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لەشارو شارەدێیەکان و کادیرو پێشمەرگە زیندانیەکانمان دەکاتەوە، سەرنجام هەموو بۆچوونەکان یەکخراو بەبروسکەیەکی چەند خاڵی ئاراستەی مام کرا، هەرچەندە دەقی بروسکەکەم لەبەر دەست نییە بەڵام ناوەرۆکەکەی ئەوەی لەیادم بێ بەم شیوەیە بوو" " هێزی پێشمەرگە سازو ئامادە دەکەین بۆ هەموو ئەگەرەکان،

چەندین خولی راهێنانمان بۆ هێزی پێشمەرگە کردۆتەوە لەهەموو بوارەکان، پەیوەندیمان بەزۆر لایەنی دۆست لە شار و شارۆچکەکاندا کردووە، ئاڵوگۆڕی مفرەزە پارتیزانەکانی خوارەوەمان ئەنجام داوە، چەند مفرەزەیەکی نوێی پارتیزانی سازو ئامادەکراون بۆ جێگیر بوون لە ناوچەکان، بیرمان کردۆتەوە لە دروستکردنی (سرك/ سوپای رزگاری کوردستان) لەو کادیرو پێشمەرگانەی خۆمان کە چوونەتەوە، هەماهەنگی لەگەڵ (پ.د.ك) و بەرەی کوردستانی دەکەین و بۆ ئەو مەبەستە سەردانمان کردون و وابڕیارە ئەوانیش لەم رۆژانە سەردانمان

بکەنەوە و کاك مەسعودیشیان لەگەڵ دەبێ و کاك فەرەیدونیش لەم رۆژانە بە نامەیەکی دوورو درێژەوە دیتە خزمەت جەنابتان بۆ شام هەر بۆ ئەم بابەتە، هەموو شتێك بەدڵی جەنابتە ".

لەهەمان کاتدا چەندین سیناریوی شێوەی شەڕەکە و نەخشەی هێرشەکان بڵاوکرابۆوە و چەندین لێکۆڵەری سەربازی لە رادیۆکانەوە شیکاریان بۆ جەنگەکەو تواناکانی سوپای عێراق و ئەو چەکانەو بارودۆخی سوپای عێراق لەکاتی لێدانەکان کردو ئەوەش دەخرایە روو کە یەکەم هەنگاو لێدانی ئاسمانی بێ نەك هێرشی زەمینی.

بەهۆی ئەو بێتەلەوە کەوتمە ناردنی زانیاری سەربازیی دەربارەی سوپای عێراق ((شوێن بارەگای فەیلەق و فیرقە و شوێنی لیواکانیان، ناوی فەرماندەکانیان، ژمارەی هێزی فیعلی شەڕکەری سوپای عێراق، شوێن بنکەی رۆکیتە سکۆدەکان، جۆرو ژمارەیان لە کوێوە بەنیازن هەڵیبدەن، شوێنی حەشارگەی سکۆدەکان و حەشارگەی هەلیکۆپتەر و فرۆکە جەنگیەکانیان، جۆرو ژمارەیان، شوێنی حەشاردانی چەکە کیمیاویەکان و جۆریان، بنکەو بارەگای فەیلەق و فیرقەکان لەکاتی هێرش لە کوێ جێگیر دەبن، دەزگا سیخوریەکانی وەك موخابەرات و ئیستیخبارات و ئەمنی خاص، ئێستا لەکوێن و لەکاتی هێرش دەچنە کوێ، ژمارەی هێزەکانی گاردی کۆماری و جۆری چەك و ناوی فیرقەکانیان، فەرماندەکانیان کێن و جۆری تانك و زرێپۆشەکانیان و ژمارەی گشتی تانك و زرێپۆش و فەرماندەکانیان کێن؟ ناویان چییە و ژمارەی تۆپە دوورهاوێژەکان و هاوەنات و فەرماندەکانیان کێن؟ دەزگا گوێگرتنەکانیان، جۆریان و شوێنەکانیان، فەرماندەکانیان کێن؟ وێستگە تەشویشەکان لەکوێن شوێنەکانیان و تاوەرەکانیان و زۆر زانیاری تریش... بێگومان ئەو زانیارییانە لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو لەناو سوپای عێراقەوە بە هۆی رێکخستنەکانەوە دەگەیشتە دەست کاك نەوشیروان و بەندەش دەیکردنە شیفرە ئینگلیزیەکەو

لەکاتەکانی پەیوەندی بۆم دەناردن و بەپێی نەخشەو پێوەری نەخشە کێشان و هێڵەکانی پانی و درێژی و هەرچی زانیاریەکیان داوا بکردایە بۆیان جێبەجێ دەکرا..

سەرەتای ئەو گرژیی و ئاڵۆزییەی نێوان عێراق و هاوپەیمانان سەرانی بەعس بە هاشوهوشیان دەزانی، بەڵام دوایی هەستیان کرد دەوڵەتە هاوپەیمانەکان جدین لە لێدانی ئەوەش دوای هێنانی فڕۆکەی جەنگی پێشکەوتوو بۆ سعودیەو تورکیا لە ئەنچەرلیك و بنکەی عودەید لە قەتەر و دامەزراندنی بنکەی فەرماندەیی و ئەو کەشتیگەلە زۆرەو کەشتی فرۆکە هەڵگر، ئەو کاتە سەدام و داروەدەستەکەی کەوتنە پەنا بردنەبەر (قەڵغانی مرۆیی) لە شوێنە گرنگ و هەستیارەکانی وەك بەنداوەکانی دوکان و موسڵ و دامەزراوە ئابوریەکان و هەندێك لەکارگەکان کە زۆربەیان بریتی بوون لە ئەندازیارو شارەزاو پسپۆر و کرێکارە بیانیەکانی کۆمپانیاکان کە لەعێراق کاریان دەکرد، داوایان لەسەرکردایەتی ی ن ك و پ د ك کرد چەندی ئەتوانن لەو پسپۆرانە رزگار بکەن، ئەوە بوو پێشمەرگە پارتیزانەکانی رەتلی سورداش بەسەرپەرشتی شەهید غەریب هەڵەدنی توانیان چەند ئەندازیاری هۆڵەندی رزگاربکەن و لە ٢١/تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ بە سەلامەتی گەیشتنە قاسمەرەش، بەڵام برادەرانی پارتی هەرجارەی بەبیانوییەك جارێك بەهۆی گیرانی رێگاکان بە بەفر و جارێك بەهۆی ئاوی زۆری رووبارو جارێك بەهۆی رێ لێتێکچون و جاریێ ئامادەنەبوونی دەلیل و جاریێ بەهۆی تەواونەبوونی پێداویستیەکانەوە، کارەکەیان ئەنجام نەدەدا، بەڵام بەبڕوای برادەرانمان ئەنجامنەدانی ئەو کارەیان دەگەراندەوە بۆ نەبونی، خەڵك نەبوونی رێکخستن لەناوەوەو ئامادەنەبوونیان بۆ ئەو جۆرە کارە کە مەترسیدار بوو بۆ سەر ژیانی رێکخستن و پێشمەرگە، بۆیە دواتر سوپاسنامەیان ئاراستەی سەرکردایەتی یەکێتی و یەکە یەکەی پێشمەرگەکان کرد و دەستخۆشیان لێکردن و گازەندەش بۆ ئەولا.....

هەر بەهۆی ئەو پەیوەندییە بێتەلیەوە بوو ئاگادارکراین چ ڕۆژێك هێرشە ئاسمانییەکان دەست پێدەکات پاش چەند جارێك ئاڵوگۆڕ لەکاتەکەدا و هێرشە ئاسمانیەکان لە ١٧ کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩١ دەستی پێکرد ئەو شەوە تابەیانی لەگەڵ هاوڕێیانم بەدیار بێتەلەکانمانەوە بووین و جارجاریش بێتەلی ڕەتڵە پارتیزانەکان پەیوەندییان پێوە دەکردین، ئەگەر هەڵەنەبم لەیەکەم ڕۆژدا نزیکەی هەزار هێرشی ئاسمانی کرایە سەر بنکەو بارەگاکانی سوپای عێراق لەناو کوێت و شوێنەکانی تری عێراق و دامەزراوە ئابورییەکان و سەرچاوەکانی وزە و پەکخستنی کاری گەیاندنی زەمینی و نێودەوڵەتیەکان و هەر بەو بێتەلە ئاگاداریان کردین کە سەرچاوەکانی گەیاندن و پەیوەندی کردنی سوپای عێراقیان پەکخستوە..

بەهۆی ئەوەی دوای ئەو پەیوەندیە دەچوومە سەر هێڵی بێتەلە ئارەزوومەندەکان و جارە جارە قسەم لەگەڵ وێستگەیەك دەکرد، ئەو وێستگە کویتیەی کە پێشتر دەیوت ئێوە موخەربین زۆر لەوێستگە عەرەبی و بیانیەکانی راسپاردبوو کە لەسەرخەت بووم ئاگاداری بکەنەوە بۆ ئەوەی پەیوەندیم پێوە بکەن ڕۆژێك دوای ئەنجامدانی ئەو کارەم قسەی لەگەڵ کردم، بەڵام لەئیماراتەوە نەك لەناو کوێت، وتی ئێوە ڕاستتان کرد سەدام وەك مار وابوو پێوەی داین و داوای زانیاری سەربازی لەسەر سوپای عێراق دەکرد بەندەش پاش پرسیارکردن هیچ جۆرە زانیاریەکم پێ نەدا تا ڕاپەڕینی ١٩٩١یش جار جارە پەیوەندی دەکرد..

لە ئەنجامی هێرشی ئاسمانی و زەمینی سوپای عێراق تێکشکاو توشی زیانێکی زۆری گیانی و ماددی بوو، ناچار بوو ملکەچی بڕیاری ژمارە (٦٧٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بێت و بەیەکجاری لە کوێت بکشێنەوە و لەگەڵ (نۆرمان شوارتزکۆف) لە خێمەکەی (صفوان) تەسلیم بوونی خۆی واژۆکرد و دانی بەشکستی خۆیدا ناو و سەرۆکی ئەوکاتی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (بوش)

بەفەرمی کۆتاییهێنانی بە گەردەلولی بیابان راگەیاندو لەناو وتەکانیدا وتی: "ئەوەی لەسەر ئێمە بوو ئەنجاممان داو ئەوی تر بۆ خەڵکی عێراق لێ دەگەڕێین"، بۆیە لەناوەراست و خواروی عێراق راپەڕین دەستیپێکرد و توانرا زیاتر لە ١٠ تا ١٢ پارێزگا بکەوێتە دەست خەڵکی راپەڕیو.

ئێمەی کوردیش وەك سەرکردایەتی(ی.ن.ك)ماوەیەك بوو بێتەلێکی جۆری راکاڵمان لەگەڵ رەحمەتی عەزیز بەگ ناردبووە خوارەوە و کوردەی کوڕیمان فێری بەکارهێنانی شیفرە و بێتەل کرد بوو، دوای چوونە خوارەوەیان لە (کونە صە) شاخی کێوە رەش جێگیربون و بۆ پەیوەندی کردن لەکاتی راپەڕین و رێکخستنی پەیوەندی نێوان پێشمەرگەو رێکخستن و ئەو چەکدارانەی بەنامەی تایبەت ئاگادار کرابوون لەکاتی راپەڕیندا دژی جەماوەر نەوەستنەوەو پشتگیریان بکەن. خالید رەزاش پێش ماوەیەك بەنوێنەرایتی کاك نەوشیروان لە ڕێگەی رەتڵی سورداشەوە گەیشتبووە سلێمانی بۆ راپەڕاندنی کارەکان و شانە چەکدارەکانی شالاو لە هەولێرو بروسکیش لە کەرکوك پێکهێنرابوو، هەروەها سەرکەوت محمد فەتاح ماوەیەك لەگەڵ پارتیزانەکانی رەتڵی سورداش مایەوە، بەکورتیەکەی هەموو ئامادەکارییەك لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کراو فەرماندەو سەرکردەکانی رەتڵەکانی هێزی پێشمەرگە بۆ کاتی جوولان دانربوو، هەموو عەدەد بێتەلەکانیش سازو ئامادەکرابون لەگەڵ رەتڵەکان بەر لەراپەڕین هەریەکە بۆ میحوەرێك و لەگەڵ فەرماندەو سەرکردەکاندا، هەر بەر لە راپەڕین ئێزگە ٤١ مەتریەکە برابووە زەڵێ و جێگیرکرابوو رۆژانە بەرنامەکانی بەزمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش دەکرد، کاك نەوشیروان زنجیرە وتارێکی گرنگی نووسی بوو و لەوێوە پەخش دەکرا بەندە لای خۆمەوە ناومنابوو وتارە ئاگرینەکان تا ٣١/ی ئابیش هەر لام مابوو، بەڵام بەهۆی ئەو رووداوانەوە و نەبوونی کۆمپیوتەر لەوکاتەدا هەموویم سوتاند، هاوڕێیان کاك باست بێژەری کوردی و کاك مەلا یاسین عەرەبی و کاك رێدارو و کاك بەخەی گوزید کاریان لەو رادیۆیەدا دەکرد..

لە ٥/ ی ئاداری ساڵی ١٩٩١ شاری رانیە راپەڕین وبەماوەیەکی کەم تەواوی شارەکە ئازاد کراو پاککرایەوە لە بەعسیان و پەلاماری فیرقەی(٢٤) ی چوارقوڕنە و ناوچەکانی دەوروبەری دراو ئەوانیش ئازاد کران وهەر لەو بێتە لەوە یەکەم بروسکەی ئازاد کردنی رانیەمان پێ گەیشت و بەدەنگە زوڵاڵەکەی کاك باست بە گوێی جەماوەری کوردستاندا دەخوێندرایەوەو بەسرود و هاندانی جەماوەر زیاتر خرۆشا بوو، لەهەموو شارو شارۆچکەکان خۆیان سازو ئامادەکردبوو، چاوەڕوانی هێزی پێشمەرگە بوون بۆ پشتیوانی کردنیان، بەفیعلی پێشمەرگە گەیشتبووە دەور و بەری شارەکان و جەماوەر چاوەروانی هەڵمەت و پشتیوانیان بوو. لێرەش جێی ئاماژەیە کاك مەسعودو چەند ئەندامێکی م.س یان بڕیار وابوو بێنە قاسمەرەش، لەگەڵ کاك نەوشیروان و هێزەکانمان پێکەوە بگەینە رانیە، بەڵام چەند رۆژێ دواکەوتن بە هۆکاری جیا جیا بەبروسکە ئاگاداریان دەکردین کەناتوانین بێین تا لە ٣/٧ سلێمانی و دەوروبەری بەتەواوی ئازاد نەکرا هیچ کام لەهێزەکانی ئەوان نەجولان تا رۆژی ٣/٩ /١٩٩١ کاك نەوشیروان کاك مەسعود و هێزیك پێکەوە گەیشتینە شاری رانیەی ئازادکراوکە دواتر ناونرا دەروازەی راپەڕین..

لەماوەی راپەڕینیش هەر پەیوەندیم بەو بێتەلەوە مابوو هەواڵی رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانم پێ رادەگەیاند و لە مەسیف سەلاحەدینیش کە بارەگامان لەوێ بوو لە ڕێگەی بێتەلی شامەوە کە وەك سەنتەرێکی ئیعلامی بوو مام جەلال چاوەڕێی دەرفەت بوو بۆ گەڕانەوە، لەوێوە هەواڵەکانی ئاژانسەکانی دونیای دەگەیاند و کاك ئاراس و کاك ئاکۆ و برادەران لەوێ کاریان دەکرد لە ڕێگەی بێتەلە ڕاکاڵەکەمانەوە لە مەسیف رۆژنامەنووسان (چارلی و جۆنەسان راندڵ و جیم میوەر) رۆژانە کە هەواڵەکانم پێ دەدان ئەوانیش بەو ڕاکاڵە وەك راپۆرت دەیانارد بۆ رۆژنامە و ئاژانسی دەنگ و باسەکانی کە کاریان بۆ دەکرد، زۆر بەداخەوە ئەو ژن و مێردە رۆژنامەنووسەی لەکەرکوك دیارنەمان یەك دوو جار

راپۆرتیان نارد بۆ ئەو ئاژانسانەی کە کاریان بۆ دەکرد.. هەر لەماوەی راپەڕین بەختیار مستەفا نێردرا بۆ فەرەنسا بۆ خول بینین لەسەر ئامێرێکی نوێی پەیوەندی کردن (تلیکس) پاش گەرانەوەی بەندەشی راهێنا لەسەر بەکارهێنانی ئەو ئامێری پەیوەندی کردنە لەو کاتەوە ئەو پەیوەندییە بێتەلە کۆتایی هات..

# بەشی حەوتەم

# ژیاننامەی عەدەد بێتەڵەکان



**ئاراس ئیبراهیم محەمەد کەریم**

**ناسراو بە (ئاراسی مۆسیقا).**

**سـاڵی ١٩٦٠ لـە سـلێمانی لـە گـەڕەکی کانێسـکان لـەدایك بـووە. دەرچـووی پـەیمانگای هونـەری پزیشـکی / دبلـۆم، سـاڵی ١٩٧٧ پەیوەنـدی بـە ڕێکخـراوی سلێمانی کۆمەڵەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە هـ.پ.ك کردووە لە هەرێمی (٣). ساڵی ١٩٨٢ بۆتـە عـەدەد بێتـەل، سـاڵی ١٩٨٣بەشـداریی لـە دوو خـول دا کردووە، یەکێکیان خولی مۆرس و ئەوی تریان لەسـەر بێتـەل، کەهـەردووکیانی بـە سـەرکەوتویی و بـە پلـەی بـاش تـەواوکرد. پاشـان کـراوە بەعـەدەد بێتـەلی (م.س) ڕێکخـراوی دووی کۆمەڵـە....ماوەیـەك لەقاسمـەرەش و پاشـان لەپەیوەندییـەکانی کرماشــان کــاری بێتــەلی کــردووە. ســاڵی (١٩٩١)یــش لــەکاتی ڕاپــەڕین لــە پەیوەندییەکانی شام لەگەڵ ئاکۆ حەسەن بەکر کاری کردووە، بەحوکمی زمانزانی ئینگلیزی زۆربەی کاری ڕۆژنامە نووسەکان و کاری سکرتێری جەنابی مام جەلالی جێبـەجێ کـردووە. جارێکیـان پەیوەندییـەکی بێتـەلی بـۆ بەنـدە ڕێکخسـت لەگـەڵ نوێنەری BBC دەنگوباسەکانی رزگارکردنی شوێنەکان و هێرشەکانی پێشمەرگەم پێ ڕاگەیاندن. جگە لەکاری بێتـەلی یـەکێك بووە لـەموزیك ژەنـەکانی تیپـی شـەهید**

کارزان و دامەزرێنەری ئەو تیپەبوو. ئاوازی بۆ هەندێ سرود داناوە، لەگەڵ تیپی شانۆش رۆڵی هەبووە. یەکێك لە عەدەد بێتەلە زیرەك و بەتواناکان بوو، بەسەلیقەیی و لە ئیشەکانی دا دیار بوو. تێکەڵاوکردنی هونەر و پێشمەرگایەتی ئەزمونێکی نوێ بوو لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان و چێژێکی تایبەتی دەبەخشی بە ژیانی پێشمەرگایەتی لەلایەك و

کۆکردنەوەی هونەرمەندانیش لەلایەکی ترەوە. دواتر رووی لەهەندەران کردووە و پاش ماوەیەك گەڕاوەتەوە کوردستان و لەزۆر بواری ئایتی و کارگێری لەگەڵ کۆمپانیاکان کاری کردووە و ماوەیەکیش لە رێکخراوی فاو و دەزگای خەندانیش کاری کردووە. ئێستا بەپلەی عەمید خانەنشینە.



**ئازاد محەمەد قادر رەسوڵ**

**ناسراوبە (خارە ئازاد)**

لە ٢٩/٥/ ١٩٥٩ لەهەولێر لەدایك بووەو دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی کارەبا بەشی ئەلیکترۆنە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە و ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە(هـ.پ.ك)کردووە لەقوەی خۆشناوەتی. لەساڵی ١٩٨٣ بەشداریی خولێکی چاککردنەوەی بێتەلی لەسەرگەڵوو کردووە سەرەتا عەدەد بێتەلی مام جەلال بووە لە دۆڵی خەتێ و سورداش لەکاتی گفتوگۆ زۆربەی دەرچوونەکانی مام جەلال بەخۆیی و بێتەلەوە لەگەڵی بووە مام جەلال دوای ئاسایی بونەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئێران هاوسەفەری بووە. یەکێك بووە لەعەدەد بێتەلە بەتواناو شارەزاکان لەتۆڕی بێتەلی (ی.ن.ك).

وەك بیرەوەرییەك لەکاتی گفتوگۆ بارەگامان لە سێروانی بەری مەرگەبوو بەختیار مستەفا شفرەیەکی ئاسانی بۆ بەردەست و راپەڕاندن وکاری خێرا ئامادەکردبوو بۆ گشت بێتەلەکان، بەندە وخارە ئازاد دەتوانم بڵێم لەبەرمان کردبوو، زۆرجار لە هەندێ شوێن پێکەوە گەر مەبەستمان شتێك بوایە قسەمان پێدەکرد. کاتێ هەواڵی مامە ریشەمان پێ گەیشت مام جەلال بروسکەیەکی

بەپەلەی هەبوو بۆ ت/ ٥٧ی سەرگرمە لەوکاتەدا لەناو بروسکەکانی بەردەست و دەفتەری بروسکەکان گەڕاین شفرەکەمان نەدۆزیەوە، خارەئازاد لەسەر بێتەلەکە بوو منیش بروسکەکەم دەکرد بەژمارە لەبەر ئەویش بۆ بێتەلەکەی کاك ئازادی دەخوێندەوە بەموجەفیرەوە، لەوکاتەدا مام جەلال خۆی کرد بەژوورەکەماندا لەناو (م.س) فەرمووی: بروسکەکەتان گەیاند بەکاك ئازادی سەگرمە؟ خارە ئازادیش وەڵامی مامی دایەوەو گوتی ئەوە ئێستا هاتنەوە خەت و مامۆستا عوسمانیش شفرەکەی لەبەرە وا بۆم دەخوێنێتەوە منیش بۆیان دەگوازمەوە... لێرەدا مام تۆزێ هەڵچوو...چۆن دەبێ شفرە لەبەر کرێ...؟ ئەوە ڕێگە پێدراو نییە کێ ئەو شفرەیەی داناوە گوتمان کاك بەختیار، ئەوە بۆکاری خێرایە... کە شفرەکەمان دۆزیەوە فەرمانی کرد خارە ئازاد لەبەرچاوم شفرەکەم بۆ حەل بکە، گەر هەر هەڵەیەکی تێدا بێت هەردوکتان دەردەکەم و سزای قورستان دەدەم. کە خارە ئازاد تەواوی شفرەکەی حەلکردو دەقی ژمارەکانی بە مام جەلال پێشان دا، فەرمووی هەمووی تەواو راستە... ئاگامان لێبوو بزەیەکی هاتێ و پێی خۆش بوو بەلاّم فەرمانی کرد هەرئێستا بروسکەیەك بنوسن بۆکاك بەختیار دەبێ ئەو شفرەیە بگۆڕێت.. جارێکیان د.قاسملو وەك گەورەیی و شانازییەك باسی عەدەد بێتەلەکانی خۆی کردبوو بەنمونە پێیوتبوو عەدەد بێتەلەکانم شفرەیان لەبەرە و پێکەوە قسەی پێدەکەن. تاکو ساڵێ ١٩٩٢ عەدەد بێتەلی سکرتاریەتی سکرتێری گشتی و بێتەلی مەرکەزی بوو ئێستا خانەنشینەو لەکۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی هەولێر کاردەکات.



## ئاکۆحەسەن بەکر ئەمین

## ناسراو بە ئاکۆی وەرشە

لەساڵی ١٩٦٠ لەشاری سلێمانی گەڕەکی کانێسکان لەدایك بووە. دەرچووی کۆلێژی راگەیاندنە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە ناوەندی کۆمەڵە، هێزی پێشمەرگەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٧ وەك وەرشەو عەدەد بێتەل کاری کردووە تاوەکو ساڵی ١٩٩٧ لەسکرتاریەتی سکرتێری گشتی وەکو بەرپرسی وەرشەی ناوەندی و بەرپرس لەبەشی بێتەلی ناوەندی کاری کردووە.

بەهۆی ئەوەی شارەزایی لە بواری ئەلکترۆنیات و چاککردنەوەی تیڤی هەبووە سەرەتا پشکۆ عبد الخالق مەعروف لەبەرگەڵوو وەرشەیەکی بچوکی پێسپارت. کاتێ بێتەلێك تێکدەچوو پشتیان بەو ئامێرە بێتەلانە دەبەست کە لەکارکەوتبون و سود لەهەندێ پارچەی وەردەگیرا هەر لەگەڵ ڕادیۆی گەلی کوردستان تا شەڕەکانی سەرکردایەتی و کشانەوە بۆ سەر سنورەکان ئینجا دووبارە لەقاسمە رەش لەگەڵ کاك پشکۆ و بەختیار ئەحمەد وەرشەیەکی بچوکی ساکاریان بۆ چاکسازی بێتەلە دوور مەوداکان و کورت مەوداکانیان دامەزراند. تا رۆیشتنی کاك پشکۆ بۆ

ئەوروپا وەك عەدەد بێتەلی مەکتەبی شام دەست بەکاربوو. لەوماوەیەی کە جەنابی ڕەوانشاد مام سەرقاڵی سەفەرەکانی بوو دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لە ٢ی ئابی ١٩٩٠ لەگەڵ ئاراس ئیبراهیم ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لەگەیاندنی ئەو بروسکانەی کە تایبەتمەندبوون بەهێرش کردنە سەر عێراق لەلایەن هاوپەیمانانەوە، و لەهەمان کاتدا گەیاندنی ئەو بروسکانەی لە سەرکردایەتی قاسمەڕەشەوە دەنێردران بۆ جەنابی مام جەلال و ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لەگەیاندنی هەواڵی شەڕو ڕزگار کردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان. دەتوانم بڵێم مەکتەبی شام وەك سەنتەرێکی ئیعلامی بوو بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و چاوپێکەوتنەکانی مام جەلال هەتا گەڕانەوەیان لە سوریاوە. لەدوای ڕاپەڕینەوە لەقەلاچوالان وەرشەیەکی مەرکەزی پڕ لە کەرەستە و سپێرپارتی دامەزراند کە هیچ بێتەل و موجەفرەیەك نەبوو تێیدا چاك نەکرێتەوە. ئێستا ئەندام مەکتەبی پەیوەندییەکانی (ی.ن. ك)ی ئێرانە لە سلێمانی.



## ئەکرەم محەمەد ئەمین عبدالقادر

## ناسراو بە (ئەکرەمی ئیدارە)

لەساڵی ١٩٦٢ لە سلێمانی و گەرەکی چوارباخ لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەیی پیشەسازیە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە لەناوەندی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٨٤ لەسەردەمی فەرماندەیی ئاوات قارەمانی بیتەلێکی جۆری بیل هێندیان پێدراوە و لە کانی بەردینەی دۆڵە رووت دامەزرێنراوە لەگەڵ سەربەست ئەحمەد پێکەوە هاوکاری یەکتر بوون تا گواستنەوەی بارەگایان بۆ ناوچەی گاپیلۆن وماوەی ٨ مانگ عەدەد بێتەل بووە دواتر رووی کردۆتە کاری پێشمەرگانەی تر و سەرکەوت محەمەد لەبری ئەو دانراوە لەسەردەمی فەرماندەیی شۆڕش اسماعیل لە ت/٤٧ی پیرەمەگرون و ناوی بێتەلەکەشیان پیرەمەگرون بووە تا گۆرینی ناوەکان بەژمارە بوون بە ٢٣. ئێستا نیشتەجێی هۆڵەندایە و بەرپرسی کۆمیتەی پێشمەرگە دێرینەکانە لەهۆڵەندا.



## ئامانج محەمەد تاهیر عەبدولا

## ناسراو بە(ئامانجی جیهاز)

لەساڵی ١٩٦١ لەشاری سلێمانی و گەرەکی کانێسکان لەدایك بووە. دەرچووی پەیمانگایە لە بەشی کارەبا / دبلۆم. لەسالی ١٩٨٤ پەیوەندی کردووە بە(ھ.پ.ك) و لەتیپی ٦٨ی مامەندە بەفەرماندەیی قادر مەمند ئاغا و هەر لەوێش بۆتە عەدەد بێتەل لەگەڵ ئەندازیار نەوزاد حسین و پاشان بۆ مەکتەبی عەسکەری دوای شەڕەکانی سەرکردایەتی و کشانەوە دەچێتە بێتەلی ناوەندی تاکو ساڵی ١٩٩٠ رووی کردە ئەوروپا. حەمەی حاجی تایەری باوکی یەکێك بووە لە فەرماندەکانی شۆڕشی ئەیلول. ئێستا لە لەندەن دەژی و ئەندازیاری کۆمپیوتەرە.



## ئیسماعیل ئەحمەد عەبدوڵا ئیبراهیم

## ناسراو بە(ئیسماعیل کوێستانی)

ساڵی ١٩٧١ لە ناحیەی گەڵاڵەی سەربەقەزای چۆمانی سەر بەپارێزگای هەولێر لەدایك بووە. دەرچووی ناوەندییە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە لای شەهیدی سەرکردە حەسەن کوێستانی. ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بەمەڵبەندی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە و لەهەمان ساڵدا بۆتە عەدەد بێتەل تاکو ١٩٩١. دوای شەڕەکانی سەرکردایەتی و کشانەوە بۆ سەر سنورەکان لەگەڵ هێزەکانی م٣ و م٤ گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان ودژی هێرشەکانی سوپای داگیرکەر بۆ ئەنفالی ناوچەکە بەرەنگاری بێ وێنەیان کردووە، دواتر هێزەکانی م٣ و م٤ کشانەوە بۆ بناری قەندیل. ئیسماعیل کوێستانی بەخۆی و بێتەلەکەیەوە لەگەڵ شەهید حەسەن کوێستانی و مەفرەزەکەی بوو بۆ ماوەی پەنجا رۆژ، دواتر گەڕانەوە بۆ سەرکردایەتی لەتەنگی تۆژەڵە بارەگا دادەنێن کە شەهید کوێستانی هەڵدەبژێردرێت بۆ سەرکردایەتی دێنە قاسمەرەش.

کاتی دابەزینی هێزەکان بۆ راپەڕین لەگەڵ رەتڵی باڵەکایەتی بەسەرپەشتی شەهید حەسەن کوێستانی و فەرماندەکانی ناوچەکە لەگەڵ هەڤاڵانی تری عەدەد بێتەل وەك عومەر ئاغا و سوڵتان دێهاتی و کەمال شێخە لەرزگار کردنی ناوچەکە بەشدار بوون. ئێستا ئەفسەرە لەوەزارەتی پێشمەرگە.



## ئایزن قادر حەسەن عومەر
## ناسراو بەئایزنی جیهاز

لەساڵی ١٩٦٢ لە شاری هەولێر لە گەڕەکی ڕۆشنبیری لەدایک بووە. دەرچووی ئامادەییە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر.ساڵی(١٩٨٤) بەهۆی ئەوەی شەهید هاشم جیهاز بەتەنها بوو پێشنیارکراوە بۆ عەدەد بێتەڵی لەهەمان تیپ هەتا ساڵی ١٩٨٩. یەکێك لەعەدەد بێتەلە دەنگ خۆش و زیرەك و بەتواناکان بووە و لەزۆربەی شەڕەکانی سنوری تیپەکەی بەخۆی و بێتەلەوە بەشدار بووە لەگەڵ شەهید هاشم زۆرجار بۆ خۆشی کە پرسیارم لێکردوە: ئەدی هاشم؟ وەڵامەکەی ئەوە بوو (بابم وەڵا ئەو لۆخۆی چویتە شەڕەکەی ئەمنیشی بەدیار جیهازەکەوە حەپس کردیە!).



## ئیبراهیم فەقێ عوسمان ئەبوبەکر
## ناسراو (بە مەلا برایم)

لەساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێرو لە گەڕەکی تەیراوە لەدایك بووە. دەرچووی شەشەمی زانستییە. لەساڵی ١٩٧٨ لە هەولێر پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی کردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە لەناوزەنگ / لای شەهید مامۆستا حەمید کەریم شانە. ساڵی ١٩٨٤ بۆتە

عەدەد بێتەل لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی دواتر پاش راپەڕین لای د.فوئاد و دواتر لەوەزارەتی دارایی خزمەتی کردووە هەتا ٣١ی ئاب. پێشمەرگەیەکی دانەبڕاوە ئێستا بەپلەی رائد خانەنشینە. ئەم بەسەرهاتەی بۆ ناردوم دەیخەمە روو:

کات زستانە مانگی(١٢) یە لەشەوێکی ئەنگوستە، چاو چاو نابینێ بارانێکە زۆر بەخوڕدەبارێت، کاتژمێر ١٢،٥ی شەوە پاش شەڕی لۆفەکانی مەسیف- کۆڕێ مفاوەزات نەمابوو لە سنوری هەموو تیپەکان شەڕدەستی پێ کردەوە، لە ئاشگەوە بەرێکەوتین خەبەرمان بۆ هات لە جەمیل کۆڕێ کەبەیانی سوپا هێرش دەکەنە سەر ئەم گوندانەی دەڤەرەکە، بروسکەمان بۆهات کەناوچەکە جێبهێڵین هێزەکەمان پێکهاتبوو لەکەرتی تیپی ٨٥ بەڕانەتی هێمنە رەش سەرتیپمان بوو. کەرتی علی مەسیفی کەرتی دوو لەگەڵ کەرتی رێکخستی کۆمەڵەو کەرتی ناوچەی

شۆڕشگێران و لەگەڵ حەوت بریندارى شەڕى گەزنە، بەوشەوە بەرەو دەستەچەپى ئاشگە بەڕێکەوتین بۆ سەر شاخەکە لە ڕووبارەکە پەڕینەوە و شۆڕ بووینەوە بەرە و جادەى کۆڕىٚ بەرانبەر شێرە سوارى. مەفرەزەیەکى علی مەسیفى رەبایەکانى سەر کۆڕێیان چۆڵ کردبوون، بۆ سەلامەتى ئێمەو رێگاکە چوبونەوە ناو رەبایەکە، نهێنیمان ئەوەبوو هێزەکەى ئێمە کەگەیشتینە نزیك ئەوان دوو فیشەك بتەقێنن بەلاٚم دوو دەست رێژیان کرد پێشمەرگە هەموویان ئاگادارنەکرابوونەوە بۆیە هەریەکەبەلایەك دا پەرتبوون، منیش جیهازو پاترى ئەو هەموو ئەنتێن و وایەرو جفرەو چەند نهێنى رێکخستن و کۆمەڵێك کەل وپەل بەتەنیا مامەوە منیان بەجێهێشت. بەهەموو ئەو کەل پەلانە لەناوتیرێك دابوون لەپشتى ولاٚغێك هەموویان بۆ بەجێهێشتم. کاتژمێر یەك نیوى شەوە باران و سەرما لەلایەك ئەو هەمووکەل و پەلە و جیهازە بەلایەك، هەندىٚ قوم و چەگڵ لەرۆخ جادەکە دانرابوو جۆگایان دروست دەکرد بە بەرد لەروخ جادەکە کاژمێر بوو بەدووى نیوشەو هیچ کەس نەهات بەهانامەوە ناچار بوم هەموو شتکانم لەناو لمەکە شاردەوە تەنها جیهاز مجفیرەکەم هەڵگرت و بەرەو رووبارەکە شۆڕ بوومەوە. ئاوى رووبارەکە کەزۆر هاتبوو دەگەڕام شوێنێکى تەنکاو بدۆزمەوە بەلاٚم هیچ تەنکاوێك نەبوو بەرانبەرم بەلاى گۆڕەشێر رەبایەبوو ئیترمن لەم بەینەدابووم دەنگێکى فیکەم گوىٚ لێبوو. خۆم مەلاٚس دا لەدەم رووبارەکە دووبارە فیکەیەکى ترم گوىٚ لێبوو منیش هەر بەفیکە وەلاٚمم دانەوە شوێنى خۆم گۆڕى یەکىٚ بانگى کرد: مەلا برایم لەتیفە سۆرم،

وتى: وەرە خوارەوە بپەڕەوە، وتم: کاکە ئەشیام زۆر پێیە برادەرەکى لەگەڵ بوو پەڕیەوە ئەشیایەکەمان بەهەرسێکمان هەڵگرت تا گۆڕەشێر بەیانى چوومە مەڵبەند شکاتم لە هێمنەڕەش کرد. لەلاى کاك کۆسرەت دەستبەکار بووم و شکاتەکەش لەتیفە سۆر بەهێمنى گۆتبوو برۆن مەلا بێننەوە هێمەنە رەش وتبوى ئەو تەسلیم

بەرژێم بۆتەوە بائێوەش نەگیرێن یان بکوژرێن من کەس نانێرم لەتیف جوێنی پێ دابوو هەتاوەکو کارگەیشتبووە چەك لەیەك راکێشان، کاك لەتیف وتبووی من مەلا بناسم قەد تەسلیم بەرژێم نابێتەوە مەلا پێنج ساڵە پێشمەرگەیە خیانەت لەتۆ بوەشێتەوە لەمەلا ناوەشێتەوە، دوایی هات بەشوێنم دا. سوپاسی کاکە لەتیفە سۆردەکەم کەپێشمەرگەو سەرکردەیەکی دڵسۆزو بەوەفا بوو بۆهەموو پێشمەرگە. بەو دەردەسەرییە ئێمەی پێشمەگەو عەدەد جیهازی(ی.ن. ك) خزمەتی کوردستانەکەمان کرد.



**ئەحمەد خالید محەمەد حەسەن**

**ناسراو بە ئەحمەدی حاجی غالی.**

لەساڵی ١٩٥٢لەگوندی بەشارەت سەر بەناحیەی سیروان لە قەزای هەڵەبجە لەدایك بووە. دەرچووی شەشی سەرەتاییە. لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە ه.پ.ك کردووە لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ ساڵی ١٩٨٥ بۆتە عەدەد بێتەل لە ت/٥٥ ی قەرەداغ تاکو ١٩٨٧ پاشان، پاش ئەوەی کە هەدوو عەدەد بێتەل ئارامە بچکۆل و جەلال سەرسپی شەهید دەبن هیوای کوڕی ئاوات قارەمانی دەبێتە عەدەد بێتەل لەو تیپە ت٥٥ قەرەداغ، بەخۆیی و بێتەلەکەوە بەشداری١٩٨٨ و بەشداریی کردووە لە رزگار کردنی هەڵەبجە. ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند بووە.



## ئەمجەد فەتاح حەمەدئەمین مستەفا.

سـاڵی ١٩٦٤ لـە شـاری کۆیـەو لەگـەڕەکی سـەرباغ لـەدایك بـووە. دەرچـووی ئامادەییە. لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی ت/٩٣ی کۆیە/ کەرتی تیپ کـردووەو لەهـەمان سـاڵیش پەیوەنـدی بە هێـزی پێشـمەرگە لـە ت/٩٣ کردووە. ساڵی ١٩٨٤ پێشنیارکراوە بۆ عەدەد بێتەل لە ت/٩٣ی کۆیە تاکو ساڵی ١٩٨٦ عـەدەد بێتـەل بـووە. لەزۆربـەی چالاکییەکانی ت/٩٣ی کۆیـە بەشـدار بووە. ئێستا لێپرسراوی بنکەی ئاسایشی سکتانە بەپلەی عەقید.



## ئومێد ئەکرەم علی بەکر

لەساڵی ١٩٥٨ لەکەلار لە شۆڕش لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵە. لەساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە لەکەلار. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە (ه.پ.ك) کردووە لە ت/٥١ی گەرمیان و هەرلەساڵی ١٩٨٢ بۆتە عەدەد بێتەل تاکو ساڵی ١٩٨٥. بەپێی ووتەکانی خۆی و بەرێز کاك سامان گەرمیانی یەکەم عەدەد بێتەل بووە کە لە شاخی زەردە پەیوەندی بێتەلی ئەنجامداوە لەگەڵ سەرکردایەتی بەناوی شالاو کە چوارەم وێستگەی تۆڕی دوور مەودا بووە. بەهۆی خۆشەویستی بێتەلەکە لەگەڵ خۆی خەواندویەتی چونکە ئەوکات و سەردەمە رۆژانە یەك پەیوەندی هەبووە.



## بەختیار مستەفا ئەمین خدر

لەدایك بووی ساڵی ١٩٤٦ سلێمانی /سەرشەقام. دەرچووی پەیمانگای پزیشکی ڤێتەرنەری و لێپرسراوی ڤێتەرنەری سلێمانی. لە ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە و ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ه.پ.ك کوردستان کردووە لەسەرکردایەتی لەناوزەگ. لەگەڵ بوونە پێشمەرگەی خولیای تۆڕی گەیاندن و پەیوەندی کردن لە مێشکی دا هەبووە. لەساڵی ١٩٨١ بەپشتیوانی مام جەلال و نەوشیروان مستەفا بەهەوڵ وکۆشش و ماندوبوونێکی زۆر سەرەتا توانیویەتی تۆڕێکی گەیاندن وپەیوەندی کردنی کورت مەودای سێ لایەنە رێکبخات و دواتر بیری لە تۆڕی دوور مەودا کردۆتەوە، و سەرەتا ئەویش بەچوار بێتەل خراونەتە گەڕ. ناوبراو هەرلەسەرەتاوە کە تۆڕی دوور مەودای دامەزراند، بیری لە شفرە بەکارهێنان کردۆتەوەو سەرەتا شفرەکان سادە بوون کە تۆڕەکە گەشەی کرد شفرەکانیش گەشەی پێدراوە و چەندین شێوازی شفرەی ئامادەکردووە، یەکێ لەوانە لەنێوان شام و کوردستان بوو، شفرەکە لەرێگای رادیۆوە ژمارەکانی خوێندراوەتەوە و لەوێوە وەرگیراوە و لەوێشەوە لەرێگای (صوت العراق) کە بروسکە هەبووە بۆ سەرکردایەتی لەکوردستان بەناوی من (صابر الی صامد) وەرگیراوەتەوەو کراوەتەوە. ئەرکو بەرپرسیاریەتیەکی قورسی

لەسەر شان بوو، لە هەڵبژاردنی عەدەد بێتەلەکان و سەرپەرشتی گشتی بەشی بێتەل، خۆم یەکێك بووم لەوانەی لە بەڕێزیانەوە فێری شفرە دروستکردن و دواتر سەرپەرشتی بێتەلەکان و زۆرجار پێکەوە ئاراستەی عەدەد بیتەلەکانمان کردووە. ڕێنماییەکان لەلایەن بەرێزیانەوە دراوە بەعەدەد بێتەلەکان یان ناردوویەتی بۆلای ئێمە وەك بیتەلی مام جەلال بۆ عەدەد بێتەلەکان خوێندراوەتەوە. زۆرجار من و خارە ئازادی راسپاردووە گەر هەر شتێکی گرنگتان پیّ باشە بۆ ڕێنماییەکانی زیاد بکەن هەمیشە وەك برایەکی گەورەو ئەزیز لەلایەن هەموو عەدەد بێتەلەکانەوە گوێی لێگیراوە. سەرپەرشتی دووخولی بێتەلی کردووە یەکێکیان بۆ چاککردنەوەی بێتەل کە چەند عەدەد بێتەلێك بەشدار بوون و ئەوی تریان خولی مۆرس بووە هەردوو خولەکە لەساڵی ١٩٨٣ ئەنجامدراون.لەساڵی ١٩٨١ وە تاکو ١٩٩٢ سەرپەشتیار وبەرپرسی بێتەلی ناوەندی بوو.ئیستا پلەی راوێژکاری هەیە و لە لەندەن دەژی و جارجارە سەردانی ووڵات دەکاتەوە.



**بەرزان محەمەد قادر ئەمین**

**ناسراو بە (بەرزانی حمەی مینە)**

**لەساڵی ١٩٦٢ لەکەلاری کۆن لەدایك بووە و دەرچووی ئامادەیی پیشەسازیە. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی کردووە بە ه.پ.ك ت/٥١ی گەرمیان لە عەدەد بێتەلە سەرەتاییەکانی تۆڕی دوور مەودابووە. لەساڵی ١٩٨٢ بەناوی شاڵاو لەگەڵ ئومێد خالید کاریکردووە. یەکێك بووە لەعەدەد بێتەلە زیرەك و بەتواناکان. لەزۆربەی چالاکیەکانی تیپەکەی بەخۆیی وبێتەلەکەیەوە بەشدار بووە. ماوەیەك پەرلەمانتار بووە. لە ٢٥ی ئاداری ساڵی ٢٠١٠ کوچی دوایی کردووە.**



## بەختیار عومەر ئەحمەد سەلیم

## ناسراو بە(بەختیاری گوزید)

ساڵی ١٩٦١ لەگەڕەکی گوێژەی سلێمانی لەدایک بووە. دەرچوی ئامادەیی پیشەسازیە.ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بەکۆمێتەی ئاگری کۆمەڵەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەهەرێمی چواری هێزی پێشمەرگەوە کردووە. مانگی ١٠ی ١٩٨٢ وەك عەدەد بێتەل چۆتە مەڵبەندی یەك لەحاجی مامەند کە مەلا بەختیار لێپرسراوی مەڵبەند بوو. ساڵی ١٩٨٣ لەسەرگەڵوو بەشداریی خولێکی چاککردنەوەی بێتەل و خولێکی مۆرسی کردووە. دواتر بۆماوەیەك لە بێتەلی مەکتەبی عەسکەری بووە. پاشان گوازراوەتەوە بۆ بارەگای ئێزگە و لەوێ لەگەڵ کاك پشکۆو کاك ئاکۆ، کاری چاککردنەوەی بێتەلیان ئەنجام داوە، تا کشانەوە بۆ سەرسنورەکان، دوای رۆیشتنی کاك (ئاکۆ) بۆ سوریا هێنرایە بێتەلی ناوەندی بۆ چاککردنەوەی بێتەلەکان، دوای راپەڕینیش لەگەڵ کاك ئاکۆ پێکەوە سەرپەرشتی وەرشەی ناوەندییان دەکرد بۆچاککردنەوەی بێتەل و موجفرەکانی هێزو مەڵبەندەکان تا رۆیشتنی بۆ هەندەران و ئێستا لە وولاتی هۆڵەندا دەژی.کاك بەختیار یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی لەسەردەمی شاخ بەردەوام گرنگی بەپاك وتەمیزی و جل وبەرگی دەدا و رێك و پێك بوو زۆر جار پێی گوتراوە دەلێی لەناو پاکەتی.



## باست حەمە غەریب عەبدولڕەحمان

## ناسراو بە (باستی موزیع)

، ساڵی ١٩٦٤ لە شاری سلێمانی و لەگەڕەکی ئیبراهیم پاشا لەدایك بووە. تا پۆلی چوارەمی ئامادەیی خوێندووە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە/ ناوەندی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٨٥ پێشنیارکراوە بۆ عەدەد بێتەل لە ت/ ٣٧ شاربازێڕ لەگەڵ بورهان عەبدوالرحمن و شێخ جەمال. ماوەی(٧)ساڵ عەدەد بێتەل بووە. دواتر رووی کردە دەنگی گەلی کوردستان و سەرەتا لە ئیزگە ٤١ مەتریەکە کاری دەکرد و لەکاتی راپەڕین بەدەنگە زوڵاڵ و خۆشەکەی دەنگوباسەکانی رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی بە گوێی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا دەدا و جۆش و خرۆشی دەخستە دڵی جەماوەری راپەڕیو. دواتر لەگۆڤاری خاك کاریکردوە و خاوەنی چەندین بابەتی ئەدەبی و وتارو نوسین و هۆنراوەیە. یەکێك لەبەرهەمەکانی وەرگێرانی کتێبی ژیانی کوردەواریم د.نورەالدین زازا بەرگی یەك و بەرگی دوو و نامیلکەیەك گژو گیا کوردەوارییەکان وەك دەرمان بووە. کاك باست یەکێکە لەوانەی بەدەنگە خۆشەکەی چەندین بەرهەمی شاعیرانی تۆمارکردووە وبلاوکردۆتەوە جگە لەوەش خۆشی بەرهەمی جوانی هۆنراوەیی هەیە و بڵاویکردونەتەوە. ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.



## بورهان عبدالرحمن فەرەج خوامراد

، ساڵی ١٩٦١ لەگەڕەکی کانێسکان لەدایك بووە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەرێکخراوی شەهید جوامێری کۆمەڵەوە کردووە لەبەغدا و ساڵی ١٩٨٣پەیوەندی کردووە بە (هـ.پ.ك) ت/٣٧ی شاربازێر م/٢ هەرلەوساڵەش دوای ئەوەی تیپەکەیان توانیویانە بێتەلێك لە هێزەکانی سوپای عێراق بگرن، بێتەلەکە دراوەتەوە بەخۆیان و بەناوی ئالان دێتە خەت، لەو پێنج بێتەلەی سەرەتای دەست پێکردنی تۆڕی دوورمەودایە. پلەی عەمید بوو لە فەرماندەی بەرگری شارستانی. دوای نەخۆش کەوتنی چەند مانگێك رۆژی ١٢ی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢ گیانی پاکی گەیشتە کاروانی نەمران ولە١٧ی شوباتی ٢٠٢٢ چلەیەکی شایشتەی بۆ رێکخرا لەهۆڵی تەوار، بەندەو هەڤاڵانی عەدەد بێتەل وهاوڕییانی بەشداریمان تێدا کرد.



## بەرزان محەمەد سەعید محەمەد

سالّی ١٩٦١ لە گەڕەکی سابونکەران لە سلێمانی لە دایك بووە. دەرچووی ناوەندیە. سالّی ١٩٧٩ پەیوەندی بە هێزی پ.م کردووە لە ناوزەنگ بارەگای م.س لای د. کەمال خۆشناو. دواتر چۆتە هەرێمی یەك لە کەرتی شەهید تایەری حاجی عزیز. سالّی ١٩٨٥ لەدوای سامان قەرەهەنجیری کراوەتە عەدەد بێتەل تا سالّی١٩٨٦ و دواتر کاروان تۆفیقی راهێناوەو بۆ خۆی رووی کردۆتە بواری سەربازیی و لە تیپی تۆپخانە وەکو فەرماندەی کەرت بووە، بەشداریی لە زۆربە چالاکیەکانی

سنوری مەڵبەندی دووی کردووە. بەشدار لە راپەڕینی ئاداری١٩٩١ دا کردووە. ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.

هەرچەندە ئەو بەسەرهاتە پەیوەندی بە بێتەلەوە نیە بەلاّم پەیوەندی بە رۆژگاری سەختی خەباتەوە هەیە... کاك لەشکر خەلکی زاخۆیە. لەسەرەتای سالّی١٩٧٩ لە دەڤەری پێنجوێن دەبێت بە پێشمەرگە زەبرێك لە هێزەکانی دووژمن دەوەشێنن، دواتر رژێم بە کۆپتەر شوێن پێشمەرگەکان دەکەوێت، ئەوانیش بۆ خۆپارێزی رودەکەنە شاخی ناوچەکە... مەڕو و مالاّت و بزنی خەلکی

ناوچەکە تەرە دەبن لەو شاخ و هەردە بزنێك نزیکی شوێنی خۆ شاردنەوەی کاك لەشکر دەبێت و بە زمانی بادینی دەڵێت(چتە چتە) بزن لە شوێنی خۆی ناجولێت پێشمەرگەیەك کە خەڵکی ناوچەکە دەبێت لە بن بەردێکا خۆی حەشار داوە بە لەشکر دەڵێت کاکە ئەو بزنە بادینی نازانێت پێی بلیٚ(یخە.....یخە) هەر کە لەشکر وای پێدەڵیٚ بزنەکە دەست بەجیٚ دەڕوات بە بادینی دەڵێت بخودیٚ تۆ راست بێژی بزنی سۆرانی بادینی نزانن.



**بەهادین محەمەد عبدوالرحمن عەزیز**

**ناسراو بە (مەلا بەهادین)**

لەساڵی ١٩٦٠ لەناحیەی سورداش سەربەقەزای دوکانی سەر بەپارێزگای سلێمانی لەدایك بووە. خوێندکاری دکتۆرایە لەبواری راگەیاندن. لەمانگی یەکی ١٩٧٩ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە و ساڵی ١٩٨٨ بۆتە عەدەد بێتەل تاکو ١٩٩٣. ماوەیەك لەبەرەی کوردستانی لەڕاژان و مەکتەبی تەنفیزی بەرەی کوردستانی عەدەد بێتەل بووە.ماوەیەك وەك پارتیزان وعەدەد بێتەل لەڕەتڵی سورداش کاری کردووە. لەکاتی راپەڕین لەگەڵ ئەو رەتڵەی تەق تەق کۆیە بەسەرپەرشتی مامۆستا چەتۆ و فەرماندەیی کاك رابەرو چەندین فەرماندەی تێکۆشەر بۆ رزگار کردنی تەق تەق و ناوچەکە شان بەشانی هێزەکە یەکێك بوو لە عەدەد بێتەلە زیرەك و قسەخۆشەکان وپێش راپەڕین بەڕێ کەوتبوون بەرەو شوێنی دیاریکراو، جارێك پرسیارم لێکرد کە گەیشتونەتە کوێ لە وەلأم دا گوتی دوو فیشەك بنێ بەئاسمانەوە واتە(تەق تەق) بۆیە ئاگاداری بەرێز کاك نەوشیروانم کردەوە چونکە موتابەعەی جوڵەی گشت رەتڵەکانی دەکرد. ئەم دووفیشەك بنێ بەئاسمانەوە لەگەڵ چەندین دەستەواژەی تر لەنێوان ئیمەی عەدەد بێتەل دا بەکار دەهێنرا... کانیەکەی ماڵە خزمەکەمان....ئەو دارەی کەجارەکە لەوێ یەکترمان بینی... کابرای گۆرین.... هتد. ئێستا مامۆستایە لەزانکۆی پۆلەتەکنیکی سلێمانی.



## بەشدار نافیز حەمەد ئەمین عەبدوللا

سـاڵی ١٩٦١ لـە شـاری کۆیـە لـەدایك بـووە. دەرچـووی دوا ناوەندییـە. سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەوە کـردووە لای شـەهید فـەرەج و شەهید حمید کەریم شانە لە هێزی دەشتی کۆیە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی کـردووە بە(هـ.پ.ك) لـەدۆڵی بالیسـان. لـە سـاڵی ١٩٨٣ بۆتـە عـەدەد بێتـەل لـە م٤ و دواتـر مەکتـەبی عەسـکەری و دواتـر لـە سـاڵی ١٩٨٩ تـاکو ١٩٩٠ عـەدەد بێتـەلی (م.س) بووە. ئێستا لە وولاتی سوید دەژی و کارمەندی هاتوچۆیە لە ستۆکهۆڵم.



## پێشرەو مەحمود محەمەد حەسەن

## ناسراو بە (مامۆستا پێشرەو)

ساڵی ١٩٦٤ لە کەلاری کۆن لە دایك بووە. دەرچووی ئامادەییە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران شەهید لالە مارف کردووە. ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی کردووە بە ه.پ.ك ت/ ٥١ی گەرمیان. ساڵی ١٩٨٦ لەهەمان تیپ بۆتە عەدەد بێتەل ت/٥١ی گەرمیان تاکو ساڵی ١٩٩٢. ئێستا عەمیدی پۆلیسە لە لیوای دووی نەوت.

مامۆستا پێشرەو دەڵێت: لەهەموو کات وسەردەمێك دا سوود لە بێتەل وەرگیراوە بۆ هێزی پێشمەرگە و ئاگاداربون لە جموجوڵی دوژمن لەزۆربەی داستانەکانی هێزی پێشمەرگە بەکار هێنراوە چ کورت مەودا وچ دوور مەودا.لەتیپەکان زۆربەی کات ئاستەنگمان لەگەڵ چارچ کردنی پاتری هەبووە چونکە گەر پەیوەندییەك دوا بکەوتینایە لە بێتەلی ناوەندی لێیان دەپرسینەوە.

لەشەوێکی زۆرسەختی ئەنفالەکان لەبناری سەنگاو،دوای کۆکردنەوەی هێزەکان بڕیاری کشانەوە درابوو لەبناری سەنگاو گوندی ژاڵە بەرەو ئەوبەری دەشتی کۆیە بەسەرپەرشتی شەهید حمە رەش. شەوێکی ئەنگوستەچاوو

باراناوی بوو، بە هێزەکان ڕاگەیەنرا کە دەست لەسەرشانی یەکتر دابنێن چونکە لەبەر تاریکی یەکترمان نەدەبینی، منیش بێتەلێکی ڕاکاڵم بەپشتەوە بوو هەستم دەکرد قورس دەرۆم نزیك جادەی هەنارە.... هەستم کرد پێشمەرگەیەك دەستی گرتووە بەقاعیدەی ڕاکاڵەکەوە...ووتم برا وازم لێ بهێنە با تۆزێك ئیسراحەت بڕۆم.... لەوەڵام دا وتی بەقوربانت بم من بەفسفۆڕی بیتەلەکە دەرۆم خۆم شەوکوێرم وگەرنا بەجێ دەمێنم... تەنها راممەکێشە منیش زۆر شتم بەکۆڵەوەیە... لەهێزەکە دابراین بەدەنگ شەهید حمە رەش ئێمەی دۆزیەوە. یەکێك بوو لەو عەدەد بێتەلانەی گەرمیان کە بێتەلەکەی لەگەڵ خۆی هێنا بوو تا سەرسنور لەوێ لەبەتالیۆنەکە خرایەوە گەڕ.



## تاریق حسین علی محمەد هەمەوەندی،

سـاڵی ١٩٦١ لــە سـلێمانی لــەدایك بــووە لەگــەڕەکی بــەرانان. دەرچــووی پەیمانگای کشتوکاڵە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی کردووە بەرێکخستنەکانی کۆمەڵە و ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی کردووە بە ھ.پ.ك ت (٤٧ی) پیرەمـەگرون وھەرلەوساڵەدا بووە بەعەدەد بێتەل. دوای راپەڕین لە پەیوەندیەکانی شام بووە ھـەتا چوونی بـۆ دەرەوەی وولات، ئێستا لە ئەمریکا دەژی و میکانیك پشکنەری تۆڕە. کاتێك دوای کشانەوەی ھێزەکانی م٣ وم٤ بۆ سەر سنورەکان، وەك پێشمەرگە لەگەڵ ت/٤٧ لـە سـورەدێ لـەناو سـەنگەرەکانی بـەرگری دەبێـت وتۆپبـارانی ناوچـەکەش بەچـڕی ھەبووە، بۆخۆشی لاسایی لورەو فیکەی ھاوەن دەکات کەچۆن نزیك دەبێتـەوە بـۆ کەوتنە سەرزەوی وادەکات، پێشـمەرگەکان ھـەموو خۆیـان دەشـارنەوە، کـەدەزانن ھـیچ نییـە ھـەموو ھەلدەسـتنەوە بـەلام لەوکاتـە گوللـە ھاوەنێـك زرمـەی دێـت و دەتەقێتەوە ژمارەیەك پێشمەرگە بریندار دەبن و خۆشی بەسوکی بریندا دەبێت.



## تەها غەریب عەبدوللا شەڕیف
## ناسراو بە (تەهای برای ئازادی سەگرمە)

سالی ١٩٦٤ لە سلێمانی و گەڕەکی عەلی کەمال لەدایک بووە. دەرچووی ئامادەیی پێشەسازیە. سالی ١٩٨١ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. سالی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە لە تیپی ٥٧ی سەگرمەوە کردووە. سالی ١٩٨٥ بۆتە عەدەد بێتەل تاکو سالی ١٩٨٨. کاك تەها حمە غەریب وەك پارتیزان و عەدەد بێتەل لەگەڵ کاك ئازادی سەرگرمە چونە ناوچەکانی گەرمیان بەلام لە مانگی ١٠ی ١٩٨٨ لە چەمی لاهێز رووبەرووی شەڕێکی سەخت بوونەوە لەگەڵ هێزەکانی رژێم کە بەپشتیوانی کۆپتەر هێرشەکە کرابوو لەئەنجام دا کاك ئازاد. کە لەکۆپتەرەکان هاتۆتە دەست بەسەختی بریندار دەبێت، بەپێی زانیاریەکان یەکێ لە کۆپتەرەکان پێکراوەو دوو ئەفسەر بریندار بون دواتر مردوون لەدوای روخانی بەعس ئەو بەڵگەنامەیە کەوتە بەردەست هێزی پێشمەرگە لەو چالاکییەدا کاك تەهاش بەهەمان شێوە بریندار دەبێت و چەند پارتیزانێکیش شەهید بوون لەوانە شەهید شێرکۆ جدی و ئەندازیاری ئەلکترونیات هەڵکەوت. ئێستا خانە نشینە بەپلەی عەقید.



## سەفەر عبدولکریم مەحمود سەفەر

## ناسراو بە (دلشادی جیهاز)

ساڵی ١٩٦٥ لە خورماتوو لەدایکبووە. ئاستی خوێندەواری قوناغی یەکی زانکۆ. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵە/ کەرتی رێکخستنی دوزخورماتووەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە (ھ.پ.ك) کردووە ھەر لەکەرتی رێکخستنی دوزخورماتوو. ساڵی ١٩٨٥ بۆتە عەدەد بێتەلی ت/٥١ی گەرمیان تاکو ساڵی ١٩٨٩. بەشداریی چالاکی ھەبووە لە راپەڕین لەساڵی ١٩٩٥ کراوە بە لێپرسراوی کۆمیتە و ساڵی ١٩٩٧ کراوە بەکارگێری مەڵبەند لەسنوری چەمچەماڵ. لە ساڵی ٢٠٠٥ کراوە بەکارگێری مەڵبەندی رێکخستی ١٦ی حەمرین و دواتر لە٢٠٠٧ بۆتە بەپرسی پێشمەرگە دێرینەکانی سنوری خورماتوو بەداخەوە لە ٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٨ بەدەستی رەشی تیرۆریستان شەھید کراوە..ھەر لەسەردەمی منداڵی و لاوێتیەوە لە گەڵ شەھید سەید و کاك عەدنانی برای سەید نوری ھاورێ بوون و(٣)کۆرپەی لەپاش بەجێ ماوە بەناوەکانی لەرێ ولاڤەو لێزان.زۆر سوپاس بۆ کاك سەید عەدنان جێگری بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان بۆ ناردنی فۆڕمەکەو ھەندێ زانیاری دەربارەی شەھید.



## ڕەحمان شوكری حمە سالح

## ناسراو بە(پیران)

لـەدایك بـووی كـەركوك گونـدی حەسـار سـاڵی ١٩٦٢و دانیشـتووی گـەڕەكی ڕەحیماوای ناو شاری كەركوك بوو. دەرچووی ئامادەیی كشتوكاڵە. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بەرێكخستنەكانی كۆمەڵەوە كردووە لە كۆمیتـەی هێرش. سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەنـدی بـە هـەرێمی ٢ ت/٢١ كـەركوك كـردووە و سـاڵی ١٩٨٣ بـووە بـە عـەدەد بێتەل لە ت/٢١ بۆ ماوەی ٥ ساڵ. لە ڕەزگەو ماردوو برینـدار بـووە و بێتەلەكەشـی پارچەی بەركەوتوەو لەكار كەوتوە، بەشداری سـەرجەم شـەڕەكانی ت/٢١ كـردووە بەتایبەت داستانی دابان هـەلاج. خولێكی بـەكارهێنانی مۆرسـی دیـوە وەك عـەدەد بێتەل،یـەكێك لەعـەدەد بێتەلـە زیـرەك و بـەتواناكان بـووە. ماوەیـەك لای بێتــەلی ناوەنــدی سەرپەرشــتی بەشــی ئینســاتی كــردووە تــا چــوونە دەرەوەی وولات. بەشداری شەڕی لێدانی بیرە نەوتـەكانی كركوكی كـردووە و بەشـداری ڕاپـەڕین و ڕزگاركردنی شاری كەركوكی كردووە ئێستا لە فنلەندا دەژی.

كاك پیران دەگێڕێتەوە: "چەند ڕۆژێك بوو ڕاپـەڕین دەسـتی پێكردبوو، شـاری هەولێرو دەوروبەری ئازاد كرابوو، ئێمـە زۆربـەی پێشـمەرگە دێرینـەكانی سنوری

کەرکوك لەگەڵ هێزێکی باشی پێشمەرگەو جەماوەری رق ئەستووری ئەوسای ناوچەکە لەشارۆچکەی پردێ کۆبوینەوە بۆ هێرشکردن بەرەو کەرکوك چەند رۆژێك پێش نەورۆز بوو، ئەوەبوو کاك نەوشیروان هات بۆ پردێ، لەوکاتەدا چەندین جیهازمان دەستکەوتبوو لە هێزەکانی بەعس، کاك نەوشیروان بەحوکمی ئەوەی رابردووی زۆرمان هەبوو پێکەوە لەکاری جیهاز منی زۆر بەدڵ بوو کاتێك کەهاتە لامان و ئێمە لەپێشوازیدا بووین، بەتەوقەیەکی ئاسایی لەگەڵ برادەران تێپەڕی تەنها کەس بووم لەوێ کەباوەشی گەرمی لێدام و پێیوتم پیران گیان ماوی؟! چونکە من لەئەنفال گەڕابومەوە دەمێك بوو یەکمان نەبینیبوو، بەهەر حاڵ کاك نەوشیروان داوای لێکردم کە هەموو جیهازەکان کۆبکەمەوەو دابەشیان بکەم بەسەر هێزەکاندا، ئەوەبوو منیش هەروام کرد، بۆ نمونە هێزەکەی شەهید ریبازو هێزێکی شەهید فاقە مەخموری‌و هێزێکی کەرکوك کە وەستا سابیرو خاڵە کاکەمەند سەرپەرشتیان ئەکرد هەریەکە جیهازێکی ڕاکاڵم بۆ رێکخستن و کەسێکم فێر کرد بۆ بەکارهێنانی، کاك نەوشیروان زۆری پێ خۆش بوو دەست خۆشی لێ کردم، هەر بەڕێکەوت توانیم پەیوەندی دروست بکەم لەگەڵ خارە ئازاد و مامۆستا عوسمان، بەڕاستی زۆر بەختەوەر بووین بە یەکگرتنەوەمان لەرێگای جیهازەوە، ئیتر هەروەکو بێسیم لەگەڵ بەڕێزیان مامەوە هەتا رۆیشتین بەرەو کەرکوك، شەهید حەسەن کوێستانی و رابەری سەید برایم هاوکاری بەڕێزیان بوو. خاڵێکی تر پێمخۆشە باسی بکەم ئەوەیە هێشتا هەر لەپردێ بووین، پیاوێك هات بۆ لامان کەلەتەرەفی حکومەتی عێراق وە نێردرابوو پرسیاری کاك نەوشیروانی کرد منیش کەپێم راگەیاند، وتی بزانە چی هەیە لێی وەربگرە، منیش پێم وت کە جەنابیان ناتوانن ئێوە ببینن و ئەویش بەناچاری نامەکەی دامێ، وتی ئەمە نامەی سەدام حسێنە بۆ سەرکردایەتی کورد، کاتێك بەکاك نەوشیروانم وت نامەی سەدام حوسێنی هێناوە زۆر بەسادەیی وتی بزانە چی تیا نوسراوە نامەکەم بەجوانی بۆ

بنوسەوەو نامەهاتوەکە بدە بە مەسعود بارزانی کەئەویش ئەو رۆژە هات بۆ پردێ و لەوێ بوو، وتی بەکابراش بڵێ با چاوەڕوان نەبێت ئێمە خۆمان وەڵام ئەدەینەوە بەڵام ناوەڕۆکی نامەکە داوایان لەقیادەی کوردی دەکرد بۆ ئەوەی بچن گفتوگۆ بکەن پێش گرتنی کرکوك لەلایەن خەڵك و پێشمەرگەوە. بەشداریم هەبووە لەشەڕی جود هەروەها لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوك. کاك نەوشیروان نزیکەی دوو هەفتە لەماڵی ئێمە لەگوندی مۆردخواردەی سەروو لەسنوری خاڵخالان بە شێوەی ئیختیفا یان بەنهێنی مایەوە".



## رەسول عەبدوللا علی عەبدوللا

## ناسراو بە (کۆچەر)

ساڵی ١٩٦٥ لەشاری کۆیە لەدایك بووە. دەرچووی ناوەندیە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە / ئازاد مەلا عەلی یەکێك لە تێکۆشەرە دیرینەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لەزۆر شوێن ئەرکی پێسپێردراوە پێش راپەڕین، وەك ئەندامی مەکتەبی دارایی لەقاسمەرەش. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە(ه.پ.ك) کردووە لە هەرێمی دوو. شارەزایی لەتۆپۆ گرافی ناوچەکە سەرەتا کاری تەتەری ئەنجام داوە نامەو راسپاردەکانی گەیاندووە بەسەرکردایەتی و وەڵام و راسپاردەی سەرکردایەتی گەیاندووە بەهێزەکانی دەشتی کۆیە. ساڵی ١٩٨٣ بەسەرپەرشتی بەختیار مستەفا بەشداری لەخولێکی راهێنانی بێتەلی کردووە لەگەڵ هەندێ هەڤاڵی تر وەك ئاراس ئیبراهیم و سەید نوری و رەحمان شوکری....تاد. ماوەیەك لای بەرێز نەوشیروان مستەفا عەدەد بێتەل بووە، ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە عەدەد بێتەلی ت/٩٣ی کۆیە... کە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان تەشکیل کراوە لەگەڵ رابەر سەید برایم ماوەیەك لەوێ عەدەد بێتەل بووە تا بوونی بەرابەر سیاسی لەت/٩٣ ئێستا جێگری مەڵبەندی پێشمەرگەیە. پلە سەربازیەکەی لیوایە.



## رفعەت محەمەد

## یاسین ناسراو (بەدارای جیهاز)

ساڵی ١٩٥٩ لە شاری کەرکوك و گەڕەکی ئیسکان لەدایك بووە. دەرچووی پەیمانگای تەکنۆلۆژی دبلۆم / دیزاینە. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەتیپی ٢١ی کەرکوکەوە کردووە. دواتر گوازراوەتەوە بۆ مەکتەب عەسکەری و ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ رەوانشاد نەوشیروان مستەفا و کاك عەلی بچکۆل و هێزێك بەخۆی و بێتەلەکەیەوە لەگەڵیان بوو بەمەبەستی لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوك. ساڵی ١٩٨٧دوای رێککەوتنی ئاشتی نێوان(ی. ن.ك و پ.د.ك) هێزێك بە سەرپەرشتی شەهید ئازاد هەورامی و چەندین فەرمانده و پێشمەرگە روییان لەبادینان کرد. ساڵی ١٩٨٦ خولێکی سەربازی لە ئێران دیووە لەسەر سام٧ و کاتیۆشاو هاوەن. دواتر گوازاوەتەوە بۆ چاپخانەی شەهید برایم عەزۆ وەك دیزاینەر سەرپەرشتی رێبازی نوێی کردووە. ساڵی ١٩٩٧ بەشداربووە لە دەرکردنی گۆڤاری تایم و(٨) ژمارەی لێ دەرچووە. ساڵی ٢٠١٠ کراوەتە بەڕێوەبەری کارگێری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی و ساڵی ٢٠١٢ خانەنشین کراوە و ساڵی ٢٠١٩ کۆچی دوایی کردووە.



## جەمال محێدین کەریم ئەحمەد

## ناسراو بە(شێخ جەمالی موزیع)

لەساڵی ١٩٦٤ لەگەڕەکی پیرمحەمەد لە هەڵەبجە لەدایك بووە. دەرچووی ناوەندییە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە لە ت/٣٧ی شاربازێڕ. ساڵی ١٩٨٥ پێشنیار کراوە بۆ عەدەد بێتەلی لە ت/٣٧ دوای گواستنەوەی بورهان عەبدوالرحمن بۆ م٢ دوای ماوەیەکی تریش شێخ جەمال گوازرایەوە بۆ م٢ وەك عەدەد بێتەل و ماوەیەك لەوێ بوو. بەهۆی دەنگ خۆشی وسازی دەنگی بۆبێژەری گواسترایەوە بۆ ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان و لەورۆژەوە وەك بێژەر دەرکەوت و بەشداری کردووە لە دارشتنەوەی هەواڵ و چالاکیەکانی هێزی پێشمەرگە بەدەنگێکی پڕلەجۆش و خرۆش و حەماسی دەخوێندەوە، لەو رۆژەوە بە شێخ جەمالی موزیع ناسرا، جگە لەکاری بێژەری بەهۆی دەنگ خۆشیەوە چەند کارێکی هونەری گۆرانی تۆمار کراوی هەیەو ئێستاش زۆرجار لەبۆنەو یادەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان بانگهێشت دەکرێت. شێخ جەمال جگە لەوەی وەك تێکۆشەرێك دۆستایەتی وپەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆر فراوانی هەیە و تا ئێستاش وەك ئەندامی گروپی بێتەل پەیوەندیەکی دۆستانەو هاورێیانەی لەگەڵ هەمووان هەیە. بۆ هەربابەتێك قسەیەکی خۆش و نوکتەیەکی پێیە بۆ گێرانەوە.



**حمە رەحیم قادر مستەفا عەلی**

**ناسراو بە (حمە رەحیمی جیهاز)**

**ساڵی ۱۹٦۷ لەسلێمانی لە گەڕەکی خەبات لەدایك بووە. دەرچوی ناوەندیە. ساڵی ۱۹۸۱پەیوەندی بە رێکخستنەکانی هەرێمی پێنجی کۆمەڵەوە کردووە. لە ۲٦ی ئاداری ۱۹۸۱ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە. ساڵی ۱۹۸۳ بۆتە عەدەد بێتەل لە ت/٥١ی گەرمیان و دواتر گوازراوەتەوە بۆمەڵبەندی یەك تاکو ساڵی ۱۹۸۸ و کشانەوەی هێزەکان لەگەرمیان، ماوەتەوە لەگەڵ شەهید حمە رەش و عوسمانی حاجی مەحمود و مەحمود سەنگاوی وەك پارتیزان هەم وەك عەدەد بێتەل رۆڵی گرنگی هەبووە لەسەرپەرشتی کردنی بیتەلە کورت مەوداکان و بێتەلی دوورمەوداکەی پێیان بووە لە پارتیزانی.... جگە لەوەش لەزۆربەی داستانەکانی سنوری م١ بەخۆی و بێتەلەکەوە لەگەڵ هاورێ خالید حسین بەشدارییان کردووە. لەراپەڕینیش لەگەڵ رەتڵی گەرمیان بەشدار بووە لە رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی ئەو سنورە. هەروەها بەشداریەکی بەرچاوی وەك فەرماندەیەك لەشەڕی داعش دا هەبووە و جارێك بەهۆی دانانی مینەوە زۆر بەسەختی بریندار بووە. ئێستا پلەی لیوایە و جێگری میحوەری گەرمەسێرە. هەرچیەك بنوسم دەربارەی، کاك حەمە رەحیم هێشتا کەمە لەئاست شەهامەت و بوێریی و سەرراستی چ وەك تێکۆشان بووە لەسەردەمی شاخ و سەردەمی پارتیزانی و دواتریش لەسەردەمی ئەرك و فەرمانەکانی وەکو فەرماندەیەك.**



**حاجی قوربانی حاجی خدر**

**ناسراو بە(حاجی قوربانی)**

لەساڵی ١٩٦٦ لەشارۆچکەی چوارقورنە لەدایک بووە. دەرچوی ناوەندییە. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەرێکخستنە نهێنیەکانەوە کردووە و لەهەمان ساڵدا پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە لەت/٨٣ی هەورێ و لەساڵی ١٩٨٦ پێشنیار کراوە بۆ عەدەد بێتەلی لە ت/٨٣ی هەورێ تاکو ساڵی ١٩٨٨. ئێستا فەرمانبەرە لە لیوای ٧ی تایبەت.



## خالید حسێن ئەحمد محەمەد

سالی لەدایك بون: ١/ ٣/ ١٩٦٤ /مەڵکەندی / دەباشان /بەکالۆریۆس یاسای نێودەوڵەتی سالی پەیوەندی کردنی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵە /رێکخراوی سلێمانی ٢٠/ ١٩٨١/٤پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە ت/٥٧ سەگرمە ودواترسالی ١٩٨٦ گوازراوەتەوە مەڵەبەندی یەك و وهەر لەسالی ١٩٨٦ بۆتە عەدەد بێتەلی م١ و پاشان م٢. وپێش راپەڕین بەتالیۆنی٧.بەشداریی لەشەڕی دارە رەشی قەرەداغ، داستانی گڵەزەردە داستانی رزگاری و ئەنفالەکان کردووە.

دەڵێت بەرای من کاری عەدەد بێتەل کارێکی زۆر گران بووە لەسەردەمی شاخ، چونکە ئەوانەی عەدەد بێتەل بوون هەمیشە ئامانج بوون بۆ رژێم چ لەلایەن ئینصات چ لەلایەن دەزگا ئەمنیەکان، کەس وکارمان لەشار دەکەوتنە بەر شالاوی گیران من لەو رۆژەی بووم بەعەدەد بێتەلی م١ لە مانگی ٦ی سالی ١٩٨٦ نەمتوانی هیچ لە ئەندامانی خێزانەکەم ببینم تاکو ٨ی ١٩٩١/٣.

هەڵگرتن وپاراستنی ئەو هەموو نهێنیە بۆخۆی حالەتێکی دەرونی درووست دەکرد دەبوو یان گۆشەگیر بیت تەنها تێکەلی بەرپرسان بیت لەترسی بلاوبونەوەی نهێنیە شاراوەکان یان نەدەبوو ئەو کارە بکەیت.

ساڵی ١٩٨٧ هێزەکانی م١ لە زۆربەی تیپەکانی گەرمیان سەگرمە، قەرەداغ و شارەزور لە گوندەکانی دۆڵە روت دابەش بوین، لەگەڵ رەحمەتی قادری حاجی عەلی لە بەرگەڵو بوین ئاگاداریان کردین کە کۆبونەوەی م.س و سەرکردایەتی هەیە لە یاخسەمەر.... کۆبونەوە نزیکەی دوو سەعاتێکی خایاند، کاك قادر بەپەلە هاتە دەرەوە پێی راگەیاندم کە بروسکە بکەم بۆ سەرجەم تیپەکان ئێوارە لە قزلەر ئامادە بن وهیچ شفرەیەکم پێ نەبوو کە لای تێپەکانیش هەبێ و گەر کەسێك بڕۆیشتایە بەدوایان دا درەنگ دەکەوتین چونکە شەو دەبوایە پەلاماری (قەیوان و دووبراو قەیوانی بچوك و خەجەلەرزۆك و کۆڕەنگ بدرێ)لەو کاتەدا شتێك هات بەبیرم دا شفرەیەکی بچوکی نێوان خۆمان و تێپەکان بۆ حاڵەتی زەروور دروستم کردبوو، زۆربەیم لەبەر بوو، بروسکەکەی کاك قادرم داڕشت بەم شێوەیە، بەپەلە ئەم ئێوارەیە وەرنە گوندی سنگر ومێولاکە، کاك بەرزانی حەمەی مینە بەهەمانشێوەی من شفرەکەی لەبەر بوو، کاك عەدنانی حمەی مینەش هەروەها، کەبۆم خوێندنەوە OK یان دامێ کە تێگەیشتون و بروسکەکە جێبەجێ دەکەن.. ئەوەش یەکێکە لە تواناو زیرەکی عەدەد بێتەلەکان خۆ گەر ئەو شفرە لەبەرکراوە نەبوایە هەم هێزەکان دوادەکەوتن و هەم رەنگ بوو توشی کێشەی تریش بن. زۆر سوپاسی کاك خالید دەکەم هەندێ زانیاری پێ بەخشیوم.



## خالید رەزا ئەمین خدر

لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٧ لە گوندی ناوگردان سەر بەناحیەی سەیید سادق قەزای هەڵەبجە. دەرچووی پەیمانگای تەکنۆلۆژی بەشی تەلاسازی کەرکوك. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بەکۆمەڵەی رەنجدەران / رێکخراوی سلێمانی کردووە. ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٦ وەك عەدەد بێتەل لای کاك نەوشیروان مستەفا دەستی بەکار کردوە، کاك خالید دەڵێ: کاك بەختیار مستەفا فێری بەکارهێنانی بێتەل و بەکار هێنانی جفرە و مجفرەی کردم. هەمان ساڵ نێردرام بۆ خولێکی فێربون لە ئێران بۆ خویندنی وانە و بەکار هێنانی سام ستریلا و دیمترۆۋ و دۆشکە کە سێ چەکی کاریگەری دژە فڕۆکەبوو. دەورەکەمان تەواوکرد و گەڕاینەوە.

تا کۆتایی مانگی(٩) ی ساڵی ١٩٩٠ واتە نزیکەی دوو مانگ دوای داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە، لەسەر بڕیاری ناوەندی و کاك نەوشیروان نێردرامەوە بۆ ناوشاری سلێمانی و لە مانگی(١٠)ی ساڵی ١٩٩٠ وە هەتا رۆژی راپەڕین کە نزیکەی ٦ مانگ دەکات بە نهێنی لە سلێمانی مامەوە، لەو فەترەیەدا لەگەڵ هاوڕێکانم لە رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە، کاری زۆرمانکرد بۆ خۆئامادەکردن بۆ

ڕاپەڕین و دروستکردنی شانە چەکدارەکانی شالاو و سەرپەرشتی کردنی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرك). پەیوەندی توندتۆڵ و هەفتانەمان لەگەڵ ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش و گەرمیان هەبوو. ئێمە جیهازێکی تۆمسۆن مان لابوو، لەبەر ئەوەی نەدەتوانرا بە ئانتینی کوڵە پشت کاری پێ بکرێ، بۆیە بیرمان لەوە کردوە کە بۆ ڕاپەڕین جیهازێکی ڕاکاڵمان پێ بگات، بۆیە بە بروسکە داوامان لە کاك نەوشیروان کرد کە لەرێی کاك غەریب هەڵەدنیەوە کە بەرپرسی ڕەتڵی پارتیزانەکانی سورداش بوو، جیهازێکمان بۆ بنێرێت. بەپەلە بۆمان نێردرا و بە رادیۆ ئاگادار کراین کە ئەمانەتەکە وەربگرن. دوو شەو بەر لە دەسپێکردنی ڕاپەڕین نوێنەری خۆمان نارد بۆ وەرگرتنی جیهازەکە، کە بریتی بوون لە هاوڕێ حەمەی حاجی تۆفیق و کاك ئەنوەری برای کاك شوان موغاغی، بەداخەوە کەوتنە کەمینەوە کاك ئەنوەر بریندار بوو، نەتوانرا جێ بەجێ بکرێ. بۆیە نزیك نیوەڕۆی ڕۆژی دووەمی ڕاپەڕین لەگەڵ هاوڕێ موراد دا بە لۆریەکەی ئەو جیهازەکەم برد لە پەیمانگاکەی گەڕەکی بەختیاری دامنا ئەبوو، تەنانەت ئانتینی بۆ هەڵبدرێ، چەند هەوڵم دا بۆم نەخرایە ئیش. بەکورتی ئەوە پانۆرامایەکی ئیش و کارەکانمان بوو. ڕاپەڕین بە سەرکەوتن کۆتایی هات کە لەمێژویی میلەتەکەماندا وێنەی نەبوو.ئێستا نیشتەجێی هۆڵەندایە. زۆر سوپاس بۆ کاك خالید ڕەزا هەندێ جار بۆ دروستی زانیاریەکان تاوتوێی هەندێ بابەتمان کردووە.



## خدر ئەحمەد خدر فارس

## ناسراو بە (مامۆستا خدر)

لەساڵی ١٩٦٤ لە شارۆچکەی سەنگەسەر لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەکەرتی ڕێکخستنی قەڵادزێوە کردووە. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس. ساڵی ١٩٨٥ بۆتە عەدەد بێتەل لەهەمان تیپ. لەوماوەی عەدەد بێتەلیدا لەهێزی قەندیل و دۆڵەکۆگەو مەڵبەندی ٣ و دواجار م٨ ی ڕاپەڕین تاکوساڵی ١٩٩٣ بەردەوام بووە. ئێستا خانە نشینە بەپلەی عەقیدی کەم ئەندامی سەنگەر.



## خدر ئیبراهیم ئەبوبەکر ئەحمەد

لەساڵی ١٩٦٥ لە قەزای پشدەر ناحیێی هەڵشۆ /گوندی شێنێ لە دایك بووە. تاسەرەتایی خوێندووە ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەرێکخستنەکانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٨ بووە بە پێشمەرگە لە هەرێمی پارێزگاری. ساڵی ١٩٨٥ بووە بە عەدەد بێتەل لە ت/٦١ی کۆرەش لەگەڵ فەقێ عوسمان و دواتر ئەو بێتەلە دراوەتە تیپی ٧٩ی سادر بەسەرپەرشتی کاك محەمەد وەتمان و چەند فەرماندەیەکی تر، تا دواجار بڕیاری لێدرا لەبەر نەگونجاوی شوێنەکەیان بێتەلەکەیان لێ سەحب کراوەتەوە.



## سەلاح شەریف تەها ئەحمەد

## ناسراو بە (خەباتی مام شەریف)

لەساڵی ١٩٦١ لەهەولێر لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبا بووە. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هـ.پ.ك کردووە لە لەمەڵبەندی ٤ لەسماقوڵی و لەهەمان ساڵ دا کراوەتە عەدەد بێتەل لەگەڵ شەهید عەبدوڵا عبدالواحد کەبەهەڵە لەشەدەڵە کەوتبوە ناو هێزەکانی سوپای داگیرکەری بەعس لەکاتی شەڕەکانی سەرکردایەتی ١٩٨٨دا. هەردوکیان یەکێك بوون لەنمونە عەدەد بێتەلە گوێ رایەڵ و بەتواناکان. وشەهید خەبات تاکو شەڕەکانی سەرکردایەتی وکشانەوە کاری بێتەلی کردوە. دواتر گەڕاوەتەوە بۆ سنورەکانی مەڵبەدی ٤ و لە سەرجەم شەڕەکانی ئەو مەڵبەندە بەشدار بووە تا ئەنفالەکانی ئەو سنورە کراوە وپاشان بەرەو قەندیل کشاونەتەوە.لەکاتی راپەڕین لەگەڵ رەتڵی هەولێر هاوریێ لەگەڵ جوانە مەرگ شێرزاد مەغدید و عەدەد بێتەلەکانی سنوری م٤ بەشدار بوون لەرزگارکردنی شاری هەولێرو دەوروبەری. پاشان کراوەتە ئەندام مەڵبەندی ٣ی هەولێر تا شەهید بوونی لەتەقینەوە تیرۆریستیەکەی یەکی شوباتی ٢٠٠٤ی بارەگای مەڵەبەند. زۆر سوپاس بۆ کاك حەیدەر مەنتك بۆ زانیاریەکانی کە بۆی ناردم.



**سالار ڕەشید ئەحمەد مەحمود**

**ناسراو بە (مامۆستا سالار)**

ساڵی ١٩٦٢ لە سلێمانی و لە گەڕەکی دارۆغا لەدایك بووە. دەرچووی زانکۆیە / کۆلیژی کارگێری و ئابوری. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە لەرێگای شەهید عەبدوالرحمن حمەی فەرەج. پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە تەشکیلەی م١ بەشی سەربازی. کاتێ خوالێخۆشبوو کاکەحەمەی فەرەج کرایە بەرپرسی م٣. ساڵی ١٩٨٤ پێشنیارکراوە بۆ عەدەد بێتەلی مەڵبەندی ٣ لەگەڵ مامۆستا عوسمان حەسەن تاکو ساڵی ١٩٨٥... وەك یادەوەریەك لەگەرمەی گفتۆی نێوان ی ن ك و رژێمی بەعس بەپلانێك هەستان بە شەهیدکردنی شێخ حمە صالحی برای مام جەلال لەلایەن عەباسی بایزی بالوئاغا، بۆیە وەك بێتەل بەفەرمانی کاکە حمەی فەرج بێتەلەکەم خستە ناو ئۆیۆمبیل، تا بەکۆڵەپشت پەیوەندی بکەم کەچی کاك بەختیار لێم تۆڕە بوو چۆن بێتەلی مەڵبەند دەجولێنی بێ پرس لەوەڵامدا گوتم بەفەرمانی لێپرسراوی مەڵبەند... چەند رەبایەیەکمان بەدالەیەکی ١٠ هێڵیمان بۆ راکێشابوون و تەلەفونی (ماگنێت)مان واتە تەلەفۆنی سەربازیمان لا دانابوون بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست هەر جموجولێك ببێت ئاگاداری بارەگای مەڵبەند بکەنەوە، بەڵام کێشەکە لەوەدابوو ئەو ناوچەیە بزنیان هەبوو زۆرجار بزنەکان هێڵە تەلەفۆنەکەیان دەقرتاند هەموو رۆژێ بەناچاری دەبوایە هێڵەکان جۆین بکەینەوە. ئێستا بەرێوەبەری گشتیە لەسەر میلاکی ئاژانسی پاراستن و زانیاری بەپلەی لیوا.



## سەرکەوت محەمەد فەتاح ئەحمەد

## ناسراو بە سەرکەوتی جیهاز

لە ساڵە ١٩٦٤ لەسلێمانی و لەگەڕەکی کانێسکان لەدایك بووە. دەرچووی پەیمانگای تەکنۆلۆژی موسڵە. لەساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە (ه.پ.ك) ت/٤٧ پیرەمەگرون کردووە و لەساڵی ١٩٨٥ بۆتە عەدەد بێتەل لەهەمان تیپ. ساڵی ١٩٨٧ گوازاوەتەوە بۆ بێتەلی سکرتاریەتی جەنابی مام جەلال. لەکاتی شەڕەکانی سەرکردایەتی بەفەرمانی بەڕێز کاك بەختیار بەندەو کاك سەرکەوت هاوکاری کاك خالید رەزامان دەکرد لەبەر زۆری بروسکەکان و کردنە شفرەیان تا دواجار فەرمانی کشانەوە دراوە پێکەوە لەگەڵ کاك خالید گەیشتنە سەرسنور و دوای کۆبونەوەکەی بێتەلەکان لەگەڵ رەوانشاد کاك نەوشیروان و رێکخستنەوەی بەشی بێتەل کاك خالید رەزا وەك عەدەد بێتەلی ناوەندی کە ژمارەمان ٧ کەس بوو کاك بەختیاریش وەك بەرپرسی بەش. کاك سەرکەوت ماوەیەك بەرلەراپەڕین پەیوەندی کرد بەرەتلی پارتیزانی سورداشەوە دواتر گەڕایەوە سەرکردایەتی وکاك سەرکەوت وماموستا عوسمان وخارە ئازاد وەك بێتەل لەگەڵ کاك نەوشیروان بوین لەراپەڕین. ساڵی ١٩٩٢ رووی لەهەندەران کرد وئێستا لە وڵاتی هۆڵەندا دەژی. خانەنشینە.یەکێك لەعدەد بێتەلە بەتواناو شارەزاکان و گونجاو بۆ هەموو بارو دۆخەکان. وەك یادەوەریەك بەهۆی ئەوەی مەلا حەسەنی برای کاك سەرکەوت

دوکانی هەبوو بەرامبەر دەبۆکە چەند جارێك لە ڕێگەی بەڕێزیانەوە نامەم بۆ کەس و کارم دەنارد ئەوکاتانەی کە لەکۆیەوە راودەنران لەلایەن رژێمی بەعسەوە و جارێکیان قاتێك جلیان بۆ ناردم لەڕێگەی ئەوەوە. لەم سالأنە کە گەڕایەوە کوردستان یەکترمان بینی وبۆی گێرامەوە کە کەس و کارم بەچ ترسێکەوە چوون بۆلای و خۆیان پێ ناساندووە.



## سەربەست احمد فەتاح ئەحمەد

## ناسراو بە سەربەستی جیهاز

ساڵی ١٩٦٢ لەسلێمانی /قوڵەرەش لە دایکبووە. دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە بەشی کارەبا. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران لەسلێمانی کردووە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەڕێکخراوی دووی کۆمەڵە لەشاخ کردووە. ساڵی ١٩٨٤ لە ت/٤٧ی پیرەمەگرون بۆتە عەدەد بێتەل وساڵی ١٩٨٧ گوازراوەتەوە بۆ بێتەلی جەنابی مام جەلال لەیاخسەمەر. هەر لەوساڵەدا لەکاتی یەکەم کاتیوشا بارانی کیمیاوی بۆ یاخسەمەر و سەرجەم بارەگاکانی سەرکردایەتی و دەست پێکردنی شەڕەکانی سەرکردایەتی و دواتر ناونانی بەئەنفال بەکیمیایی خۆی و خێزان و کوڕەکەی بەناوی زریان بریندار بوون و دواتر گواسترانەوە بۆ تەبرێز بۆ چارەسەر. دوای چاکبونەوەی وبەهۆی ئەوەی کاك سالار عبدوالقادر بەتەنها لەعیلاقاتی سەقز بوو وکاروباری ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانی دەکرد، لەو بێتەلە دانراوە و کاری کردووە. لەکاتی راپەڕینیش چۆتە ئیزگە لەگەلاڵە.دواتر رووی لەهەندەران کردووە و ئێستا لە وڵاتی ئوسترالیا دەژی وخەریکی کاری بەڵێندەرایەتی بینا سازییە لەو وڵاتە. یەکێك لە عەدەد بێتەلە بەتواناو خۆڕاگرەکان و بەشداری کۆبونەوەی عەدەد بێتەلەکانی ساڵی ١٩٨٨ی قاسمەرەشی کردووە.



## سالار عەبدوالقادر ئەحمەد عەلی

## ناسراو بە(سالاری جیهازی سەقز)

سـالّی ١٩٥٥ لەگونـدی ئۆمەربـەگ سـەر بەناحیـەی شـوان سـەربەپارێزگای کـەرکوك لـەدایك بـووە. دەرچـووی ئامادەییـە. سـالّی ١٩٨٢ پەیوەنـدی بەرێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەوە کـردووە. سـالّی ١٩٨٦ پەیوەنـدی بـەهێزی پێشمەرگەوە کردووە لە گومرگی سەفرە و لەهەمان سالّیش کراوە بەعەدەد بێتەل لە گومرگی سەفرە. لەکاتی راپەڕین لەگەل کاك سەربەست رۆلّی کاریگەرییان هەبووە لەگەیاندنی هەواڵەکانی راپەڕین هەم بە ئێرانیەکان و هەم بە ئیزگە ٧٥ مەتریەکە. لەگومرگی سەفرە ئەوچەکانەی کاتی خۆی رێکخراوە فەلەستینیەکان بەخشی بویان بە(ی.ن.ك) وئێران دەستی بەسەردا گرتبوو،دوای ئاسایی بونەوەی پەیوەندیەکان هەندێکی وەرگیرایەوە، ناوبراو رۆڵی بەرچاوی هەبوو لەناردنی بروسکە شفرەکراوەکان بۆ بێتەلی مام جەلال. هەروەها زۆرپەیوەندی هەبوو لەگەڵ ویستگەی یانە ئارەزوو مەندەکان چەندین کارت و نامەی بۆدەنێردرا. ئێستا عەدەد بێتەلی مەکتەبی سیاسیە.



## سولتان ئەحمەد حەسەن حەمەد

## ناسراو بە (خالە دێهاتی)

لە ١/ ١٩٥١/٧ لە دەربەندی رایات لەدایك بووەو دەرچووی شەشی سەرەتاییە. ساڵ ١٩٧٣پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە لەسەردەستی شەهید ئارام کاتێ ماڵیان لەوێ بووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کورستان بارەگای – هەرێم دواتر گواستراوەتەوە بۆ سکرتاریەت و دواتر ت/٧٤ی باڵەك لەساڵی ١٩٨٥ وەکو عەدەد بێتەل بووە تاکو ١٩٩٧ و عەدەد بێتەلی ت/٧٤ی باڵەك و مەڵبەندی ٦ی سۆران و مەڵبەندی ٨ و دواتر ئیدارەی م.س. یەکێکە لە عەدەد بێتەلە هونەرمەند و دەنگ خۆش و دەست رەنگینەکان. ئێستا خانەنشین و کاری هونەریش دەکات. وێنەکە لەکاتی نوسینی بروسکەیەك.



**سەرچڵ ئەحمەد عەلی صادق**

**لەساڵی ١٩٥٤ لەشاری قەلادزێ لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵە. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندە بەڕێکخستنی شەهید فاروقەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندیی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە لە ت/٤٣ی ئاسۆس و لەساڵی ١٩٨٥ بۆتە عەدەد بێتەل لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس تاکو ساڵی ١٩٨٧. ئێستا خانەنشینی شارستانیە.**



## شێرزاد مەغدید عومەر مستەفا

لەدایك بووی ساڵی ١٩٦٢ هەولێر، دەرچووی ئامادەیی پێشەسازی بەشی کارەبا. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە و ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە(ه.پ.ك) ت/ ٨٣ی هەوریێ. ساڵی ١٩٨٦ بۆتە عەدەد بێتەل لەلای کاك فەرەیدون عبدالقادر، پاش شەڕەکانی سەرکردایەتی و کشانەوە لە بێتەلی ناوەندی کاری کردووە. لەکاتی راپەڕین لەگەڵ رەتڵی هەولێر بەسەرپەرشتی کاك کۆسرەت لەگەڵ خەبات شەریف بەشداریان کردووە لە رزگار کردنی شاری هەولێر شانبەشانی هێزەکان و تاکو ساڵ ١٩٩٣ عەدەد بێتەل بووە، پاشان بۆتە فەرمانبەر لە گومرك. باوکی رەحمەتیشی یەکێك بووە لە تێکۆشەرە دێرینەکان لە زۆر بارودۆخی ناهەموار دەهاتە سەردانی کردنی و بە ورەیەکی بەرزەوە قسەی دەکرد، دواجار لەقاسمەرەش هەر هێندەمان زانی لەو بارودۆخە ناهەموارەی رێگاوبان و سەختی رێگەکان هاتە لامان. لەقاسمەرەش و کە رۆیشتەوە رۆژێکی باراناوی سەخت بوو، سەرەڕای تەمەنەکەی گورج وگۆڵ بوو. بەناو ئەو هەموو کەمین وپاسەوانییەی نێوان قەڵادزێ و سەرکردایەتی پاش کشانەوە، لەگەڵ ئەوەش چەندین نامەی ئێمەی لەگەڵ خۆی بردەوە بەو هەموو رێگا مەترسی دارەدا. وەك یادەوەریەك جارێکیان چوین بۆ ورمێ بۆ لای دکتۆری چاو، چاوێلکەی بۆ نوسیی و دەبوایە بەردەوام لەچاوی بکات، رۆژێکیان لەبارەگا

بوین نیوەڕۆ ویستی دەم و چاوی بشوات ئێمەش قسەمان نەکرد کە چاوێلکەکەی دانەناوە شڵپەی ئاوی بەدەم وچاوی دادا بە چاوێلکەوە ئێمەش پێکەنین.. لێمان تورە بوو بۆچی پێتاننەوتم عەینەکم لەچاوە، عەینەك لەچاوی خۆتە خۆ لەچاوی ئێمە نییە، دواتر هەرخۆی دڵی هێنایەنەوە! لە ساڵی ٢٠١٢ بەکارەساتی ئۆتۆمبیل گیانی سپاردووە.



## شۆڕش مەجید حسین
## ناسراو بە شۆڕشی سەید مەجید

لەساڵی ١٩٥٨ لەشاری هەولێرو گەڕەکی رزگاری لەدایك بووە، دەرچووی ئامادەییە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە مەکتەبی عەسکەری یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە لەناوزەنگ. ساڵی ١٩٨٢ کە بڕیاردرا بەتەشکیل کردنی کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر / وەرتێ پێشنیار کراوە بۆ عەدەد بێتەلی بۆماوەی ساڵێك و حەوت مانگ عەدەد بێتەل بووە کە دواتریش بووە م$^3$ هەرلەوێ مایەوە. وەك یادەوەریەك بۆی گێرامەوە: بێتەلەکەمان لەکاتی کارکردن دا بلاچەیەکی لێوە هات ولەکارکەوت و ناوچەکەشمان هەستیار بوو، لەبێتەلی سەرکردایەتەوە گەر گوێتان لێمانە تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە بۆیان دەخوێندمەوە من گوێم لێبو بەشی ناردنی بێتەلەکەم سوتابوو نەمدەتوانی وەلام بدەمەوە دواتر لە ئیزگەوە ئەو پەیامەیان بلاو کردەوە. هاتم بۆ سەرکردایەتی لەناوزەنگ بۆلای جەنابی مام جەلال فەرموی وەك سزایەك دەبێ بچی بۆ باوزێ لەوێ بەچاکی فێری بێتەل ببیت ئینجا بێتەلێکی ترتان دەدەمێ، بەفیعلی بێتەلێکی جۆری کینوێدمان وەرگرت کە ناومان هەورامان بوو، بیتەلە سوتاوەکە بەدوو کادیری دڵسۆزو شارەزا ئەوانیش، شەهید محەمەدی

حەسـەنە گـەورە ومسـتەفای حەسـەنە گـەورە کـە لـەم سـاڵانە کۆچـی دوایـی کـرد بەرێگای سونیٚ دا ناردمان بۆ سەرکردایەتی. دوای ئەو ماوەیە هەڤاڵێکی ترمان لەسەر بێتەل راهێنا ئەویش کەمال مەممی خەلی بوو لەگەڵ هاشم جیهاز و کاك موزەفەر دواتر کە کۆمیتەی سەرکردایەتی کرا بە دوو مەڵبەند واتە مەڵبەندی ٣ لەوەرتیٚ مایەوە و مەڵبەندی ٤ چونە بالیسان کاك مزەفەرو کاك هاشم لەویٚ بوون بەعەدەد بێتەل دوای ئەوەی کە شەهید هاشم چووە قەرچوغ، نەهرۆجەلال بووە هاوکاری کاك مزەفەر تا بوونی کاك کۆسرەت بەلێپرسراوی م٤، ئینجا کاك سەلاح شەریف ناسراو بەخەبات و شەهید عەبدولاّ بون بەعەدەد بێتەلی م٤ و ماوەیەك مەلا برایم هاوکاریان بوە تاکو چۆتە ت/٨٥ی بەڕانەتی وگواستنەوەی نەهرۆ جلال شێرە بۆ ت/٩١. خاڵە سەیید مەجیدی باوکی کاك شۆڕش، جارێکیان بۆی گێڕامەوە کە م٤ تەشکیلکرا ناویان بوو بە(هێرش)رەحمەتی د.کەمال خۆشناو بەرپرسی مەڵبەند زۆر پیاوێکی هێمن و لەسەرەخۆ بوو بۆخۆشی پێموت: دکتۆر چۆن دەبیٚ مام جەلال بەو تورەییە ناوی ئارام بیٚ و تۆش بەو هێمنیە ناوتان هێرش بێت.



## شێخە فەتاح شێخ حارس

## ناسراو بە(رابەر)

لەساڵی ١٩٦٣ لە شاری ڕەواندز لەدایك بووە.دەرچووی پێشەسازییە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە (ھ.پ.ك) کردووە لە تیپی ١٢ی سۆران کە بێتەلیان پێدرا لەبەر گرنگی ناوچەکەیان سەرەتا وریا مەحمود شێخە عەدەد بێتەل بووە، دواتر عەدەد بێتەلێك بەناوی رەشۆ دانرا بەڵام بەھۆی ھەڵەشەیی و جارێك خراپ کردنی بێتەلەکە لادرا و دواتر رابەر فەتاح دانرا تا شەڕەکانی سەرکردایەتی و شەڕەکانی سنوری م٣ و م٤ و کشانەوە بۆسەر سنورەکان. دواترماوەیەك لە بارەگای مەکتەب تەنفیزی بەرەی کوردستانی لەگەڵ نەھرۆ جەلال شێرە پێکەوە کاریان کردووە. لەراپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لەگەڵ ھێزەکانی دەڤەری باڵەکایەتی و فەرماندەکان بەشداریی شەڕی کەرکوك بووە وھەر لەوێش لە ٣/٢١ی ١٩٩١ شەھید بووە.



## شەمسەدین مەحمود عەزیز عومەر

## ناسراو بە(هیوای جیهاز)

لە ساڵی ١٩٦١ لە قەزای داقوق سەر بەپارێزگای کەرکوك لەدایك بووە. دەرچووی زانکۆ(علوم کیمیا). ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە لەت/ ٢٥ی خاڵخاڵان. ساڵی ١٩٨٦ پێشنیار کراوە بۆ عەدەد بێتەلی تاکو ساڵی ١٩٨٨ عەدەد بێتەل بووە لە ت/٢٥ی خاڵ خاڵان. بەهۆی ئەوەی دەرچووی بەشی کیمیا بووە ساڵی ١٩٨٧ لەسەرداوای مام جەلال لەهەرتیپێك کەسێك ئامادەبکەن بۆ خولی کیمیاوی لە ئێران، بۆیە تیپەکەیان ئەو دەست نیشان دەکەن و دەچێتە ئێران. وەك خۆی بۆی نووسیوم دەڵێت ئێمە کاك حمە تیژەییمان راهێنا لەسەر بەکار هێنانی بێتەل تا ئەو ماوەیەی ئێمە لەوێ نابین کاری بێتەل بکات و هاورێی شەهید شەوکەت عەبدولاّ بووە. ئێستا کارگێری مەڵبەندی کەرکوکە / بەشی هەڵبژاردن.

ئەو بەسەرهاتێکی سەیری گێرایەوەو وتی: "جارێکیان ژنێك هەڕەشەی کوشتنی لێکرابوو، ئەویش هەڵاتبوو بۆ سنوری تیپەکەی ئێمە، تیپی ٢١ی کەرکوك، لێپرسراوانی تیپ پێیان باشبوو لەگەڵ جیهازدا بێت، چونکە بە حوکمی کارەکەی کەمترین جەولە دەکات، منیش هەر رۆژەی لە ماڵێك لە گۆپتەپە، رایەڵەو

وایـەری جیهـازم دادەبەسـت، شـەوانیش هـەر لـەو مالآنـە دەنوسـتنم، خەڵکەکـە پرسیارییان دەکرد: ئەمە کێیە لەگەڵت؟ منیش دەمووت خوشکمەو بۆ سەردانیم هـاتووە، بـە شـەویش جێگاکـەیان لـە تەنیشـتی منـەوە رادەخسـت، ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت کـە عـەدەد بێتـەل یـەکێك بووە لـە کەسـە باوەڕپێکراو و جێمتمانـەی شۆڕش".



## شەوکەت عەبدولا حمەرەش سەمین

## ناسراو بە(حاکم شەوکەت)

ساڵی ١٩٦٠ لەگوندی عەولا مەحمود سەر بەپارێزگای کەرکوك لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵە. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە لەکەرکوك. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی کردووە بە هێزی پێشمەرگە لە تیپی ٢١ی کەرکوك. ساڵی١٩٨٣ کراوە بەعەدەد بێتەل لەتیپی ٢١ی کرکوك. ساڵ ١٩٨٧ وازی لەکاری بێتەلی هێناوەو بۆتە کادیری کۆمەڵایەتی و دواتر لەئەنفالەکان شەهید بووە و دوای ٢٠٠٣ تەرمەکەی براوەتەوە بۆ شاری کەرکوك و بەخاك سپێردراوەتەوە. یەکێك بوو لەعەدەد بێتەلە زیرەك و بەتواناکان و زۆر هاورێیەتی لەگەڵ(شوانی تەنسیق) خۆش بوو. لەکاتی داستانی دابان. هەلاج هێزێکی ت/٢١ی کەرکوك لەتەنگی حاجیتان لەگەڵ ئەو هێزانەی لەسلێمانیەوە دەهاتن بەرەو ناوچەکانی شەڕەکە بۆ بە هاناوە چوونییان، شەهید شەکەوت و کاك پیران دەستیان بە سەماعەی بیتەلەکەیان دەنا دەیانگوت گوێ بگرن لە زرمەی RPG یەکان چۆن دەنرێت بەدەبابەکانەوە. لەژیانی عەدەد بیتەلیم یەکجار چاومان بەیەك کەوت. زۆربەداخەوە شفرەیەکی تایبەت لە نێوان ئێمەو کاك شوان دا هەبوو لای شەهید شەکەوت بوو هەربەو شفرەیە هەواڵی شەهید بوونی (کاك شوان و مامۆستا جمهور)ی پێراگەیاندم لەساڵی ١٩٨٧ و لەتشرینی دووەم دوای ماوەیەك هەواڵی شەهید بوونی ئەویشمان پێگەیشت سڵاو لەرۆح و گیانی پاکیان بێت.



## عادل تاهیر مام خدر یحیی

## ناسراو بە (مامۆستا عادل)

لەساڵی ١٩٥٧ لە شاری کۆیە لەدایك بووە. دەرچووی خانەی مامۆستایانە. ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بەبزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کردووە. لە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی کردووە بە (ه. پ.ك)لەناوزەنگ بارەگای سکرتاریەتی سکرتێری گشتی. ساڵی ١٩٨٣ بۆ ساڵی ١٩٨٤ عەدەد بێتەلی سکرتاریەتی سکرتێری گشتی بووە لەگەڵ خارە ئازاد.

بەهۆی ئەوەی ئەرکی کاروباری سکرتاریەت و بەتایبەت میوانی مام جەلال ئەوکاتەی ساڵی ١٩٨٣ کە بارەگاکانی سەرکردایەتی لە دۆڵە بۆت بوو، دواتر چون بۆ گوندی خەتێ، مەحمود خۆشناو کاری بەبێتەلەکە دەکرد، چونکە خارە ئازاد لە خولێکی راهێنان بوو لەسەرگەڵو تا گەرانەوەی. وەك مامۆستا عادل بۆی نوسیوم شەش بێتەلی جۆری کێنود لەسەر راسپاردەی رەوانشاد مام جەلال لە ئەوروپا کڕدرا بوون لەلایەن برادەرانەوە و بەهاوکاری برادەرانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان،چونکە ئەوان لەڕێگەی عێراقەوە هاتوچۆی ئەوروپایان دەکرد لە گەڕانەوەیان دا بە کوردستان لەگەڵ خۆیان هێنابویان بۆ بارەگاکانی خۆیان بەناوی خۆیانەوە و بەکاری دەهێنن مامۆستا عادل دەچێت وەریان دەگرێت بەڵام

تەنها (لاقطة -گوێگرە یا مایك) و بێتەلەکە بوو نە ئەنتێنای لەگەڵ بوو نەشارژەری پاتری ئۆتۆمبێل، بەلاّم بەهیمەتی کاك بەختیار مستەفا توانرا ئەنتێنا لەوایەری کارەباو وایەری تەلەفزیۆن ٧٥ ئۆمی بۆ دروست بکرێت و پاتری وشارژەری بۆ دابین بکرێ وبخرێتە گەر و دابەش بکرێ یەکێکیان لای جەنابی مامجەلال بەناوی(ئارام) و یەکێکیان لای رەوانشاد کاك نەوشیروان بەناوی ئارام [٢]. دواتر بووە نەبەز یەکێکیان درا بە ئیزگە بەناوی(شەپۆل)ەوە کەوتە گەڕ و یەکێکیش لەوانە درا بە (مەکتەب عەسکەری) کەکاك ملازم عومەر بەپرسی بوو سەرەتا کۆچ کردوو سەید نوری دواتر وەستا برایم و یەك لەوانەش درا بە ت/٢١ بەناوی (هەردی) کەوتە گەڕ. چەند بێتەلێکی دیکەش هەبون کە جۆرێکی تر بوون درا بە ت/٥٧ی سەگرمە بەناوی هەڵمەت کەوتە گەڕ. ئەوکاتەی لە بۆتێ بووم بێتەلەکەم لەناو ئەشکەوتێك دانابوو بارانێکی زۆر بەخۆڕ ئەو شەوە باری کاتێ بەیانی چوم بۆ کارکردن بەبێتەلەکە بێنم ئاوی بارانەکە تەڕی کردبوو زۆر خەفەتم بۆ خوارد وسەرەتا دەرەوەیم وشك کردەوە دواتر لەسەر مەسئولیەتی خۆم قەپاغی دەرەوەیم کردەوە و دەستم کرد بە وشك کردنەوەی ناوەوەی، تا ماوەیەك ئیشم پێنەکرد تا بەتەواوی وشك بۆوە چەند پەیوەندیەکم لە کیس چوو.هەروەها سەبارەت (بەداله – هێڵگۆرکێ) کە، بەندەش لەسەر رۆشنایی زانیاریەکانی پێشوی کە چاوم پێکەوتوە نوسیوە. لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٣ وسەرەتای ساڵی ١٩٨٤ پێشنیاری مامۆستا عوسمانم کرد بۆ رەوانشاد مام جەلال و رەزامەندی دەربڕی و بەڕاستی دەیڵێم لەماوەی چەند سەعاتێك زۆرباش فێر بوو ئیتر من بەجێم هێشت....لەماوەی گفتوگۆ ژمارەیەك بێتەلی جۆری ڕاکاڵی تازەمان وەرگرتبوو لە حکومەت و کاك بەختیار مستەفا ئەوانەی پێشوتر بێتەلیان لابوو ئەوانەی گۆڕی بەنوێیەکان و هەندێکی تری درا بە تیپەکان و ژمارەی بێتەلەکان زیادیان کرد لەماوەی گفتوگۆ.



## عوسمان عومەر عەلی رسول

ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. دەرچووی پەیمانگای مامۆستایان / دبلۆم پەروەردە. ١٩٨١ پەیوەندی کردووە بەرێکخستنەکانی ی ن ك. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە (هـ.پ.ك) لە لقی ٣ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە. ساڵی ١٩٨٣- ١٩٨٤پێشنیارکراوە بۆ عەدەد بێتەلی بارەگای م.س و رەوانشاد مامجەلال لەسورداش تاکو تێکچونی گفتوگۆ عەدەد بێتەل بووە، دوای ئەوەی کە سەرکردایەتی گوازرایەوە بۆ بەری مەرگە لەگەڵ (ئارام کە بێتەلی مام جەلال بوو دواتر بووە بەیەك بێتەل لەگەڵ خارە ئازاد تاکو ٢٠٠١. ساڵی ٢٠٠٤ بە بڕیاری جەنابی مام جەلال وبڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم وەك جێگری بەڕێوەبەری گشتی لەوەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن دامەزراوە، ماوەی ٦ مانگ وەك بەڕێوەبەری گشتی بەوەکالەت دیوانی وەزارەتی بەڕێوە بردووە تا یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەت پاش شەڕی خۆکوژی لەهەولێریش وەك جێگری بەرێوەبەری گشتی دیوان کاری کردووە، ماوەی ٤ ساڵ و لەساڵی ٢٠٠٩- ٢٠١٠ بەفەرمانی وەزاری گواستراوەتەوە بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی.

بەسەرهاتێکی خۆش: تازە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئێران خەریکی ئاسایی بونەوە بوو، وەفدێکی حسك و چەند کەسێکی سوپای پاسدارانیشیان لەگەڵ بوو هاتن بۆ یاخسەمەر. جەنابی مام ناردی بەشوێنم دا گوتی ئەو ئێرانیە دەیەوێ قسە لەگەڵ برادەرانی خۆیان بکات لەسەر شاخی تالیەر لە سوپای عێراق گرتبویان...بەوەی باش بوو کاك یحیی فارسی دەزانی ئەو PRC پیێ بوو بێگومان لەیاخسەمەرەوە ناگاتە گمۆ گەر لەسەرشاخ نەبێت منیش فارسیم نەدەزانی ئێرانیەکە دەیگوت:دوعا بکن إنشالا برقرار میشی منیش وەك ئەو دەمگووت انشالا بەرقرار میشی نەشم دەزانی مانای چییە، کە چوینەوە بۆ ماڵی مام جەلال پێی گوتن بەڵکو بە جیهازە ڕاکاڵەکە قسەیان لەگەڵ بکەم منیش بەمام جەلالم گوت ئەویان VHF ئەوەی ئیمە H.F دووشەپۆلی جیاوازن هەرگیز پێکەوە ڕەبت نابن... مام وتی تۆ باش لێی نازانی مهندس نیت بچۆ پشکۆ لەبەرگەڵوەوە بهێنە بەسەیارە/ پشکۆ هات هەمان قسەی منی کردەوە مام گوتی: مامۆستا عوسمان دەڵێی پشکۆت تەڵقین داوە قسەکانی تۆی کردەوە منیش لەوەڵام گوتم جەنابت نالێی ئەو مهندسە تۆ مهندس نیت... کاك یحیی پێی گوت برقرار نمیشی منیش لەدوای کاك یەحیا وتم ئینشائەڵا بر قرار نمیشی....

ڕەوانشاد مام جەلال بەحوکمی ئەوەی ئەفسەری یەدەگ بوو لە سوپای عێراق و چەندین ساڵیش قاڵبووی شۆڕش خاوەن ئەزمون و ماوەیەك فەرماندەی هێز بووە لە شۆڕشی ئەیلول، یەکێ لەسروشتەکانی ئەوەبوو بەیانیان زوو لەخەو هەڵدەستا زۆر لەبەیانیەکان بە خشکەیی خۆی و یەك پێشمەرگە دەچووە سەردانی بارەگاکان بەنهێنی چونکە بڕیار هەبوو کە پێشمەگە بەیانیان زوو هەستن و خۆیان بەستبێ لەبەر هێرشی لەناکاوی فرۆکە جەنگیەکانی عێراق. بارەگای سکرتاریەت تەنها نزیکەی ٤٠تا ٥٠ کم لە پاریزگای سلێمانی دووربوو، لەهەندێ شوێن کەمتر لەوەش بەتایبەت لای کارێزەوە ئەوە گەورەترین تەحەدای رژێمی بەعس بوو،

ئەوەی لەخەودا بوایە سزای دەدا...ئەمجارەیان خۆی کرد بەلای ژووری بێتەل و هەیوانە نایلۆنەکەمان... سەرەتا صندوقی کەل وپەلە یەدەگەکانی دەست دابویە، بەلأم ئێمە مەحکەم قفل مانکردبوو، هەولی چونە ژوورەوەی دابوو دەرگاش لەودیوەوە کاك پەرۆش محرم دایخستبوو، سەرەتا چوبوە لای کاك یحیی ویستوبوی چەکەکەی لەبن سەر دەربێنێ بەخەبەرهاتبوو، چوبوە شوێنی خارە ئازاد ئەویش بەخەبەر هاتبوو ئینجا نۆرەی من هات هەولی راکێشانی چەکەکەی دام منیش وەخەبەر هاتم... فەرموی چۆن دەبێ ئێوە زوو بەخەبەر نەیەن ئەی پەیوەندیەکانتان، گوتمان کاتی ماوە... فەرمووی هیچم دەست نەکەوت گەرنا سزای قورسم دەدان، بەلأم بەپێشمەرگەکەی لەگەلی بوو گوتی برۆ سوندەی ئاوەکەیان لەحەوزو کانیەکە لێبکەنەوە دوو رۆژ دەبێ خۆتان ئاو بهێنن، خوا کردی ئەو رۆژە دایکم وباوکم و کەس وکار لەسلێمانیەوە هاتن دواتر بانگی کردین برۆن سۆندەکە ببستنەوە لەبەرخاتری ئەوان، دوای یەك دوو رۆژ لەناکاو لەگەلٚ گزنگی خۆرکەوتن لەلایەن ٨ فرۆکەی جەنگیەوە بۆردومان کراین بە بۆمبی هێشویی دواتر هەندێ پێشمەرگە بەرگی بۆمبەکەیان هێنا و دروستکراوی شیلی بوو هێرۆخانیش وێنەی گرت... واتە مام هەستێکی سەربازی بێجگە لە سیاسی و دبلۆماسیەت و رۆشنبیریەکەی هەبوو. سالی ٢٠١٩بە پلەی جێگری بەرێوەبەری گشتی، خانەنشین دەکرێت.



## عومەر حەمەد ئەمین عەبدولا قادر

## ناسراو بە (عمر زێوەیی)

لـەدایك بـووی ١٩٦٨/٧/١ و دەرچـوی ناوەندیـە. سـاڵی پەیوەنـدی کردنـی بەرێکخسـتنەکانەوە ١٩٨٢ کـەرتی رێکخسـتنی شـەقڵاوە بالیسـان. سـاڵی ١٩٨٣ بۆتـە پێشـمەرگە لـە ت/٨٣ی هـەورێ و لەسـاڵی ١٩٨٦ بۆتـە عـەدەد بێتـەل لـە ت/٨٣ی هەورێ بوماوەی پێنج ساڵ و ئێستا خانەنشینە بەپلەی عەمید.



## عومەر ئەحمەد تەها حەمەد

## ناسراو بە (عومەر ئاغا)

لەساڵی ١٩٥٥ لەچۆمان / مەمی خەلان لەدایك بووە. دەرچووی سەرەتاییە لەساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە شەهید سەعدی گچکەوە کردووە. لەمانگی حەوتی ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە (ه.پ.ك) هەرێمی حەوت کردووە. لەساڵی ١٩٨٥ کە تیپی ٧٨ی کاروخ بێتەلییان وەرگرتوە لەبەر گرنگی ناوچەکەیان بۆتە عەدەد بێتەل وشەش ساڵ پێش راپەڕین، چواردە ساڵیش دوای راپەڕین.دوای شەڕەکانی سەرکردایەتی و کشانەوەی هێزەکان ماوەیەك لەبەتالیۆنی ٤ عەدەد بێتەل بووە لە دۆڵەکۆگە و لەکاتی راپەڕین دا لەگەڵ رەتڵی باڵەکایەتی بەسەرپەرشتی شەهید حەسەن کوێستانی و فەرماندەکانی ناوچەکە بەخۆی و بێتەلەوە شانبەشانی هێزەکان هاوڕێ لەگەڵ عەدەد بێتەلەکانی وەك سوڵتان دێهاتی و کەمال شێخە و ئیسماعیل کوێستانی بەشداربون لەرزگار کردنی ناوچەکانی خۆیان.یەکێك لەعەدەد بێتەلە دڵسۆزو چالاکەکان بووە.ماوەیەك بەهۆی یەکێتی بونی لە ئێران بەندکرابوو... ئێستا بەپلەی لیوا خانەنشینە.



## عەدنان محەمەد فەرەج حەسەن

## ناسراو بە عەدنان شێخ لەنگەری

لە ٥/٨/ ١٩٦٢ لەکفری ناحیەی کۆکز و گوندی شێخ لەنگەر لەدایك بووە دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵ و ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵە لەگەرمیان کردووە وساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هـ.پ.ك کردووە ت/٥١ گەرمیان و لەساڵی ١٩٨٤ تاکۆتایی ١٩٩٠ عەدەد بێتەل بووە لە ت/٥١ی گەرمیان وت/٥٣ی شێروانە و بەتالیۆنی ٣ لە میری سوور نزیك مەریوان و لەساڵی ١٩٩٠ پێش راپەڕین کوردستانی جێ هیشتووە و ئێستا لە ئەلمانیا دەژی و خەریکی کاری دارتاشیە.



## عومەر کاکە رەش سەعید رەحمان

## ناسراو بە (عومەری جیهاز)

لەساڵی ١٩٥٩ لەگوندی حەساری گەورە سەر بەناحیەی پردێی قەزای دوبز سەربە پارێزگای کەرکوک لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەیی.ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەکەرتی رێکخستنی چەمچەماڵی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردوە. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە (هـ.پ.ك)کردووە لەت/٢١ی کەرکوك. ساڵی ١٩٨٥ بۆتە عەدەد بێتەل لە ت/٢١ کەرکوك تاکو شەڕەکانی سەرکردایەتی و کشانەوە بۆسەر سنورەکان. ماوەیەك بەرپرسی پەیوەندیەکانی پیرانشار بووە. دواتر لەمەکتەبی دارایی کاری کردووە. پاشان چۆتە لیوای ٣٠ هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو وەك بەرپرسی موخابەراتی لیوا. ئێستا خانەنشینە بەپلەی عەقید.



## عادل ئەحمەد عەزیز ئەحمەد

## ناسراو بە(هێمنی جیهاز)

ساڵی ١٩٦٠ لەشاری کەرکوك و لە گەڕەکی تەپە لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەییە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە ت/٢١ کەرکوك کردووە. دوای واز هێنانی کاك پیران و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی تر لەتیپەکە بۆ ئەوەی کاك عومەر کاکەڕەش تەنها نەبێ، پێشنیارکراوە بۆ عەدەد بێتەلی، ساڵی ١٩٨٦ تاکو ئەنفالەکان و کشانەوە ودواتر لەشەکری(١٤)ی بابەگوڕگور بە فەرماندەیی کاك ڕەفعەت عەبدوڵا لەوێش عەدەد بێتەل بووە تاکو ساڵی ١٩٩٨. لەکاتی شەڕەکانی سەرکردایەتی لە بێتەلی ناوەندیەوە پێمان ڕاگەیەنرا کاتی بۆردمانی فرۆکەکان بێتەلەکان خامۆش بکەین لەبەر لایەنی ئەمنی، یەکێك لە ڕێنماییەکانی بێتەلی ناوەندی ئەوە بوو کە لەکاتی شەڕو پێکدادان بەکراوەیی و بەموجەفیرە قسە نەکرێ بەڵکو بروسکەکان بکرێنە

شفرە و بەم موجەفیرەش بنرێت،بەبروسکە پێیان ڕاگەیاندین کە یەکەکانی گوێگرتنی بەعس لە ١١٦ و ١١٧ و ١١٨ گوێمان لێ دەگیرێ، بۆئەوەی هیچ فرسەتێك نەدرێ بە دوژمن سودمان لێوەربگرێت. ناخۆشترین دۆخ لەسەردەمی بێتەلی توشم هاتبێ، ئەوە جارێکیان فەرماندە کاك وەهاب کە بەرپرسی سەربازیی

بوو بروسکەیەکی هەبوو بۆ(م٢) کە ئێمە وەك ت/٢١ سازو ئامادەین بۆ جولاّن بەلاّم کاتێك بێتەلەکەم کردەوە هەرچەندم کرد دەنگم نەدەگەیشت بە هیچ کەسێك دوای هەوڵدانێکی زۆر توانیم بگەمە ئەوەی ئەنتێناکەم ساردو گەرم پێك کەوتون و لەو حاڵەتەدا بەشی ناردن کار ناکات کەچاکم کردەوە و بروسکەکەم نارد ئینجا هەستم بەئاسودەیی کرد.



## عیمادەدین نەجمەدین مستەفا

## ناسراو بە (عیماد بەرزنجی)

لە ٦/٢/ ١٩٥٧ لە شاری کەرکوك لەدایك بووە. دەرچووی پەمانگای تەکنیکی وێنەی ئەندازەییە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی کردووە بە بەهێزی پێشمەرگەوە. ساڵی ١٩٨٤ بۆتە عەدەد بێتەل لە ت/ ٣١ی سلێمانی تاکو ساڵی ١٩٨٨ وشەڕەکانی سەرکردایەتی و کشانەوە بۆ سەر سنورەکان عەدەد بێتەل بووە. دواتر لە دام و دەزگا حکومیەکان فەرمانبەر بووە / لە بەڕێوەبەرایەتی تاپۆی سلێمانی و بە بەرێوەبەری تەنفیزی خانەنشین بووە.ناوبراو دەڵێ: ساڵی ١٩٨٧ بوو لەیاخسەمەرەوە بە نامەیەکەوە سەردانی بارەگای کاك فەرەیدونم کرد لە چۆخماخ و دواتر پێش گەرانەوەم سەردانێکی کاك عیمادم کرد لەمالومە بێتەلەکەی دانابوو کاتێ گەیشتمە ژوورەکەی پەنجەرەکەی بە بەتانی گرتبوو بۆ ئەوەی روناکی دەرنەچێ چونکە هێزەکانی رژێم لەسەر ئەو شوێنانەی گرتبویانەوە دەیڕوانی بەسەر ناوچەکەدا و بە تۆپی ١٠٦ هەر روناکیەکیان بدینایە تۆپێکیان پێوە دەنا... گوتی تۆپی ١٠٦ گیڤە دەکات، منیش گوتم کاك عیماد کەلای ئێوە گیڤە دەکات هەندێ لەوانە لەلای ئێمە خۆی بە ئەرزدا دەدات، دوێنێ شەو یەکێ لەوانە لە نێوان ژوورەکەی ئێمەو ماڵی مام جەلال تەقیەوە... هەمان شەو هێزی پێشمەرگە هێرشێکی پێچەوانەیان بۆکردنەوەو ئەو شوێنە گرنگەیان لێوەرگرتنەوەو لەشەڕەکانی سەرکردایەتی لەوێوە بەرگری لەناوچەکە دەکرا تا کشانەوە. کاك عیماد یەکێك بوو لە عەدەد بێتەلە هێمن و لەسەرەخۆکان، کەم بانگە بانگی دەکرد گەر کاری پەلەی نەبوایە.



## عەبدولاّ واحید حسێن مەلا

## ناسراو بە (عەبدولآی جیهاز)

لەساڵی ١٩٦١ لەگوندی لهێبان سەربەپارێزگای هەولێر لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی کردوە بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە. لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە مەڵبەندی چواری (ی.ن.ك) وە کردووە دوای ئەوەی کاك کۆسرەت وەك ئەندامی سەرکردایەتی کرا بەبەرپرسی ئەو مەڵبەندە پێشنیاری دەکات بۆ عەدەد بێتەلی و لەسەردەستی نەهرۆ جەلال شێرە رادەهێنرێ و نەهرۆ جەلال شێرە دوای ئەوەی تیپی ٩١ی سەفین بێتەل وەردەگرن، ئەو دەگوازرێتەوە ئەوێ لەگەڵ کاك چالاك دەبنە عەدەد بێتەل و دواتریش سەڵاح شەریف ناسراو بەخەبات لەگەڵ شەهید عەبدولاّ پێکەوە کار دەکەن.شەهید عەبدولاّ و خەبات لەگشت چالاکیەکانی سنوری م٤ بەخۆیان بێتەلەوە بەشداری دەکەن، بەتایبەت لە چالاکی گرتنی سەری رەش ساڵی ١٩٨٧. شەهید عەبدولاّ جگە لە عەدەد بێتەلی بەرپرس بووە لەکاروباری ئیداری و دارایی م٤.شەهید عەبدولاّ یەکێك بوو لە عەدەد بێتەلە زیرەك و بەتواناکان و وەك یادەوەریەك: زانیاریەکمان پێ گەیشت بوو لەکاتی لێدانی بیرە نەوتەکانی کەرکوك کە چۆن هێزەکان خۆیان بپارێزن لە چاوەسیحرییەکانی بیرە نەوتەکان بەبەکار هێنانی رادیۆ وخستنە سەر شەپۆلی F.M بۆ ئەوەی تەشویش بخاتە سەرچاوە

سـيحرييەكان و كامێراكـان، زۆربـەی قۆڵـەكان بروسـكەيان وەرگرتبـو تـەنها ئـەو قۆڵـەی ئـەوان مـابوو (قـۆڵی كـاك كۆسـرەت) و تـەنها ١٠ خولـەكيش مـابوو بـۆ كاتژمێری سفر كە پەيوەندی پێوەكردين هێزەكەيان گرفتيان هەبوو هەر بەپەلە چەند شەپۆلێكمان گۆڕی چونكە هەندێكی بەشفرە و هەندێكی بەكراوە ئامادە كرابوو، چونكە خۆشمان بروسكەكە درەنگ لەلايەن رەوانشاد مام جەلالەوە بۆمان هێنرا، هەرچونێ بوو بەهۆی چەند شەپۆل گۆڕينێك توانيمان پێی بگەيەنين كە شفرەكەی كردەوە گوتی تەواو تێگەيشتم، لەماوەی پێنج خولەك گەياندی بەهێزەكەيان و ئێمەشی دڵنيا كردەوە. تاكو ساڵی ١٩٨٨ عەدەد بێتەل بوو. كاتێ شەڕەكانی سەركردايەتی دواتر ناونانی بەئەنفال لەبەرگەڵوو، لە ٢٥ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨ رادەسپردرێت بۆ ئەوەی بچێتە سەر شاخی دابان و لەوێوە بچێتە شەدەڵە بۆ هێنانی بەشێك لە هێزەكانی م٤،بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەشارەزايی لە تۆپۆگرافی ناوچەكە دەكەوێتە ناو هێزەكانی دوژمنەوە دەگيرێ و بێ سەرو شوێن دەكرێ.



## عەلی قادر عەبدولا خدر

## ناسراو بە (عەلی مام قادر)

ساڵی ١٩٥٠ لەشاری رانیە لەدایك بووە. دەرچووی ناوەندییە.ساڵی ١٩٨٣ بۆتە پێشمەرگە لە م٣ و ساڵی ١٩٨٦ لەگەڵ نەهرۆجلال کە تەنها بوو پێشنیارکراوە بۆ عەدەد بێتەلی. بۆماوەی ساڵێك و شەش مانگ، دواتر بەهۆی نەگونجانیان گوازراوەتەوە بۆ رێکخراوی دووی کۆمەڵە تاکو ساڵی ١٩٩٤، بەهۆی مانۆری بزوتنەوەی ئیسلامی لەناو کۆمێتەی رانیە لەگەڵ چەند هەڤالێك لەوانە محەمەد سوڵتان شەهید دەکرێن



## عوسمان حەسەن عزیز ئەحمەد

## ناسراو بە(مامۆستا عوسمان)

ساڵی ١٩٦٢ لە شاری رانیە لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەییە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە کاك د.خدر مەعسومەوە کردووە لە رێکخستنەکانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان. ساڵی ١٩٨٢ بۆتە پێشمەرگە لەدەزگای دارایی و دواتر م٣ و دواتر پەیوەندییەکانی ئێران. ساڵی ١٩٨٤ پێشنیار کراوە بۆ عەدەد بێتەلی لە مەڵبەندی ٣،لەسەردەمی بەرپرساریەتی کۆچکردوو کاکە حەمەی فەرەج لەگەڵ کاك سالار رەشید و دوای بونی حاکم عومەر عەزیز بە لێپرسراوی مەڵبەند بەتەنها ماوەتەوە، دوای تێکچونی گفتوگۆ و زنجیرە شەڕێك لەناوچەکە بێتەلی ت١٤ دەگەڕێتەوە لایان و لە سماقوڵی دەدرێتەوە بە کاك بەختیار مستەفا، دوای تەشکیلاتی نوێی م٣ شەهید حەسەن کوێستانی دەبێتە بەرپرسی مەڵبەند و سەرەتا نەهرۆ جلال شێرە و عەلی مام قادر لەدوای گوازرانەوەی شەهید عەلی بۆ رێکخراوی ٢، ئیسماعیل کوێستانی دەبێتە عەدەد بێتەل.کاك عوسمان گوازراوەتەوە بۆ ئەشکان تا ساڵی ١٩٨٥، دواتر ١٩٨٧ بۆ ١٩٨٨ لە ئەشکان و سەردەشت و زەڵێی بانە، لەپەیوەندییەکانی (ی. ن. ك) لەگەڵ ئێران کاری

کردووه. لەگەڵ هەریەك لە کاك عەلی کەمال لە کرماشان و کاك عەبدوڵای مام عەلی ودواتر لە زەڵێی بانە لەگەڵ مامۆستا عەزیز ناوبەناوە کاری عەدەد بێتەلی کردووە و تەنانەت کە لەئەشکان بوون، بەبێتەلێکی تەلەفۆنی گەورەی ئەلمانی کە ئێرانیەکان دابینیان کردبوو پەیوەندی کردوە.ئێستا خانە نشینی پێشمەرگەیە بەپلەی عقید.



**عوسمان حمد ئەمین رحمان فەرخە**

**ناسراو بە (فەقێ وەتمان)**

لەساڵی ١٩٦٦ لەگوندێ شێنێ سەربەناحیەی هەڵشۆی قەزای پشدەر لەدایك بووە. دەرچووی شەشی سەرەتاییە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە لەشێنێ. ولەساڵی ١٩٧٩ لەوێ بۆتە پێشمەرگە. لەساڵی ١٩٨٣ بۆتە عەدەد بێتەل لە تیپی ٦١ کۆرەش تاکو ساڵی ١٩٨٦. ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.



## عەلی عبداللە مەحمود عبداللە

لە ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی فەقیان لە قەزای ڕەواندز سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە. هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە بەشی زمان، لە ساڵی ١٩٧٩ لە گوندی فەقیان پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەوە. لە ساڵی ١٩٨٢ لە تیپی ١٢ی سۆرانی دۆڵی ئاکۆیان بووە بە پێشمەرگە، لە ساڵی ١٩٨٣ لە گەڕەوان لەهەمان تیپ بووە بە عەدەد بێتەل و بۆ ماوەی ساڵێك بەردەوام بووە لەو ئەرکەی، ئێستاش وەکو پێشمەرگە بە پلەی عەمید لە لیوای (٤)ی بەرگری و فریاکەوتن لەئەرکدایە.



## غەوسە جەلال حەمەد چمان

## ناسراو بە (سەید غەوسە)

لەساڵی ١٩٦٨ لەگوندی گرد عازەبان ناحیەی شەمامك سەر بەپارێزگای هەولێر لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەییە. ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٦ لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٧ پێشنیارکراوە بۆ عەدەد بێتەلی تاکو ساڵی ١٩٨٩ لە تیپەکانی ٨٧ی قەرەچوخ و ٨٦ی دەشتی هەولێر. لەدوای شەڕەکانی م٣ و م٤ وئەنفالی ئەو دەڤەرە، لەگەڵ فەرماندە شەهید رێباز وەك پارتیزان لەناوچەکانی خۆیان ئیختیفا بوون و زۆرجار رووبەڕووی کێوماڵی هێزەکانی سوپای بەعس بونەتەوە، بەلاّم توانیویانە دەربازیان ببێت و گەورەترین کێشەیان لەکاتی پارتیزانی چاککردنەوەو پەیدا کردنی پاتری بووە بۆ پەیوەندیکردن و زۆرجاریش بەهۆی کێوماڵی هێزەکانی دوژمن، تەنانەت هەندێجار نەتوانراوە قسەی تەواو لەگەڵ بێتەلی ناوەندی بکرێ بۆ گەیاندنی زانیارییەکان، سەرەڕای کەم خۆراکی و شوێن گۆرکێ، جاری وا هەبووە نەتوانراوە بۆ چەند رۆژ پەیوەندی بکرێ بەهۆی بوونی ئامێری ئیستیمکانی دەنگ و شوێن و هەندێجار کێشەی ئەنتێنا هەڵدان رووبەروی نەك هەر ئەوان،بەڵکو زۆربەی عەدەد بێتەلە پارتیزانەکان بۆتەوە. سەرەڕای چۆڵی ناوچەکان و کەمی خۆراك و شوێن حەشارگە کە هەندێ جار مەترسی بووە بۆ ژیانی پارتیزانەکان بەنمونە وەك ئەشکەوتەکەی داری خلەی گەرمیان. ناوبراو ئێستا خانەنشینە.



**فاروق ئیبراهیم ئەبوبەکر ئیراهیم**

**ناسراو بە (هەڵمەت بەکرەجۆیی)**

لەساڵی ١٩٦٤ لەناحیەی سەنگەسەر سەر بەقەزای رانیە لەدایك بووە. دەرچووی شەشەمی زانستیە. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەکومێتەی هەڵمەتی کەرتی زانکۆی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردووە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەهەرێمی پارێزگاری/ ناوزەنگ / کەرتی شەهید عبدورەحیمی هێزی پێشمەرگەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٣ کاتێ ت/٥٧ی سەگرمە بێتەلییان بۆ دابین کراوە، کراوەتە عەدەد بێتەل و بێتەلەکەش بەناوی هەڵمەت بوو. تاکو مانگی ئابی ١٩٨٥ عەدەد بێتەل بووە لەوێ. دواتر کاك وەفا وکاك تەهای برای کاك ئازادی سەگرمە بونەتە عەدەد بێتەل. لەسالی ١٩٨٣ خولێکی بێتەل و مۆرسی لەگەڵ کاك ئاراس ئیبراهیم و کاك کۆچەر و کۆچکردو سەید نوری و کاك پیران بینیووە. یەکێك لەوئاستەنگانەی سەرەتای بێتەل لە ت/٥٧ ئەوە بووە شوێنی تایبەتی نەبووە و زۆرجار پێشمەرگەو فەرماندەکان بەدیار بێتەلەکەوە دەبوون ودواتر شوێنێکیان بۆ دروستکردووە. یەکێکی دیکە لەوئاستەنگانە شەحن کردن و پەیداکردنی پاتری شەحن کراوو بووە.



**فەتاح مەحمود نادر محەمەد**

**ناسراو بە (مامۆستا فەتاح کۆکۆیی)**

ساڵی ١٩٥٦ لەگوندی چاوگی سەر بە ناحیەی سیروان/ هەڵەبجە لەدایک بووە. دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانە. ساڵی ١٩٧٦پەیوەندی کردووە بەرێکخراوی کۆمەڵەی مارکسی لینینی لە ڕێگەی مامۆستا جەمال حاجی محەمەد. ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی کردووە بە شۆڕشی ئەیلولەوە تاکو ساڵی ١٩٧٥. و ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی کردووە بە ت/١١ی هەورامانەوە. ساڵی ١٩٨٧ پێشنیار کراوە بۆ عەدەد بێتەلی لەگەڵ مامۆستا مەحمود سەراوی تاکو ساڵی ١٩٨٨. سەرەتا کاک شەوکەت فەرماندەی ئەو تیپە بوو بێتەلێکی جۆری بیل هیندییان پێدراوە و سەلام فەتاح عەدەد بێتەلی بووە. دواتر کە شەهید شەوکەت کراوە بەفەرماندەی سەربازیی لە مەڵبەندی ١. تیپەکەش کراوەبە دوو بەتیپ (١١) ی هەورامان بەفەرماندەیی شەهید قادر کۆکۆیی و ت/١٥ی شارەزور بەفەرماندەیی کاک جەلال کولکنی.تیپی هەورامان لەناوچەیەکی دوورە دەست ودابڕاو بووە لە تیپەکان و مەڵبەندەوە، هەموو کاروبارەکانی بارەگاکان بە بێتەل جێ بەجێ دەکرا، و هەر چالاکی و دەست وەشاندنێك لەدوژمن لەرێگای بێتەلەوە گەیەندراوە بە سەرکردایەتی و مەڵبەند و کاتێك بارەگامان لە (بۆین و هاوار) بوو لە نێوان بارەگاکان سودمان لە بێتەلی تر وەرگرتووە، لەکاتی ئازاد کردنی هەڵەبجە بەهۆی ئەوەی هێزەکان لێمانەوە دوور بوون و رەوانشاد نەوشیروان مستەفا داوای هەواڵەکانی لێدەکردین و هیچ زانیاریمان نەبوو، بەناچاری بێتەلەکەم بەجێ هێشت بەرەو هەڵەبجە روشتم، کاتێ گەیشتمە هەڵەبجە، کیمیا باران دەستی پێکرد و زۆر بەگرانی دەربازم بوو ماوەیەك لە بێتەلەکەم دابڕام.



## فەرهاد ئەحمە حسێن ئەمین

## ناسراو بە(فەرهادی ئیعلام)

ساڵی ١٩٦٠ لەشاری سلێمانی – گەڕەکی سەرچنار لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە / ناوەندی کۆمەڵە. ساڵی ١٩٨٥ دوای ئەوەی دەزگای رۆشنبیری کۆمەڵە بێتەلێکیان وەرگرت لەسەردەمی شەهید ئازاد هەورامی بۆ ئەوەی ئاگاداری دەنگوباس و چالاکیەکان بن بۆ دەزگای رۆشنبیری، دوای ئەوەی گۆرانگاری لەدەزگا دەکرێ کاك فەرهاد دەکرێتە بەرپرسی چاپەمەنی دەزگا وکاك ئومیدی هاوکاریشی دەگوازرێتەوە بۆ کارێکی دیکە بێتەلەکە دادەخرێ ودەدرێتەوە کاك بەختیار. کاك فەرهاد ماوەی پێنج بۆشەش مانگ کاری عەدەد بێتەلی کردووە.



## فاروق جەبار کەریم کامەلا

## ناسراو بە(فاروق جەبار)

ساڵی ١٩٦٥ لەهەولێر لە گەڕەکی سێتاقان لەدایک بووە. دەرچووی کۆلێژی سەربازی قەلاچۆلانە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە لە ت/٩١ی سەفین ساڵی ١٩٨٦ پێشنیار کراوە بۆ عەدەد بێتەلی و ماوەی ساڵێک عەدەد بێتەل بووە تا راسپاردنی بەئەرکی نوێ لەگەڵ کاک کۆسرەت لەمەفرەزەی تایبەتی م٤ و بەشداریی زۆر لەداستانەکانی وەك داستانی رزگاری و ساڵی ١٩٨٥ لەشەڕەکەی سماقوڵی و بەنەباوییێ ساڵی ١٩٨٧ و شەڕەکانی م٣ و م٤ کردووە و لەراپەڕین دا رۆڵی کاریگەری هەبووە لەرزگارکردنی شارەکان شانبەشانی هێزو فەرماندەکانی هەولێر. دوای دامەزراندنی حوکومەتی هەرێم وەك لێپرسراوی مەکتەبی تایبەتی سەرۆکی حکومەت کاریکردوە، لەپاڵ کاری ئیداری دا بەرپرسی یانەی برایەتی بووە، لە ٥ی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٦ لەچەمەرگە شەهید بووە.یەکێك بووە لە عەدەد بێتەلە وریاو زیرەکەکان.



## قوباد رەسول گورون عەزیز

ساڵی ١٩٦٨ لە سلێمانی – گەرەکی کانێسکان لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵی بەکرەجۆیە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە کردووە لە ناوزەنگ/ سکرتاریەت، پاشان گوازراوەتەوە بۆ بارەگای ئێزگە. ساڵی ١٩٨٣ کراوەتە عەدەد بێتەلی ئێزگە تاکو ساڵی ١٩٨٨ و کشانەوە و دواتر رووی لەهەندەران کرد وئێستا لە شاری ڤیەننا دەژی و لەوێ خوێندنی زانکۆیی تەواو کردووە. کاتێ چالاکیەك ئەنجام دەدرا، ئاگادارمان دەکردەوە کە مام فەرمویەتی ترش و خوێی بکەن، زۆر جار بۆخۆشی دەیگوت ترش وخوێیەکەم لە پێشەوە نوسیوە. یەکێ لە سیفەتەکانی کاك قوباد خێرا نوسین بوو چونکە چالاکیەکان کەلەلایەن بێتەلی تیپەکانەوە دەخوێندرایەوە دەبوایە بەخێرایی وەرگیرێ لەبەر حساباتی پاتری دابەزین. ئێستا خانەنشینە.



## قاسم صابر عەزیز پیرداود

لە ١٩٦٥/٧/١ لەهەولێر سەیداوە لەدایك بووە،دەرچووی ئامادەییە، ساڵی پەیوەندی کردنی بەرێکیخستنەکان ١٩٨٢ کۆمەڵە، شانەی شەهید ئارام لە هەولێر و لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی کردووە بە (ھ. پ.ك) مەڵبەندی ٣.لەساڵی ١٩٨٦ تاکو ١٩٩٦ عەدەد بێتەل بووە، بەهۆی چالاکی و دڵسۆزی لە بێتەلی ناوەندی ناومان نابوو جۆکەری بێتەل. بەهۆی ئەوەی ت/٨٧ی قەرەچوغ یەك عەدەد بێتەلی هەبووە بەناوی هەینی کەمۆڵەتی وەرگرتووەو ئەو شوێنی گرتۆتەوە پاشان گەڕاوەتەوە ت/ ٨٦ی دەشتی هەولێر چونکە هاوسنور بوون. عەدەد بێتەل بووە لە مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوە / سوریا و مەکتەبی قامشلو ئێستا پلەی ئەندام مەڵبەندە. کاك قاسم ئەم یادەوەرەیە گرنگەی بۆ باسکردوم.

دوای شەڕەکانی ئەزمەر وتێکشاندنی هێزەکانی رژێم و هەروەها لەشەڕەکانی دەربەندی کۆڕێ و دەست پێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ رژێم ساڵی ١٩٩١ و دروستکردنی لیژنەی تەنسیق لە نێوان هەردوولا، کاتێك بەدیار بێتەلەوە بوون، کاتژمێر(١١) نامەیەك لە رێکخستنەکانی دووبزەوە دوو هەڤاڵ هێنابویان تا بگەیەنرێتە جەنابی مام جەلال و(م.س) کە زۆر بەپەلەیە و ئێمەش وەك بێتەل بۆمان نەبوو لەخۆمانەوە نامەکە بکەینەوە وبروسکە بکەین، بۆیە هەولمان دا

برادەران بدۆزینەوە و شوێنی بەرپرسەکانمان دۆزیەوە، بەلاّم بەداخەوە هیچ وەلاّمێکمان دەست نەکەوت، ناچار خۆم نامەکەم کردەوەو ناوەڕۆکەکەی ئەوەبوو کە رژێم بەنیازە کارتە ئەلکترۆنیەکانی بەنداوی دوکان بەهۆی هێز و هاوکاری (پدك) دەربهێنن و بیبەنەوە بەغدا ئەوکات نەدەتوانرا کارەبای شارەکان بدرێ بۆیە کاتژمێر(١٢)ی شەو کاتی کۆتا پەیوەندی فەرمی بوو لەگەڵ بێتەلەکان و بێتەلی ناوەندی ناوەڕۆکی نامەکەمان کردە شفرە و گەیاندمان بەبێتەلی ناوەندی و بروسکەکە گەیەندرا بەفەرماندەی کۆچ کردو جەبار فەرمان و کاك رۆستەم دەقەکەی بەم شێوەیەبوو((تکایە هەرچی هێزمان هەیە لەشارەزور و دەوروبەری کۆبکەنەوەو بگەنە هاوینە هەواری دوکان هێزەکانی، دوژمن بەیانی لەگەڵ چەند پسپۆڕێك دەیانەوێ کارتی ئەلیکترۆنی تۆربایینەکان دەربهێنن و بیبەن لەگەڵ خۆیان. بەهیچ شێوەیەك رێگەیان پێنەدرێ.تکایە وەلاّم)) کاتژمێر ٣ی شەو وەلاّمی بروسکە درایەوە: لەکاك جەبارو کاك رۆستەمەوە بۆ(م،س) گەیشتینە شوێنی مەبەست و هێزەکانمان بەسەر شوێنە گرنگەکان دابەش کردووە بۆ بەرپەچ دانەوەی هەر جموجوڵێك، بەلاّم برادەرانی(پدك) کێشەیان بۆ دروستکردوین)) دوای ئەوە بروسکەیەك لە م.ب(مەبەست مەسعود بارزانییە) بۆ م.س ی ن ك ((ئەمشەو هێزێکی زۆرتان بەسەرپەرشتی جەبار فەرمان و مام رۆستەم بۆ ئیستفزار کردنی لایەنە سیاسیەکان و خەڵکی ناوچەکە چونەتە دوکان، منیش هەر ئێستا بڕیار دەدەم بە قیادەی تحسین شاوەیش ١٢٠٠ پێشمەرگە بۆ دوکان بنێرن)) (م.س)ی (ی.ن.ك) وەلاّمی دایەوە بۆ پاراستنی سەروەت و سامانی گەلەکەمان ناردوە بۆ دوکان نەك بۆ ئیستفزار کردن. بەیانی کە کاتێ هێزەکانی سوپای بەعس نزیك دەبنەوە دەبینن هەموو شوێنە گرنگ و ستراتیژیەکانی دوکان پێشمەرگەی لێیە، بۆیە سوك و باریك دەگەڕێنەوە.



## کاروان ئەورەحمان ئیسماعیل رەسول

## ناسراو بە (شێخ کەریم)

لەدایك بوی ١٩٦٣ سلێمانی گەڕەکی گوێژە.ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەرێکخستنی کۆمەڵەوە کردوە.لەساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە (ه.پ.ك) کردوە ساڵی ١٩٨٦ بۆتە عەدەد بێتەل سەرەتا لە گومرکی سەفرە و پاشان بوتە عەدەد بێتەلی (م.س)لای کاك فەرەیدون و پەیوەندییە نیشتیمانیەکان لای شەهید ئازاد هەورامی ماوەی شەش ساڵ عەدەد بێتەل بووە، ئێستا مامۆستای زانکۆیە.زۆرجار بەرپرسەکان گوێیان بەلایەنی ئەمنی و ئینصاتی دوژمن نەدەدا بەکراوەیی قسەیان دەکرد. لەشەڕەکانی سەرکردایەتی و دواتر ناونانی بە ئەنفال کاك مولازم عومەر بروسکەیەکی پێدام،ناوەرۆکی بروسکەکە کۆکردنەوەی هێزەکانی م٣ بوو لەبەرگەڵوو سەعات(١٠) ی بەیانی، منیش کردم بە شفرەو بەنیاز بوم بەمجفرەش بینێرم بۆ بێتەلەکەی کاك کۆسرەت کە لەو ناوچەیە بوو، بەڵام بەهۆی خراپی دەنگ و تەشویشەوە عەدەد بێتەلەکەیان ژمارەکانی بەباشی وەرنەدەگرت و کاك ملازم عومەر پەلەی بوو سەماعەکەی لێوەرگرتم و لێم تورە بوو گوتی ١٢٥٧ و ٨٧٦٣ ی چی و یەکسەر بەکراوەیی پێی راگەیاندن و رۆیشت، من ئەو شەوە خەوم لێنەکەوت، خەمی بەیانیم بوو دەبێ چی بەسەر ئەوهێزانە بێت بەڵام دوایش دەرکەوت حکومەت زۆر لەوە گێلتر و بێئاگاتر بوو کە ئێمە مەزەندەو حسابمان بۆ دەکرد و دیار بوو بەرپرسانیش زیاتر بۆترساندنی ئێمە دەیانگوت ئینصات دەکرێین.



کاروان عەبدوڵا تۆفیق (کاروانی جیهاز)

## کاروان عەبدولآ تۆفیق

## ناسراو بە کاروانی جیهاز ودواتر کاروان کیمیاوی

ساڵی ١٩٦٠ لە سلێمانی لەدایك بووە.ساڵی ١٩٦٣ باوکی شەهید دەبێ. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردووەو ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەمەڵبەندی دووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە و لەساڵی ١٩٨٥ کراوەتە عەدەد بێتەلی هەمان مەڵبەند بەهۆی دڵسۆزی و زیرەکی و لێهاتوویی‌یەوە.

کاروان کیمیاوی تاکو ساڵی ١٩٨٨ و شەڕەکانی سەرکردایەتی و دواتر ناونانی بە ئەنفال و کشانەوە بۆ سەرسنور، عەدەد بێتەلی مەڵبەندی دوو بووە، بەداخەوە لە ٢١ی ئاداری ١٩٨٨ فرۆکە مەرگ هێنەکانی بەعس بۆردومانی هێزە کشاوەکانی بەرەکانی شەڕەکانی سەرکردایەتیان کرد بە بۆمبی کیمیاوی لە شاناخسێ و چەندین تێکۆشەر شەهید بوون و هەندێکیان بریندار بوون یەکێکیان کاروانی جیهاز بوو، زۆر بەسەختی بریندار دەبێ و هەموو جەستەی بەو چەکە دەسوتێ و بەپەلە لەگەڵ ئەوانەی بریندار بوون هەندێکیان نێردران بۆ تاران و هەندێکیان بۆ ئەسفەهان. دوای چاکبونەوەی نێردرایە هۆڵەندا بۆ چارەسەر. دایکیشی لەکۆڕەوە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ کۆچی دوایی کردووە.

کاروانی جوانەمەرگ لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق یەکێك بوو لە شاهید حاڵە زیندوەکانی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لەلایەن رژێمی عێراق. کاروان کیمیاوی یەکێك بوو لەشاهید حاڵەکان کە شایەتی دا لەسەرگەورە بازرگانی هۆلەندی (فرانس ڤان ئانرات) کە پێکهاتەی چەکی کیمیاوی بە رژێمی صدام فرۆشتووە، لەو دادگاییانەی رۆژانی ١٦و٢٥ مایسی ٢٠٠٧ بەڕێوە چوون و هەروەها دادگایی ٩ی ئایاری ٢٠٠٧ بەڕێوەچون وفرانس ڤان ئانرات بۆماوەی ١٥تا ٢٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا.

کاروان کێمیاوی سەرەڕای ئێش و ئازارەکانی، ئەندامێکی چالاکی کۆمیتەی رێکخستنی بەنەلۆکسی ی ن ك بووە و ماوەیەك وەك لێپرسراوی کەرتی رێکخستنی ئەمستردام بووە. ماوەیەك سەرپەشتی مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی و یانەی کوردی میدیای ئەمستردام بووە.یەکێ لە وتەکانی کەبووە مایەی پێکەنین و سەرسوڕمان ئەوەبوو کاتێك(علی حسن مجید) پرسیاری لێکرد گوتی بۆمبەکان چەند مەتر دوور بوون لێتەوە لەوەڵامدا کاروان گوتی نە(ملازمی عەسکەری) بووم نە وەك تۆ(عەریف) من پێشمەرگە بووم تا قومبارسم پێ بێ بزانم چەند مەتر لەمنەوە دوور بووە.

بەداخەوە رۆژی ٢٢ی تشرینی دووەمی ٢٠١٥ هەواڵی تۆشبونی بە جەڵتەی مێشك یان پێڕاگەیاندم و لە ٢٦ تشرینی دووەمی ٢٠١٥ هەواڵی کۆچی دواییان پێراگەیاندم و دوای چەندرۆژێك زۆربەی عەدەد بێتەلەکان و هاورێ و کەس وکاری ئامادەی پێشوازی بوین لەفرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی و رۆژی دواتر لە مەراسیمێکی شایستە بەڕێکرا بۆ گۆرستانی سەیوان و لەوێ بەخاك سپێردرا.دوای ٢٧ ساڵ ناڵاندن بەدەست ئازارو برینداریی چەکی کیمیاوی سەری نایەوە.

هەرچەندە لەوکاتەی لەدەرەوەی وڵات بووم سەردانی هۆڵەندام نەکرد بەڵام وەك هاوڕێیان بۆیان باسکردوم بەردەوام ماڵەکەی وەك کاروانسەرا وابووە بۆ خێزان و ماڵی ئەوپێشمەرگانەی روویان لەوێ کردووە.



## کوردۆ عەزیز صدیق ئەحمەد

لەدایك بوی ١/٨/ ١٩٦١ رانیە، لەساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە عزیز صدیق و لەساڵی ١٩٧٩ بۆتە پێشمەرگە لە لقی ٤ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، مانگی ٢ی ١٩٩١ پێش راپەڕین لەلایەن بێتەلی مەرکەزیەوە راهێنراوە لەسەرکاری بێتەل و بە نهێنی چوونەتە شاخی کێوەڕەش / ئەشکەوتی کونەصە و لەوێوە هەواڵ و دەنگوباسەکانی رانیەی بە سەرکردایەتی گەیاندووە. لەڕێگەی بێتەلی مەرکەزیەوە و یەکەم بێتەل بوو کە هەواڵی راپەڕینی ٥ی ئاداری پێڕاگەیاندین.



## کەمال شێخە قادر عومەر

## ناسراو بەکەمال شێخە

ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی وەلزێ سەربەناحیەی قەسرێی قەزای چۆمان سەربەپارێزگای هەولێر لەدایك بووە، پەیوەندی بە کەرتی رێکخستنی چۆمانی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردووە، ساڵی ١٩٨٦ بۆتە پێشمەرگە لە ت/٧٤ی باڵەك. دوای تێکچونی گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤، رژێمی عێراق دۆڵی خانەقای گرت و تیپی ٧٤ و هێزەکانی چونە وەرتێ و بەفەرمانی سەرکردایەتی کرا بە دوو تیپ، ٧٨ی کاروخ بەفەرماندەیی شەهید عەلی مولود و ت/٧٤ بەفەرماندەیی نەمر قادر خەبات گەڕانەوە بۆ دۆڵی باڵەییان. ت/٧٤ خاڵە سوڵتان دێهاتی بەتەنها بوو ت٧٨یش عومەر ئاغا بەتەنها، بۆیە کەمال شێخە لەوێ کرا بەعەدەد بێتەل و ماوەیەکیش لەگەڵ خاڵە سوڵتان بوو تا شەڕەکانی سنوری م٣ و م٤ و کشانەوە بۆ سەرسنورەکان دوای کۆبونەوەکەی قاسمەڕەش کە بڕیار درا هێزەکان بکرێنە بەتالیۆن، نێردرایە بەتالیۆنی ٤ بەفەرماندەیی شەهید رەحمان سەیدە و لەراپەڕینیش لەگەڵ هێزەکانی ناوچەکە بەشداریيان لەرزگارکردنی ناوچەکە و هەولێر دا کردووە. ئێستا خانەنشینە.



## مزفەر مەعروف قادر اسماعیل

لەساڵی ١٩٥٩ لەشاری هەولێرو گەڕەکی عەرەب لەدایك بووە. دەرچووی پەیمانگای نەوتی بەغدایە. لەساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی هەولێرەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە. زستانی ساڵی ١٩٨٢ کۆمیتەی سەرکردایەتی بارەگایان لە گوندی وەرتێ دانا، د.کەمال خۆشناو وەك بەرپرس و خاڵە سەید مەجید وەك بەرپرسی سەربازی لەگەڵ چەندین کادیری دارایی و ئیعلامی و سەربازی و رێکخستن. کاك مزەفەر دەڵێت: ئەوکات وسەردەمە بە PRC77 لەسەرشاخەوە پەیوەندییان بەسەرکردایەتی و شوێنەکانی ترەوە کردووە، سەرەتا هاشم جیهاز و رزگار هاشم کاریان بەو بێتەلە دەکرد بەهۆی فراوانی ناوچەکەیان و بڕیاری دامەزراندنی مەڵبەندەکان کۆمێتەی سەرکردایەتی هەولێر کرا بە دوو مەڵبەند، مەڵبەندی ٣ هەر لەوەرتێ مایەوە و م٤ بارەگایان بردە دۆڵی بالیسان. م٣ بێتەلێکی جۆری ڕاکاڵی بۆ نێردرا تا پەیوەندی بەسەرکردایەتیەوە بکەن و کاری پەیوەندی ئاسان تر بوو پێویستی بەسەرشاخ نەبوو، کاك مزەفەر یەکەم عەدەد بێتەل بووە لەو مەڵبەندە بەناوی هەورامان کەوتۆتە گەڕ، مەڵبەندی ٤ کە بێتەلیان وەرگرت بەناوی هێرشەوە کەوتە گەڕ، گوازرامەوە بۆ م٤ کاك شۆڕش سەید مەجید و کەمال مەمی خەلی دواتر کار بێتەلییان ئەنجام دەدا. دوای گواستنەوەم بۆ م٤، سەرەتا تەنها من و هاشم جیهاز

لەویٚ بوین بەدوو کەس و بێتەلەلێکمان لەڕێگەی ڕێکخستنەوە بۆ هات کە ڕاکاڵی موحەسەن بوو، بەهۆی هەڵەیەکی هونەری لەلایەن دوو هاوریٚ ئەو بێتەلە خۆی بە ١٢ڤۆلت کاری دەکرد ئەوان بەهەڵە ٢٤ ڤۆلتیان لێدا، بۆیە بەشی ناردنی سوتا، دواتر بێتەلێکی جۆری کینوٚدمان وەرگرت، دواتر هاشم جیهاز گوازرایەوە بۆ ت/٨٧ی قەرەچوغ، بۆیە نەهرۆ جلال شێرە تازە پەیوەندی کردبوو راهێنرا لەلامان بووە عەدەد بێتەل تاگوازرانەوەی بۆ ت/٩١ سەفین پاش تەشکیلاتی مەڵبەندی ٤ کە کاک کۆسرەت بەلێپرسراوی مەڵبەند دانرابوو. ماوەیەك لە (م س)عەدەد بێتەل بووە، دواتر لەراپەڕین بۆتە عەدەد بێتەل لەهەولێر لەکوردستانی نویٚ. ئێستا عەمیدی ئاسایشە/ بەشی ئیدارە لەئاسایشی گشتی.ئەو دوو هاوڕێیەی بێتەلەکەیان سوتاند، کاک نەوشیروان بانگی کردن و زۆر لێیان توڕە بوو، دواتر یەکیان ناونرا شێخەی جیهاز سوتێن لەمەڵبەند.



**مەحمود کەریم ئەحمەد مەحمود**

**ناسراو بە مامۆستا مەحمود سەراوی**

سالّی ١٩٥٤ لە سەراوی سوبحان ئاغا سەر بەناحیەی سەید سادق وپارێزگای هەڵەبجە لەدایك بووە. پرۆفیسۆری یاریدەرە. سالّی ١٩٧٧ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. سالّی ١٩٨٧ بەپوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە لەتیپی ١١ی هەورامان. دوای ئەوەی بەبڕیاری سەرکردایەتی تیپی ١١ی هەورامان دەکرێ بە دوو تیپ بەهۆی زۆری ژمارەی پێشمەرگەوە تیپی ١٥ی شارەزوری لێ پێکدەهێنرێ بەفەرماندەیی کاك جەلال کولّکنی.مامۆستا مەحمود لەت/١١ دەمێنێتەوە بەفەرماندەیی شەهید قادر کۆکۆیی وپێشنیار دەکرێ بۆ عەدەد بێتەلی بەحوکمی ئاستی خوێندەواریەکەی لەگەڵ فەتاح مەحمود نادر دەبێتە عەدەد بێتەل تاکو سالّی ١٩٩١ و بەشداری لە راپەڕین دەکات و ماوەیەك بەڕێوەبەری گشتی دەبێ لە وەزارەتی دارایی و دواتر دەگوازرێتەوە سەر خویندنی بالاّ و ئێستا مامۆستای یاریدەدەرە لە پەیمانگای تەکنیکی بەکرەجۆ.



## محەمەد مەولان ابراهیم عبدالرحمن (هونەر)

لەدایك بوی ١٩٦٥/٧/١ رانیە /چوارقورنە و دەرچوی ٣ی ناوەندی، سالی ١٩٨٢ پەیوەندی بەکەرتی رێکخستنی رانیەوە کردووە و لەسالی ١٩٨٣ بۆتە پێشمەرگە لەکەرتی رێکخستنی ت/٩٩ی بتوێن و سالی ١٩٨٥ بۆتە عەدەد بێتەل لە ت/٩٩ی بتوێن وچوار سال بەر لەراپەڕین وبیست ویەك سالیش دوای راپەڕین، ئێستا جێگری لقی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرنەکانە لە رانیە. کاك هونەر دەڵێت ئەوەندە گرنگیمان بەو بێتەلە دەدا زستان بوو لۆکەم لەدەوری بێتەلەکە دانا بوو، جارێکیان کاك کۆسرەت لەگەڵ کاك تۆفیق کانی وەتمانی هاتنە ژوورەکەمان، پرسیاری کرد ئەوە لۆ جیهازەکەی مە وانیە؟! لەوەلام دا گوتم ئەوە من لەبەر ساردو گەرمی لۆکەم لەدەوری داناوەو داپۆشیوە، بۆیە بەڕێزیان دووکراسی زۆر نایابیان پێشکەش کردین.



## مستەفا ئەحمەد مستەفا بیلال

لەسالی ١٩٦٤ لەناحیەی هێرۆ لەدایك بووە، دەرچووی سێی ناوەندی وساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانەوە کردووە بەهۆی گورج وگۆڵی کاری تەتەری پێ سپردراوە و ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی کردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەت/٩٩ی بتوێن ساڵی ١٩٨٦ بۆتە عەدەد بێتەل لە ت/٨٣ی هەورێ تا دوای راپەڕین واتە نۆ ساڵ تاکو ١٩٩٤. دوای ئەنفالەکان لەگەڵ شەهید عەلی وەیس شەش مانگ پارتیزان بووە لە رەتلی بتوێن.لەراپەڕینی ساڵی ١٩٨٢ رۆڵی بەرچاوی هەبووە. بەشداری خولێکی سەربازی کردووە و پلەی ئەفسەری وەرگرتووە، دوا پلەی بەرپرسی پۆلیسی دارستان بووە لە ١٢/١٦/ ٢٠١١ کۆچی دوایی کردوە لە ئەلمانیا بەهۆی کاریگەری برینداریيەکانی پێشوی. پێش کۆچی دوایی کردنی یەکدوو بیرەوەریی وبەسەرهاتی بۆناردوم،خراونەتە روو.



**موشیر زاهیر حەمەد مەولود**

**ناسراو بە (مشیر حەیدەری)**

**لەدایك بووی گوندی حاجی قەلاّ / قەزای کۆیە، دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی بەشی کارەبایە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵە کردووە ئۆرگانی شەهید ئاودێر لەکۆیە.ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە کەرتی دووی شەهید شەفیق. ساڵی ١٩٨٧ بۆتە عەدەد بێتەل لە ت/٩٣ی کۆیە وپاشان ت/٦٣ی جوتیاران دۆڵەکۆگە – مەڵبەندی(٣)ئەڵوەتان و هێزی(٧)ی کۆیە وپاشان مەڵبەندی(١٤)ی کۆیە.لە (لەکاتی داستانی رزگاری) ئەرکمان پێ سپێردرا بوو کومەڵە رەبایەیەك بوو بیگرین، لەسەعاتی سفر هێرشمان کرد و رەبایەکان گیران، هەرچەند کاك ملازم عومەر هاواری لێکردین کە بوەستین بەڵام ئیمە گوێمان بەفەرمانەکەی نەداو تا مقرسریەکەشمان گرت و جاشێك بەبریندار گیرا سەرەتا وای زانی ئێمەش جاشین وتی عەمرتان نەمێنێ وەکو من شەڕتان بکردایە هیچ شوێنێك نەدەگیرا، کە زانی پێشمەرگەین کەوتە پاڕانەوە لەوکاتە جاشێك لەناو ساترەکانەوە پەیدا بوو من مەخزەنەکانم بەتاڵ بەتاڵ بوون بەبرادەرێکی ترم گوت لێیدە ئەویش یەك**

فیشـەکی پێمـابوو، جاشـەکە نـارجۆکی بەدەسـتەوە بـوو تەنانـەت فریـای ئـەوەش نەکەوت ئەڵقەکەشی دەربێنێ وەك بەرد نارنجۆکەکەی تێگرتین، بەڵام بەرکابرای جــاش کـــەوت هــــەردوکیان خلـــۆر بونـــەوە خـــوارەوە پێکـــەوە. لەوهێرشـــانە بڕیاربوو(خزمان) ناوی نهێنی ئێرانیەکان بوو فەرماندەیەکمان هەبوو هێنـدە بێـزار بوو بەشەهید سابیر رەسوڵی گوت بەتوڕەیی(ئەی کوا هاوکاری ئەو (خزمـە) سـەگ وسەگباب) بەشداریی زۆربەی شەڕەکانی ت/٩٣ی کردووە. ئێستا خانەنشینە.



## محەمەد ڕۆستەم محەمەد عەبدوڵا

## ناسراوبە(حمە سیاسی)

لەساڵی ١٩٦٤ لەسلێمانی و گەڕەکی خەبات لەدایك بووە. دەرچووی دوا ناوەندییە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێڵی شەهید بێستونی لیژنە ناوچەی شارەزور و قەرەداغ و شەهید د.چیاکردووە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە و شەهید حمە سەعید/ لەقەرەداغ کردووە. ساڵی ١٩٨٥ کراوەتە عەدەد بێتەل لەهەمان کات ڕێکخەری ت/١١ بووە تاکو ساڵی ١٩٨٧ لە ت/١١ی هەورامان و پاشان ت/١٥ی شارەزور. بەشداری کردووە لە گرتنی سەربازگە و بەشداری لەراپەڕینی ساڵی ١٩٨٧ی خورماڵ و بەشداری داستانی رزگاری کردووە. ئەو ئاستەنگانەی هاتۆتە پێشمان لەهەموان گرنگتر شەحنی پاتری بووە، هەندێ جار نەتوانراوە ئەنتێنای تەنافی بەکار بهێنین ناچار بە ئەریەلی عمودی کارمان بە بەبێتەلەکە کردووە بۆ یە زۆرجار دەنگمان خراپ دەگەیشتە بێتەلەکانی تر. لەکاتی جموجوڵە سەربازیەکان شەونخونیمان بەدیار بێتەلەوە گرتووە، گەر هەڵە نەبم هەواڵی گرتنی هەڵەبجەو هەروەها کیمیابارانی هەڵەبجەی پێ ڕاگەیاندین. ئێستا جێگری میحوەری دووە.



**محەمەد جیهاد عەلی ئەکبر وەلی،**

لەساڵی ١٩٦٠ لەشاری خانەقین / گەرەکی بانمیل لەدایک بووە. دەرچووی زانکۆی سەلاحەدینە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە لە هەولێر. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە لەرێکخراوی دوو کە رەحمەتی جەبار فەرمان بەرپرسی بوولە گوندی هەڵەدن. ساڵی ١٩٨٦ کراوەتە عەدەد بێتەل لای رەحمەتی جەبار فەرمان و لەزۆربەی شەڕەکانی برزوت و بالۆسە شان بەشانی فەرماندە جەبار فەرمان لەگەڵیان بووە. لەهەمان ساڵ دا توانیان دەزگایەکی ڕاکاڵی موحەسەن لە مفرەزەیەکی (الاستطلاع والرصد)ی سوپای عێراق بەفەرماندەکەیانەوە بگرن تاکو ساڵی ١٩٨٨ عەدەد بێتەل بووە تا چونە دەرەوەی وڵات. ئێستا ماستەری هەیە لە کیمیای خاك و لە وڵاتی سوید ژیان بەسەر دەبات.



## محەمەد حەمە ڕەشید عارف عومەر

## ناسراو بە (حەمە تیژەیی)

ساڵی ١٩٦٧ لە گوندی تیژەی سەر بەناحیەی ئاغجەلەر قەزای چەمچەماڵ لەدایك بووە. لەساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە لەکەرکوك. ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی کردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەت/٢٥ی خاڵخالان.ساڵی ١٩٨٧سەرەتا عەدەد بێتەل بووە لای فەرماندە کاك عەلی بچکۆل و عەدەد بێتەل لە ت/٢٥ی خاڵخالان تاکو ساڵی ١٩٩١. دوای ئەوەی لەلایەن سەرکردایەتی بڕیار درا کە هەندێ تیپ ژمارەیان زۆر زیادی کردبوو بکرێنە دوو تیپ یەکێ لەوانە ت/٢١ی کەرکوك بوو، تیپی ٢٥ی خاڵخالانی لێ دروستکرا کراو کاك رابەر سەید برایم کرا بەفەرمانده‌ی ماوەیەك کاك کۆچەر عەدەد بێتەل بووە تا بوونی بەرابەر سیاسی، دواتر ماوەیەکی کەم کاك جەمال برای شەهید جلیل بیکەیسی عەدەد بێتەل بووە دواتر مامۆستا محسن ئەویش ماوەیەکی کەم. دواتر مامۆستا هیوا ئەویش ماوەیەکی کەم بەهۆی ئەوەی مامۆستای کیمیا بوو نێردرا بۆ ئێران بۆ خولی کیمیاوی دواتر کاك محەمەد تیژەیی بەتەنها کاری لەسەر بێتەلەکە کردووە.کاك محەمەد باس لەهەندێ

ئاستەنگەکانی بێتەڵ بۆ نوسیوم دەڵێت " کە دەچووینە ماڵان دەبوایە بچینە ئەو ماڵەی شوێنەکەی گونجاو بێ بۆ دەنگ و ئەنتێن هەڵدان، بەڵام هەندێ جار وا ڕێکدەوت کەماڵێك بوون دۆستی یەکێتی نەبوون چۆن قسەبکەین کێشە بوو؟ ئەوماوەیەی کە ئەنفال بوو بێتەل و موجەفیرەو(تەجهیز قدرەمان) واتە Pawer supply betray لێکمان هەڵدەوەشاند لەشوێنی بڕژوێن بیشارینەوە تا نەدۆزرێتەوە، کە ئاگر دەکەوتەوە لەوە دەترساین بسوتێ، کە لەشوێنی رووتەنیش دەمانشاردەوە لەوە دەترساین کە دوژمن لەکاتی کێو ماڵ واتە کنەوگەڕان بیدۆزێتەوە و هەندێ جاریش لەکاتی راپەڕین فریا نەدەکەوتین ئەنتێن کۆبکەینەوە بەبەرد دەمان پچڕاند. ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.



## محەمەد مستەفا محەمەد ئیسماعیل

## ناسراو بە (بە حەمە صەقەر)،

لە ساڵی ١٩٦٢ لەشاری کەرکوك و لەگەرەکی ئیمام قاسم لەدایك بووە.دەرچوی کۆلێژی یاسا. ساڵێ ١٩٨٢ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە لە ئیمام قاسم. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە لەسنوری ت/٢١ی کەرکوك، ساڵی ١٩٩٠ بۆتە عەدەد بێتەل لە بەتالیۆنی(٦)بە فەرماندەیی کاك سیروان کوێخا نەجم بۆ ماوەی دوو ساڵ تاکو ١٩٩٢. ناوبراو دەڵێ " لەراپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دا لە گوندی چیوەرۆی سەرسنورەوە بەرێکەوتین بەسەر شاخی گمۆدا هەمووی بەفر گرتبووی بە نیازی پشتیوانی لەراپەڕینی(٧)ی ئاداری شاری سلێمانی وبە خۆم و بێتەلەکەوە لەگەڵ کاك ملازم عومەر و سەرجەم فەرماندەکانی وەك مام رۆستەم و شەوکەوتی حاجی مشیرو کاك قادری حاجی علی و کاك سیروانی کوێخا نەجم ماوەی (١٠)رۆژ بەنیازی هێرش کردن بوین بۆ سەر شاری کەرکوك و لە(٢٠)ی ئاداری ١٩٩١ توانیمان زۆربەی شوێنەکان رزگار بکەین لە هەموو دام و دەزگا داپلۆسێنەرەکان پاکی بکەینەوە تەنها سەربازگەی خالید نەبێ کەنەتوانرا بەتەواوی رزگار بکرێت.دوای هێرشی پێچەوانەی دوژمن بەرەبەرە لە شاری کەرکوك کشاینەوە و زۆر بەزەحمەت دەرچوین بەهۆی بۆمبارانی کۆپتەرەکانی رژێمی بەعس و گەیشتینە سلێمانی و پاشان سەردانی مام جەلالمان کردو ئەویش فەرمانی کرد بەخۆم و بێتلەکەوە بچمەوە شەدەڵە لای کاك سیروان و بەتایبەتی لەکاتی پارتی زانی دا زۆر ئاستەنگمان دەهاتە پێش چ لەرووی قسەکردن و چ پەیدا کردنی پاتریەوە.



## محەمەد رسول محەمەد قادر

## ناسراو بە (بەحەمەی بێتەل)،

لەساڵی ١٩٥٧ لەشاری کەرکوک و گەڕەکی شۆریجە لەدایك بووە. دەرچووی پەیمانگای تەکنۆلۆژی/ دبلۆم رووپێوییە.ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە کۆمیتەی ئاگرەوە کردووە، لەساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهەرێمی پێنجی هێزی پێشمەرگەوە کردووە. هەر لەساڵی ١٩٨٢ بۆتە عەدەد بێتەلی PRC لەسەرشاخی مامەندە، بەهۆی ئەوەی کە لەسەربازی خولی راهێنانی لەسەر بێتەل هەبووەو عەریف موخابر بووە هەر لەو ساڵەدا چوتە ت/٥١ی گەرمیان و لەوێ کراوەتە عەدەد بێتەلی ڕاکاڵ بۆماوەی ساڵ ونیوێك عەدەد بێتەل بووە. ئیستا خانەنشینە.



## محەمەد سعید قادر رسولاً

## ناسراو بە(سەنگەر)،

ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کۆیە لەدایك بووە. ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە.بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە لە هەرێمی ١٠ی جوتیاران بەفەرماندەیی مەحمود رازانی هەر لەوساڵەدا بەبڕیاری سەرکردایەتی دوای شەڕەکانی (باوزێ)،هەرێمەکە دەبێتە تیپی ٦٣ی جوتیاران بەفەرماندەیی محمد رازانی کە لەشەڕەکانی سەرکردایەتی ولەگوندی شەدەڵە شەهید دەبێت. ساڵی ١٩٨٦ پێشنیار کراوە بۆ عەدەد بێتەڵ تاکو ساڵی ١٩٨٧ و دواتر لە ساڵی ١٩٩٦ تاکو ساڵی ٢٠٠٤ لە ت/٩٩ی بتوێن و مەڵبەندی کۆیەو مەڵبەندی هەولێر عەدەد بێتەل بووە. ئێستا ئەفسەرە بە پلەی عەمید لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری رەگەزنامەی هەولێر.



## محەمەد رەسولأ عەلی عومەر

## ناسراو بەمحەمەدی مام رەسولأ،

لەساڵی ١٩٧٠ لەقەزای پشدەر ناحیەی ناودەشت و گوندی سوورەدێ لەدایک بووە.دەرچووی شەشی سەرەتاییە.ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەکەرتی رێکخستنی رانیەوە کردووە.ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە تیپی ٧٩ی شەهیدان.ماوەی هەفتەیەک لە(٧)ی نیسانی١٩٨٨ لەلایەن مامۆستا خدر عەدەد بێتەلی ت/٤٣ی ئاسۆسەوە، راهینانی پێکراوە لەسەر بێتەلی جۆری کینۆدی ژاپۆنی، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەو خۆی نەتوانراوە نە پەیوەندی بەهیچ بێتەلێکەوە بکات ونەبروسکەشی وەرگرتوە و نەشفرەی پێدراوە لە(١٤) ی تشرینی یەکەم بێتەلەکەیان لێوەرگیراوەتەوە.



## نەوزاد حسین محەمەد ئەمین عەبدولا

## ناسراو بە (نەوزادی موهەندیس)،

ساڵی ١٩٥٥ لەشاری قەڵادزێ لەدایكبووە. دەرچووی كۆلێژی ئەندازیاریی. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەرێكخستنەكانی یەكێتی نیشتمانیەوە كردووە و لەهەمان ساڵ دا پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە كردووە. ساڵی ١٩٨٤ كاتێ تیپی ٦٨ی مامەندەكە لەبەری سندۆلان بوو،سەركردایەتیش لە سێروانی بەری مەرگە بوو لەبەر گرنگی ناوچەكەیان بۆ سەركردایەتی بێتەلێكی جۆری ڕاكاڵ یان پێدرا و سەرەتا جەنگی كوڕی قادرئاغای ڕەحمەتی كاری پێدەكرد، بەڵام بەهۆی ئەوەی كە زۆركات لەگەڵ باوكی دەرۆیشت بۆ ئەملاو ئەولا وتاقەتی بێتەلی نەبوو بۆیە ڕەحمەتی نەوزاد پێشنیار كرا وەك عەدەد بێتەلی ت/٦٨ی مامەندە. دوای شەڕەكانی سەركردایەتی و كشانەوە بۆ سەر سنورەكان ورێكخستنەوەی هێزەكان، بریاردرا لەگەڵ كاك ملازم عومەر هێزەكان بەرەو مەڵبەندی ٣ و مەڵبەندی ٤ بەرێكەوتن و لەوێ كاری عەدەد بێتەلی ئەنجام دا تاكو شاڵاوەكانی ئەنفالی سەر ئەوناوچەیە وگەڕانەوە بۆ سەر سنورەكان. لەكۆبونەوەكەی قاسمەڕەش لەساڵی ١٩٨٨ بەشدار بوو، دەتوانم بڵێم زۆربەی وێنەكانی ئەو كۆبونەوەیەی عەدەد بێتەلەكان بەكامێرای ئەو گیراوە و دواتر وەك ئەندامی بێتەلی ناوەندی لەگەڵ خۆمان كاری بێتەلی ئەنجام داوە و گەر هەڵە نەبم بەشداریی كرد لە نەخشەی خانوەكانی قاسمە ڕەش بەتایبەت بارەگای بێتەلی ناوەندی. كاتی

بەرێکـەوتنی هێزەکـانی سـەرکردایەتی لـە ١١ی ئـاداری ١٩٩١ بڕیـاری دا لـە لەقاسمەڕەش بمێنیتەوە بەهۆی هاوسەرگیرییەوە و کاری پەیوەندییەکانی ئێرانی لە قاسمەڕەش گرتە ئەستۆ. لەدامەزراندنی یەکەم حکومەتی هەرێم وەك سکرتێری سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران کاری کـردووە، دواتـر راژەکـەی گواسـتراوەتەوە بـۆ شـارەوانی سـلێمانی. دوای توشـبوونی بەنەخۆشـی سـاڵی ٢٠٠٩ کۆچـی دوایـی کردووە و لەسلێمانی بەخاك سپێردراوە.



## نەسرولآ عومەر هیدایەت حمد

## ناسراو بە (سەرکەوتە ڕەش)

لەدایك بووی ١٩٥٣/٧/١ هەولێر / تەیراوە، بەکالۆریۆس زمانی کوردی و یاساو زانیاریی سەربازی. لەساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵە کردووە لەهەولێر و لەساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی کردوە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان م/٤ لەساڵی ١٩٨٦ تاکو ١٩٩٢ عەدەد بێتەل بووە لە زۆر شوێن لەوانە بێتەلی ناوەندی و دەزگای دارایی و فەرماندەی فەرماندەیی لەزەڵێ و لەگەڵ مامۆستا نازم عومەر لەگەڵ ڕەتڵی بادینان بووە و بەشداریی ڕاپەڕینی کردووە. سەرکەوتەڕەش یەکێك لەو کوردە سەربازانەی کە لەیەکەی ١١٤ی گوێگرتنی سوپای عێراق لەگەڵ کەسێکی دیکە بەناوی عوبێد ڕەشید زانیارییان دەربارەی یەکەکانی گوێگرتنی عێراقی ناردووە بۆ ئەو کەسانەی پەیوەندییان پێوە هەبووە. لەچەند شوێنێك لەوەزارەتەکان بەڕێوەبەری گشتی بووە، دوا جار لەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و بەشداریی چەندین کۆنفرانس و سیمناری ناوەوەو دەرەوەی وڵاتی کردووە سەبارەت بە چاکسازی گەوران. ئێستا خانەنشینی مەدەنییە.



## نەهرۆ جلال شێرە سەعید

## ناسراو بە(نەهرۆی جیهاز)

لەساڵی ١٩٦٠ لە هەولێرو گەڕەکی باداوان لەدایك بووە. تاكو پۆلی چواری ئامادەیی خوێندوە. ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی كردوە بەڕێكخراوی كۆمەڵەی رەنجدەرانی كوردستانەوە. ساڵی ١٩٨١ بۆتە پێشمەرگە لە هەرێمی(٧)دوای زیندانی كردنی لەلایەن بەعسەوە و ئازاد بوونی. ساڵی ١٩٨١ سەرەتا وەك عەدەد بێتەلی هۆكی تۆكی. دواتر لەمەڵبەندی(٤)وەك عەدەد بێتەلی دوور مەودا ماوەیەك و دوای ئەوەی كە كاك كۆسرەت وەك لێپرسراوی(مەڵبەندی سێ) دەست نیشان كرا، گوێزرایەوە بۆ ت/٩١ سەفین چونكە دوو عەدەد بێتەلی نوێ لەوێ دەست نیشان كران، دواتر لەوێشەوە گوێزرایەوە بۆمەڵبەندی[٤] كاتێك شەهید كوێستانی كرایە بەپرسی مەڵبەند لەگەڵ عەلی مام قادر، ساڵی ١٩٨٦ ماوەیەك لە بێتەل دووركەوتەوە خەریكی كاری هونەری ونواندن بووە. ساڵی ١٩٨٧ ئەوكاتە عەدەد بێتەلی م٣ بوو. لەپەیوەندی كاتژمێر ٣ یا ٤ی ئێوارەبوو بێتەلەكان هەمویان لەسەر هێڵی گشتی ئامادەبوون تا هەریەكە بچنە شوێنێك و پرسیار لەبێتەلەكانی سەربەخۆیان بكەن بروسكە یا زانیاریی چی هەیە بە ئێمەی رابگەیەنن لەناكاوێكا بەمشوەشی هاتەوە خەتی گشتی پێی راگەیاندین كە تەقەیەكی زۆر لە نزیك

بارەگاکانی مەڵبەند هەیە و ناچارم بیتەلەکە بپێچمەوە و بڕۆم دەنگی نەما، ئێمەش ناچار پرسیار لە م٤ و ئەو تیپانەی دەوروبەریان بکەین، کە ئایا هیچ هێرش و پەلامارێك بۆسەر م٣ هەیە؟هەرچی لێمان دەپرسی شتی وانییە جەنابی مام جەلالیش لەسەر ئاوو ئاگر هەرپرسیاری دەکرد، لەناکاوێکا هاتەوە سەر هێڵی گشتی و گوتی بنوسن ئەمرۆ کاتژمێر (٤:٣٠) خولەك فەوجێکی سوك بەهەموو چەك وجبەخانەو سەیارەو دۆشکاو کەل و پەلەکانیان پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەو م٣ کرد ئەو تەقەو ئاربیجیەی باسم کرد بەوبۆنەوەیە بوو بەلاّم من ئاگادار نەبووم. ئێستا وەك وەرگێرکار دەکات لەولاتی ئوستراليا دەژی.



## نەوزاد کەریم یارئەحمەد ئەمین،

لەساڵی ١٩٦٢ لە شاری کەرکوك گەڕەکی ئازادی لەدایك بووە. دەرچووی ٣ی ناوەندی. لەساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی کردووە بەرێکخستنەکانی ت/٢٥ی خاڵخاڵانەوە و لەهەمان ساڵیش لەو تیپە بۆتە پێشمەرگە. ساڵی ١٩٩٠ پێشنیارکراوە بۆ عەدەد بێتەلی لە بەتالیۆنی ٩ی بڵفەت بەفەرماندەیی سەلیم ئاغا لە دۆڵە کۆگە. لەراپەڕین شان بەشانی هێزەکانی ڕەتڵی شەهید حەسەن کوێستانی و م٣ لە حەریرو شەقڵاوە، پاشان گەراونەتەوە هەولێر.ساڵی ١٩٩٦ تاکو ١٩٩٩ لە مەڵبەندی ١٤ی کۆیە و دواتر گوازراوەتەوە بۆ بەتالیۆنی هەولێر بە فەرماندە جلال ئیلنجاغی، پاشان ساڵی ٢٠٠٨ بۆ مەکتەبی رێکخستن و دواتر گوازراوەتەوە بارەگای م٣ لەهەولێر،ساڵی ٢٠١٧ گوازراوەتەوە بۆ لیوای ١٢٤ی خۆشناوەتی. ئێستا ئەفسەرە لە لیوای ١٤٤ بەپلەی عەقید.



**نەورۆز محەمەد ئەحمەد فەتاح**

**ناسراو بە (نەورۆز حەمە زڕگوێزی)،**

لەساڵی ١٩٦١ لەسلێمانی و گەڕەکی گوێژە لەدایک بووە.دەرچووی ئامادەیی پێشەسازی سلێمانیە.لەساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی کردووە بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ت/٤٧ی پیرەمەگرونەوە کردووە،ساڵی ١٩٨٤ هەم وەك شۆفیری تایبەتی رەوانشاد کاك نەوشیروان هەم وەك عەدەد بێتەل لەکاتی دەرچوونەکانی بەڕێزیان بەناوی (نەبەز [٢] ) کاری بێتەلی رادەپەراند تاکو ساڵی ١٩٨٦. بەشداریی لەخولێکی سەربازی کردووە لە ئێران. دواتر وەك فەرماندەی دژە ئاسمانیەکانی وەك دۆشکاو دیمترۆف و سام[٧] لەبارەگای سکرتاریەتی سکرتێری گشتی بووە. لەراپەڕینیش لەگەڵ هێزەکانی رەتڵی سلێمانی و کەرکوك بەشدار بووە.دواترلە ساڵی [١٩٩٧]رووی لەهەندەران کردووەو ئێستا لەهۆڵەندا دەژی.



## نوری حسین مەحمود خدر

## ناسراو بە (سەید نوری جیهاز)،

لەساڵی ١٩٦٥ لەدوزخورماتو لەدایك بووه. دەرچووی ئامادەیی بەشی زانستیه. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەرێكخستنەكانی دوزخورماتوو كردووه و بەناوی نهێنی (هێمن) كەرتی رێكخستنی دوزخورماتوو. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی كردووه بە هـ.پ.ك لەسنوری ت/٥١ی گەرمیان. لەساڵی ١٩٨٤ پێشنیار كراوه بۆ عەدەد بێتەلی هەر لە ت/٥١ی گەرمیان تا شەڕەكانی ئەنفال و كشانەوه بۆ سەر سنورەكان ساڵی ١٩٨٨. پاشان وەك عەدەد بێتەل لە بەتالیۆنەكانی ١ و٢ كاری كردووه. لەراپەڕین دا لەگەڵ رەتڵی گەرمیان بۆ رزگاركردنی شارو شارۆچكەكانی ئەو دەڤەره شان بەشانی هێزی پێشمەرگه بەشدار بووه و لەشاری خانەقین لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگه لەلایەن موجاهیدینی خەڵقەوه شەهید كراون.دوای ساڵی ٢٠٠٣ تەرمەكەی دۆزراوەتەوەو لە دوزخورماتوو بەخاك سپێردراوەتەوه.

شەهید سەیید نوری لەگەڵ ئەوەی عەدەد بێتەل بووه، بەردەوام بەشداریی چالاكیەكانی ت/٥١ی گەرمیانی كردووه بەتایبەت كەرتەكانی ٥ و٦ و هەواڵی چالاكیەكانی گەیاندووه بە ئێزگەی دەنگی گەلی كوردستان و بێتەلی ناوەندی.

لەراپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دا رۆڵی بەرچاوی هەبووە. سەید نوری یەکێك بوو لە عەدەد بێتەلە هێمن و نهێنی پارێزەکان. بەهۆی بوونە پێشمەرگەوە هەموو خانەوادەکەی لەسەرئەو زیندانی دەکرێن لەبەندینخانەکانی دوزخورماتوو و کەرکوك و ئەمنە سورەکەی سلێمانی، دوای ١٠ مانگ لە بەندینخانە ئازاد دەکرێن و لەگوندی سەییدەکانی گەرمکی گەرمیان یەکتریان دیووە. لەئەنفالی گەرمیان خوشکێکی بەناوی سەمیرە ئەنفال کراوە، بەڵام لە شەهید سەید نوری شاردراوەتەوە پێیان نەگوتوە. لەراپەڕین وئازاد کردنی ناوچەکەیان بۆماوەی ١٠ خولەك باوکی دیووە پێی راگەیاندووە کە خوشکەکەی ئەنفال کراوە. لەشەڕەکانی بەری قەرەداخ بەهۆی بۆردومانی فرۆکەکانی رژێمی بەعسەوە زۆربەی بەڵگەنامە کەسیەکانی سوتاون و تەنها خەمی رزگارکردنی بێتەلەکەی بووە.



## نوری مەجید محێدین تەها

## ناسراو بە(سەید نوری)،

لەساڵی ١٩٥٧ لە کۆیە لەدایك بووە دەرچووی ناوەندییە.ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە لەکۆیە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی کردووە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەقووەی کۆسرەت کەمامۆستا عەزیز ماوەیەك فەرماندەی بووە تا بریندار بوونی بەسەختی لەکاتی پەلامارێك بۆسەر مونەزمەی کۆیە، دواتر رەوانە کردنی بۆ ئەوروپا وئێستا لەسوید نیشتەجێیە،دواتر هەرلەو هێزە تیپی ٩٣ی کۆسرەتی لێ پێکهێنراوە. لە سەردەمی شەهید شەماڵ ناوەکوی گۆڕدرا بوت ٩٣ ی کویە لەساڵی ١٩٨٣ بەشداری خولێکی بێتەل کردووە بەپلەی باش بڕیویەتی بۆیە کراوە بە عەدەد بێتەل لە مەکتەبی عەسکەری ودواتر م٢ و پاشان تاکو ساڵی ١٩٨٥ عەدەد بێتەل ت/٩٣ی کۆیە بووە، لە ساڵی ٢٠١٨ بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.



## نوری فەرەج رەحیم رەمەزان

## ناسراو بە(هاوڕێ نوری)،

سالْی ۱۹٦۲ لەگەڕەکی چوارباخ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە. سالْی ۱۹۸۰ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە / رێکخراوی سلێمانی کەرتی شەهید ئاری پۆلی نەبەز شانەی شەهید مەلا عەلی کردووە. دەرچووی ئامادەیی پیشەسازیە. سالْی ۱۹۸٤ پەیوەندیی بە کەرتی رێکخستنی دوکانەوە کردووە و بۆتە پێشمەرگە. سالْی ۱۹۸٦ پێشنیار کراوە بۆعەدەد بێتەلی لە ت/ ۲۳ی سورداش و بۆماوەی چوار ساڵ و نیو عەدەد بێتەل بووە، پێش راپەڕین کەبەتالیۆنەکان تەشکیل کرا وەك عەدەد بێتەل لە بەتالیۆنی ۷ دانرا تاکو رۆیشتنی بۆ هەندەران و ئێستا لە لەندەن ژیان بەسەر دەبات و خانەنشینە. هەرچەندە بەپێی رێنماییەکانمان نەدەبوایە لەسەر بێتەل قسەی زۆر بکرێ جگە لە جێبەجێکردنی بروسکە یا پێدانی چالاکی بە ئێزگە، یەکێك بوو لەعەدەد بێتەلە قسە خۆش و بەتوناکان، هەندێ جار قسەیەکی خۆشی دەکرد هەموانی دەهێنایە پێکەنین.



## هاشم عومەر عوسمان وەتمان

## ناسراو بە(هاشم جیهاز)

لە ساڵی ١٩٦٠ لە گوندی دونگزاوای ناحیەی مەسیف سەلاح الدین سەرپارێزگای هەولێر لەدایك بووە. دەرچوی سەرەتاییە بەڵام زمانەکانی عەرەبی و تورکی وفارسی زانیوە. ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کردووە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە لە ناوزەنگ کەرتی سجن لای کاك عەلی شامار. لەسەربازیی خولی راهێنانی دیوە لەسەر بێتەل. لەساڵی ١٩٨٣ کە تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر بێتەلێکی کینۆدی دروستکراوی ژاپۆنیان وەرگرتووە،کراوەتە عەدەد بێتەل و ماوەیەك هەر بەتەنهابوو تاکو ئایزن قادر دەستنیشان کرا، بوون بەدوو کەس دواتر، بەهۆی ئەوەی تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر ژمارەیان زۆر زیادی کردبوو. لەسەرکردایەتی بڕیاردرا بکرێنە دوو تیپ و تیپی ٨٧ی قەرەچوغی لێدروستکرا کرا و کاك سەفین مەلا قەرە فەرماندەی تیپەکە بوو لە سێروانی بەری مەرگە هاتە لامان و بێتەلێکی ڕاکاڵی نوێمان پێدا بەفەرمانی رەوانشاد مام جەلال و لەوێ بوو بەعەدەد بێتەل و دواتریش موجەفیرەیەکمان پێدان و تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێریش بێتەلێکی ڕاکاڵیان گرت ودرایەوە بەخۆیان و بەهۆی ئەوەی هەردوو تیپ هاوسنور بوون

پێکەوە موجەفیرەکەیان بەکار دەهێنا، لەدوای ساڵی ١٩٨٧ کراوە بەفەرماندەی کەرت و لەشوێنی ئەو شەهید هەینی دانراوە و کاك قاسم سابر عەزیزیش کرابوو بە عەدەد بێتەل وەك جۆکەر وابوو هەرجارەی هاوکاری عەدەد بێتەلێکی دەکرد.لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ بێسەرو شوێن کراوە. لەزۆربەی شەڕەکانی سنوری م٤ و تیپەکەی خۆیان بەشدار بووە.



**هەینی محمەد عوسمان مولود**

**ناسراو بە(هەینی جیهاز)**

لەساڵی ١٩٦٢لەگوندی دووگرتکان وناحیەی قوشتەپەی سەر بەپارێزگای هەولێر لەدایك بووە، دەرچووی ناوەندییە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران کردووە.ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کردووە پاشان لە سێبیران دەکەوێتە کەمینی جاشەکانی فەرماندەیەکی پێشووی کە چوبۆوە لای رژێم لە ٨ی مانگی ئابی ١٩٨٨ شەهیدی دەکەن. سێیەم شەهیدی بنەماڵەکەیانە. لەبێتەلەکەوە کە قسەی لەگەڵ کردوین دەیگوت (ئەنگۆ لۆ هێشتتان هاشم بڕوات، ئەوە من ئێستا بەتەنهامە ئەدی گەر ئیجازەم وەرگرت)لەوەڵامدا پێمان دەگوت: تۆ و ئایزن مادەم هاوسنورن گرنگ ئەوەیە بێتەلێکتان لەخەت بێت و بێ زانیاری نەبین دوای ئەوەی شەهید هاشم بۆتە فەرماندەی کەرت ماوەیەك هەربەتەنها بووە، دواتر قاسم سابر عەزیزیان دیاریکرد و کاك بەختیار رەزامەندیدا، دوای راهێنانی لەسەر بێتەلەکە گوازراوەتەوە بۆ تیپی(٨٧)ی قەرەچوغ. لەساڵی ١٩٨٥ بۆتە عەدەد بێتەل لەتیپی(٨٧).



## هەڤاڵ نوری قادر ڕۆستەم

لەساڵی ١٩٦٣ لەسلێمانی و لەگەڕەکی مەڵکەندی لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەیی بەشی وێژەیی. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی مەڵبەندی دوو کردووە و لەهەمان ساڵیش پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە لە کەرتی تیپ. ساڵی ١٩٨٧ کراوەتە عەدەد بێتەلی ت/٤٧ی پێرەمەگرون لەگەڵ کاك تاریق حسێن علی،دوای گواستنەوەی هەردوو عەدەد بێتەل سەربەست ئەحمد و سەرکەوت محەمەد بۆ بێتەلی بارەگای سکرتاریەتی سکرتێری گشتی. و یەك ساڵ و شەش مانگ عەدەد بێتەل بووە دواتر ڕووی کردۆتە هەندەران و ئێستا لە ولاّتی هۆڵەندا دەژی.



**هاوارحەسەن محەمەد سەعید**

سالّی ١٩٦٩ لەسلێمانی گەرەکی چوارباخ لە دایك بووە. دەرچووی ئامادەیی. سالّی ١٩٨٢ پەیوەندی بەرێکخستنەکانەوە کردووە. سالّی ١٩٨٥ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە لەبارەگای سکرتاریەتی سکرتێری گشتی، لە یاخسەمەر ماوەیەك لەسەر هێلّگۆرکێ کاری کردووە. سالّی ١٩٨٩ بۆتە عەدەد بێتەل لە مەکتەبی شامی پەیوەندییەکان بۆماوەی سالّ و شەش مانگ دواتر رووی لەهەندەران کردووە و ئێستا کارمەندی ئەزمەڕ ئێرە لە فرۆکەخانەی نێودەولّەتی سلێمانی. بەسەرهاتێکی بۆ باسکردوم دەلّێت ئەوکات لەمەکتەبی شام بووم گەر هەوالّەکە خۆشبوایە مام دەیفەرموو نانی بۆ بهێنن گەر باش نەبوایە دەیگوت دواتر وەلاّمت دەدەمەوە.



**هاوار سەعید عەلی تاهیر**

**ناسراو بە(سەنگەر)،**

**لەساڵی ١٩٦٣ لە ناحیەی دیبەگەی سەر بەقەزای مەخمور لەدایك بووە. دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە. ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەتیپی ٩١ی سەفینی هێزی پێشمەرگەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٤ کراوە بەعەدەد بێتەل لە ت/٩١ی سەفین لەسەردەمی فەرماندەیی عەلی نەبی لەگەڵ نەهرۆ جەلال شێرە و لەئاوەژێی بەری مەرگە لای کاك بەختیار راهێنانی لەسەر بێتەل کردووە، ماوەیەك چوتە ت/٨٧ی قەرەچوغ تاکو ناوەڕاستی ١٩٨٦ عەدەد بێتەل بووە، دواتر لەعەدەد بێتەلی دوورخراوەتەوە بەهۆکارێك. ئێستا خانەنشینە بەپلەی عەقید و کارگێری مەڵبەندە.**



**وەصفی عەزیز عەلی فارس**

**ناسراو بە(چالاکی موهەندیس)،**

لەساڵی ١٩٦٠ لەناحیەی دیبەگە سەربەقەزای مەخمور گوندی چل هەوێزەی سەربەپارێزگای هەولێر لەدایك بووە. بەکالۆریۆس ئەندازیاری شارستانی. ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بەکۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە کردووە لە دۆڵی بالیسان /کەرتی رێکخستنی رەواندز. ساڵی ١٩٨٦پێشنیار کراوە بۆ عەدەد بێتەل لە ت/٩١ی سەفین دوای ئەوەی کە نەهرۆ جلال گواسترایەوە م٣ و سەنگەر بەهۆکارێك لەسەر بێتەل وازی هێنا. ساڵی ١٩٨٥ ماوەیەك عەدەد بێتەلی ت/٨٥ی بەرانەتی بووە لەسەردەمی شاخەوان عەباس. ماوەی دووساڵ عەدەد بێتەل بووە. یەکێك بوو لە عەدەد بێتەلە زیرەك و بەتواناکان و لەزۆربەی نەبەردییەکانی سنوری تیپەکەی بەشدار بووە. ساڵی ١٩٨٧ رووی کردۆتە کاری رێکخستن. دواتر رووی لەهەندەران کرد و لەولاتی سوید نیشتەجێ بووە، ئێستا جێگری وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزارە لەحکومەتی هەرێم.



**وریا مەحمود شێخ حارس**

**ناسراو بە(مام وریا)،**

**ساڵی ١٩٦٣ لەشاری ڕەواندز سەر بەپارێزگای هەولێر لەدایك بووە. ئاستی خوێندەواریی تاکو سێی ناوەندیە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بەکەرتی ڕێکخستنی ڕەواندزەوە کردووە. ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە تیپی(١٢)ی سۆرانەوە کردووە تاکو ١٩٨٨. ساڵی ١٩٨٣ بۆتە عەدەد بێتەل لەهەمان تیپ تاکو ساڵی ١٩٨٦ و دواتر لە ١٩٩١ وە تاکو ١٩٩٦ هەر لەتیپی ١٢ی سۆران بووە. ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.**



## هۆشیار رەوف عەبدوڵآ صالح

لەدایك بووی ١٩٦٧ كۆیە، دەرچووی سێی ناوەندی و ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بەرێكخستنی كۆمەڵەوە كردووە لە شاری كۆیە و لەساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە كردووە لە دۆڵە رەقە، ساڵی ١٩٨٥ عەدەد بیتەلی ت/٩٣ی كۆیە بووە تاكو ساڵی ١٩٨٧ ئێستا كارمەندی بەرگری شارستانییە لەكۆیە.



## وەفا حەمە صالح رەشید

## ناسراو بە(وەفای جیهاز)

سالّی ١٩٦٦ لە گەڕەکی چوارباخ لەسلێمانی لەدایك بووە. دەرچووی شەشی سەرەتاییە. سالّی ١٩٨١ پەیوەندی بە رێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە. سالّی(١٩٨٣)پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە لە تیپی ٥٧ی سەگرمەوە کردووە. سالّی ١٩٨٤ پێشنیار کراوە بۆ عەدەد بێتەڵ لە ت/٥٧ی سەرگرمە تاکو سالّی ١٩٨٨ عەدەد بێتەل بووە. ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە. بەشداریی کردووە لەراپەڕینی سالّی ١٩٩١ دا.



## هۆشیار ئەحمەد سەیفولا

هیچ زانیاریەك نییە سەبارەت شوێنی لەدایك بوون و ئاستی خوێندەواریی و ساڵی پەیوەندی کردنی بە هێزی پێشمەرگە، تەنها ئەوەی زانراوە وەك ئاگاداربم یەکێك بووە لەعەدەد بێتەلەکانی م١لەسەردەمی کاك مەلا بەختیار، ماوەیەك و سەردەمی کۆچکردوو بەرکری حاجی سەفەر کادیرێکی رۆشنبیروچالاکی یەکێتی شۆڕشگێڕان بووە. بەهۆی کیمیاوی و لەمانگی ئاداری ساڵی ١٩٨٨ و لە بەلەکجار شەهید بووە.



## یوسف حەسەن حسین حمدئەمین

## ناسراو بە (هەورۆ)

لەساڵی ١٩٧١ لە ئاکۆیانی ڕەواندز لەدایک بووە. دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی /بەشی کارەبا بووە. ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەکەرتی ڕێکخستنی ڕەواندزەوە کردووە.ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردووە لە تیپی ١٢ی سۆران ساڵی ١٩٨٨ کراوەتە عەدەد بێتەل لەهەمان تیپ تاکو سالی ١٩٩٣. لە (٢)ی ئابی ١٩٩٥ بەداخەوە هەواڵی شەهید بونیمان وەرگرت.



## یەحیا حەبیب محەمەد محآ دین

## ناسراو بە (یەحیا تالەبانی)

ساڵی ١٩٥٦ لەگوندی سەنگەرسەر بەناحیەی قۆرەتوو سەر بەقەزای خانەقین لەدایك بووە. دەرچووی سەرەتاییە. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە لە بۆتێ، ئەوکات سکرتاریەتی رەوانشاد مام جەلال لەوێ بوو، سەرەتای گفتوگۆی (ی.ن.ك)رژێمی بەعس بوو. ساڵی ١٩٨٥ پێشنیار کرا بۆ عەدەد بیتەلی لە سکرتاریەتی سکرتێری گشتی لە یاخسەمەر، چونکە تائەو کاتە بەندە وخارە ئازاد تەنها بوین و شەڕەکانی دوای گفتوگۆ سەخت تربون و لەراستی دا فریای ئەو هەموو بروسکە کردنەوەو کردنە شفرەیە نەدەکەوتین، چەند رۆژێك لای خۆمان راهێنانمان پێکرد ئاستی تێگەیشتنی باش بوو. سەرەتا تەنها پەیوەندییەکانی دەکرد و بروسکەکانی وەردەگرت و لە تۆماری بروسکە هاتوو رۆیشتوەکان دەینوسینەوە. دواتر راهێنانمان پێکرد لە چۆنیەتی کردنە شفرە و شفرە کردنەوە ئەوەش چەند رۆژێك بوو ئەزمونی وەردەگرت. ساڵی ١٩٨٧ ژیانی هاوسەری پێکهێنا و چووەوە بۆ ناوچەکانی گەرمیان و ساڵی ١٩٨٨ خێزانەکەی و دوو منالی لەگەڵ کەس وکاری هاوژینەکەی بەر شاڵاوەکانی ئەنفال کەوتن و خۆشی زۆر بەزەحمەت خۆی گەیاندە م٣ و م٤ و لەوێوە گەیشتەوە لامان

لەقاسمەڕەش.دواتر لەگەڵ ڕەتڵی گەرمیان و هێزەکان لەکاتی ڕاپەڕین بەشداری کردووە تا ڕزگارکردنی خانەقین، دواتر بەفەرمانی ڕەوانشاد مام جەلال ئەرکی تری لەسنورەکانی گەرمیان پێ سپێردرا تا خانەنشین بوونی. وەك یادەوەریەك ئەوکات هێشتا پێشمەرگەو سەرپەرشتی کارەبای مولیدەی سکرتاریەتی دەکرد، سەیارەیەك گیرا لە شەڕەکەی کاتی گفتوگۆ، ئەو سەیارەیە نە جامی پێشەوەو نەئاوێنەی تەنیشتەکانی پێوەبوو، کاك یەحیا بەئاوێنەیەکی خڕی بچوکی بەرباخەڵ بەگی بە ئۆتۆمبێلەکە دادەناو لێی دەخوڕی. جارێکیان شفرەیەکمان هەبوو پیتی لەگەڵ بەکار دەهات بەرێکەوت پیتی (گ)ی زۆر بەرکەوت ناوی لێبڕا ئەمجارەیان ژمارەو ناوەکەی خوێندەوە گوتی (گ)ی گوێرەکە عەدەد بێتەلەکە واتێگەیشتبوو لەگەڵ ئەویەتی، دواتر دڵمان هێنایەوە جێ گوتمان کاك یەحیا ناوی لێبڕا چەندجارێ گەلاوێژو گولاڵە و گەرمیان و گۆپاڵەو گۆیان و گەردی و.... هتد بەکار هێنا ئەمجارە گوێرەکەی هات بەسەردەم دا، دڵت هیچ نەکات گەر وەڵامت داینەوە لەبری گوێرەکە بڵێ گۆلك... ئێستا خانەنشینی پێشمەرگەیە.



## یاسین لەتیف کەریم محەمەد

## ناسراو بە(شەمالی جیهاز)

ساڵی ١٩٦٥ لەگوندی سۆڵەی دەربەند سەربەقەزای قەرەداغی پارێزگای سلێمانی لەدایك بووە. دەرچوی زانکۆیە. ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بەرێکخراوی کۆمەڵەی رەنجدەرانەوە کردووە لەکەرتی شەهید ئاشتی. ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە بەمەڵبەندی یەك / رێکخراوی چواری کۆمەڵەوە کردووە. لەمانگی ٢ی ساڵی ١٩٨٩ پێشنیارکرا بۆ عەدەد بێتەلی لە بەتالیۆنی شەش لە چیوەرۆ، تا دوای راپەڕین شان بەشانی هێزەکانی ئەو بەتالیۆنە تێکۆشەرە بووە واتا کۆتایی ١٩٩١. ئێستا لە فەرماندەیی هێزەکانی ٧٠ بەڕێوەبەری ئاماری گشتییە.

# بەشی هەشتەم

# ئەلبومی ئەو بێتەڵانەی

# لەشۆڕشی نوێ بەکارهێنراون



Thompson HF Man Pack 1981
(French)



1983 VHF Tactical Rad
1983 VHF




VRQ317 (Jaguar): is a 50 watt UHF transmitter/receiver frequency:



PRC522

VHF 30-108 mcs ،frequency hopping ،secure radio



PRC4600 - VHF 30 - 80 MHz -Manpack



PRC4600 - VHF 30 - 80 MHz - Manpack




Racal 930-931



سایکرۆفونی بێتەلی ڕاکاڵی ئەوە پارچەیەکیەتی کە لای فەرمانده یا سەرکردەکە دەبێ، ئەوی تری لای عەدەد بێتەل، هەر کاتێ زەنگی لێدا ئەوا بۆی بە بێتەلەکەوە دەخرێ تا لە شوێنی خۆیەوە قسە لەگەل ئەو کەسە بکات کە مەبەستیەتی.



بێتەلی ڕاکاڵی قەفاز بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خۆی بازی بەفریکوەنسیەکە دەدا واتە زۆر بەزەحمەت کۆنترۆڵ دەکرا، لەکاتی راپەرین زۆر لەوانە دەستیبەسەردا گیرا، لەناو هێزی پێشمەرگە بەکارمان نەهێناوە.



بێتەلی ڕاکاڵی ٩٣١ بچوک ئەو جۆرە بێتەلە تەنها لەناو ئۆتۆموبێلی قائد فەیلەق و فرقەکان دا هەبوو هەمان کاری ڕاکاڵە گەورەکەی هەبوو بەڵام بە ١٢ ڤۆڵت کاری دەکرد ئەم وێنەیە سێ بەشە بەشی بێتەلەکە، بەشی سافکردنی دەنگ واتە تیونەر، بەشی پاوەری بەهێزکردنی دەنگ، ئەم جۆرە بێتەلە دەدرا بە (ئەفسەری دیدەوان چابگ رصد)و ئەوانەی کاری سیخوڕییان دەکرد لە ناوچەکانی پشتەوەی جەنگی عێراق– ئێران و سنورەکانی (ی. ن. ك). ساڵی ١٩٨٧ سەکردەو فەرماندە خوالێخۆشبو جەبار فرمان دانەیەکی کۆڵە پشتی لەو جۆرە گرت بێ ئەو بەشانە، لە١٩٨٢ ت/٥٧ بەفەرماندەیی کاك ئازادی سەگرمە توانیان دانەیەك لە گومرگی سلێمانی بگرن و لە ناو شۆڕش دوو تا سێ دانە هەبوو، یەکیان پێش راپەرین نێردرایەوە شارو گیرا.



بێتەلێکی ڕاکاڵی گوێگرتن، تەنها لەو بنکانە هەبوون کە گوێیان دەگرت لە بێتەلی لایەنە کوردیەکان و وڵاتانی دراوسێ و وەك کوێت و سعودیەو تورکیاو ئێرانو ئەم یەکانە سەر بە(وحدة المعدات الفنية)بوون و بەدرێژی باسم کردووە، ئەم بێتەلانە تەنها بەشی گوێگرتنیان هەبوو بەشی ناردنیان نەبوو.



وێنەی(طابعة برقية) تەنها لە نێوان فەیلەقەکان و سەرکردایەتی گشتی سوپای عیراق بەکاردەهێنرا لە راپەرینی ئاداری ١٩٩١ ئەوەی فەیلەقی یەك کەوتە دەستمان ماوەیەکی زۆر لای بەندە بوو تا تەسلیم بە مام کرا، ئەگەر هەڵە نەبم درا بە بەریتانیەکان لە ڕێگای سەرچڵ قەزازەوە بۆشیکردنەوەی زانیاریەکانی ناوی، لەناو جانتایەکی سامسۆنەیت بوو.






Racal 967

ڕاکاڵی وەسەتی پێدەوترا ئەویش VHF بوو،شەپۆلەکانی راستەو راست بوون.







بێتەلی PRC77، یەکێك لە بێتەلە هەرە بەهێزەکان ئەویش VHF واتە شەپۆلەکانی راستەو راست بوو، لەشاخەوە بۆ شاخ بەکاردەهێنرێ.




ئەم جۆرە بێتەلە لەلایەن سوپای عێراقەوە بەکاردەهێنرا بەتایبەت بۆ کەمین، چونکە سەماعەکەی وا دروست کراوە دەتوانریٚ لەبەرخۆتەوە قسەی پێبکەیت و دەنگیش لەبەرانبەردا گویٚ بیستی بیت بەباشی، لەزۆر هێرش و پەلامارەکانی هێزی پێشمەرگە ئەم جۆر بێتەلە دەگیرا و بەکار دەهێنرایەوە.




بێتەلی جۆری کێنوود جۆرێکی بازرگانی بوو لەدروستکراوی ژاپۆن سەرەتا ٦ دانە لەو جۆرە بێتەلە لە دەرەوە کڕدرا لەلایەن کۆمەڵەی زەحمەتکێشان گەیشتە ناوزەنگ و دابەشکرا بەسەر چەند شوێنێك، لەوانە مام جەلال و مەکتەبی عەسکەری و ئیزگەو ت/٢١ و بارەگای کاك نەوشیروان.



بێتەلی بێڵ هێندی، ئەم بێتەلە زیاتر لە مەخفەری پۆلیسەکان بەکار دەهێنرا، یەکەی تیوین واتە ڕێکخستنی و سافکردنی شەپۆلەکەشی لەسەر بوو، سەرەتا لە م٢ و تێپی ٤٧ بەکار دەهێنرا، دواتر بەهۆی زۆربوونی ڕاکاڵەوە وەلا نرا، زۆر قورس بوو بۆ گواستنەوە هەڵگرتن.



بێتەلی تەلیفۆنکنی H.F دروستکراوی ئەلمانیا، چەند دانەیەکمان وەرگرت، هەروەها نزیکەی ٢٠٠ دانە تەلیفۆنکنی VHFمان وەرگرت و دابەش کرا بەسەر تیپەکان و فەرماندەکان و لەکاتی هێرش و پەلامارەکان لەسەر شاخەکان لە نێوان تیپەکان بەکار دەهێنرا.




**موجەفیرەی ٤٢٢٤ دروستکراوی ئینگلیز**




**بۆردی جێگیرکردنی وایەرەکان و ئەگەرەکانی ١٠ توان ١٦**




ڕاکاڵی موحەسەن دروستکراوی ئینگلیز



جۆرێکی تری بێتەلی VHF لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە لەسوپای داگیرکەری بەعس دەگیراو زۆر جاربەکار دەهێنرایەوە، چونکە لەگەل بێتەلی PRCو لەگەڵ ڕاکاڵیVHF شەپۆلەکانیان یەکییان دەگرتەوە






**بێتـــەلی تـــەلیفۆنکنی دروســـتکراوی ئـــەلمانی بێتـــەلی هـــۆکی تـــۆکی ناشـــناڵ سەرەتاکانی شۆرش بەکارهاتوە**

**لـــەدوای ســـاڵی ١٩٨٧بـــەفراوانی لەلایـــەن هێنـــراوە بـــۆ پەیوەنـــدیی کـــردن بەســـەرکردایەتییەوە لـــەهێزی پێشـــمەرگەوە بـــەکار هێنـــراوە لەلایـــەن سەرشـــاخی دیـــدەوان و کۆســـرەت و ئـــاوەگردەوە بەشـــاخی کـــەرت وتیپەکانـــەوە لەگـــەل PRCوڕاکـــاڵی مامەندەوە.فریکوەنســـییەکەی ٢٧٠٠٠ مێگـــاهێرتز بـــوو ، وەســـەت فریکوەنسیەکانیان رەبت دەبوو. لەگەل ڕاکاڵی گەورە لەسەر شەپۆلی A.M یش رەبت دەبوو، زۆرجار بۆنزیك خۆمان قسەمان پێکردووە.**



جۆرێکی تری بێتەلی ناشناڵ






بێتەلی بێڵ هیندی بەیەکەی سافکردنی دەنگەوە  بێتەلی TRC-217چل چەناڵی دەستی کەمتر لەلایەن (هـ پ ك) بەکار هێتراوە

# بەشی نۆیەم

# ئەلبومی پێشمەرگە عەدەد بێتەلەکان



جەنابی مام جەلال لە پەیوەندییەکی بێتەل لەگەڵ پارتیزانەکانی رەتڵی گەرمیان.



بەختیار مستەفا ئەمین یەکەم بەرپرس و دامەزرێنەری بەشی بێتەلی (ی ن ک)



**هەردوو ڕەوانشاد مام جەلال و کاک نەوشیروان لەگەڵ کاک بەختیار**



**کۆچ کردوو شێرزاد مەغدید عومەر عەدەد بێتەلی (م.س) و بێتەلی ناوەندی لە قاسمەڕەش.**






**کۆچکردوو نەوزاد حسێن ئەحمەد / بێتەلی ناوەندی قاسمەڕەش.**



هاشم عومەر ناسراو هاشم جیهاز عەدەد بێتەلی ٨٧ی قەرەچوغ، بێ سەروشوێن.



شەهید هەینی محەمەد عەدەد بێتەلی ت/٨٧ی قەرەچوغ لەناوچەی سێبیران ساڵی ١٩٨٨ لەکەمینی خیانەتکارێك شەهیدکراوە.



شەهید رابەر فەتاح شێخۆ عەدەد بێتەلی ت/١٢ی سۆران و مەکتەبی تەنفیزی بەرەی کوردستانی و لە رزگاری کردنی شاری کەرکوك شەهید کرا.



قاسم سابیر عەزیز عەدەد بێتەلی ت/٨٧ و دواتر عەدەد بێتەلی پەیوەندییەکانی قامشلو.



**شەهید عەبدوڵا عەبدولواحید لەشەوی ٢٦/٢٥ ی شوباتی ١٩٨٨ بەهەڵە کەوتە ناو هێزەکانی دوژمن لە شەدەڵە، عەدەد بێتەلی مەلبەندی ٤ و یەکێك لەعەدەد بێتەلە هەرە بەتواناکان بوو.**



**شەهید شەوکەت حەمەڕەش عەدەد بێتەلی ت/٢١**



**کۆچکردوو سەید نوری مەجید ماوەیەك عەدەد بێتەڵی م/٢ و پاشان مەکتەب عەسکەری و دواتر ت/٩٣**



**شەهید سەید نوری لەشەڕەکانی راپەرین لەگەڵ موجاهدین شەهید بووە.**



شەهید سەلاّح شەریف ناسراو بەخەبات عەدەد بێتەلی م/٤، کۆچکردوو نەوزاد حسین احمد، کاروان عەبدولڕەحمان ناسراو بە شێخ کەریم عەدەد بێتەلی م.س.



عوسمان عومەر عەدەد بێتەلی جەنابی مام جەلال / قاسمەڕەش ١٩٨٩.



بەرزان محەمەد سەعید بۆ ماوەیەك عەدەد بێتەلی م/٢ بووە، پاشان کراوە بەجێگری کەرتی ٣ی تیپی تایبەتی م/٢ لەگەل عومەر ئاغا عەدەد بێتەلی ت/٧٨ی کاروخ.



رەوانشاد نەوشیروان مستەفا، نەهرۆ جلال شێرە



١٩٨٨ کابینــەی بێتــەلی ناوەنــدی قاسمــەڕەش پــاش کشــانەوە، کۆچــکردوو نــەوزاد حسین،ئامانج محەمەد تاهیر، عوسمان عومەر، سەرکەوت محەمەد فەتاح،پشکۆ عەبدولخالق.



ئازاد محەمەد قادر ناسراو بە خارە ئازاد عەدەد بێتەلی جەنابی مام جەلال / خەتێ ١٩٨٣.




سالار عەبدولقادر ماوەیەك عەدەد بێتەلی گومرگی سەفرە و دواتر عەدەد بێتەلی پەیوەندیەکان لە سەقز و دواتر عەدەد بێتەلی (م.س).





خالید حوسێن ئەحمەد عەدەد بێتەلی م/١. هاوڕێ نوری عەدەد بێتەلی ت٢٣ سورداش



موشیر زاهیر حەمەد عەدەد بێتەلی ت/٩٣ و دواتر مەڵبەندی ١٤ی کۆیە.



ڕەحمان شوکری ناسراو بەپیران عەدەد بێتەلی ت/٢١.




**نەهرۆ جەلال شێرە ماوەیەك عەدەد بێتەلی م/٤ و پاشان بێتەلی ت/٩١ی سەفین و ماوەیەك عەدەد بێتەلی م/٣.**



**سوڵتان ئەحمەد حەسەن ناسراو بە خاڵە دێهاتی هونەرمەند و دەنگ خۆش و عەدەد بێتەلی ت/ ٧٤ی باڵەك**


سەرکەوت محەمەد فەتاح/ 15-04-1986

**سەرکەوت محەمەد فەتاح، عەدەد بێتەلی ت ٤٧ی پیرەمەگرون و پاشان بێتەلی جەنابی مام جەلال و یەکێك لە پارتیزانەکانی رەتڵی سورداش.**



**سەربەست ئەحمەد فەتاح عەدەد بێتەلی ت/ ٤٧ی پیرەمەگرون و پاشان بێتەلی ناوەندی و دواتر پەیوەندیەکان و ئێزگە لە سەقز.**



**نەسڕوڵا عومەر هیدایەت ناسراو بە سەرکەوت، عەدەد بیتەلی م.س و دەزگای دارایی و ماوەیەك فەرماندەی فەرماندەیی لە زەلێ و ماوەیەك عەدەد بێتەلی ناوەندی و یەکێك بوو لە ڕێکخستنە نهێنیەکانی کۆمەڵە لە یەکەیەکی گوێگرتن لە سوپای عێراق.**



**شێخ کەریم (کاروان عەبدولڕەحمان) عەدەد بێتەلی فەرەیدون عبد القادر و (م.س).**



محەمەد مەولان ناسراو بەهونەر عەدەد بێتەلی ت/٩٩ ی بیتوێن.



شـەهید عـەلی مـام قـادر عـەدەد بێتـەلی م٣ ماوەیـەك و لەسـالی ١٩٩٤ لـەناو کۆمێتەی رانیە لەکاتی مانۆڕەکەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ڕانیە شەهید کراوە.



عوسمان عومەر، خارە ئازاد محەمەد قادر، کۆچکردو شێرزاد مەغدید عومەر، لەکاتی پڕکردنەوەی شفرەیەك



عەدنان محەمەد فەرەج عەدەد بێتەلی(٥٣)ی شێروانە.



ئەنـــدازیاری ئـــەلکترۆنی پشـــکۆ عەبـــدولخالق مـــەعروف ئەنـــدازیاری ئێزگـــەو چاککردنی بێتەلەکان.



عوسمان، سەرکەوت، کۆچکردوو شێرزاد، چالاك وەسفی عەزیز، حاکم سەردار.



مـەلا بـەهادین م. تـەنفیزی بـەرەی کوردسـتانی لـە راژان و دواتـر یـەکێك لـە پارتیزانەکانی رەتڵی سورداش.



تاریق حوسێن عەلی عـەدەد بێتـەلی ت/٤٧ی پیرەمـەگرون و دواتـر عـەدەد بێتـەلی مەکتەبی شام



ڕیـزی پشـتەوە: کۆچـکردو دارا،اسماعیـل کویسـتانی عمـر ئاغـا، سـەرکەوتە عەینـەك........ بەرزان حمەی مینە،جەبار چاوشین مامۆستا پێشرەو، سالار عبد القادر، شەهید خەبات (صلاح شەریف)ریزی ناوەڕاست: خالد حسین، سەربەست احمد، عوسمان عومەر، نەهرۆ جلال شێرە، ئازاد محەمەد قادر، شەهید سید نوری، رسول عەبدولا (کۆچەر)عدنان محەمەد فەرەج،مشیر زاهیر، ریزی پێشەوە هاوریێ نوری،شێرزاد مەغدید، کەمال وەرشە.



موشیر زاهیر، سەربەست احمد، ئازاد محەمەد اسماعیل کوێستانی، ئارس ابراهیم، شەهید خەبات، شێرزاد مەغدید، رەسول عەبدولاَ – کۆچەر) سالار عبدالقادر سید خدر، جەبار چاوشین، عمر ئاغا خاڵە دێهاتی، نوزاد...... ریزی ناوەراست: هاوریێ نوری، دارا، عدنان محەمەد، شێخ کـــەریم بـــەختیار مســـتەفا، خالیـــد حســـێن، ســـەرکەوتە ڕەش، ئامـــانج محەمەد،...........،........خالید رەزا ریزی پێشەوە: نەوزاد حسین، بەرزان حمەی مینە، باست حەمەغەریب، عوسمان عومەر، مەلا بەهادین، سەرکەوت، کەمال وەرشە، شەهید سید نوری.



سۆرانی کادیر و شێخ جەمال عەدەد بیتەلی ت/٣٧ و پاشان م/٢ و پاشان بێژەری ئێزگە، بورهان محەمەد عبد الرحمن عەدەد بێتەلی ت/ ٣٧



عومەر کاکەڕەش بێتەلی ت/٢١ کەرکوک



**عیماد محەمەد عەدەد بێتەڵی ت/٣١ی سلێمانی**



**مزەفەر مەعروف قادر عەدەد بیتەڵی م/٤ و دوای راپەڕین کوردستانی نویٚ و یەکێك لە پێشمەرگە و کادیرە دڵسۆزەکان.**



حەمە رەحیم یەکێك لە تێکۆشەران و عەدەد بێتەل لە م[1] ودواتر پارتیزانی رەتڵی گەرمیان



محەمەد جیهاد عەدەد بێتەلی فەرماندەی کۆچکردوو جەبار فەرمان.



بەختیار عومەر ئەحمەد عەدەد بێتەل و وەرشەی چاکسازی.



نەورۆز محەمەد زڕگوێزی عەدەد بێتەلی نەبەز ٢ /کاك نەوشیروان.



کۆچکردو مستەفا ئەحمد عەدەد بێتەلی ت/٨٣ی هەورێ



باسـت حەمـە غـەریب عـەدەد بێتـەلی ت/٣٧ و ماوەیـەك پەیوەندییـەکان و فەرماندەیی گشتی لە زەلێ و پاشان بێژەری بەتواناو دەنگخۆشی گەلی کوردستان و دواتر بێژەری ئیزگەی ٤١ مەتری لەکاتی راپەڕین



خاڵـە سـەید مەجید ماوەیـەك بەرپرسـی م٣ و شۆڕشـی کـوڕی عـەدەد بێتـەل لەکومیتەی سەرکردایەتی هەولێر لە وەرتێ و م٣



**وەستاوەکان: عوسمان عومەر، کۆچەر عەبدولا، سەرکەوت محەمەد دێهاتی لەپشتەوە، خارە ئازاد حسێن سنجاری، عمرئاغاسید خدر، شەهید خەبات شەریف، ئەوەی پشتەوە: ئیسماعیل کوێستانی، موشیر زاهیر، عدنان محەمەد فرج، سالار عبد والقادر، دانیشتوەکان: بەرزان حمەی مینە، نهرۆ جلال، ئەوەی دەستی لەسەرشانی نەهرۆیە کاروان عبدولرەحمان،....... دارا محەمەد، باست حەمە غەریب، لەپێشەوە: خوالێخۆشبو شێرزاد، ئامانج محەمەد تاهیر.**



**مامۆستا پێشڕەو لەکاتی پەیوەندیکردن دا**



کۆبونەوەی عەدەد بێتەلەکان قاسمەڕەش لەباردۆخێکی خراپی پاش کشانەوە و سەرماو بەفر، بیٚ جێگاو ڕێگاییش لەولا بوەستیٚ، مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨ کۆبونەوەی عەدەد بێتەلەکان.



سەرەڕای سەختیەکانی ئەو ڕۆژگارە وەك بارەگای بێتەل گرنگیمان بە گوڵ و گـوڵزارو ڕازاندنـەوەی بارەگـا دەدا، خـارە ئازاد،سـەرکەوت، ئـاکۆ، عوسمـان، جوانەمەرگ نەوزاد، خالید ڕەزا.



**کاروان عەبدولرەحمان و کاک ئاراس لەپەراوێزی کۆبونەوەی عەدەد بێتەلەکانی مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٨.**



**نەوزاد کەریم یار احمد عەدەد بێتەلی بەتالیۆنی ٩ لە دۆڵە کۆگە لای سلیم ئاغا ساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ خوا لێخۆشبوو مستەفا ئەحمد و عمر ئاغا بووە، لە راپەڕین لەگەل مامۆستا بەکر دانراوە و لە کۆڕەکە خۆی و خاڵە دێهاتی لەگەڵ شەهید کوێستانی بوونە و دواتر بارەگای مەکتەبی رێکخستن چۆتە حەریر و کە مەڵبەندی ١٤ی کۆیە دامەزراوە لەگەڵ کاک موشیرو سەنگەر سەعید، ئێستا پلەی عەقیدە.**



جوانە مەرگ نەوزاد و خالید رەزا و عوسمان عومەر، قاسمەڕەش / بەردەم بارەگای بێتەل قاسمەڕەش.



سالار عبدولقادر، ئاراس ئیبراهیم، سەرکەوت محەمەد، باست حەمەغەریب /قاسمەڕەش.



خالید ڕەزا لەکاتی پەیوەندییەك بە کۆڵە پشتی بێتەلی ڕاکاڵ



خدر ئەحمەد خدر لەسالی ١٩٨٥وە عەدەد بێتەلی ت/ ٤٣ی ئاسۆس بوو.



**ئەنجامـدانی پەیوەندییـەك لـە كـەش و هەوایـەكی سـارد، تـاقی كردنـەوەی بێتەلێك بەئەنتینی عەمودی.**



**وەستاوەكان: ئیسماعیل كوێستانی، كۆچەر عەبدوڵا،.........، عەدنان محەمەد فەرەج، جەبارچاوشین، شەهید سید نوری، خوالیخۆش بوو بـەرزان حەمـەی مینـە، ریزی پێشەوە: رەحمەتی شێرزاد مەغدید، شـەهید خـەبات، كەمال وەرشـە، ریـزی دواتـر: سـالار عبـدولقادر، عومـەر ئاغـا، دارا، خالیـد حسـێن، هـاوریێ نـوری، سەربەست، سەركەوت، باست حەمە غەریب، نەهرۆ جەلال شێرە، خارە ئازاد.**



**هوشیار رەئوف عەبدوڵا عەدەد بێتەلی ت/ ٩٣ی کۆیە تا ساڵی ١٩٨٨**




**عومەر حەمەدەمین زێوەیی عەدەد بێتەلی ت/٨٣ی هەورێ.**






**مامۆستا عادل کاتی وەرگرتنی پەیوەندی بە هۆی بەدالەکەی سکرتاریەت سالی ١٩٨١ کە ١٢ هێلبووە، لەناوزەنگ هێڵەکانی بۆ بارەگاکان دابەشکراوە.**



ڕەمەزان محەمەد ساڵح شەهید خەباتە بچکۆل، یەکێ لەتەتەرە هەرە چوست و چالاکەکانی هەرێمی دووی (ی. ن. ك) و خۆشرۆیەکی زیرەك و نەترس تا شەهید بوونی.



هاوار سەعید عەلی ناسراو بە سەنگەر عەدەد بێتەلی ت/٩١ی سەفین.



مامۆستا مەحمود سەراوی عەدەد بێتەڵی ت/١١ی هەورامان.



مامۆستا فەتاح کۆکەیی عەدەد بێتەڵی ت/١١ هەورامان.



**شێخ جەمال عەدەد بێتەڵ ت/٣٧ و پاشان م٢ و دواتر بێژەری دەنگی گەلی کوردستان.**



**یەحیا تاڵەبانی عەدەد بێتەڵ سکرتاریەتی سکرتێری گشتی ساڵی ١٩٨٧.**



هاوار حەسەن عەدەد بێتەلی مەکتەبی پەیوەندییەکانی شام.



مەلا برایم عەدەد بێتەلی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و ماوەیەك (م.س).



**حەمە سیاسی عدەد بییێتەلی  تیپی ١٥ی شارەزور.**




**عادل ئەحمەد (هێمن)عەدەد بێتەلی ت/٢١ی کەرکوک.**



ئەمجەد فەتاح عەدەد بێتەلی ت/٩٣ی کۆیە.







عوسمان حەسەن عەدەد بێتەلی م٣.   سالار رەشید عەدەد بێتەلی م٣.



شەهیدان خەبات شەریف و عەبدوڵا عەبدولواحید عەدەد بێتەلەکانی م٤.





کەمال شێخە قادر عەدەد بێتەلی ت/٧٨ی شەهید فاروق جەبار ماوەیەک عەدەد
کارۆخ و عەدەد بێتەلی ت/٧٤.   بێتەلی ت/٩١ سەفین بوو.



وەسفی عەزیز ناسراو بەچالاکی موهەندیس عەدەد بێتەلی ت/٩١ی سەفین.




(پێشڕەو محمود محەمەد) ناسراوە بە مامۆستا پێشڕەو ساڵی ١٩٨٩






**جەنابی مام جلال و کاك ملازم عومەر ملازم عومەر لەگەڵ پێشمەرگەیەك**



کـاک کۆسـرەت رەسـول لێپرسـراوی مەڵبەنـدی چـوارو یـەکێك لـە فەرمانـدەو سەرکردەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان کە سەرپەشتی دەیان نەبەردی پێشمەرگەکانی سنوری مەڵبەندەکەی کردووە و کاک رێباز هەباس کاتی خوێندنەوەی بروسکەیەك.





کاروان کیمیاوی و کاك هاوار حەسەن بێتەڵی مەکتەبی پەیوەندییەکانی شام



کۆچکردوان نەوزادی موهەندس،بەرزان حمەی مینە،شێرزاد مەغدید لەگەڵ عوسمان عومەر و ئاکۆحەسەن بەکر... قاسمەڕەش بارەگای بێتەڵی ناوەندی




**ملازم عومەر و مام جەلال و نەوشیروان مستەفا و سالار عەزیز**



**محمد رەسوڵ عەلی عومەر تیپی ٧٣ی قەندیل بێتەلێکی جۆری ناشناڵی هۆکی تۆکی بەدەستەوەیەوە بۆ پەیوەندی کردن. سەردەمێك ئەوتیپ و کەرتانەی بێتەلی گەورەیان نەبووە بەکار هێنراوە،تەنها خولی عەدەد بێتەلی جۆری کینوودی ژاپۆنی دیوە.**

# بەشی دەیەم

# بەڵگەو دیکۆمێنتەکان


١/ ٢٢/٢٩

لە/ بەڕێز مام جەلالەوە

بۆ/ بەڕێز کاک مسعود ~~[illegible]~~ بەڕێز کاک نەوشیروان

سڵاوێکی گەرم

بە پێی جێگری شێخ دەچێتە تاران، هەروەها

ئەمەم بە دووای کیوەتی دا ناردووە وتیان پشت

بۆ باسی کردنی دوا ڕۆژی عیراقە، ئەمیش و چوونەکەی

دووەمتان بۆ ئەنێرم و لە دوا بڕیار، کاکاوادەرتان

دەکەینەوە


١/ ٢٩/٢

لە/ بەڕێز مام جەلالەوە — بۆ/ بەڕێز کاک مەسعود

سڵاوێکی گەرم

هەواڵی ژیانی کوێت پرسیارم کرد و هەرچی مەلیون

لیرەی سووریام بۆ پەیدا کردوون بە تەمام بوتان

لای کاک غازی زیباری دانێم، تکایە چی

دەفەرموون ؟


لە کاک مسعود بارزانی

بۆ بەڕێز مام جەلال - کاک نەوشیروان

سڵاوێکی گەرم

بروسکەکەتان لە بارەی ٢٩/٢/١ زۆر سوپاس و

باشە لای غازی دانێن .

**چەند بروسکەیەکی ڕەوانشاد مام جەلال**

لە : مام جەلالەوە

بۆ : کۆمیتەی سەرکردایەتی

سڵاو

١. بە قسەی جەنگاوەرانی شەڕی خۆمان لەگەڵتانا باشتر دەبێ، هەردوکمان هەردولامان پێکەوە توند تا روخانی صدام حسین وازی لێ نەهێنین.

٢. هەردولامان پێمان وایە لە هەر ڕۆژێکدا احتمالی روخانی صدام حسین هەیە، بۆیە پێمان باشە خومان بۆی ئامادە بکەین.

٣. ئایا بیرتان لە حکومەتی انتقالی کردوتەوە؟ چۆن دەبێت؟ لە کوێ دەبێ.

٤. تکایە بە پەلە بە دنیا بڵێن بۆ بارەتی پێشمەرگە بدەن، تکایە زۆر زۆر زۆر احتمام بە پێشمەرگە و گەشاندنەوەی بدەن. پێم وایە لەسەر پارەی ئەمانە ناکرێت بە تایبەتی گەر معارضەی عێراقی یەک گرێت.

٥. تکایە وردبینەوە لە دەنگ و باسی دنیادا دڵنیابن کە دنیا چی ئەوێ، وازی لە صدام حسین ناهێنێ تا لەناو دەچێ بە هەموو شێوەیەک دژی (دەوەستن) ⑤

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| التـــاريخ الفرعية | ١<br>٢٥<br>١٣<br>٤<br>٢٨<br>١٦<br>٧<br>٣١<br>١٩<br>١٠<br>٢٢ | ٢ ٢٦<br>١٤<br>٥ ٢٩<br>١٧<br>٨ ٢٠<br>٢٣<br>١١ ٢٩ | ٣ ٢٧<br>١٥<br>٦ ٣٠<br>١٨<br>٩ ٢١<br>٢٤<br>١٢ ٣٠<br>٢٧ | التاريخ المنصب | ١ ٢٥<br>١٣<br>٤ ٢٨<br>١٦<br>٧ ٣١<br>١٩<br>١٠ ٢٢ | ٢ ٢٦<br>١٤<br>٥ ٢٩<br>١٧<br>٨ ٢٠<br>٢٣<br>١١ ٢٩ | ٣ ٢٧ ١٥<br>٦ ٣٠ ١٨<br>٩ ٢١ ٢٤ ١٢<br>٣٠ ٢٧ |
| ن. ت.ش | ب ى | ل س | ل ع | السيد النائب | ٢٢١ | ٤٤١ | ٦٦١ |
| محافظـــة نينوى | ٤٢ | ٦٢ | ٨٢ | الرفيـــــــــق عضوالقبادة | ٢٢٢ | ٤٤٢ | ٦٦٢ |
| محافظـــة التأميم | ٤٣ | ٦٣ | ٨٣ | نائــــــــــب القائد/نينوى | ٢٢٣ | ٤٤٣ | ٦٦٣ |
| فل ١ | ٤٤ | ٦٤ | ٨٤ | نائـــب القائـــــد /التأميم | ٢٢٤ | ٤٤٤ | ٦٦٤ |
| فل ٥ | ٤٥ | ٦٥ | ٨٥ | محافظ نينوى | ٢٢٥ | ٤٤٥ | ٦٦٥ |
| ق ش نينوى | ٤٦ | ٦٦ | ٨٦ | محافظ التأميم | ٢٢٦ | ٤٤٦ | ٦٦٦ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٧ | ٦٧ | ٨٧ | محافظ نينوى | ٢٢٧ | ٤٤٧ | ٦٦٧ |
| ٤٨ | ٦٨ | ٨٨ | محافظ التأميم | ٢٢٨ | ٤٤٨ | ٦٦٨ |
| ٤٩ | ٦٩ | ٨٩ | قائد فل ١ | ٢٢٩ | ٤٤٩ | ٦٦٩ |
| ٥١ | ٧١ | ٩١ | قائد فل ٥ | ٢٣١ | ٤٥١ | ٦٧١ |
| ٥٢ | ٧٢ | ٩٢ | ق م ش نينوى | ٢٣٢ | ٤٥٢ | ٦٧٢ |
| ٥٣ | ٧٣ | ٩٣ | ق م ش التأميم | ٢٣٣ | ٤٥٣ | ٦٧٣ |
| ٥٤ | ٧٤ | ٩٤ | قائد فق نينوى ج ق | ٢٣٤ | ٤٥٤ | ٦٧٤ |
| ٥٥ | ٧٥ | ٩٥ | قائد فق التأميم ج ق | ٢٣٥ | ٤٥٥ | ٦٧٥ |
| | | | جوال ق م ش/ نينوى | ٢٣٦ | ٤٥٦ | ٦٧٦ |
| | | | جوال ق م ش/ التاميم | ٢٣٧ | ٤٥٧ | ٦٧٧ |

تعليمات اشتغال الشبكة اللاسلكية لقيادة المنطقة الشمالية

من ١ شباط ٢٠٠٣

الى ٢٨ شباط ٢٠٠٣

التحوير الخامس

نوع الشبكة مجفر

سرى وشخصى

المخابرة فى قلب المعركة..... وفى جميع الصنوف

نموذج جيش

رقم ١٣٩٩

المقدم اللواء الركن

بشارعدنان ياسين

ابراهيم خلف عبدالله

ضابط مخابرة القيادة نائب قائد المنطقة للشؤون العسكرية

| | | | |
|---|---|---|---|
| التردد النهاري الاصلى سالم ٣٤٨٩ | الاسبوع | الفحص | |

| الـــتردد النهـــاري الاحتيـــاط فاضل٣٤٠٤ | الاول | الصباحي | المسائي | |
|---|---|---|---|---|
| التردد الليلي الاصلى احمد ٥٠٦٤ | الثانى | ٠٧٢٠ | ١٨٠٠ | |
| الـتردد الليلـى الاحتيـاط سـامى ٣٠١٧ | الثالث | ٠٧٢٥ | ١٨١٥ | |
| نوع الاشتغال USB | الرابع | ٠٧٤٥ | ١٨٢٠ | |
| | | ٠٧٥٠ | ١٨٥٠ | |

**ئـەم خشـتـەيەی لەبەردەسـتدايە يەكێكـە لەوخشـتـانەی كـە كەوتۆتـە بەردەسـتمان بـەم شێوەيە سـوپای عيراق كـاری كـردوە وبێتـەل بە دڵـی جـەنگ داناوەولـە هـەموو بوارەكـانی سوپادا وبۆيان نەبوە لەوشـەپۆلانەی بۆيـان ديـاری كـراوە بجولێن بـەڵام هێـزی پێشـمەرگە ڕێگە پێ دراوبوو شەپۆل بگۆڕێ. بەپێی ياسای ژمارە ٤٩ بڕگـەی (ن) لەياسـای سـزادانی عيراقی ئەخەمەڕوو:**

**المادة ٤٩ الفقرة (ن)من ق ع**

**يعاقب بالاعدام كل من ارتكب عمدا عملا من شأنه يعرض أمن وسلامة المواصلات اللاسلكية للخطر بان يمكن العدو من استراق المكالمة الخاصة بالحركات او من استمكان الجهاز المعد للاتصال او الشبكة اللاسلكية،اما اذا ارتكب المنصوص عليها فى هذة الفقرة اهمالا فتكون العقوبة بالحبس مدة لاتزيد عن ثلاث سنوات ولاتقل عن سنة واحدة.**



١٩٩٤/١/٢٥

لە مام جەلالەوە

بۆ بەڕێز کاک نوشیروان

سڵاوێکی گەرم

گەر پێتان ناکۆ وەک دەستە بە جێ (مامۆستا عثمان)م بۆ بنێرن بۆ ئاشتی

و سازی دەن بۆ نووسینا ⊙

بروسکەیەکی ڕەوانشاد مام جەلال





لە کتێبی تۆڕی پەیوەندییەکان لە شاخ سندوقە ڕەشەکەی پێشمەرگە







**بێتەلە سەرەکییەکانی سەرکردایەتی FDبێتەلە سەرەکییە کانی پارێزگای کەرکوك. ناوچەی باکور(التأميم)-HF VHF**


٤/٢٢٤

لە/ کاک حسێن سنجاری

بۆ/ بەڕێز کاک نەوشیروان

سلاو......

دکتۆر لەتیفا زانیوەتی پەیوەندیمان هەیە داوای لە (هاوڕێ) کردووە کە زانیاریەکان پیشانی بدرێ، ئەویش پێی نەداوە لە پرسیارت ئایا ج بکرێ و ئەڵێ بەبێ تەخویل بۆی نییە.

م/ کاک دارا ئەگەر بە هیچ کەسی نەدات و گوێ نەداتە دکتۆرەکان

**بروسکەیەک لە بارەی پەیوەندی نهێنی یەوە**

| المفتاح الثلاثي عشر | | | | | | | | | | | | | المفتاح السباعي | | | | | | | الوقت | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0 | 3 | 6 | B | 5 | F | D | 7 | 1 | D | 7 | A | F | 2 | 1 | D | B | 3 | F | D | ص | |
| A | 4 | 7 | C | 6 | 0 | E | 8 | 2 | E | 8 | B | 0 | 3 | 2 | E | C | 4 | 0 | E | م | |
| B | 5 | 8 | D | 7 | A | F | 9 | 3 | F | 9 | C | A | 4 | 3 | F | D | 5 | A | F | ص | |
| C | 6 | 9 | E | 8 | B | 0 | 1 | 4 | 0 | 1 | D | B | 5 | 4 | 0 | E | 6 | B | 0 | م | |
| D | 7 | A | F | 9 | C | A | 2 | 5 | A | 2 | E | C | 6 | 5 | A | F | 7 | C | A | ص | |
| E | 8 | B | 0 | 1 | D | B | 3 | 6 | B | 3 | F | D | 7 | 6 | B | 0 | 8 | D | B | م | |
| F | 9 | C | A | 2 | E | C | 4 | 7 | C | 4 | 0 | E | 8 | 7 | C | 1 | 9 | E | C | ص | |
| 0 | A | D | B | 3 | F | D | 5 | 8 | D | 5 | A | F | 9 | 2 | D | 2 | A | F | D | م | |
| 1 | B | E | C | 4 | 0 | E | 6 | 9 | E | 6 | B | 0 | 1 | 9 | E | 3 | B | 0 | E | ض | |
| 2 | C | F | D | 5 | A | F | 7 | A | F | 7 | C | A | 2 | A | F | 4 | C | A | F | م | |
| 3 | D | 0 | E | 6 | B | 0 | 8 | B | 0 | 8 | D | B | 3 | B | 0 | 5 | D | B | 0 | ض | |
| 4 | E | A | F | 7 | C | 1 | 9 | C | 1 | 9 | E | C | 4 | C | A | 6 | E | C | 1 | م | |
| 5 | F | B | 0 | 8 | D | 2 | A | D | 2 | A | F | D | 5 | D | B | 7 | F | D | 2 | ص | |
| 6 | 0 | C | 1 | 9 | E | 3 | B | E | 3 | B | 0 | E | 6 | E | C | 8 | 0 | E | 3 | م | |
| 7 | A | D | 2 | A | F | 4 | C | F | 4 | C | A | F | 7 | F | D | 9 | A | F | 4 | ص | |
| 8 | B | E | 3 | B | 0 | 5 | D | 0 | 5 | D | B | 0 | 8 | 0 | E | 1 | B | 0 | 5 | م | |
| 9 | C | F | 4 | C | A | 6 | E | A | 6 | E | C | 1 | 9 | A | F | 2 | C | A | 6 | ص | |
| A | D | 0 | 5 | D | B | 7 | F | B | 7 | F | D | 2 | 1 | B | 0 | 3 | D | B | 7 | م | |
| B | E | A | 6 | E | C | 8 | 0 | C | 8 | 0 | E | 3 | 2 | C | A | 4 | E | C | 8 | ص | ١ |
| C | F | B | 7 | F | D | 9 | A | D | 9 | A | F | 4 | 3 | D | B | 5 | F | D | 9 | م | |
| D | 0 | C | 8 | 0 | E | 1 | B | E | 1 | B | 0 | 5 | 4 | E | C | 6 | 0 | E | 1 | ص | ٢ |
| E | 1 | D | 9 | A | F | 2 | C | F | 2 | C | A | 6 | 5 | F | D | 7 | A | F | 2 | م | |
| F | 2 | E | 1 | B | 0 | 3 | D | 0 | 3 | D | B | 7 | 6 | 0 | E | 8 | B | 0 | 3 | ص | ٢ |
| 0 | 3 | F | 2 | C | A | 4 | E | A | 4 | E | C | 8 | 7 | A | F | 9 | C | A | 4 | م | |
| 1 | 4 | 0 | 3 | D | B | 5 | F | B | 5 | F | D | 9 | 8 | B | 0 | 1 | D | B | 5 | ص | ٢ |
| 2 | 5 | A | 4 | E | C | 6 | 0 | C | 6 | 0 | E | 1 | 9 | C | A | 2 | E | C | 6 | م | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | ص | ٢ |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | م | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | ص | ٣ |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | م | |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | ص | ٣ |
| | | | | | | | | | | | | | | | | | | | | م | |

**کلیلی موجەفیرەی بێتەلە سەرەکییەکانی سەرکردایەتی ناوچەی باکور**

قائمة توزيع شبكة لاسلكي (قائد فق / ٣٨ / HF) لقاطع فق / ٣٨ لشهر ٢٠٠٣

| ت | الوحدة | رقم النسخة |
|---|---|---|
| ١ | مكتب امانه سر القيادة العامة للقوات المسلحة | (١ - ٢٩) |
| ٢ | مديرية المخابرة | (٢ - ٢٩) |
| ٣ | امرية مخ فل / ١ | (٣ - ٢٩) |
| ٤ | امرية مخ فق / ٣٨ | (٤ - ٢٩) |
| ٥ | الوحدة / ١٧١ | (٥ - ٢٩) |
| ٦ | ل مخ فل / ١ | (٦ - ٢٩) |
| ٧ | ل مخ فل / ١ | (٧ - ٢٩) |
| ٨ | ل مخ فق / ٣٨ | (٨ - ٢٩) |
| ٩ | جوال قائد فق / ٣٨ | (٩ - ٢٩) |
| ١٠ | المحطة الرئيسية | (١٠ - ٢٩) |
| ١١ | لمش / ١٣٠ | (١١ - ٢٩) |
| ١٢ | لمش / ٨٤٧ | (١٢ - ٢٩) |
| ١٣ | لمش / ٨٤٨ | (١٣ - ٢٩) |
| ١٤ | د ح فق / ٣٨ | (١٤ - ٢٩) |
| ١٥ | م د فق / ٣٨ | (١٥ - ٢٩) |
| ١٦ | ل د ب فق / ٣٨ | (١٦ - ٢٩) |
| ١٧ | ف مخ فق / ٣٨ | (١٧ - ٢٩) |
| ١٨ | فق / ٢ | (١٨ - ٢٩) |
| ١٩ | لمع / ٢٦ | (١٩ - ٢٩) |
| ٢٠ | فق / ٨ | (٢٠ - ٢٩) |
| ٢١ | ل مخ ح ج ج ح | (٢١ - ٢٩) |
| ٢٢ | الوحدة / ٧٠٠ | (٢٢ - ٢٩) |
| ٢٣ | الوحدة / ٧٠٠ | (٢٣ - ٢٩) |
| ٢٤ | الوحدة / ٧٠٠ | (٢٤ - ٢٩) |
| ٢٥ | الوحدة / ٧٠٠ | (٢٥ - ٢٩) |
| ٢٦ | فق / ١٥ | (٢٦ - ٢٩) |
| ٢٧ | ل مدرعات فل / ١ | (٢٧ - ٢٩) |
| ٢٨ | قيادة المنطقة الشمالية | (٢٨ - ٢٩) |
| ٢٩ | // | (٢٩ - ٢٩) |

**هێڵکاری دابەشکردنی تۆڕی بێتەلەکان لە سنوری سەرکردایەتی ناوچەی باکور**



لە مام جەلالەوە

بۆ کاک بەرزنجی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

1) پێم باشە خزمەکانت ئاگادار بکەیت لە مەترسی ئەوەی صدام استغلالی ئەم ڕووداوانە بکات و بە یارمەتی هەندێ لە مەسئولەکانی پارتی ڕێگەی موسڵ - قاهیرە - زاخۆ (یوسف سلیمانی) بگریت و ئەمە بکاتە بەهانە بۆ هێرش بۆ سەر کوردستان.

2) بە داخەوە پارتی استغلالی بروسکەکەی من و بانگەوازەکانی من و هەڵوێستی دیموکراتییانەمان بۆ جەنگ بەجێ کردنی دەستبەجێی ڕێککەوتنەکەی کردووە کە لە وێنەیاندا ئەتوانن هێرش دەبەن بۆ سەر بارەگاکانی ئێمە. لە کاتێکدا برایانی ئێمە هەڵگیراوەکانی ئەوانیان لە سلیمانی بەرێزەوە بەرداوە، ئەوان تۆڵەی هەر برایانی ئێمەیان لە پارێزگای بەهدینان بەرداوە، بەڵکو بەردەوامن لە سەر گرتنی خەڵکی تریش.

3) ئەوەی کاک مسعود دەڵێ گوایا بە قسەی من نایەت ڕاست نییە چونکە کەس لە قسەی ئەو دەرناچێت ئەمانەت هەموو لای ئێمەشن.

4) داوایان لێ بکەن کە بە پەلە دەخالەت بکەن و لە بەر پێویستی دەزانن من بچمەوە، ئەوا ئامادەم دڵم تا بێن کردن و جێگیرکردنی ڕێگەم بۆ بدەن.

بروسکەیەکی ڕەوانشاد مام جەلال



لە مام جەلالەوە

بۆ برای خۆشەویستمان
کاک مەسعود بارزانی بەڕێز

سڵاوێکی گەرم

زۆر بە داخەوە هەواڵی ناخۆشی دڵتەزێنەکانی شەڕی
نێوان ئەندامانی ناو مەسئولانی پارتی و ی.ن.ک/مان
بیست . من وەکو کاکە ئەوە پێکەوە دەستبەجێ بڕیارم
دا فەرمانم کردووە بۆ م.سیاسی ی.ن.ک کە پەیڕەوی
ئامۆژگاری جەنابت بکەن .

هەقە ئێوەو جەنابتان دەوری ئیجابیی خۆتان
ببینن بۆ گێڕانەوەی ئارامی و ئاسایش و برایەتی
و یەکێتی نێوان پ.د.ک و ی.ن.ک دا .

پێم باشە جەنابت سەرۆکایەتی هەردوو م.س
بکەیت بۆ ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ و دانانی
لێژنەی لێکۆڵینەوە و سزادانی تاوانباران .

لە دنیای ئێستادا هەقە جەنابت دەوری خۆتان
لە جیاتی هەردووکمان لە ناو هەردوو حزبدا
ببینن بۆ دووربینی خۆتان چارەسەری
بە لەسەرخۆیی ئەمە بکەن .

لەسەر هەردوو م.سیاسی پێویستە پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانی
کاک مەسعود بکەن .

وێنەیەک بۆ م.سیاسی ی.ن.ک
م.سیاسی پ.د.ک

١٩٩٤/٥/٣



نامەی عەدەد بێتەل شەهید سەید نوری بۆ باوکی پێش راپەڕین و لەکاتی هاتنەخوارەوەی لەگەڵ رەتڵەکانی هێزی پێشمەرگە کە دڵسۆز بوو بۆ کارەکەی، بۆ یەك خولەکیش سەردانی باوك و دایکی نەکردووە تا شەهید بوونی و دوای چەندین ساڵ تەرمی پیرۆزی دۆزرایەوە و گەڕێنرایەوە زێدی خۆی، ئەم نامەیە بۆ زیاتر لە ٣٢ ساڵ بەر لەئیستا دەگەڕێتەوە.







**ئەو شیفرانەی کە بێتەلەکانی خۆمان بەکاریان هێناوە**

| | ١ | ٣ | ٥ | ٢ | ٧ | ٠ | ٤ | ٨ | ٦ | ٩ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٣ | ل | لە | لا | لی | لای | لەگەل | ع | عە | عو | لەمام جەلالەوە بۆ | ٢٣ |
| ٢٤ | می | مە | ما | مو | م.س | عەرەب | عیراق | عی | عا | لە کاك نەوشیروانەوە | ٢٤ |
| ٢٥ | م | من | ك | کا | کە | کو | کی | کان | کام | بۆ بەرێز مامجەلال | ٢٥ |
| ٢٦ | شەو | شت | شەر | شو | شی | شە | شا | ش | کەس | کاك فەرەیدون | ٢٦ |
| ٢٧ | ف | فا | فی | فو | د | دە | دو | دەن | در | کاك د.فوئاد | ٢٧ |
| ٢٨ | أ | ئاگادار | ئەوان | ئێمە | ئێوە | دن | دژ | دوکان | دیار | د.کەمال خۆشناو | ٢٨ |
| ٢٩ | ئا | ئو | ئی | ئە | ئایا | ئەمرۆ | ئێران | ١ | ٢ | کاك ملازم عومەر | ٢٩ |
| ٣٠ | ٠٠ | ٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | کاك کۆسرەت | ٣٠ |
| ٤٥ | / | ص | گ | چ | ە | ر | رە | را | رو | کاك جەبار فەرمان | ٤٥ |
| ٤٦ | قو | قە | قا | ق | رەبیە | رۆژ | ریگا | ران | ری | کاك حەسەن کوێستانی | ٤٦ |
| ٤٧ | قایم | قۆل | قاچاخ | گ | گو | گا | گی | گەر | گوایە | کاك قادرحاجی عەلی | ٤٧ |
| ٤٨ | پی | پو | پا | پ | فیشەك | BKC | RPG | گوللە | گومان | کاك حاکم عومەر | ٤٨ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پرس | پر | غ | غا | غه | غەدر | غاز | ە | کاك ئازادی سەگرمە | ٤٩ |
| هەیە | هات | هەمو | هەر | هی | هو | هە | ها | کاك حامید حاجی غالی | ٥٠ |
| هەوال | هیز | و | وە | وا | وی | ون | وەرە | مام رۆستەم | ٥١ |
| بی | بو | با | بە | ب | واز | وەك | وان | بۆم.س/ی بەرێز | ٥٢ |
| بەلأم | بلین | بەلی | بارەگا | برو | باوەر | | وایە | سەعید حمەزیاد | ٥٣ |
| ژمارە | ژان | ژن | ژی | ژو | ژا | ژە | ژ | کاك ئازاد هەورامی | ٥٤ |
| ٢ | ٣ | ٠ | ٠٠ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ناوەندی کۆمەلە | ٥٥ |
| و | ی | لە | کە | / | ١٩ | ٩ | ٨ | ناوەندی شۆڕشگێران | ٥٦ |
| حە | حا | حی | حو | حەز | حەق | حاکم | حسین | کاك ریباز | ٧٠ |
| نامە | نییە | نی | نو | نە | نا | ن | حسن | کاك عبدالرحیم | ٧١ |
| نیرن | نەوەك | نوس | چ | چە | چو | چی | چا | کاك رابەر سیدبرایم | ٧٢ |
| تە | ت | چۆڵ | چەك | چۆن | چییە | چەند | چن | کاك علی بچکۆل | ٧٣ |
| تر | تان | تکایە | تەواو | ترس | تەقە | تەیارە | ترس | کاك قادر خەبات | ٧٤ |
| جەدیش | جاش | جور | جی | جو | جە | جا | ج | کاك حاکم عومەر | ٨١ |
| جادە | یان | ین | یا | یو | یە | ی | یش | غەریب عەسکەری | ٨٢ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سه | سا | سو | سى | سەر | سور | سلاو | سنور | لەم مام جەلالەوە بۆ | ٨٣ |
| خ | خا | خو | خى | خەلك | خراپ | خائن | خەم | لەكاك نەوشیروانەوە | ٨٤ |
| | زوربە | زور | زان | زى | زو | زە | ز | بۆ بەڕێز | ٩٥ |
| ص | صلاح | صالح | چ | ضابط | ١٩٨ | رێكخراو | ناوچە | لە م.س بۆ | ٩٦ |
| الا | كەس | كەى | چەم | جیهاز | كان | یان | مان | كاك سەفین مەلا | ٩٧ |
| كە | ە | بو | تۆپ | گولله | فیشەك | Rpg | bkc | كاك عبدالرزاق | ٩٨ |
| تن | تیپ | كەرت | | | | | | | ١٢ |
| | | | | | | | | | ١٣ |

**ئەم شفرەیە هێشتا گفتۆكانمان لەگەڵ رژێمی بەعس كۆتایی نەهاتبوو ساڵی ١٩٨٤- ١٩٨٥، لەلایەن كاك بەختیارەوە ئامادەكراوە بۆ كاری خێراو بەردەست، بۆیە بەو سادەییە ئامادەكرابوو، دەتوانم بڵێم وەكو زۆربەی عەدەد بێتەلەكان لەبەرمان كردبوو ناوەرۆكەكەی نزیكی شفرەكەی ئەو كاتەیە لەبیرم مابوو، من و كاك ئازادی هاوكارم زۆر بەچاكی لەبەرمان كردبوو، زۆر جار ئەگەر لە شوێنێك بووینایە و بمانویستایە قسە بكەین و ئەوانی تر تێ نەگەن، بەم شفرەیە شتمان بەیەكتر دەوت، ئەم بیرەوەریەشم لەگەڵ ئەم شفرەیە هەیە، جارێكیان بەڕێز مام جەلال بروسكەیەكی بۆ ناردین بۆ كاك كۆسرەت بوو، بەپەلە بوو لەوكاتە شفرەكەی بەردەستمان لەناو كاغەزو دەفتەرەكانی بەردەستمان لەسەرمێزەكە دیارنەبوو، منیش بانگی مەڵبەندم كردو شفرەكەم گرت بەدەستەوە كەوتمە خوێندنەوەی ژمارەكان لەسەر دەقەكە و كاتێك مام جەلال خۆی كرد بە ژووردا فەرموی: "بروسكەكەتان نارد؟" كاك ئازاد وەڵامی دایەوە: "ئەوە ماموستا دەینێرێت" وتی: "چۆن بێ شفرە؟" كاك ئازاد وەڵامی دایەوە وتی: "هەموی لەبەرە"/ لەوكاتە هاوكارەكەم شفرەكەی دۆزیەوەو**

**منیش تەواوم كرد، بەڵام ژمارەكانم نووسی بوو، مام جەلال لێم تورە بوو وتی: " بە گۆڕی شەهیدان ئەگەر ئەو شفرەیەت بەهەڵە ناردبێت بەتوندی سزات دەدەم"، منیش وەرەقەی**

ژمارەکانم دایە دەستی وتم: "مام ئەگەر هەر هەڵەیەکم کردبێ ئەوا رازیم بەهەموو سزایەك"، لەگەڵ کاك ئازادی هاوکارم کەوتنە وردبینی ژمارەکان هەمووی راست دەرچوو، بەڵام هەر توڕەیی پێوە دیاربوو، وتی: "ئێستا ئاگاداری کاکە بەخە ئەکەمەوە کە بیگۆڕێت چۆن دەبێ شفرە لەبەرکرێت؟"

وەك لەبیرەوەری بێتەلە ئارەزومەندەکان هاتووە ئەو وێستگە ئەوروپی و رووسییانە کە پەیوەندیم پێوە دەکردن سەرەتا، لەڕێگەی پۆست ئۆفیسی رەحمەتی د.کەمال فوئادەوە ئەو کارتانەیان بۆ دەناردم و ئەویش لەگەڵ پۆستی مام جەلال دا بۆی دەناردرمەوە، هەریەکەیان تاك دۆلارێك دەخرایە ناو کارتەکەوە تاکو هیچ ئەرکێك نەکەوێتە سەر من و وەڵامیان بدەمەوە، بۆیە لەڕێگەی کاك عەباس ڤیدیۆ دەیان وێنەی جۆراجۆرم وەرگرت و وەك پۆست کارد بۆ ناونیشانی ئەو وێستگانەم دەناردەوە لەرێگەی پۆست بۆکسی (ی.ن.ك) لە سەقز، دواتر کە پێیان دەگەیشت زۆر سەرسام ودڵخۆش دەبوون کە وەڵامم داونەتەوە....سەدان کارتی لەوجۆرەم بۆهاتووە هی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی وهەروەها بۆ کاك سالاری سەقزو کاك باست حمەغەریب و کاك رێدار و ئەوانەی کە دواتر رێنمایی و فێربوون لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە پەیوەندییە بێتەلییە لەگەڵ بێتەلە ئارەزو مەندەکانی ئەوروپا.


DEN HAAG


nr. voorburg
Good Dx'ing
Azad.
73's
Rob
luchtpost
par avion
2
YI4KRD




TO RADIO YI4KRD op: Azad
CFM QSO 16. aprie 19 86
ON 14 MC AT 11,05 utc
2 WAY SSB UR RS 58
TX 30 WTTS RX Home made
ANT G.P. OTH KHARKOV
ZONE 016 REGION 077
PSE/TNX QSL DR Azad
VIA P. B 88 MOSCOW USSR
73! OP Yuri
ZONE-16 REG-077
RB5LR
USSR KHARKOV
Cheerio old man Azad!
Printed in the USSR


UAØFQ


■ I'm happy to confirm our QSO:
□ I confirm your SWL RPRT:
Date Day Month Year | Universal time Coordinated - UTC
29 6 88 21.13
Two way QSO in | MHz | UR signal R S T
SSB 14 5 7 -
Dr. Azad tnx for the nice QSO. I hope to meet you soon again.
73's - your friend Rob
TNX FR NICE QSO ES HPE CUAGN
■ PSE □ TNX QSL, VY 73
To amateur radio station
YI4KRD
Azad
Kurdistan of Iraq
PA3 ERC
Rob Snieder, Van Leeuwenstraat 137
2273 VS Voorburg
Locator JO 22 EB — CM 72 C


ERC
PA3 ERC


ULYANOVSK USSR OBL.164
UA4LC

## مێژوویەکی پڕ شانازی و گەورەیی و جوان

**شێخ جەمال – بێژەر**

شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ ١٩٩١ مێژوویەکی پڕ شکۆو شانازی لە خەبات و قوربانیدان و بەرگری سەردەمێکی زیڕین لە هۆشیار کردنەوە و داهێنان و گۆشکردنی جەماوەر بە بیری نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری بەرەو سەردەمیکی نوێ.

– سوتەمەنی بەردەوام بوونی ئەم شۆڕشە، لە خوێن و وزەی جەستەیی و بیرو هۆشیاریی باشترین و لەخۆبردوترین گەنج و خوێنە تازەکانی ئەو جیلە بوو کە ناونراون (جیلی زیڕین) لەماوەی ساڵانی خەباتی جوامێرانەو ژیانی سەختی ئەو هەموو گەنجە خوێنگەرم و دڵ پڕ هیوایەی ژیانی سەربەستیدا، کە ناخۆشترین رۆژگارو سەردەمەکانی مێژووی گەلی کورد بوو، ئەوەی کرا و ئەوەی هێنرایە بوون نە پیشتر کراوەو نە جاریکی تریش ئەکریتەوە، دیارە شادەماری جۆش و خرۆش و قوربانی دانی سەرەکی لە هەموو ئەو ساڵانەی خەباتی شۆڕشی نوێدا، دڵی گەرم و بەردەوامییدان بەم شۆڕشە (کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان) بوو.

– کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان ئەندامەکانی وا پێدەگەیاند کە تەنها بۆ شۆڕش وخەبات (هاتوونەبوون)، دەبێت نیشتمان و گەلەکەیان لە خۆیان خۆشتر بوێت، دەبێت پاك و بیگەرد بن لە دەست و داوێن و رەوشت و نهێنیدا، هەر

ئەندامە دڵسۆزەکانی کۆمەڵەش بوون بەخوێن و تەمەن و ژیانی خۆیان، بە بیرو زانیاری و رەوشتی گۆشکراویان مێژوویەکیان لە شۆڕشگێڕیی و داهێنان تۆمارکردوە کە بۆ هەمیشە سەروەریی و شانازییە.

– یەکێك لە دیارترین و کاریگەرترین داهێنان و کارە مەزنەکانی ئەندامە هۆشیار و دڵسۆزەکانی کۆمەڵە دروستکردنی (دەزگای گەیاندن و پەیوەندی) لە رێگەی (بی سیم – بێتەل) واتە جیهازی پەیوەندییەوە بوو کە لەو سەردەمەی شۆڕشدا پەیوەندی کردنی مەفرەزەو کەرت و تیپەکان لە ناوچە دوورەکانەوە بە سەرکردایەتی و ناوەندی بڕیار هەم زۆر کارێکی سەخت و گران بوو هەم پڕ مەترسی بوو هەم پێویستییەکی رۆژانەش بوو.

– من هەرچەند ساڵانێکی زۆری دوای دامەزراندنی ئەو دەزگایە، لە کۆتایی ساڵی(١٩٨٥) دا لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بوومە ئەندامێکی ئەو گروپە مەزنە و وەك عەدەد جیهاز دەست بەکار بووم، پێشتر بەهۆی ئاشنایەتیم لەگەڵ چەند برادەرێکی عەدەد جیهاز شتێکی کەم شارەزایم هەبوو لەسەر ئەو گروپە.

– قۆناغەکانی ژیانی دروستبوونی کەسایەتیم لەدوای تیکەڵ بوونم بە سیاسەت یەك لەدوای یەك وەك پۆلەکانی خوێندنی سەرەتایی لە هەر پۆلێکدا چەند وانەیەك فێربووم کە هەر هەمویان بۆ من زۆر گرنگ و پیرۆزن، بەڵام لەهەر هەمویان گرنگتر لەوکاتەوە دەست پێدەکات کە بوومە ئەندام لە گروپی دەزگای جیهاز، پێشتر ئەو شارەزاییە کەمەی کە لەسەر جیهاز هەم بوو هەر ئەوە بوو کە عەدەد جیهازی کارێکی زۆر خۆش و ژورێکی تایبەت و رۆژانە سەرتیپ و جێگرو رابەر سیاسی و بەرپرسەکان دێنە لات و هەموو چاوەڕیی ئەوەن تۆ هەواڵەکانی رۆژیان پی بڵێیت، بەڵام لە راستیدا عەدەد جیهازی کارێکی زۆر مەزنترو بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی هەموو کاتژمێرو رۆژەکان بوو، عەدەد جیهازی منی کردە کەسێکی بڕواپیکراو لە ناو گروپێکی هەڵبژاردە لە باشترین کەسە

دڵسۆزەکانی شۆڕش لەو ئەندامە عەیارە بیست وچوارانەی کۆمەڵە کە بە درێژایی ژیانم شانازییان پێوە دەکەم.

یەکەمین ئاشنایەتیم و بوونم بە عەدەد جیهاز لە ڕێگەی هاوڕێی (کاک بورهانی ناجی – بورهانە ڕیشە)وە بوو کە ماوەیەکە ناساغە و ئەویش وەك زۆرێکی تر لە قارەمانە دێرینەکان کە پشتگوی خراون، لەبەر دەستکورتی و نەبوونی، بەداخەوە ژیانی لە لێواری مەرگ دایە.

– یەکەمین ڕێنوێن و مامۆستام لەکاری جیهازدا (کاکە کاروان عەبدولا توفیق)ی رەحمەتی بوو، بیرەوەری و یادگاریەکانیان بۆ هەمیشە لە رۆحم دایە.

– سلاو و رێزو پێزانینم بۆ یەك بە یەکی برایانی عەدەد جیهازم کە مێژوویەکی پڕ شانازی و گەورەیی و جوانیان لە داهێنان و دڵسۆزی و پاکێتی و رێزگرتنی یەکتر و نهێنی پارێزی و نەبوونە تەکتولی کەس، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت وەك براو گروپێکی تۆکمە و دانەبڕاو لە یەکتر بەهەمان گیانی پێشمەرگەی سالانەوە، خۆشترین کات و رۆژەکانمان ئەو کاتانەیە کە بەیەکەوە کۆدەبینەوە.

هەقی خۆشیەتی لێرەوە دەستی رێز و خۆشەویستی بەسنگەوە بگرم بۆ برای گەورەو بەرپرسمان (کاك بەختیار مستەفا) کە دامەزرێنەری ئەم دەزگا گرنگ و بە هەیبەتەیە و هەمیشە وەك کەسێکی سادە و برایەکی دڵسۆزی هەموومان هەم چاودێر و برای گەورە و هەم هاوڕێیەکی هەمیشەییمان بووە.

## بێتەل.. شۆڕشێک لەناو شۆڕشی نوێدا

**باست حەمەغەریب**

ئامێری بێتەل بە تایبەت دوای ساڵی ١٩٨٣ بۆ خۆی شۆڕشێك بوو لەناو شۆڕشی نوێدا، چونکە هەموو ڕێگە دوورەکانی نزیك کردەوە و پەیوەندییەکانی بردە ئاستێك، کە پێشتر و لە هیچ شۆڕشێکی کورد و هیچ لایەنێکی سیاسی تردا وێنەی نەبووە.

لەڕێی بێتەلەوە دەتتوانی لەماوەی چەند خولەکێکدا گرنگترین هەواڵ و نوێترین و نهێنیترین زانیاریی بگەیەنیتە شوێنی مەبەست، دەتتوانی بەزووترین کات هێزەکان ئاگادار بکەیت بۆ گەیشتنە شوێنی پێویست، لەدوای ساڵی ١٩٨٤ەوە هەموو چالاکیی و نەبەردییە گەورەکان، لەڕێی بێتەلەوە ڕێکخراون.

یەکێك لە سەختترین ئەرکەکانی کادری بێتەل، پاراستنی نهێنییەکانی شۆڕش بوو، چونکە جگەلەوەی گشت پەیوەندییەکانی نێوان بەرپرسان و ئۆرگانەکانی سەر بەسنوورەکەی خۆی لە دەفتەری تایبەتدا دەپاراست و جفرەی جۆراوجۆری نهێنی لابوو، ڕۆژانەش گەلێك بابەت و زانیاریی و هەواڵی گرنگ و نهێنی شۆڕش و سەرکردایەتی بەرگوێی دەکەوت، بۆیە ئەبوو هەم نهێنی پارێز و هەم دەم داخراو بێت، ئاخر دزەکردنی هەر نهێنیەك لەوانەبوو ژیانی خەڵکێکی زۆر بخاتە مەترسییەوە.

ئاستەنگێکی تری بێتەل دابینکردنی شوێنی جیابوو بۆ ئامێرەکە، هەم لەبەر نهێنیپارێزیی و هەم لەبەر سەلامەتیی ئامێرەکە، کە بەداخەوە لە تیپەکاندا کەمتر

ڕەچاوی ئەم بابەتە دەکرا، کێشەیەکی تر دابینکردنی پاتری و چارج کردنەوەی پاترییەکان بوو بەتایبەت لەو سنوورانەی کارەبا و موەلیدەی کارەبای لێ نەبوو.

دیارە گواستنەوە و هێنان و بردنی ئامێرەکە و کەلوپەلەکانیشی کیشە بوو، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، کادری بێتەل لەناو شۆڕشدا پێگە و ڕێزی تایبەتی هەبوو و وەك جێباوەر تەماشا ئەکرا و نازی هەڵدەگیرا.



# ئەو بیرەوەریەی لە ناخەوە هەژاندمی !

مەلا برایمی جیحاز

لە زستانێکی سارد و سڕ لە ١٨/١٠/١٩٨٠بە پشتگیری برادەرانی شار لە مەکتەبی عەسکەری لە سەرکردایەتی بوم بە پێشمەرگە لەلای شەهیدحەمید شانەیدا. لە پاشان داوای گواستنەوەم کرد بۆ هێزی خۆشناوەتی لە ١٩٨١ پاش چوار مانگ لە بەرەبەیانی رۆژێکی زۆر سارد دا لە گوندی سوێنێ بەری کەوتم ئەو ناوچەیە سەر تاپا بەفر دای پۆشی بو گەیشتمە بێ دەلان لە دوکانێک لام دا هەندیک شتو مەکی لە جوری : شەورو، پەستەک ، کاسکێت ، لایت و موری لایت پیل ،هەندی پاکەتی سەنجار و شەمسەو قەنادی و گوشتی قوتوی ماسی و گوشتی قوتوم کری . سەعات ٣ ی عەسر لە گەل قاچاخچیەکانی سنوری چیوەیەکان بەری کەوتم تا گەیشتینە گوندی رەزگەو مارەدو هەر چونیک بێت لە روبارەکە پەڕینەوە تا گەیشتینەوە بەرزاییەکانی قاچاخچیەکان لە هەندیک شوێن دەیانگوت خێراکە لەبەر رەبایەکان رژێم توپ بارانی دەکرد روشتین تا لە ترس دەر چوین منیش زور ماندو شەکەت بوم. چونکە چوار مانگ بو ئەوزەندە بە پی نەروشتبوم لە ریکادا دانیشتم قاچاخچیەکان وتیان ئیمە دەروین پاشان توش وەرە بوسەر روباری دولی شەهیدان لای پردە دارەکە ئیمە لەوی نان و چا دەخوین منیش وتم ئیوە برون منیش دواتر دیم پاشان کەمیک نانم لە مەتارەکە خواردەوە و جگەرەیەکم داگیرساندو ئینجا بەری کەوتم بەلام ریگا زور ناخوش بو هەمو ریگاکە قورو لیتاو بو و ئەو دەقەرەش زور سارد بو بی تاقەت بوم ، چونکە ئەو هەمو شت و مەک و کلاشینکوف و تاقە تفەنگ و رادیو مەتارەی ناوم پیکە زور قورس بون، بو چەند جاریک لە ریگا دانیشتم شەو گەیشتمە روباری شەهیدان، کەچی قاچاخچیەکان لەوی نەمابون بەلام هەندی قاچاخچی تری لی بو دەگەرانەوە بو قاسمە رەش بارەکانیان لە ولاخەکانیان دەبەستاوە، پاش چونی و چاکی پرسیارم لی کردن وتیان: ٢٠ دەقیقە دەبیت رویشتون منیش چایەکی دیژ لەمەم خوارد لایان خوا حافیزیان کردو رویشتن بە تەنها لای ئاگرەکە دانیشتم تاقەکەم کردەوە قوتوە ماسیەکەم لە سەر ئاگرەکە دانا وگەرم بویەوە نانم خوارد بەلام روژیک پیش ئەوەی بەری بکەوم زور نەخوش بوم سکچونیکی خەرایم لیبو پیاوە پیرەکان دەیان وت: چای وشک و قاوەی وشک بو سکچون زور باشە . بویە منیش هەندیکم لە گەل خوم هینا بو هەندیکم خواردو جگەرەیەکم داگیرساند دەستم دایە کلاشینکوفەکەم چوم بو سەر ئاو زور حالم پەشێو بو لە بەر سکچونەکەم لە ریگادا چوار جار دانیشتبوم ،بویە بەجیمام لە قاچاخچیەکان رادیویەکم لابو بە پەرو جانتایەکم بو دروست کردبو لە ملی خوم کردبو لە ریگا دامگیرساندبو یەکەم جار بو ئاوا لەناو دولیکی ئاوا تاریک و پر لە داروبرەخت و ئاو و هەوای ئەو شەوە لە گەل خورەو هاژەی ئاوی روبارەکە هەرخوی لەخویدا کەشیکی ترسناک ئەو دەقەرەی تەنیبو، چونکە لە ژیانمدا هیچ لەو جورە کاتانەم بەسەر نەهاتبو و نەشبینیبو . ئەگەرچی پیشمەرگەی چوار مانگی بوم ، بەلام لەم ساتە وەختە ئەگەر توزی ترسیشم لە دلدا بو بیت خو مافی خوم بو. چونکە لەناو شار خویندکاری و لە نازو خوشیدا بوم و گەنج و خوین گەرم بوین بە تایبەتی لەناو شار لە بونە ئاهەنگ و شانویەکاندا یان لە ئەوروزدا کە لە ئاهەنگەکاندا لەو سەردەمە کە گورانی بیژان حەمەجەزاو تایەر توفیق کە ناوی کوردو کوردستانیان دەهینا کە خوی لە خویدا شورشیک بو والدەزانی کە پیشمەرگەیت بەلام بەهەر حال سوار ئەگەر نەگلیت نابیت بە سوار.

## جنۆکە یان رادیۆکە !

لەریگای ئارەقەم زور کردبو سارد لە پر دەنگیکی بەرزو قاقای پیکەنینیکم بیست بە پەلە دەستمدایە کلاشینکوفەکەم و هەستامە سەر پی و هاوارم کرد: زەلام کێی ؟ کلاشینکوفەکەم پیشتر سوار کردبو ، دوبارە رامکیشایەوە لە پر فیشەکیک کەوتە سەر زەوی لەولاوە دوخینی (بەنەخوین)ەکەم لە شەر والەکەم بەری شەروالەکەم کەوتە سەر زەوی لایەکەم کوژاندەوە و بەرەو سەرەوە رویشتم شەروالەکەم لە دوامدا دەخشا ئەم جارە خوم مەلاسدا بزانم ،کە ئەم دەنگە چی بو، بەلام دەنگ نەما پارچە داریکم هینا دوخینەکەم لە شەروالەکەم هەلکیشایەوە پاشان شەروالەکەم لەبەر کردو و بە کلاشینکوفەکەمەوە بو لای ئاگرەکە چوم ئاگرەکە توزی تروسکایی مابو خوم ئامادە کرد کە بەری بکەوم بو سەرەوە لە ناکا دو بارە دەنگی قاقای پیکەنینم بیستەوە ئەم جارە دەستم بو دوخین (بەنەخوین)ەکەم برد لە جیاتی کلاشینکوفەکەم دوخینەکەم توند گرت و دەستمکرد بە بیسمیلا بیسمیلا و ئایەت خویندن تا دەهات ترسی زیاترم لیدەنیشت .کە بە راستی لە ناخەوە ئەو ترسە هەژاندمی !لە ناخیشەوە ئەوەم دەهاتەوە بیر ،کە منال بوین باسی جنوکەمان دەکرد لە سالانی شەست و حەفتاکاندا ئەم قسەو باسە لە گوندەکاندا هاتە ناو شارەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە جنوکە هەیە لە کاتی شەو لە سەر روبارەکان یان لە گەرماوەکان یان لە شوینە تاریکەکان دەژین خویان دەکەنە بزن و پشیلە و شتی تر ئیمەش لە بنەمالەیەکی ئاینی بوین باوکم مەلا بو لە مالەوە زورجار گویبیستی جنوکە ببوم و زور جار باسی ئەوە دەکرا کە شەوە و جنوکە لە فلان کەسی داوە یان لە فلان ژنی داوە ئەو کات دەیان بەینە لای شیخ یان مەلایەک تا نوشتەی بو بکات وە نزای بو بکات وچاک ببیتەوە. بەلام لە راستی دا وا نەبو ئەو کەسانە بە خویان ترس ودلە راوکییان بو خویان دروست دەکرد منیش یەکیک بوم ،کە دل راوکیم بو خوم دروست کردبو تا توانام هەبو راندمکرد بو سەرەوە زور ماندو بوم راوەستام و هەستم راگرت هیچ نەبو رادیویەکەم هاتەوە یاد دەستم بو رادیوکە برد ،هەلیکەم تا توزی ترسەکەم کەم بیتەوە لە دلدا کە سەیرم کرد رادیویەکە ئیش دەکات لەو کاتە دا هەمان دەنگی قاقایەکەم لە رادیویەکە بیستەوە، کەچی جنوکە نەبو تومەز تەمسیلی کوردی بو لە رادیوی بەغدا بەخش دەکرا ،کە ئەحمەد سالار بەدەنگە بەرزو خوشەکەی کەلە تەمسیلەکەدا بە قاقای پیکەنینی منی بردەوە شاری جنوکەکانەوە بە خەیال پاشان هاتمە خوارەوە بو سەر جادەی خانەقا بو بەرەبەیان گەیشتمە وەرتی پاشانیش بوم بەعەبەد جیهان لە مالیسان ئەم بەسەرهات و باسەم بو خوالیخوشبو دکتور کەمال خوشناو و کاک عەلی حەویز و برادەران گیرایەوە دایانە [illegible]ای پیکەنین و زور جاریش دەیان وت : [illegible] ئەگەر چوی بو سەرکردایەتی سەلام لە جنوکەکان بکە لە دولی شەهیدان.

بیرەوەرییەکی مەلا برایم کەلە ژمارە/٧ی گۆڤاری (زام)ی کۆمەڵەی پێشمەرگەی کەم ئەندام بووەکانی سەنگەر لەساڵی ٢٠١٣دا بڵاوکراوەتەوە.

# دوا وتە

دیکۆمێنت یا ئەرشیف کردن بابەتێکی گرنگە بۆ زۆر بوار لەوانە حیزب و حکومەت و کۆمپانیاکان. بەهۆی دیکۆمێنت و ئەرشیف و بەڵگەنامە و نوسراوەکانەوە دەتوانرێت زۆر بابەت و کێشە و رووداو بەسەرهات لە مێژووی گەلاندا یەکلایی بکرێتەوە، بە هۆیەوە دەتوانرێت زۆر بابەتی تەم و مژاوی لە مێژوی حیزب و گەلان دا یەکلایی بکرێنەوە و راستییەکان دەرخات و دەتوانرێت بەهۆی ئەرشیف و دیکۆمێنت لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر زۆر بابەت بکرێت.
لە جیهان دا و لە زۆر وڵاتی دەوروبەرمان سەنتەر و ناوەندی گرنگ تەرخان کراوە بۆ ئەو بابەتانە. بەداخەوە ئێمەی کورد زۆر گرنگییمان بەو بابەتە نەداوە، بۆیە زۆر بەڵگەنامە و ئەرشیفی شۆڕشی نوێیمان لە دەستداوە کە دەرخستنی بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ و نەوەکانی داهاتوو گرنگ دەبوون. لەو روانگەیەوە دەستی ماندووی خوشکی بەڕێزم (خەمینە صاڵح) ئەندامی سەرکردایەتی دەگوشم کە خۆی تەرخان کردووە بۆ بابەتێکی هەستیار و گرنگ بۆیە پێویستە هەم لەلایەن ئێمەی کادیر و هەم(م.س) و سەرکردایەتی پشتیوانی لێ بکرێت و پێشنیارم ئەوەیە کە بودجەی تایبەتی و دەسەڵاتی زیاتری پێ بدرێت.

هەر لەو روانگەیەشەوە ئاوڕێکی گرنگی لە بەشێکی هەستیار و کاریگەری شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دایەوە بە نوسینەوەی مێژویەکەی چەند بارە دەست خۆشیم بۆ بەڕێزیان و راسپاردنم بۆ ئەو بابەتە و بە سەرپەرشتی و راوێژی بەڕێزیان. بۆیە وەك پێشنیارێك داوا لە سەرکردە و فەرماندەکان جگە لە

نوسینەوەی بیرەوەرییەکانیان، بەڵکو کارێکی وابکەن چی دیکۆمێنت و بەڵگەنامە و نوسراوی لایانە بیگەیەننە بۆردی ئەرشیف و مێژوو هەم چاپ دەکرێت و هەم رۆڵی خۆیانی تێدا دەردەکەوێت کە لە رۆژگاری سەختی خەبات چۆن رەفتاریان کردووە. ئەوەی جێگەی داخە (ی.ن.ك) ئەرشیف و دۆکۆمێنت و بەڵگەنامەی زۆر هەبوون بەلاَم زۆریان فەوتاون بە بەشەکەی ئێمەشەوە،چونکە ئەرشیف نەکراون بۆیە فەوتاون.

جارێکی تریش سوپاس و رێز بۆ خاتوو (خەمینە سالَح) بۆ بیرۆکە و بەدەنگەوەهاتنی بۆ خەمخۆری مێژووی بەشێکی گرنگ و هەستیار و لەبیرکراو لە شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، کات و سەردەمانێك پێش هەبوونی تەکنۆلۆژیای نوێی سەردەم کە هەموو کارو بارەکانی سەرکردایەتی و سەرپەرشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تەنانەت سەرپەرشتی شەڕیش و کاروباری ئیداری و دارایی و گەیاندنی پەیام و رێنمایی و کاری پێشمەرگانەی تیپە دوورە دەستەکان و لاچەپەکەکان و تەنانەت ئەو تیپانەش کە لەنزیکترین هێڵی تەماس بوون لەگەڵ سوپای داگیرکەری عێراق، بەجێ دەهێنا.

دەمەوێ ئەوەش بڵێم ئەگەر خودا یار بێ بارو دۆخ لەباربێ وەك لەگەڵ دادە خەمینە باسمان لێوە کردووە ئەم پرۆژە و بیرۆکەیە تەنها بۆ بێتەلەکانی پێش راپەرین نەبێت، بەڵکو هەوڵبدەین بۆ عەدەد بێتەلەکانی دوای راپەرینش بەهەمان شێوە و ئەگەر فراوانتریش بێت بۆ عەدەد بێتەلە کورتمەوداکانیش هەمان بەرنامە بەجێ بهێنین، چەنکە هەردوولایان ئەرك و ماندوو بوونیان چەشتوە بەتایبەت بێتەلە کورتمەوداکان کە لەسەر شاخەکانەوە هەواڵەکانی جموجوڵی هێزەکانی دوژمنیان پێڕادەگەیاندین.

بۆ مێژوو وەك بێتەلی ناوەندی هەستمان بەگەورەترین کێشەی پارتیزانەکان کردووە، لەوانە بارگاویکردنەوە پەیدا کردنی پاتری بووە بۆ پەیوەندی کردن و

زۆرجاریش بەهۆی کێومالّی هێزەکانی دوژمن تەنانەت هەندێکجار نەتوانراوە قسەی تەواو لەگەلّ بێتەلی ناوەندی بکرێ بۆ گەیاندنی زانیاریەکان سەرەڕای کەم خۆراکی و شوێن گۆرکێ، جاری وا هەبووە نەتوانراوە بۆ چەند رۆژ پەیوەندی بکرێ بەهۆی نەبوونی ئامێری ئیستیمکانی دەنگ و شوێن و هەندێکجار کێشەی ئەنتێنا هەلّدان رووبەڕوی زۆربەی عەدەد بێتەلە پارتیزانەکان بۆتەوە لەشوێنی هەلّدانی ئەنتیناکە وابێ زۆر بەرچاو و دیار نەبێ بۆ کۆپتەرو هێزە کێومالّکەرەکانی رژێم، سەرەڕای چۆلّی ناوچەکان و کەمی خۆراك و شوێن حەشارگە کە هەندێك جار مەترسی بووە بۆ ژیانی پارتیزانەکان، بەنمونە وەك ئەشکەوتەکەی داری خلەی گەرمیان.

پڕ بە دلّیش سوپاسی هاوڕێ ئەزیزەکانم لە بەشی بێتەل دەکەم بۆ بەدەنگەوە هاتن و ناردنی زانیاری و بەسەرهاتەکانیان و پڕکردنەوەی فۆرمی بێتەلەکان و بە داخیشم، کە هەندێك هاوڕێمان بەدەنگمانەوە نەهاتن، هۆکارەکەش لای خۆیانە، بەلاّم وەك عەدەد بێتەل لە شوێنەکانی خۆیان ناومان بردوون. یا هەندێك عەدەد بێتەل کە ناونەهێنراون چونکە ماوەکەیان زۆر کورت بووە یان بێتەلیان وەرگرتوە، بەلاّم نەکەوتۆتە گەڕ جارێکی تریش جەخت دەکەمەوە و دەلّێم ئەمە کۆتا پرۆژە نابێ و لەداهاتودا پرۆژەی تریش دەبێ بۆ بەشی بێتەل. هەرچەندە هەولّم داوە ناوەکان بەدروستی و سالّەکانیان بەدروستی تۆمار بکرێت، بۆیە داوای لێبوردن لەهەموو هاوڕێیانم دەکەم ئەگەر ناوێك یان شوێنێك یا بەروارێك بەهەلّە نوسرابێت یان بەرێکەوت لەکاتی چاپ دا هەلّەی تێدا کرابێت و پێموایە کەس نییە لە هەلّە بەدووربێت یا هەلّە نەکات، بەلاّم بێ مەبەست.

نوسەر و ئامادەکار

# سەرچاوەکان

١-القياده والسيطرة والمواصلات / ترجمه الرائد المهندس علی جواد حسين الطبعة الاولی سلسلة الثقافة العسكرية العامة ص١٨ الرقم ١٣٤سنة ١٩٨٨ .

٢- کۆمیونیکەیشن و نامە چکلێتیەکان وبێتەل لە شۆڕشی نوێ / بەهادین محمد عبد الرحمن، ساڵی٢٠٠٨

٣- مینە کتێبی زمانی جەستە

٤-المنتدی العام / ئیجوکەیشن پرۆجێکت / ئەنتەرنێت .

٥-منتدی القریه الالتکترونیه / منتدی الاتصالات السلکیه و اللاسلکیه / ئەنتەرنێت.

٦- چاوپێکەوتنم لەگەڵ شەهید غەریب هەڵەدنی.

٧-یاخی بوون لەمێژو / مەلابەختیار/ ل٢٧١ و دیدارێکی تایبەت لەگەل بەرێزیان.

٨- دیدارێکی تایبەتیم لەگەڵ شەهید شاخەوان عەباس.

٩-کوردستانی نوێ ژمارە ٤٢٤٠ / عەلی بچکۆل / یادەوەری.

١٠-دیدارێکی تایبەتم لەگەڵ فەرماندە شێخ جەعفەر و چەند پرسیارێکم لەسەر تەتەرو بێتەل.

١١- دیداری تایبەتم لەگەڵ فەرماندە مەحمود سەنگاوی و چەند پرسیارێکم سەبارەت تەتەری ناوچەکان.

١٢-دیداری تایبەتم لەگەڵ کۆچەر (ڕەسول عەبدوڵا) عەدەد بێتەل و تەتەر.

١٣-چاوپێکەوتنم لەگەڵ کۆچکردو دلشاد حەسەن ئاغا لە بارەگای م.س لە قەڵاچوالان ساڵی ١٩٩٨.

١٤-پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن / نەوشیروان مستەفا ئەمین چاپی ١ ل ٦٢
١٥- کارەساتی هەکاری کاك نەوشیروان مستەفا وەرگرتووە، کاتی خۆی لە بیرەوەریەکانمدا هەندێك لەو تێبینیانەم تۆمارکردووە.
١٦-کاك مەلا بەختیار کتیبی یاخی بون لە میژوو.
١٧-دیداری تایبەتیم لەگەڵ کاك مستەفا چاورەش .
١٨-بەکر مستەفا ناسراو بەمامۆستا بەکر دیداری تایبەتم لەگەڵی.
١٩-چاوم بە کاك حەمە سەعید کەوتەوە ئەوەی بۆ باسکردم.
٢٠-نەوشیروان مستەفا پەنجەکان یەکتری دەشکینن.
٢١-چاوپێکەوتنم لەگەڵ کاك شۆڕش سەید مەجید .
٢٢-چاوپیکەوتنم لەگەڵ کاك حەمە سەعیدشێخ کەریم یەکێك لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی شۆرشی نوێ.
٢٣-چاوپێکەوتنم لەگەل شۆرش سەیید مەجید.
٢٤- چاوپێکەوتنم لەگەڵ شۆرش سەیید مەجید.
٢٥- خولانەوە لەبازنەیەك دا/ نەوشیروان مستەفا ئەمین ل١٣٥
٢٦- کراسة المخابرة رقم ٨٠ للجیش العراقی
٢٧-کتێبی خبراء تحلیل الشفره/ ٣ بەرگە سودم لەبەرگی یەك وەرگرتووە.
٢٨-چاوپێکەوتنم لەگەڵ لیوا کەمال موفتی .
٢٩-الحرب السریه (معرکه الشفره والرموز) بروس نۆرمان.
٣٠- تۆڕی پەیوەندییەکانی پێشمەرگە لەشاخ (سندوقە رەشەکە)/ ئامادەکردنی بەختیار مستەفا و خالید حوسێن/ چاپی یەکەم ٢٠١٩.
٣١- کتێبی سیخوری وسیخوریەتی دژی / بروس نورمان
٣٢-سودم لە دوو راپۆرت وەرگرتووە کە بۆ بەشەکەمان نێردرابوو ئەم زانیاریانەم لێانهەڵێنجا

## زنجیرەی بڵاوکراوەکانی

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری – بۆردی ئەرشیف و مێژوو

| ژ | زنجیرەی مەکتەب | زنجیرەی بۆرد | ناونیشانی پەرتووك | ناوی نووسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٤/٥٦٠ | ١ | سەفەری سەختی خەبات، بیرەوەری و بەڵگەنامەکانی بەکری حاجی سەفەر | ئەمیرە محەمەد | ٢٠٢٠ |
| ٢ | ١٧/٥٦٠ | ٢ | ئەلبومی دایکی سەروەران بەرگی دووەم | ئەمیرە محەمەد | ٢٠٢١ |
| ٣ | ١٨/٥٦٠ | ٣ | ئەوکاتەی مەرگ وەکو ژیان سەوزە | ئەمیرە محەمەد | ٢٠٢١ |
| ٤ | ١٥/٥٦٠ | ٤ | الجبهة الوطنية المتحدة ضرورتها، طبيعتها، اهدافها، مستلزماتها مشروع المؤلفات الكاملة | جلال طالباني | ٢٠٢١ |
| ٥ | ١٩/٥٦٠ | ٥ | عندما يكون الموت اخضر كالحياة | أميرة محمد الترجمة: د. فائق مصطفى د. دلسوز جعفر برزنجي | ٢٠٢٢ |
| ٦ | ٢٠/٥٦٠ | ٦ | When Death Green As Life | أميرة محمد ترجمة الى الانجليزية ياسار شيركو | ٢٠٢٢ |
| ٧ | ٢٦/٥٦٠ | ٧ | سیاسەتی بەعەرەبکردن لە کەرکووك | نەجمەدین فەقێ عەبدوڵ | ٢٠٢٢ |
| ٨ | ٢٧/٥٦٠ | ٨ | کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان | محەمەد حەسەن خورشیا | ٢٠٢٢ |
| ٩ | - | ٩ | ڕەهەندی تەندروستی لە شۆڕشی نوێدا ١٩٧٦-١٩٩١ | گۆران سەلام محەمەد | ٢٠٢٢ |